# ناسیۆنالیزمی کوردی

# لە روانگەی کۆمەڵێک توێژەرەوە

## بەرگی دووەم

نووسینی:

**کۆمەڵێک توێژەر**

لە ئینگلیزییەوە:

**محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

سلێمانی - ٢٠٢١

ناوی کتیب: ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕوانگەی کۆمەڵێک توێژەرەوە
نووسینی: کۆمەڵێک توێژەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق
هەڵەبڕی: ئەکبەر حەسەن
نەخشەسازی ناوەڕۆک و بەرگ: ئەمیرە عومەر
تابلۆی سەر بەرگ، د. ڕێبوار سەعید
چاپ: چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١
تیراژ: (**١٠٠٠**) دانە
نرخ : هەردوو بەرگ (**١٠٠٠٠**) دینار
چاپخانە : چاپخانەی حەمدی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی(**١٤٣٣**) ی ساڵی (**٢٠٢١**) ی پێدراوە
زنجیرەی کتێب : (**٥٦٠ / ٣**)

**سەرپەرشتیاری چاپ**
**عوسمان حەسەن شاکر**

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی. ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری
سلێمانی – ٢٠٢١

# پێڕست


| ز | بابەت | نووسەر | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| ١ | شەڕ لە سەر کوردستان: ئاڵوگۆڕی نامە و نووسراوی نێوان چەرچڵ و کۆکس سەبارەت بە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق، ١٩٢١ - ١٩٢٣ | ڕۆبەرت ئۆڵسن | ٧ |
| ٢ | کورد و دانوستانی ئاشتیی لۆزان، ١٩٢٢ - ١٩٢٣ | عوسمان عەلی | ٤٥ |
| ٣ | کوردە نەتەوەییەکان و نانەتەوەییەکان: پێداچوونەوە بە ناسیۆنالیزمی کەمایەتییەکان و هەڵوەسانەوەی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی، ١٩٠٨ – ١٩٠٩. | جانێت کڵەین | ٧٧ |
| ٤ | ناسیۆنالیزمی کوردی و شوناس لە تورکیادا: سەرلەنوێ لێکدنەوەی چەمک و تێگەیشتنەکان. | گوینەش موراد تەزجور | ١٢٩ |
| ٥ | گریمانەی "هێشتا ناسیۆنالیزم نیە": سنوورەکانی کاریگەریی تیۆریی ناسیۆنالیزم لە سەر مێژووی کورد. | ئەلێکساندەر ماکسوێڵ و تیم سمیث | ١٨٩ |
| ٦ | گەلێکی بێدەوڵەت: کورد لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بۆ بەرەبەیانی ناسیۆنالیزم | جۆردی تێجێڵ گۆرگاس | ٢٤٥ |
| ٧ | کوردستان؛ لە ئەتاتورکەوە بۆ ئۆجەلان | ساندیا جەین | ٢٥٩ |
| ٨ | ناسنامەی کوردیی بیرمەندەکانی ناسیۆنالیستیی تورکی: زیا گوێکئەلپ و ئەحمەد ئەرڤاسی لە نێوان ناسنامەی تورکی و نەژادی کوردیدا. | ئوموت ئوزێر | ٢٨٣ |
| ٩ | ئەتاتورک و کورد | ئەندرو مانگۆ | ٣٢٥ |
| ١٠ | ساتەوەختی راستیی ناسیۆنالیزمی کوردی | مایکڵ ئەپەڵ | ٣٨١ |
| ١١ | توێژینەوەکانی ئینجیلی کوردیی مژدەدەرەکان و کاریگەرییان لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی | موراد گوێخان دالیان | ٤٠٧ |
| ١٢ | کوردی عوسمانی و سەرهەڵدانی سروشتیی ناسیۆنالیزمی کوردی | دێنیس ناتالی | ٤٢٣ |

# ١

# شەڕ لە سەر کوردستان:

# ئاڵۆگۆڕی نامە و نووسراوی نێوان چەرچڵ و کۆکس

# سەبارەت بە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق،

# ١٩٢١ ـ ١٩٢٣

**رۆبەرت ئۆڵسن**

پرۆفیسۆر لە زانکۆی کەنتاکی / بەشی مێژوو - ئەمریکا

○ رۆبەرت ئۆڵسن Robert W. Olson

یەکێکە لە توێژەرە بەناوبانگەکانی ئەمریکا لە سەر کاروبار و مێژووی کورد. پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژووی زانکۆی کەنتاکی لە ئەمریکا و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لەو بوارەدا. ئۆڵسن لەگەڵ مایکڵ گونتەری هاوەڵ و هاوکاریدا لە زانکۆی تەکنیکیی تەنەسی بەجووتە دامەزرێنەری توێژینەوەی کوردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا و هەردوکیان پێکەوە ٢١ کتێب و ٢٧٠ باسی ئەکادیمی و ٣٩٥ پێداچوونەوەی کتێبیان ئەنجامداوە، کە ئۆڵسن تێیدا خۆی بەتەنها ١٠ کتیب و ١٠٦ باسی ئەکادیمی و ٦٩ وتار و ٢٥٠ پێداچوونەوەی کتێبی ئەنجامداوە. لەخوارەوە ئاماژە بە ناوی بەشێک لە کتێبەکانی ئەم زانایە دەدەین، کە پەیوەندیدارن بە کوردەوە:

- سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و یاخیبوونی شێخ سەعید، ١٨٨٠ – ١٩٢٥ (٢٠١٣).
- پەیوەندیی تورکیا بە ئێران و سووریا و ئیسرائیل و روسیاوە، ١٩٩١ – ٢٠٠٠: پرسە کوردی و ئیسلامییەکان (٢٠٠١).
- مەسەلەی کورد و پەیوەندیی تورکیا و ئێران: لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە بۆ ساڵی ١٩٩٨ (١٩٩٨).
- بزن و قەساب: ناسیۆنالیزم و دروستبوونی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا لە جەنگی عێراقەوە (٢٠٠٥).

- بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد لە تورکیادا، ١٩٨٠ – ٢٠١١: سەرکوتکردن، بەرگری، جەنگ، خوێندن بە زمانی دایک و پەیوەندییە کوردییەکان (٢٠١١).
- خوێن، بیروباوەڕ و دەنگدان: ئیدارەدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا، ٢٠٠٧ – ٢٠٠٩ (٢٠٠٩).

جگە لە دەیان باس و لێکۆڵینەوە کە لە گۆڤار و جۆرناڵە جیهانییەکاندا بڵاویکردووەتەوە و لەبەر ئەوەشە کە چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە بۆ کارە زانستییەکانی لە لایەن زانکۆ و دامەزراوە ئاستبەرزەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و لەوانە گەورەترین خەڵاتی لایف تایم.

ئەم بابەتە لە سەر ئەو سیاسەتە دەدوێ کەوا لە ئاڵوگۆڕی ئەو نامە و نووسراوانەدا دەردەکەوێ کە لە ٢ی حوزێران تا ٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢١ لە نێوان وینستن چەرچڵی وەزیری وڵاتە کۆلۆنییەکانی بەریتانیا (موستەعمەرات) و پێرسی کۆکسی کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا لە عێراق و دەرەنجامەکانی ئەم نامە و نووسراو گۆڕینەوەیە لە سیاسەتی بەریتانیادا دەرهەق بەو ناسیۆنالیستە تورکانەی کە مستەفا کەمال ئەتاتورک سەرکردایەتیی دەکردن[١].

تەوەری سەرەکیی ئاڵوگۆڕی نامەی نێوان چەرچڵ و کۆکس ئەو کێشەیە بوو کەوا کام هەرێم و ناوچە دەبێ بخرێتە سەر دەوڵەتی تازە درووستبووی عێراق. چەرچڵ وای پێباشبوو دەوڵەتێکی بەربەستی کورد درووست ببێ لە سنوورەکانی باکووری ئەو دەوڵەتە تازەیەوە (واتە عێراق ــ و)، لە هەمان کاتدا کۆکس وای بۆدەچوو کە دەبێ زۆربەی ئەو هەرێمەی چەرچڵ دایناوبوو کە ئەو دەوڵەتە بەربەستە (ناوبەینە) پێکبێنێ، دەبێ بکەوێتە ناو چوارچێوەی عێراقەوە. هەروەها نامە و نامەکارییەکان ئەوەیان دەردەخست کەوا لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢١دا چەرچڵ، بەپێی ئامۆژگاریی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەلایەوە باش بوو بەریتانیا پشتگیریی لە بەرپابوونی یاخیبوونێکی کوردی بکات لە دەرەوەی سنووری ئەو ناوچانەوە کە بەریتانیا وایدانابوو بەر ئەمان بکەوێ. لەولاشەوە کۆکس وای بەلاوە پەسەند بوو کە پشتیوانیی یاخیبوونێکی بەرفراوانی کورد بکرێ بۆ ئەوەی سەرنجی نەتەوەپەرستەکانی تورک و هێزە چەکدارەکان دوور بخاتەوە لە ناوچە سنوورییەکانی عێراق.

گـۆڕینەوەی نـامە و نووسـراو ئەوە دەردەخەن کە وا چەرچـڵ "شـەڕی کوردستان"ی دۆڕاندووە. لەوە بەدواوە گفتوگۆ لە سەر ئەوە کراوە کەوا کام ناوچە و هەرێم دەبێ بکەوێتە چوارچێوەی سنووری عێراقی تازەوە و لە سەر ئەو سیاسەتەش بووە کە وا بەریتانیا پشتگیریی لە هیچ یاخیبوونێکی کورد ناکات لە ئەنەدۆڵدا. لێرەدا وا دەردەکەوێ کە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢١ دواین جار بێت کە بەریتانییەکان بە گەرمی "کارتی کوردیان" دژ بە نەتەوەپەرستەکانی تورک بەکارهێنابێ.

نـامە و نووسـراوەکانی نێـوان چەرچـڵ و کـۆکس لە ٢ی حـوزێران تـا ٧ی کـانوونی یەکەمـی ساڵی ١٩٢١ لە سـەر هەڵوێسـتی رەسـمیی بەریتانیـا سەبارەت بە "کوردستان" و پاشانیش سەبارەت بە عێراق و تورکیا لە گەڵێ سـەرەوە سەرنجراکێشـن. ئەمە گۆڕانکـاریی ئەو سیاسـەتە شـیدەکاتەوە کە ململانێی نێو کۆڕ و کۆمەڵەکانی رەنگڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیایان دەگەیاند سەبارەت بەوەی کەوا "ناوچە سەرپاک کوردەکان" دەبێ بخرێنە سەر دەوڵەتی تازە درووستبووی عێراق و ئەوەی دەردەخست کە چەرچڵ بەلایەوە باش بوو ئەو ناوچانەی لێدەربکات، بەڵام ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەوی کۆکسـدا یەکینەدەگـرتەوە، کە دەیویسـت ئەوان ببـنە بەشـێکی عێـراق. ئەم بابەتەش هەندێک لە ئەنجامەکانی سەرکەوتنی کۆکس دەسەپێنێت بە سەر چەرچڵدا لە بواری سیاسەتی بەریتانیادا دەربارەی کورد و تورکیا.

جیاوازیی بیروڕای چەرچڵ و کۆکس کەوا لە نامەکانیاندا رەنگیدەدایەوە، لە کۆنگرەی قاهیرەدا کە لە مارتی ١٩٢١دا بەسترا، بەڕوونی دەرکەوت. لەو کۆنگرەیەدا هەوڵ و کۆششی خۆیان خستبووە گەڕ بۆ بەربەست کردن لەو راوبووچـونە بێهیـوایەی سـاڵی ١٩٢٠ هـاتبووە کـایەوە و وەک خاسـێتێکی سیاسـەتی بەریتانیـا تـا سـەرەتای سـاڵی ١٩٢١ بەردەوام بـوو. بەشـی تـازە

درووستکراوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاداشتێکی بە لیژنەی سیاسیی لەمەڕ کوردستان، کە پێکهاتبوو لە وینستن چەرچڵ (سەرۆک) و سێر پێرسی کۆکس و خاتوو گێرتروود بێڵ (سکرتێری کۆکس) و کۆلۆنێل بی. ئی. لۆرانس و مێجەر هەبەرت یانگ و مێجەر ر. د. بابکۆک سکرتێری لیژنەکە بوو. یاداشتەکەی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم جۆرە بوو:

"ئێمە بەتوندی لە سەر ئەو ڕایەین کە وا هەرێمە تەواو کوردەکان نابێ بخرێنە سەر دەوڵەتی عەرەبیی میزۆپۆتامیا، چونکە بنەماکانی یەکێتی و سەربەخۆیی سیاسیی کورد دەبێ تا بتوانرێ بخرێنە بەردەمی حکوومەتی خاوەن شکۆ (واتە بەریتانیا ـ و) بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە و دیاری کردنی قەبارە و مەودای ئەو ناوچانە لەلایەن حکوومەتی خاوەن شکۆوە پێویستە پشت بە دوا هەلومەرجی جێگیربوونی ئاشتی ببەسترێ لەگەڵ تورکیادا. بەهەرحاڵ، بۆ مەودا و قەوارەی ئەم ناوچەیە رەنگە وایدابنێین کە تەنها کۆنترۆڵ کردنی لەلایەن حکوومەتی خاوەن شکۆوە کارئاسانی بکات ئەگەر جۆرە رێکخراوێکی ناوەندیی کوردیی لەئارادا بێت و راوێژکارێکی بەریتانی بتوانێ پەیوەندیی پێوە بکات. ئەم راوێژکارە دەتوانێ لە ژێر رکێفی کۆمیسیۆنی بالای میزۆپۆتامیادا بێت و لە رێگەی ئەوەوە راپۆرت دەداتە حکوومەتی خاوەن شکۆ".[٢]

لە کۆبوونەوەیەکی لیژنەی سیاسی لە ١٥ی مارتی ١٩٢١دا، کۆکس مەسەلەی ناو یاداشتەکەی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خستە بەر باس و ڕوونکردنەوە کە وا کورد لە کەرکووک و سلێمانی و ناوچەکانی باکووری مووسڵ زۆرینەی بەرچاون و بەشێکی تەواوکەری عێراق پێکدێنن. ئەم بۆچوونە لەلایەن هەبەرت یانگەوە بەرهەڵستیکرا و پێشنیازی کرد کە وا دەوڵەتێکی کوردی پێویستە بێ هیچ دواخستنێک دروستبکرێت و دەبێ لە ژێر

رکێفی راستەوخۆی کۆمیسیۆنی باڵادا بێت (واتە کۆکس) و بەشێک نەبێت لە حکوومەتی عێراق، یان بە واتایەکی تر، ئەو حکوومەتە لێی بەرپرسیار نەبێت. مێجەر نۆئێڵ پشتگیریی یانگی کرد لەم بۆچوونەیدا و رای وابوو کە وا کورد شیاوی ئەوەن ببنە "خاوەن ماڵی" خۆیان و رەنگە ئەمە سوودبەخش بێت وەک دەوڵەتێکی بەربەست دژ بە فشاری تورک "لە دەرەوە و هەروەها بزووتنەوە عێراقییە دژە بەریتانییەکانیش لە ناوەوە"[٣]. لەمەدا چەرچڵ راوبۆچوونی لەگەڵ یانگ و نۆئێڵدا بوو. ئەو وایدەبینی کەوا حوکمدارێکی دوارۆژ لە عێراقدا ئەگەر دەسەڵاتی سوپایەکی عەرەبیی لەپشتەوەبێت "هەست و خواستی کورد فەرامۆش دەکات و کەمینەی کورد دەچەوسێنێتەوە"[٤]. پاشان لیژنەکە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە راسپاردەی ئەوە بگرێتە ئەستۆ بۆ پاراستنی جودایی کوردستان لە عێراق ئەو ئەندامانەی ئەم هەڵوێستەیان وەرگرت، هەوڵیاندا کۆکس هێور بکەنەوە بە مەرجی ئەوەی کەوا ئەم جۆرە سەروبەرگرتنە بەم شێوەیە دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی قەوارەیەکی نوێنەرایەتیی رای کوردی دێتەکایەوە و رەنگە ئەوکاتە پێی چاک بێت بچێتە نێو چوارچێوەی عێراقەوە. لە کۆی حەوت کەس لە ئەندامانی لیژنەکە، چواریان، کە چەرچڵ و یانگ و نۆئێڵ و لۆرانس بوون، بیر و بۆچوونی قەوارەیەکی سیاسیی جیاوازی کوردیان بەدڵ بوو، بەڵام کۆکس و میس بێڵ بەرەنگاری بوونەوە. (بابۆکی سکرتێری لیژنەکە نەچووە نێو گفتوگۆ یان دەنگدانەکەوە).

بەم جۆرە، لە ١ی مایسی ١٩٢١دا زۆربەی ئەندامانی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دوو ئەندامیش کە نوێنەری بوون لە قاهیرە، "کوردستانێکی باشوور"ی سەربەخۆ و لە عێراق جیایان دەویست، با بەرپرسیشی کۆمیسۆنی باڵای عێراق بێت. ئەمەش پشتیوانییەکی بەهێز بوو بۆ وینستن

چەرچڵــی وەزیــری موســتەعمەرات، بەڵام چەنــد مانگێــک لەوەوپــاش وەرچەرخانێکی سەیر هاتەکایەوە، سیاسەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەرچڵ درایەدواوە و بیر و بۆچوونەکانی کۆکس جێیانگرتەوە. خودی سێر پێرسی کۆکس خۆی ئەو ئامرازەبوو کەوا ئەم وەرچەرخانەی بەرپاکرد.

کـۆکس، لە برووسـکەیەکدا بـۆ چەرچـڵ لە ٢ی حوزێرانـدا باسـی ئەوە دەکـات کـاتێ کە ئەو (واتە کـۆکس - و) قـاهیرەی بەجێهێشـتووە، "لێـرەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە بەپێی ئەو بۆچوونەی پەیوەندیی کۆکی هەیە لەگەڵ بەندی ٦٤ی پەیمانی سێڤرەدا (لای خۆمـان بە سـیڤەر بـاوە ــ و) ئەوە دەبێ بەردەوام بێ لە بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکاندا و بەم ڕەنگە و لە بەرانبەر ئەمەدا ئەنجـومەنی دەوڵەت (عێـراق) بەپێویسـتی دەزانــێ بەرهەڵسـتیی هەر سەروبەرگرتنێک بکات کە لەدواییدا وایبیینن کوردستان لە عێراق دادەمالێ"[٥]. کۆکس باسی ئەوە دەکات کەوا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ شـارەزایانی کورددا کردووە و "تێیدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاریانداوە کەوا باشترین چارەسـەر و لە هەموو ڕوویەکەوە پەسـەند ئەوەیە کە کوردسـتان وەک بەشـێکی عێراق بێت لەبەر مەســەلەی دارایــی و خەزێــنە، بەڵام کۆمیســیۆنی بــاڵا راســتەوخۆ کاروباریان بەڕێوەببات لە ڕێگەی کاربەدەستی کورد و بەریتانییەوە، لە سـەر بنەمای ئۆتۆنۆمییەکی ناوخۆیی، وەک قەناعەت هێنانێک بە ئایدیا و بۆچوونی سەرداریێتیی ماڵی خۆ". هەموو ناوچە کوردییەکان، سلێمانیی لێدەرچێ، وایان پـێ بـاش بـوو "ببنە بەشـی تەواوکەری عێـراق" وەک کـۆکس باسـی دەکـات. کــۆکس دڵنیــابوو لەوەی کە دەکــرێ هەردوک کــۆمەڵەی گەلان و نــاوچە کوردنشـینەکان ڕازی بکرێن کەوا سیاسـەتەکەی ئەم باشـترین چارەسـەرە و بڕواشی وابوو کە چەرچڵ لە سەر ئەم مەسەلەیە لەگەڵی پێکدێت[٦].

ڕێـک لە دوای یەک هەفـتە و لە ٩ی حوزێرانـدا چەرچـڵ وەڵامیـدایەوە و پاشــانیش کە پــرۆژە پێشــنیازکراوەکەی کــۆکس بە دوای ئەو سیاســەتەدا دەرچـوو، لە قـاهیرە بڕیـاری لەسـەردرا و هەر خۆیشـی ڕەزامەنـدیی لە سـەر دەربــڕی "بە گریمــانەی ئەوەی کە ئەوان پێویســت ناکــات نــوێنەرایەتییەکی کــوردی لە ئەنجــومەنی نیشــتمانی یــان ئەنجــومەنی دەوڵەتــدا دابنــێن و بەرزکردنەوەی بودجەی کوردی بۆ ئەو دەزگایانە یـان بـۆ وەزیرێکـی عەرەب تـا ئەوکـاتەی ئەو نـاوچە کوردنشـینەی بە شـێوەیەکی کـاتی خـراوەتە سـەر عێراق تەنها پشـت بە کۆمیسـیۆنی بـاڵای بەریتـانی دەبەسـتێ و تـا ئەو کاتەی کەوا کاربەدەسـتانی بەریتــانی تەنهــا شــێوەی پەیوەنــدیی پێکبێــنن لە نێــوان هەردوو وڵاتـدا و ئەویـش پێگە و شـوێنێکی تونـدوتۆڵ و بەهێزی دەبێـت بـۆ مــامەڵە کــردن لەگەڵ هەر حوکمــدارێکی عەرەبــدا کە ڕەنــگە ڕاوێژکــارە عەرەبەکانی قەناعەتی پێبێنن دەست لە کاروباری کورد وەربدات[٧].

چەرچــڵ لەم وەڵامەیــدا ئامــاژەی بــۆ "هەردوو وڵات" کــردووە وەک بەڵگەیەک کەوا ئەو تا ئەو دەمەش هەر بیری لە کوردسـتانێکی جیـا لە عێـراق کـردووەتەوە، سـەرباری ئەو ڕاسـتییەی کە پـرۆژە پێشـنیازکراوەکەی کـۆکس لەمەڕ بەڕێـوەبردن بە لایەکـی پـێچەوانەدا دەیبـرد. سـەرکەوتنی کـۆکس لە جێبەجێ کردنی بیر و بۆچوونیدا سەبارەت بە سیاسـەتی کوردسـتان لە سـەر ئەرز و لە مەیــدانی پراکتیکــدا هــانی ئەوەی دا کەوا لە وەڵامەکەی ٢١ی حوزێرانیـدا بـۆ چەرچـڵ بیـر و بۆچـوونی خـۆی بە تەمـومژێکی کەمتـر ڕوونبکـاتەوە[٨]. کـۆکس دوو ئەڵتەرنـاتیڤی گـرتەبەر، لەوانەی کە لە کـۆنگرەی قاهیرەدا گفتوگۆیان لەسەرکرا:

(١) نـاوچە کوردنشـینەکان دەبـێ وەک بەشـێک لە عێـراق بمێنـنەوە یـان (٢) ناوچە کوردنشینەکان دەبێ هان بدرێن بۆ جیابوونەوە. کۆکس بە ڕێک و

ڕەوانی باسی ئەوە دەکات کە: "بەگشتی هاوسەنگیی بیر و بۆچوون بە لای ئەوەی جاراندا دایدەشکێنێ". ئەوجا کۆکس باسی ئەو ئیجرائاتانە دووبارە دەکاتەوە کە کردوونی وەک لە برووسکەی ٢ی حوزێرانیدا باسیان دەکات و لە دواییدا دەڵێ: "من سوپاسی ڕەچاوکردنت دەکەم بۆ ئەو خاڵەی کە ئێستا تاڕادەیەک لە ئاڕاستەی ئەڵتەرناتیڤی ژمارە دوو لایداوی"[٩].

کۆکس بە چەرچڵی ڕاگەیاندووە لە کاتێکدا کە لە سەر هێڵەکانی ئەڵتەرناتیڤی یەکەم دەڕۆیشت، درکی بەوە کردبوو کە بەرنامەی بەریتانیا پێویستە زیاتر سەرەنجڕاکێش بێت لە هەر ئەڵتەرناتیڤێک کە لەوانەیە تورکەکان بیرەخسێنن و پێویستە هێند بەربڵاو بێت بۆ قەناعەت پێکردنی ویست و خواستی ناسیۆنالیستە کوردەکان. ئەو وایبۆدەچوو کەوا بە گۆڕانکارییەکی کەم ئەو ئەڵتەرناتیڤە دێتە سەر یەک خەت لەگەڵ دووەمدا، واتە ئەو سیاسەتەی کە بەلای چەرچڵ و بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە باش بوو. پاشان پاساوەکانی دەخاتەڕوو بۆ ئەو شێوەیەی کەوا ناوچە کوردنشینەکان دەبێ وەک بەشێک لە عێراق بمێننەوە. ئەو گفتوگۆی لە سەر ئەوە دەکرد کە وایداناوە چوار ناوچەی کوردنشین لەو هەرێمەدا بێت و پاساوی ئەوەی دەهێنایەوە کە بە حوکمی هۆکاری ئابووری، سەربازی، پەیوەندی کردن و سیاسی یان توندوتیژییەوە، دەبێ دوان لەم ناوچانە بخرێنە سەر عێراق: یەکەمیان باکووری هەردوو زێ و دووەمیشیان ناوچەکانی دەوروپشتی هەردوو زێ بە چواردەوری هەولێردا. بۆ دوو ناوچەکەی تریش، سێیەمیان ناوچە شاخاوییەکانی نێوان هەردوو زێ و ڕۆژئاوای هەولێر، کە لە ژێر کۆنترۆڵی بەڕێوەبەرێتیدا نەبوو و تورک ناکۆکیی لە سەر هەبوو، لە هەمان کاتدا چوارەمیان کە سلێمانی بوو و کۆکس وایبۆدەچوو ڕێک ئەوەیە کە چەرچڵ دەیەوێ و دەیخوازێ، وەک لە

برووسکەیەکیدا لە ٢ی حوزێراندا ئیشارەتی بۆ کردووە. ئەو وای پێشنیاز کردبوو کە ناوچەی ژمارە (٣) دەکرێ لەگەڵ ناوچەکانی یەک و دوودا بکرێنە یەک، بە درێژایی ئەو خەتانەی لە ئەڵتەرناتیڤی دووەمدا پێشنیاز کراون (لە کۆنگرەی قاهیرەدا). ئەو خۆی رەنگە ویلایەتێکی لێکدراوی درووستکراو بەڕێوەببات، "نەک لە رێگەی وەزیرێکی عەرەبەوە" و کۆکس بە خۆشحاڵییەوە وای بیر لێدەکردەوە کە "ویلایەتە تازەکە" پشتگیریی لە یەکەمەوە بەدەستدێنێ.[10]

لە ٢٤ی حوزەیراندا چەرچڵ وەڵامی برووسکەکەی کۆکسی دایەوە کە بە ژمارە (٢٠١) لە ٢١ی حوزێراندا ناردبووی و دەسبەجێ باسی ئەوەی کردبوو کە "من لە قاهیرەوە بۆچوونێکی جیاوازم لا درووستبوو لە سەر هاوسەنگیی بیروڕای پەیوەندیدار بە سیاسەتمانەوە دەربارەی کورد". چەرچڵ بە کۆکسی راگەیاند کەوا ئەو (واتە کۆکس) زۆر بە ڕوونی جیاوازیی نەکردووە لە نێوان ئەو بەشەی میزۆپۆتامیادا کە دەبێ راستەوخۆ کۆنترۆڵی بکات "هەرچۆنێک بێت، دواچارەنووسی ئەو بەشە دەبێ دواجار هەر بێتە ژێر رکێفی عێراقەوە"و هیچ شتێکیشی لەبارەی ناوچەی ژمارە دووەوە نەوتووە، کە هەولێرو کەرکووکی تێدابوو. ئەوجا چەرچڵ لە برووسکەیەکی ٢٥ی مایسدا بیری کۆکس دەخاتەوە کە راسپاردەیەکی دیاریکراوی تێدابووە لەلایەن ئەمەوە (واتە چەرچڵەوە ـ و)[11]. چەرچڵ لە پەیامی ٢٥ی مایسدا رایسپاردووە کەوا ناوچەی کەرکووک لە عێراق دادەبڕێ و باس لەوە دەکات کە ئەو "وێنەی دەوڵەتێکی ناوبەینی خستووەتە مێشکی خۆیەوە کە لە ڕووی دانیشتوانەوە لە خەڵکی غەیرە عەرەب پێکبێت و بکەوێتە نێوان عێراق و تورکیاوە."

بە پشتبەستن بە راوێژکردنی دوو پسپۆڕی کاروباری کورد، هەردوو کاپتن سۆن و لۆنگریک، سەبارەت بە هێڵی سنووری نێوان ئەو ناوچانەی

لەلایەن کۆکس و حکوومەتی عێراقەوە کۆنترۆڵ کراون، چەرچڵ بە کۆکسی وتووە ئەو سنوورە دەبێ "خەتی نێوان ناوچە تەواو عەرەبەکان و تەواو کوردەکان بێت". شارەکانی هەولێر و کفری و کەرکووک بێمانا بە عەرەب دانرابوون و کاتێ پاسگا (حامیە) بەریتانییەکان لەم شارانە پاشەکەشەیان کرد، چەرچڵ نەیویست ئەفسەری سوپای عەرەبییان بۆ دابنرێت. چەرچڵ باسی ئەوە دەکات کە سیاسەتی ئەو یەکەکانی هێزی عەرەبیی نەویستووە، بەڵکو ویستوویەتی هێزی سنوور لە تورکمان و کورد و ئاشووری پێکبێت. لە بەشی سێیەمی برووسکەی ٢٥ی مایسدا چەرچڵ پێناسەی سنوورەکانی ویلایەتە ناعەرەبەکەی خۆیی کردووە کە دەبوو لە سێ بەش پێکبێت، نەک چوار بەشەکەی کۆکس.[١٢]

لە ٢١ی حوزێراندا و پێش ئەوەی برووسکەکەی ٢٤ی مایسی چەرچڵ وەربگرێت، کۆکس برووسکەیەکی تری نارد، کە تیایدا چەرچڵی ئاگادار کردبووەوە کە "راوێژکردنی قاهیرە بە گریمانەی تورکیایەکی دۆست بووە و ئەمەش تا سەر نابێت". ئەوجا کۆکس کەوتووەتە باسکردنی هەڵوێستی دوژمنکارانەی تورکیا و بۆ نموونە لە دیدی خۆیەوە ئەوەی بە نموونە هێنابووەوە کە راپۆرت دراوە گوایە ئەفسەرێکی کەمالیست لەگەڵ سی و حەوت کەسدا لە رەواندزن. کۆکس پێی لە سەر ئەوە داگرت کەوا لەبەر رۆشنایی ئەم کارەی تورکیا سیاسەتی کەمکردنەوەی سوپا، کە لە قاهیرە بڕیاری لە سەر درابوو، چیتر ناتوانرێ پەیڕەو بکرێت. ئەو لە گۆشەنیگایەکی سیاسییەوە وایبۆدەچوو گوایە تاقە چەک کە بەریتانیا پەنای بۆ ببات، "شەڕکردنە لەدژی پەلامارێکی تورک و بەلشەفیکەکان لە ئەنقەرەوە یان رەنگە لە تارانەوە و ئەمەش بەربەستێکی توندە لە رێی ناسیۆنالیزمی عەرەبدا

و سیاسەتی ئێمە دەبێ ئەوپەڕی هاندان بێت و دابینکردنی هەموو کەرەستەیەکی پشتگیری بێت کە بتوانین."

کۆنووسەکانی برووسکەکەی کۆکس ئاماژە بەوە دەکەن کەوا "برووسکەیەکی زۆر خراپ بووە" وەک پاشخانێک بۆ پرۆژە پێشنیازکراوەکانی کۆکس (برووسکەی ٢ی حوزێران) دەرهەق بە کوردستان و دەسکاری کردنی بەرنامەکەی قاهیرە بووە لەمەڕ کەمکردنەوەی هێزی سەربازی[١٣]. پرۆژە پێشنیازکراوەکانی حوزێرانی کۆکس هەڵوێستی کۆنگرەی قاهیرەی دەرهەق بە کوردستان خستە مەترسییەکی گەورەوە. کەوابوو چۆن باشووری کوردستان جیا بێت لە عێراق، ئەگەر بەریتانییەکان، یان لەڕاستیدا ئەگەر کۆکس شوێن سیاسەتی ناسیۆنالیزمی عەرەب بکەوێ؟ کۆکس تەنها دوو چەکی تازەی خستە جبەخانە گەشەکردووەکەیەوە دژ بە چەرچڵ و بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فەرمانگەی کۆلۆنییەکان: ڕاپۆرت و باسەکان لەوە دەدوێن کەوا دژایەتیی تورکیا و ناسیۆنالیزمی عەرەب ڕوو لە زیادبوونن.

لە ماوەی چەندین مانگی دواتردا دەبوو سێر پێرسی کۆکس داکۆکیکارێکی بەهێز بوایە بۆ بەکارهێنانی کورد دژ بە تورکە کەمالیستەکان. لە ٢٦ی ئابدا کۆکس پێشنیازی کرد کەوا: "لەکاتێکدا کە مامەڵە و پەیوەندیی ڕەسمیی لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی ئەودیو سنوورەکانمان ڕەتدەکرێتەوە بۆ بەکارهێنانی هەل و دەرفەتی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی نیاز و مەبەستیان و دەبێ (بێدواکەوتن) کاری پێویست بکرێ بۆ زەمانەتکردنی سەلامەتیی سنوورەکانی عێراق، چونکە مەحاڵە درک بەوە نەکرێ کەوا شەڕی ئەوان لەگەڵ ستەمکاری ئێستایاندا (تورکیا) ڕەنگە بەرپا ببێت، بەڵام

من به وریاییەوە خۆمیان لێ لادەدەم. بەهەرحاڵ، زۆر بە سڵ و پارێزەوە کارەکان بکەن بۆ ئەوەی تاوانبار نەکرێن".[١٤]

لە ٨ی ئەیلوولدا چەرچڵ رەزامەندیی لە سەر ئەمە دەربڕی و لەو رۆژەدا ئەو بە ڕوونی بیری لە پشتگیریی سیاسەتی کۆکس نەکردبووەوە بۆ وەلاخستنی کورد "لەپێناوی پاراستنی سەلامەتیی سنوورەکانی عێراقدا". بۆ ئەوەی بیر و بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی وازلێبێنێ بۆ کۆکس لە ٢٤ی حوزێراندا. کۆکس ئەوەی نەوتووە کەوا سنووری عێراق دەکەوێتە کوێوە. هەرچۆنێک بێت، چەرچڵ بەڕوونی ئەوەی دەخواست کە لێبگەڕێ کۆکس لە سەر سەروبەرگرتنە ئیدارییەکەی بەردەوام بێت، بێ دیاریکردنی ئاشکرای نیاز و مەبەستی[١٥]. نیازی کۆکس لە برووسکەکەی ٢٠ی ئەیلوولیدا بۆ چەرچڵ زیاتر روونبووەوە، چونکە لەو برووسکەیەدا چەرچڵی ئاگادار کردەوە کەوا حاڵەتی ناوچە کوردییەکان بەم جۆرەیە: "بارودۆخەکە بە وردی تاوتوێ دەکرێ و بەستراوە بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دەستوورییەوە" و کۆکس دەگێڕێتەوە کەوا مەسەلەکەی لەگەڵ شا فەیسەڵدا باسکردووە، گوایە "جارێ بەتەواوەتی روون نەبووەتەوە کە سیاسەت و خواستی حکوومەتی خاوەن شکۆی چۆنە و ... ئەو هێشتا گرفتی ئەوەی لەپێشە کە چ خەتێک بگرێت". فەیسەڵ پێیوتووە کە ئەو وا لە کێشەکە گەیشتووە کە کوردی تورکیا لە هەوڵداندان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و هەروەها کوردی ئێرانیش و "بەم زوانەش بڕیار لە سەر ئەوە دەدرێ کە دۆخی ناوچە کوردییەکان لە عێراقدا چۆن دەکەوێتەوە. هەندێک، ئەگەر هەمووشی نەبێت، جیادەبێتەوە و لەگەڵ (کوردی تورکیا یان ئێران) یەکدەگرێتەوە".[١٦]

لەم برووسکەیەدا کۆکس، کە ئەو بابەتانەی بۆ فەیسەڵ باس کردووە و خۆی و چەرچڵ گفتوگۆیان لە سەر کردووە، بەتایبەتی لە ٢١ی حوزێرانەوە

تا ئێستا، سەبارەت بەم مەسەلەیە کۆکس وتوویەتی کە وا فەیسەڵ ناڕازی بووە لە سەر زۆربەی راسپاردەکانی کۆنگرەی قاهیرە و پێی باش بووە ناوچە کوردنشینەکان بخرێنە سەر عێراق. فەیسەڵ ئەوەشی بە کۆکس وتووە کەوا: "کێشەی کوردستان گەلێ ڕووی هەیە بۆ ئەم وەک مەلیکی عێراق، کە رەنگە لەلایەن ئێمەوە بەتەواوی رەچاو نەکرابێت. ئەمە کێشەی زۆریی سوننە و شیعەشە بە لەبەرچاوگرتنێکی تایبەتی سازکردنی کۆبوونەوەیەکی نزیکی ئەنجومەنی دەستووری. وەک ئێمە ئاگامان لێبێت کەوا زۆرینەیەکی قەبارە و ژمارەی شیعە لەبەرانبەر لابردن و دەرکردنی بەشێکی بەرفراوانی ناوچە سوننییەکانی عێراق لەو ولاتە و وەدەرنانی نوێنەرەکانیان لە ئەنجومەنی نیشتمانی شیعە دەخاتە پێگەیەکی بەهێزەوە و ئەمە بەدگومانییەکی تەواوی لای فەیسەڵ درووستکردبوو. لە ڕووی شەخسییەوە ئەو بڕوای وابوو، وەک دڵنیایان کردبووەوە، کەوا ئەم ناوچانە لەلایەن کاربەدەستانی کوردەوە بەڕێوەدەبرێن و ئەگەر پێویست بکات، رێگە دەدرێن مامەڵەیان لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا لە رێگەی کۆمیسیۆنی بالاوە بێت. (ئەمە رێککەوتنێک بوو ئەگەر پێویستی بکردایە، بەتەواوی جێی رەزامەندی دەبوو لای ئەو (واتە فەیسەڵ) و باشتر بوو لە پەنابردنە بەر ئەگەری ئەڵتەرناتیڤی بوون بە بەشێک لە دەوڵەتێکی ماندێت لە ژێر رکێفی هەندێک لە ئەرووپاییەکاندا. ئەنجومەنی پیران (واتە کوردەکان) بەلایانەوە باش دەبێ بەناو لە ژێر فەرمانڕەوایی مەلیکێکی محەممەدیدا بن".[١٧]

کۆکس گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە وا بۆچوونەکەی فەیسەڵ رەنگە "رێگەیەکی بەجێ بێت بۆ گرتنەخۆی ناوچە کوردنشینەکانو بەشداربوونیان لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا بە هەلومەرجی ئۆتۆنۆمییەکی ناوخۆیی و سەرپەرشتیکردنی ئەفسەرە بەریتانییەکان، لە رێگەی کۆمیسیۆنی بالاوە

ئەگەر پێویست بوو".[18] بەم جۆرە و پێنج مانگ لەدوای کۆنگرەی قاهیرە، "هاوسەنگیی بیرو بۆچوون" بە یەکجاری بەلای خواستی کۆکسدا شکایەوە و گۆڕانێکی گرنگ لەم مەسەلەیەدا ئەوەبوو کە وا فەیسەڵ دایەپاڵ کۆکس. کەواتە ئەو پیاوانەی لە بەغدا لە مەیدانی کاردا بوون بەئاشکرا بۆڕی ئەوانەیان دا کە لە لەندەن بوون.

لێرە بەدواوە پێدەچێت چەرچڵ وازیهێنابێت، چونکە لە ٣ی ئوکتۆبەردا برووسکەیەکی وەلامدانەوەی ناردبوو بۆ کۆکس کە وا سوپاسی توانای قەناعەت پێکردنی فەیسەڵی کردووە و ئەوەش کە "ئامادە کرابوو بۆ ڕەچاوکردنی ئەو پێشنیازانەی کە لە دوا بڕگەی ئەو سەرچاوەیەدا بوون وەک مەرجێک کە وا کورد نەخرێنە ژێر رکێفی عەرەبەوە، ئەگەر خواستیان لە سەر ئەوە نەبێت"[19]، چونکە دەمێک نەبوو کۆکس (لە برووسکەکەی ٢١ی حوزێرانیدا) ئەوەی دەسنیشان کردبوو کە دوو لەو چوار ناوچەیەی دەسنیشانی کردبوو، بەهیوا بووە بیانخاتە سەر عێراق. سەرلەقاندنی چەرچڵ مانای سەلماندنی پایە و شوێنی کۆکسی دەگەیاند و دەسەلاتی دیفاکتۆی بۆ ڕەخساند لە نەخشە و پلاندانانیدا بۆ گرێدانی ناوچە کوردنشینەکان بە عێراقەوە.

زۆربەی بڕیارەکانی قاهیرە لە بنەڕەتدا جێبەجێ نەکران و پشتگوێخران. بیجگە لەوەش، چەرچڵ نەیتوانی سەفەرەکەی عێراقی بکات وەک خۆی پێشتر نەخشەی بۆ کێشابوو. بەزینی چەرچڵ لە بەرانبەر کۆکسدا مەسەلەیەکە پێدەچوو هەبەرت یانگ حەزی پێنەکردبێت، چونکە ئەویش داکۆکیی لە قەوارەیەکی کوردیی جیاواز دەکرد و لەجیاتیی چەرچڵ، ئەو نێردرا بۆ عێراق بۆ ئەوەی بتوانێ کۆکس لە سیاسەتەکەی خۆی پەشیمان بکاتەوە. لە ٢٩ی ئەیلوولدا کۆکس بۆ چەرچڵی نووسی کە وا لەگەڵ ئەوەشدا کە ناسیۆنالیستە

تورکەکان توانییان هێرشی یۆنانییەکان تێکبشکێنن لە سەکاریا (٢١ی ئاب – ٢ی ئەیلوول)، تورکەکان هێشتا هەر قێزەون بوون لەلایەن بەلشەفیکەکانەوە و "رەنگە وەخت و سەردەم لەبار بووبێ بۆ فەیسەڵ بۆ ئەوەی لەگەڵ تورکەکاندا بکەوێتە دانوستاندنەوە"[20]. چەرچڵ لە ٣٠ ئەیلوولدا وەڵامیدایەوە بە رەزامەندیی لۆرد کورزن (Lord Curzon) کەوا بەریتانیا دەستخۆشیی لە هەوڵ و کۆششی فەیسەڵ دەکات بۆ دەستپێکردنی دانوستاندن لەگەڵ مستەفا کەمالدا[21].

لە ١٨ی ئۆکتوبەردا کۆکس چەرچڵی ئاگادار کردەوە کە هێزی ئاسمانیی بەریتانیا کاریگەرییەکی باشی هەبووە لەسەر هەردوو پێگەی سەربازیی تورکەکان لە رانیە و رەواندز. فەرماندەی تورکەکان، عەلی شەفیق، کە بە ئۆزدەمیر پاشا بەناوبانگ بوو، ناچارکرا لە ١٧ی ئۆکتوبەردا لە قەڵادزێ پاشەکشە بکات و کوێسنجەقیش داگیرکرایەوە (بە شێوەیەکی کاتی دوای رزگارکردنەوەی)[22]. زیادبوونی بوێری و کاریگەریی بۆردمان کردنی فڕۆکە ئێستا سەربارێکی دیکەیە بۆ هەگبەی پڕ لە تیری کۆکس بۆ ئەوەی لەدژی ئەوانە بەکاریانبێنێ کە نەیاری گرێدانی ناوچە کوردنشینەکانن بە عێراقەوە. وەختێ کۆکس سەرلەنوێ لە ٢٥ی ئۆکتوبەردا برووسکەی کردەوە بۆ چەرچڵ، ئەوەی باسکردبوو کە وا فەیسەڵی بەلای خۆیدا داشکاندووە. کۆکس و یانگ لە ٢٥ی ئۆکتوبەردا لەگەڵ فەیسەڵ کۆبوونەوە و سیاسەتی ئەو دەمەی بەریتانیایان بۆ باس کردبوو کە وا بڕیتییە لە "پشتگیریکردن لە ناسیۆنالیزمی عەرەب، نەک پشتیوانیکردن لە سیاسەتی داگیرکاری و پاوانخوازیی عەرەب". هەروەها بە فەیسەڵ وترا کە کوردستانێکی دۆست، قەڵغانێکی گرنگە دژ بە تورکیا و دۆستایەتیی کوردستان بۆ عێراق پێویست بوو. چونکە بازاڕەکانی کوردستان، کە نزیکی دەریایە، لە ناو عێراقدا بوون.

تاقه کۆسپێک له ڕێی جێبەجێ کردنی ئەم پرۆگرامەدا هەڕەشەی تورکیا بوو، که وا سیاسەتێکی دووفاقی هەبوو. پشتبەستن به کۆمەڵگایەک کەوا ئایینی تێدا بکرێ به مایەی هاندانی کورد دژ به بەریتانییەکان و پشتبەستن به خەڵکی دژه عەرەب بۆ هاندانیان له دژی عەرەب. بەم جۆره، ئەوەی لەلایەن کۆکس و یانگ و فەیسەڵەوه دانی پێدا نرا، ئەوەبوو که "بێجگه لەو مەسەلەیەی که ناوەندێکی چالاکی ئیسلامی پەیدابووه بۆ ناسیۆنالیزمی کورد، سیاسەتی مامەڵه کردنی کوردستان وەک ژێردەستەی تەواوی بەریتانیا لەکاتێکدا که بنەمای پرۆپاگەندەی (دووەم) بمێنێتەوه، ئەوه هانی یەکەم دەدا"[٢٣]. بەو چەشنه، مامەڵه کردنی کوردستان وەک پاشکۆیەکی ڕاستەوخۆی بەریتانیا ڕەنگه توانای تورک کەم بکاتەوه بۆ دنەدانی هەستی دژه عەرەب، بەڵام لەولاشەوه زیادکردنی توانایان بۆ بەکارهێنانی پرۆپاگەندەی ئیسلامی لەدژی بەریتانیا، ئەگەر کوردستان ببێته بەشێکی تەواوکەر بۆ مەملەکەتێکی عەرەب له ژێر ڕکێفی مەلیکێکی عەرەبی موسڵماندا، ئەوه توانای تورکیا بۆ دنەدانی هەست و سۆزی دژه عەرەب لەنێو کوردا ڕەنگه زیاد بکات. بەبوونی هەردوو ئەڵتەرناتیڤەکه، فەیسەڵ وەڵامیدایەوه که تاوەکو ئەوه دەزانێ کەوا تا چ ڕادەیەک بەرپرسیاریێتی سەربازیی دەکەوێته ئەستۆی ئەو یان بەریتانییەکان، ئەو ناتوانێ هیچ دید و بۆچوونێکی دیاریکراو دەربڕێ. پاشان فەیسەڵ هەندێ پرسیاری هێنایه پێشەوه:

(١) ئایا بەریتانیای مەزن خۆی ئامادە کردووه بۆ ئەوەی بەرگری له کوردستان بکات ئەگەر له دەرەوه هێرشی کرایه سەرو بەو پێیەش زەمانەتی عێراق دەکات دژ به ئەگەری ئەو هێرشانەی له کوردستانەوه دەکرێته سەری و ئەگەر ئەوه ڕوویدا، بۆ ماوەی چەند دەبێت؟

(٢) ئایـا بەریتانیـای مەزن ئامـادەیە بـۆ قبـووڵکردنی بەرپرسـیارێتیی بەرگرتن لە ئاژاوە و پشێویی ناوخۆ لە کوردستاندا، کە وا رەنگە مەترسییەک بۆ عێراق بەرپا بکات و ئەگەر وابوو، بۆ ماوەی چەند دەبێت؟

(٣) سـەبارەت بەو راسـتییەی کە وا هەندێ لە کۆمەڵانی کورد رایان بۆ ئەوە داوە کە لەگەڵ عێراقـدا بـن، ئایـا بەریتانیـای مەزن نیـازی هەیە ئیسـتەرەمیان لێبکـات کە وا هەر بەجیـاوازی بمێنێـتەوە و ئەگەر وابـوو بـۆ ماوەی چەندێک؟

(٤) لە حاڵەتی جیابوونەوەدا، ئایا بەریتانیای مەزن چ جۆرە حکوومەتێک پێشـنیاز دەکـات کە دامەزرێ و دوا ئەنجـامی لە روانـگەی ئەوانەوە چـی دەبێت؟[٢٤]

لە ٢٨ی ئۆکتـوبەردا کـۆکس بەدوای ئەم مەسـەلەیەدا چـوو و سـەرنج و تێبینیـی خـۆی لە سـەر پرسـیارەکانی فەیسـەڵ نـارد بـۆ چەرچـل. دەربـارەی پرسـیاری یەکەم، کـۆکس وتـی کە وا توانـای هێـزە سـەربازییەکان لە سـەر گریمانەی تورکیایەکی دۆست وەستاوە. وەک ئەنجامێک، ئاستی هێزەکان زۆر نزم بووە و نەدەکرا ئۆپەراسیۆنی سەربازی بکرێ. تەنها ئامرازی هێرشبردن کە بەدەستەوەبێت، فڕۆکە و بەلەمـی جەنگی بوون. هێـزی لێڤی (کە بەزۆری ئاشـووری و کـورد بـوون) و سـوپای عەرەب دەکـرا پاڵپشـتی زەمینـی بـن. کۆکس بە پێـی ئامۆژگـاریی فەرمانـدەییە گشـتییەکەی، دەیـوت کەوا بـارودۆخ رەنگە چاک بێت ئەگەر پرۆژەی هێزی ئاسمانی بکەوێتە کارەوە (کە دەبوو لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٢دا جێی خۆی بگرێت). کۆکس داکۆکیی لە سـەر ئەوە دەکرد کە وا فەیسەڵ دەبێ ئاگای لە قۆنـاخی گۆڕانکاریی توانـای سـەربازیی بەریتانی بێت و پێیراگەیەنراوە کە وا کـاتێ وەزارەتـی هێـزی ئاسـمانی کـاری کۆنترۆڵکردن بگرێتە ئەستۆ، وەزعەکە بەهێزتر دەبێت. سەبارەت بە پرسیاری

دووەمیش، کۆکس وایبۆدەچوو کە دەبێ وەڵامێکی ئیجابی بدرێ بە فەیسەڵ، لە سەر بنەمای تورکیایەکی دۆست. پرسیاری سێیەمیش دەکرێ بەو جۆرە وەڵامبدرێتەوە کە وا "بەریتانیای مەزن نایسەپێنێ بە سەر هیچ ناوچەیەکی ژێردەسەڵاتیدا بۆ ئەوەی لە عێراق جیاببێتەوە و (فەیسەڵ) دەبێ ئاگادار بێت لە دوا بڕیاردانی هەر مەسەلەیەکدا". هەموو ئەو ناوچە کوردییانەی دەخرێنە سەر عێراق، دەکرێ رەچاوی بارودۆخیان بکرێ لەبەر رۆشنایی ئەو دوا بڕیارەدا. لەبەرانبەر پرسیاری چوارەمدا، کۆکس رایسپاردبوو کە بە فەیسەڵ بوترێ کەوا لە مەسەلەی جیابوونەوەدا رەنگە بەریتانیای مەزن پێشنیازی دامەزراندنی سیستەمێکی ئۆتۆنۆمیی ناوخۆیی بکات لەو ناوچانەدا، لە ژێر سەرپەرشتیی بەریتانیادا. مەبەست لەوەش خاوکردنەوە و رێگرتنە لە پرۆپاگەندەی تورک و هاندانی کوردستانە بۆ فیدراڵییەت لەگەڵ ناوچە عەرەبنشینەکاندا و لە عێراقێکی یەکگرتوودا. کۆکس بەپێی نەریت لە دوا بڕگەیدا دیسانەوە باسی ئەو سیاسەتەی کردووە کە خۆی لە ٢١ی حوزێراندا بەکورتی لێی دوابوو.[٢٥]

کۆکس، لە "پاشکۆیەکی زۆر تایبەتدا" بۆ برووسکەکەی ٢٨ی ئۆکتوبەری ئەم راپۆرتەی خوارەوەی داوە: خەلیل بەگ بەدرخان کە سەرکردەیەکی نەتەوەپەروەری کوردە لەگەڵ پێنج ئەندامی تری "کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقیی کوردستان"دا لە بەغدا بوون و ئەو یاخیبوونە کوردییەی کەوا دوو ساڵ بوو خەریکی بوون، لەوەدابوو سەر بکەوێت. بەپێی نەخشە و پلانی ئەوان ناوچەکانی دەرسیم، دیاربەکر، بەتلیس و وان "کە دانیشتوانیان تێکڕا پێنج تا شەش ملیۆنە" دەبوو لە یەک کاتدا هەڵبسن و یاخیبوون بەرپابکەن. خەلیل بەگ بە کۆکسی ڕاگەیاندبوو کە کورد داوای یارمەتی و چەکیان لە نۆئێل کردووە و هەروەها داوای پشتیوانی کردنی بەریتانیاشیان کردووە.[٢٦]

لە بڕگەی سێی ئەو برووسکەیەدا کۆکس رایسپاردووە کە وا یارمەتی یاخیبوونێکی کوردی بدرێ دژ بە تورک لە ئەنەدۆڵدا بۆ پشتیوانی کردن لە یۆنانییەکان. ئەو دەیوت کەوا بەریتانیا پێویستە پشتگیریی یاخیبوونەکە بکات ئەگەر تورکەکان دانوستاندنیان نەکرد و ئەگەر فەرەنسییەکانیش بەردەوام بوون لە سیاسەتی پشت نەگرتنی بەریتانیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. سەبارەت بە هندستانیش، کۆکس باسی ئەوەی دەکرد کە وا تەنها دەمارگرژەکانی خیلافەتی ئیسلامی وەڕس و بێتاقەت دەبن لە پشتگیریی بەریتانیا بۆ کورد. ئەو وایدەبینی کە عێراقییەکان حەز بەو بۆچوونەی پشتگیریی بەریتانیا لە یۆنانییەکان دژ بە تورک ناکەن، بەڵام سەرکەوتنی شۆڕش وا دەکات کە بەرگریی عێراق ئاسانتر بێت و "دووربینە عەرەبەکان" قەناعەت دەکەن بە قبوولکردنی. لێرەدا دەبێ بەرهەڵستیی فەرەنسییەکان لەبەرچاو بگیرێ، چونکە بەتەمای ئیمتیازی بازرگانین لە کوردستاندا. ئەگەر یاخیبووان زوو رزگاریان بوو، وەک خەلیل بەگ بەڵێنی دابوو، هەروەها ئەگەریش کوردەکان بەزین، کۆکس هۆشداریی ئەوەی دابوو کە رەنگە تورکیا داوای بەڕێوەبردنی تەواوی ناوچەکان بکات تا سەر ئەو رێگایەی دەچوو بۆ کفری. سەبارەت بە رێککەوتنی چەک کەوا بەریتانیا ئیمزای لە سەر کردبوو، کۆکس رای وابوو کێشە لە سەر تێپەڕبوونی چەک و هێز بە عێراقدا دروست نابێت، وەک ئەوەی بەرەوڕووی حکوومەتی هندستان بووە لە تێپەڕاندنی چەکدا بۆ تیبت. بەهەرحاڵ، بەریتانیای مەزن هێشتا هەر لە شەڕدابوو لەگەڵ تورکیادا، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە وا پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی نەبێت کاتێ کە چەک بە کورد بدات. دواجار کۆکس دەنووسێ کە دەبێ بەریتانیا پشتی کورد سارد نەکاتەوە، چونکە هەڕەشەی شۆڕشێکی کورد لە ئەنەدۆڵدا "لەوانەیە کاریگەرییەکی سوودبەخشی ببێ لە سەر تورک بۆ دانوستاندن"[٢٧].

کـۆکس، لەو کـاتەوە کە برووسـکەی ٢١ی حـوزێرانی نـاردبوو، ئەوە یەکەمجـاری بـوو کە باسـی ئەگەری هانـدانی یـاخیبوونی کـورد بکـات لە دەرەوەی سـنووری هەرێـمە مانـدێتکراوەکە. کـۆکس بە روونـی بیـری لەوە دەکـردەوە کە وا زیـادبوونی چـالاکیی تـورکی لەو ناوچـانەدا هەڕەشـە لە تەواوی ئەو سیاسـەتانەی لەمەڕ بەڕێـوەبردنی ئەو دەکـات کە ئامانجیـان لکاندنی نـاوچە کوردییەکـان بـوو بە عێـراقەوە. پێشـنیازی هانـدانی یـاخیبوون لەگەڵ ئەو بۆچـوونەی پێشـتریدا یەکیـدەگرتەوە لەگەڵ هانـدانی ناسـیۆنالیزمی عەرەبدا وەک ناوچەی دەسەڵاتێکی بەرانبەر بە ناسیۆنالزمی تورک.

چەرچڵ لە ١١ی نۆڤەمبەردا وەڵامی هەردوو برووسکەکەی رۆژانی ٢٥ و ٢٨ی ئۆکتـۆبەری دایەوە و پێـی لە سـەر ئەوە داگـرت کە وا پێویسـت نەبـوو مـافی ئەوە بـدرێتە فەیسـەڵ بـۆ دەسـتپێکردنی دانوسـتاندن لەگەڵ مسـتەفا کەمالـدا و (ئەمە ئەو رەزامەنـدییەی ٢١ی ئەیلـوول بەتاڵـدەکاتەوە) "وەک ئەو دانوستاندنە گەورەیەی تر کە وا تـازە بە تـازە هەوڵـی بـۆ دەدرێ بەمەبەسـتی ئاشـتییەکی گشـتی لەگەڵ تورکیـادا"، چـونکە هەوڵ و کۆششـی تـورک بەرەو رۆژئاوا وەرچەرخابوو، نەک بەرەو عێراق. بەم جۆرە لەسەری دەڕوا و دەڵێ "مـن لە ئێسـتادا هەمـوو هەوڵـدانێک بـۆ هانـدانی کـورد ڕەتـدەکەمەوە"[٢٨]. ئەم تێبینییەی دوایـی هاوتـای ڕەتکردنەوەیەکـی چەسـپاو بـوو بـۆ ئەو بۆچـوونەی کۆکس کە وا بەریتانییەکـان پشـتگیریی شـۆڕشـێکی کـورد دەکەن لە ئەنەدۆڵـدا بۆ بەرژەوەندیی یۆنـان و وەک ئەڵتەرناتیڤێـک بـۆ ئاڕاسـتەکردنی دانوسـتاندن، ئەنجـام ئەگەر سـەرنەکەوێ. کـۆکس لە ٢٣ی نـۆڤەمبەردا بە تووڕەبـوونەوە وەڵامیدایەوە و وتبووی بێگومـان چەرچڵ ئەو سـەرچاوە زانیاریـانەی هەبـووە کە وا ئەم (واتە کۆکس) لێی بێئاگا بووە، بەڵام ئەوەی بۆ دەرکەوت کەوا زۆر زەحـمەتە قبـووڵکردنی ئەو بۆچـوونەی کە عێـراق ئامـانجێکی راسـتەوخۆی

تورکیا نەبووە. ئەو لە سەر ئەو رایە بوو کە ئێستا کاتێکی گونجاو نیە بۆ هاندانی کوردەکان و بوێریی وەبەرنانیان، بەڵام کۆکس هەر بەهیوا بوو کە لە گەمەکەدا بمێنێ[٢٩].

لە ١ی دیسەمبەردا چەرچڵ بە کۆکسی راگەیاند ئەو بیر و بۆچوونە ناسەلمێنێ کەوا کورد پێویستە "لە گەمەکەدا بمێنەوە" یان "راسپاردەی تایبەتی لە سەر ئەم کاریگەرییە" بنێردرێ بۆ نوێنەرەکانی بەریتانیا لە دەرەوە. پاشان کۆکسی ئاگادار کردەوە لەو هۆکارانەی کە بۆچی بەریتانیای مەزن ناتوانێ پشتگیریی شۆرشێکی کورد بکات لە دەرەوەی هەرێمی ماندێتکراو، بەتایبەتی بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ یۆنانییەکاندا. چەرچڵ برووسکەکەی بەوە گەیاندووە کە ئەنجام "ئێمە ئێستا ناتوانین تەواوی ئەو بەڵێن و گفتانەی لە کاتی جەنگدا داومانن بە عەرەب، جێبەجێیان بکەین. من بەتەواوی رووبەرووی هەمان کێشە و گرفت دەبمەوە لەگەڵ کورددا".[٣٠]

بەم جۆرە و لە ١ی دیسەمبەری ١٩٢١دا، سەرنەلەقاندنێکی هەمەلایەنە بوو بۆ ئەو بۆچوون و پێشنیازانەی وەک ئەوانەی کۆکس بۆ هاندان و وروژاندنی یاخیبوونێکی کوردی دژ بە تورک لە دەرەوەی سنووری ماندێتی بەریتانیا لە عێراقدا، چ بە هاوپەیمانی لەگەڵ یۆنانییەکاندا یان بە سەربەخۆیی بێت. ئەمە وای نەدەگەیاند کە کورد لە ناوچەی ویلایەتی مووسڵی سنوور دیارینەکراودا بەکارنەهێنرێ. بەریتانییەکان دەبوو "لەگەڵ کوردە یاخیبووەکاندا بن وەک ئاگالەخۆبوون و سڵییەکی پێویست"[٣١]. ئەمە ئەو سیاسەتە بوو کە بەریتانییەکان پەیرەوییان کرد، رێک تا ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی تورکیا ـ عێراق لە ٥ی حوزێرانی ١٩٢٦دا. بەهەرحاڵ، ئەو بڕیارانەی کە لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٢١دا دایان لەبارەی پشتگرتنی چالاکیی شۆرشگێرانەی کورد دژ بە تورکیا، سەرلەنوێ لە مارتی ١٩٢٢دا

دووپاتکرایەوە سەبارەت بەوەی ئەگەر توانیبێتم دەسنیشانم کردبێ، کە دوا پێشنیاز و بۆچوونی جیددیی ڕەچاوکراوبوو بەدرێژایی داڕشتنی ئەم نەخشە و پلانە. ئەو پێشنیاز و بۆچوونە لەلایەن کۆلۆنێل ڕۆلنسنەوە Rawlinson لە ٤ی مارتی ١٩٢٢دا هاتووەتە ئاراوە و لە ١٧ی مارتدا لەلایەن کاربەدەستانی بەشی فەرمانگەی کۆلۆنیالی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە کراوەتە کۆنووس، ئەمیش لەبەر هەمان هۆی پێشنیاز و بۆچوونەکەی کۆکس دراوەتەدواوە.[٣٢]

ڕاسپاردەکانی ڕۆلنسن بۆ ورووژاندنی یاخیبوونێکی کورد بە شێوەیەکی پراکتیکی لە سەرووی ئەو هەرێمەوە کە لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە لە عێراقدا داگیرکرابوو، ئەوە دەردەخەن کە ئەو پیاوە چەند خەیاڵ پڵاو بووە. ئەو وایبۆدەچوو کە هێزەکانی ناسیۆنالیستە تورکەکان دەگونجێ هێشتا بەرگرییان لێبکرێ یان بەجۆرێک بترسێنرێن کە ناچار بکرێن واز لە ئامانجە باسکراوەکانی پەیمانی نێودەوڵەتیی ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠ بێنن. بەتایبەتی ئەو بڕگانەی پەیمانەکە کە داوای یەکپارچەیی ناوچەکانی وڵات و سەرداریێتیی ئەنەدۆڵ دەکات لە ڕۆژئاوای تورکیا و ئەستەموول، واتە پاشەکشە و چۆڵکردنی بەریتانی و یۆنانییەکانی دەگەیاند لەم ناوچانە. سیاسەتی بەریتانیا و هاوپەیمانان سەبارەت بە حکوومەتی نەتەوەیی تورکیا زۆر بە شێوەیەکی دراماتیکییانە گۆڕا لە دوای پەیمانی سیڤەر کە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠دا مۆرکرا. بە درێژایی سالانی ١٩٢٠ و ١٩٢١ دەهۆ و پیلانی جۆراوجۆر بۆ ورووژاندنی کورد دەرکەوتن، بەلام پاشتر و لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢١وە بە ناحەزییەکی پترەوە کەوتنە پێداچوونەوە و تاوتوێ کردنیان. ئەو ساڵە ساڵی سەرکەوتنی هێزەکانی تورک بوو بە سەر یۆنانییەکاندا و ئەنجامەکەی گەلێ ڕێککەوتننامەی نەتەوەیی یەکلاکەرەوە بوو

لەگەڵ فەرەنسا، ئیتاڵیا، رووسیا، ئۆکرانیا و ئەفغانستان و گرنگترین دەسکەوتیش ئیمزاکردنی پەیمانی فرانکلین ـ بۆیلۆن بوو لە ٢٠ی ئۆکتوبەردا. عومەر کورکچوئۆغلووی توێژەری مێژووی دیپلۆماتی تورکیا ساڵی ١٩٢١ بە ساڵی "تاڕادەیەک نەرمبوونی" سیاسەتی بەریتانیا دادەنێ بەرانبەر بە ناسیۆنالیستەکان[٣٣]. بە رای من، ئەم "نەرمبوونە" سەرنجڕاکێشە یەکەمجار لە ئاڵوگۆڕی نامەی نێوان چەرچڵ و کۆکس سەبارەت بە "شەڕ لە سەر کوردستان" دەرکەوت.

وەک ئاڵوگۆڕی نامە و نووسراوی نێوان چەرچڵ و کۆکس روونیدەکاتەوە، ئارەزووی بەریتانیا بۆ ئاشتی لەگەڵ تورکیادا بێگومان لە ئەگەری باشترین هەلومەرجدا سیاسەتی کوردی خستە پاشکۆوە. ئەوە رێکەوت نیە لەکاتێکدا کە وا فەرمانگەی کۆلۆنیاڵی و چەرچڵ پرۆژەکەی رۆڵنسنیان دایەدواوە لەمەڕ شۆڕشی کورد، بەریتانی و تورکەکان یەک لەدوای یەک لەلایەن کۆرزن (Curzon)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و یوسف کەمالی وەزیری دەرەوەی تورکیا نوێنەرایەتی دەکران و چوونە نێو کۆنفرانسێکی ترەوە لە لەندەن (١٦ – ١٩ی مارتی ١٩٢٢). کۆنفرانسەکە سەری نەگرت لەبەر ئەو داواکارییانەی بەریتانیا کە لای تورکەکان پەسەند نەبوون. داواکارییەکان لە چەشنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی و دوورخستنەوەی هێزەکانی تورک لە تەنگی ئاوەکان و لێبگەڕێن یۆنانییەکان لە ئیزمیر بمێننەوە .. تاد. بەڵام سەرکەوتنی تورکیا بە سەر یۆنانییەکاندا لە سەکاریا، کۆتایی هاوینی ١٩٢١، سەلماندی کە وا پێویست بە دانوستاندنێکی راستەقینە دەکات. تەنانەت کێشە و گرفتی چەنا قەڵا تەنها هێزی پاڵنەری هەردوو وڵاتی کەمکردەوە لە سەر مێزی دانوستاندن.

له ١١ی ئۆکتـــۆبەری ١٩٢٢دا ئاگربەســـی مودانیـــا مـــۆرکرا و له ٢١ی نـــۆڤەمبەردا کـــۆنگرەی لـــۆزان دەســـتیپێکرد و بەوەدا کەوتەوە کە لە ٢٤ی تەمـووزدا پەیمـانی لـۆزان مـۆر بکرێـت، تەنـانەت نـاوی کوردستانیشـی تێـدا نەهێنـرێ و ئەو نیـاز و مەبەسـتانەی کە لە پشـتی بەنـدەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ی پەیمانی سیڤەرەوە بوون، پێدەچوو بەتەواوی لەبیرکرابێتن. بەپێی بەندی ٣ی (بڕگە دوو)ی پەیمانی لۆزان، تەواوی کێشەی سنووری نێوان تورکیا و عێراق بەرەورووی گفتوگۆی دوولایەنەی نێوان بەریتانیـای مەزن و تورکیـا کرایەوە (کە دەبـوو لە مـاوەی نـۆ مانگـدا لە جێبەجـێ کردنـی پەیمـانەکەوە بـگەنە بڕیارلەسـەردانی). لە مـاوەی نێـوان ٢٠ی ئـابی ١٩٢٠ (سـیڤەر یـان سـێڤرە) و ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣ی (لۆزان)دا سیاسـەتی بەریتانیا سـەبارەت بە کورد لە پشتگیریکردنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی سنوور دیاریکراوەوە گۆڕا بۆ دیاریکردنی چەند لە کوردستان بەر دەوڵەتی تورکیا بکەوێ و چەندیش بەر عێراق بکەوێت.

وەک ئـاڵوگۆڕی نـامەی نێوان چەرچڵ ـ کۆکس ئامـاژەی بۆ دەکـات، لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٢١دا چیتـر هـیچ پاسـاوێکی پشـتگیری ئـامێز نەمـا بـۆ قەوارەیەکی کوردیی جیاواز لە عێراق، کە سێر پێرسـی کۆکس تێیدەڕوانی. بەم جـۆرە، پشـتگیریی بەریتانیـا بـۆ شـێخ مەحمـوودی سـەرکردەی کـورد لە عێراقدا، لە ماوەی پایزی ١٩٢٢ و سەرەتای ١٩٢٣دا، ڕێکوڕەوان بە مەبەستی ڕێگەگرتن بـوو لە هەر بەهێزبوونێکی پێگەی تـورک لە کێشـەی مووسـڵدا. لە شـوباتی ١٩٢٣دا کـاتێ کە مەحمـوود کەوتە پشێپشـێکردن بـۆ تورکەکـان، (بۆ جاری دووەم) لەلایەن بەریتانیاوە لە سـەر تەخت لابرا. لە هەمـان مانگدا سێر پێرسی کۆکس خانەنشین کرا و سێر هێنری دۆبس (Sir Henry Dobs) لەجێی دانرا، بەڵام سیاسەتی ئەو سەبارەت بە لکاندنی نـاوچە کوردنشینەکان

به عێراقەوە ساڵ و نیوێک لەوەوپێش ڕاگەیەنرابوو و لە ئاڵوگۆڕی نامەکانیدا لەگەڵ چەرچەڵدا بەدیاردەکەوت و گرەوی خۆیی بردبووەوە سەرەڕای ناڕەزایی و بەرهەڵستی کردنی زۆربەی دامودەزگا وابەستەکانی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا. لە هاوینی ساڵی ١٩٢٣دا، کاتێ کە وا عێراق هەڵبژاردنی بۆ ئەنجومەنی دەستووری کرد، کورد هیچ مافێکی چارەنووسی خۆیی نەدرایە و خرانە سەر دەوڵەتی نوێی عێراق[٣٤]. کەوابوو، چ ئەنجامێک نەخشەی بۆ دەکێشرا لە دووپاتکردنەوەی توانای کۆکس بۆ زاڵبوون بە سەر چەرچڵ و سیاسەتی زۆرینەدا کە لە کۆنگرەی قاهیرەدا، مارتی ١٩٢١، گوزارشی لێکرا؟ لە دەستپێکردنی ئەم کارەدا کۆکس ئەو پیاوەی مەیدان بوو. ئەم نموونەیە بڕوا و پشتگیرییەک دەدا بەو بۆچوونەی کە وا کاربەدەستانی قەراخ و بیجاخی ئیمپراتۆریتی بەریتانیا لە جێگە و پایەیەکی لەباردا بوون بۆ بەدواداچوونی ڕێباز و سیاسەتی خۆیان و سەربەخۆبوون لە بیر و بۆچوونی خۆیاندا و لە ملکەچکردن یان نەکردنی کاربەدەستانی لەندەندا. هۆی سەرەکیی ئەمەش ئەوەبوو کە ئەوان بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەیانتوانی بڕیار بدەن و کۆنترۆڵی کاری خۆیان بکەن بە دامەزراندنی کارمەندی گونجاو لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەدا کە لە ژێر ڕکێفیاندا بوو. لە ناوچەیەکی لە ڕووی جوگرافی و دانیشتوانەوە ئاڵۆز وەک باکووری عێراق، کۆکس بوارێکی بەرفراوانی هەبوو بۆ تەراتێنکردن و مانۆڕ و زیرەکانەش کردی. گۆڕانکاریی خێراش لە روخسارە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیادا دەستپێشخەرییەکی گەورەی دا بە کۆکس: لەبەرئەوەی لە توانایدا بوو لە کات و ساتی خۆیدا سوود لە ناسیۆنالیزمی کوردی یان عەرەبی وەربگرێ و فشاری گونجاویان بخاتەسەر و ئەگەریش پێویستی بکردایە، زیادەڕۆیی دەکرد لە هەڕەشە و دژایەتی کردنی تورکدا. کۆکس هەموو ئەمانەی لە بەرژەوەندی و سوودی خۆی ئەنجامدا و تا ئۆکتۆبەری ١٩٢١ بە فەرمانی

ئیداری بەشێکی باشی سیاسەتی خۆی بۆ پێکەوە گرێدانی ناوچە کوردییەکان بە عێراقەوە دەستەبەر کرد. کۆکس زۆر بوێرانە داکۆکیی لە بەرپاکردنی یاخیبوونێکی کورد دەکرد کە هاوپەیمانی گریکەکان بێت لە ئەنەدۆڵدا. ئەمە لە کاتێکدا کە لەندەن هێشتا بیر و بۆچوونی دروستکردنی قەوارەیەکی کوردیی سەربەخۆی رەچاو دەکرد. وردە وردە روونبووەوە کە سەرکەوتنی کۆکس هەڕەشەی ئەوە دەکات کەوا کار بکاتە سەر تەواوی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەگەرە بخاتە رێی گۆڕانکاریی پەیوەندیی پتر ئاشتیانەتری نێوان تورکیا و بەریتانیای مەزن. ئەمەش توانای دیپلۆماسی و سیاسیی قەراخ و بیجاخ و لەلایەکی تریشەوە سەنتەری ئیمپراتۆرێتی بەرانبەر بەیەک رادەگرت.

کۆکس لە تەمەن و تاقیکردنەوەدا زۆر لە سەر چەرچڵەوە دوور نەبوو. ئەو تەمەنی ٥٧ ساڵ بوو لە کاتێکدا کە چەرچڵ ٤٨ ساڵ بوو و تا ساڵی ١٩٢١ ئەو (واتە کۆکس) نزیکەی سی ساڵی خزمەت هەبوو لە هندستان و رۆژهەڵاتی ئەفریقیا و کەنداوی فارسدا و لە ساڵی ١٩٠٤دا بە موقیمی سیاسیی کارا دامەزرا لە ناوچەی کەنداوی فارسدا. ئەو فارسی و عەرەبیی دەزانی و هەروەها دەیشیزانی لە هەلومەرجی سیاسەتی بەریتانیادا سەبارەت بە ناوچەکانی کەنداو چی دەوێ. ئەو رێچکە سیاسییەی گرتبوویەبەر، وایدەبینی باشترین سوودی بەریتانیای تێدایە لە کەنداودا و خۆی بە تاقی تەنها بەدوایدا دەچوو. چەرچڵ وەک وەزیری کۆلۆنییەکان، بەرپرسیار بوو لە تەواوی ئیمپراتۆرێتی بەریتانیا و ئەو، چونکە لە مەیداندا نەبوو، دەبوو پشتی بە ئامۆژگاریی بەشی رۆهەڵاتی ناوەڕاست ببەستایە کە تازە رێکخرابوو و کەوتبووە سەر رێچکەی خۆی سەبارەت بە پەرەسەندنی ئەو سیاسەتە. میتۆدی ئەوان بۆ فۆرمەڵەکردنی سیاسەتێک کە تا ئەو کاتە دانەمەزرابوو. کۆکس بەرەنگاری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبووەوە بە شێوەیەکی وا

که نموونەی بیروکراتێکی فێڵباز بوو. بەم جۆرە، کۆکس سەرکەوتوو بوو بە سەر چەرچڵدا لە بواری "شەڕ لە سەر کوردستاندا".

تاقە ئامانجی سیاسیی سەرەکی کەوا کۆکس بەدینەهێنا، پرۆژەی دامەزراندنی هاوپەیمانیی کورد و یۆنانییەکان بوو بۆ سازدانی یاخیبوون دژ بە کەمالیستەکان لە ئەنەدۆڵدا. ئەم پرۆژەیە لەلایەن فەرمانگەی کۆلۆنییەکان و چەرچڵەوە ئاقڵانە رەتکرایەوە. لە بەهاری ساڵی ١٩٢١وە و پاشانیش تا خانەنشین بوونی کۆکس لە مارتی ١٩٢٣دا، چەرچڵ تەنها یەک سەرکەوتنی سیاسیی – دیپلۆماسیی بە سەر کۆکسدا بەدەستهێنا لە بواری سیاسەتی کوردیی بەریتانیای مەزندا.

کۆکس هەندێ هاوپەیمانیی هەبوو لە کۆششکردنیدا بۆ ئەوەی سیاسەتەکەی سەربگرێت. ئەفسەرە پایەبەرزەکانی هێزی ئاسمانیی شاهانە، لە هەردوک لەندەن و بەغدادا، بەتایبەتی فەرماندەی هێزی ئاسمانی مارشاڵ هاگ ترێنچارد (Hugh Trenchard) و فەرماندەی هێزی ئاسمانی لە عێراقدا سێر جۆن سەلمۆن (Sir John Salmond)، سیاسەتێکی "پێشوەختیان" بەلاوە پەسەندبوو سەبارەت بە تورکیا. وەزارەتی هێزی ئاسمانی لە ساڵی ١٩٢١دا ئۆفیسی جەنگ War Office جێیگرتەوە وەک پێگەیکی سەربازیی سەرەکی لە عێراقدا و ئەفسەرە فەرماندەکانی زۆر بەپەرۆشەوە بوون ئەوە پیشان بدەن کە وەزارەتی هێزی ئاسمانی تەنها زەمانەتی ئاشتی ناکات، بەڵکو مەودافراوانیشی دەکات. بەم شێوەیە، پلانەکانیان گونجاو و هاوکات بوو لەگەڵ ئەوانەی کۆکسدا. بۆ گاڵتەجاڕیی دەوران، پرۆژەی هێزی ئاسمانی زۆر بەتوندی لەلایەن چەرچڵەوە پشتگیریی لێدەکرا، ئەگەرچی داکۆکی کردنی لەو بەرنامەیە لەڕاستیدا یەکینەدەگرتەوە لەگەڵ پشتگیریکردنی"قەوارەی جیاوازی"

سیاسـەتی کوردیدا کە وا ئەم و دروسـتکەرانی دیکەی سیاسـەتی دەرەوە لە لەندەن بەلایانەوە پەسەندبوو.

بەگەلێ شێوە، سیاسەتی پەیڕەوکراوی لەمەڕ کورد کە لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەی قاهیرەوە هاتەکایەوە، لەلایەن هێزی ئاسمانیی پادشاییەوە هەڵوەشایەوە، ئەو هێزەی کەوا سەلماندی ئەوپەڕی کاریگەرە دژ بە پێگەکانی تورکیـا لە عێراقـدا. سـەرکەوتنی "تەکنۆلۆجیـای ئاسـمانیی" نـوێ دەبـوو بیسەلمێنێ کە چەکێکی زەبەلاح و سامناکە بە دەستی "دەستپێشخەرانەوە" کە داکۆکییـان لە فراوانبـوونی ناوچەکـانی ژێردەسـتی بەریتانیـا دەکـرد، ئەو ئیمپراتـۆریێتەی کە وردە وردە پاشەکشـەی دەکرد. تـاقیکردنەوە لە عێراقدا لە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٢٠ – ١٩٢٣دا بریتیبـوو لە سـەرکەوتنی داکـۆکی کـردن لە تەکنۆلۆجیـای هێـزی ئاسـمانی بە سـەر ئەو نەریتپـارێزانەدا کە داکۆکییـان لە "تەکنۆلۆجیـای دەریـایی" کـۆن دەکـرد. شـتێکی سـەیرە کە وا کۆکس، ئەگەرچی بەتەمەنتر بوو لە چەرچڵ، یەکەم کەس بوو کە بەتەواوی درک بە سوود و قازانجی ئەوەی پێشـەوە بکات و بە لێهاتوویی و زیرەکانە بەکاری بێنێت، لە هەوڵ و کۆششـیدا بۆ بەدیهێنـانی ئامانجەکانی لە عێراقدا. چەرچڵ وەک سەرۆکێکی جارانی ئەدمیراڵی (دەریایی) و وەزیرێکی پێشـتری جەنگ لە زۆربەی کاربەدەستەکانی دیکەی بەریتانیا ئاگادارتر بوو لە گرنگیی ئەو چەکـانە لە ڕووی تەکنۆلـۆجییەوە، بەڵام ڕەنـگە یەکەمجـار بـڕوای بەو کـاریگەرییە گەورەیەی هێـزی ئاسـمانی نەکردبـێ، چـونکە ئەو زۆر خۆشـی نەدەهـات بە ڕۆڵـی هێـزی ئاسـمانی لە عێراقـدا، بـۆیە پێـدەچێت ئەم بیـرەی وەلاخسـتبێت و لەلایەکـی تریشـەوە ئەو وەک وەزیـری کۆلۆنییەکـان کە بەرپرسیارییەکی بەربڵاوی جیهانیی هەبوو، بە شێوەیەکی سروشتی دەبوو لە کـۆکس زیـاتر سـڵبکاتەوە لە هەر کارێکـدا، لەگەڵ ئەوەشـدا، تـاقیکردنەوە لە

عێراقدا ئەوەی دەرخست کە هێزێکی تازەی وەک هێزی ئاسمانی دەکرێ کاریگەرانەتر بەکاربهێنرێ لەلایەن کاربەدەستێکی کارامە و لێهاتووەوە لە مەیداندا بۆ کارکردنە سەر رێباز و سیاسەت لە قەراخ و بیجاخی ئیمپراتۆرێتدا زیاد لەو کاربەدەستانەی لە سەنتەری حکوومەتی ئیمپراتۆریدا و ئەمە پەیوەندیی تێکەڵ بەیەکیش دەگەیەنێ لە نێوان تەکنۆلۆجیای چەک و مانۆڕی سیاسی و دیپلۆماسیدا. ئەمە یەکەم تاقیکردنەوەی لەو چەشنە بوو و دەبوو بەردەوام بێت بۆ کارکردنە سەر سیاسەتی ئیمپراتۆرێتی بەریتانیا، کە تا کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەمیش ئەو کاریگەرییە مایەوە.

پاشان سێر پێرسی کۆکس بە واتایەک سواری لووتکەی شەپۆلێکی داهێنەر و سەرکەوتووی بەرنامەیەکی نوێ بووبوو کە بۆ سوود و قازانجی خۆی بەکاریدەهێنا. ئەمە یارمەتیی دا بۆ جێبەجێ کردنی خواستی خۆی لە عێراقدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە وینستن چەرچڵ خاوەنی زیرەکی و کارامەییەکی دیپلۆماسی و بیرۆکراتیی هێجگار گەورە بوو. بەشێک لە سیاسەتی سێر پێرسی کۆکس، کەوا نەیتوانی جێبەجێی بکات، ئەو پرۆژەیەی یاخیبوونێکی کورد بوو لە ئەنەدۆڵدا بۆ پشتیوانی کردن لە یۆنانیەکان و فشارخستنە سەر تورک. دەبێ ئەوەش بوترێ کە وا زیادکردنی هەست بەوەی کە ئاشتی لەگەڵ تورکیادا گرنگ بوو بۆ سوود و بەرژەوەندیی بەریتانیا، لە دوادوایی ساڵی ١٩٢١دا بوو بە هەستێکی باو و باڵادەست[٣٥]. لە دوای ئەوەی کە پەیمانی فرانکلین – بۆیلۆن لە ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا بەسترا، روونبووەوە کە هەڵبژاردەکانی سیاسەتی بەریتانیا لەبەرانبەر تورکدا بە کردەیی کەمتر بووەوە. لە سەروەختی قەیرانی چەنا قەڵادا لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٢٢، بەریتانیا بەتەنها مایەوە. راستە وینستن چەرچڵ دایەپاڵ لۆید جۆرج و ئەوانیتر کە وا کردەوەی سەربازییان بەلاوە چاکتر بوو بۆ بەرگری کردن لە ئازادیی

تەنــگەبەرە ئاوییەکــان، بەڵام ئەم هەڵوێســتە پێــدەچوو لەبەر بەرژەوەنــدیی سیاسیی کاتی وەرگیرابێت. لە پایزێکی درەنگی ساڵی ١٩٢٢دا دانوستانکارە بەریتانییەکان فشاری چەسپاویان بەکاردەهێنا بۆ دەستەبەرکردنی پێگەیەکی تونــدتر وەک کــورتکردنەوەیەکی رێگــا بەرەو لــۆزان. بەریتانیــا دانپیانــانی دیفاکتۆی نەدا بە حکوومەتی ئەنقەرە تا ئەو کاتەی دانوستاندن دەستپێکرد. یەک لە هۆکارەکانی ئەو مەسەلەیە لۆرد کۆرزن (Curzon) و لۆرد ئایر کرۆ (Eyre Crowe) بــوون، کە جێگــری هەمیشــەیی وەزیــری دەوڵەت بــوون بــۆ کاروباری دەرەوە. ئەمـان هەردوکیـان دید و بۆچوونی فۆربس ـ ئادەمزیـان قبووڵکرد کە وا بەلای بەریتانیاوە پەسەند بوو "تا چەند بگونجێ بۆ پاراستنی تیــۆریی یاســایی کە وا ئەو حکــوومەتەی لە ئەســتەموولدایە، حکــوومەتی تورکیـایە، بەو هیوایە کە دواجار ئەستەمووڵ و ئەنقەرە لە یەک حکوومەتی هاوبەشدا یەکدەگرن بە بیر و بۆچوونێکی پتر هێمنانەوە"[٣٦].

ئــاڵوگۆڕی نــامەی نێــوان چەرچــڵ و کــۆکس و هەڵوێســتی بەریتانیــا دەربارەی کورد و گەشەسەندن لە عێراقدا سیاسەتی راستەقینە دەخاتەڕوو کە جیاواز بێت لە بۆچوونی گشتی ماوەیەک لە پێش کردنەوەی کۆنگرەی لۆزاندا. بەریتانییەکان تێگەیشتن کە دەبێ دانوستاندن لەگەڵ ئەنقەرەدا بکەن، تەنــانەت لە پــێش مودانیــا و بگــرە لــۆرد کێــرزن خۆیشــی وا پیشــاندەدا کە دەیەوێ خەتێکی نەرمتر لەوەی کە لە لۆزاندا پێوەی پابەندبوو، بگرێتەبەر[٣٧]. دواجـار کە دانیـان نـا بە دیفـاکتۆی حکـوومەتی ناسیۆنالیسـتە تورکەکـان لە کــۆنگرەی ئاشــتیدا، هــیچ هەڵســەنگاندنێکی سیاســی نەهــاتە کــایەوە لەلایەن بەریتانیـاوە. بەڵکـو ئەو هەڵسـەنگاندنە لە میـانەی دوا شــەش مــانگی ســاڵی ١٩٢١دا هاتە ئاراوە، کاتێ کە سیاسەتەکەی کۆکس بە سەر ئەوەی چەرچڵدا سـەرکەوت. ئەوە یەکێـک لەو هۆکـارە سـەرەکییانەی لابـرد کەوا بەریتانیـا لە

سیاسەتی دانپێدانەنان و دانوستاندن نەکردن لەگەڵ کەمالیستەکاندا پیادەی دەکرد. ئەو ناوچانەی تورکیا لە لۆزاندا بەدەستیهێنان، ئەوانە بوون کە چەرچڵ حەزی دەکرد لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٠دا بیانبەخشێ. زیاد لەوەش، لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٩دا چەرچڵ ئەگەری ئەوەی دەبینی کە سوود لە تورکیا ببینێ بۆ پشتگیری کردنی لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و ئەو دەمە نامەیەکی نووسی بۆ لۆرد دێربی (Lord Derby) باڵیۆزی لەندەن لە فەرەنسا بەم ناوەرۆکە "من وایدەبینم کە دەبێ مستەفا کەمال و تورکیایەکی رازیکراو بەکاربێنین وەک بەربەستێک دژی بەلشەفیکەکان و تەواوی کاروبارمان نەرم و لەسەرخۆ بکەینەوە لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست و هندستاندا"[٣٩]. لێرە تەنها قەیرانی چەنا قەلا Chena Kele بوو بە هۆی گۆڕینی بیروڕای بۆ ماوەیەکی کاتی[٤٠]. ئەو دەمە چەرچڵ تازە بیر و بۆچوونی خۆی وەلاخستبوو لە نامە و نامەکاریی نێوان خۆی و پێرسی کۆکسدا، کە وا لە کەین و بەینی "شەڕ لە سەر کوردستاندا" بەڕێوەدەچوو.

## سەرچاوە:


گۆڤاری نێودەوڵەتیی توێژینەوە کوردییەکان، ژمارە (٥)، ساڵی ١٩٩٢.

ناوی باس / شەڕ لە سەر کوردستان: ئاڵوگۆڕی نامە و نووسراوی نێوان چەرچڵ و کۆکس سەبارەت بە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق، ١٩٢١ – ١٩٢٣.

ناوی نووسەر/ رۆبەرت ئۆڵسن

The International Journal for Kurdish Studies

vol. 5 No. 2 , Spring – Fall 1992

"Battle For Kurdistan"

The Churchill – Cox Correspondence Regarding the Creation of the state of Iraq: 1921 – 1923. pp. 29 – 44

Robert Olson

## پەراوێز:

١ – بەریتانیای مەزن، ئۆفیسی تۆمارە گشتییەکان، ئۆفیسی وڵاتە ژێردەستەکان (فەرمانگەی وڵاتە کۆلۆنییەکان) ٧٣٠ / ٢، ٧٣٠ / ٤، ٧٣٠ / ٥، ٧٣٠ / ٦، ٧٣٠ / ٧ لە ٢ی حوزێرانەوە بۆ ٧ی دیسەمبەری ١٩٢١

٢ – باشترین سەرچاوە کە لە سەر کۆنگرەی قاهیرە بڵاوکرابێتەوە، لەلایەن ئارۆن س. کلایمان: *"بناغەکانی سیاسەتی بەریتانیا لە جیهانی عەرەبدا – کۆنگرەی قاهیرە، ساڵی ١٩٢١".*

Aaron S. Klieman, "*Foundation of British Policy in the Arab World: The Cairo Conference of 1921*", (Baltimore – 1970).

هەروەها ئۆفیسی دەرەوە Foreign office ژمارە ٣٧١ / ٦٣٤٣ کە راپۆرتە بنەڕەتییەکانی کۆنگرەی قاهیرەیان تێدایە، بەتایبەتی بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٠ "کۆبوونەوەی چوارەمی کۆمیتەی سیاسیی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ١٥ی ئازاری ١٩٢١".

٣ – بڕوانە کلەیمان، *"بناغەکانی سیاسەتی بەریتانیا لە جیهانی عەرەبدا – کۆنگرەی قاهیرە، ساڵی ١٩٢١".*

٤ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥ – ئۆفیسی کۆلۆنییەکان ٧٣٠ / ٢، ژمارە ١٥٣ – ١، حوزێرانی ١٩٢١، لە کۆکسەوە بۆ چەرچڵ. بۆ دەقەکانی پەیمانی سیڤەر بڕوانە ج. س. هۆرۆکیز *"دیپلۆماسییەت لە هەردوو رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا: تۆماری بەڵگەنامە ١٩١٤ – ١٩٥٦".*

٦ – ئۆفیسی کۆلۆنییەکان ٧٣٠ / ٢، ژمارە ١٥٣ – ٢، حوزێرانی ١٩٢١، لە کۆکسەوە بۆ چەرچڵ.

٧ – فەرمانگەی وڵاتە کۆڵۆنییەکان ٧٣٠ / ٢ ژمارە (١٤٨) ٩ی حوزێرانی ١٩٢١، لە چەرچڵەوە بۆ کۆکس.

٨ – فەرمانگەی وڵاتە کۆڵۆنییەکان ٧٣٠ / ٢ ژمارە (٢١٠) ٢١ی حوزێرانی ١٩٢١، لە کۆکسەوە بۆ چەرچڵ.

٩ – هەمان سەرچاوە، فۆڵدەری ژمارە (٦١٢).

١٠ – هەمان سەرچاوە، فۆڵدەری ژمارە (٦١٤).

١١ – فەرمانگەی وڵاتە کۆڵۆنییەکان ٧٣٠ / ٢ ژمارە (١٩٦) ٢٤ی حوزێرانی ١٩٢١، لە چەرچڵەوە بۆ کۆکس.

١٢ – فەرمانگەی وڵاتە کۆڵۆنییەکان ٧٣٠ / ٢ ژمارە (١٠٩) ٢٥ی حوزێرانی ١٩٢١، لە کۆکسەوە بۆ چەرچڵ.

١٣ – فەرمانگەی وڵاتە کۆڵۆنییەکان ٧٣٠ / ٥ ژمارە (٤٢٣)، ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١، لە چەرچڵەوە بۆ کۆکس.

١٤ – فەرمانگەی وڵاتە کۆڵۆنییەکان ٧٣٠ / ٥ ژمارە (٥٣٤)، ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٢١، لە کۆکسەوە بۆ چەرچڵ.

١٥ – فەرمانگەی وڵاتە کۆڵۆنییەکان ٧٣٠ / ٥ ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٢١، لە ئۆلیفانتەوە (ئۆفیسی دەرەوە) بۆ کۆکس.

١٦ – ئۆفیسی دەرەوە ٣٧١ / ٧٧٨١، ١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١، لە کۆکسەوە بۆ چەرچڵ.

١٧ – فەرمانگەی وڵاتە کۆڵۆنییەکان ٧٣٠ / ٦ ژمارە (٦١٦)، ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١، لە چەرچڵەوە بۆ کۆکس.

١٨ – هەمان سەرچاوە.

١٩ – فەرمانگەی وڵاتە کۆڵۆنییەکان ٧٣٠ / ٦، ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١، لە کۆکسەوە بۆ چەرچڵ.

٢٠ – هەمان سەرچاوە.

٢١ – هەمـــان ســـەرچاوە. پێشـــنیاز و بۆچوونەکـــانی کـــۆکس لە لاپەڕەکـــانی ٤٨٥ – ٤٨٩دایە. ئەم برووسکەیە هەندێ جار وەک ژمارە (٥٥٨٤) ئاماژەی بۆ دەکرێت.

٢٢ – فەرمانگەی وڵاتە کۆلۆنییەکان ٧٣٠ / ٦ ژمارە (٥١٩) ی ١١ی نۆڤەمبەری ١٩٢١، لە چەرچڵەوە بۆ کۆکس.

٢٣ – فەرمانگەی وڵاتە کۆلۆنییەکان ٧٣٠ / ٧ ژمارە (٧٠٠)، ٢٣ی نۆڤەمبەری ١٩٢١، لە کۆکسەوە بۆ چەرچڵ.

٢٤ – فەرمانگەی وڵاتە کۆلۆنییەکان ٧٣٠ / ٧، ١ی دیسەمبەری ١٩٢١ لە چەرچڵەوە بۆ کۆکس.

٢٥ – هەمان سەرچاوە. بڕوانە کۆنووسی چەرچڵ لە ٧ی دیسەمبەری ١٩٢١دا.

٢٦ – بڕوانە ڕۆبەرت ئۆڵسن: "جارێکی تر لێرە و لەوێ: سیاسەتی بەریتانیا سەبارەت بە کورد"، (١٩٢١ – ١٩٢٢).

٢٧ – عـومەر کورکچـو ئۆغڵو ، *"Trk – Inglizi Iliskileri"* ، ئەنـقەرە (١٩٨٨) ل ١٢٨ – ١٣٧.

٢٨ – پێـــتەر ســـلاگلێت، *"بەریتانیـــا لە عێراقـــدا ١٩١٩ – ١٩٣٢"*، (لەنـــدەن، ١٩٧١)، ل ٨٦ – ٨٧.

٢٩ – یەکێـک لە باشـترینی ئەو باسـانەی کە لەم دوایـیەدا دەرچـووە، ئەوی (ماریـان کێنت)ە بە ناوی "سیاسەتی بەریتانیا و دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتی و شۆڕشی تورک"، کە لە *گۆڤـــاری نێـــودەوڵەتیی تـــوێژینەوە تورکییەکـــان*، ژمـــارە ٣، زســـتانی ١٩٨٥ – ١٩٨٦ بڵاوبووەتەوە. *International Journal of Turkish studies.*

هەروەها بڕوانە ئایدیم، "بەریتانیای مەزن و کۆتایی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی"، لە کتێبی، *"هێزە گەورەکان و کۆتایی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا"*

٣٠ – هەمان سەرچاوە. کێنت، *"سیاسەتی بەریتانیا"* *British Policy*، ل ٤٣ – ٤٥.

٣١ – هەمان سەرچاوە. بڕوانە کۆنووسی چەرچڵ لە ٧ی دیسەمبەری ١٩٢١دا.

٣٢ – هەمان سەرچاوە. کێنت، *"سیاسەتی بەریتانیا"*، ژمارە (٤٦)، ل ٣٨٨.

٣٣ – لە مارتن گیلبەرت، *"وینستن چەرچڵ"*، بەرگی ٤، (لەندەن، ١٩٧٥)، ل ٥٠١.

٣٤ – بڕوانە ژمارە ٢٢ی دەقەکە.

٣٥ – بڕوانە رۆبەرت ئۆلسن، *"جارێکی تر لێرە و لەوێ: سیاسەتی بەریتانیا سەبارەت بە کورد، ١٩٢١ – ١٩٢٢"*.

٣٦ – هەمان سەرچاوە. کێنت *"سیاسەتی بەریتانیا ...."*.

٣٧ – پیتەر سلاگلێت، *"بەریتانیا لە عێراقدا ١٩١٩ – ١٩٣٢"*، (لەندەن، ١٩٧١)، ل ٩٠ – ٩٢.

٣٨ – بڕوانە رۆبەرت ئۆلسن، *"جارێکی تر لێرە و لەوێ: سیاسەتی بەریتانیا سەبارەت بە کورد، ١٩٢١ – ١٩٢٢"*.

٣٩ – هەمان سەرچاوە.

٤٠ – هەمان سەرچاوە.

## ٢

# کورد و دانوستاندنی ئاشتیی لۆزان، ١٩٢٢ - ١٩٢٣

**عوسمان عەلی**

پرۆفیسۆری مێژووی نوێی کورده له زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر
توێژەری هاوکارە لە ئینستیتیوتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، زانکۆی
ساکاریا، ئەنقەرە

- **عوسمان عەلی** Othman Ali

پرۆفیسۆرە لە مێژووی نوێی کورد لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر. کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی بە رەوانی دەنووسێت، دەتوانێت فەرەنسی و فارسی و و تورکیی عوسمانی بخوێنێتەوە. توێژەری هاوکارە لە ئینستیتیوتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ساکاریا ئەنقەرە. هەندێک لە نووسینەکانی:

– مەترسیی رۆیشتنی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا، ٢٠١٧.

– رووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و ئێران: لە عێراق سەرڕێژ دەکات، ٢٠١٧.

– ئاشتەوایی نیشتمانی لە عێراق و شەڕی مووسڵ، ٢٠١٧.

– ئۆپەراسیۆنی مووسل و مۆتەکەی ئۆباما، ٢٠١٦.

له پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، کوردیش وەک نەتەوەکانی تری ناو ئیمپراتۆریتی عوسمانی هەل و دەرفەتی بۆ هاتەپێشەوە کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزرێنن. پارچە پارچە کردنی ئیمپراتۆریتی عوسمانی بوو بە هۆی درووستبوونی پشێوی و بۆشایی سیاسی لەو ناوچانەی کورد تێیدا نیشتەجێن لە باشووری رۆژهەلاتی ئەنەدۆڵ و باکووری عێراق. نەتەوەییەکانی کورد وەک نەتەوەییەکانی تری ناو ئیمپراتۆریت کەوتنە هەوڵ و کۆشش بۆ سوودوەرگرتن لەو دۆخە و دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، بەلام ستراتیجی بەریتانیا لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە بە پلەی یەکەم ئاراستەکراوی ئابلووقەدانی هەرەشەی بەلشەڤیک بوو، لە رۆژهەلاتی ناوەراستیشدا کارەکە وای پێویست دەکرد کە یەکگرتوویی هەرێمیی عێراق و ئێران و تورکیا بپارێزرێت و بەهێز بکرێت. لەبەر ئەم هۆکارە بەریتانیا، کە لە سەرەتاوە ناسیۆنالیزمی وەک نەیارێکی پان ئیسلامیزم لە تورکیادا هاندەدا، بەرهەڵستیی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی کرد وەک هەوڵێک بۆ رازیکردنی تورکیای کەمالی لە ماوەی دانوستاندنی ئاشتیی لۆزاندا. پەیماننامەی لۆزان، کە لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣دا ئیمزاکرا، مۆرکی رەسمیی دا بە دابەشکردنی دیفاکتۆی ئەو ناوچانەی کوردیان تێدا نیشتەجێ بوون لە نێوان تورکیا و عێراق و سووریادا.

ئەم باسـە هۆكـاری ئەوە ڕووندەكاتەوە كە بۆچی لە كـاتی دانوسـتاندنی لۆزانـدا كـورد كـراونەتە داشـی دامە و چـۆن بە زۆرەملـێ خاكەكەیـان بە عێـراق و توركیـاوە لكێنـراوە و دواجـاریش چـۆنێتی كـاركردنی دانوسـتاندنی لۆزان لە سەر سیاسەتی بەریتانیا لە بەرانبەر كوردەكان لە باكووری عێراقدا. بەم پێیە، هەندێ ڕۆشنایی دەخەینە سەر ڕەگ و ریشـەی كێشـەی كورد لە ئێستای باكووری عێراقدا.

كۆنفرانسـی ئاشـتیی لـۆزان لە ٢٠ی نـۆڤەمبەری ١٩٢٢دا دەسـتیپێكرد و تێیدا لۆرد كەرزۆن وەک نوێنەری بەریتانیـا و عیسـمەت پاشـای ئینونو وەک نوێنەری توركیا ئامادەبوون. هەڵبەت ڕژێمی كەمالی خۆی پابەند نەكردبوو بە بەنـدەكانی پەیماننـامەی سـیڤەرەوە (كە لە ئـابی ١٩٢٠دا ئیمـزا كرابـوو)، كە داوای تەواوی ویلایەتـی مووسـڵی دەكـرد تـا دەگـاتە جەبەل حەمـرین لە بـاكووری عێـراق، لەكاتێكدا كە بەریتانیـا داوای سـنوورێكی دەكـرد كە لەگەڵ هـێڵە سـنوورییەكانی بـاكووری ویلایەتـی مووسـڵدا بگونجێـت[1]. توركیـا لە داواكردنیدا بۆ ویلایەتی مووسڵ پشت بە چەند هۆكارێک دەبەستێت، لەوانە: ١) ڕەگەز یـان نەژاد؛ بە ئـارگومێنتی ئەوەی كە عەرەب كەمینەیەكی بچـووكن لەوێ و كـورد و تـورک لەڕووی نەژادەوە جیـانەبوون؛ ٢) ئـابووری؛ توركیـا ئیدیعای ئەوەی دەكرد گوایە زۆربەی بازرگـانیی ئەو ناوچـانەی كێشـەیان لە سـەرە، لەگەڵ ئەنەدۆڵـدا بـووە؛ ٣) داگیركردنـی نایاسـایی ویـلایەتەكە لەلایەن بەریتانییەكـانەوە لەدوای ئاگربەسـی مـودرۆس لە نێـوان هاوپەیمانـان و ئیمپراتـۆرێتی عوسـمانیدا؛ ٤) مـافی چـارەی خۆنووسـین، كە ئیـدیعای ئەوەی دەكرد گوایە دانیشتوان ویستویانە بچنە سەر توركیا[2].

لە ١٤ی دیسـەمبەری ١٩٢٢دا، كەرزۆن یەكبەیەكـی ئەو هۆكـارانەی ڕەتكـردەوە كە توركیـا لە داواكارییەكانیـدا پشـتی پێدەبەسـتن: ١) لەڕووی

ڕەگەز و نەژادەوە، بنەچەی کورد هیندۆ – ئەورووپییە و لە بنەڕەتدا لە تورکی ئۆراڵ – ئەڵتایک جیاوازن. ٢) زۆربەی بازرگانیی ویلایەتی مووسڵ لەگەڵ عێراقدا بووە، نەک لەگەڵ ئەنەدۆڵ، وەک ئەوەی تورکیا ئیدیعای دەکات؛ ٣) لەڕووی یاساییەوە، کۆمەڵەی گەلان حکوومەتی بەریتانیای ڕاسپاردووە بۆ ماندێتی عێراق؛ ٤) بەردەوام یاخیبوون و ڕاپەڕینی کورد بەدرێژایی سەدەی نۆزدە و ئەو ماوەیەی کەوتبووە پێش جەنگی جیهانیی یەکەم و ڕاستەوخۆ پاش ئەو جەنگەش ئەوە دەردەخات کە وا کورد ئارەزوویان لێنەبووە ببنە بەشێک لە تورکیا[٣].

لە ماوەی گفتوگۆ و دانوستاندنەکاندا، هەر یەک لە ئینونو و کەرزۆن ئەوەیان سەلماند کە وەکیەک سوورن لە سەر هەڵوێستی خۆیان. ئینونو پێداگریی لە سەر ئەوە دەکرد کە حکوومەتی تورکیا "بۆ تاقە ساتێکیش" ناتوانێت بیر لە دەسبەرداربوون بکات لە مافی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو خاکەی کە کێشەی لە سەرە[٤]. لای خۆیەوە کەرزۆنیش ئاماژەی بەوە دەدا کە حکوومەتەکەی ناتوانێت "بیر" لەوە بکاتەوە کە ویلایەتی مووسڵ ڕادەستی تورکیا بکات[٥]. بەمەش ڕێگەی دانوستاندن داخرا و بوو بە هۆی ئاستەنگ و تەگەرە لەبەردەم گفتوگۆی ئاشتی لەبارەی کێشەکانی ترەوە. لەبەرئەوە، تورکیا و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ٤ی شوباتی ١٩٢٣دا ڕێککەوتن لە سەر دەرکردنی کێشەی مووسڵ بە شێوەیەکی کاتی لە خشتەی کاری کۆنفرانسەکە[٦].

هەڵوێستی بەریتانی لە لۆزان تاڕادەیەک هۆکاری دۆخی سیاسیی ناوخۆی لەپشتەوە بوو، چونکە سەرکەوتنی کەمالییەکان بەسەر گریکەکاندا ساڵی ١٩٢٢ فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ ڕووخانی حکوومەتە هاوپەیمانییەکەی لۆید جۆرج لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٢دا. لە ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢دا، سەرۆک

وەزیرانــی موحافزەکــار، بۆنــار لــۆ، هەڵبژاردنــی بــردەوە، کە بەرنــامەکەی کەمترین پابەندیی هەبوو بە دەرەوە[7]. پێدەچێت بۆنار لۆ بڕیاری چۆڵکردنی ویلایەتی مووسڵی دابێت، بۆیە لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣دا بۆ کەرزۆنی نووسیوە:

"دوو شت لای من بە کارێکی گرنگ دەژمێردرێن، کە یەکەمیان ئەوەیە ئــێمە نابێــت لەپێنــاوی مووســڵدا بچیــنە جەنــگەوە، دووەمــیش ئەگەر فەرەنسییەکان نەیەنە پاڵ ئێمە، وەک دەزانین کە نایەن و پاڵپشتیمان ناکەن، ئەوە دەبێت خۆمان بەتەنها شەڕی تورک بکەین بۆ سەپاندنی ئەوەی مابێتەوە لە پەیماننامەی سیڤەر...."[8].

ئەم ئارەزووە توندە بۆ دوورکەوتنەوەی دەسبەجێ لە عێراق بەگشتی و ویلایەتی مووسڵ بەتایبەتی، بوو بە داخوازییەکی میللی لە بەریتانیادا، کە لە ڕۆژنامەکان و ئەنجومەنی نوێنەراندا ڕەنگیدایەوە. لە ٢٠ی شوباتی ١٩٢٣دا، ئەسکویسی سەرۆک وەزیرانی پێشتر و ئەندامی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان، ڕایگەیاند کە حکوومەتی بەریتانیا نابێت لە عێراقدا بمێنێتەوە[9]، چونکە ئەو بەرژەوەندییە بایەخدارە لە مەسەلەکەدا نیە شیاوی ئەوە بێت قوربانیی لەپێناودا بدرێت. ئەو هانی بۆنار لۆی دا کە یەکسەر پاشەکشە بکات و "بەتەواوی" بەریتانیا لە هەر پابەندییەک لە عێراقدا دابڕێت[10]. لە ١ی مارتی ١٩٢٣دا، کاتێ کە خەمڵی خەرج و تێچوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درا بە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ گفتوگۆ کردن لە سەری، نارەزاییەکی گشتی درووستبوو بۆ ڕاگرتنی قورسایی سەرشانی باجدەرە بەریتانییەکان. مستەر هارینسوێرث (E. Harinsworth)، کە ئەندامێکی تری ئۆپۆزسیۆن بوو، دەڵێت: "پێموایە کە هەستی گشتی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا ئەوەیە کە حکوومەت بەنیازە عێراق چۆڵ بکات". بەڵام مستەر ئۆرمسبایگۆری (OrmsbyGore)

بریکاری وەزارەتی کۆلۆنییەکان لەو کاتەدا، وەلامیداوەتەوە کە لەکاتێکدا پاشەکشەی خێرا کارێکی بەجێ نیە، بەلام حکوومەتەکەی بەتوندی پابەند دەبێت بە کەمکردنەوەی خەرج و پابەندییەکانی لە عێراقدا[١١].

لە مارتی ١٩٢٣دا، بۆنار لۆ فەرمانی کرد بە پێکهێنانی کۆمیتەیەکی وەزاری بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی بەریتانیا لە عێراقدا. کۆمیتەکە لە راپۆرتێکی خۆیدا باس لەوە دەکات کە گرووپێکی بەهێزی راوبۆچوون هەیە لە پەرلەمان و وڵاتدا کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەبەر رەچاوکردنی دارایی وای پێباشترە بەزوویی لە عێراق بکشێتەوە، بەلام لە حاڵەتی کشانەوەدا، مەملەکەتی عەرەبی لە بەغدا هەرەسدێنێت و تورکیا تەواوی وڵاتی میزۆپۆتامیا هەڵدەلووشێت. ئەمەش مەترسییەکی گەورە درووست دەکات لە سەر بوونی بەریتانیا لە کەنداوی فارسدا. بێگومان دەرکەوتنەوەی تورکیایەکی بەهێز دیسانەوە دەبێتە هۆی ورووژاندنی رەعییەتە موسڵمانەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا و سەردەکێشێتەوە بۆ راپەڕینێک دژ بە بەریتانیا[١٢]. وادیارە ئەنجامەکانی لیژنەکە بۆچوونەکەی چەرچڵی وەزیری کۆلۆنییەکانی سەلماند، کە پێشتر لە کانوونی دووەمدا بە پەرلەمانی راگەیاندووە کە وا پێشوەخت لە عێراق ئەو بەڵێنەی حکوومەتی بەریتانیا دەکەوێتە درۆوە، یەکەم، کە دابووی بە عەرەبەکان کە وا پشتیان بەرنەدات بکەونەوە ژێردەستی حوکمی تورکی؛ دووەم، بۆ مەلیک فەیسەڵ، کە لە تەواوی وڵاتدا، بە ویلایەتی مووسڵیشەوە، هەڵیانبژاردبوو و بەریتانیاش لەگەڵیدا پەیماننامەی ساڵی ١٩٢٢ی مۆرکردبوو، کە حکوومەتی بەریتانیای پابەند کردبوو بە پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق؛ سێهەمیش، بۆ کۆمەڵەی گەلان کە بەریتانیا بێ رەزامەندیی ئەو نەیدەتوانی دەستبەرداری ماندێتی ببێت بە سەر ناوچەیەکی پانوپۆڕی ماندێتکراودا[١٣].

بەڵام بەردەوامیدان بە کۆنترۆڵی بەریتانیا بۆ عێراق و ویلایەتی مووسڵ دەبوو بخرێتە ژێر رکێفی بەرژەوەندییە بەربڵاوەکانی داگیرکاریی بەریتانیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رکابەریی ئەنگلۆ – رووسیدا. کۆنفرانسی لۆزان هەلی بۆ بەریتانیا رەخساند بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا. سیاسەتی پشتگیری کردنی گریک لەلایەن حکوومەتەکەی لۆید جۆرجەوە لە سالانی ١٩٢١ – ١٩٢٢دا بوو بە هۆی لەدەستدانی متمانە لە نێوان مستەفا کەمال و بەریتانیادا. بێگومان دەبوو ئەمە راستبکرێتەوە پێش ئەوەی رووسیای بەلشەڤیک کاریگەریی خۆی بەکاربێنێت بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی لە تورکیادا، بەڵام پرسی مووسڵ بەربەستێکی پێکدەهێنا لە بەردەم دامەزراندنی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا. لەگەڵ ئەوەشدا، چەرچڵ جەختی لە سەر ئەوە دەکردە، وە کە ئاشتی لەگەڵ تورکیادا "ئەوپەڕی بایەخی" هەبوو بۆ ئەو کەمکردنەوەیەی کە مەبەست بوو لە خەرج و تێچوونی بەڕێوەبەریتیی بەریتانیا لە عێراق و هەوڵ و کۆششی بەریتانیا بۆ تەنگ پێهەڵچنین و ئابلۆوقەدانی پێشڕەویی رووسیا بەرەو باشوور و رووەو کەنداوی فارس[١٤].

لەبەرئەوە، رازیکردنی تورکیا پێویست بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆریتی بەریتانیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و مەسەلەی کوردستان کە سەرچاوەی نیگەرانییەکی گەورەبوو بۆ مستەفا کەمال، هۆکارێکی بۆ ئەوە دەرەخساند. لە دیسەمبەری ١٩٢٢دا، کەرزۆن بەتەواوی قەناعەتی هێنابوو کە ئەو دەوڵەتە کوردییەی لە پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠وە جێگەی چاوەڕوانی بوو، چیتر نەدەکرا بەدیبێت و لە هەوڵدانێکیدا بۆ هێورکردنەوەی مەترسییەکانی تورکیا لە کورد، پێشنیازی ئایدیایەکی بۆ حکوومەتی بەریتانیا کرد کە ویلایەتی مووسڵ بە جۆرێک دابەش بکرێت کە وا تورکیا ناوچە شاخاوییەکانی کوردی بەربکەوێت، کە

شـــارەکانی کـۆیە و رەوانـدز و سـلێمانی بگـرێتەوە و عێـراقیش ئامێـدی و هەولێر و کەرکووک و مووسڵ و تەواوی ئەو دەشـتاییانەی بەر بکەوێت کە عەرەب و تورکمانیـان تێدا نیشتەجێیە. وەزیری دەرەوە ئارگومێنتی لە سـەر ئەوە دەکرد کە ئەم چارەسـەرە باشـەیەکی تریشـی هەیە کە خۆی لە رزگـار کردنی هەردوو حکوومەتی بەریتانیا و عێراقدا دەبینێتەوە لە "گەلێکی لاسار، کە لە سـەختترین ناوچەکانـدا دەژی و تـا ئێسـتا نەمـانتوانیوە بیـانهێنینە ژێـر باری ملکەچبوون بۆ یاسـا و حوکمکردنێکی بـاش"[١٥]. بەهەرحاڵ، حکوومەتی بەریتانیـــا پێشـــنیازەکەی کەرزۆنـــی رەتکـــردەوە لەبەر چەنـــدین هۆکـــار، گرنگترینیان نیگەرانیی ئەوە بوو کە رادەستکردنی ناوچە شاخاوییەکەی کورد دەبووە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت بەرگری لە عێراق بکرێت لە بەرانبەر هەر دەستدرێژیکارییەکی تورکیا لە داهاتوودا، دووەمیش بەبێ شاخەکانی ناوچەی کـورد زەحمەت بـوو رێـگەی گرنگـی بازرگـانیی بەریتانیـا لە نێـوان عێـراق و وڵاتـی فارسـدا بپارێزرێت کە لە رێـگەی خـانەقینەوە رایـی دەکرا. سـێهەمیش، تورکیـا لە دۆخێکدا نەبـوو کە بتوانێت لەم نـاوچە شـاخاوییەدا کـارگێڕییەکی کـارا دامەزرێنێـت کە پێشـنیاز کـراوە بیـدرێتێ و بەو پێـیە نـاوچەکە هەر لە حـاڵەتی پشـێوی و بێسـەروبەریدا دەمـایەوە و ئەنجـام ئەم ناسـەقامگیرییە دەبووە مایەی هەڕەشە بۆ سنووری عێراق لە باکوورەوە[١٦].

بەڵام کەرزۆن لە لـۆزان دەسـەڵاتی پێدرا بە تورکەکـان رابگەیەنێت کەوا حکـوومەتی بەریتانیـا ئامـادەیە بەنـدەکانی ٦٢ بـۆ ٦٥ لە پەیماننـامەی سـیڤەر لاببات کە داوای کوردستانێکی سـەربەخۆ دەکات. بەم پێیە، کەرزۆن فشـاری نەکرد بۆ سەربەخۆیی کورد. هەڵبەت بەتەمابوون کە ئەمە ببێتە هـۆی ئەوەی قەناعەت بە مستەفا کەمال بکات کە بەریتانیا بەنیاز نیە تورکیا لەتوپەت بکـات لە رێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییەوە لە ئەنەدۆڵ و باکووری عێراقدا.

له بەرانبەر ئەم دەستبەرداربوونەدا، داوا لە تورکیا کرا بچێتە ناو کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ تەواوکردنی دابڕین و تەریککردنی رووسیای بەلشەڤیک. لەبەر ئەم هۆکارانە، چارەنووسی کورد لە لۆزاندا بەندبوو بە هەوڵ و تەقەلای ئەنگلۆ - رووسییەوە بۆ کاریگەری و دەسەلاتیان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا[17].

دانوستاندنەکانی لۆزان کاریگەریی راستەوخۆی هەبوو لە سەر رووداوەکانی باشووری کوردستان (باکووری عێراق). هەردوک تورکیا و بەریتانیا هەوڵیاندەدا یاری بە کورد بکەن لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی دانوستاندنیان لە کۆنفرانسدا. لە ٢٢ی دیسەمبەری ١٩٢٢دا، وەزیری کۆلۆنییەکان نامەیەک بۆ کۆکس دەنووسێت و دەڵێت کە وا دانوستاندن لە لۆزاندا فاکتەری یەکلاکەرەوە دەبێت لە دیاریکردنی رەوتی ئەو کردەوەیەی بەریتانیا رەچاوی دەکات لە کوردستاندا[18]. لە سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٢٣دا و لەکاتێکدا کە دانوستاندنی لۆزان دەچووە پێشەوە، روونبووەوە کەوا تورکەکان لە جەزیرەی ئیبن عومەر، کە تەنها چەند میلێک لە زاخۆوە دووربوو، هێز کۆدەکەنەوە. واتەواتێکی زۆر لەم جموجووڵە پڕ هەڕەشە و مەترسییە کەوتەوە لە ناو دانیشتوانی ویلایەتی مووسڵدا و خەڵکەکە باوەڕیان بەوە هێنابوو کە کۆنگرەی لۆزان شکستیهێناوە و هاکا هێرشیان کردە سەر کوردستان. بێگومان تا ٤ی شوبات رێگە لە بەردەمی دانوستاندندا داخرابوو، چونکە تورکیا و هاوپەیمانان رێککەوتبوون کە بە شێوەیەکی کاتی و بۆ ماوەی ساڵێک مووسڵ لە بەرنامەی کاری کۆنفرانسەکە وەدەرنێن[19]. ئەو هێزانەی کە لە سەر سنوور مۆڵیانخواردبوو هاوزەمان لەگەڵ پڕۆپاگەندەی دژ بە بەریتانیا و تەشەنە پێکردنی واتەوات لەلایەن لیژنە نهێنییەکانی سەر بە تورکیا لە کەرکووک و هەولێر کاریگەرییەکی هێجگار ترسناکیان لە سەر

دانیشــتوان بەجێهێشــتبوو. وەک لێکەوتەیەکــی ئەو بــارودۆخە، ئێدمۆنــدس دەنووســێت کە بەرپرســەکانی نــاوخۆ و کەســایەتییە ناودارەکــانی ســەر بە بەریتانیا لە کوردستان تووشی نیگەرانی و دڵەڕاوکە و "هەستکردن بە تێرۆر بووبوون"[٢٠]. جگە لەوەش، لە مانگی مارتدا، شێخ مەحموودی سەرکردەی نەتەوەیی کورد، کە بەرپرس بوو لە ناوچەی سلێمانی، بەڵام خولیای حوکمکردنی هەموو کوردستانی هەبوو، هەوڵ و کۆششی خۆی خستەکار لە ئامادەکردنی کوردەکاندا بۆ بەرپاکردنی راپەڕینێکی گشتی دژ بە بەریتانیا. لە ٣ی مارتی ١٩٢٣دا، بۆردمان کردنی سلێمانی لەلایەن بەریتانییەکانەوە شێخی ناچار کرد هەڵبێت بۆ شاخەکانی دەوروپشتی شار، بەڵام شارەکە لە ژێر کۆنترۆڵی شوێنکەوتەکانیدا مایەوە و بە کردەیی هەر خۆی حوکمی دەکرد. شێخ مەحموود پەیوەندیی نامە و نامەکاریی لەگەڵ ئۆزدەمیردا هەبوو، کە جەنەراڵێکی تورک بوو و سەرکردایەتیی هێزێکی بچووکی تورکیای دەکرد و لە شاری رەواندز جێگیر بووبوو و کوردی هاندەدا لە دژی بەریتانییەکان، لەم بارەگا نوێیەی چیاکانی سەر سنووری نێوان عێراق و تورکیاوە و هەوڵی بەرپاکردنی راپەڕینێکی خێڵەکی دەدا کە هاوکات بێت لەگەڵ هێرشێکدا گوایە شوێنکەوتوانیان بەتەمابوون بۆ سەر کەرکووک و هەولێر ئەنجامی بدەن[٢١].

لەم کــاتەدا، گۆڤــاری (*رۆژی کوردســتان*)ی ناسیۆنالیســتیی کــورد زنجیرەیەک بابەتی بڵاوکردەوە کە وا گومانی خستبووە سەر مافی عێراق لە داواکاریی ویلایەتی مووسڵدا، هەروەها گۆڤارەکە نارەزاییشی دەربڕیبوو لە سەر نەبوونی نوێنەرێکی کورد لە کۆنفرانسی لۆزاندا[٢٢]. لە هەمان کاتدا، شێخ مەحموود رەزامەندیی دەربڕی لە سەر داواکارییەکی تورکیا بە ناردنی سێ نوێنەری کورد لە ویلایەتی مووسڵەوە بۆ ئەوەی ببنە ئەندام لە ئەنجومەنی

گشـــتیی تورکیـــا له ئەنگـــۆرا (ئەنـــقەرە)دا. مەبەســـت لەمەش بەهێزکردنـــی داواکاریی تورکیایە بۆ ویلایەتی مووسڵ لە کۆنگرەی لۆزاندا[٢٣].

لەبەر ئەم هۆکارانە، لە مارتی ١٩٢٣دا، دەسـەڵاتدارانی بەریتانیا لە عێراق هەســتیان بە پێویســتیی دەســتپێکردنی سیاســەتی بــۆ پێشــەوە کــرد لە کوردســتاندا. ئەوان رایـان وابـوو کە ئەو کـردەوە تونـدەی هێـزی ئاسـمانیی شـاهانەی بەریتانیـا و هێزەکانی بەریتـانی و لێڤی ئەنجامیاندا، پێویسـتبوو بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینێکی دژ بە بەریتانیا لە شـوێنی خۆیدا، کەوا لە قۆنـاخی ئامادەکاریدا بوو لە لیوای سلێمانیدا[٢٤]. کردەوەیەکی هاوشێوە لە شـارۆچکەی رەوانـدز، کە وا لە ژێر دەسـتی کوردەکانی هەواخـوای تورکیـادا بـوو، هەمـان گرنگیـی هەبـوو بـۆ رێگـرتن لە پیلانـی دوژمنکـارانەی تورکیـا لە کۆنفرانسـی دووەمـی لۆزانـدا کە بڕیـاربوو بکرێـت. جـگە لەوەش، لە رێـگەی لەبـاربردنی پیلانەکـانی ئـۆزدەمیر و شـێخ مەحمـوودەوە لە کوردســتاندا، حکـوومەتی بەریتانی دەیتوانی ماوەی دانوستاندنەکانی لۆزان درێژ بکاتەوە[٢٥].

بەم رەنـگە، هێرشـێکی ئاسـمانیی تونـد دژ بەو عەشـیرەتانە ئەنجامـدرا کە پشـــتگیریی شـــێخ مەحموودیـــان کردبـــوو لە ســـلێمانی و هاوکـــاتیش شـوێنکەوتەکانی ئۆزدەمیر لە هەردوو نـاوچەی رەوانـدز و هەولێر بە فڕۆکە بۆردمـــان کـــران و ئەمەش کـــاریگەریی هەبـــوو لە ســـەر رووخـــانی ورەی عەشـیـرەتەکان. لە ١٨ی نیســـانی ١٩٢٣دا، دوو رەتڵـــی هێزەکـــانی زەمینـــی بە پاڵپشـتی هێزی ئاسمانیی شـاهانەی بەریتـانی هێرشـێکی کوتوپڕیـان بۆ سـەر رەوانـدز ئەنجامـدا. لێرە ئۆزدەمیر هێزێکـی وای نەبـوو کە بتوانێـت بەرگـری بکـــات، لەبەر ئەوە، خـــۆی و هێـــزە تـــورکییە نـــارێکخراوەکەی لە رەوانـــدز پاشەکشـــەیان کـــرد و لە ســـنوور پەڕیـــنەوە بەرەو وڵاتـــی فـــارس و هێـــزە بەریتانییەکەش داگیری کرد. شێخ مەحموود لای خۆیەوە هەوڵی کۆکردنەوەی

لەشکرێکی خێڵەکیی دا لە پیاوانی عەشیرەتەکانی پشدەر بۆ بەرگری کردن لە سلێمانی، بەڵام کاتێ کە لە ناوچەی ڕەواندز دۆخەکەیان ئارام کردەوە، هێزەکانی بەریتانیا بە پیادەڕۆییەکی خێرا بەرەو سلێمانی پێشڕەوییان کرد بە هەردوو ئاڕاستەی باشوور و باکووری ڕۆژئاوا. لە ٨ی مایسدا، جاڕنامە لە ئاسمانەوە بە سەر سلێمانیدا بەردرایەوە بۆ ئەوەی بە خەڵکی شار ڕابگەیەنن کە هێزەکانی بەریتانیا نیازیانە بەئاشتی سلێمانی بگرن و بۆ ڕۆژی ئاییندەش گرتیان[٢٦]. شکستهێنانی شێخ مەحموود لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی هێزێکی عەشایەر بۆ ئەوەی نەهێڵێت هێزەکانی بەریتانیا سلێمانی داگیر بکەن، دەگەڕێتەوە بۆ شکست و هەرەسهێنانی کوتوپڕی ئۆزدەمیر و خەسڵەتی خێرایی و یەکلاکردنەوەی جموجووڵی ئەمدواییەی هێزە بەریتانییەکە و بەکارهێنانی کارای هێزی ئاسمانیی شاهانەی بەریتانی[٢٧].

وا ئێستا بەریتانییەکان هەوڵی دانانی پلانێک دەدەن کە ناویان لێناوە پشتێنەی ئابڵووقەدان (*cordon sanitaire*) و بەو پێیە نەیانهێشت شێخ مەحموود دەستێوەردان بکات لە کاروباری ناوچەکانی دراوسێدا. لە پاش دەرکردنی ئۆزدەمیر و گرتنی سلێمانی، کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا لەگەڵ شا فەیسەڵدا ناڕێک بوو لەبارەی چۆنێتیی بەڕێوەبردنی کوردستانەوە. حکوومەتی عێراق شێوەیەک بەڕێوەبردنی دەویست کە بەتەواوی لیواکانی باکوور ببەستێت بەودوای ناوچەکانی عێراقەوە لە ڕێگەی دامەزراندنی بەرپرسەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بەغداوە. لەلایەکی ترەوە، هەرچەندە حکوومەتی بەریتانی قەناعەتی هێنابوو کە ئەگەری درووستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ یان تەنانەت ئۆتۆنۆمی چیتر پێشنیازێک نیە جێبەجێ بکرێت، بەڵام دەیویست کە وا ناوچە کوردییەکان بخرێنە پلەیەکی جیاوازی ملکەچبوونی شلوشاو بۆ حکوومەتی عێراقی و دەبوو ئەوەش بە شێوەیەک

جێبەجێ بکرایە کە تێیدا ڕێز لە هەستەوەریی نەتەوەیی کورد بگیرایە[٢٨]. جگە لەوەش، لەکاتێکـدا کە وا کۆنفرانســی لــۆزان هێشــتا هەر بەردەوام بــوو، حکوومەتی بەریتانی نەیدەویست ئەو هەستە لای نەتەوەپەروەرە کوردەکان جێبێڵێت کە وا خولیا و ئاواتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان پشتگوێخراوە[٢٩]. سەرەڕای ئەوەش، حکوومەتی عێراقی هێندە بەهێز نەبوو کە دەسەڵاتی خۆی لە کوردستاندا بچەسپێنێت و حکوومەتی بەریتانیاش لە دۆخێکدا نەبوو کە بتوانێت حوکمێکی ڕاستەوخۆ دامەزرێنێت یان بچێتە ژێر باری هێزی زیاتر بۆ یارمەتیدانی عێراقییەکان لە ناوچەکەدا، چونکە حکوومەت بەرەوڕووی ڕەخنەی ئۆپۆزسیۆن بووبووەوە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بۆ سەپاندنی سزا بە سەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا لە کوردستان، چونکە وا لێکدەدرایەوە کە پابەندیی نوێی دەکەوێتە ئەستۆ لە عێراقدا[٣٠].

لەبەر ئەم هۆکارانە و لە تەمووزی ١٩٢٣دا، لەکاتێکدا کە شێخ مەحموود هێشتا هەر لە شاخەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی بوو، حکوومەتی بەریتانی داوای لە ئەندامە میانڕەوەکانی ئەنجومەنی سلێمانی کرد، کە سەر بە بەریتانیا بوون، کە وا وەک هەر لیوایەکی تری عێراق حوکمی سلێمانی بکەن لە ژێر سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی کۆمیسیاری باڵادا (واتە مەندووبی سامی). کوردەکانی سەر بە بەریتانیا ئامادەی هاوکاری بوون بەو مەرجەی هێزە داگیرکەرەکەی بەریتانیا لە شارەکەدا بمێنێتەوە، بەڵام حکوومەتی بەریتانیا ئامادە نەبوو، چونکە ئەوە پابەندیی زیادەی دەخستە ئەستۆ و لەو سۆنگەیەوە هێزەکانی بەریتانیا لە شارەکە کشانەوە. لە ١٤ی تەمووزی ١٩٢٣دا، ئەنجومەنی سلێمانی دەستی لەکار کێشایەوە و شێخ مەحموود شوێنکەوتووانی خۆی نارد بۆ بەڕێوەبردنی شار. لە ١١ی تەمووزدا، شێخ گەڕایەوە بۆ سلێمانی و دەستیکردەوە بە حوکمکردنی خۆی[٣١].

سێر هێنری دۆبسی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا، وایدەبینی کە تا ئەو کاتەی مەحموود دەکوژرێت یان بە دیل دەگیرێت، هیچ چارەسەرێکی تر لە بەردەم دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە عێراقدا نیە ئەوە نەبێت کە بە شێوەیەکی کاتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئێدمۆندسیش ئەمەی پێ پەسەند بوو، چونکە دەیزانی شێخ مەحموود زوو دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و بیری لە داهێنانی کارێک کردەوە بە ئامانجی سنووردارکردنی تواناکانی شێخ مەحموود بۆ هەڕەشەکردن لە کەرکووک و هەولێر. کارەکەش بریتیبوو لە جیاکردنەوەی چەند قەزا و ناحیەیەک لە سلێمانی و لێبگەڕێن دەسەڵاتی شێخ مەحموود بەتەنها لە شارەکەدا بمێنێتەوە. لە ئابی ١٩٢٣دا، ئێدمۆندس بۆ شیخ مەحموود دەنووسێت:

"خاوەن پایە کۆمیسیاری باڵا زانیویێتی کە وا تۆ گەڕاویتەوە بۆ سلێمانی و فەرمانی پێداوم پێت ڕابگەیەنم کە وا کاروباری پێویست وەرگیراوە بۆ بەڕێوەبردنی قەزاکانی رانیە و قەڵادزێ و چەمچەماڵ و هەڵەبجە و ... ناحیەی ماوەت، کە بە هیچ شێوەیەک تۆ دەستێوەردان نەکەیت لەو ناوچانەدا کە لە سەرەوە باسکراون ... بەڵام ئەگەر (خوانەخواستە) تۆ بەپێچەوانەی ئەم راسپاردانەوە رەفتار بکەیت ... ئەوە توندترین کردەوەت لەدژ دەکرێت. لە حاڵی حازردا، ئەگەر تۆ دەستوەردان نەکەیت لەو ناوچانەدا کە ناویان هاتووە و ئەگەر هەڵسوکەوتی دوژمنکارانە نەکەیت، ئەوە خاوەن پایە بەنیاز نیە هیچ کارێکت لەدژ بکات"[٣٢].

لە رەواندزیش، بەڕێوەبەرایەتییەکی شلوشۆڵی هاوشێوەیان دامەزراند. لە ٢٣ی نیساندا، رەواندز بە فەرمی کرا بە قەزایەکی سەر بە هەولێر و سەید تەهاش کرا بە قایمقامی، کە سەرۆکی خێڵەکانی سەر سنووری عێراق و تورکیا بوو، بە هەندێک ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەکە. فەوجێکیشی لە لیڤیە

ئاشـوورییەکان بۆ نێردرا بۆ هاوکاری کردنی لە چەسپاندنی یاساوڕێسا لە ناوچەکەدا. بە هـۆی سیاسـەتی کەمکردنەوەی هێزەکانی بەریتانیا و خەرج و تێچـوون لە عێراقـدا، حکـوومەتی بەریتانیـا هۆشـداریی دا بە سـەید تەهـا کە چـاوەڕێی لەو ئاسـتە زیـاتری هاوکـاریی بەریتانیـا یـان هێـز نەکـات بـۆ بەڕێوەبردنی ئەم شارۆچکە سنوورییە[٣٣]. دامەزراندنی سەید تەها لە ڕەواندز بـایەخی خـۆی هەبـوو، چـون شـارەکە لە چەقـی چوارڕێیـانی ڕێگاوبانەکـانی باکوور و ڕۆژهەڵاتدا بوو. مەبەست لەم کارە تەنها بەهێزکردنی دەسـەڵاتی حکـوومەتی عێراقـی نەبـوو بە سـەر ئەم شـارۆچکە سـتراتیجییەدا، بەڵکـو دەشبووە هۆی سەپاندنی چاودێرییەکی کارا بە سەر واتەوات و پرۆپاگەندەی تورکیـاوە و سـەرلەنوێ گەڕانەوەی هێـزە نارێکخراوەکـانی تـورک بـۆ ناوچەکە[٣٤].

ڕێکخسـتن و سـەروبەرگرتنی کـاتی لەگەڵ شـێخ مەحمـووددا، کە ئێدمۆنـدس نـاوی نـابوو پشـتێنەی ئـابڵووقە، تـا ناوەڕاسـتی تەمـووزی سـاڵی ١٩٢٤ بەردەوام بـوو. وادیـارە شـێخ مەحمـوود وەک هەمیشـە هێشـتا هەر خولیای حوکمکردنی تەواوی کوردستانی لا مابێت. وا باس بوو کە لە ١٦ی ئابی ١٩٢٣دا، شێخ هێزێکی خێڵەکیی ناردووە بۆ گرتنەوەی هەڵەبجە، کە لە وەختێکی پێشتری ساڵدا عادیلە خانم کرابووە حاکمی. شێخ نێردە و هێزێکی تـری هاوشـێوەی نـارد بـۆ گێـڕانەوە و دامەزرانـدنەوەی دەسـەڵاتەکەی لە چەمچەماڵ. سەرەڕای ئەوەش، شێخ مەحموود نێردە و نوێنەرانی خۆی نارد بۆ لای سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکانی کورد و داوای بەیعەتی لێکردن[٣٥]. بەهەرحـاڵ، بۆردمـانی خەسـتی هێـزی ئاسـمانیی شـاهانە (مەبەسـت هێـزی ئاسـمانیی شـاهانەی بەریتـانییە – و) ڕێـگەی لە خەڵـک و لایەنە دوودڵەکـان

گـرت که بچـنه پـاڵ حکـوومەتەکەی سـلێمانی و بـوێریی ڕەخسـاند بـۆ ڕکابەرەکانی شێخ مەحموود کە بەرگری بکەن[٣٦].

لە نۆڤەمبەری ١٩٢٣دا، شێخ مەحموود کردەوە دوژمنکارییەکانی دژ بە دەسەڵاتی بەریتانی لە کوردستاندا چڕکردەوە. ئەمەش تاڕادەیەک بە هۆی کۆکردنەوەی بڕێک ڕوپێ بوو کە لە باجی تووتن دەستیکەوتبوو لەگەڵ باجی کۆدە کە خێڵەکانی لیوای سلێمانی دەیاندا، هەروەها تاڕادەیەکیش بە هۆی هاندانی بەرپرس و کاربەدەستە تورکەکانی سەر سنوورەوە[٣٧]. زۆرێک لە خێڵەکانی لیوای سلێمانی کەوتنە ئەوەی مل بۆ حکوومەت نەدەن و باج نەدەنە کاربەدەستانی حکوومەت. کاردانەوەی دەسەڵاتدارانی بەریتانییش ئەوەبوو کە بەردەوام بۆردمانی خێڵە یاخییەکان بکەن و چەند جارێکیش شاری سلێمانییان بۆمباران کرد و بەمە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانیان ناچار کرد شار چۆڵ بکەن و رووبکەنە شوێنە نزیکەکانی دەوروبەری[٣٨].

لە مایسی ١٩٢٤دا، پێکدادانێکی توندی لاوەکی لە نێوان لێڤییە ئاشوورییەکان و خەڵکی کەرکووکدا بوو بە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی شێخ مەحموود لە کوردستاندا. ئەمە وایکرد کە شێخ مەحموود نوێنەری خۆی بنێرێت بۆ لای سەرۆک عەشیرەتەکانی سەرتاپا کوردستان و داوای یەکخستنی هەوڵ و کۆششیان لێبکات بۆ یارمەتیدانی دانیشتوانی کەرکووک دژ بە ئاشوورییەکان کە بەریتانیا پاڵپشتی دەکردن و ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە ستەم و کاری ناڕەوایان دژ بە موسڵمانانی شارەکە بەرپاکردووە. وەک لێکەوتەیەکی ئەم رووداوە، ژمارەیەکی زۆر لە خێڵە کوردەکانی هەردوو لیوای کەرکووک و هەولێر روویان بەرەو سلێمانی وەرچەرخاند بۆ رابەرایەتی کردن[٣٩]. هەروەها لە مانگی حوزێرانیشدا زۆرێک لە هەڵچوون و پشێوی لە بەغدا سەریان هەڵدا لەلایەن ناسیۆنالیستە عێراقییەکانەوە کە

بەرهەڵستیی رەزامەندی دەربڕینی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراقییان دەکرد لە سەر پەیماننامەی ئەنگلۆ – عێراقیی ساڵی ١٩٢٢. وا دیارە شێخ مەحموود تێگەیشتنێکی شێواوی هەبووە لە سەر هێزی ناسیۆنالیستە بەغدادییەکان و لاوازیی بەریتانییەکان[٤٠]. لەڕاستیدا، شێخ مەحموود وای بۆدەچوو کەوا بەریتانییەکان هێند بە قووڵی لە بەرەنگاربوونەوەی ناسیۆنالیستە عێراقییەکاندا تێوەگلاون کە توانایان نییە رووبەڕووی هێزەکانی ئەم بوەستنەوە لە کوردستاندا. لەبەر ئەوە، جارێکی تر کەڵکەڵەی داگیرکردنی کەرکووکی کەوتەوە خەیاڵ. بەم پێیە، داوای لە خێڵە کوردەکانی وڵاتی فارس کرد (مەبەست ئێرانە کە تا ساڵی ١٩٣٤ بە رەسمی ناوی وڵاتی فارس Persia بوو – وەرگێڕ) کە هاوکاریی بکەن و بەڕێوەبەرایەتیی سەر بە بەریتانیای هەڵەبجەش ناچاری دەرچوون بکەن لەو شارە و پێکهێنانی لەشکرێکی کورد بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر کەرکووک[٤١].

هەرچەندە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە عێراق بێزار بوون لە چالاکیی دوژمنکارانەی شێخ مەحموود، بەڵام لەبەر دوو هۆکار دوودڵ بوون لە ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی سەربازی بۆ ئەوەی ناچاری بکەن لە سلێمانی دەربچێت ، یەکەمیان بەریتانییەکان دەیانویست شێخ مەحموود لە سلێمانی و ئەگەری جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق بەکاربێنن وەک ئامرازێک بۆ ئەوەی نەتەوەپەرستە عێراقییەکان ناچاری پەسەندکردنی پەیماننامەی ئەنگلۆ – عێراقی ببن. کاربەدەستانی بەریتانی بۆ عێراقییەکانیان روونکردەوە کە رەفتار و کردەوەکانی شێخ مەحموود بەشێوەیەکی بنەڕەتی دژ بە حکوومەتی عێراقە و بێزاریی کورد لە بەریتانییەکان بە هۆی هەوڵی ئەمانەوە بووە کە بەزۆر بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقەوە[٤٢]. لەم رووەوە هەورامی ئەم سەرنجە دەخاتەڕوو:

"هەڵوێستی ناحەزانەی کورد لەبەرانبەر حکوومەتی عێراقی نوێدا لەڕاستیدا بەتەواوی مایەی ناخۆشی و ناڕەحەتی نەبوو، بەڵکو بیرهێنانەوەیەکی بەردەوام بوو بۆ فەیسەڵ و دۆستەکانی کە وا ... ڕەنگە بەریتانیا ڕەزامەندی دەرببڕێت بۆ سەربەخۆیی کورد، لەحاڵەتێکدا ئەگەر بارودۆخەکە لە عێراقدا بە ئاقارێکدا پەرەبسێنێت کە بە ڕاوێژ و ڕەزامەندیی حکوومەتی خاوەن شکۆ نەبێت"[٤٣].

دووەم، لەکاتێکدا کە کۆنفرانسی دووەمی لۆزان هێشتا هەر بەردەوام بوو، بۆیە هەر کردەوەیەکی سەربازی لە کوردستاندا و لەلایەن حکوومەتی بەریتانییەوە لای تورکەکان وا لێکدەدرایەوە کە پێشێلکردنی بارودۆخی تایبەتی ویلایەتی مووسڵە کە وا بەریتانیا بەفەرمی بەڵێنی داوە کە پابەند بێت پێیەوە تاوەکو لە لۆزان چارەسەری مەسەلەکە دەکرێت. جگە لەوەش، هەر کردەوەیەکی دژ بە شێخ مەحموود هیچ ئاکامێکی نەدەبوو لەوە بترازێت کە پێگەی تورکیای لە کوردستان بەهێز دەکرد لە کاتێکی ناسکدا و لە کاتێکدا کە وا هەردوو لایەنی ناکۆک و رکابەر لە مووسڵدا لە هەوڵی بەدەستهێنانی سۆزی کورددا بوون[٤٤].

بێگومان هاوزەمانیی گفتوگۆکانی ئەنجومەنی بنەڕەتیی عێراقی لە سەر پەسەندکردنی پەیماننامەی ئەنگلۆ – عێراقی لەگەڵ کۆنفرانسی لۆزاندا وای لە حکوومەتی بەریتانیا کردبوو کە ئاماژەیەکی هەڕەشەئامێزی لەدەستدانی ویلایەتی مووسڵ بەکاربێنێت بۆ ئەوەی نەتەوەپەرستەکانی عێراق ناچاری رازیبوون بکات بە پەیماننامەکە. لە حوزێرانی ساڵی ١٩٢٤دا، دۆبس گەرەکی بوو مۆڵەت لە جەی. ئێچ. تۆماسی وەزیری کۆلۆنییەکان وەربگرێت بۆ ئەوەی هەڕەشە لە شا فەیسەڵ و ناسیۆنالیستە عێراقییەکان بکات کە ئەگەر لە سەر پەسەندکردنی پەیماننامەکە رێکنەکەون، ئەوە ویلایەتی مووسڵ

لەدەستدەچێت. تۆماس سەری ڕەزامەندیی بۆ مەسەلەکە لەقاند و فەیسەڵ ئاگادار کرایەوە کە وا دەنگنەدان بە پەسەندکردنی پەیماننامەکە لە ئەنجومەنی بنەڕەتیدا بەریتانیا ناچار دەکات داوا لە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بکات کە کێشەی ویلایەتی مووسڵ بخاتە ئەجێندای کارەکانی خۆیەوە بۆ ١٠ی حوزێران. بەم پێیە، ڕۆژنامەی بەغداد تایمزی زمانحاڵی فەرمیی کۆمیسیۆن لە بەغدا، نووسیبووی کە وا ئەگەر تا ١٠ی حوزێران پەیماننامەکە پەسەند نەکرێت، "ئەوە مووسڵ لەدەستدەچێت"[٤٦].

کاربەدەستە بەریتانییەکان، لە بەرەوڕووبوونەوەیان لەگەڵ ناسیۆنالیستە عێراقییەکاندا، یارییان بە ئەقڵی نوێنەرە کوردەکان دەکرد لە ئەنجومەنی بنەڕەتیدا. هەردوک کۆمیسیاری باڵا و گێرتروود بێڵ لە لایەن نەتەوەپەرستەکانی ئەنجومەنەوە تووشی نائومێدی بوون. لە ٧ی حوزێراندا، دۆبس هەواڵی دا بە تۆماس کە دەرفەتی پەسەندکردنی پەیماننامەکە لەلایەن ئەنجومەنەوە ئەوپەڕی تەڵخە و "باشترین ڕێگەی کارکردن" ئەوەیە کە شا فەیسەڵ ئەنجومەنەکە هەڵبوەشێنێتەوە، وەزیری کۆڵۆنییەکانیش ڕەزامەندیی دەربڕی لە سەر ئەم ڕاوبۆچوونە[٤٧]. بەم جۆرە، دۆبس داوای لە بێڵ کرد دەسەڵات و کاریگەریی خۆی لەگەڵ نوێنەرە کوردەکاندا لە ئەنجومەن بەکاربێنێت بۆ پشتگیریی پێشنیازێک کە بەریتانیای لەپشتەوەبوو کە داوای دواخستنی پەسەندکردنی پەیماننامەکە بکەن بۆ ماوەی پاش چارەسەری کێشەی مووسڵ لە لۆزاندا. دۆبس پێیوابوو کە لە حاڵەتی دواخستنی پەسەندکردندا، بەهانەیەکی باشی دەبێت بۆ ئەوەی داوا لە حکوومەتەکەی بکات شا فەیسەڵ ناچار بکات بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن. بەم ڕەنگە، نوێنەرە کوردەکان دەنگیان بە پێشنیازەکە دا سەبارەت بە دواخستنی پەسەندکردنی پەیماننامەکە[٤٨].

هەرچۆنێک بێت، لە ١٠ی حوزێراندا و لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی نێوان یاسین هاشمیی سەرۆکی ناسیۆنالیستە عێراقییەکان و حکوومەتی بەریتانیادا، کە پۆستی سەرۆک وەزیرانی بۆ مسۆگەر کردبوو، بانگهێشتی ئەنجومەن کرا بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەکی پەلە بە مەبەستی پەسەندکردنی پەیماننامەکە. ژمارەیەکی زۆری نوێنەران بایکۆتی کۆبوونەوەکەیان کرد یان دەنگیان نەدا یان بەرهەڵستیی پەسەندکرنی پەیماننامەکەیان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، پەیماننامەکە پەسەندکرا و نوێنەرە کوردەکان کە ژمارەیان ١٨ کەس بوو، بە تێکڕا دەنگیان دا بە پەسەندکردنەکە[٤٩].

لە ناوەڕاستی تەمووزی ١٩٢٤دا، پەیماننامەی ئەنگلۆ – عێراقی پەسەندکرا و دانوستاندنی لۆزان گەیشتە دوا ئەنجامی. لێرە بەدواوە حکوومەتی بەریتانی چیتر پێویستی بەوە نەما کە بوار بداتە شێخ مەحموود درێژە بە هەڕەشەکردن بدات لە ئیدارەی بەریتانی لە کوردستان. بەم پێیە، کۆمیسیاری باڵا ئەڵتەرناتیڤێکی تری نەبوو جگە لەوەی کە سەرلەنوێ و دەسبەجێ سلێمانی بگێڕێتەوە. لە ٢١ی تەمووزدا، هێزێکی پێکهاتوو لە رەتلێکی سوپای عێراق و فەوجێکی پۆلیس و کەتیبەیەکی ئاشوورییەکان بە هاوکاریی هێزی ئاسمانیی شاهانەی بەریتانیا بەبێ گرفت و بەئاسانی پێشڕەویی کرد بۆ شارەکە کە پێشتر بۆردمان کرابوو. ئەنجام، جارێکیتر شێخ مەحموود بەرەو چیاکان هەڵات و جەی. چاپمان بە یاریدەدەری موتەسەڕیف دامەزرا بۆ بەڕێوەبردنی لیواکە و راستەوخۆ بەرپرس بوو لە بەردەم کۆمیسیاری باڵادا[٥٠].

لە بنکە و بارەگا قایمکار و سەختەکانیەوە لە شارباژێڕ و پێنجوێن لە باشووری رۆژهەڵات و باکووری سلێمانی، شێخ مەحموود سەرپەرشتیی "غەزا"ی دەکرد دژ بە کارگێڕیی بەریتانیا لە ناوچە دوورەدەستەکانی

کەرکـووک و سـلێمانی. ئەوجـا بە سـوود وەرگـرتن لە نـاکۆکی و ململانێـی ناوخۆی میرەکانی جاف لە هەڵەبجە، لە مانگی ئابدا شێخ مەحمـوود توانی دەسـەڵاتی خـۆی لە هەڵەبجە و ناوچەکـانی دەوروپشـتیدا بچەسـپێنێت[51]. بەم جـۆرە، شـێخ مەحمـوود تـوانی حکـوومەتێکی کـوردیی هاوتەریـب لە لیـوای سلێمانیدا دامەزرێنێت و باجی لە زۆربەی خێڵەکانی لیواکە بەدەستدەهێنا یان دەیسەپاند بەسەریاندا.

لە ئابی ١٩٢٤دا، یاسین هاشمیی سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق، لە پاش هەوڵ و کۆششـێکی زۆر، مـۆڵەتی لە حکـوومەتی بەریتـانی وەرگـرت بـۆ دامرکانــدنەوەی یــاخیبوونەکەی شــێخ مەحمــوود. لە مــانگی ئــابەوە بــۆ دیســەمبەری ١٩٢٤، چەنــدین هێـرش ئەنجامـدران بـۆ دەرپەڕانـدنی شـێخ مەحمـوود و شـوێنکەوتوانی لە بنکە و سەنگەرەکانیان لە چیاکانـدا. بێگومـان سـەرەڕای ئەو زیـانە تونـد و سـەختانەی بەر نـاوچەکە کەوت لە لایەن هێـزی ئاسمانیی شاهانەی بەریتانیاوە کە سووتانی دەیان گوندی لێکەوتەوە، بەڵام توانای شێخ مەحموودی کەمنەکردەوە لە جێبەجێ کردنی "دزی و جەردەیی". هەڵـبەت هێـزەکەی شـێخ مەحمـوود بەردەوام لە جووڵەدابـوو و شـارەزا و ئاشـنای نـاوچە شـاخاوییەکان بـوو، بەڵام سـوپای عێـراق کە لەم هێرشـانەدا رۆڵێکی گرنگی گێڕا، زانیاریی تەواوی نەبوو لە سەر جوگرافیـای نـاوچەکە. لە مانگی دیسەمبەردا، هاشمی ناچارکرا کە دەست لەکار بکێشێتەوە بەو هۆیەوە کە نەیتـوانی یـاخیبوونەکەی شـێخ مەحمـوود تێکبشـکێنێت و تونـدوتیژی و دڵڕەقی لە هێرش و پەلامارەکانیدا بۆ سەر کورد بەکاربێنێت[53].

بەهەرحــاڵ، لە ناوەڕاســتی مــانگی دیســەمبەری ١٩٢٤دا، حکــوومەتی بەریتـانی ناچـاربوو هێزی زیـاد کۆبکـاتەوە و بۆردمانەکـانی هێزی ئاسـمانیی شاهانە کارا بکات لەپێنـاوی ئـارامکردنەوەی لیـوای سـلێمانیدا، پێش گەیشـتنی

کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی سەر بە کۆمەڵەی گەلان بۆ کوردستان. بەو پێیە، توانای شێخ مەحموود بەتەواوی کەمبووەوە و تا ئاستێکی باش نەیتوانی ببێتە مایەی پشێوی و نائارامی لە ناوچەکەدا و خۆی و شوێنکەوتەکانی بوون بە ئاوارەی هەڵاتوو و لە سەر سنووری ئێران راو دەنران[٥٤].

لەبەر ئەم هۆکارانە، سیاسەتی بەریتانیا لە بەرانبەر کورددا لە عێراق لە ماوەی نۆڤەمبەری ١٩٢٢ تا تەمووزی ١٩٢٤، تا رادەیەکی زۆر، کاریگەر بوو بە دانوستاندنی لۆزان لەگەڵ تورکیادا لەبارەی ویلایەتی مووسڵەوە. جگە لەوەش، لەم ماوەیەدا بەریتانیا پشتگیریی خۆی کشاندەوە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ کە لە ئابی ١٩٢٠دا پەیمانی سیڤەر لەئەستۆی گرتبوو. هەڵوێستی فەرمیی نوێی بەریتانیا سەبارەت بە سەربەخۆیی کورد بە پلەی یەکەم هۆکارەکەی رازیکردنی تورکیا بوو، چونکە هاوکاریی ئەو پێویست بوو لە ستراتیجییەتی گەورەی بەریتانیادا بۆ تەریککردن و دابڕینی رووسیای بەلشەڤیک. سەرباری ئەوەش، لەم ماوەیەدا کورد لە مەسەلەی ویلایەتی مووسڵدا وەکو داشی دامە لە لایەن هەردوو لاوە بەکارهێنراون.

## سەرچاوە

گۆڤاری توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەرگی ٣٣  ژمارە ٣، تەمووزی ١٩٩٧، لاپەرە ٥٢١ – ٥٣٤

ناوی بابەت: کورد و دانوستاندنی ئاشتیی لۆزان، ١٩٢٢ – ١٩٢٣

نووسینی: عوسمان عەلی

*Middle Eastern Studies, Vol. 33, No. 3, July 1997, pp. 521 – 534*

The Kurds and the Lausanne Peace Negotiations, 1922 – 1٩٢٣

Othman Ali

## پەراوێز

١ – دەقی بەندەکانی ٦٢ تا ٦٥ پەیمانی سیڤەر Sevres، کە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠دا لە نێوان ئیمپراتۆریتی عوسمانی و هێزەکانی هاوپەیمانانـدا مۆرکرا، جەخت لە سەر پێکهێنانی ئیدارەیەکی کوردیی سەربەخۆ دەکات لە ویلایەتە کوردییەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا. کوردەکانی باکووری عێراق ئازاد بوون کە بچنە سەر ئەم ناوچە ئۆتۆنۆمیدارە ئەگەر ئەوەیان بویستایە. بۆ وردەکاریی پەیمانی سیڤەر و کۆنفرانسی لۆزان، بڕوانە ولیەم سپێنسەر *"مەسەلەی مووسڵ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا"*، بڵاونەکراوەتەوە، نامەی دکتۆرا، ١٩٦٥؛ بەریتانیای مەزن: پەیپەرەکانی فەرماندەیی (پەرلەمان، وەزارەتی دەرەوە)، *"کۆنفرانسی لۆزان لەبارەی مەسەلەکانی رۆژهەڵاتی نزیکەوە، ١٩٢٢ – ١٩٢٣: تۆماری مەسەلە باسکراوەکان و پرۆژەی هەلومەرجەکانی ئاشتی"* (Cnd. 1814)، لەندەن: HMSO، ١٩٢٣.

٢ – کۆنفرانسی لۆزان، ل ٢٦٢ – ٢٦٤.

٣ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٦ ، ٣٦٧ ، ٣٦٩ – ٣٧٠ .

٤ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٣ ، ٣٧٢.

٥ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٣.

٦ – نۆیڵ واڵتەر سپێنسەر، *"مێژووی دیپلۆماسیی عێراق ١٩٢٠ – ١٩٣٢"*، بڵاونەکراوەتەوە. نامەی دکتۆرا، زانکۆی یوتا، ١٩٧٩، ل ١٣١.

٧ – کۆڵن دەیڤیز، *"سیاسەتی نەوتیی بەریتانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ١٩١٢ – ١٩٣٢"*، بڵاونەکراوەتەوە. نامەی دکتۆرا، زانکۆی ئەدینبەرە، ١٩٧٣، ل ١٩٩.

٨ – هارۆڵد نیکۆڵسن، *"کەرزۆن، قۆناخی کۆتایی ١٩١٩ – ١٩٢٥: لێکۆڵینەوەیەک لە دیپلۆماسییەتی دوای جەنگ"*، (نیویۆرک: هاسکۆنت کۆمپانی، ١٩٣٩)، ل ٤٨٨.

٩ – سپێنسەر، *"مێژووی دیپلۆماسیی عێراق"*، ل ١٢٨.

١٠ – گفتوگۆکانی ئەنجومەنی نوێنەران، ١٥٩، ل ٢١٣٤.

١١ – هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٢ و ٢٥.

١٢ – FO 371 / 10097 ، راپۆرتی هەواڵگری، ژمارە ٣ ، ٧ی شوباتی ١٩٢٣.

١٣ – ئەنجومەنی نوێنەران، گفتوگۆکانی ١٥٩، ل ٢١٣٤.

١٤ – FO 371 / 10870 ، "تورکیا"، راپۆرتی ساڵانە، ژمارە ٤٢١، ١ی کانوونی دووەم ١٩٢٥.

١٥ – FO 371 / 6967، تەلگرامی ژمارە ٨٠ ، ٦ ی دیسەمبەری ١٩٢٢ ، لە کەرزونەوە بۆ سێر ئی. کرۆ؛ بەڵگەنامەکان لە سەر سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا، 1st Ser. 181، Doc، No. 257 p. 271؛ جەعفەر پاشا پێشنیازەکەی کەرزۆنی پێ پەسەند بوو. نۆیل سپێنسەر جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە ئارەزووی کەرزۆن بە پێدانی ناوچە کوردییە شاخاوییەکان بە تورکیا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەردوکیان "لە مەسەلەی جوگرافی و ستراتیجیدا ناحاڵی بوون، چونکە ... نزیکەی ٢٠٠ میل لە [خاکی عێراق] هاوسنوور دەبێت لەگەڵ وڵاتێکی شاخاویی نائارام و ئاڵۆزدا"..

١٦ – FO 371 / 7667، لیژنەی وەزاری لەبارەی عێراقەوە، تەلگرامی ژمارە ١٦٠، ٨ی دیسەمبەری ١٩٢٢ ؛ کابینە ٢٣ / ٣٢ ، پەیپەری کابینە، ژمارە ٦٢ ، *"ئەنجامی کۆبوونەوەیەکی کابینەی وەزارەت"* ، ٧ی دیسەمبەری ١٩٢٢.

١٧ – و. ن. هۆویل، *"یەکێتیی سۆڤیێت و کورد: لێکۆڵینەوەیەک لە سەر کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان لە سیاسەتی سۆڤێتیدا"* (نامەیەکی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی ڤەرجینیا، ١٩٦٥)، ل ٣٢٨ ؛ نیکۆڵسن، ل ٣١١.

١٨ – FO 371 / 7782، تەلەگرامی ژمارە ٧٢٥ ، ٢٢ دیسەمبەری ١٩٢٢، لە چەرچڵەوە بۆ کۆکس.

١٩ – ئیلیزابێث بۆرگۆین، *"گێرتروود بێڵ: لە نامە شەخسییەکانیەوە"* ، لەندەن: ئێرنست بێن، ١٩٦١، ل ٣٠٨١٠ ؛ سپێنسەر، *"مێژووی دیپلۆماسیی عێراق"* ، ل ١٣١.

٢٠ – ئێدمۆندس، *"کورد و تورک و عەرەب"* ، (لەندەن: ١٩٥٧)، ل. ٣١٣ ؛ ٣٧١ / ٧٧٨٢ ، تەلگرامی ژمارە٨٨٣ ، ١٦ی دیسەمبەری ١٩٢٢.

٢١ – کۆمیسیۆنی باڵای بەریتانی ١٣ – ١٤، *"ڕووداوەکانی کوردستان"*، بەرگی ٥، یاداشتی ٢، ١٩ی مارتی ١٩٢٣، بارەگای هێزی ئاسمانی، عێراق، بۆ سەرۆکی ئەرکان؛ یاداشتی ژمارە ٥٣٥ / ٢ لە مارشاڵی هێزی ئاسمانییەوە سێر جۆن م. سالمۆند بۆ سکرتێری وەزارەتی هێزی ئاسمانی، ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٢٣، "ئۆپەراسیۆنی هێزی ئاسمانی لە کوردستان" ؛ FO 371 / 10098، ڕاپۆرتی هەواڵگری، عێراق، ١٤ی مایسی ١٩٢٤.

٢٢ – بڕوانە: ژمارە ٦ ، ٢٧ ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢ ؛ ژمارە ٥ ، دیسەمبەری ١٩٢٢.

٢٣. ئەحمەد تەقی، "خەباتی گەلی کورد"، (بەغدا: چاپخانەی العربية، ١٩٧٠)، ل. ٧٤.

٢٤ – BHCF 13 / 14 ، *"ڕووداوەکانی کوردستان"*، بەرگی ٣، یاداشتی ژمارە ٥١٢ / ١ ، *"بارودۆخ لە سلێمانیدا"*، ١٤ی مارتی ١٩٢٢.

٢٥ – BHCF 13 / 14، *"ڕووداوەکانی کوردستان"*، بەرگی٣ ، تەلگرامی ژمارە ٥٤٩٥،٢٠ی مارتی ١٩٢٢، BFHQ، عێراق، بۆ وەزارەتی هێزی ئاسمانی ؛ FO 371 / 9004، یاداشتی ژمارە E 3117 ، کەرزۆن، ٢٣ی مارتی ١٩٢٢.

٢٦ – BHCF 13 / 14، *"ڕووداوەکانی کوردستان"*، بەرگی ٥، یاداشت. هێزی ئاسمانی ٥٣٥ / ٢، مارشاڵی هێزی ئاسمانی سێر جۆن سالمۆند بۆ سکرتێری وەزارەتی هێزی ئاسمانی، ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٢٣. *"ئۆپەراسیۆنی هێزی ئاسمانی لە کوردستان"* ؛ ئێدمۆندس، ل ٣٢.

٢٧ – بۆ وردەکاریی ئەم ئۆپەراسیۆنانە، بڕوانە ئێدمۆندس، ل ٣٢٨.

٢٨ – BHCF 13 / 14 ، *"ڕووداوەکانی کوردستان"* ، بەرگی ٥ ، تەلەگرامی ژمارە ٢٧٥، ١١ی مایسی ١٩٢٣، کۆمیسیاری باڵا بۆ کۆلۆنێل س. تەلەگرامی ژمارە ١٨٤، مارتی ١٩٢٣، دۆبس بۆ نۆئێل.

٢٩ – BHCF 13 /14 ، *"ڕووداوەکانی کوردستان"*، بەرگی٥ ، تەلگرامی ژمارە ١٨٤، مارتی ١٩٢٣، دۆبس بۆ نۆئێل، ڕاگەیاندنی ٢٤ی دیسەمبەری ١٩٢٢ ڕاگەیاندنێکی هاوبەش بوو لەلایەن حکوومەتی عێراق و بەریتانیاوە، کە ئەمیان داوای پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردیی سەربەخۆی دەکرد لە باشووری کوردستاندا.

٣٠ – بەریتانیای مەزن، ئۆفیسی کۆڵۆنییەکان، *"راپۆرتی حکوومەتی خاوەن شکۆ لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیای مەزن و ئێرلەندای باکوور بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لەبارەی ئەو پێشکەوتنەی لە عێراق بەدەستهاتووە لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٣١دا"*، (کۆڵۆنیی ژمارە ٥٨) (لەندەن: HMSO، ١٩٣٠)، ل ٢٥٥ – ٢٥٦ ؛ BHCF 13 / 14، *"رووداوەکانی کوردستان"* ، بەرگی ٥. نامەی کۆمیسیاری باڵا HC بۆ ئۆفیسی کۆڵۆنییەکان CO ، ١٢ی نیسانی ١٩٢٤.

٣١ – *"راپۆرت لە سەر ماوەی نێوان ١٩٢٠ – ١٩٣١"*، ل ٢٥٧ ؛ وەدیع جوەیدە، *"بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد: رەگوریشە و پەرەسەندنی"*، دوو بەرگ، بڵاونەکراوەتەوە. نامەی دکتۆرا، زانکۆی سیراکۆس، ١٩٦٠، II، لاپەڕە ٥٨ – ٥٩.

٣٢ – ئێدمۆندس، ل ٣٤٦.

٣٣ – BHCF 13 / 14 ، *"رووداوەکانی کوردستان"*، بەرگی٥ ، تەلگرامی ژمارە ٢٧٥، ١١ی مایسی ١٩٢٣، MC بۆ S.S. Col ؛ دامەزراندنی سەید تەها بە قایمقام، بە فشاری دۆبس، بەرەوڕووی بەرهەڵستییەکی توند بووەتەوە لە لایەن شافەیسەڵەوە کە دەیەوێت کەسێکی لاواز لەم پۆستەدا دابنێت. کۆمیسیاری باڵا سوورە لە سەر دانانی سەید تەها وەک *"قایمقامێکی گولەبەند"*. بەکارهێنانی ئەم تێرمی گولەبەندە لەلایەن کاربەدەستە بەریتانییەکانەوە ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی تاڕادەیەک پارێزراو بوون لە کوشتن و تیرۆرکردن بە هۆی پەیوەندییە خێڵەکییەکانیانەوە. هۆکاری پێداگریی دۆبسیش ئەو باوەڕەی بوو کە سەید تەها رەنگە تاقە کەس بووبێت کە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ دەهۆ و پیلانی تورکەکاندا بکات. (بڕوانە ئێدمۆندس، ل ٣٢٦ ؛ جوەیدە، ل ٥٤٢).

(گولەبەند زاراوەیەکی ئایینییە و لە کوردستاندا بەزۆری لە تەریقەتەکانی دەروێشیدا بەکاردەهێنرا و بەتایبەت تەریقەتی قادری، گوایە بە نووشتە و دۆعای شێخێک بۆ کەسێک، یان شێخەکە خۆی وەک نواندنی کەراماتێکی غەیبی، ئیتر گوللەی تفەنگ نایبڕێت و لەو سەردەمەدا ئەم قەناعەتە زۆر باوبوو لەناو خەڵکدا، هەرچەندە هیچ بناغەیەکیشی نەبوو. دیارە ئینگلیزیش، کە هاتوونەتە ئەم وڵاتەوە و شارەزای فەرهەنگ و کولتووری خەڵکەکەی بوون، ئەم زاراوەیان لە ناو خۆیاندا وەک جۆرێک

له تەنز یان بۆ کەسانی خاوەن پێگە و دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە – وەرگێڕ).

٣٤ – بەریتانیای مەزن، ئۆفیسی کۆلۆنییەکان، *"راپۆرتی حکوومەتی خاوەن شکۆ لەبارەی ئیدارەدانی عێراقەوە بۆ ماوەی نیسانی ١٩٢٣ تا دیسەمبەری ١٩٢٤"* (لەندەن: HMSO، ١٩٢٥)، لاپەڕە ٣٢ – ٣٣.

٣٥ – FO 371 / 10098 ئۆفیسی دەرەوە، راپۆرتی هەواڵگریی ژمارە ٥، عێراق، ٣٠ نیسانی ١٩٢٤، لیس، ل ٢٧٢.

٣٦ – بەریتانیای مەزن، ئۆفیسی کۆلۆنییەکان، *"راپۆرتی کارگێڕیی عێراق، نیسانی ١٩٢٣ – دیسەمبەری ١٩٢٤"* (لەندەن: HMSO، ١٩٢٥)، ل ٣٢ – ٣٣.

٣٧ – FO 371 / 10098 ، ئۆفیسی دەرەوە، راپۆرتی هەواڵگریی عێراق، ١٤ی مایسی ١٩٢٤ ؛ *"راپۆرت لە سەر ئەو پێشکەوتنانەی لە عێراق بەدەستهاتوون ١٩٢٠ – ١٩٣١"*، ل ٥٨ ؛ *"راپۆرتی کارگێڕیی عێراق، نیسانی ١٩٢٣ – دیسەمبەری ١٩٢٤"*، ل ٣١.

٣٨ – تا ناوەڕاستی تەمووزی ١٩٢٤، کاتێ کە سەرلەنوێ سلێمانی داگیرکرایەوە ژمارەی دانیشتوانی لە بیست هەزارەوە کەمبووەتەوە بۆ تەنها حەوتسەد کەس. بەڵام لەدوای دوو مانگ لە داگیرکردنی بەریتانیا، جارێکی تر ژمارەی دانیشتوانەکەی بەرزبووەوە بۆ دوانزە هەزار. (بڕوانە *"راپۆرتی کارگێڕیی عێراق، نیسانی ١٩٢٣ – دیسەمبەری ١٩٢٤"*، ل ٣١ ؛ ئێدمۆندس، ل ٣٧٧ ؛ جوەیدە، ل ٥٩٥).

٣٩ – FO 371 / 10114، ئۆفیسی دەرەوە، "یاداشتێک لە دەستەی ئەرکانی هێزی ئاسمانیی لەبارەی داگیرکردنی سلێمانییەوە"، ژمارە ٤٥٩ / ٢٤، ٢٧ی سێپتەمبەری ١٩٢٤ ؛ ١٠١٠٠، تەلگرامی ژمارە ٦٦٣٠٤، ٣٠ مایسی ١٩٢٤، ئۆفیسی سەرکردایەتیی هێزی ئاسمانیی، عێراق بۆ وەزارەتی هێزی ئاسمانی ؛ لە مایسی ١٩٢٤دا، کوشتارێک لە کەرکووک بەرپابوو لە ئەنجامی دەمەقاڵێیەک لە نێوان هەندێک لێڤیی ئاشووری و چەند دوکاندارێکی کەرکووکدا. ئەو ئاشوورییانەی کە دەستدرێژییان کرابووە سەر، چووبوونەوە بۆ فەوجەکانی خۆیان و هاوەڵەکانیان لەگەڵ خۆیان بردبوو بۆ بازاڕ و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی کەوتبوونە دەسڕێژ کردنی گوللە بە ناو کۆمەڵێک خەڵکدا

که له چایخانەیەکـــدا دانیشـــتبوون. ڕووداوەکە لە ڕەمەزانـــدا بـــووە کە مـــانگی ڕۆژووگرتنی ئیسـلامییە و ئـاژاوەکە سەریکێشـایەوە بۆ شـەڕی نێوان موسـڵمان و مەسیحی. لەئەنجامـدا سـی موسـڵمان کـوژران و شەسـتیش برینـدار بـوون، زیـانی ئاشـوورییەکانیش شـەش کـوژراو و پێنج برینـدار بـوو. کۆمیسـیاری بـاڵا فەرمـانی دا لێکۆڵینەوەیەکی خێرا لە کێشـەکە بکرێت، بەڵام کەسـی تێدا تۆمەتبـار نەکرا. ئەمەش کوردەکـانی تـووڕەکرد و سـەدان پیـاوی خێڵەکـانی دەوروپشـتی کەرکـووک لە نـاو شـاردا ڕێڕەوێکیـان ئەنجامـدا بە مەبەسـتی تـۆڵەکردنەوەی کوژراوەکانیـان، بەڵام هەرچۆنێـک بێـت سـەرۆکەکانی عەشـیرەتی تاڵەبـانی بڵاوەیـان پێکردبـوون. (بڕوانە FO 371 / 10098 ئۆفیسی دەرەوە، ڕاپۆرتی هەواڵگریی ژمـارە ٢ ، عێـراق، ٢٨ی مایسی ١٩٢٤ ؛ ڕاپۆرتی هەواڵگری، ١٢ی حوزێرانی ١٩٢٤).

٤٠ – *"ڕاپۆرتی کارگێڕیی عێراق، نیسانی ١٩٢٣ – دیسەمبەری ١٩٢٤"*، ل ٣٢. لە ٢٧ی مارتی ١٩٢٤دا، ئەنجومەنی دامەزراندن یان بنەڕەتی (واتە نوێنەران و پیران) بە شـێوەیەکی فەرمـی لە لایەن شـا فەیسـەڵەوە کـرایەوە و لە وتاردانەکەیـدا وتـی ئەرکەکانی ئەنجومەن ئەمانەن:

١ – دەسـتووری عێراق زەمـانەتی مافەکـانی تـاک و جێگیرکردنـی سیاسـەتی نـاوخۆ مسۆگەر دەکات.

٢ – دەرکردنی یاسـایەکی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی بنەڕەتی و جەختکردن لە سـەر سەرپەرشتی کردنی سیاسەت و کارەکانی حکوومەت.

٣ – پەسـەندکردنی پەیماننـامەی ئەنگلـۆ – عێراقیـی سـاڵی ١٩٢٢، کە پێویسـتە پەیوەندییەکانی حکوومەتی عێراق لەگەڵ حکوومەتی بەریتانیادا ڕێکبخات.

ناسیۆنالیستەکانی عێراق بەرهەڵستی ئەو پەسەندکردنە بوون بە پێی ئەو بنەمـایەی کە پەیماننامەکە چنگی بەریتانیا زیاتر گیردەکات لە سـەر عێراق و کۆت و بەند دەخـاتە سـەر مـافی سـەربەخۆیی عێراق و پابەندیی دارایی قورسـی دەبێت. لە ٢ی نیسـاندا، لیژنەکە بە سەرۆکایەتیی یاسین هاشمی ڕاپۆرتێکی دارایی بەرزکردەوە و داواکاریی دەسـکاری و هەمـوارکردنێکی زۆریـان پێشـکەش کـرد. هەڵبەت بەریتانییەکـان ئامـادە نەبوون وەڵامی ئەرێنیی ئەم داواکارییانە بدەنەوە. پاشـان ناسیۆنالیسـتە عێراقییەکـان

خۆپێشاندانی گەورەیان ڕێکخست و لە ٢٩ی مایسی ١٩٢٤دا حکوومەت پەنای بردە بەر سوپا بۆ بڵاوەپێکردنی هەزاران خۆپێشاندەر و کارەکە سەریکێشایەوە بۆ پێکدادانێکی خوێناوی. (بڕوانە "*ڕاپۆرتی کارگێڕیی عێراق، نیسانی ١٩٢٣ – دیسەمبەری ١٩٢٤*"، لاپەرە ٢٠ – ٢١).

٤١ – FO 371 / 10098، ئۆفیسی دەرەوە، ڕاپۆرتی هەواڵگریی عێراق، ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٤. دەسەڵاتدارانی ئێرانی فەرمانیان دابوو بە کاربەدەستە حکوومییەکانی سنوور کە وا هۆشداری بدەنە سەرۆکە کوردەکانی وڵاتی فارس کە نەچنە پاڵ چالاکییەکانی شێخ مەحموود دژ بە بەریتانیا. (بڕوانە ٣٧١ / ١٠٠٩٨، ڕاپۆرتی هەواڵگریی، ژمارە ١٠، بەغدا، ٢٨ ئۆکتۆبەری ١٩٢٤.)

٤٢ – گێرتروود بێڵ، نامەکان (لەندەن: چاپخانەی ئۆکسفۆرد، ١٩٨٢)، ل ٥٤٩.

٤٣ – هەورامی، "*شێخ مەحموود و مەسەلەی کورد، ١٩١٧ – ١٩٢٠*"، ل ٢، *گۆڤاری کورد، ژمارە* ٣ (١٩٦٩)، ل ١٠.

٤٤ – FO 371 / 9010، ئۆفیسی دەرەوە، ڕاپۆرتی هەواڵگری، عێراق، ژمارە ٢٣، ١ی دیسەمبەری ١٩٢٣.

٤٥ – FO 371 / 13034، "*ڕاپۆرتی کارگێڕیی عێراق، نیسانی ١٩٢٣ – دیسەمبەری ١٩٢٤*"، ل ٢٢ ، ٩ی مایسی ١٩٢٤، دۆبس بۆ ئەمەری، ١١٢٥٩، تەلەگرامی ژمارە ١٢، ١٦ی حوزێرانی ١٩٩٤؛ مانچستەر گاردیان، ١٣ی حوزێرانی ١٩٢٤. لە بەرەوڕووبوونەوەی ناسیۆنالیستە عێراقییەکاندا، بەریتانیا هەڕەشەی کشانەوەی لە عێراق کرد و لێدەگەڕێت بکەونە بەر بەزەیی مستەفا کەمال. بێگومان ئەمە چاوڕاوێک بوو بۆ ترساندنی شا فەیسەڵ و نەتەوەپەرستەکان، چونکە بەریتانییەکان بەکردەوە ئامادە نەبوون دەسەڵات و کاریگەری و کۆنترۆڵ کردنی یەدەکی نەوت لە عێراقدا لەدەست بدەن. بڕوانە عبدالرحمن الحسني، "*تأريخ العراق السياسي الحديث*"، الجزء الثاني، (صيدا: مطبعة عرفان، ١٩٥٧)، ص ٩٢.

٤٦ – *ڕۆژنامەی بەغداد تایمز Baghdad Times*، ١٠ی حوزێرانی ١٩٢٤.

٤٧ – CO 730 / 60 / 2655، ئۆفیسی کۆلۆنیالی، تەلگرامی ژمارە ٢٨ ، ٢ی حوزێرانی ١٩٢٤، دۆبس بۆ تۆماس ؛ "مەحزەری" ٤ی حوزێرانی ١٩٢٤، لە خادم

نیامـــا، *"پەیوەنـــدییە ئەنگلـــۆ – عێراقییەکـــان لە ســـەردەمی ماندێتـــدا"* وەرگیـــراوە، بڵاونەکراوەتەوە. تێزی دکتۆرا، ویڵز، ئەبیریستویث، ١٩٧٤، ل ١٦٢.

٤٨ – بورگۆین، *"گیرتروود بێل: لە پەیپەرە شەخسییەکانییەوە"*، II ، ل ٣٤٤ ؛ بەعادەت نـوێنەرە کوردەکـان لە ئەنجـومەنی بنەڕەتیـدا زۆر بە وردی دەستنیشـان دەکـران لەلایەن دەســــەڵاتدارانی بەریتـــانییەوە لە عێـــراق. زۆربەی ئەوانە ئەڵقەلەگــــوێی سیاسـەتەکانی بەریتانیـا بـوون (بـڕوانە هـاوار، *الثقافـة الكرديـة*، المجلـد ١، العـدد ١، ص ٩٣ – ٩٤).

٤٩ – CO 730 / 6132 / 85، *"راپـۆرتی کـارگێڕیی عێـراق، نیسـانی ١٩٢٣ – دیسـەمبەری ١٩٢٤"*، ل ٢٥ ؛ ئۆفیسـی کۆلۆنیاڵی, چەمبەرلەین بۆ لیندسـای، ٦ی حـوزێرانی ١٩٢٤ ؛ Edmonds ئێدمۆنـدس، ل ٣٨٣، ٣٨٤ ؛ نیامـا Niama، ل ١٦٥.

٥٠ – FO 371 / 10114 ئۆفیسـی دەرەوە، یاداشـتێک لە دەسـتەی ئەرکانی هێزی ئاسمانییەوە لە سەر داگیرکردنی سلێمانی. ٤٤٤٥٩ / ٢٤ ، ٢٧ی سـێپتەمبەری ١٩٢٤ ؛ ئێدمۆندس، ل ٣٨٧.

٥١ – BHCF 13 / 14 *"رووداوەکـان لە کوردسـتاندا"*، بەرگی ٥ ، *"شـێخ مەحمـوود: یاداشت"*، ب. بۆردیلۆن، ٣ی نۆڤەمبەری ١٩٢٦ ؛ بەریتانیای مەزن، ئۆفیسی کۆلۆنیاڵی، *"راپۆرتێک لە حکـوومەتی خـاوەن شـکۆوە بـۆ ئەنجـومەنی کـۆمەڵەی گەلان لەبـارەی ئیـدارەدانی عێـراقەوە بـۆ سـاڵی ١٩٢٥"* (گـۆڤـاری کۆلۆنیـاڵ، ژمـارە ٢١)، (لەنـدەن: HMSO، ١٩٢٦)، ل ٣٢.

٥٢ – *"راپۆرتی کارگێڕیی عێراق، نیسانی ١٩٢٣ – دیسەمبەری ١٩٢٤"*، ل ٣١ – ٣٢.

٥٣ – *"راپۆرتێک لە سەر ئەو پێشکەوتنەی لە عێراق بەدەستهاتووە لە ساڵی ١٩٢٥دا"* ، ل ٥٨ ؛ س. القیسـي، *"یاسـین الهاشـمي ودوره فـي السیاسـة العراقیـة ١٩٢٢– ١٩٣٦"* (بەغدا، ١٩٧٥)، ل ٢٧٩.

٥٤ – بورگۆین، *"گیرتروود بێل: لە پەیپەرە شەخسییەکانیەوە"*، II ، ل ٣٦٩ – ٣٧٠.

# ٣

# کوردە نەتەوەییەکان و نانەتەوەییەکان:
# پێداچوونەوە بە ناسیۆنالیزمی کەمایەتییەکان و
# هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ١٩٠٨ - ١٩٠٩

**جانێت کلەین**

پرۆفیسۆر لە بەشی مێژوو، زانکۆی ئەکرۆن – ئەمەریکا

○ **جانێت کڵەین** Janet Klein

لە ساڵی ٢٠٠٥وە ئەم خانمە پرۆفیسۆر و توێژەرە لە بەشی مێژووی زانکۆی ئەکرۆن لە ویلایەتی ئۆهایۆ – ئەمریکا و توێژینەوەکانی لەبارەی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەوەیە، هەروەها ناسیۆنالیزم، ناسنامە، دینامیکییەتی جەندەر لە دید و بۆچوونیکی مێژووییەوە و رووبەر و پانتایی توێژینەوەکانی کوردستانە لەکۆتایی چەرخی عوسمانیدا. لەپای کارە زانستییەکانی رێزلێنان و خەلاتیکی زۆر کراوە. دانەری کتێبی "قەراخ و بیجاخی ئیمپراتۆرییەت: میلیشیای کورد لە زۆنی خێڵەکیی عوسمانیدا"، ساڵی ٢٠١١. جگە لە ژمارەیەکی زۆری باس و توێژینەوە و چاپتەری کتێب. هەروەها بەشی لێکۆڵینەوەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیای لە زانکۆی ئەکرۆندا دروستکردووە و لەهەمان کاتیشدا بەڕێوەبەری پرۆگرامی شارستانییەکانی جیهانە لە زانکۆی ئەکرۆن. لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی پرینستۆن بەدەستهێناوە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد باس و لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لە سەر کورد لە گۆڤار و جۆرناڵە سەنگینەکانی جیهاندا بلاوبووەتەوە و ئەمەش نموونەی تایتڵی هەندێکیانە:

- مافی کەمینەکان و فرەکولتووری لە جیهانی عەرەبدا: تێڕوانینێک بۆ مێژوو و چواردەوری کورد (٢٠١٣).
- کەمینەکان، بێدەوڵەتی و توێژینەوە کوردییەکان (٢٠١٢).
- وەلامدانەوەی تورکیا بۆ سیاسەتەکانی شوناسی کورد (٢٠١٠).

- ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوی کوردستان: داوای دەوڵەتداری (٢٠٠٩).
- بەجەندەرکردنی ناسیۆنالیزم: مەسەلەی ژن لە گوتاری ناسیۆنالیستیی کوردیدا لە دوادوایی سەردەمی عوسمانیدا (٢٠٠١).
- ململانێ و هاوکاری: پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن لە سەردەمی عەبدولحەمیددا (١٨٧٦ – ١٩٠٩)، (٢٠٠٧).
- ناسیۆنالیزمی پەندئامێز: نموونەی گوتاری ناسیۆنالیستیی کورد لە دوادوایی سەردەمی عوسمانیدا (٢٠٠٠).
- هێز و دەسەڵاتی دەوروپشت: هێزی سووکی حەمیدییە و هەوڵ و ململانێ لە کوردستانی عوسمانیدا (١٨٩٠ – ١٩١٤)، (نامەی دکتۆرا، ٢٠٠٢).

## کورتەیەک

ئەم یارمەتییە نوێیەی لێکۆڵینەوە پاڵپشتە بۆ ئایدیای پاشەکشە و هەڵوەشانەوەی عوسمانی، بەڵام کەم کار و توێژینەوە هەوڵیداوە ناسیۆنالیزم لە دەرەوەی ئەو پاشەکشە باوە ببینێت. لە ڕێگەی مامەڵە کردن لەگەڵ پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی کوردی لە دوادوایی سەردەمی عوسمانیدا، ئەم پەیپەرە ئەو بیرۆکەیە دەخاتە ژێر پرسیارەوە لەو ڕووەوە کە هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری و ناسیۆنالیزم بە سروشتی خۆیان تێکهەڵکێش بوون و بەرەنگارییەکان تەنها ئەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕە نین کە تا ئێستا لە ئەدەبدا جەختی لە سەر کراوەتەوە، بەڵکو ئەو شێوەیەشە کە "بزووتنەوەی نەتەوایەتی" وەریگرتووە. هەروەها لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە ئەرشیفییەکان و ڕۆژنامەگەریی کوردیی عوسمانی و ئەدەبی گەشتنامە و سەرچاوەی تری لاوەکی بە زمانی جۆراوجۆر، ئەم پەیپەرەی لەبەردەستدایە ڕوونیدەکاتەوە کە چۆن ئەوەی پێیدەوترێت بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، لەڕاستیدا چەند بزووتنەوەیەکی جۆراوجۆر بووە، کە هەر یەکەیان دید و بۆچوونێکی جیاوازی هەبووە بە پێی ئەو قەوارە سیاسییەی بەشداربووانی هیوایان لە سەر هەڵچنیوە بۆ خولقاندن یان پارێزگاری لێکردنی لە میانەی چالاکییەکانیاندا. ڕەنگە ئایدیای ناسیۆنالیزمی کوردی، یان کوردیزم لە مێشکی ئەو چالاکوانانەدا بووبێت، بەڵام بیرۆکەی و واتاکەی هیچ کاتێ یەک نەبووە. چونکە گرووپە جیاوازەکان هەر یەکە و بە پێی ئەجێندا و تێگەیشتنی خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەو چەمکەدا دەکات. لێکۆڵینەوەکە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە

زۆربەی "ناسیۆنالیستە" کوردەکان بەردەوام بوون لە سەر ئەوەی خۆیان بە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانیی فرە نەتەوە دەزانی سەربەری سەرهەڵدانی بەهێزی هەستی نەتەوایەتیش لەو رۆژگارەیاندا. باسەکە کاریگەریی گرنگی هەیە لە سەر خوێندکاران و توێژەرانی بواری بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە نێو ئەو گرووپانەی تردا کە باڵادەست نین، نەک هەر تەنها لە ئیمپراتۆریتی عوسمانیدا، بەڵکو لە ئیمپراتۆریتە هاوچەرخەکانی تریشدا وەک هابسبورگ و هەروەها لە وڵاتانی تریشدا وەک عێراق و رواندا و سودان. لەهەمان کاتیشدا توێژینەوەکە پرسیاری زیاتر دەورووژێنێت لەبارەی حیکمەتی ئەوەی گوایە قەوارە فرە ئیتنیکەکان دەبنە مایەی کارەسات و وایبۆدەچێت کە وا هەوڵی هاوبەش بۆ دووبارە بیرکردنەوە لەوەی دەیزانین لەبارەی ناسیۆنالیزمی کەمینەوە کە رەنگە نەک تەنها سەرلەنوێ تێگەیشتن بێت لەو تێرم و دەستەواژانەی بەکاریاندەهێنین، بەڵکو رەنگە هاوزەمان وەرچەرخانیش بێت لە مامەڵەکردندا.

## پێشەکی

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناکۆکی و ململانێکانی ئەم دوایـیە و ئێستا لە شوێنانی وەک بەڵکان و رواندا و عێراق و سودان، تێبینی دەکەین ئەو یەکانەی کە زیاد لە "نەتەوەیەکیان" تێدایە بەرەو ئەوە دەچن هەڵبوەشێنەوە تەنها بەوەی کە ئەو گرووپە ئیتنیکیانەی بالادەست نین رەزامەند نین یان هەست بە پێگەی خوارتریان دەکەن بەرانبەر بە گرووپی بالادەست لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا، یان بە هەستکردنیان کە وا ئەو سنوورانە "دەستکردن". هەڵبەت تێڕوانینمان بۆ ئێستا رەنگرێژی تێڕوانینمان دەکات بۆ رابردوو، سەربارى تێهەڵکێش و دەستێوەردانی جۆراوجۆری کۆمەڵناسی کە رابردوویەکمان بۆ دەخەنەڕوو گوایە گرووپە ئیتنیکی و ئایینییە جۆراوجۆرەکان پێکەوە ژیاون لە ئاشتییەکی رێژەییدا. بۆ نموونە، ئەو کێشەیەی کە بەرەورووی خوێندکارێکی مێژووی عوسمانی دەبێتەوە کە چۆن لێکدانەوەی زانستیی نوێ بیر و بۆچوونێکی هێناوەتە ئاراوە گوایە روخانی ئیمپراتۆرێت مەسەلەیەکی دوورودرێژە و ئەو بیرۆکەیەی رەتکردووەتەوە کە وا گرووپە جوداخوازەکانی ئیمپراتۆرێت لە لایەکەوە دوژمنی "ئاسایی" بوون، بەلام لەولاشەوە بەردەوام بەڵگەی ئەوەی هێناوەتەوە بۆ ناسیۆنالیزم وەک هێزێکی بەتوانا لە کۆتایی هێنان بە ئیمپراتۆرێت. هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ بیرکردنەوە و پێداچوونەوە تەنها لە چوارچێوەی مەسەلەکەدا نیە بەڵکو لەو گوتار و رێبازی توێژینەوەدایە کە بەکارهاتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی عوسمانی و وایلێکردووین مەودایەکی دوورودرێژ ببڕین.  ئەوان بەرەنگاری ئەو ئەفسانە باوانە دەبنەوە لەبارەی رەگوریشە و لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە و سیاسەت و پەیوەندییەکان کۆمەڵگە بە هاندانمان بۆ رەچاوکردنی مەسەلەی مێژوویی رووداوەکان بە پرسیار، کە لەمێژە

ڕۆژهەڵاتناسی و ڕێبازی مەرکەزییەتی ئەوروپی کە هەندێ شێوەی تیۆریی نوێگەریی بەلاوە پەسەندە بەریان پێگرتووە[1]. سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان گرووپەکان، ئێستا زۆر کار تەرخان دەکرێت بۆ جەختکردنەوە لە سەر هارمۆنییەتی ڕێژەیی نێوان توخمە ئیتنیکی و ئایینییە جۆراوجۆرەکان لە ماوەی زۆربەی مێژووی ئیمپراتۆریتدا، یان بەلای کەمەوە بۆ وەسفی ناکۆکی کە مەسەلەیەکی مێژووییە زیاتر لەوەی سروشتی بێت[2]. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم وێنە گوڵگوڵییە بەزۆری هەرەسدێنێت هاوزەمان لەگەڵ هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریتدا و پێدەچێت ئێمە نەتوانین خۆ لابدەین لە گێڕانەوەی مەبەستدار و بەهێزی ناسیۆنالیزم[3].

ئەم باسە هەوڵی بەشداربوون دەدات لە مشتومڕی ناسیۆنالیزم لە سەر دوو ئاستی پێکەوە گرێدراو. یەکەم، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو کێشە و گرفتەی لە سەرەوە باسکراوە، بەهیوام جەخت لە سەر ئەو بیرۆکەیە بکەم کە هەرەسی ئیمپراتۆریت و ناسیۆنالیزم بە سروشتی خۆیان تێکهەڵکێشی یەکتر بوون و بەم پێیەش، بوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی جیا ئامانجی سەرەکیی سەرکردە ئیتنیکییەکان بووە. بە ئیلهام وەرگرتن لە بالیبارەوە (١٩٩١ئە، ١٩٩١بێ)، هەنگاوی یەکەممان تێگەیشتنە لەوەی کە شێوەکانی تری دەوڵەتی نانەتەوەیی، جگە لە دەوڵەتی نەتەوەییش، دەکرا تەنانەت کاتێ کە لە سەدەی بیستدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە لە سەر کورد لە ئاخر و ئۆخری سەردەمی عوسمانیدا جەخت لە سەر ئەم خاڵە دەکاتەوە لە ڕوونکردنەوەی چۆنێتیی بەردەوامبوونی "ناسیۆنالیستەکان" لە نێویاندا وا لەخۆیان بڕوانن کە ئەندامن لە دەوڵەتی عوسمانیی فرە نەتەوەدا، بەڵام لە هەڵکشانێکی بەهێزی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمدا بوون لە ڕۆژگاری خۆیاندا. پێشنیاز و پۆچوونەکانم کاریگەریی گرنگی خۆی هەیە لە سەر خوێندکاران و

تویژەرانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان لە نێو گرووپەکانی تری دەستنەڕۆی نەک هەر تەنها ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا، بەڵکو لە ئیمپراتۆرە هاوچەرخەکانی تردا وەک هابسبورگ[٤] و وڵاتانی تری وەک عێراق و رواندا و سودان.

دووەم، باس و پێشنیارەکەم سەردەکێشێتەوە بۆ مامەڵەیەکی تیۆریی لە شیکارییەکانی (Hroch هرۆچ ١٩٩٣ : ٦) بۆ ناسیۆنالیزم لە ناو گرووپە نابالادەستەکاندا کە پێدەچێت چاوپۆشی لێکرابێت: باشە چی دەبێت ئەگەر پێویستمان بە فەرهەنگێکی نویێ بێت بۆ گفتوگۆ کردن لە سەر بزووتنەوە نەتەوەییەکان؟ ئاخۆ چی دەبێت ئەگەر دەستەواژەی "ناسیۆنالیزم بە مانای وردی وشەکە"، وەک هرۆچ دەڵێت لەڕاستیدا جێبەجێ نابێت لە سەر هەندێک لەوانەی کە بە "ناسیۆنالیزم" ناوزەد دەکرێن و لەڕاستیشدا دەبێتە هۆی "تێکەڵ و پێکەڵێیەکی ترسناک"؟ هەڵبەت بە دوای ئەم باس و پێشنیازەی هرۆچ کە ڕێگەیەکی تر دەدۆزینەوە بۆ قسەکردن لە سەر ناسیۆنالیزم، ئەوە کێشەی کورد کە لێرەدا باسی لێوە دەکرێت چاومان لە سەر ئەو ئەگەرە دەکاتەوە کە بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە نێو گرووپە نابالادەستەکان و لە ناو دەوڵەتە فرە نەتەوەکاندا دەتوانن بەتەواوی پابەندبن بە بزووتنەوەکانیان لەکاتێکدا و بەردەوامبن لە وێناکردن و بیرکردنەوە لە چارەنووسیان وەک تێهەڵکێشبوون لەگەڵ گرووپەکانی تردا، تەنانەت بالادەستەکانیش. ڕەنگە ئەم تێبینییە سوودبەخش بێت نەک بۆ خوێندکارانی مێژوو، بەڵکو بۆ ئەوانەشمان کە چاودێری ڕووداوی سامناک بوون و لە شوێنانی وەک بەڵکان و ڕواندادا بەرپابوون و حاڵی حازریش لە عێراق و سودان، وەک نموونە. پاش هەموو ئەم شتانە، پێدەچێت تراجیدیای ئەم وڵاتانە ڕاستیی ئەو بیر و بۆچوونە بسەلمێنێت کە وا قەوارە فرە ئیتنیک و نەژادەکان هیچیتر نین لە ڕەچەتەی کارەسات بەولاوە. ئەم لێکۆڵینەوەی ئێستا پرسیار لە حیکمەتی ئەم کارە

دەكات و پێشنیازی كۆششی هاوبەش دەكات بۆ سەرلەنوێ بیركردنەوە و پێداچوونەوەی ئەوەی كە لەبارەی ناسیۆنالیزمی كەمینەوە دەیزانین و بەتەنها راناوەستێت لەسەر پێداچوونەوە بەو تێرم و دەستەواژانەی كە بەكاریاندێنین، بەڵكو رەنگە وەرچەرخانێک لەئارادا بێت هاوزەمان لەگەڵ رێباز و مامەڵەدا.

بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە ئەرشیفییەكان و رۆژنامە كوردییەكانی سەردەمی عوسمانی و سەرچاوە لاوەكییەكان بە زمانی جۆراوجۆر، دەمەوێت رۆشنایی بخەمە سەر ئەوەی كە پێیدەوترێت "بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد" و كە هیچ كات یەكگرتوو نەبووە و لە سەر یەک هێڵیش نەبووە. لەبری ئەوە گەلێ لەو بزووتنەوانە بە هاندان و ورووژاندنی بكەری جیاجیا بووە و دید و بۆچوونی جیاوازیان هەبووە بۆ جۆری ئەو قەوارە كۆمەڵایەتی و سیاسییەی هیوا و ئاواتیان لە سەر هەڵچنیوە لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا. لەكاتێكدا كە دەكرێت قسە لەسەر بزووتنەوەیەكی نەتەوەیی كوردی بكرێت لە كۆتاییەكانی سەردەمی عوسمانیدا، بەڵام بیرۆكەی "ناسیۆنالیزمی كوردی"، یان بەشێوەیەكی گونجاوتر بڵێین "كوردیزم" بە پلەی جیاواز لە مانادا رەنگی گرووپی جیاجیای وەرگرتووە. ئەمە بە شێوەیەكی روونتر لە میانەی شیكارییەكی ئەو رێكخراوە كوردییانەدا دەردەكەوێت كە لە دوادوایی سەردەمی عوسمانیدا هەبوون. سەبارەت بە دامەزرێنەران و ئەندامانی "یانە" كوردییەكانەوە لە پایتەختدا و گەلێكیان لە ژێر كاریگەریی زانستی كۆمەڵناسیی ئەورووپیدا بوون و وایان لە ناسیۆنالیزم دەڕوانی كە بەگشتی هۆكارێكی عوسمانییەكان بێت بۆ بەهێزبوون لە رێگەی خوێندن و نوێكردنەوەی هەركام لەو تۆخم و رەگەزانەی پێكیدەهێنن. سەبارەت بەو لقانەش كە سەر بەم یانانەن لە ویلایەتەكاندا وشەی "كوردایەتی kurdism" مانایەكی جیاواز هەڵدەگرێت، كە ئەندامانی ئەم یانەیە

بۆ پاراستنی "مافەکانی کورد" خۆیان ڕێکخستبوو. ئەو مافانەش لێرەدا واتای ئەو ئیمتیازە بەرفراوانەی دەگەیاند کە لە ژێر سایەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا درابوو بە سەرۆک عەشیرەتەکان و شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨ی تورکە لاوەکان هەڕەشە و مەترسی بوو لە سەریان و ئەوەی کە مافی کەمینەکان لەقەڵەم دەدرا پەیوەندی نەبوو بە ئۆتۆنۆمی و پاراستنی کولتوورەوە°.

هەرچەندە ساڵانی دوایی ئیمپراتۆریەت، یان ئەو ساڵانەی ڕاستەوخۆ بەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمدا هاتن، بە دەوڵەمەندترین چیرۆک و بەسەرهاتی ناسیۆنالیزمی کوردیی بەرایی دەژمێردرێن و ئەم باسە کنە و شیکردنەوە لە ساڵانی ١٩٠٨ – ١٩٠٩ دەکات کە کەمترین لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە، واتە ئەو ماوەیەی ڕاستەوخۆ بەدوای شۆڕشی تورکە لاوەکان و سەرلەنوێ کارکردن بە دەستووری عوسمانیدا هات. ئەگەرچی تیشک خستنەسەر ئەم باسە لەڕووی کاتەوە بەرتەسکە، بەڵام گرنگە بۆ سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنی کاراکتەری بەرایی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەمەش بەهۆی ئەزموونی ڕەخنەگرتن لە یەکەم یانەی نەتەوەیی کورد لە ساڵانی ١٩٠٨ تا ١٩٠٩، بە ناوی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعییەتی – کۆمەڵەی کوردی بۆ هاوکاری و پێشکەوتن KTTC) و ئەجێندای ئەندامێتیی ئەوە پێشاندەدات کە پێکهاتەی هەرێم یان ویلایەتەکانی بەشێک بووە لە بزووتنەوەیەک کە بەتەواوی جیاواز بووە لە هاوشێوەکانی لە پایتەختدا. لەکاتێکدا کە ئەو وشە و دەستەواژانەی ئەندامانی لقی ویلایەتەکان بەکاریاندەهێنا "کوردانە" بوون بەڵام دید و بۆچوونیان ناسیۆنالیستی نەبوو. لە خوارەوە مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکەم کەوا سەرەڕای ئەوەی (هەردوو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و ئەوەشی کە بە کاتی ناوی دەنێم 'نانەتەوەیی کوردی') هەندێ زەمینەی هاوبەش هەن کە ڕاستەوخۆ دەکەونە پێش و پاش جەنگی جیهانیی

یەکەم و دەرکەوتن و ئاوێتەبوونیان وەک یەکێکە لە چەندین کاردانەوە بۆ دەوڵەتی هەڕەشەلێکراو و دواجاریش هەرەسهێنانی کۆتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. بزووتنەوەکان نە هۆکار و نە ئەنجامی پێشوەختی داڕووخانی ئیمپراتۆرییەت بوون. لەڕاستیدا تەنانەت بۆ ئەو ناسیۆنالیستە روون و ئاشکرایەی ناو هەردوو بزووتنەوەکە، ناسیۆنالیزم بە زەروورەت ناکۆک نەبوو لەگەڵ مانەوە و پارێزگاری کردن لە ئیمپراتۆرێت. کەواتە باسەکە تەنها ئیزافە نیە بۆ ئەم کۆششە هەنووکەییە لەپێناوی روونکردنەوەی چیرۆکی راستەقینەی سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردی[٦]، هەروەها بەرەوڕووی پەیوەندیی گریمانەیی مەبەستداری نێوان ناسیۆنالیزم و کۆتایی "حەتمیی" ئیمپراتۆریتی عوسمانی دەبووەوە و بەشداریش دەبێت لە مشتومڕی بەرفراوانتردا لەبارەی ناسیۆنالیزمی کەمینەوە لە بەر رۆشنایی بۆچوون و پێشنیازی هرۆچ کە لەوانەیە پێویستمان بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی گفتوگۆ و تێڕوانینمان بۆ ئەم دیاردانە هەبێت.

## ناسیۆنالیزمی کوردی و ناسیۆنالیستیی کوردیزم و کۆمەڵەی هاوکاری و پێشکەوتنی کورد (جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد)، ١٩٠٨ — ١٩٠٩

لە ماوەی هەردوو ساڵی ١٩٠٨ و ١٩٠٩ و دوای نزیکەی دوو دەیەی چالاکیی سیاسی لە لایەن ئەو رێکخراوە چەترەی کە بە شێوەیەکی بەربڵاو بە بزووتنەوەی "تورکە لاوەکان" ناسراوە یەک لە دوو ئامانجەکەی بەدەستهێناوە، کە بریتییە لە گێڕانەوەی کارکردن بە دەستووری ساڵی ١٨٧٦ی عوسمانی (کە بۆ ماوەی سێ دەیە لەکارکردن وەستابوو)، هەروەها

له دەسەڵات لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم[٧]. شۆڕشی تورکە لاوەکان مزگێنیی گەلێ گۆڕانکاریی گرنگی دا بە میللەتانی ئیمپراتۆریتی عوسمانی، وەک کارپێکردنەوەی دەستووری عوسمانی کە سەریکێشایەوە بۆ کەمپەین و هەڵبژاردنی جۆراوجۆر و شێوازی نوێی سیاسەتکردن. بەزۆریش چاکەی ئەوەی بۆ دەگەڕێتەوە کە یارمەتیدەر بووە لە پێشخستنی چالاکیی سیاسیی نوێی ناسیۆنالیزم. ئەو توێژەرانەی کە لە دەڤەرە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریتدا کاریان دەکرد ئاماژەیان بۆ چەندین پەیوەندیی نێوان ڕووداوەکانی ١٩٠٨ – ١٩٠٩ و سەرهەڵدانی شوناسە نیشتمانی و ناوچەییەکان و بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان دەدا. بۆ نموونە، لە توێژینەوەیەکدا لەسەر لیبیا، ئەندەرسن (١٩٩١ : ٢٢٥) بە فراوانی دەیبەستێتەوە بەوەی کە "دەستەبژێری عوسمانی بە پاڵنەری ڕووداوەکانی نێوان شۆڕشی تورکە لاوەکان و کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم دەیانویست چاو بە شوناسی سیاسییاندا بخشێننەوە و توندوتۆڵتری بکەنەوە و زۆرێکیان وازیان لە هەست و هۆشی عوسمانی و ئیسلامی هێناوە کە پێشتر لە سەری بوون و بەرەو پابەندی و داشکاندن چوون بەلای هەستی تورکی یان عەرەبی یان ناوچەگەریتی. وردبوونەوە و شیکارییەک بۆ سیاسەتی کوردی، بەتایبەتی ئەو "یانە کوردییانەی" کە لەم ماوەیەدا دامەزران، جەخت لە سەر ڕاگەیاندنەکەی ئەندەرسن دەکاتەوە بۆ توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیش، هەرچەندە دەبێت لە ئێستادا بە وریاییەوە ڕوونبکرێتەوە.

بەدوای گۆڕینی ڕژێمدا لە ئەنجامی ڕووداوەکانی ١٩٠٨ – ١٩٠٩، ڕووناکبیرانی کورد و سەرکردە و دەمڕاستەکانیان ژمارەیەک یانەی سیاسی و کۆمیتەیان دامەزراند لە پایتەختی ئیمپراتۆریت و ناوەندەکانی ویلایەتەکاندا. هەرچەندە ئەوان ڕێکخراوی کوردیی جۆریی پلە یەکیان

نەهێنایە بوون[٨]، یان تەنانەت یەکەم چەکەرەی ئایدیاکانی ناسیۆنالیستیش[٩]، بەڵام ئەم یانانە وەک سەرەتاییترین بەڵگەی رێکخراوی سیاسیی کوردی لە ناو سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتدا *بایەخدارن* و دیسان بە هۆی دەرکەوتنیان لە مێژووی سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

یەکەم و رەنگە گرنگترین رێکخراوی کورد لە دوای رووداوەکانی ١٩٠٨ – ١٩٠٩وە کۆمەڵەی هاوکاری و پێشکەوتنی کوردە (جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد). ئەمە لە کوردستانی جوگرافیدا دانەمەزرا، بەڵکو لە ئەستەمبووڵ، لەلایەن ئەو رووناکبیر و دەمڕاستە کوردەکانەوە، کە بە زۆری لە پایتەختی ئیمپراتۆرێتدا نیشتەجێبوون. گەلێ لەمانە دەچنەوە سەر بنەماڵە کوردە کۆنەکان، کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لەلایەن حکوومەتی عوسمانییەوە لە شوێنی خۆیان هەڵکەنران و ئیتر لەوکاتەوە لە "تاراوگەی" پایتەختدا دەژین[١٠]. یانەکە دەرکردنی گۆڤارێکی لەئەستۆگرت بە ناوی *"کورد تەعاون و تەرەقی گازێتی"*، هەروەها دەزگایەکی خوێندن و فێرکردنی دامەزراند بە ناوی "کورد نەشری مەعاریفی جەمعییەتی" (واتە کۆمەڵەی کوردی بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندن و فێرکردن)، کە وەک باسدەکرێت قوتابخانەیەکی بۆ منداڵانی کورد لە پایتەخت دامەزراندووە[١١].

ئەو بابەتانەی لەو گۆڤارەدا بڵاودەکرایەوە کە بە ناوی "یانەی کوردی" یەوە ناوی دەرکرد و لە ئەستەمبووڵ دەردەچوو، بایەخیان بە چەند مەسەلەیەک دەدا کە زۆربەیان پەیوەندییان بە پێگەی کوردەوە هەبوو لە ناو ئیمپراتۆرێت و جیهانی مۆدێرندا و لە هەمان کاتدا ئەو بابەتانەش کە پەیوەندییان بە مەسەلە عوسمانییە گەورەکانەوە هەبوو. راستییەکەی، ئامانجەکانی (جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد KTTC)، وەک لە ژمارە یەکی گۆڤارەکەدا هاتووە، لەخۆگرتنی ئەم خاڵانە بوو: بەرگری کردن لە

دەستوور، بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و فێرکردن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، دەستەبەر کردنی "پێداویستییە نوێکانی" کورد و پتەوکردنی دۆستایەتیی نێوان هەموو گرووپە عوسمانییەکان، بە تایبەتیش نێوان کورد و ئەرمەن[١٢]. بەڵام بابەتەکانی تر کە لەلایەن تاکەکەسانەوە دەنووسران بەدەگمەن دووردەکەوتنەوە لەم ئامانجە راگەیەنراوانەی نێو مشتومڕەکانیان و کۆمەڵێک بواری دەگرتەوە هەر لە پەرەپێدانی زمانی کوردی وەک هۆکارێک بۆ خوێندن و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا تا دەگەیشتە چالاکییەکانی پەرلەمانی عوسمانی. بێگومان نووسەرەکان بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگییان دەدا بە پاراستنی سەلامەتیی هەرێمایەتیی ئیمپراتۆرێت و ئەمەش هەستگەلێک بوون روون و ئاشکرا دەردەکەوتن لە گفتوگۆ و چەندوچوونەکانیاندا لەبارەی پشێوی و شڵەژانە سیاسییەکانی پارچەکانی تری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرێتدا و بە تایبەتیش کرێت و بەڵکان. هەروەها جەختیان دەکردەوە لە سەر بایەخی کورد لە رەوش و بارودۆخی عوسمانیدا و سوور بوون لە سەر ئەوەی کە خوێندن و مۆدێرنە کردن و پارێزگاری کردن لە ئازادیی گەلی کورد گرنگ بوو نەک هەر تەنها بۆ کۆمەڵگەی کوردی، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی ئیمپراتۆرێتیش بە شێوەیەکی گشتی[١٣].

چاوخشاندنەوەیەک بە ناوەڕۆکی ئەم بابەتانەدا پێدەچێت هەقی خۆی بێت کە هاوبۆچوون بین لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکەی محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلاندا (م. ئە. بۆزئەرسەلان ١٨٩٨ : ٢٢) بۆ گۆڤارەکە، وەک رەنگدانەوەیەک بۆ هەردوو ئاراستە سیاسییەکە لە ناو ئەو رۆشنبیرە کوردانەدا کە بڵاویانکردبووەوە و بریتیبوو لە جەختکردنەوە لە ئازادی و پابەندبوون بە رژێمی دەستووری و یەکگرتن لە ناو چوارچێوەی گەورەتری دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەتیش تیشک خستنەسەر پێشخستنی شارستانی و

ئازادیی کورد. جگە لەوەش، پێویستە لەسەرمان سەرلەنوێ هەردوو چەمکی "ئازادیی کورد" و "مافی کورد" هەڵبسەنگێنینەوە کە وەک کلیلی بنەڕەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تەماشا دەکرا، لەکاتێکدا کە ئێمە ڕووداوەکانی ئەو ویلایەتانەی کوردیان تێدا نیشتەجێن دەخەینە بەر وردەکاریی زیاتری باس و لێکۆڵینەوە. ئەم وردەکاری و شیکارییە ئەوە دەردەخات کە چۆن هەندێک لە چالاکییەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان کە تا ئەوکاتە بە "ناسیۆنالیستی کورد" لەقەڵەم دەدران شتێکی تر بوون نەک ئەوەی کە وشە و دەستەواژەکانی ئێستای ئێمە لەبارەی ناسیۆنالیزمەوە بۆیان لێکدەداینەوە و ئەوانە جۆرێکی جیاواز بوون لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی سیاسی، کە بۆ تاقە جارێک ئەو سەرۆک و دەمڕاستە کوردانە سازیان دەکرد کە تەماشایان دەکرد وا بنەمای هێز و دەسەڵاتیان هەڕەشە و مەترسیی لە سەرە لەلایەن سیاسەتە سەرەتاییەکانی ڕژێمی نوێوە.

هەڵبەت ئەستەمبووڵ تاقە شوێن نەبوو لە ئیمراتۆرییەتدا کە یانەی نوێی کوردی تێدا دامەزرێت لە دوای ڕووداوەکانی ١٩٠٨ – ١٩٠٩وە، بەڵکو لەڕاستیدا ئەم یانە کوردییانە لە ژمارەیەکی زۆری شارەکانی کوردستاندا دامەزران، لەوانە بەدلیس و دیاربەکر و ئەرزڕووم و مووسڵ و مووش و وان لە پاش ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی (جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد KTTC) لە پایتەختدا. ئەم یانانە بە هەڵە وەک "لقی" KTTC لە ئەسەنبووڵ دانران، کە ئەندامەکانیان بیر و بۆچوون و ئەجێندای هاوشێوەی "یانە بنەڕەتییە" تایبەتەکەی پایتەختیان هەبوو[١٤]. بەدڵنیاییەوە لقەکە هەندێ وابەستەیی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاڵنەری ئەو ڕێکخستنە بەزەروورەت نەتەوەیی نەبوو بۆ هەمووان یان تەنانەت بۆ زۆر لە ئەندامەکانیش.

راپۆرتی کونسولّی بەریتانی لەبارەی کردنەوەی یانەی دیاربەکر لەم رووەوە باسی دەکات و بە پێی راپۆرتەکە کردنەوەی یانە کوردییەکەی دیاربەکر لە مزگەوتی سەرەکیی شاردا دەبێت هاوزەمان لەگەڵ "ئاهەنگ و شایلۆغانێکی گەورە"، لەگەڵ ئاپۆرەی دەف و دایەرەیەکی دەروێشی کە دروشمی ئایینییان لە هەموو شوێنێکی شاردا بەرزکردبووەوە. لەم بۆنەیەدا گەلێ کەسایەتیی ناودار و لەنێویاندا حاکمی ناوچەکە وتاریان دا، بە ئامادەبوونی نزیکەی سیانزە هەزار کەس[١٥]. بەڵام هەرچەندە ناوی یانەکە رەنگدانەوەی ناسنامەیەکی تایبەتی کوردی بوو (کە هەندێ کەس بە نەتەوەیی دەیخوێندەوە)، کەچی گوتاری بۆنە و ئاهەنگەکە شتێکی ئەوتۆی لە سەر هیچ جۆرە ناسیۆنالیزمێکی تێدا نەبوو، بەڵکو راگەیاندنێک بوو دژ بە رژێمی نوێی دەستووری، کە سەرکردە کوردەکانی ناوچەکە بە هەڕەشەیان دادەنا. راستییەکەشی، لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا سێ هەزار کەس لە ئامادەبووان بەڵگەنامەیەکی نارەزاییان لە سەر دەستوور مۆر کرد و پشتگیریی جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامییان دەکرد. هەروەها تەرجومانەکە (رێنوما یان وەرگێڕی لۆکاڵی) تووڕەیی و نارەزایی کوردی دیاربەکری گەیاندە کونسولّ لەبارەی رژێمی تازەوە. کونسولّیش لەوە ترسا کە ئەگەر ئەم بیر و ئایدیایانە لەلایەن سەرۆکە کوردەکانەوە لە مەودایەکی بەرفراواندا بڵاوبکرێنەوە ئەوە پشتگیریی خەڵکی کورد بەدەستدێنن. سەرباری ئەوەی کە ئەم یانە کوردییە لۆکاڵییە نیازی خۆی راگەیاندبوو بۆ پاڵپشتی کردنی خواست و ئارەزووەکانی یانە دایکەکە، بەڵام کونسولّ باوەڕی وابوو کە ئاراستەی گشتیی بزووتنەوەکە "پێناچێت پابەندی ئەم هەڵوێستە ببێت". هەروەها راپۆرتەکەی کونسولّ "تێگەیشتنی گشتیی خۆی" دووپاتکردەوە کە وا یانەکەی دیاربەکر رەنگە زۆر بەهێزتر بووبێت لە یانە لۆکاڵییەکەی کۆمیتە عوسمانییەکەی یەکگرتن و

پێشـكەوتن (جەمعییەتـی ئیتتیحـاد و تەرەقـی CUP)، كە نـوێنەرایەتیی رژێـمە تازەكەی دەكرد[١٦].

راپـۆرتی لەم چەشـنەی كونسـوڵەكان (كە لەڕاسـتیدا زۆربـوون) ئەوە دەردەخـات كە وا دەوڵەتە گەورە زلهێزەكـان لە هەر جـۆرە یـاخیبوونێكی هەرێم یان ویلایەتەكان دەترسـان، بەتـایبەتی لە نـاوچە ئەرمەنییەكاندا. ئەگەر تەماشـایەكی بڵاوكـراوە كـوردی و عوسـمانییەكانی ئەم مـاوەیە بكەیـن، ئەم راپۆرتـانە ئەوەش دەردەخەن كە "لقـی" دیـاربەكری سـەر بە KTTC بەزەرووڕەت یـانەیەكی نەتەوەیـی نەبـوو، ئەگەرچـی نـاوی یـانەی دایكیشـی هەڵگرتبـوو. هەروەهـا هاوپەیمـانییەكی ئـایینیش، ئەگەرچـی وشـە و دەستەواژەكانی ئاهەنگی كردنەوەكەی پڕبوو لە هێما و گوتاری ئایینی، بەڵكو، وەك دواتر روونیدەكەمەوە، یانە كوردییەكەی دیاربەكر، وەك زۆرێك لە یـانە هاوشـێوەكانی لە شـار و ناوچەكـانی تـردا، ئەو ئەنـدامانەی بەلای خۆیـدا رادەكێشـا كە ئاغـای كـوردی (دەمڕاسـت و سـەرۆك خێـڵ) نـاڕازی و تـووڕە بوون لە رژێمە تازەكە و نەك تەنها لەبەر هۆكاری ئایدیۆلۆجی، بەڵكو لەبەر هۆكـاری مـادیش (كە بە شـێوەیەكی سـەرەكی ئـابووری بـوو). بێگومـان ئەم نامۆییە بوو كە پاڵی پێوەنان بەرەو خۆڕێكخستن لە ویلایەت و ناوچەكاندا.

لە لایەكی ترەوە، پێدەچێت یـانە كـوردییەكەی كە لە ئەسـتەمبووڵ بـوو، واتە جەمعییەتـی تەعـاون و تەرەقیـی كـورد KTTC، تەنهـا هەر بە سـادە و سـاكاری دەرفەتێك نەبـوو بـۆ مـونەوەران و كەسـایەتییە ناودارەكـانی كـورد كەوا گوزارش لە هەستی نەتەوایەتیی روو لە هەڵكشانیان بكەن لە سـەردەمی نوێی ئازادیدا، بەڵكو هەوڵێكی دەستەبژێری كوردانی نیشتەجێی پایتەخت بوو بۆ بەشداری پێكردن و كۆنترۆڵ كردنی ئاڕاستەی ئەم خولیا و هەستانە لە ویـلایەتە كوردییەكانـدا. ئەمە، وەك لە خـوارەوە وێنـای دەكەم، بـۆ دوو

مەبەست کراوە: یەکەم، رووناکبیرە کوردەکانی کە پشتگیریی رژێمی تازەیان دەکرد هەستیان بەوە دەکرد کە وا گرنگە دەسەڵاتی حکوومەتە نوێیەکە پەل بکێشێت بۆ ئەوەی ویلایەت و ناوچەکان بگرێتەوە و خەڵکی ناوچەکان هان بدرێن پشتیوانی بکەن. دووەم، مەسەلەکە بایەخێکی باڵای هەبوو بۆیان کە رێگەیەک بدۆزنەوە بۆ قایلکردنی رژێمە نوێکە کە لە روانگەیەکی ئیجابییەوە تەماشای کورد بکات. پاش نزیکەی سێ دەیە لە حوکمی حەمیدییەکان، بەو سیاسەتانەیەوە کە بە "کاری ئیجابی"[١٧] ناسرابوون لە بەرانبەر هەندێک عەشیرەتی کورد و سەرۆکەکانیان، بەڵام کاربەدەستانی رژێمی نوێ و ژمارەیەکی زۆر لە عوسمانییەکان بەگشتی وای لەقەڵەم دەدەن کە کوردەکان وەک تاک سەر بە کێشە و گۆبەند و دواکەوتوون. هەڵبەت گوتاری رووناکبیرانی کورد بەرەنگاربوونەوەی ئەم وێنە نەرێنییە بوو[١٨].

وەک لە سەرەوە باسکراوە، دامەزراندنی "یانە کوردییە" ناوچەییەکان گرێدراوی چالاکیی سەرکردە کوردە تووڕە و ناڕازییەکان بوو وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەو سیاسەتانەی کە رژێمە تازەکە لە سەری دەڕۆیشت و جێبەجێی دەکرد. رەنگە تاڕادەیەکیش ئەنجامی هەوڵدانی دەستەبژێری کورد بووبێت لە ئەستەمبووڵ بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئاڕاستەی ئەم چالاکییە سیاسییە لە ویلایەتەکاندا، کە لە ساڵی ١٩١٠ بەدواوە وەک بزووتنەوەیەکی کوردی لەقەڵەم دەدرا. بێگومان کاری ئەم باسە نییە مشتومڕ لە سەر تەواوی ئەو مێژووە بکات کە لەپشت ئەو تووڕەیی و ناڕەزاییەوەیە کە پاڵی بەم بزووتنەوەیەوە ناوە، بەڵام پێویستە بارودۆخێک بڕەخسێنرێت بۆ دۆخی چالاکییەکانی کوردی ویلایەتەکان لە پاش ساڵی ١٩٠٨.

ژمارەیەکی زۆری گرووپ و کۆمەڵ لە سەرانسەری ئیمپراتۆرێتدا پێشوازییان لەو هەواڵانە کرد سەبارەت بە گەڕانەوەی کارکردن بە

دەستووری عوسمانی، بەڵام لە لایەن خەڵکانێکی ترەوە بە دژواری تەماشا دەکرا، ئەگەر بە گومان و دوودڵیش نەبوایە. سەرۆک خێڵە کوردەکان کە دەسەڵاتیان بە شێوەیەکی گەورە گەشەی کردبوو لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا (کە لە ماوەی ساڵی ١٨٧٦ تا ١٩٠٩ حوکمی کرد) خۆیان وا دادەنا کە هێشتا کاریان یەکلایی نەبووەتەوە یان بە ئاشکرا دژایەتیی رژێمە نوێکەیان دەکرد[١٩]. وادیاربوو کاربەدەستانی رژێمە نوێکە نیازی پێچەوانە کردنەوەی گەلێ لەو ئاراستانەیان بووبێت کە لە ساڵانی پێشتری حوکمی حەمیدییەکاندا پەیدابووبوون، بەتایبەتی تۆڕی مەرایی و گەندەڵی کە لە چواردەوری ملکەچی بۆ سوڵتان و راوێژکارە جێمتمانەکانی کۆبووبووەوە. هێزەکانی سوارەی حەمیدی، کە میلیشیای خێڵەکی بوون و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و یاریدەدەرە نزیکەکانی لە ساڵی ١٨٩٠دا درووستیان کردبوو، دەزگا و دامەزراوەیەک بوو کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نموونەی خراپترین ئەو ستەم و پێشێلکارییانە بوون کە وا رژێمی حەمیدی بەرپای دەکرد. کۆمەڵێکی بەرفراوانی عوسمانییەکان و لەنێویاندا جووتیارە ئەرمەن و کوردەکان و عەشیرەتە کوردەکانی کە نەچووبوونە پاڵ سوارەی حەمیدی و ئەو کاربەدەستە عوسمانیانە و ئەفسەرانی سوپا، بێزار بوون لەو هێز و ئیمتیازەی سەرکردە خێڵەکییەکانی سوارەی حەمیدییە بەدەستیانهێنابوو. ئەو سەرکردانەی سوارەی حەمیدی کە سەر بە دەوڵەت بوون پەیوەندییان بە زۆرێک لەو تاوانکاریانەوە بوو لە ناوچەکەدا و لەنێویاندا کوشتن و هەڵکوتانەسەر و زەویوزار داگیرکردن. هەرچەندە زۆربەی ئەم کارانە بە فەرمانی دەوڵەت نەبووە، بەڵام بەزۆری حکوومەت چاوی لێدەپۆشین و تارادەیەکی زۆر هەروا بێ لێپرسینەوە و سزا تێدەپەڕین و بارودۆخەکە راست نەکرایەوە[٢٠].

لەبەرئەوە کاتێ کە رژێمە تازەکە لە ساڵی ١٩٠٨دا دەسەڵاتی گرتەدەست، لە هەنگاوی یەکەمدا زەکی پاشای دەرکرد، کە کەسێکی نزیکی سوڵتان بوو و فەرماندەی میلیشیا کوردییەکان بوو (کە چاودێر و پارێزەری سەرەکیی ئەو میلیشیایە بوو)[٢١]، پاشان دەستی کرد بە سەرکوتکردنی چالاکییەکانی سەرکردەکانی سوارەی حەمیدییە و "دز و جەردەکانی" کورد لە ناوچەکەدا. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە وا کاربەدەستانی رژێمە تازەکە، بۆ نواندنی پابەندیی خۆی بە سەپاندنی یەکسانی و باڵادەستیی یاسا بە سەر هەموو عوسمانییەکاندا، کەوتە دەسگیر کردنی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی سوارەی حەمیدی و هەندێکیشیان لە خێڵە زۆر بەهێزەکانی ئەو میلیشیایە بوون[٢٢]. هەڵبەت هەواڵی ئەم دەسگیر کردنانە و هێزی هەواڵگری ناردنە سەر عەشیرەتە کوردەکان و دەستبەسەرداگرتنی چەکەکانیان، لە رۆژنامەی رەسمیی عوسمانیی *تەقویمی وەقایعدا Takvim – i Vekayi*، بڵاودەکرایەوە و حکوومەت بە ئاشکرا هەوڵ و کۆششی خۆی دەردەبڕی بۆ چەسپاندنی یاسا و نیزام لە ویلایەتە کوردییەکاندا[٢٣]. رژێمی تازە باسی لە هەڵوەشانەوەی سوارەی حەمیدی دەکرد و ئەمەش بوو بە هۆی نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی گەورە بۆ ئەوانەی میلیشیایان وەک ئامراز بۆ دەسەڵات و دەوڵەمەندبوون بەکاردەهێنا. پلانی تەواو هەڵوەشانەوەی میلیشیاکان پێشنیازی زیادکردنی کۆتوبەندی بەدوادا هات لە سەر ئازادیی سەرۆکەکانی سوارەی حەمیدی. سەرکردەکانی سوارەی حەمیدی بە شێوەیەکی تایبەتی پەستی و ناڕەزاییان دەردەبڕی لەو بڕیارە تایبەتانەی گێڕانەوەی تفەنگە حکوومییەکانیان و ئەو هەلومەرجانەش کە دەبوو کەسانی خێڵەکیی سەر بە سوارەی حەمیدی لە سەر تاوانی مەدەنی بدرێنە دادگای مەدەنی و تەنها بۆ تاوانی سەربازی بدرێنە دادگای سەربازی و پێشتر هەر ئەم دادگایە دەیڕوانییە هەموو سەرپێچی و سکاڵایەک و لێرەش بەدەگمەن

دادگایی دەکران لەڕووی کردارییەوە. هەروەها  نەخشـە و پلانـی هەواڵگریش دانرا دژ بە کوردەکانی دەرسیم کە لە سوارەی حەمیدیدا نەبوون[٢٤]. دواجار و لە هەمووشی گرنگتر، رژێمی تازە کەوتە دەرکردنی سەرۆک خێڵە کوردەکان لەو زەویـوزارانەی کە لە سـاڵانی رابـردوودا لە جووتیـارە ئەرمەنەکانیـان داگیرکردبـوو و ناچـاری کـردن زەوییەکـان بگێـڕنەوە بـۆ خـاوەنە راستەقینەکانیان[٢٥].

لە کاردانەوەی ئەم کردەوە توندانەدا، سـەرۆکە پەست و ناڕازییەکان کە لە چاوەڕوانیـدا ئارامیـان لێبڕابـوو تـاوەکو بـزانن کە رژێمـی تـازە چـی بـۆ هەڵگرتوون، کەوتنە خۆڕێکخستن بۆ دژایەتی و بەرهەڵستی کردنی حکوومەتە تـازەکە. وادیـاربوو کۆبـوونەوەی سـەرۆکە تـووڕە و ناڕازییەکـان لە پـاش ماوەیەکی کورتی جێبەجێ کردنی ستەم و سووکایەتی پێکردن دەستیپێکرد[٢٦]. لە هەمان مانگدا کە یەکەم کۆبوونەوەی تێدا راگەیەنرا، کونسوڵی بەریتانی لە وان لە راپۆرتێکی خۆیدا باسـی دامەزرانـدنی "یـانەیەکی کـوردی" کـردووە لە وان وەک لقێکی یانەکەی ئەستەمبووڵ و لە  راپۆرتەکەدا هاتووە کە ئەندامە سەرکییەکانی "ئەو ئاغا کوردە خراپانەن وەک حوسین پاشا و ئەمین پاشا و مستەفا بەگ و کۆپ محەمەد بەگ لە عەشیرەتی حەیدەرانلی (کە عەشیرەتیکی سوارەی حەمیدیی بەهێزە) و ... زۆربەی ئەندامەکانی وان لەو جووتیارانەن کە بـاجی دەیەک دەدەن و ئەوانیتـریش کە لە دەسـتکەوتە ناڕەواکانیـان دەترسن لە سایەی رژێمی نوێدا و شوێنکەوتووی تایبەتیان هەیە لە ناو "باش بزوقـدا" (کە ئەمـانە هێـزی نـانیزامی و جەردەن لە وانـدا). ئەگەرچـی ئەوان گەورە نین و بەتەواوی خۆیان نەگرتووە و هەوڵدانیان بۆ ترساندنی حاکمی ناوچەکە تا ئێستا بێهوودەیە و هیچی لێ شین نەبووە، بەڵام لە بارودۆخی تایبەتدا "رەنگە ببنە مایەی مەترسی". کونسوڵ باوەڕیشی وابوو کە بوون و

ئامادەگییـــان جۆرێـــک بـــووە لە دژە هێرشـــی کـــاردانەوە بـــۆ تونـــدوتیژیی تاشـــناقەکانی ئەرمەن، کە هەڕەشـــەی تۆڵەســـەندنەوەیان دەکـــرد و بووبـــووە مایەی مەترسی لای کوردەکان[٢٧]. لە دوای مـانگێکیش لقی دیاربەکری هەمـان یـانە کرایەوە و لە شـارەکانی ویـلایەت و ناوچەکانی تـریش یـانەی هاوشـێوە دامەزران و کـۆمەڵێکی بەرفراوانیـان بـۆ خۆیـان راکێشـا لە تـوێژی خەڵـکە تووڕە و ناڕازییەکانی کۆمەڵگەی کوردی[٢٨].

لەبەر رۆشـنایی رووداوگەلـی لەم چەشـنە، ناکرێـت وا تەماشـای ئەم یـانە کوردییـــانە بکرێـــت کە تەنهـــا لقـــی یـــانەکەی ئەســـتەمبووڵن، کە دیـــدێکی ئیتنـۆنەتەوەیی هەبـوو هەرچەنـدە عوسـمانییەکی تونـدبوو. یانەکـان بووبـوونە کـۆمیتەی نـاڕەزایی دەربـڕین دژ بەو "چەوســاندنەوە" نـوێیەی بەرەوڕووی ســـەرۆکە کوردەکـــان بووبـــووەوە، وەک هەوڵـــدان لەلایەن حکـــوومەتەوە بـــۆ کـۆنترۆڵ کردنـی نـاوچەکە بەتونـدی و هەڵوەشـانەوەی تـۆڕی ملکەچـی و خـاترجەمی کە لە سـەردەمی حەمیدییەکانـدا تەشـەنەی کردبـوو و کـاریگەریی زۆر خراپی هەبوو لە سـەر جووتیـارانی نـاوچەکە و ئەو عەشـیرەتانەی ملیـان بە سـوارەی حەمیـدی نەدابـوو، هەروەهـا لە سـەر بەرپـرس و کاربەدەسـتانی ناوچەکە کە نەیاندەتوانی بەکارایی حوکم بکەن. بەهەرحاڵ، ئەندامانی یانەکانی کۆمەڵەی هاوکاری و پێشکەوتنی کورد KTTC لە شار و ناوچە کوردییەکاندا وشـــە و دەســـتەواژەی "کوردانەیـــان Kurdism" بەکاردەهێنـــا لە پرۆتێســـت و نـاڕەزایی دەربڕینـدا و پێداگرییان لە سـەر ئەوە دەکـرد کە تووشـی سـزادان هاتوون و بەو پێیە گوتاریان لەبارەی پاراستنی "مافی کوردانەوە" لەوە زیـاتر بوو کە ناڕەزایی دەربڕین بێت لە سـەر ئەم سـزادانە. سـەبارەت بە ئەنـدامانی لقە سەرەکییەکەی ئەستەمبووڵ، ئەوان بانگەشەیان بۆ خوێندن و پەرەپێدانی زمانی کوردی دەکرد و شتێکیش لەوە خوارتر ئۆتۆنۆمیی ئیداری، کە ئەمـانە

شتگەلێکن بەعادەت دەیانبەستینەوە بە ناسیۆنالیزمەوە. بەپێچەوانەی زۆرێک لە رووناکبیرە کوردەکانی پایتەختەوە کە پشتگیریی CUP یان تورکە لاوەکانیان دەکرد (هیچ نەبێت لە سالانی سەرەتای دەسەلاتیاندا)، ئەندامانی یانە کوردییەکانی ویلایەتەکان هەولیاندەدا بگەڕێنەوە بۆ بارودۆخی پێش کارکردن بە دەستوور و بانگەشە کردنیان بۆ "گەڕانەوە بۆ شەریعەت" دروشمی ئەم خولیا و داواکارییە بوو[٢٩].

یانەکانی ویلایەتەکان وەک کۆڕبەندی نارەزایی دەربڕینی لێهاتبوو، بەلام لە هەمان کاتدا هەنگاو بە هەنگاو دەبوو بە پرۆژەیەکی رووڵەهەڵکشان و بایەخی زیاتری پەیدا دەکرد لە چیرۆکی ناسیۆنالیزمی کوردیی کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا[٣٠]. ئەم یانانە، سەرەڕای دابینکردنی کەناڵێک کە لە رێگەیەوە سەرۆکە کوردەکان بتوانن ئەوانیتری وەک خۆیان کەنارخراو ببینن، بواریشیان رەخساندبوو بۆیان کە بگەنە گۆڤار و رۆژنامەکان لە رێگەی پەیوەندییانەوە بە کۆمیتە ناوەندییەکەی ئەستەمبووڵەوە. زۆرێک لە سەرۆکە کوردە حەمیدییەکان و کەسانی تریش پەیامیان نارد بۆ رۆژنامەکان کە لە لایەکەوە نارەزاییان دەردەبڕی و لەولاشەوە ملکەچیی خۆیان بۆ رژێمی تازە رادەگەیاند – کە ئەمەش ستراتیجییەتێکی نەریتی و کلاسیکی بوو بۆ خۆپارێزی. پەیام و نامەکان ئامانجیان رەتکردنەوەی ئەو ئیدیعایانە بوو لەدژیان و قەناعەتکردن بە رژێمی تازە کە ستەمیان لێنەکەن و سزایان نەدەن و نکووڵییان لەو تۆمەتانە دەکرد کە درابووە پاڵیان و ملکەچی و پابەندیی خۆیان بە دەستوور و رژێمی نوێوە رادەگەیاند[٣١]. هەروەها داواکاری و پاکانەیان بۆ رۆژنامەی فەرمیی تەقویمی وەقایع بەرزدەکردەوە.[٣٢]

سەرۆک هۆزە کوردەکانی ویلایەت و ناوچەکان، لە دەربڕینی ملکەچی و پابەندییان بە رژێمی نوێوە، جیاوازییەکیان نەبوو لە هاوەڵ و هاوشێوەکانیان

له یانه ناوەندییەکەدا. پێدەچێت کلیلی ئەجێندای یانەکان ئەو هەوڵ و تەقەلایە بووبێت بۆ قەناعەت پێکردنی رژێمی تازە لەبارەی ملکەچیی کوردەوە وەک کۆمەڵ. هەروەها ژمارەیەکی باش لە مونەوەر و رۆشنبیرە کوردەکان هەبوون کە پەیوەندییان بە CUPوە هەبوو سالانێک پێش گەیشتنی بە دەسەلات. روون و ئاشکراشە کە لە رژێمی تازەدا یەکگرتنێکی پتەو هەبوو لە تێڕوانینی پڕ گومان و دوودڵی بۆ کۆمەڵێک کە وەک "کورد" دەسنیشانیان کردبوو. ئەم سڵ و پارێزە لە کورد لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە تێبینیی ملکەچییان کردبوون بۆ ئەو سوڵتانەی ئەمان بەرهەڵستییان دەکردن و لەدژی دەوەستانەوە – ئەو ملکەچییەی لە سالانی سیاسەتی "کاری ئیجابیی" سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا لەگەڵ سەۆک هۆزە کوردەکان چەسپاندبووی، وەک پێشتر باسی لێوە هاتووە.

هەروەها لە ژێر فشاری ئەوروپییەکاندا بۆ راستکردنەوەی ئەو هەلانەی دژ بە ئەرمەنەکان بەرپاکران و زۆرێک لە سەرۆک هۆزە کوردەکان پەیوەندییان پێوە هەبوو، رژێمی نوێ ئەو ویلایەت و ناوچانەی کردە ئامانج کە کورد و ئەرمەنیان تێدا نیشتەجێ بوو بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی گرنگ. سەرەڕای ئەو راستییەی کە وا ژمارەیەکی زۆری کوردە خوێندەوارەکان لە بزووتنەوەکەیاندا بوون (واتە تورکە لاوەکان)، بەلام بەگشتی وێناکردنی کورد وەک گرووپێکی دواکەوتووی نەزان تەماشا دەکرا کە بە شێوەیەکی بەرفراوان پێویستیان بەوەیە جڵەو بکرێن و شارستانێتیان تێدا بلاوبکرێتەوە. رۆشنبیرە کوردەکان دەیانویست ئەم چەمک و تێگەیشتنانە بڕەوێننەوە و بە گەرمی و پەرۆشییەوە کاریان بۆ دەکرد لە رۆژنامەکانیاندا. بەلام ئاهەنگی کردنەوەی یانەکەیان لە ئەستەمبووڵ، کە پاش ماوەیەکی کورت لە گێڕانەوەی

دەستوور سازکرا، مەترسییەکانیانی دەرخست و پیشانیدا کە چۆن پلان دابنێن بۆ چارەسەرکردنی.

لەو کۆبوونەوە سەرەتاییەدا کە لە مزگەوتی ئایاسۆفیا لە ئەستەمبووڵ بەسترا، ئەم مەترسییانە بە ئاشکرا وەدەرکەوتن لەو بڕیارانەدا کە ئامادەبووان دایان. ئەوان دەیانویست دەستبەرداری "ئیدیعا پڕ لە بوختان و ناوزڕاندنەکانی ڕۆژنامەی *فەیزی حوڕییەت Feyzi Hurriyet* بن دژ بە دانیشتوانە کوردە دڵسۆزەکان" و هەوڵ بدرێت لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە خەڵکی لەوە تێبگەیەنرێن کە "تەنها ئاغاکان بەرپرسیار بوون لە کێشە و مەینەتیی وڵاتی کوردان و بەرپاکردنی ئەو ئاژاوە و پشێوییەی بوو بە هۆی گرفتاری و تەنگ پێهەڵچنینی هاوڵاتییە کریستیانەکانیان". هەروەها ئەوەشیان ڕوونکردەوە کە وا ئەو کەسایەتییە کوردانەی بە توندوتیژی ناوبانگیان دەرکردووە، هەڵیاننابژێرن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی (مەجلیسی مەبعووسان) و پلانیان هەیە بۆ کەمپەینێکی نامە نووسین لەمڕووەوە[٣٣]. لە کۆبوونەوەیەکی تری بەراییدا، کە لە قاوەخانەی کافێ دی لێکتور café de lecture بەسترا لە گەڕەکی ڤەزنەجیلەری ئەستەمبووڵ و وتاری تێدا خوێنرایەوە و ئەو کوردانەی کە لەوێ ئامادەبوون سوێندیان خوارد "کە تا دوا دڵۆپی خوێنیان شەڕ دەکەن بۆ پاڵپشتیی سەرەتا و پرینسیپەکانی دەستوور، کە ئاشتی و ئارامیی نیشتمانی خۆشەویستیان دابین دەکات و نیازپاک بن بۆ پێشخستنی سەرتاپا وڵاتی عوسمانی". هەروەها جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە کە "هیچ ئایدیا و نیازێکیان نیە نە بۆ سەرپێچی کردن لە دەستوور و نە بۆ کۆسپ و تەگەرە خستنەڕێی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی CUP". جگە لەوەش، بەڵێنی گێڕانەوەی ئەو دۆستایەتییە نەریتییەیان دا کە لە

نێوان کورد و ئەرمەندا هەبوو و لەلایەن حکوومەتێکی خراپەوە تێکشکێنرا، لە ژێر سایەی ئیدارەی پێشوودا[٣٤].

زۆر زەحمەتە بە دڵنیاییەکی رەهاوە کە وا سەرکردەکانی کۆمەڵەی هاوکاری و پێشکەوتنی کورد KTTC لە ئەستەمبووڵ لقەکانی یانەکەیان بۆ ئەوە دامەزراندبوو کە لەو رێگەیەوە کۆنترۆڵی ئاراستەی تێکەڵ و پێکەڵیی هاونیشتمانییەکانی خۆیان بکەن لە ویلایەتەکاندا و لەگەڵ ئەوەشدا، وادیارە ئەم ئەرکە هەندێک رۆڵی گێڕابێت لە مەسەلەی ئینتیمای یانەکاندا، بەوەی ناوەند و لقەکانیشەوە، بەگوێرەی ئەو راگەیاندنانەی کە لە کۆبوونەوەکانی یانەکەی ناوەندەوە دەردەچوو. ئەوەی کە زۆر روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە CUP کەسایەتییە کوردە ناودارەکانی بەلای خۆیدا راکێشاوە، لەوانەی کە وا ئەندامی دیار و سەرەکیی یانەکەی ناوەند بوون، بۆ پشتگیری کردنی کار و کردەوە سزائامێزەکانی دژ بە سەرکردە کوردەکانی ویلایەتەکان، لە رێگەی هەوڵ و کۆششی قەناعەت پێکردنەوە. کۆمیتەی ناوەندیی CUP شێخ عەبدولقادری سەرکردەی کاریگەری کوردی شەمدینانی هەڵبژارد، کە لە هەمان کاتیشدا ئەندامی دامەزرێنەری KTTC بوو، بۆ ئەوەی وەک نوێنەر سەفەر بکات بۆ کوردستان و ئەرکی راکێشانی کوردەکانی ناوچەکە بوو بۆ پاڵپشتی کردنیان لە رژێمی نوێ. هەرچەندە شێخ عەبدولقادر ساڵانێک نیشتەجێی کوردستان نەبوو، بەڵام خاوەنی "ناوبانگێکی گەورە بوو" لەلایەن تەواوی سەرکردەکانی کوردەوە لە ناوچەکەدا و کاریگەری و دەسەڵاتیکی گەورەی هەبوو لەناویاندا[٣٥]. پاشان وەک نەخشەی بۆدانرابوو، لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٠٩دا، شێخ عەبدولقادر گەیشتە وان و لەگەڵ حاکمی ئەو ویلایەتەدا نەخشەیان بۆ زنجیرەیەک موحازەرات دارشت لە سەر دەستوور، جگە لە "ئامۆژگاری کردنی ملکەچیی" بۆ رژێمە نوێیەکە، کە دەیگەیەنێتە سەرۆکە

کوردەکانی ویلایەتەکە[٣٦]. "کۆنفرانسەکە" ماوەی دوو هەفتەی خایاند و بە ئاستێکی بەرفراوان نەک تەنها سەرکردە کوردەکانی ناوچەکە ئامادەی بوون، بەڵکوو ئەرمەنە کاریگەر و خاوەن دەسەڵاتەکانیش ئامادەی بوون. لە ئەنجامی کۆتاییدا گرووپەکە بەڵگەنامەیەکیان مۆرکرد کە لەلایەن کوردەکانەوە بەڵێننامەی فەرمی لەخۆگرتبوو سەبارەت بە "پێکەوەژیانی دۆستانە لەگەڵ برا ئەرمەنەکانیاندا و کارکردن بۆ یەکگرتنی هەموو توخم و رەگەزەکان و یارمەتیدانی حکوومەت بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی کارە هەڵەکان"، هەروەها رێککەوتنێک بۆ رادەستکردنی زەویوزاری دەستبەسەرداگیراوی ئەرمەنەکان لە بەهاری داهاتوودا[٣٧]. بە هەمان شێوە سەرۆکە "یاخیبووەکانی" دەرسیم دەستبەسەر کران و "ئامۆژگاریی هاوشێوەی پێویستیان درایە" بە مەبەستی دەربڕین و پیشاندانی ملکەچی بۆ رژێمە نوێیەکە[٣٨]. هەروەها رووناکبیری کاریگەری کورد سەعیدی کوردیش گەشتیکی بە ناوچەکەدا کرد بۆ ئامۆژگاری و راوێژپێدان بە ژمارەیەکی زۆر لە هۆزەکان سەبارەت بە سوودەکانی دەستوور[٣٩].

ئەم هەوڵ و کۆششانە گەلێ جارنامەی رەسمیی لێکەوتەوە سەبارەت بە ملکەچی بۆ دەستوور و حکوومەتی نوێ لە لایەن سەرۆکە جۆراوجۆرەکانی کوردەوە. بەهەرحاڵ، ئەوە رێگەی هەڵچوون و وروژانی لێنەگرتن کە بگەرێنەوە بۆ بارودۆخی پێش گۆڕینی رژێم. تەنانەت لە پاش دەرکردنی یاسای کۆمەڵەکان لە دوادویی ساڵی ١٩٠٩دا و بەو پێیە فەرمانێک دەرکرا بە داخستنی یانە کوردییەکان (لە نێو مەسەلەکانی تردا)، کەچی لقەکانی ویلایەتەکان بەردەوام بوون لە سەر کاری خۆیان بە شێوەیەکی نهێنی. هەرچەندە مەسەلەکە دەکەوێتە دوای ئەو ماوەیەی پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت، بەڵام شیاوی ئاماژە پێکردنە کە وا بە هاتنی ساڵی ١٩١٠ چاودێران

تێبینیی ئەوەیان کردبوو کە "بزووتنەوەی کورد" لە ویلایەتەکاندا زیندووە و گەشە دەکات"[٤٠].

راستییەکەی ئەگەر "بزووتنەوەیەکی کوردی" لەم کاتەدا هەبووبێت، ئەوە ئەو بزووتنەوە نەتەوەییەی کوردە خوێندەوارەکانی ئەستەمبووڵ نەبوو کە هەڕشە بێت لە سەر ئیمپراتۆرێت. پێش هەموو شتێک، ئەوەی پەیوەندیدارە بەم گرووپەوە، کە دەنگی هێشتا هەر تەواو لاوەکی و پەراوێزخراو بوو، کە ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی سەرەکی بەهێزکردنی رەگەز و توخمی کوردی دەگەیاند لە ناو قەوارەی عوسمانیدا و لە رێگەی خوێندن و مۆدێرنە کردنەوە و لە هەمان کاتیشدا بەهێزکردنی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی لە رێگەی دەوڵەمەند کردنی ئەندامانی گرووپەکانیەوە لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا (لەڕووی کولتووری و مادییەوە). گوتاری ئەو رووناکبیرە کوردانە لەم کاتەدا بەردەوام بوو بۆ جەختکردنەوە لە سەر ئەوەی کە وا کوردەکان بەشێکی دانەبڕاون لە ئیمراتۆرییەتی عوسمانی و ئەمەش خاڵێک بوو تەنانەت تا دوای جەنگی جیهانیی یەکەم پاراستیان. تەنها کاتێک کە ئیمپراتۆرێت لەوەدابوو بکەوێت ئەم خولیا و داواکارییە دایە کزی و دەستەبژێرە خوێندەوارە کوردەکە بە سڵەوە تا دەهات زیاتر روویان وەردەچەرخاند، وەک لە "بەشی کۆتاییدا" لە خوارەوە باس دەکرێت. هەڵبەت بزووتنەوە "کوردییە" نانەتەوەییەکەی ویلایەتەکان دەسەڵاتدارانی بێزار دەکرد زیاتر لە هەر ناسیۆنالیزمێک کە کوردە خوێندەوارەکانی پایتەخت لەئەستۆیان گرتبوو. بەرپرسانی CUP، لە سەر رێچکەی حەمیدییەکانی پێش خۆیان رۆیشتن و باوەڕیان وابوو کە کوردی ویلایەتەکان بە رادەیەک گرنگن کە پشتگوێ خستنیان کاری کردە نیە و نەگونجاوە. لە وەختێکی لە سەرپل و ناسکدا و کاتێ کە ئیمپراتۆرێت بەرەوڕووی هەڕەشە و مەترسیی ناوخۆ و بەتایبەتتر

دەرەکی بووەوە، دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەوڵیاندا دۆستایەتی و دڵبەندیی دانیشتوانە کوردەکە بپارێزن، لەبەر ئەوەی کوردەکان بایەخێکی تایبەتیان هەبوو و کۆمەڵگەی سەردەست بوون لەو هەرێم و ناوچانەدا کە ئەرمەنیان لەگەڵ دەژیان و بۆ ماوەی چەندین دەیە بوو حکوومەتی ناوەندیی عوسمانی بە ناوچەیەکی هەستەوەر و پڕ لە پیلان و دەستێوەردانی ناوەکی و دەرەکیی لەقەڵەم دەدا. راستییەکەی، بە زیادبوونی بایەخی رووسیا بەم خاک و ناوچانە بایەخ و گرنگیی کوردەکانیش زیادی کرد[٤١]. بەوپێیە ستەم و سەرکوتکردن لە سەریان سووککرا و بەڕوونی ئەوە بەدیدەکرا کە سەرۆک هۆزە کوردەکان تووشی فشار و تەنگپێهەڵچنینی زۆر نەدەهاتن و لەوەش گرنگتر تەماشایان دەکرد کە ناچار ناکرێن هیچکام لەو زەویوزارانەی لە جووتیاری ئەرمەن و (هەروەها کوردیش) داگیریان کردبوو بیانگێڕنەوە و ئەم مەسەلەیەش بووبوو بە مایەی سەرسوڕمان و دڵەڕاوکێیان.

## کۆتایی (١٩١٠ – ١٩٢٥)

ئەگەرچی رژێمە نوێکە واپێدەچوو کە دەخوازێت دڵڕاگری بکات بۆ توخمی بەهێزی خێڵەکیی کورد لە ویلایەتەکاندا، بەڵام سەرداره کوردەکان هەر بە دوودڵی و دوو بۆچوون مانەوە بەرانبەر بە CUP لە ساڵانی پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا. بەهەرحاڵ، وەک پێدەچوو کە ئیمپراتۆریت بەرەنگاری ئەو جەنگانە بووبێتەوە کە مەحاڵ بوو بەریان پێبگیرێت (یەکەمیان جەنگەکانی بەڵکان و پاشانیش جەنگی جیهانیی یەکەم کە هەڵایسانی لە ئاسۆوە دیار دەکەوت)، بیر و بۆچوونی ناسیۆنالیزمی کوردی لەناویاندا بڵاوبووەوە. بەو پێیە بزووتنەوەکە، کە لەڕاستیدا دووان و (بگرە سیانیش بوو بە کردار) کەوتە دابینکردنی زەمینەیەکی هاوبەش، یان بەلای کەمەوە

هاوبەشـی لە فەرهەنگی وشـە و دەسـتەواژەکانی. بە نزیکبـوونەوەی کۆتـایی جەنـگ هەرەسـهێنان و هەڵوەشـانەوەی پاشـماوەی ئیمپراتۆریێت لە ئەمـڕۆ و سبەیدابوو. لێرەوە ئیتر ناسیۆنالیزمی کوردی وەک ئەگەری سەروبەرگرتنێکی سیاسی بۆ پاشەڕۆژی کورد وەدەرکەوت، نەک وەک هۆکار یان لێکەوتەیەکی راستەوخۆ بۆ هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریێت، بەڵکو وەک یەکێک لە کاردانەوە زۆرەکـان بـوو بـۆ ئەوە و بەتـایبەتی لە گەرمـاوگەرمی دوای بنیاتنـانی دەوڵەتـدا[٤٢]. رووداوە تایبەتەکـان بـوون بە مـایەی هەڵکشـانی ژمـارەی ئەو کوردانەی باوەڕیـان بە ناسـیۆنالیزم هێنـا بە هەر شـێوەیەک بێت لە سـاڵانی راسـتەوخۆی دوای جەنگـی جیهـانیی یەکەمـدا. لەگەڵ ئەوەشـدا، تـا دروسـتبوونی عێـراق و تورکیـا و سـووریا سـەرانی ئەم دەوڵەتە تـازانە سیاسەتی نەتەوەیی دژەکوردیان نەگرتەبەر، چونکە ناسیۆنالیزمی کوردی یان کـوردیزم لە ڕێچـکەی سـڵ و خۆپـارێزی لایـدا و وەک بزووتنەوەیەکـی راشـکاوانەی جیـا لە ئەجێنـدا و بەرنـامەی عوسـمانیزم و پـان ئیسـلامیزمدا دەرکەوت[٤٣].

# ئەنجام

ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە دەڵێت گوایە ناسیۆنالیزمی کوردی نەبووە لە دوادوایی سەردەمی عوسمانیدا و ئەو جەختکردنەوەش راست نیە کە وا کوردانی عوسمانی هیچ شوناسێکی کوردییان نەبووە کە جیابێت لە شوناسە خێڵەکی یان ئاینی یان عوسمانییەکەیان، کە هاوشانی یەکتر بوون. بەهەرحاڵ، ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە پاڵیان بە توخمی کوردییەوە دەنا لە ناسنامەکەیدا بە زەروورەت لە ناکۆکی و ململانێدا نەبوون لەگەڵ ئەو بزووتنەوانەی لە سەر ناسنامە یان شوناسی تر بەندبوون، چەشنی عوسمانیزم، بەلای کەمەوە تا ئەو کاتەی دواتری گەمەکە کاتێ ئەو دەوڵەتانەی دابەشدەکرێن بەسەریاندا بەرەو سیاسەتی شۆڤێنیی نەتەوەیی وەردەچەرخێن سەبارەت بە کەمینەکانیان. لەڕاستیدا، گەلێ لە ناسیۆنالیستە کوردەکان هەر بەردەوام بوون لە سەر عوسمانێتیی خۆیان تا دوای جەنگی جیهانیی یەکەمیش. ئەو جۆرەی ئەوان لە ناسیۆنالیزمی کوردی هیچ هەڕەشەیەکی دروست نەدەکرد لە سەر ئیمپراتۆرێت. بەڵام سەبارەت بە هاوچەشنەکانیان لە ویلایەتەکاندا، کە ئەمانیش توخمی ناسنامەی کوردیان لە بزووتنەوەکەیان وەدەرنابوو و ئەجێندای نەتەوەیی لایان گەشەی نەکردبوو. ئەوان چالاکی و وابەستەییان بە یانە کوردییە ناوچەییەکانەوە بریتیبوو لە جموجووڵێکی نارەزایی دەربڕین دژ بە رژێمێک کە هەڕەشە بوو لە سەر ئەو دەسەڵات و ئیمتیازانەی کە لە سەردەمی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا هەیانبوو. ئەوان دژ بە سیاسەتەکانی رژێمی تازە وەستابوونەوە کە دەستدرێژیی کردبووە سەر "ئازادیی کوردەکان" و باوەڕیان وابوو کە رژێمی نوێ کردوونی بە ئامانجی "چەوسانەوە" و لەمەدا بەتەواوی هەڵە نەبوون،

چونکە CUP لە دەسەڵاتدا دەیویست پاشگەز ببێتەوە لەو تۆڕە بریکار و شوێنکەوتووانەی کە رژێمی پێشوو لە ناو کورددا چاندبوونی و ئەمانیش پابەند و جێمتمانەی بوون. بەهەرحاڵ، "کوردپەروەری" ویلایەت و ناوچەکان بەدوای سەروبەرگرتنێکی سیاسییەوە نەبوون کە بەزەرووڕەت قەوارەیەکی کوردیی جیاکاریان پێپەسەندتر بێت، بەڵکو قەناعەتیان بە گەڕانەوە بوو بۆ ئەو بارودۆخەی پێش CUP.

لەڕاستیدا، رەنگە کۆمیتەی ناوەندیی KTTC وای بەخەیاڵدا هاتبێت کە یانەکانی لقە ناوچەییەکان هۆکارێک بن بۆ کۆنترۆڵ کردن و ئاڕاستە کردنی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی ویلایەتەکان کە لە ناو سەرۆکە ناڕازی و تووڕەکانی ویلایەتەکاندا سەریانهەڵدابوو. ئەوان لەمەدا کار و کردەوەکانیان دەچووە خزمەتی پاڵپشتی کردنی رژێمە تازەکەوە نەک لەدژی. هەڵبەت گوتار و چالاکییەکانیان ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە ئەوان لەگەڵ هەوڵ و تەقەلایاندا بۆ بەرزکردنەوەی شوناسی کوردی و تا دەهات نیگەرانی و دڵەڕاوکێیان زیادی دەکرد لە گەشەکردن و هەڵکشانی هێزی ناسیۆنالیزمی تورکی، بەڵام ئەوان وایان نەدەبینی کە بزووتنەوەکەیان مەبەستی هەڕەشەی هەبێت لە ئیمپراتۆرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوان لە هەوڵی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئیمپراتۆرێتدا بوون، لەگەڵ زەمانەتکردنی دانپیانان بە پێداویستیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خوێندن و فێرکردنی کورددا لەلایەن حکوومەتی عوسمانییەوە. لێکۆڵینەوەیەک لە سەر لقەکانی KTTC لە ویلایەتەکاندا گومان دەخاتە سەر هەر گریمانەیەک لەبارەی یەکێتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و دید و بۆچوونی هاوبەشی ئەندامە جیاوازەکانی. هەروەها رەچاوکردنی ئەوەی کە پێیدەوترێت بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کورد لە ماوەی ئەم پێداچوونەوەیەدا دیسانەوە گومان

دەورووژێنێت لە سەر پەیوەندیی مەبەستداری نێوان ناسیۆنالیزم و کۆتایی ئیمپراتۆرێتدا. لە هیچ کات و شوێنێکدا ناسیۆنالیزمی کوردی بە زەروورەت هەڕەشە نەبووە بۆ ئیمپراتۆرێت و لەڕاستیدا بۆ گەلێک لە ناسیۆنالیستەکان ئەوە گوتارێک بووە بۆ پشتیوانی کردن لە ئیمپراتۆرێت.

ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی حاڵەتی ئێستا دەیسەلمێنێت راگەیاندنی هرۆشە کە وا وشە و دەستەواژەکانی ئێستامان بۆ گفتوگۆ کردن لە سەر ناسیۆنالیزم و بەتایبەتی بزووتنەوەکانی کەمینەکان لە دەوڵەت یان ئیمپراتۆرێتە فرە ئێتنیک و نەژادەکاندا، پێویستی بە وردەکارییە بۆ لێکدانەوەی ئاڵۆزیی ئەم بزووتنەوانە. ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ ئەو حاڵەتەی لێرەدا باس کراوە، کە هەندێک گرووپ بە نەتەوەیی خۆیان پێناسە دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا داواکارییان بۆ دەوڵەتێکی زیاتر گشتگیر و نانەتەوەییە و لە سنوورەکەیدا گرووپی جۆراوجۆر بگرێتەخۆی. ئەوەی کە دۆخی کوردیی عوسمانی پیشانیدەدا ئەوەیە کە بزووتنەوە ئێتنیکییە نەتەوەییەکان لە ناو ئەو گرووپانەدا کە باڵادەست نین لە دەوڵەتە فرە نەتەوە و نەژادەکاندا بە زەروورەت جوداخواز نەبوون یان تەنانەت ناسیۆنالیستیش نەبوون بە مانا وردەکەی ئەم وشەیە. لەبری ئەوە ئەو گرووپانەی کە ئێمە ناوی "ناسیۆنالیستیان" لێدەنێین ئاواتیان ئەوەیە کە بە ئاشتی بژین لەگەڵ گرووپی "نەتەوەیی یان ناسیۆنالستیی" تردا، لەکاتێکدا کە توخمە ناسیۆنالیستییە رووکەشەکانی تر تەنها سکاڵا و داواکارییە سیاسی و ئابوورییەکانیان دەخستە ناو چوارچێوەی ئیدیۆمی نوێی ناسیۆنالیزمەوە.

ئەو وشە و دەستەواژانەی من لە ئەنجامگیریی خۆمەوە بەدەستمهێناوە، واتە نەتەوەییە کوردەکان و کوردە نانەتەوەییەکان، بریتین لە هەنگاوی یەکەم و رەنگە هەنگاوی ناتەواو و شەرمنانە بن، بۆ چارەسەری ئەو

زاراوانەی هرۆش دەستنیشانی کردبوون و ئەمەش کێشەیەکە وادیێتە بەرچاو کە قووڵتر بێت کاتێ مەسەلەکانی ناسیۆنالیزمی کەمینەکان ڕەچاو دەکرێن. بەدڵنیاییەوە پێویستە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی زیاتر بکرێت بە مەبەستی تێگەیشتنی قەناعەتبەخش و زیاتری "ناسیۆنالیزمی" کەمینەکان. بێگومان کێشەی زاراوەسازی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هێشتا بەتەواوی پەیمان بە ئاڵۆزیی بزووتنەوەی کەمینەکان نەبردووە لە قەوارە فرە ئیتنیک و نەژادەکاندا. ئەنجامدانی ئەم کارە ڕەنگە بمانخاتە سەر ڕێگەیەکی باشتر نەک هەر تەنها بە تێگەیشتن لە رابردوو، بەڵکو بۆ چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆش کە ژیربێژیی هاوبەش وایدەبینێت کە دەوڵەتە فرە ئیتنیکەکان زەمینەی بەپیتن بۆ کارەسات، یان بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کەمینە بەگشتی بەنیازی کارکردنن دژ بە یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی پەیوەندیدار. تێگەیشتنی روونتری ئاڵۆزیی ناسیۆنالیزمەکانی کەمینە یان ڕەنگە وێناکردنێکی نوێ بۆ زاراوەسازیی بەکارهاتوو بۆ جیاکردنەوەی ئەم جۆرە بزووتنەوانە ڕەنگە مەترسیی توندی ئەو وڵاتانە سووک بکات کاتێ گرفتاری ئەوەی پێیدەوترێت بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی دەبن لە ناو سنوورەکانیاندا. هەروەها یارمەتیی ئاشتیپاریزان دەدا بۆ هاوکاری کردنی ئەم هێزانە لە سەلماندنی توخمە گشتگیر و مێژووییەکان لە ڕەچەتەیەکی ئاشتیدا، لەبری خۆڕادەستکردن بە گریمانەی دەوڵەتان کە پێویستیان بەوەیە نەتەوەیی بن بۆ ئەوەی بەهێزبن و دەبێت بزووتنەوە ئیتنیکییەکان لە ناو سنوورەکانیاندا تێکبشکێنن لە ڕێگەی تواندنەوە یان نکوولیکردن یان هێزەوە. ئێمە ئەگەر بتوانین گوتار و ڕێبازمان دابڕێژینەوە لە بەرانبەر ناسیۆنالیزم لە نێو ئەو گرووپانەی باڵادەست نین، ئەوە ڕەنگە نەتوانین دووبارە بیر لە رابردوو بکەینەوە بەتەنها، بەڵکو دەشتوانین پاشەڕۆژێکی باشتر دابین بکەین،

بەتایبەتی لەو ولاتانەدا کە ناسیۆنالیزمی کەمینە گرێدراوە بە ململانێی توندی ئیتنیکی و نەژادییەوە.

## سەرچاوە:

گۆڤاری نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم، ژمارە ١٣ (١)، کانوونی دووەمی ٢٠٠٧، ل ١٣٥ – ١٥٣.

باس / کوردە نەتەوەییەکان و نانەتەوەییەکان: پێداچوونەوە بە ناسیۆنالیزمی کەمایەتییەکان و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی، ١٩٠٨ – ١٩٠٩.

نووسەر / جانێت کلەین

Nations and Nationalists, 13: 1 (Jan. 2007), pp. 135 – 153.

Kurdish Nationalists: Rethinking Minority Nationalism and the Dissolution of the Ottoman Empire, 1908 – 1909.

Janet Klein

Akron university / Dept. of History

## تێبینی و سەرنج

١ – گەلێ ڕێبازی ئیلهامبەخش لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە توێژەرانەوە خراونەتەڕوو لێرەدا گرنگترین نموونەیان ئەمانەن: ئەدەنیر و فاروقی (٢٠٠٢)، گۆفمان (٢٠٠٢)، تیۆدۆرۆڤا (١٩٩٦) و بەتایبەتیش ئەبولحاج (٢٠٠٠ ، ٢٠٠٥).

٢ – بۆ نموونە بڕوانە، گرین (٢٠٠٠)، کەفدار (١٩٩٥) و لۆري (٢٠٠٣).

٣ – بۆ نموونە بڕوانە، داڤیسۆن (١٩٧٧) و کارپات (١٩٨٨). هەندێک هەڵاواردنی ئەم دواییە هەیە کە شیاوی تێبینین، بڕوانە پەیپەرە بڵاونەکراوەکانی (Petrov, 2003، Poutouridou، Yosmaog˘lu)، کە هاتوونەتە پاڵم لە لیژنەی کۆمەڵەی مێژوویی ئەمریکی، "هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریێت و بنیاتنانی نیشتمان – نەتەوە: دۆخی

ئیمپراتۆریێتی عوسمانی بە نموونە". هەروەهان ئەو سەرنجانەی کە رەفعەت عەلی ئەبولحاج و دۆناڵد کویرت، کە سەرۆک و وتەبێژی لیژنەکەن، مایەی نرخاندنێکی گەورەن.

٤ – باسە بەراوردکارییەکە زۆر بایەخدارە بە هۆی سەرنج و تێبینییە نایابەکانی مایکڵ مانەوە (١٩٩٣: ٣٤٧) سەبارەت بە "نەتەوە و چینە هەرێمییەکانی کە جێگیر بوون لە سەردەمی فەرمانڕەوایی هابسبورگدا – بەڵام جوگرافیای سیاسی پێچەوانەی ئەوە دەگەیەنێت". ئەمە وێنەیەکی هاوشێوەی سەرنجراکێش پێشاندەدات لە مەسەلەی عوسمانیدا، وەک لەم باسەدا ئیشارەتم پێکردووە.

٥ – سەبارەت بە هەندێک لە رووناکبیرانی کورد و بۆ ئیزافەکردنی ئاڵۆزییەک بۆ مەسەلەکە، "کوردبوون Kurdishness" پرۆژەیەک بوو بە ئەنقەست جووڵێنرا بۆ سەروبەرگرتن ورێکخستنی دۆخی سیاسیی نەریتیی بنەماڵەیەک لە رێگەی بەکارهێنانی ئیدیۆمی ناسیۆنالیزمەوە. رەچاوکردنی چالاکییەکانی برایانی بەدرخان لە سەرەتای ساڵی ١٨٩٨ وە و هێز و گوڕ بەدەستهێنان بەدرێژایی چەند دەیەی دواتر بۆ سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بۆ ئەوان بریتی بوو لە هۆکاری وەرگرتنەوەی بەشێک لەو دەسەڵاتەی بنەماڵەکە لەدەستیدابوو پاش تێکشکاندنی میرنشینە بەهێزەکەیان پێشتر لە سەدەی نۆزدەهەمدا. بەشێک لە کەمپەینی نەتەوەییان خولیای وەرگرتنەوەی ئەو میرنشینییە بوو کە رۆژگارێک کەسانی بنەماڵەکەی ئەمان سەرگەورەی بوون (هەرچەندە بەئاشکرا دەریان نەدەبڕی)، وەک گەڕانەوەیەک بۆ شکۆی کورد لە سەروەختی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا. لەکاتێکدا کە ئەمە بەدڵنیاییەوە کۆمەڵێک بابەتی گرنگ دەخاتە سەر مەسەلەی ناسیۆنالیزم، کە لێرەدا باسی لێوە کراوە، بەڵام لە جوغزی ئەم ئەم باسەدا نیە بۆ ئەوەی لە سەری بڕۆین و ئەو خوێنەرانەی مەسەلەکە جێبایەخیانە دەکرێت راوێژ بە کلاین (١٩٩٦) بکەن.

٦ – بەهیوام سوود لە مشتومڕ و بیر و بۆچوونی جوانی ئەم توێژەرانە ببینن: حەمید بۆزئەرسەلان (١٩٩٦)، مارتن ڤان برونەسن (١٩٩٧ ئە، (١٩٩٧ ب)، (٢٠٠٠)، (٢٠٠٢)، فوککارۆ (٢٠٠٢) ، ماکدواڵ (٢٠٠٤)، ناتالی (٢٠٠٥)، ئوێزئۆغڵوو (٢٠٠٤)، یاڵچین – هێکمان (١٩٩٠)، یەغەن (١٩٩٦)، جگە لە بەشداریی نووسەران لە کتێبی عەبباس

وەلی (٢٠٠٣)دا، کە هاوکار بوون لە دووبارە بیرکردنەوە و پێداچوونەوەی سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

٧ – بڕوانە هانیئۆغڵو (١٩٩٥، ٢٠٠١) بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر باکگراوندی بزووتنەوەی تورکە لاوەکان.

٨ – زانیارییەکی تەمومژاوی هەیە لە سەر ڕێکخراوێکی کوردی بە ناوی "کوردستان عەزمی قەوی جەمعییەتی - Kurdistan Azmi kavi Cemiyeti "، کە وا کەسێکی نەتەوەپەروەری کورد لە یاداشتەکانیدا دەیگێڕێتەوە گوایە دیاربەکرلي فکري ئەفەندي و کوردیزادە ئەحمەد رامز بەگ لە قاهیرە دایانمەزراندووە و لە سالآنی ١٩٠٠ تا ١٩٠٤ چالاک بووە، (قەدری جەمیل پاشا ١٩٩١: ٣١).

٩ – لێرەدا پێویستە دوو چالاکیی تر باس بکرێت. یەکەمیان یاخیبوونی شێخ عوبێدوڵا لە ماوەی سالآنی ١٨٧٩ – ١٨٨١دا، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بە یەکەم بزووتنەوەی "نەتەوەیی کورد" دادەنرا (جوەیدە ١٩٦٠) و (ئۆڵسن ١٩٨٩). لەکاتێکدا کە بە دڵنیاییەوە شێخ جۆرێک لە ئیدیۆمی ناسیۆنالیستیی بەکارهێناوە بەلآم بە مانا فراوانەکەی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی نەبووە. دووەم، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، کە ناوی *کوردستان* بوو، لە ساڵی ١٨٩٨ تا ١٩٠٢ لە لایەن دوو کەس لە بنەماڵەی بەدرخان بڵاوکرایەوە – کە بنەماڵەیەک بوو سەروەختێک حوکمی میرنشینێکی کوردیان کردووە و ئەندامەکانی بەردەوام بوون لە هەوڵدان بۆ جۆرێک گەڕانەوە بۆ ئەو ژیانەی پێشتریان. ڕۆژنامەکە، کە بە دڵنیاییەوە بایەخی گەورەی هەبوو لە چیرۆکی بەراییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، بەلآم بە زەینیش لەنێو مێژووی بنەماڵەکەوە تەماشا دەکرێت و دیسان پێویستیشە لە سیاقی بەرهەڵستیی بزووتنەوەی تورکە لاوەکانەوە تەماشا بکرێت بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (کڵەین ١٩٩٦).

١٠ – دوان لە سێ دامەزرێنەرەکە دەچنەوە سەر ئەم بنەماڵە نەریتیانە، بەدرخانزادە و بابانزادە. سێهەمیش لە بنەماڵەیەکی شێخی دەسەلآتدارە، کە شەمدینانزادەیە (جەلیل ٢٠٠٠ : ٥٥ – ٧١). ئەوانیتریش دیسان لە دەستەبژێری نەریتیی کوردی بوون. ئەمەش یەکینەدەگرتەوە لەگەڵ ئەندامێتیی ویلایەتدا، کە لە

دەستەبژێری خێڵەکیی نوێ پێکهاتبوو و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە تاکۆتایی ئەو سەدەیە درووستبووبوو.

١١ – بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر ئەم چالاکیانە، بڕوانە یاداشتەکانی ئەندامێکی جاران کە قەدري جەمیل پاشا بوو(١٩٩١: ٢٧ – ٣٢).

١٢ – بەیاننامەی کۆمەڵەی هاوکاری و پێشکەوتنی کورد Cemiyet'in ' KTTG Beyannamesi' جەمعییەت بەیاننامەسی"، ژمارە ١، ٢٢ی تەشرینی دووەم ، ١٣٢٤ / ٥ی دیسەمبەری ١٩٠٨. لە چاپی دووبارەی کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسیی محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان وەرگیراوە (ئەپسالا: وەشانخانەی دەنگ، ١٩٩٨)

١٣ – بڕوانە زنجیرەی نووسینەکانی محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان لە چاپی دووبارەی کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی، (ئەپسالا: وەشانخانەی دەنگ، ١٩٩٨).

١٤ – رای خۆم دەمە پاڵ ئەوانەی بەهەڵە تەماشای ئەم یانانەیان دەکرد لەبەر رۆشنایی ئەم بابەتە (١٩٩٦).

١٥ – "گوێ لە لوسەر بگرن"، بەیروت، ٣ی کانوونی دووەم ١٩٠٩. بە پێی راپۆرتێک لەلایەنمەگەردیچپیانی تەرجومانی دیاربەکرەوە (وەرگێڕ) بەرزکراوەتەوە، لە ٢٢ی دیسەمبەری ١٩٠٨دا (PRO: FO 195 / 2317).

١٦ – "گوێ لە لوسەر بگرن"، بەیروت، ٣ی کانوونی دووەم ١٩٠٩. بە پێی راپۆرتێک لەلایەنمەگەردیچپیانی تەرجومانی دیاربەکرەوە (وەرگێڕ) بەرزکراوەتەوە، لە ٢٢ی دیسەمبەری ١٩٠٨دا (PRO: FO 195 / 2317).

١٧ – بەپێی قسەی حەمید بۆزئەرسەلان .... (پەیوەندیی شەخسي، نیسانی ٢٠٠١).

١٨ – ئەوەی سەیر و سەمەرەیە کە وا گوتاری "گەلی کورد یەکە" لە بڵاوکراوەکانیاندا بەرەوی پێدەدرا لەنێو چین و توێژی جیاجیای کۆمەڵگەی کوردیدا و لە نێوان پشتیوانان و رەخنەگرانی رژێمی دەستووریدا دابەشی کردبوون و بەم رەنگە لەو گوتاری یەکگرتنەی کەمدەکردەوە کە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی پێویست بوو.

١٩ – راپۆرتی باڵیۆزی بەریتانیا باس لەوە دەکات کە وا هەرچەندە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگەی هەرێم و ویلایەتەکانی کورد زۆر دڵخۆش بوون بەو هەواڵە بەڵام "ریزە

زۆر و زەوەندەکانی دز و جەردە و پیاوکوژان" هەستیان بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی گەورە کردووە بەوەی بەسەریان دێت لە ئەنجامی گۆڕانی تەمومژاویدا" و بێدەنگییان هەڵبژاردووە تا بزانن دۆخەکە بەکوێ دەگات و ڕووداوەکان چۆن پەرەدەستێنن. لێرەدا *بەگ و ئاغا* کوردەکان تووشی نیگەرانییەکی توند هاتبوون و دەترسان سنوورێک بۆ کردەوەکانیان دژ بە "ئەرمەنە بێدیفاعەکان" و خێڵە کوردەکان سەرشۆڕ بکرێن ( Therapia, Sept. 1, 1908, No. 533) [FO 424 / 216] (لوسەر بۆ گرەی). دۆخەکە لە ئەلبانیاش هاوشێوە بوو و بەشێک لە خەڵک بەگشتی، وەک خێڵە کوردەکان سوڵتانیان بە پارێزەری خۆیان دادەنا و لە شۆڕشی تورکە لاوەکان دەترسان و دواتریش لە رووخانی سوڵتان و باوەڕیان وابوو کە ئیمتیازەکانیان لەدەست دەدەن (Skendi 1967: 341 – 4).

٢٠ – بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر هێزەکانی سوارەی حەمیدی، بڕوانە کڵەین (٢٠٠٠) .

٢١ – بڕوانە شیپڵەی بۆ لوسەر، ژمارە ٤٧ نهێنی، ئەرزڕوم، ١٩ی ئاب ١٩٠٨ (PRO: FO 195 / 2284) و سەرابیان بۆ بۆپ، ژمارە ٦٦، ئەرزڕوم ، ٢١ ی ئاب ١٩٠٨ (MAE Nantes: E 131).

٢٢ – بۆ نموونە، عەبدولکەریم بەگ لە عەشیرەتی میران یەک لە کەسایەتییە گرنگەکان بوو کە دەسگیر کرابوو، (بڕوانە دیکسۆن بۆ لوسەر، بەیروت، ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٠٩ [PRO: FO 195 / 2317] ؛ "داهیلي: میران رەیسي عەبدولکەریم" ، KTTG رقم ٣ ( قانوونی ئەووەل ١٣٢٤ ، ١٩ی دیسەمبەری ١٩٠٨) ، بەرگی پشتەوە لە چاپی دووبارەی کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسیی محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان وەرگیراوە (ئەپسالا: وەشانخانەی دەنگ، ١٩٩٨). تێبینییەک هەیە لە رۆژنامەی تەقویمی وەقایعدا، کە رۆژنامەی فەرمیی عوسمانییە، ئاماژە دەکات بە گرتنی کەسایەتیی بەرز و ناوداری تری عەشیرەتی میران (ژمارە ٢٧٢، ٢ی تەمووزی ١٣٣٥ / ١٥ی تەمووزی ١٩٠٩).

٢٣ – بۆ نموونە بڕوانە تێبینییەکانی تەقویمی وەقایع، ژمارە ٤٧، ١١ی تەشرینی دووەم ١٩٠٨ و ژمارە ٩٩، ٩ی کانوونی دووەم ١٩٠٩.

٢٤ – بۆ نموونە بڕوانە "بەشێک لە نووسراوی کونسوڵی ئەمریکی لە خەرپوت، تورکیا، بۆ باڵیۆزی ئەمریکا لە قوستەنتینییە"، ٣ ی ئابی ١٩٠٨، لە لوسەرەوە بۆ گرەی، ژمارە ٥٠٥ ، ئەستەمبووڵ، ٢٢ی ئابی ١٩٠٨ (PRO: FO 424 / 216).

٢٥ – لەڕاستیدا پرسی زەوی (کە لە هەندێک بازنەدا بە مەسەلەی کشتوکاڵیس ناسراوە) فاکتەرێکی کلیل بوو بۆ بزووتنەوەی سەرۆک هۆزە کوردەکان دژ بە حکوومەت و هەروەها دژ بە دراوسێ ئەرمەنەکانیان. دواتر ئەمە بەردەوام دەبێت لە یاریکردنی رۆڵێک لە توندوتیژیی ناوچەییدا، نەک تەنها بۆ حەمیدییەکان و دووەم سەردەمی دەستووری، بەڵکو لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و دوای ئەوەش (بڕوانە کلەین ٢٠٠٢ : بەشی ٤ و کلەین ٢٠٠٧).

٢٦ – بۆ نموونە، دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەگومان بوون لە پاڵنەری ئەو سەرۆکە کوردەکانەی کە لە نۆڤەمبەری ١٩٠٨ لە ماڵی شێخی زیلان کۆبوونەوەیان ئەنجامدابوو (بڕوانە تەقویمی وەقایع، ژمارە ٤١، ٤ی تەشرینی سانی ١٣٢٤، ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٠٨). ئەوان باوەڕیان وابوو کە حاجی محەمەد لە هۆزی رەشکۆتان و شێخی زیلان نەخشەیەن بۆ کوشتاری ئەرمەنەکان داناوە (رەنگە بۆ ناشیرین کردنی ناوبانگی رژێمە تازەکە بووبێت). کاتی کە پۆلیس هاتن بۆ گرتنی شێخ، ئەم پێیراگەیاندن کە وا کۆبوونەوەکە بۆ نەخشەدانانی هیچ چالاکییەکی تاوانکارانە نەبووە و بەڵکو بۆ راوێژ و ئامۆژگاریی ئاغا کوردە ئامادەبووەکان بووە لەبارەی باشەی دەستوور و ئەو خێروبێرە بووە بۆیان دابین دەکات. هەڵبەت رەنگە ئەرک و پەیامی راستەقینەی کۆبوونەوەکە هەرگیز نەزانرێت، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێت، وەک لەخوارەوە دەبینین، کە ژمارەیەک لە سەردارە کوردە زیرەکەکان هەوڵی ئەوە دەدەن خۆیان وا پیشان بدەن کە ملکەچ و پابەندی رژێمی تازەن و لەهەمان کاتیشدا بەردەوام بن لە سەر کاری یاخیبوون بە ئاستی جیاجیا.

٢٧ – دیکسۆن بۆ لوسەر، ژمارە ٣١، ڤان، ٣ ی نۆڤەمبەر ١٩٠٨ ( / PRO: FO 195 ٢٢٨٤).

٢٨ – رەنگە لە لایەن بەرپرسە عوسمانییە تووڕەکانەوە کە ناڕازی بوون لە گۆرانکارییەکان یارمەتی و پاڵپشتی کرابێتن. لە هەمان کاتدا، وا پێدەچوو کە بەرپرسە عوسمانییە لۆکاڵەکانی تر پشتیوانیی یانەکانیان دەکرد بۆ هەمان هۆکار

وەک ســەرکردایەتیی ڕێکخــراوە کــوردییەکە لە پایتەختــدا کــردی و باوەڕیــان بەوە هێنابوو کە دەکرێت وەک هۆکارێک بێت و لە ڕێگەیەوە قەناعەت بە سەرکردایەتیی ویلایەت و ناوچە کوردییەکان بکرێت کە دان بە حکوومەتی تازەدا بنێن و دەستوور قبووڵ بکەن.

٢٩ – یانەی دیاربەکر تەنها لق نەبوو کە سکاڵانامەی ئەم بوارە مۆر بکات. هەروەها ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەندامەکانی لقی بەدلیسیش "کاربەدەستانی تورکە لاوەکانیان بە زۆر و هەڕەشەی کوشتن ناچار کردووە ئیمزا لە سەر بڕووسکەیەک بکەن کە ئاڕاستەی کابینەکەی حکوومەتی تۆفیق پاشا کراوە و داوای جێبەجێ کردنی تەواوی شەریعەتیان کردووە" (سەفراستیان بۆ شیپڵەی، بەدلیس، ٨ ی حوزێرانی ١٩٠٩

[PRO: FO 195 / 2317]). ئەم ڕووداوە لە سەر تەخت لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید قەوماوە.

٣٠ – دەستەواژەی "بە سڵ و پارێزەوە" ئاماژەیە بۆ ئەزموونێک کە بە وانەی ڕۆژگار لەقەڵەم دەدرێت بۆ کورد و کۆمەڵگە سنوورییەکانی تر بۆ پارێزگاریی لە ئۆتۆنۆمیی ناوخۆ لە ڕێگەی دووبارە هەڵسەنگاندن و سەرلەنوێ دانوستاندن کردن بە بەردەوامی بە پەیوەندییەکانیان بدەن لەگەڵ دراوسێکانیان و ئەوانەی کە حوکمیان دەکەن. ڕەنگە ئەم ئەزموون کردنەی کورد لە جوغزی "بە سڵ و پارێزەوە" ستراتیجییەتێکی تەواو بەپیت بێت بۆ هاوبەشی لە نێوان دەوڵەتە بەهێزەکاندا لەجیاتیی تەنها دابەشکردنێک کە ببێتە هۆی ئەنجامی پێچەوانە لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. لە نووسینێکی داهاتوودا پلانم هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم چەمکە.

٣١ – بۆ نموونە بڕوانە نامەکان لە چاپی دووبارەی کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی ٢٩ی تەشرینی سانی ١٣٢٤ / ، ١٢ی دیسەمبەری ١٩٠٨، ١٩ی کانوونی سانی ١٣٢٤ / ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٠٩ ، ٦٨ – ٦٩ لە چاپی دووبارەی کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسیی محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان وەرگیراوە (ئەپسالا: وەشانخانەی دەنگ، ١٩٩٨).

٣٢ – بۆ نموونە بڕوانە نامەکان لە تەقویمی وەقایعدا، ژمارە ٨٣ (٢٠ی کانوونی ئەووەل، ١٣٢٤ / ٢ی کانوونی دووەمی ١٩٠٩) ؛ ژمارە ٨٦ (٢٧ کانوونی ئەووەل ١٣٢٤ / ٩ی کانوونی دووەم ١٩٠٩) ؛ ژمارە ٨٧ (٢٨ی کانوونی ئەووەل، ١٣٢٤ / ١٠ی ینایر ١٩٠٩) ؛ ژمارە ٩٨ (٨ی کانوونی ساني ١٣٢٤ / ٢١ی کانوونی دووەم ١٩٠٩) ؛ ژمارە ١١١ (٢١ی کانوونی ساني ١٣٢٤ / ٣ی شوبات ١٩٠٩).

٣٣ – "Les Kurdes"، Stamboul ، سێپتەمبەر ١٩٠٨ ( MAE Nantes: Kurdes E / 131).

٣٤ – نووسینێکی کۆلۆنێل سلێمان لە سەر Stamboul لە سێپتەمبەری ١٩٠٨ (MAE نانت: کوردەکان E / 131). وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە.

٣٥ – مۆرگان بۆ لوسەر، ژمارە ١٧. وان، ٢٧ ی ئۆکتۆبەر ١٩٠٩ (PRO: FO 195 / ٢٣١٨).

٣٦ – مۆرگان بۆ لوسەر، ژمارە ١٧. وان، ٢٧ ی ئۆکتۆبەر ١٩٠٩ (PRO: FO 195 / ٢٣١٨).

٣٧ – مۆرگان بۆ لوسەر، ژمارە ١٨. وان، ١٧ ی نۆڤەمبەر ١٩٠٩ (PRO: FO 195 / ٢٣١٨).

٣٨ – تەقویمی وەقایع، ژمارە ٣٠٥ (٣ی ئابی، ١٣٢٥ / ١٦ی ئابی ١٩٠٩).

٣٩ – سیرما (١٩٩٨: ٢١٠).

٤٠ – بەڵگەنامەی جۆراوجۆر لە کۆمەڵەکانی PRO / FO 195 / 2347 و ٤٢٤ / ٢٢٤ من ١٩١٠ ئاماژە بۆ ئەم سەرچاوەیە دەکەن.

٤١ – بایەخدانی رووسیا بە کورد تازە نەبوو (بڕوانە رەعد ٢٠٠٠: ١٥٩). هەروەها بڕوانە ئەحمەد (١٩٩٤: ٥٧) و رینۆڵدز (٢٠٠٢). باسەکەی دوایی بە شێوەیەکی تایبەت جێی سەرنجە لە تێبینی کردنی ئەوەی چۆن رووسیا گرنگی دەدات نەک تەنها بۆ چێکردنی پەیوەندی لەگەڵ کوردەکاندا، بەڵام لە واقیعدا بۆ هاندانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی کار دەکات. سوپاسم بۆ مایک رینۆڵدز کە کۆپییەکی بڵاونەکراوەی ئەم پەیپەرەی بۆ دابینکردم.

٤٢ – ئویزئۆغلوو (٢٠٠١ : ٣٨٦) ئیشارەت بەوە دەدات کە وا لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ناسیۆنالیزمی کوردی، وەک زۆرێک لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانی تر لە ئیمپراتۆریتی عوسمانیدا (بە تایبەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی)، هۆکار نەبووە بۆ هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریت، بەڵکو ئەنجام و لێکەوتە بووە. بەرەنگاربوونەوەی ئویزئۆغلوو بۆ گرێدانی مەبەستداری ناسیۆنالیزم بە کۆتایی ئیمپراتۆریتەوە بەدڵنیاییەوە مایەی ستایشە، بەڵام لەناو زۆریک لە کاردانەوەکاندا، یەک لە چەندینی بژاردە دەرکەوتووەکانە کە گرووپە عوسمانییەکان ڕەچاویان کردووە و لێرەدا کوردەکانن کە دەستیان دابووە باڵی ئیمپراتۆریت کە لە سەر پێی خۆی بوەستێت.

٤٣ – بێگومان لێرەدا تەنانەت کوردەکان ئەوەیان هەڵبژاردبوو کە لەگەڵ حکوومەتی تورکیدا یەکهەڵوێست بن و ئەمەش ڕاستییەکە چیرۆکەکە ئاڵۆزتر دەکات (حەمید بۆزئەرسەلان ١٩٩٠: ١ – ٢).

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە ئەرشیفکراوەکان

#### – بەریتانیای مەزن

ئۆفیسی تۆمارە گشتییەکان، لەندەن [PRO]

سەفارەت و کونسوڵییەتەکان، تورکیا (پێشتر ئیمپراتۆریتی عوسمانی): نووسراو و نووسراوکاریی گشتی (FO 195 / 2317, 2284, ٢٣١٨)

چاپی نهێنی تورکیا (FO 424 / 216، ٢٢٤)

#### – فەرەنسا

ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوە (MAE)

نانت قوستەنتینییە / / Turquie – Situation inte´rieure: Kurdes, Nantes
131 Constantinople E

- **کەرەستە و بابەتەکانی سەرچاوە سەرەتاییە بڵاوکراوە عوسمانی و کوردییەکان**

کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی، ١٩٠٨ – ١٩٠٩.

محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان کۆیکردووەتەوە و سەرلەنوێ چاپی کردووەتەوە (ئۆپسالا: وەشانخانەی دەنگ، ١٩٩٨).

تەقویمی وەقایع Takvim – i Vekayi، ١٩٠٨ – ١٩٠٩، ئەستەمبووڵ.

**سەرچاوە لاوەکییەکان**


– ئەبولحاج، رەفعەت عەلی (٢٠٠٠)، "هیستێریۆگرافی (زانستی مێژوو) لە توێژینەوەکانی رۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئەفریقا لە *رۆژهەڵاتناسیی* سەعیدەوە"، لە کتێبی عارف دیرلیک، ڤینای باهڵ و پیتەر گران، *"مێژوو پاش هەرسی جیهانەکە: زانستی مێژووی پاش یورۆسەنتریک"*، (لانهام: مێریلاند، رۆهمان / لیتڵفیلد).

– ئەبولحاج، رەفعەت عەلی (٢٠٠٥)، *"پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن: ئیمپراتۆریێتی عوسمانی لە سەدەکانی شانزە تا هەژدە،"* (سیراکۆس: نیویۆرک: چاپی زانکۆی نیویۆرک).

– ئەدەنیر، فیکرەت و سورەیا فاروقی (٢٠٠٢)، *"عوسمانییەکان و بەڵکان: گفتوگۆیەک لە سەر هیستۆریۆگرافی"*، (لایدن: بریڵ).

– ئەحمەد، کەمال مەزهەر (١٩٩٤)، *"کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا"*، وەرگێڕانی عەلی ماهیر ئیبراهیم، (لەندەن: خانەی کتێبی ساقی).

– ئەندەرسن، لیزا (١٩٩١)، "پەرەسەندنی هەستی ناسیۆنالیستی لە لیبیا، ١٩٠٨ – ١٩٢٢"، لە کتێبەی رەشید خالیدی، لیزا ئەدەرسن، محەمەد موسڵیح و ریڤا س. سیمۆن، *"رەگ و ریشەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی"*، (نیویۆرک: چاپی زانکۆی کۆلۆمبیا).

١٩٩١ ئە – باڵیبار، ئێتینە "رەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزم"، لە کتێبی ئێتینە باڵیبار و ئیمانۆئێل ڤاڵەرشتاین *"رەگەز، نەتەوە، چین: شوناسە تەمومژاوییەکان"* ... ، هەروەها

باڵیبــار، ئێتیـنه ١٩٩١ بـێ، "فـۆرمی نەتەوە: مێـژوو و ئایـدیۆلۆجیا"، لە کتێبـی ئێتیـنه بیلٚبـار و ئیمانۆئێـل ڤاڵەرشـتاین، *"رەگەز، نەتەوە، چـین: شوناسـە تەمومژاوییەکـان"*، (لەندەن: ڤێرسۆ).

– بۆزئەرسـەلان، حەمیـد (١٩٩٠)، " مەسـەلەی کـورد لە ژیـانی سیاسـیی تورکیـادا: بـارودۆخەکە وەک لە سـاڵی ١٩٩٠دا"، لە تـوراژ ئەتـابەکی و مارگرێـت دۆرلایـن، *"کوردستان لە گەڕانیدا بەدوای ناسنامەی ئێتنیکیدا"*، پەیپەرەکان خراونەتە بەردەمی یەکەم کۆنفرانسـی رەگەز و نەژادەکـان و ناسـنامەی ئێتنیکـی لە رۆژهەلا.تـی ناوەڕاسـت و ئاسـیای ناوەڕاسـتدا، زانکـۆی ئوتریخـت، بەشـی تـوێژینەوەی رۆژهەلاتناسـی. ئوتریخـت: دەزگـای زنجیـرە بلاوکراوەکـانی دەزگـای هۆتسـما .Foundation Publication Series Houtsma

– بۆزئەرسـەلان، حەمید (١٩٩٦). "کوردەکـان: دەوڵەت، پەراوێزخسـتن و ئاسـایش"، لە کتێبـی سـام سـی. نۆلۆتشـونگۆ *"پەراوێزەکـانی نائـارامی: کەمینەکـان و ئـارامیی نێودەوڵەتی"*، .Rochester: University of Rochester Press

"مێژووی پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن" لە هـانز ١٩٩٧a – بۆزئەرسـەلان، حەمید (فەرەنسـی) لوکـاس کەیسـەر"*Le Kurdistan et L'Europe: Regards sur l'histoire kurde (19e – 20e sie`cles)",* Zu¨rich: Chronos.

– Bozarslan, Hamit. 1997b. 'La coercition et la violence au Kurdistan' in Hans – Lukas Kieser (ed.), *Le Kurdistan et L'Europe: Regards sur l'histoire kurde (19e – ٢٠e sie`cles).* Zu¨rich: Chronos.

– بۆزئەرسەلان، حەمید ١٩٩٧ بێ. ( فەرەنسی).

– بۆزئەرسەلان، حەمید (٢٠٠٠)، "خەباتی چەکداری بۆچی؟ تێگەیشتن لە توندوتیژی لە کوردستانی تورکیادا" لە کتێبی فەرهاد ئیبراهیم و گوڵستان گوربای، *"ململانێی کورد لە تورکیادا: کۆسپ و دەرفەتەکانی ئاشتی و دیموکراتی"*، New York: St .Martin's Press

– بۆزئەرسەلان، محەمەد ئەمین (١٩٩٨)، "'پێشەکی'، *کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی*". ئەپسالا: وەشانخانەی دەنگ.

– برونەسن، مارتن ڤان (٢٠٠٢)، "کوردەکان و دەوڵەت و هۆزەکان" لە کتێبی فالح عەبدولجەبار و هشام داود، *"هۆزەکان و دەسەڵات: ناسیۆنالیزم و نەژاد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"* ، لەندەن: خانەی بڵاوکەرەوەی ساقی.

Celil, Celileˆ. 2000. *Ondokuzuncu Yu¨zyl Sonu – Yirminci Yu¨zy{l – Ba Ku¨rt Ayd nlanmas*. Translated from Russian to Turkish by Arif Karabag˘. Istanbul: Avesta Yayinlari. جەلیل، جەلیلێ " تورکی" عارف قەرەباغ لە رووسییەوە کردوویەتی بە تورکی.

– داڤیسن، رۆدێریک (١٩٧٧)، "ناسیۆنالیزم وەک کێشەیەکی عوسمانی و کاردانەوەی عوسمانییەکان"، لە کتێبی ویلیەم حەدداد و ویلیەم ئۆخسنڤاڵد، *"ناسیۆنالیزم لە دەوڵەتێکی نانەتەوەییدا: کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی"* ، کۆڵۆمبس، ئۆهایۆ: چاپی زانکۆی ویلایەتی ئۆهایۆ.

– فوککارۆ، نێلیدا (٢٠٠٢)، "خێڵ، ئایین، دەوڵەت لە سەرەتای عێراقی نوێدا: حاڵەتی کوردە یەزیدییەکان" لە کتێبی فالح عەبدولجەبار و هشام داود، *"خێڵ و دەسەڵات: ناسیۆنالیزم و نەژاد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"*، لەندەن: خانەی بڵاوکەرەوەی ساقی.

– گۆفمان، دانیاڵ (٢٠٠٢)، *"ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و سەرەتای ئەورووپای مۆدێرن"*، کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج.

– گرین مۆڵی (٢٠٠٠)، *"جیهانێکی هاوبەش: کریستیان و موسڵمانەکان لە زوویەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"*، پرینستۆن، ویلایەتی نیوجێرسی: چاپی زانکۆ پرینستۆن.

– هانیئۆغلّوو، شوکرو م. (١٩٩٥)، *"تورکە لاوەکان لە بەرهەڵستیدا"*، ئۆکسفۆرد: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد.

– هـانیئۆغلّوو، شـوکرو م. (٢٠٠١)، *"ئامادەکـاری بـۆ شۆڕشـێک: تـورکە لاوەکـان، ١٩٠٢ – ١٩٠٨"*، نیویۆرک: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد.

– هـرۆش، میرۆسـلاڤ (١٩٩٣)، "لە بزووتنەوەیەکـی نەتەوەیـیەوە بـۆ نەتەوەیەکـی پێکهاتووی تەواو: پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە – نیشتمان لە ئەوروپادا"، گۆڤاری نیو لێفت ریڤیو *New Left Review* ژمارە ١٩٨، ل ٣ – ٢٠.

– جوەیدە، وەدیع، ١٩٦٠، *"بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد: بنەما* و پەرەسەندنەکانی"، نامەی دکتۆرایە، زانکۆی سیراکۆس.

– قەدری جەمیل پاشا [زنار سلۆپی] ، (١٩٩١). دەسکاریکراو و دووبارە چاپکردنەوە لەلایەن محەمەد بەیراق. دۆزا کوردستان، ئەنکەرە: ئۆێزگە یاینلەری.

– کافـادار، جەمـال (١٩٩٥)، *"لە نێـوان دوو جیهانـدا: بنیاتنـانی دەوڵەتـی عوسـمانی"*، بێرکەڵەی و لۆس ئەنجلس، کالیفۆرنیا: چاپی زانکۆی کالیفۆرنیا.

– کارپـات، کەمـال (١٩٨٨)، "ئیتنیکـی عوسـمانی و میراتـی دانپیـانراو لە رۆژهەلاتـی ناوەڕاستدا" لە کتێبی میلّتن جەی. ئێسمان و ئیتامار رابینۆڤیچ، *"نەژاد و فرەیـی و دەوڵەت لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، Ethnicity, pluralism, and the state in the Middle East.*"، ئیثاکا، ویلایەتی نیویۆرک: چاپی زانکۆی نیویۆرک.

– کلّەیـن، جانێـت (١٩٩٦)، *"داواکـاریی نەتەوە: رەگ و ریشـە و سروشـتی گوتـاری نەتەوەیـی کـورد. لێکـۆڵینەوەیەک لە سـەر رۆژنـامەگەریی کـورد لە ئیمپراتـۆرێتی عوسمانیدا"*، نامەی ماستەر، زانکۆی پرینستۆن.

– کلّەیـن، جانێـت (٢٠٠٢)، *"دەسـەلات لە چـواردەودا: سـوارەی چەکـی سـووکی حەمیدییە و ململانـێ لە کوردسـتانی عوسـمانیدا، ١٨٩٠ – ١٩١٤"*، نـامەی دوکتـۆرا، زانکۆی پرینستۆن.

– کلەیــن، جانێــت (٢٠٠٧)، "ململانــێ و هەمــاهەنگی: ســەرلەنوێ بیرکــردنەوە لە پەیوەنـدییەکانی کـورد و ئەرمەن لە سـەردەمی حەمیدیـدا، ١٨٧٦ – ١٩٠٩" لە کتێبـی باربیر کارڵ و باقی تەزجان، *"شوناس و پێکهاتنی شوناس لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: بابەتگەلێک لە سەر شەرەفی نۆرمان ئیتیسڤیتس"*، مادیسۆن، ویلایەتی ویسکۆنسن: چاپی زانکۆی ویسکۆنسن.

– لۆری، هیث (٢٠٠٣)، *"سروشتی سەرەتای دەوڵەتی عوسمانی"*، ئەلبانی، ویلایەتی نیویۆرک: سەنی پرێس.

– ماکدواڵ، دیڤید (٢٠٠٤)، *"مێژووی نوێی کوردەکان A modern history of the Kurds"*، لەندەن: ئای. بی. تۆریس– مان، مایکڵ (١٩٩٣)، *"سەرچاوەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، بەرگی ٢: سەرهەڵدانی چین و دەوڵەت – نەتەوەکان، ١٧٦٠ – ١٩١٤*، کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج.

– ناتـالی، دێنیـز (٢٠٠٥)، *"کـورد و دەوڵەت: پەرەسـەندنی ناسـنامەی نەتەوەیـی لە عێراق و تورکیا و ئێراندا"*، سیراکۆس، ویلایەتی نیویۆرک: چاپی زانکۆی سیراکۆس.

– ئۆڵسـن، ڕۆبەرت (١٩٨٩)، *"سـەرهەڵدانی ناسـیۆنالیزمی کـوردی،١٨٨٠ – ١٩٢٥،"* ئۆستن، تەکساس: چاپی زانکۆی تەکساس.

– ئویزئۆغڵـوو، هاکـان (٢٠٠١)، "ناسـیۆنالیزم" و کەسـایەتییە نـاودارە کوردەکـان لە دوادوایی سـەردەمی عوسمانی و سـەرەتای چەرخـی کۆماریدا"، *گۆڤاری لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست International Journal of Middle Eastern Studies*، ژمارە ٣٣ (٣): ل ٣٨٣ – ٤٠٩.

– ئویزئۆغڵوو، هاکان (٢٠٠٤)، *"کەسایەتییە ناودارەکانی کورد و دەوڵەتی عوسمانی: پەرەسەندنی شوناس و کێبەرکێی دڵسۆزییەکان و هەڵگرتنی سنوورەکان"*، ئەلبانی، ویلایەتی نیویۆرک: چاپی سەنی.

– پێترۆڤ، میلەن (٢٠٠٣)، *"دژە ناسیۆنالیستەکان: گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بە ئیمپراتۆرێـت لە بولگاریـای سـەدەی نـۆزدەدا، ١٨٥٦ – ١٨٧٦"*، ئەم پەیـپەرە لە

کۆنفرانسی کۆمەڵەی مێژوویی ئەمریکیدا پێشکەش کراوە. شیکاغۆ، ویلایەتی ئیلینۆی، ٤ی کانوونی دووەم.

– پۆتۆریدۆ، مارگریتا (٢٠٠٣)، *"ئیمپراتۆرێتە هەڵوەشاوەکان و میللەتە تێکەڵ نەبووەکان: ململانێی نەژادی لە ناوچەی دەریای رەشی عوسمانیدا، ١٩١٥ – ١٩٢٣"*. ئەم پەیپەرە لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی مێژوویی ئەمریکیدا پێشکەش کراوە. شیکاغۆ، ویلایەتی ئیلینۆی، ٤ی کانوونی دووەم.

– رەید، جەیمس جەی. (٢٠٠٠)، *"قەیرانەکانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی: رێخۆشکردن بۆ هەرەس، ١٨٣٩ – ١٨٧٨"*، شتووتگارت شتەینەر Stuttgart: Steiner .

– رینۆڵدز، مایکڵ ئەی. (٢٠٠٢)، *"نەتەوە ناکامڵەکان لە دەرەوە: رووسیای تساری، بنیاتنانی نەتەوە و کوردەکانی ئەنەدۆڵی عوسمانی، ١٩٠٨ – ١٩١٤*

*Inchoate nation abroad: Tsarist Russia, nation–building, and the Kurds of Ottoman Anatolia*"، ئەم پەیپەرە لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی توێژینەوەکانی ئۆراسیای ناوەندا پێشکەش کراوە. مادیسۆن، ویلایەتی ویسکۆنسن، ٢٠ی ئۆکتۆبەر.

– سرمە، ئیحسان سورەییا (١٩٩٨)، *"عەبدولحەمید دوێنەمی بەڵگەلەرلە*

*Belgelerle II. Abdu¨lhamid Do¨nemi*". Istanbul: Beyan Yayinlari.

– سکەندی، ستاڤرۆ (١٩٦٧)، *"رابوونی نەتەوەیی ئەلبانییەکان، ١٨٧٦ – ١٩١٢"*. پرینستۆن، ویلایەتی نیوجێرسی: چاپی زانکۆی پرینستۆن.

– تیۆدۆرۆڤا، ماریا (١٩٩٦)، "میراتی عوسمانی لە بەڵکاندا"، لە کتێبی کارڵ ل. براون *"میراتی ئیمپراتۆرێت: مۆرکی عوسمانی لە بەڵکان و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا Imperial legacy: The Ottoman imprint on the Balkans and the Middle East"*. نیویۆرک: چاپی زانکۆی کۆڵۆمبیا.

– وەلـی، عەبباس (٢٠٠٣)، *"چەنـد بابەتێک لە سـەر رەگ و ریشـەی ناسـیۆنالیزمی کوردی* *Essays on the origins of Kurdish nationalism* . کۆستا میسا: بڵاوکەرەوەی مازدا.

– یالچین هەکمـان، لالە (١٩٩٠)، "رێکخـراوە خێڵەکییەکـانی کـورد و پرۆسـە سیاسـییە ناوخۆییەکـان" لە کتێبـی ئەنـدرو فیـنکەڵ و نـوکهەت سـیرمان، *"دەوڵەتـی تورکیـا و کۆمەڵگەی تورکی"*. لەندەن: رۆتلێج، ٢٠٠٣.

– یەغەن، مەسـعوود (١٩٩٦)، "گوتـاری دەوڵەتـی تـورکی و هەڵاواردنـی ناسـنامەی کورد The Turkish state discourse and the exclusion of Kurdish identity" لە کتێبـی سـیلڤیا قەدوری، *"تورکیـا: شـوناس، دیموکراسـی، سیاسـەت* *Turkey: Identity, democracy, politics* "، لەندەن: فرانککاس.

– یۆسـمائۆغڵوو ئیپێک ک. (٢٠٠٣)، *"تێکۆشـان لەپێنـاوی مەکەدۆنیـادا، ١٨٩٧ – ١٩١٣: راپەڕینی نەتەوەیی یان شەڕی ناوخۆ*

*The struggle for Macedonia, 1897 – 1913: nationalist uprising or civil war*". ئەم پەیپەرە لە کۆمەڵەی مێژووی ئەمریکی پێشکەش کراوە. شیکاگۆ، ئیلینۆی، ٤ی کانوونی دووەم.

# ٤

# ناسیۆنالیزمی کوردی و شوناس له تورکیادا*:
# سەرلەنوێ لێکدانەوەی چەمک و تێگەیشتنەکان

**گوینەش موراد تەزجور**

پرۆفیسۆری یاریدەدەری زانستە سیاسییەکان - زانکۆی لۆیۆلا له شیکاگۆ

سەرۆکی پرۆگرامی لێکۆڵینەوەی سیاسیی کوردییە لە زانکۆی ناوەڕاستی فلۆریدا

---

* تێبینی: نووسەر ئەم باسەی لە ساڵی ۲۰۰۹دا لە *گۆڤاری ئەوروپی بۆ توێژینەوە تورکییەکان* بڵاوکردووەتەوە و رەنگە هەندێ راوبۆچوونی ئەو کاتەی بۆ ئێستای رەوشی سیاسیی تورکیا گونجاو نەبێت – وەرگێڕ.

- گوینەش موراد تەزجور Gunes Murat Tezcur

لێکۆڵەرێکی سیاسیی تورکە و سەرۆکی پرۆگرامی لێکۆڵینەوەی سیاسیی کوردییە لە زانکۆی ناوەڕاستی فلۆریدا کە تاقە یەکەی ئەکادیمییە لە باکووری ئەمریکادا کە وا تەرخان بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کاروباری کورد. هەروەها پرۆفیسۆری یاریدەدەری زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی لۆیۆلا لە شیکاگۆ.

توێژینەوەکانی گوینەش لەسەر سیاسەتی رۆژهەلاتی ناوەڕاستە و بەتایبەتیش تیشکی خستووەتە سەر توندوتیژیی سیاسی و سیاسەتی ئیسلامی و دیموکراتیزەکردن لە ئێران و تورکیادا، هەروەها بەشێوەیەکی بەرفراوان لەبارەی مەسەلەی کوردەوە باس و بابەت بڵاودەکاتەوە. ناسراوترین کارکردنی ئەم لە سەر یاخیبوونی کوردە لە تورکیادا کە تێیدا لەوە دەکۆڵێتەوە کە بۆچی تاکی ئاسایی مەترسی دەخاتە بەرخۆی و دەچێتە پاڵ یاخیبوون. کارەکەی پشتی بە سەرچاوەیەکی داتای بنەڕەتی بەستووە کە وا ژیاننامە (بایۆگرافیای) هەزاران چەکدار یان گەریلا لەخۆدەگرێت. ئەو مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە دابەشبوون و جیاوازیی ئیتنیکی لای ئەوان مەسەلەیەک نیە، بەڵکو مەسەلەکەیان لەڕووی سیاسییەوە زەقبووەتەوە کاتێ کە وا تاکەکانی سەر بە کەمینەیەکی ئیتنیکیی تایبەت بەرەوڕووی سەرکوتکردنی دەوڵەت بوونەتەوە و دەبینین نەژاد و شوناسیان کەوتووەتە بەر هەڕەشە و مەترسی.

بۆ زانیاریی زیاتر ناوی بەشێک لە باس و بابەتەکانی دەخەینەڕوو:

- توندوتیژی و جووڵاندنی ناسیۆنالیستی: سەرەتای هێرشی یاخیبوونی کورد لە تورکیادا (٢٠١٥).
- پێشخستنی دیموکراسی و و خۆگونجاندنی ملهوڕی و نائارامیی سیاسی لە ئێراندا (٢٠١٢).
- ریفۆرمیستە ئیسلامییەکان لە ئێران و تورکیادا، پارادۆکسی میانڕەوی (٢٠١٦).
- خەڵکی ئاسایی و مەترسییە نائاساییەکان: بەشداری لە یاخیبوونی ئیتنیکیدا (٢٠١٦).

## کورتەیەک

ئەم باسە مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا دژوارتر و وردترە لەوەی بە شێوەیەکی ئاسایی دانی پێدادەنرێت. ئەم بۆچوونەش پشت بە سێ ڕێبازی لێکدانەوە دەبەستێت: ١) وێناکردنی لایەنە سەرەکییەکانی بکەری سیاسیی نەتەوەیی وەک ڕێکخراو نەک گرووپی ئیتنیکی؛ ٢) ڕێبازی سنووردانان بۆ شوناسی ئیتنیکی باشتر و گونجاوترە لە پێداگریی لە سەر دابەشبوونی ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی لەبەرانبەر ناسیۆنالیزمی مەدەنیدا؛ ٣) تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە بە شێوەیەکی باشتر لە هەلومەرجی کارلێکی نێوان بکەرەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا، لە هەلومەرجی جیاکەرەوەی ئەو دوو لایەنەدا. ڕەنگە ئەم سێ مامەڵە یان ڕێبازە یارمەتیی پەرەسەندنی وەڵامدانەوە بێت بۆ ئەو پرسیارە گرنگانەی پەیوەستن بە شوناسی سیاسییەوە لە تورکیادا. یەکەم، بۆچی زۆرێک لەو هاوڵاتییە کوردزمانانە ناتوانن گوزارش لە شوناسیان بکەن بەو هەلومەرجانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەیانخوازێت؟ دووەم، بۆچی پرۆسەکانی گەڕانەوەی هەڵبژاردن لەو ناوچانەی تورکیا کە ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی کوردزمانیان تیادا دەژی زۆر پەیوەندیدار نین بە دابەشبوونی ئیتنیکیی دانیشتوانەوە؟ لەکۆتاییشدا، بۆچی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە PKK) بەزۆری بە ڕێگە و شێوەیەک کاردەکات کە نەگونجاوە لەگەڵ ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانیدا کە خۆیان دەبیننەوە لە بەرگری کردن لە مافە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد و فراوانکردنی مەودایان؟

## پێشەکی

- ١ -

لە ساڵی ١٩٧٧دا، جۆرج هاریس تێبینیی ئەوەی کردبوو کە "شەڕ و ململانێی جیدی و مەترسیداری کورد پێدەچێت لە ئێستادا بووبێتە شتێک لە رابوردوو" (هاریس ١٩٧٧ : ١٢٤). لەگەڵ ئەوەشدا، ناسیۆنالیزمی کوردی ئەوەی سەلماندبوو کە زیرەک و بەئاگایە. هەڵبەت هاوتەریب لەگەڵ سەرهەڵدان و جووڵاندنی چەکداریی کورد لە تورکیادا و پێکهێنانی کۆرپەلەی دەوڵەتیکی کوردی لە باکووری عێراقدا بوو بە هۆی تەشەنە کردنی بایەخدانی زانستی بە شوناسی کورد. من لەم باسەدا سەرنجێکی ورد دەخەمە سەر زۆرێک لەو گریمانانەی بایەخ بە ئاراستەی توێژینەوەکانی ئێستا دەدەن لە سەر ناسیۆنالیزمی کورد. بە شێوەیەکی سەرەتایی، من پرسیار لەو شیکارانە دەکەم کە پشت بە دوو جیاکەرەوەی سەرەکی دەبەستن، کە ئەوانیش بریتین لە جیاکەرەوەی نێوان ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی مەدەنیدا و جیاکەرەوەی دەوڵەت لەبەرانبەر کۆمەڵگەدا. هیچکام لەم دوو رێبازە بەتەواوی مەبەست ناپێکێت لەڕووی دەوڵەمەندی و تەمومژی ناسنامەی سیاسیی کورد لە تورکیادا. هەروەها پێشنیاریش دەکەم کە وا رێکخراوەکان لەبری گرووپە ئتنیکییەکان پێویستە ببنە تەوەری شیکاری زانستی. دواجاریش، دەمەوێت مشتومڕ لە سەر ئەوە بکەم کە ئەو توێژینەوانەی لە جوغزی ئەم دوو دژواری و جیاکەرەوەدا کار دەکەن و گرووپە ئیتنیکییەکان وا وێنادەکەن کە ئەکتەری یەکخەرن و داواکاری و ئامانجی دیاریکراوی باشیان هەیە و خۆ ناکەنە خاوەنی ئەو

پرسیارانەی زۆرترین گرنگ و بایەخ دەورووژێنن. بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مەسەلەکە بەو شێوەیەیە، هەندێک نموونە دەهێنمەوە لە سەر چۆنێتیی کارلێکی سیاسەتی ناسیۆنالیزمی تورکی و کوردی و کاریگەریی لە سەر بنیاتنانی شوناسی ئیتنیکی لە سەر ئاستێکی میللی. ئاخۆ کاردانەوەی ناسیۆنالیزمی تورکی چۆن دەبێت لەبەرانبەر تەحەداکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و شەرعییەتی؟ ئەی بۆچی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیادا بە شێوەیەکی توندوتۆڵ نابەستریێنەوە بە ناسنامەی نەژادی و ئیتنیکیی دەنگدەرانەوە؟ بەواتایەکی تر، ئاخۆ ئەو هۆکارانە چین کە ناکۆکیی ئیتنیکی راڤە دەکەن، یان پاڵپشتیی دەنگدەران بۆ ئەو حیزبانەی بەئاشکرا دژی "خولیا و ئاواتە نەتەوەییەکانی ئەو گرووپە ئیتنیکییانەن کە دەستنیشانیان دەکەن؟" (Kalyvas کاڵیڤاس ١٠٤٨ : ٢٠٠٨). ئەی ئەوانە کام هۆکارن کە هەڵبژاردنە وەک پێدەچێت سەرسورهاوەرەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لێکدەدەنەوە؟ من وام پێباشە وەڵامی کاتی و ئەزموونی بۆ ئەم پرسیارانە بڕەخسێنم و ئەم رێبازی چەمک ئامێزەی لەم باسەدا هاتووە رەنگە هاوکار بێت لە تێگەیشتنیکی وردتردا بۆ رێچکە و رەوتی ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیادا.

## ا. دەوڵەتی تورکیا و ناسیۆنالیزمی کوردی

– ٢ –

گەلێک لە لێکۆڵینەوەکانی لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردین لە تورکیادا پشت بە دوو جیاکەرەوە دەبەستن. یەکەم، ئەو لێکۆڵینەوانە بەگشتی هاوبەش بوون لەو گریمانەیەدا کە وا ناسیۆنالیزمی مەدەنی "کاریگەرتر و لیبراڵترە" لە ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی، کە "بەگشتی بە مەترسیدارتر و تایبەتمەندتر تەماشا دەکرا" (وۆڵف ٢٠٠٦ : ٥٢). زۆرێک لە توێژەران مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکەن کە ناسیۆنالیزمی تورکی تێڕوانینی ئەوەی لەسەرە کە وا گیانی نەتەوایەتیی تورکی بووژاندووەتەوە لە سەر حیسابی گرووپە ئیتنیکییەکانی تر، بووە بە هۆی رادیکاڵ بوونی ناسیۆنالیزمی کوردی. پاشان توێژەران بەلای شیکاریی کارلێکی نێوان دەوڵەتی تورکیا و ئەو هاونیشتمانییانەدا دایدەشکێنن کە لە تورکیادا بە کوردی دەئاخڤن، بە چاوێکی جیاکاریی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. لێرەدا چەند نموونەیەک بەسە بۆ پیشاندانی ئەوەی کە چۆن ئەم دوو جیاکەرەوەیە ئەو جەختکردنەوانە دووپات دەکەنەوە سەبارەت بە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی. دێڤید ماکدواڵ وایبۆدەچێت کە باس کردن لە هەر مێژوویەکی نوێی کورد پێویستە بایەخی تەواو بدات بە "ململانێی نێوان گەلی کورد و ئەو حکوومەتانەی کە لە ژێر رکێفیدان" (ماکدواڵ ٢٠٠٠ : ١). مایکڵ گونتەریش رای وایە کە "ناسیۆنالیزمی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر لە سەدەی بیستدا پەرەیسەندووە وەک کاردانەوەی نەژاد یان ئیتنیکێکی بێدەوڵەت دژ بە ستەم و سەرکوتکردنی "ناسیۆنالیزمە فەرمییەکانی دەوڵەت" لە تورکیا و عێراق و ئێران و سووریادا (٢٠٠٧ : ١٥). سیاسەتە پڕ لە

ســتەم و جیاکــاری و تونــدوتیژەکانی دەوڵەتــی تورکیــا کــاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە درووستبوونی ئەم فۆرمەی ناسیۆنالیزمی کوردیی هاوچەرخدا کە سمیث و یاڤوز (٢٠٠١ : ١ ؛ ٢٠٠٥) گەلێ نموونەی لێ باس دەکەن. هەر لە سیاقێکی هاوشێوەدا، مارتن ڤان برونەسن پێیوایە کە ستەم و داپڵۆسینی دەوڵەت لە تورکیادا لەڕاستیدا رۆڵی "بەهێزی بینیوە لە هەوڵدانیدا بۆ تێکشکاندنی فەرهەنگ و کولتووری کورد" (ڤان برونەسن ٢٠٠٣ : ٥٧). هەروەها حەمید بۆزئەرسەلانیش پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی تورکیا و ئەو گرووپانەی کــە بە کــوردی قســە دەکــەن بەو شـێوەیە بــاس دەکــات کــە دژمنکارانە و پڕ لە ناکۆکییە. " لە ساڵی ١٩٢٥وە پەیوەندیی هەژموونگەرایی و باڵادەستیی نێوان دەوڵەت و کوردەکـان چەوسـاندنەوە و سـەرکوتکردن و پەراوێزخستن و سووکایەتی پێکردنی *سیستماتیکیی* کوردبوون لەخۆدەگرێت" (بۆزئەرسەلان ٢٠٠٣: ١٨٧). سیاسەت و کردەوەی تواندنەوەی زۆرەملێی کــورد لەلایەن دەوڵەتــی تورکیــاوە، چەشــنی بەزۆر پێخوێنــدن بە زمــانی تــورکی و خزمەتی زۆرەملێی سەربازی، جگە لە جیاکاری کردنیان وەک کرێکار لە شارە تورکییەکاندا رۆڵی خۆیان بینی لە خەملاندن و گەلاڵە کردنی ناســنامەیەکی نەتەوەیــی رادیکاڵــدا (Saatci ســەعاتچی ٢٠٠٢). بەهەمــان شـێوەش، سیاسـەتەکانی دەوڵەت سـەبارەت بە پشـتگوێ خسـتنی کـورد لە مێژووی رەسمیدا و سەپاندنی سیمبۆڵەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی بە سەر کایەکانی کۆمەڵگەدا هانی درووستبوونی ناسیۆنالیزمێکی شۆڤێنیی کوردیی داوە (Canefe جەنەفە ٢٠٠٢ ؛ Öktem ئــــوێکتەم ٢٠٠٤). لە شــــیکاریی هەڵکشان و گەشەکردنی پارتی کرێکارانی کوردستاندا (پەکەکە)، بیرمەند و رۆشنبیری کورد ئەڵتان تان وایبۆدەچێت کە کودەتا دڕندەکەی ساڵی ١٩٨٠ هۆکاری سەرەکی بوو بۆ روونکردنەوەی پاڵپشتی میللی لە پەکەکە (Tan تان ٢٠٠٩ : ٣٩٩).

بێگومـــان ئەو پاســـاوانەی کە نەشـــونما و پەرەســـەندنی ناســـیۆنالیزمی کـوردی کـورت دەکـاتەوە بـۆ کـاردانەوە لەبەرانـبەر ناسـیۆنالیزمی ئیتنیکـی تـــورکی و سیاســـەتە تونـــدوتیژ و جیاکارییەکـــانی دەوڵەت، بـــێ تەحەدا و بەرەنگاری تێپەڕ نەبوو. بە ئیتنیک کردنی بیرۆکراتی بووە بە هۆی نـاکۆکی و ململانێـی نەژادی لە گەلێـک لەو وڵاتـانەی کە تـازە ســەربەخۆیی خۆیـان لە تورکیـا وەرگرتــووە (Wimmer ویمــمەر ١٩٩٧). زۆرێـک لەوانەی بە رەگەز کوردن پێگە و دەسەڵاتی کاریگەریان لە بیرۆکراتییەتی حوکمدا وەرگرتووە و تێکەڵ بە کۆمەڵگەی تورک بوون (Cornell کورنێڵ ٢٠٠١). جگە لەوەش، ئەوە بە ئەزموون نەسەلماوە کە وا "پێناسەی ئیتنیکیی ناسیۆنالیزمی تورکی پێش پەرەســـەندنی "ناســـیۆنالیزمی پـــێچەوانەی" کـــوردی کەوتبێـــت، هەرچەنـــدە بەتونـدیش پەیوەسـت بـوو پێیەوە (Somer سـۆمەر ٢٠٠٤ : ٢٤١). هەروەهـا مارتن ڤان برونەسـن تێبینیی ئەوە دەکات کە رۆڵـی توندوتیژی لە مەسـەلەی کورددا زیادەڕۆیی تێداکراوە و زۆرێک لە دەستەبژێری کورد ئامادەبوون بۆ چـوونە نـاو سیسـتەمی سیاسـییەوە و تـاڕادەیەک دەسـتبەرداری ناسـنامەی کوردییـــان بـــبن (Bruinessen Van ڤـــان برونەســـن ١٩٩٩ب). زۆرتـــرین بەرەنگاربوونەوەی دڵگەرمانە لە مەتین هەپەرەوە دێت، کە مشـتومڕ لە سـەر ئەوە دەکـات گـوایە سیاســەتەکانی دەوڵەتـی تورکیـا لەبەرانـبەر هـاوڵاتییە کوردەکانی ناتوانرێت بەوە وەسـف بکرێن کە سـەرکوتکارانە و تواندنەوەیە (Heper هەپەر ٢٠٠٧ : ٦). هەروەهـــا پـــێ لە ســـەر ئەوەش دادەگرێـــت کە توێژینەوەکانی ئێسـتا لە سـەر ناسـیۆنالیزمی کوردی نـاتوانن "سـەردەمەکانی ئاشتی و ئارامیی رێژەیی لە نێوان دەوڵەت و کوردەکاندا" شـیبکەنەوە (لاپەڕە

١٨١). بەپێـــی بۆچـــوونی هەپەر، ناســـیۆنالیزمی تـــورکی بە پـــلەی یەکەم سروشتێکی مەدەنییانەی هەیە و "ئەوانەی پابەندی و ملکەچیی خۆیان ئاشکرا کردووە بۆ دەوڵەت تورک بوون، بەدەر لە کولتوور و ئایین و زمانیان" و "لە ناسیۆنالیزمی کولتووریدا یەکتر تەواو دەکەن" و بە میرات بۆ ئەو هاوڵاتیانە ماوەتەوە کە "پابەندی کۆمەڵێک ئایدیای باڵا و بەها و هەڵوێستن و سەریان کێشاوەتەوە بۆ هەست و هۆشی 'ئێمە' و بە تورکی راستەقینە لەقەڵەمدراون" (ل ١٨٤). کەواتە بەو پێـیەی تورکیـا پەیـڕەوی دەسـتووری ناسـیۆنالیزمی مەدەنی دەکات ... دەکرێت مرۆڤ تورکێکی راستەقینە بێت تا ئەو سنوورەی پابەندی ئایدیاڵ و بەها و هەڵوێستی تورک بووبێت" (ل ١٧٩).

– ٤ –

هەڵـــبەت دژواریـــیەکە لەوەدایە کە چەنـــدوچوونەکانی هەپەر لەڕووی پـراکتیکەوە نەگونجـاوە لەگەڵ ئیـدیعا دەرەکییەکەیـدا کە وا دەوڵەتـی تورکیـا پەیڕەویـی سیاسـەتی تواندنەوەی نەکـردووە لەبەرانـبەر کـورددا. لێرەدا بـۆ نموونە دەڵێ "ئەگەر هەر کەسێک بەئاشکرا جاڕ لە کوردبوونی خۆی نەدات و داوای مـافە سیاسـییەکانی کـورد نەکـات، ئەوە دەوڵەت هـیچ مەسـەلەیەکی کوردبـوون بەهەنـد وەرناگرێـت" (ل ١١٨). پاشـان بەردەوام دەبێـت و دەڵێـت "نـاوی تـورکی لەو گوندانە نراوە کە نـاوی کوردییـان هەبوو و نەشیانهێشت باوکان و دایکان ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن" (ل ١٦٣). بەهەمـان شـێوە باس لەوەش دەکات کە "دەکرێت کەسێک بەردەوام بێت لە ئاخاوتن بە زمـانی دایکی، بەڵام ئەگەر ئەم کەسە بە زمانی تورکیش قسە بکات و نـاوی تـورکیی لە منداڵەکانی نا و چووە سەر کولتـوور و فەرهەنگی نەژاد و ئیتنیکی تـورک، کەواتە ئەم کەسـە هەلـومەرجی بـوون بە تـورکی دەسـتەبەر کـردووە (ل ٩٢).

هەموو ئەم پراکتیزانەی کە هەپەر دۆکۆمێنتی کردووە و وەک بەڵگە باسیان دەکات نموونەی ئاوێتە کردن و تواندنەوەی بەهێزن و پەراوێزخستنی زمان و کولتووری گرووپێکی ئیتنیکییە بە شێوەیەکی سیستماتیکی و دامەزراوەیی بۆ بەرژەوەندیی گرووپێکی تری ئیتنیکیی گەورەتر لە ژمارەدا کە وا دەستی گرتووە بە سەر دەوڵەتدا. ئەگەر زاراوە و دەستەواژەکانی مان Mann وەربگرین، بۆمان دەردەکەوێت کە سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا لەبەرانبەر خەڵکە کوردزمانەکەدا لەخۆگرتنی شێوە دەزگایی ناچارکردن و سەرکوتکردنی پۆلیسی و داپڵۆسینی پڕ توندوتیژی و کوشتنی بەکۆمەڵی بەئەنقەست بووە (Mann مان ٢٠٠٥ : ١٢). ستراتیجییەتی دواییان لە سەرکوتکردنی یاخیبوونی دەرسیمدا جێبەجێ کرا لە کۆتایی ساڵانی ١٩٣٠کاندا (ئۆڵسن Olson ٢٠٠٠ ؛ بولۆت Bulut ٢٠٠٥) و گرتنی دەرسیم لە "سنووری ناوخۆدا"، کاتێ کۆمەڵانی خەڵکی ڕەسەنی شارەکە لە ناوچەیەکی دەوروپشتیدا بەرگرییان کرد دژ بە سەنترالیزە کردن و ئاوێتە کردن (یەفتاچەل Yiftachel ١٩٩٦).

– ٥ –

زۆرێک لە سەرچاوە سەرەتاییەکان دۆکۆمێنتی ئەوە دەکەن کە چۆن سیاسەتی زۆرەملێی دەوڵەت میراتێکی هەمیشەیی جیاکاری و نامۆبوونی بەجێهیشتووە لە ناو توێژگەلێکی بەرچاوی میللەتی کورددا (بۆ نموونە، ئەنتەر Anter ١٩٩٩ : ٣١ – ٣٤، ٣٦١ ؛ جەمال Jamal ٢٠٠٣ : ١٥ – ٣٤، ٣٧٣ – ٣٧٩ ؛ ئیکینجی Ekinci ٢٠٠٤ : ٩٤ – ٩٧ ؛ کایا Kaya ٢٠٠٣ : ٢٤ – ٣٩ ، ١٤٣ – ١٥٠). بێگومان ئەم میراتە هێشتا هەر ماوە و وەک خۆیەتی. بەپێی قسەی پیرەمێردێکی خەڵکی باتمان کە وا کوڕەکەی چووبووە

نێو ریزەکانی پەکەکەوە کە دەڵێت "هەرچەندە من باجەکانی خۆم دەدەم و خزمەتی سەربازیی خۆم دەکەم، بەڵام هەمان مافم نیە و ناتوانم بە ئازادی گوزارش لە ناسنامەی خۆم بکەم"[1]. سەرباری ئەوەش، هەپەر کاریگەریی سیاسەتەکانی دەوڵەت لە سەر کورد پوخت و پاکژ دەکات بە پشتگوێخستنی ئەوەی کە چۆن لە کورد دەڕوانێت و مامەڵە کردنیان بە شێوەیەکی جیاواز لە نەژادی تورک (بۆ نموونە، Yeğen یەغەن ١٩٩٩ ؛ Jongerden جۆنگەردەن ٢٠٠٤ / ٢٠٠٥ ؛ Ülker ئوێلکەر ٢٠٠٧)[2]. بەڵام ئەو بێدەنگە لەئاست ئەو توندوتیژییە هەڕەمەکییەی کوردی کردبووە ئامانج لە ساڵانی یەکەمی کۆماردا و جارێکی تریش لە ساڵانی ١٩٨٠کان و١٩٩٠کاندا (Alınak ئالیناک ١٩٩٦ : ٧٤ – ٩٣). توندوتیژیی هەڕەمەکیی هۆکاری سەرەکی بوو لە پشت ئەوەوە کە خەڵکانی ئاسایی دەچوونە پاڵ ڕێکخراوە یاخییەکان لە زۆرێک لە ململانێ سیاسییەکاندا (Ganguly گەنگولی ١٩٩٦؛ Goodwin گودوین ٢٠٠١ : ٢٣٥). بێگومان، ئەو شکستیهێناوە لە درککردن بەوەی چۆن سیاسەتەکانی دەوڵەت هەستێکی قووڵ و بەهێزی نادادی و ستەمی لای هاونیشتمانانی کوردزمان خوڵقاندووە.

– ٦ –

زۆر سەیرە کە وا هەپەر هێشتا هەر لە چوارچێوەی دابەشکاریی ناسیۆنالیزمی ئیتنیکیدا کار دەکات لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی مەدەنی و دابڕکردنی دەوڵەت دژ بە کۆمەڵگە و قورسایی خۆی دەخاتە سەر گرووپە ئیتنیکی و نەژادییەکان لەبری ڕێکخراوەکان سەرەڕای ڕەخنەگرتنی لە ئەدەبیاتی پێشوو لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا. یەکەم، هەپەر نیشانە ئیتنیکییەکان بە شێوەیەکی نارەخنەیی و نامێژوویی بەکاردێنێت و بۆ

نمـوونه دەنووسـێت "تورکەکـان گەیشـتوونەتە دەرەنجامێـک کەوا کوردەکـان مەیلیـان بە لای دووركەوتـنەوە بـووە لە ئایـدیاڵ و بەهـا و هەڵوێسـت" کە دەیانویست هاوبەشی تورک بن تێیاندا و لەم پرۆسـەیەدا دەکرێت ناسنامە لاوەکییەکەیـان جـێگەی ناسـنامە بنەڕەتیـیە گشـتییەکەیان بگـرێتەوە وەک تورکێــک" (ل ١٠). هەپەر بەو جــۆرە دەنووســێت وەک ئەوەی گــرووپە ئیتنیکییەکان ئەکتەری یەکبوون بن و بەڕوونی هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکـان بـدەن. لەڕاسـتیدا پەیوەنـدییە ئاڵۆزەکـانی نێـوان گـرووپە ئیتنیکییەکـان، کە وا ئەکــتەری یەکڕیــز و هەمەچەشــن نــین، لەگەڵ ئەو رێکخـراوانەی ئیـدیعای نـوێنەرایەتیی بەرژەوەنـدییە ئیتنیکییەکـان دەکەن، پێویسـتە شـیکارییەکی رەخنەیـی بکـرێن بـۆ تێگەیشـتن لە دینـامیکییەتی پەیوەنـدییە ئیتنیکییەکـان (Brubaker بـروبەیکەر ٢٠٠٢). بەرژەوەنـدییەکانی بـازنەی ئیتنیکـی هەمیشــە لەگەڵ بەرژەوەنـدییەکانی رێکخـراوی ئیتنیکیـدا یەکنــاگرنەوە. دووەم، دەوڵەتــی تورکیــا ئەکتەرێکــی یەکڕنــگ نەبــووە و سیاسەتەکانی بە شێوەیەکی بنەڕەتی کاریگەر بووە بە کارلێک و تێکهەڵکێش لەگەڵ ئەکتەرە کۆمەڵایەتییە ئۆتۆنۆمیدارەکاندا، بەتایبەتی دوای گواستنەوە بۆ حـوکمی فرەحیزبـی لە سـاڵی ١٩٥٠دا. لەکاتێکـدا هەپەر بەڕاسـتی درک بەوە دەکــات کە مــامەڵەی مەدەنــی و ســەربازی لەگەڵ مەســەلەی کــورددا جیـاوازییەکی گەورەی تێدایە (ل ٧٩)، بەڵام ئەو بە شـێوەیەکی سیسـتماتیکی هۆکارەکـانی ئەم جیاوازییانە و لێکەوتەکانیـان شـیناکاتەوە. سـێهەم، مشـتومڕ کردن لە سەر ئەوەی ئاخۆ ناسیۆنالیزمی تورکی ئیتنیکییە یان مەدەنی هەر تەواو بێسـوودە. دابەشـکاری لە نێـوان ناسـیۆنالیزمی ئیتنیکـی و مەدەنیـدا بەهــایەکی شــیکاریی زۆر ســنووورداری هەیە لە تێگەیشــتنی شــێوازەکانی ململانێــی ئیتنیکــی یــان نەژادی لە تورکیــادا. ناســیۆنالیزمی مەدەنــی، کە "بەزەروورەت باشـترین یـان خراپـترین جـۆری ناسـیۆنالیزم نـیە" و "باشـەی

هەیە بـۆ کولتوورەکـانی زۆریـنە" و "پاڵپشـتی زۆر بەهێـزی هەیە کە بەلای تواندنەوە و تێکەڵکردنـدا دایدەشـکێنن" (Wolff وۆڵـف ٢٠٠٦ : ٥٢ – ٥٣). بەهەرحاڵ، لەلایەکەوە، ئەو نووسەرانەی جەخت لە سەر تـوخمە ئیتنیکییەکان دەکەنەوە ناتوانن بەڕاستی ئەوە روونبکەنەوە کە چۆن ئەو ملیۆنـان هـاوڵاتییە کوردزمـانە خۆبەخشـانە و بەخواسـتی خۆیـان شوناسـی تـورکی وەربگـرن و خۆلابـدەن لە هەر پەیوەنـدییەک بە نەتەوەی کـوردەوە. لەلایەکـی تـرەوە، ئەو تـوێژەرانەی کە پێ لە سـەر لایەنـی مەدەنـی دادەگـرن، یـان هەر هـیچ نەبێت لایەنـی نـائیتنیکیی ناسـیۆنالیزمی تـورکی، خـۆ نەبـان دەکەن لەو راسـتییەی کە ملیۆنـان هاونیشـتمانیی کوردزمـان سـکاڵای سـەخت و تاڵیـان هەیە لە سـەر چـۆنێتیی مـامەڵە کردنـی دەوڵەت و میـدیا لەگەڵیانـدا. هەڵـبەت ناسـیۆنالیزمی تـورکی هەتـا بڵێـی لەگەڵ خۆیـدا نـاکۆک و دووڕووە و هەر جـارە و لە سـەر ئاوازێک دەخوێنێت بەڕادەیەک کە ناتوانرێت پۆلێن بکرێت نە بـۆ ئیتنیکی و نە بۆ مەدەنیش.

## مامەڵەیەکی سنووردانانی ئیتنیکی و ناسیۆنالیزمی کوردی

– ٧ –

فەرەدریک بـارت پێشـنیازی مـامەڵەیەکی باشـتر و گونجـاوتر دەکـات بـۆ لێکۆڵینەوە لە ناسیۆنالیزم و وایبۆدەچێت کە "تیشکی یەکلاکەرەوە خستنەسەر لێکـۆڵینەوە و تـاوتوێ کـردن .... دەبێتە ئەو *سـنووری* ئیتنیکیـیەی گـرووپەکە دیـاری دەکـات، نەک ئەو شـتە کولتوورییـانەی کە لەخۆیـان دەگرێت" (Barth بـارت ١٩٩٦ : ١٥). بەپێـی بۆچـوونی ئەنـدریاس ویمـمەر، "بە پـلەی یەکەم وا تەماشای بنەچەی ئیتنیکی ناکرێت کە مەسـەلەی *پەیوەنـدی* بێت لە نێوان ئەو

گرووپـــانەی پێشـــتر دیـــاریکرابوون ....، بەڵکـــو پرۆســـەیەکی *پێکهێنـــانی* گرووپەکـان و سـەرلەنوێ *پێکهێنانەوەیانە* لە ڕێگەی دیـاریکردنی سـنووری نێوانیان" (٢٠٠٨ : ١٠٢٧). پرۆسەی دانانی سنووری ئیتنیکی ژمارەیەکی زۆر لە سـتراتیجە جۆراوجۆرەکـان لەخۆدەگرێـت و لە حـاڵەتی بنیاتنـانی نەتەوەدا، یـان دەبێـت دەسـتەبژێری دەوڵەت "سـەرلەنوێ پێناسـەی گرووپێکـی ئیتنیکـی بکـاتەوە کە بـوونی هەیە وەک ئەو نەتەوەیەی کە پێویسـتە هەمـووان تێیـدا یەکانگیر بـن" یـان "دروسـتکردنی کۆمەڵێکی نەتەوەیـی / نیشـتمانیی نـوێ لە ڕێـــگەی تێکەڵکردنـــی گـــرووپە ئیتنیکیـــیە جۆراوجۆرەکـــانەوە" (ل ١٠٣٢). هەرچەنـــدە ســـتراتیجی یەکەم پێیـــدەوترێت "دامەزرانـــدن"، کە وا کـــایە بنەڕەتییەکـــانی بنیاتنـــانی نەتەوە لەخۆدەگرێـــت لە تورکیـــادا، بەڵام دووەم پێیدەوترێت "تێکەڵبوون". درووستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەپێی بنەمای زۆرینەی ئیتنیکی بە شـێوەیەکی حەتمی سەردەکێشـێتەوە بـۆ درووسـتبوونی ئەو کەمینانەی کە "بە نامۆ یان متمانە پێنەکراوی سیاسـی دادەنرێن لەپێنـاوی دامەزرانــدن یــان تێکەڵبوونــدا" (ل ١٠٣٤). لەم ڕوانــگەیەوە، درووســتبوونی کۆمەڵ یان توێژێکی کوردی یەکگرتـوو کە وا جیاوازییەکانی زمـان و خێڵ و نـاوچەی تێپەڕانـدبێت بە شـێوەیەک لە شـێوەکان بەرهەمـی کۆمـاری تورکیـا بووە.

– ٨ –

شـــێوازی بـــاوی ناســـیۆنالیزمی تـــورکی پێویســـتی بە ســـتراتیجییەتی "دامەزرانـدنە" کە خـۆی لە درووسـتکردنی سـنووری ئیتنیکیـدا دەبینێـتەوە و هەمـوو ناسـنامە ئیتنیکییەکانی تر پەراوێز دەخـات جگە لە تـورک. دانپیانـانی ئاشکرا و نوێنەرایەتی کردنی سیاسـیی ناسـنامە ئیتنیکییەکانی تر قەدەغەیـان

لەسـەرە چـونکە والێکـدەدرێتەوە کە یەکێتیـی نیشـتمانی هەڵدەوەشـێنێتەوە و جەمسـەربەندی بەرپـا دەکـات. لە هەمـان کاتیشـدا، ئامـانجی ئەم سیاسـەتە فراوانکردنـی سـنوورەکانە و گۆڕانکـارییە لە نـاوەڕۆکی تورکبوونـدا. لێـرەدا ژمـارەیەک نمـوونە تیشـکی زیـاتر دەخـاتە سـەر مەسـەلەکە. ئیلکەر باشـبوغ İlker Başbuğ، سەرۆکی ئەرکانی گشتیی هێزە چەکدارەکانی تورکیا، مشتومڕ لە سـەر ئەوە دەکـات کە "دانپیانـانی دەسـتووری بە ناسـنامە ئیتنیکییەکانـدا ئامـانجی تێکشـکاندنی دەوڵەتە و کەس چـاوەڕوانی ئەوە لە تورکیـا نەکـات سیاسەتگەلێک بەڕێوەببات کە گرووپێکی ئیتنیکیی دیاریکراو بکاتە ئامانج لە کـایەی سیاسـیدا و لەوانەیە ئەمە وڵات پەلکـێش بکـات بـۆ حـاڵەتی جەمسـەربەندی و هەڵوەشـانەوە"[3]. هەروەهـا لە وتاردانێکیـدا لە خوێنـدنگەی ئەفسـەرانی ئەرکـانی تـورکی لە ١٤ی نیسـانی ٢٠٠٩دا، دژ بەو بیـرۆکەیە دەوەستێتەوە کە توندوتیژیی سیاسی لە تورکیادا بە ململانێی ئیتنیکی وەسف بکرێت[4] و بەپێی بۆچوونی ئەم بێت ئەوە پەکەکەیە کە بێهوودە لە هەوڵدایە بۆ بەرهەمهێنانی گرژی و توندوتیژی. زۆرێکیش لە هاوڵاتییان کە بە بنەچە کورد و زازان و لە ناو هێزە چەکدارەکانی تورکیادا بوون و لە شـەڕی دژ بە پەکەکەدا شەهید بوون[5] و بەدەر لە ناسنامەی ئیتنیکییان یەکسانن لە بەرانبەر یاسادا. باشبوغ بۆچوونەکانی هەپەری لا پەسەندە و بە نموونە دەیهێنێتەوە و وایبۆدەچێـت کە لە سـاڵی ١٩٣٨وە تـا ١٩٨٤ هـیچ تونـدوتیژییەک نەبـووە پەیوەنـدیی بە نەژاد و ئیتنـیکەوە بووبێـت. تەنـانەت ئەنجـامی راپرسـییەکی گشـتیش بە نمـوونە دێنێـتەوە کە ئامـاژە بەوە دەدات کە وا زۆرینـەی رەهـای کورد و زازا گوزارش لە پەیوەندییەکی دڵسۆزانە دەکەن بە تورکیاوە. ئەو پێ لەوە دەنێت کە دەکرێت بە ئازادی گوزارش لە ناسنامە ئیتنیکییەکان بکرێت لە سەر ئاستی تاک، بەڵام نابێت هیچ شـوێنێکی لە سیاسـەتدا هەبێت. هەروەهـا باشبوغ بێنەوبەرە لە سـەر ئەوە دەکات کە "بەسیاسـەتکردنی ئیتنیک و نەژاد"

ناسەقامگیری و توندوتیژی بەرهەمدێنێت لە لوبنان و عێراق و ناوچەی بەڵکاندا[٦]. دەنیز بایکاڵی سەرکردەی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە *Cumhuriyet Halk Partisi* – CHP)، بەهەمان شێوە بەدوای ستراتیجییەتی "دامەزراندنەوەیە" و پێداگرە لە سەر ئەوەی کە پێویستە تورکبوون بە ناسنامەی نەتەوەیی / نیشتمانیی تورکیا دابنرێت و ئەمەش رێگە لەو هاوڵاتییانەی تورکیا ناگرێت کە شوناسی ئیتنیکیی تریان هەیە و لە هەمان کاتیشدا بەرهەڵستیی دانپیانانی دەستووری دەکات بە ناسنامە ئیتنیکییەکان[٧].

## – ٩ –

بیر و بۆچوونی رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران (لە سەردەمی ئەم نووسینەدا – وەرگێڕ) و سەرکردەی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە *Adalet ve Kalkınma Partisi* – AKP) سەبارەت بە بنیاتنانی ناسیۆنالیزمی تورکی هاوشێوە و جیاوازیشە لە دید و تێڕوانینی باشبوغ و بایکاڵ. لە سەرێکەوە، ئەویش وا لە تورکبوون دەگات کە پێکهاتەیەکی فراوانە و گەلێ ناسنامەی ئیتنیکی لەخۆدەگرێت و دەڵێت "تورک و لاز و کورد و چەرکەس و جۆرجییەکان هاوبەشن لە هاونیشتمانی بوونی کۆماری تورکیادا و هەموو ئەوانە برای ئێمەن"[٨]. لە سەرێکی تریشەوە، خواستی زۆری هەیە بۆ دانپیانانی ئاشکرا بە تایبەتمەندی و جیاوازیی مێژوویی ناسنامەی کوردی. ئەو پاساوی وایە کە ئەم تایبەتمەندی و جیاوازییە بە زەرووڕەت یەکێتیی نێوان تورک و کورد تێکنادات چونکە مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە لە هاوکاری و ئاڵوگۆڕی بەها کولتوورییە هاوشێوەکان، کە پێدەچێت بنەمای باوەڕی هاوبەشیان بێت بە ئیسلام. بەم مانایە بێت، هەر ئەوە نیە کە وا تورک و کورد پێکەوە لەم ناوچەیەدا دەژین،

بەڵکو پەیوەندیی توندوتۆڵیان بنیاتناوە بە هۆی تێکەڵبوون و کارلەیەکتر کردنیان و خەبات کردن دژی دوژمنە هاوبەشەکان و جگە لەوەش هەردوولا لە فەرهەنگ و کولتووری ئیسلامیدا هاوبەشن. بەم پێیە، ئەردۆغان هەڵوێستێک وەردەگرێت کە خاسیێتی هەردوو ستراتیجییەتی "دامەزراندن و تێکەڵبوونی" لەخۆگرتووە و ئامانجی تێکشکاندنی ڕەونەق و پرشنگداریی ناسیۆنالیزمی ئیتنیکیی کوردییە. لەبەرئەوەی ناکرێت دەوڵەتی تورکیا بە قەوارە دەوڵەتێکی تۆکمە و چەسپاو دابنرێت، بۆیە ئەم لێکدانەوە ڕکابەرانەی ناسیۆنالیزمی تورکی گەشەیان کردووە و بە تێپەڕینی کات روونتر بووەتەوە هاوشان لەگەڵ هەوڵدانی دەوڵەتدا بۆ بەرپەرچدانەوەی تەحەدای ناسیۆنالیزمی کوردی.

- ١٠ -

ناسیۆنالیستە کوردەکان بەدوای چەندین ستراتیجەوەن بۆ سنووردانانی ئیتنیکی وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەم پێکهاتانەی ناسیۆنالیزمی تورکی. ئەوان مشتومڕیان لە سەر ئەوەیە کە وەسفکردنی خاسییەتی ناسیۆنالیزمی تورکی بە مەدەنی لەوە بەولاوە کە رووکەشێکی بەردەوامی پێدانی هەژموونی نەژاد و ئیتنیکی تورکە هیچیتر نیە. لە پلەی یەکەمدا، ئەوان سنوورێکی تەسکتر دەکێشن بۆ ناسنامەی ئیتنیکی لە هەوڵدانێکدا بۆ دیاریکردنی کورد وەک نەتەوەیەکی جیا لە تورک. ویممەر ئەم جۆرە لە سنووردانی ئیتنیکی بە "چوونەوەیەک" پۆلێن دەکات (ل ١٠٣٦). ئەمینە ئاینەی هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخواز (دەتەپە *Demokratik Toplum Partisi* – DTP)، نموونەگەلێکی سەرەتایی باس دەکات بۆ پێشەنگێکی کاری ئیتنیکی کە ستراتیجییەتی لەم چەشنە بەکاردێنێت لە وتاردانەکانیدا و کوردێتی یان

کوردبـوون دادەبەزێنێـت بـۆ شـێوەیەکی تـایبەت و دیـاریکراو لە ناسـنامەی سیاسـی. ئەم خـانمە لە وتاردانێکیـدا لە ڤـارتۆ، لە ٢ی دیسـەمبەری ٢٠٠٨دا، دەڵێت:

"نابێـت هـیچ کەسـێک کە دەبێـتە بەربژێـری پـارتی داد و گەشـەپێدان (ئەکەپە AKP) بڵـێ 'مـن کـوردم'. ئەمە قبـووڵکراو نـیە چـونکە سیاسـەتەکانی پـارتی داد و گەشـەپێدان نکـووڵی لە کـورد دەکەن و هەرکەسـێک ببێـتە بەربژێـری ئەکەپە کـورد نـیە و تەنـانەت ئەگەر بە دەمـی خۆیشـی بڵـێ 'مـن کـوردم'. ئەمەش واناگەیەنێت کە ئـێمە پراکتیـزەی سیاسـەتی نەژادپەرسـتی دەکەیـن. ئەکەپە و ئەوانەی کە بانگەشـەی تـاقە یەک نەتەوە دەکەن (کە نەتەوە و میللەتی تورکە) لەم وڵاتەدا پەیڕەویی سیاسەتی ئیتنیکی دەکەن".

- ١١ -

هەر ئەم خـانمە چەنـدوچوونی زیـاتر دەکـات و لە کۆبـوونەوەیەکی جەمـاوەریی هەڵبـژادن لە مـارتی ٢٠٠٩دا دەڵێـت کە پێـوەری راسـتەقینەی کوردبوون پشتیوانی کردنە لە پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخواز DTP[٩]. بەم پێوەرە بێت، هیچ کەسێک بە کوردی رەسەن دانانرێت ئەگەر بەدەر لە دەتەپە DTP دەنگ بۆ حیزبی تر بدات. رەنگە ستراتیجییەتی ئایینە شکستی خود بێت کە لێکەوتەی خواست لە سەر نەبووی هەبێت و لە کەمکردنەوەی سەرنجدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەر بێت چونکە ئەو سنوورە دابڕکارانە ناکێشێت لە نێوان کورد و گرووپە ئیتنیکییەکانی تر لە تورکیادا، بەڵام مانای کوردبوونیش بە پێـوەرە سیاسـییە قەدەغە ئامێزەکـان دەگونجێنێـت[١٠]. پێناسـەی ئـایینە بـۆ ئیتنیکـی کـورد تەواو دژوار و پـێچەوانەیە لەگەڵ ئەو رێـگە و شـێوە

فرەڕەهەنـد و دژوارانەی کە هـاوڵاتییە کوردزمانەکـانی تورکیـا گوزارشـی لێوەدەکەن لەبارەی ئەزموون و ناسنامەیانەوە و سروشتی نەرمی ناسنامەی کوردی لە تورکیای هاوچەرخدا دۆکۆمێنت کراوە (بۆ نموونە، مارتن ڤان برونەسن ١٩٩٩ ب : ٢٣ – ٣٦٠). تەنانەت لە کاتی ترۆپکی شەڕ و ململانێی نێوان دەوڵەتی تورکیا و پەکەکەدا، ناسنامەی ئیتنیکی بەزەرووڕەت دڵسۆزیی سیاسـیی دیـاری نەدەکـرد (بـڕوانە کالیڤـاس Kalyvas و Kocher کـۆچەر ٢٠٠٧).

- ١٢ -

کـوردە نەتەوەییەکـانی تـر شـوێن سـتراتیجییەتێکی تـری سـنووردانان کەوتـوون کە پێیـدەوترێت "سـەرلەنوێ هەڵسـەنگاندنەوە transvaluation" (Wimmer ویمـەر ٢٠٠٨ : ١٠٣٧). ئەوان بەئاشـکرا بەرەنگـاری ئەو زنجیرەبەنـدییە هەرەمیـیە عـادەتییە دەبـنەوە کە ناسـیۆنالیزمی تـورکی دایڕشـتووە و پێـداگری لە سـەر ئەوە دەکەن کە پێویسـتە کـورد دۆخێکـی سـیمبۆڵی و دەسـەڵاتی سیاسـیی یەکسـانیان هەبێت. نموونەیەکی پێشـتر لە کـاری برایـان جەمیـل پاشـازادەدا دۆزراوەتەوە، کە مشـتومڕ لە سـەر ئەوە دەکەن کە وا تورکەکـان خەڵکـی ناشارسـتانی بـوون و شارسـتانییەتێکی کوردیـان داگیرکـردووە (Malmisanij مالمیسـانژ ٢٠٠٤). ئەو ئـارگومێنتەی کە دەڵێت کـورد لە دوای شـەڕی سـەربەخۆیی تووشـی فێڵ و سـاختە هـاتوون مێژوویەکـی دووردرێژی هەیە لە نـاو ناسیۆنالیستە کوردەکانـدا[١١]. ئەحـمەد تـورکی هاوسـەرۆکی (دەتەپە DTP)، زۆر جـار لە وتاردانەکانیـدا بـاس لەوە دەکـات کە دەسـتووری سـاڵی ١٩٢٤ سیسـتەمێکی سیاسـیی ئۆتـۆکراتیی

داڕشتووه و نکووڵی له شوناس یان ناسنامەی کورد کردووه سەرەڕای ئەو ڕاستییەی که وا کورد یەکلاکەرەوه بوون له سەرکەوتنی جەنگی سەربەخۆییدا به سەرکردایەتیی ئەتاتورک[12]. ئەو ئێستا داوای چارەسەری ئەو ستەم و نادادییه دەکات له ڕێگەی دەستوورێکی نوێوه که دان به ناسنامەی کورددا بنێت. ئەحمەد تورک بەشێک له وتارەکەی له ٢٤ی شوباتی ٢٠٠٩دا، لەبەردەم کۆمەڵێک پەرلەمانتاری پارتی دەتەپەدا DTP به زمانی کوردی خستەڕوو، بۆ ڕەخنەگرتن له قەدەغەکردنی زمانەکانی تری غەیره تورکی له شوێنه ڕەسمییەکاندا. ئەمه نموونەیەکی زەقه له چۆنێتی کاردانەوەی کورده نەتەوەییەکان بۆ ئیدیعا ناڕاستەکانی ئیلیت و دەستەبژێرانی دەوڵەت که وا شوناسی کوردی سەرکوت ناکرێت له تورکیادا.

- ١٣ -

هەروەها سیاسەتی "سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوه" پێویستی به تانەدانه له مێژووی هەژموونگەرایی و کورده نەتەوەییەکان جارێکی تر ڕووداوه مێژووییه سەرەکییەکانی سالآنی سەرەتای کۆمار ڕاڤه دەکەنەوه و شکۆ و شانازییان داناوه بۆ یاخیبوونی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعید و ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٣٧ی دەرسیم، وەک هەوڵدانێک بۆ بەردەوامی پێدانی بەرگریی کورد بۆ دەسەڵاتی ستەمکاری و ملهوڕانەی دەوڵەت. جگه لەوەش، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بەو لایەدا دایدەشکێنێت که لێکدانەوەی هەموو ئەو ناکۆکی و ململانێیانەی خەڵکی کوردزمان دەگرێتەوه هێرش و پەلاماری ڕق و کینەن و بەدیاریکراوی کورد دەکەنه ئامانج به هۆی شوناسی ئیتنیکییانەوه. بۆ نموونه، له کۆتایی مانگی نیسانی ٢٠٠٩دا گرووپێک هێرش دەکەنه سەر کۆمەڵه ماڵێکی کورد له دێهاتی کیرغیزستاندا له ئەنجامی

هەواڵێکی هەڵبەستراو گوایە کوردێک کچێکی منداڵی چوار ساڵانی ئەتک کردووە. بەپێی ئاژانسی هەواڵی فورات ANF، هێرش و پەلامارەکان بە هۆکاری ئیتنیکییەوە بوون و مەبەست دەرکردنی کوردەکان بووە لە گوندەکە و زەوتکردنی ملک و ماڵیان بووە"[13]. ئەم ئارەزووە بۆ بەنەژاد کردنی ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ ئەو سەرنج و تێبینییەدا یەکانگیر دەبێت کە دەڵێ: "سروشتی ئیتنیکیی ململانێ هەمیشە بەرپەرچ دەدرێتەوە و لە ناوەرۆکی کارەکە خۆیدا نیە، بەڵکو لە دووتوێی ئیدیعای ئەو لێکدانەوانەدا دەردەکەوێت لە دوای بەرپابوونی رووداوەکەوە" (Brubaker and Laitin بروبەیکەر و لەیتین ١٩٩٨ : ٤٤٤).

- ١٤ -

هاوشان لەگەڵ ستراتیجییەتی "سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوە"، ناسیۆنالیستە کوردەکان رەواییەکیش دەدەن بە توندوتیژیی سیاسی بە مشتومڕ کردن لە سەر ئەوەی کە وا کۆتوبەندە سەپێنراوەکان بە سەر ناسنامەی کوردیدا هەڵناگیرێت ئەگەر خەباتی چەکداریی پەکەکە ئەو کارە نەکات و سوورن لە سەر ئەوەی کە وا پەکەکە شەرەف و کەرامەتی گێڕاوەتەوە بۆ ناسنامەی کوردی و سووکایەتی پێکردنی زیاتری نەهێشتووە"[14]. لە ١٣ی ئابی ٢٠٠٨دا، نەجدەت ئاتەلای، کە ئێستا سەرۆک شارەوانیی باتمانە، لە وتاردانێکدا لە شاری لیس، ئەوەی روونکردەوە کە:

"پێش ٣٠ ساڵ ئێمە شەرممان لە کوردبوونی خۆمان دەکرد. ئەو خەڵکانە خۆشی لەخۆیان (مەبەست چەکدارانی پەکەکەیە)، کە فێریان کردین بە شکۆوە بژین. ئێستا، هیچ کوردێک لە کوردبوونی خۆی تەریق نابێتەوە، بەڵکو

بەپێچەوانەوە، هەموو کوردێک شانازی بە ناسنامەی خۆیەوە دەکات. ئەم خەبات و تێکۆشانە قوربانیدانی هێجگار گەورەیە. خۆشەویستی و سڵاوم بۆ هەموو ئەو کەسە بەشەرەفانەی کە لە حوزووری تۆدان".

## - ١٥ -

ناسیۆنالیستە کوردەکان تەنها هەر بەرپەرچی ناسیۆنالیزمی تورکی نادەنەوە، بەڵکو لەهەوڵیشدان بۆ گەڵاڵە کردنی بیرۆکەیەکی روون و هەمەلایەنە لەبارەی ناسنامەی کوردییەوە. بەڵام لەئێستادا، ناسنامەی کوردی پێکهاتووە و گەڵاڵە بووە و جومگەبەندیی خۆی دەستەبەر کردووە و گەلێ رێچکە و شێوازی جیاوازی هەیە کە زۆر زەحمەتە بۆ نەتەوەییە کوردەکان مۆبیلیزەی هەموو نەژادی کورد بکەن لە ژێر ئاڵای خۆیاندا. ئەوەی بە شێوەیەکی تایبەتی بووەتە مایەی سەرنجدان ئەوەیە ئاخۆ چۆن هەندێک لەو خەڵکانە پۆلێن بکرێت کە بە دیالێکتی زازا قسە دەکەن و کورد وەک بەشێک لە خۆیان پۆلێنیان دەکەن و لە دیدی ئەمانەوە خراونەتە ئەو جوغزەوە کە ستراتیجییەتی "چوونەوەیەک" دەیانگرێتەوە. لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧دا شاری ئەلازیغ Elazığ، کە دانیشتوانێکی زۆری زازای تێدا نیشتەجێیە، کۆبوونەوەیەکی نارەزایی گەورەیان ئەنجامدا و خەڵکێکی زۆری تێدا بەشداربوو، دژ بە "تیرۆری پەکەکە". لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداربووان، کە زۆریان کوردی زازا بوون، هاواریان دەکرد "ئێمە هەموو تورکین، ئێمە هەموو محەمەدیین Mehmets [ئەمە ناوێکی گشتییە و بە سەربازانی سوپای تورکیا دەوترێت]". کەسێکی تەمەن ناوەنجی کە لە دەزگایەکی حکوومەتدا کاردەکات لە شاری بینگۆل، تێبینیی ئەوە دەکات کە وا "پەکەکە دەیەوێت یاریی بە ئەقڵی زازاکان بکات. ئەوان دەڵێن زازا کوردن و ئێمە وایدانانێین و

ئەگەر وایە بۆچی زازاکان زازاییستان دانامەزرێنن؟ کەواتە دەبێ کورد یارمەتیمان بدات"[١٥]. کوردی تر هەن بەرهەڵستیی گێڕانەوەی کوردە ناسیۆنالیستەکان دەکەن زیاتر لەبەر هۆکاری ئاسایی و هاکەزایی. بە پێی دەربڕینی نوێنەرێکی ئاستبەرزی پارتی دەتەپە DTP لە ئەستەمبووڵ "زۆرێک لە دایبابانی [کورد] حەزیان لەوە نیە منداڵەکانیان تێکەڵ بە سیاسەت بن و بێنە ناو ریزەکانی حیزبمانەوە و ئەوان وایان پێباشترە کە منداڵەکانیان خوێندنێکی باش بەدەستبێنن و کار و فەرمانی گونجاو پەیدابکەن و لە کێشە و گرفت دووربکەونەوە. لەبەر ئەوە ناتوانین تەواوی تواناکانی خۆمان بجووڵێنین"[١٦].

- ١٦ -

بۆ زۆرێک لە کورد، هیچ سنوورێکی توند نیە لە نێوان ناسنامەی کوردی و تورکیدا، کە هەر بە هەماهەنگ دەمێننەوە لەگەڵ یەکتردا. ئاوێتەبوونی ناسنامەکان بەتەنها لە رێگەی تواندنەوەی زۆرەملێ و نەویستانە لێکنادرێتەوە و چەندین نموونە دەکرێت تیشکیان بخاتەسەر. پیاوێکی خاوەن کاری کورد کە لە نێوان دیاربەکر و کوردستانی عێراقدا هاتوچۆ دەکات، بە هۆی هاوسۆزییەوە لەگەڵ پەکەکەدا کاتێ کە لە سالانی ١٩٨٠کاندا قوتابی بووە لە زانکۆی دیجلە لە دیاربەکر، بەم شێوەیەی خوارەوە لێدوان دەدات:

"ئێمە لەناوخۆماندا بە تورکی لەگەڵ یەکتر دەدوێین تەنانەت ئەگەر کەسێکیشمان لەگەڵ بێت ئەگەر زمانی دایکی کوردی بێت. ئەمەش لەبەر ئەوە نیە کە ئێمە پێویستە وابکەین، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە خۆمان وامان پێخۆشە. من لەگەڵ منداڵەکانیشم هەر بە تورکی قسە دەکەم و ئەوان پێویستە بەچاکی

زمانەکە فێرببن ئەگەر بیانەوێت لە ژیاندا سەرکەوتووبن. ئەوان پاشەڕۆژیان لە تورکیایە و لێرە نیە [مەبەست کوردستانی عێراقە]"[١٧].

– ١٧ –

بازرگانێکی کوردی تری خەڵکی دیاربەکر، کە لە بەندیخانە سەربازییە بەناوبانگەکەی دیاربەکر زیندانی کراوە بە هۆی هاوسۆزییەوە لەگەڵ ئاڵای رزگاریدا، کە ڕێکخراوێکی کوردیی سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠کان بووە. ئەم پیاوە دەیەوێت هەر پێنج منداڵەکەی بە زمانێکی تورکیی رەوان قسە بکەن. لەڕاستیشدا، بچووکترین منداڵی کە کچێکی نۆ ساڵانە بەهیچ شێوەیەک بەکوردی قسە ناکات. بەڵام خۆی دەکەوێتە بارێکی سۆزداریی سەیرەوە کاتێ کە ئاڵای کورد و سەربازانی کورد (مەبەستی پێشمەرگەیە – وەرگێڕ) لە کوردستانی عێراقدا دەبینێت و زۆر سەرسامە بە بنەماڵەی بارزانی، بەڵام لەملاشەوە باوەڕی تەواوی بەوەیە کە پاشەڕۆژی منداڵەکانی لە تورکیادایە.

– ١٨ –

ئەو پەڵە و لەکە کۆمەڵایەتییەی نووساوە بە زمان و ناسنامەی کوردییەوە وا لە گەلێ تاکی کوردزمان دەکات کە لەگەڵ حاڵەتە گشتییە نوێیەکەدا خۆبگونجێنن. ئەندازیارێکی سۆشیاڵ – دیموکرات لە شاری ئیزمیردا لە رۆژئاوا تێبینیی شتێکی سەیری کردووە و دەڵێ "ئەندازیارێکی وریا و زیرەک لە فەرمانگەکەماندا هەیە و من دەزانم کە کوردە و هەر کاتێ بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ باوک و دایکیدا دەکات دەچێتە باڵکۆنەکە و نایەوێت ئێمە گوێمان لێبێت کە بە کوردی قسەیان لەگەڵدا دەکات[١٨]. یەکێک لە

فیلمسازە ئارەزوومەندەکان کە دووکانێکی ڤیدیۆی لە شاری مووشدا هەیە بۆ کەسێکی سەردانیکەر باس دەکات کەوا فرۆختی ئەلبووم و فیلمە کوردییەکان لە تورکییەکان کەمترە، ئەگەرچی هەموو مەعمیلەکانی تاڕادەیەک گرنگیی بە بەرهەمی کوردی دەدەن[١٩]. کوردێکی زازا کە لەدایکبووی گوندێکی نزیک پالووە لە ناوچەی ئەلازیغ، ئێستا لە پاش خانەنشین بوونی وەک بەڕێوەبەری بەنک لە ئیزمیر دەژی. هەردوو کچەکەی هیچ زانیارییەکیان نیە لە سەر زمانی دایکیی باوکیان، کە هەرگیز قسەی پێناکات. ئەم پیاوە زۆر سەرسامە بە کارەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورک. ئەمانە نموونەگەلێکن لە سەر "هەنگاوێکی رەفتاری" کە بریتییە لە گۆڕینی کەسێک بۆ ناسنامەکەی بۆ هەلاتن لەو ئاماژە و دەلالەتە نەرێنیانەی بەستراون بە گرووپە ئیتنیکییە رەسەنەکەوە. "گۆڕانکاریی درێژخایەنی لەم چەشنە" پێویستی بە گۆڕانکارییەکە کە وا پالنەری ستراتیجیی هەبێت لە زمان و دابونەریت و شێوازی هەلسوکەوت و جلوبەرگ (Nagel نەگەل و Olzak ئۆێلزاک ١٩٨٢ : ١٢٩)، لە هەمان کاتیشدا بەرەنگاری ریزبەندی هەرەمیی کۆمەلایەتیی سیاسیی نێوان ئیتنیکەکان نەبێتەوە (Wimmer ویمەر ٢٠٠٨ : ١٠٣٩). هەلبەت ئەو کەسانەی کە لەخۆوە دەستبەرداری ناسنامەی کوردییان دەبن یان بایەخێکی ئەوتۆی پێنادەن گەلێ هۆکار و پالنەری هەیە، بەتایبەتی ئەو وێناکردنە باوە نەرێنییەی لە سەر کورد بەربلاوە.

- ١٩ -

لەهەمان کاتدا، زۆرێک لە هاوڵاتیانی کوردزمان جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە وەک هاوڵاتیی پلە دوو مامەڵە کراون و لە مافەکانیان بێبەری کراون. سەرتاشێک کە وەک پاسەوانیش لە زانکۆی دیجلە لە دیاربەکر کاردەکات دەگێڕێتەوە کە وا باپیرە گەورەی لە ساڵی ١٩١٩دا وەک نوێنەرێکی وان بەشدار بووە لە کۆنگرەی ئەرزڕوومدا و سکاڵای ئەوە دەکات کە وا:

"باپیرە گەورەم وەک فیڵدمارشاڵ قسەی لەگەڵ ئەتاتورک کردووە، بەڵام ئێستا تەماشای بارودۆخی ئێمە بکەن. ئەوان لە ئێمە باشتر مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە بەم دواییە لە بولگارياوە کۆچیان کردووە. تەنانەت لە ئێمە باشتر مامەڵەی پەنابەرە ئەفغانییەکان دەکەن کە شوێنی نیشتەجێبوون و خانووبەرەیان بۆ دابینکردوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ئێمەین لەپێناوی ئەم دەوڵەتەدا شەڕ دەکەین ئەگەر جەنگ بەرپابوو، نەک ئەفغانییەکان. ئێمە جیاکاری لەگەڵ کەس ناکەین و ناشخوازین کەس جیاکاریمان لەگەڵ بکات و ئەوە ئێمەین کە خاوەنی ئەم خاک و وڵاتەین"[٢٠].

- ٢٠ -

ئەم نموونە دیاریکراوانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە سنووردانانی ئیتنیکی مامەڵەیەکی باشترە بۆ مەسەلەی کورد لە دابڕکاریی نێوان ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی و مەدەنیدا و دەکرێ دوو هۆکار بۆ ئەم ئەنجامگیرییە بێنینەوە. یەکەمیان پەیوەندیی نیوان ناسیۆنالیزمی تورکی و کوردی، ناکرێت بەتەواوی

والێکبدرێتەوە کە بەرگریی دووەمیانە بۆ هەوڵی ستەمکارانەی یەکەم. هەڵبەت ئەم پەیوەندییانە کار لەیەکتر دەکەن و دینامیکییە و هەردوو ناسیۆنالیزمەکە بەردەوام لە پێکهاتندان. بۆ نموونە ستراتیجییەتی "سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوە" کە وا کوردە نەتەوەییەکان پەیڕەوی دەکەن وایکردووە کە نەتەوەییە تورکەکان راشکاوانە کوردبوون قبووڵ بکەن وەک ناسنامەیەکی ئیتنیکیی رێزلێگیراو. لە ئێستادا دەستەبژێرەکانی دەوڵەت لە ژێر فشاری جەختکردنەوەن لە سەر ئەوەی کە جیاکارییەک نیە دژ بە هیچ کەسێک بە هۆی ناسنامەی ئیتنیکییەوە و هەموو شوناسە ئیتنیکییەکانیش شایستەی مامەڵەکردنی یەکسانن[٢١]. ئێستا تەلەفزیۆنی دەوڵەت بە زمانی کوردی پەخش دەکات و بەم نزیکانەش بەشی زمان و کولتووری کوردی لە زانکۆکاندا دەکرێنەوە. ئەم دانپیانانە ئاشکرایە بە کوردبووندا وەک سەرچاوەیەکی رەوای ناسنامەی گشتیی جیاوازی و دابڕانێکی تەواوە لە گوتارەکانی پێشوو کە نکووڵیی لە بوونی دەکرد. بەتایبەتیش، سەرۆک وەزیران ئەردۆغان (لە دەمی ئەم نووسینەدا ئەردۆغان هێشتا سەرۆک کۆمار نەبوو – و) گوزارش لە گوتارێک دەکات کە هەندێک توخمی ستراتیجییەتی "تێکەڵبوونی" تێدایە و جەخت لە سەر بەها هاوبەشەکانی نێوان تورک و کورد دەکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا، ناسیۆنالیستە تورکەکان دان بە کورددا نانێن وەکو میللەت / نەتەوەیەک کە بەکۆمەڵ مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەبێت و ناسیۆنالیستە کوردەکان تۆمەتبار دەکەن بە هۆکاری دووبەرەکی نانەوە. وەک کاردانەوەیەکیش، ناسیۆنالیستە کوردەکان بەردەوام ئەم تۆمەتە دەدەنە دواوە و هەوڵی پێداگرتنیانە لە سەر پابەندبوون بە یەکێتیی تورک و کوردەوە. دووەم، هەردوک ناسیۆنالیزمی کوردی و تورکی یەکڕیزییەکی پتەویان تێدا نیە و چەندین ستراتیجییەتی رکابەر لەخۆدەگرن. بێگومان ناسیۆنالیستەکانی هەردوولا لەهەوڵدان بۆ رەنگڕێژیی سنوورێکی توند و پتەو

له نێوانیانـدا، لەکاتێکـدا ناسـنامە ئیتنیکییەکـان مەیلیـان بەلای ئەوەوەیە کە سنوورێکی کاڵ و مایەی ئاڵوگۆڕ بێت لە سەر ئاستی میللی. ئەوان هەوڵی سەپاندنی سزا دەدەن بە سەر ئەو رەفتارەدا کە بە نەگونجاو دادەنرێت لە دید و بۆچوونی ناسیۆنالیستییەوە. بەهەرحاڵ، تـوێژە ئیتنیکییەکـان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی جۆرە دیاریکراوەکانی ئاراستەی سیاسی و رەفتاری تێدا نیە و پێویستە پەیوەندیی نێوان ناسنامەی ئیتنیکی و کاری سیاسیی ئاراستەکراو بەرەو ئیتنیکییەت یان نەژادسازی روونبکرێتەوە لەبری گریمانەدانان.

## II. رکابەریی هەڵبژاردن و ناسیۆنالیزمی کوردی

- ٢١ -

ئەو تێڕوانینانەی کە وێنای پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە دەکەن لە پـلەی یەکەمـدا بە دەسـتەواژەی دوژمنکـارانە، رۆڵـی دینـامیکییەتی هەڵبژاردن و کارلێکی نێوان ئیتنیکەکانی پشتگوێ خستووە لە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا. بەزۆری هەڵبژاردنەکان جیاوازیی نێوان ئەکتەرە حکوومی و ناحکوومییەکان دەسڕێتەوە و بە شێوەیەکی بنەڕەتی فۆرمەڵەی سروشتی کارلێکەکەیان پێکدێنێت (Migdal میگداڵ ٢٠٠١). ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکـانی کە بەسـتراون بە حیـزبە سیاسـییەکانەوە بەشـداری لە هەڵبژاردنـدا دەکەن و رکـابەریی یەکتـر دەکەن لەپێنـاوی کـۆنترۆڵ کردنـی بازنەی هەڵبژاردنی ئیتنیکیدا. تەنانەت ئەو ئەکتەرانەی دەوڵەتیش کە ئاستێکی بەرزی سەربەخۆییان هەیە، وەک سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا و دامەزراوەی دادوەری، رەنـگە وەلامـدەرەوەی داواکـارییە میللییەکـان بـن بە ڕێزگرتنێکـی

زۆرترەوە بۆ مافی مرۆڤ. دامەزراوەی دادوەری و وردتر بڵێین دادگاکانی کە پلەیان خوارترە، زیاتر مەیلیان بەلای سزادانی ئەو هێزانەی ئاسایشدا دەچێت کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن لەو بۆنانەدا کە وا چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی سیستەمەکانی یاسایی و رای گشتی و رایەڵە نێودەوڵەتییەکان دەجووڵێنن (Tezcür تەزجور ٢٠٠٩).

- ٢٢ -

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی تورکیا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی نەبووە بە ئیتنیک و نەژادی دەنگدەرانەوە و پارتە سیاسییەکان بەشدار نەبوون لە سۆز راکێشانی ناسنامەی ئیتنیکیی دەنگدەران تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەبێت (هورۆیتز ٢٠٠٠ : ٣١٨ – ٣٣٢). لەڕاستیدا، ناسنامەی ئیتنیکی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەنگدان دیاری ناکات لە تورکیادا. وەک لە ئەدای پارتی داد و گەشەپێداندا دەردەکەوێت لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٧دا، پارتە سیاسییە مامناوەندی و فرەنەژادەکانی کە وا پەیڕەویی بەرنامەی میانڕەو دەکەن دەکرێ زۆر سەرکەوتووبن (Reilly راڵی ٢٠٠٢ : ١٦٧). ئەو حیزبانەی ئیدیعای نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد دەکەن هەرگیز ٧%ی دەنگەکان زیاتر ناهێنن، تەنانەت ئەگەر هاوڵاتییە کوردزمانەکانیش ١٤%ی دانیشتوان پێکبێنن (Koc *et al.* 2008). (لە هەڵبژاردنەکانی دواتری تورکیادا پارتی گەلی دیموکراتی، هەدەپە HDP، سنووری لە سەدا دەی تێپەڕاند و ئەم راوبۆچوونەی خستە هەڵەوە – وەرگێڕ).

لە تورکیادا، هەڵبژاردنەکان هاوکار بووە لە هێنانەپێشەوەی دەستەبژێرە کوردە لۆکاڵەکان و بەرفراوان کردنی کایەی یاسایی چالاکیی پڕ بێنەوبەرەی کورد و گەلاڵە کردنی سروشتی رکابەری لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کورددا. یەکەم، رکابەری و کێبەرکێی هەڵبژاردن لە ساڵی ١٩٤٦وە رۆڵی لە هاوپەیمانییە ستراتیجییەکاندا بینیوە لە نێوان حیزبە سیاسییە تورکییەکان و دەستەبژێرە ئایینی و خێڵەکی و زەویدار و سەرمایەدارە کوردەکاندا. ئەم چین و توێژە کوردانە دەسەڵاتی خۆیان بەهێزکردووە و هەلی دەستەبەر کردنی سەرچاوەی باشیان بۆ رەخساندوون لەبەرانبەر رادەستکردنی دەنگەکانیان بە پارتە تورکییەکان. ئەم پەیوەندییە ئاڵوگۆڕ ئامێزەی نێوان دەوڵەت و دەستەبژێرە ناوخۆییەکان فاکتەرێکی گرنگی پێکدەهێنا لەوەی کە نەهێڵێت هەڵبژاردن ببێتە هۆکاری گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ چەندین ساڵ (Beşikçi بێشکچی ١٩٩٢ : ٥٣ – ٥٦). لە هەمان کاتیشدا، پرۆسەی هەڵبژاردن بووبووە هێزێکی گرنگ بۆ کەمینە ئیتنیکییەکان لە دابینکردنی رێگەی نوێنەرایەتی کردنی سیاسی و دەسەڵات لە ناو رژێمدا[٢٢].

یەک لە نموونە زەق و دیارەکانی ئەم پیشە پەرلەمانییە پچڕپچڕ و دوورودرێژە، عەبدولمەلیک فورات بوو، کوڕەزای ئەو شێخ سەعیدەی کە سەرکردایەتیی گەورەترین یاخیبوونی کوردیی کرد لە ساڵانی سەرەتای کۆماردا (Kaya کایا ٢٠٠٣). نموونەگەلێکی گرنگی تر، یوسف عەزیز ئۆغڵوو کە لە پۆستی وەزیری تەندرووستیدا بووە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠کاندا و شەرەفەدین ئالچی کە وەزیرێک بووە لە ساڵی ١٩٧٩دا[٢٣]. ئەم سیاسەتمەدارە کوردانە پارێزبەندییان نەبوو لەو تانە و توانجانەی کە نەژادی کوردیی ئەوانی لەکەدار دەکرد. بۆ نموونە، کامەران ئینان کە رکابەریی سولێمان

دێمیریلی دەکرد بۆ سەرکردایەتی پارتی عەدالەت لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا، سکاڵای ئەوە دەکات کە رکابەرانی بەوە شکستیان پێهێنا و تووشی نائومێدییان کرد کاتێ ئەو راستییەیان سەلماند کە خەڵکی "رۆژهەڵاتە"[٢٤].

- ٢٤ -

دووەم، هەروەها هەڵبژاردن هاوکار بووە لە فراوانکردن و دەست و پەنجە نەرمکردنی کاری سیاسیی کوردیی پڕ مشتومڕ. ساڵی ١٩٦٧، کۆبوونەوە گشتییەکان بە چاودێریی حیزبی *(تورکیا ئیشچی پارتیسی Türkiye İşçi Partisi – TİP)*، کە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٥دا نوێنەرایەتیی پەرلەمانی بەدەستهێناوە، یەکەم حاڵەتی شوناسی کوردیی دەستەبەر کردووە کە بە فۆرمێکی سیاسیی ئاشکرا گوزارشی لێبکرێت لە دەمی سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەوە لە کۆتایی ساڵانی ١٩٣٠کاندا (Gündoğan گویندۆغان ٢٠٠٥)[٢٥]. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠کانەوە، نەتەوەییە کوردەکان سوودیان لە هەل و دەرفەتی هەڵبژاردن وەرگرتووە بۆ پێشکەش کردنی داواکاریی سیمبۆڵی و سیاسی لە رژێمە سیاسییەکە و گەیشتن بە جەماوەری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و دابینکردنی پارێزگاری لەبەرانبەر سەرکوتکردن و داپڵۆسینی دەوڵەت و سەرچاوە مادییەکانی سەرکردایەتی (Whatts واتس ٢٠٠٦). هەروەها بەشداربوون لە هەڵبژاردندا هاوکاریی ناسیۆنالیستە کوردەکانی کردووە کە هاوپەیمانیی ئیتنیکی پێکبێنن بە ئاستی جۆراوجۆری سەرکەوتن، بەتایبەتیش لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١دا. جێی سەرسوڕمان نییە کە دەستێوەردانە سەربازییەکانی بوون بە هۆی هەڵپەساردنی هەڵبژاردن و تێکشکاندنی رێگا یاساییەکان بۆ داواکاریی کورد سەریکێشایەوە بۆ پەیدابوون و هەڵکشانی دیاردەی پەڕگری و رادیکاڵییەت. کودەتاکەی ساڵی

١٩٧١یش بوو بە هۆی تەشـەنە کردنی ڕێکخراوە نهێنی و ئاڕاستەکراوەکان بەرەو پیلانگێـران[٢٦]. بە هەمـان شـێوەش، کودەتـاکەی سـاڵی ١٩٨٠ ڕۆڵێکـی گەورە و بەرچاوی بینی لە کێشکردنی خەڵک بەرەو چەک هەڵگرتن بۆ پەکەکە (Romano ڕۆمانۆ ٢٠٠٦) [٢٧].

- ٢٥ -

دواجار، بەشداری کردن لە هەڵبژاردندا تەنها هەر هەل و دەرفەتی بۆ ناسیۆنالیستە کوردەکان نەڕەخساند، بەڵکو دووچاری کێبەرکێ و ڕکابەرییەکی توندیشی کردن. لەڕاستیدا، ڕەفتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە قۆناخە ناسکەکاندا سەرسوڕهێنەرە ئەگەر ڕەچاوی کاریگەرییەکانی ڕکابەریی هەڵبژاردن نەکەین لە سەر بزووتنەوەکە. عەبدوڵا ئۆجەلان لە پاش حوکمدانی بە سێدارە لە تەمووزی ١٩٩٩دا، ڕایگەیاند کە خەباتی چەکداری ئەرکی مێژوویی خۆی بەجێهێناوە و داوای لە چەکدارەکانی پەکەکە کرد کە لە تورکیا بکشێنەوە. لە هەمان کاتیشدا، پرۆسەی چاکسازی بە هاندانی یەکێتیی ئەورووپا یەک لە باشترین و مژدەبەخشترین قۆناخەکانی دیموکراتییەتی هێنایە پێشەوە لە مێژووی تورکیای نوێدا. لەکاتێکدا کە ڕەفتار و کردەوە ملهوڕییەکان بەردەوام بوو، دەرفەتە یاسایی و سیاسییەکانیش بۆ جووڵاندن و تەیار کردنی ناتوندوتیژی کورد بێپێشینە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئۆجەلان و پەکەکە بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارییان دا لە یەکی تەمووزی ٢٠٠٤دا. گەڕانەوەی توندوتیژی پرۆسەی چاکسازییان بە شێوەیەکی حەتمی لە ڕەوتی خۆی دەرهێنا و کاری کردە سەر داڕووخانی بارودۆخی مافی مرۆڤ. لەم سیاقەدا، بڕیاری پەکەکە بە گەڕانەوە بۆ چەک تەنها لەو ڕووەوە مایەی تێگەیشتنە بە لێکدانەوەی ئەوەی کە چۆن دەسەڵاتی

پەکەکە بە سەر بازنە هەڵبژاردنە کوردییەکەیدا کەوتبووە بەر هەڕەشەی ڕووڵەهەڵکشانی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپەوە)، لەڕووی ڕاکێشانی دەنگەوە. هەڵبەت ئەوە هەر ڕێکەوت نەبوو کە وا پەکەکە کەوتە سەرلەنوێ تەیارکردن و جووڵاندنی هێزە چەکدارەکانی دوای چەند مانگێک لە هەڵبژاردنە لۆکاڵییەکان لە مارتی ٢٠٠٤دا، کاتێ کە پارتی داد و گەشەپێدان لە زۆرێکی ویلایەتە کوردییەکاندا بردیەوە. پەکەکە هێرش و پەلامارەکانی خۆی چڕکردەوە لە پاش ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەی کە لە تەمووزی ٢٠٠٧دا ئەنجامدرا و کاتێ کە پشکی پارتی داد و گەشەپێدان لە دەنگی کورد زیادی کرد لە سەر حیسابی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخواز (دەتەپە DTP)[٢٨]. پاشان پەکەکە لە ڕووی تەکتیکییەوە هەڵسوکەوتی خۆی هێورکردەوە و تەنها لە دوای هەڵبژاردنە لۆکاڵییەکانی ساڵی ٢٠٠٩ ئاگربەسی ڕاگەیاند کاتێ کە پارتی دەتەپە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا. بەم پێیە، چەسپاندنی ئەو نیمچە دیموکراسییە لە ئەنجامی بێمەبەستی ئەو پەڕگری و ڕادیکاڵییەتەوە بوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا کاتێ کە هەڕەشەی کۆنترۆڵی کرد بە سەر بازنەی هەڵبژاردنەکەیدا (Tezcur تەزجور ٢٠١١). بێگومان شتێکی سەیر و سەمەرە بوو کە پارتی داد و گەشەپێدانی ڕیفۆرمخواز بوو بە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی وا بۆ ناسیۆنالیستەکانی کورد کە زیاتر و گەورەتر بێت لە بایەخدان بە دەستەی ئەرکانی سوپا TSK. کەوابوو، ئامانجی سەرەکیی توندوتیژیی پەکەکە بەردەوامیدان بوو بە کۆنترۆڵ کردنی بازنەی هەڵبژاردن (بڕوانە بۆزئەرسەلان ٢٠٠٠).

- ٢٦ -

کێبەرکێ و رکابەری لە نێوان نەتەوەییەکانی کورددا بایەخی کەمتر نیە لە رکابەریی نێوانیان لەگەڵ حیزبە فرە ئیتنیک و نەژادەکاندا. ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا هاوشانی پەکەکە و رێکخراوە یاساییە پاشکۆکانی نیە[٢٩]. لە واقیعیشدا، ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠کانەوە لانی کەم دوو ئاراستەی رکابەر نوێنەرایەتی دەکەن، کاتێ کە لیبراڵییەتی سیاسی روو لە هەڵکشان توانی بەگشتی گوزارش لە شوناس و کولتووری کورد بکات. ئەو پەنجا کوردەی کە لە ساڵی ١٩٥٩دا حکوومەتەکەی عەدنان موندەریس زیندانیی کردن زۆرێک لەو کەسایەتییانەی تێدابوو کە دواتر بوون بە سەرکردەی سیاسیی کاریگەر[٣٠]. ئەوانە گرووپێکی یەکگرتوو نەبوون، بەڵام بەپێی بنەمای ئایینی و سیاسی دابەش بووبوون (بۆ نموونە، عەنتەر ١٩٩٩ : ١٦٤ – ١٦٩ ؛ میرئۆغڵوو ٢٠٠٥ : ١٧٣ – ١٧٧ ؛ چاملیبێڵ ٢٠٠٧ : ١٤٥ – ١٦٤). یەکەم رێکخراوی نەتەوەیی کورد کە لە پاش سەرکوتکردنی شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد لە ساڵانی بەرایی کۆماردا دامەزرابێت، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا بوو (TKDP *Türkiye Kürdistan Demokrat Partisi*) کە لە ساڵی ١٩٦٥دا دامەزرا بە ئیلهامبەخشیی بزووتنەوەکەی بارزانی و رکابەریی لەگەڵ چالاکوانە چەپڕەوە کوردەکاندا دەکرد[٣١].

- ٢٧ -

لە ساڵانی ١٩٩٠کانەوە، ئیسلام تادەهات کەش و هۆکارێکی روو لە زیادی دەرەخساند کە وا زۆرێک لە ناسیۆنالیستە کوردەکان گوزارشیان لە ستەمکاری و خولیا و ئاواتەکانیان دەکرد تێیدا[٣٢]. ئیسلامییە کوردەکان خۆیان

له کـۆمەڵێکی جۆراوجـۆری ڕێکخـراودا دەبینیـیەوە، لە ئەکەپەوە AKP تـا کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چەشنی گرووپی مێد – زەهـرا ئەتاجـان (Atacan ۲۰۰۱)، مەزڵوومـدەر *İnsan Haklan ve Mazlumlar İçin Dayanışma Derneği*، کە سـاڵی ۱۹۹۱ دامەزراوە و موسـتەزعەفدەر *Mustazaflar İle Dayanışma Derneği*، کە ساڵی ۲۰۰٤ دامەزراوە، تا دەگاتە ڕێکخـراوە چەکدارییەکانی وەک حیزبـوڵڵا، کە بە درێژایی سـاڵانی ۱۹۹۰کـان شەڕێکی خوێناوی دژ بە پەکەکە بەرپاکرد (Faraç فەرەج ۲۰۰۱). ئەندامەکانی جارانی پارتی مەزڵوومدەر و پەرلەمانتارانی ئێستای پارتی داد و گەشـەپێدان، ئیحسان ئەرسەلان و عەبدولڕەحمان کورد، کە هەردوکیان نوێنەری ویلایەتی دیـاربەکرن، کاریگەرییـان هەبـوو لە داڕشـتنی سیاسـەتی ئەکەپەدا لەبـارەی کـوردەوە. بە قسـەی عەبـدولڕەحمان کـورد بێـت، ئەردۆغـان ئیشـارەت بە پەیوەندیی ئیسلامیانەی نێوان تـورک و کـورد دەکات کاتێ دەڵێت "یەک گەل 'ئوممە' هەیە لە تورکیادا"[۳۳]. ئاشکراشە کە وێناکردنی ئەو بۆ شوناسـی کورد بەتەواوی جیـاوازە لەوەی دەتەپە DTP و ئامـاژە و دەلالەتـی ئیسـلامیی بەهێـزی هەیە. ئیسـلامییە کوردەکـان سـوودیان لەو دەرفەتـانە بینـی کە حکوومەتەکەی ئەکەپە AKP ڕەخساندبووی و وایان دەڕوانییە ئەو حکوومەتە کە وا تلیاکێکی کاریگەر بێت دژ بە بزووتنەوە نەتەوەییە سێکولارەکەی کورد. ئیسـلامییە کوردەکـان بەهیـوا بـوون ئەکەپە بتوانێـت سـەربەخۆیی سیاسـیی دەسـتەی ئەرکـانی سـوپا TSK کەم بکـاتەوە و بـازنەی دەربڕینـی گشـتی بەرفـراوان بکـات لەبـارەی ڕێوڕەسـمی ئـایینی و سـیمبۆڵەکان و گوتـارەوە. ئەوان ڕۆڵێکی کاریگەریـان بوو لە دابینکردنی پشتیوانیی میللی بۆ ئەکەپە لە هەڵبژاردنـی پەرلەمـانیی سـاڵی ۲۰۰۷دا و تـاقە گـرووپ بـوون کە هاوشـانی جووڵانـدن و کـۆکردنەوەی جەمـاوەریی ناسیۆنالیسـتە کـوردە سـێکولارەکان بوەستنەوە. بـۆ نمـوونە، ئیسـلامییە کوردەکـان خۆپیشـاندانێکی گەورەیـان لە

دیاربەکردا ڕێکخست بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە سەر هێرشی ئیسرائیل بۆ کەرتی غەززە لە ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا.

- ٢٨ -

ڕکابەریی نێوان ئیسلامییە کوردەکان و بزووتنەوەی نەتەوەیی سێکولاری کورد ناوبەناو توندوتیژیی تێدەکەوت. سەبارەت بە دووەمیان، هەڵکشانی کاریگەری و هێزی ئەکەپە و کوردە ئیسلامییەکان بووبووە هۆکاری هەڕەشەی جیددی بۆ ئیدیعاکانی کە وا نوێنەری ڕەسمیی کوردە لە تورکیادا. لە یۆکسیکۆڤادا، ئەو شارۆچکەیەی کە بزووتنەوەی سێکولاری نەتەوەیی کورد تێیدا لایەنی زاڵ و باڵادەست بوو، ئەکەپە و ڕێکخراوە کوردییە ئیسلامییەکان بەر هێرش و پەلاماری بەردەوام دەکەوتن[٣٤]. لقی ناوخۆی ڕێکخراوی موستەزعەفدەر لە ٢٤ی مارتی ٢٠٠٨دا تالانکرا و ئۆفیسی ئەکەپەش لە ١٤ی ئابی ٢٠٠٨دا بەر بۆمب درا. لە ڕووداوێکی جیاشدا، لە ١ی شوباتی ٢٠٠٩دا سەدان کەسی هاوسۆزی پەکەکە هێرشیان کردە سەر کۆمەڵەیەکی ئیسلامیی ناوخۆیی لە ئەدەنە.

- ٢٩ -

پێدەچێت ئیسلامییە کوردەکانیش وەک نەتەوەییە سێکولارەکان ڕادیکاڵ بن لە ڕاوبۆچوون و داواکارییە سیاسییەکانیاندا. لەو بڵاوکراوە کوردییانەی بیروباوەڕی ئیسلامییە کوردەکان بڵاودەکاتەوە گۆڤاری مانگانەی مزگینە *Mizgîn*، کە لە مانگی ئابی ٢٠٠٤وە بە زمانی تورکی و کوردی بڵاودەکرێتەوە[٣٥]. بارەگای ئەم گۆڤارە لە دیاربەکرە و لەکاتێکدا کە بەتوندی

رەخنە لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا دەگرێت سەبارەت بە کورد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دوورییەکی هێشتووەتەوە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەوە. جگە لەوەش، گۆڤارەکە رەخنە لە جووڵانەوە ئیسلامییەکان دەگرێت چونکە هەستەوەر نین بەرانبەر بە دەرد و مەینەتییەکانی کورد، بەڵام توندوتیژی لە فەڵەستین و ئەفغانستان سەرکۆنە دەکەن. ئەم گۆڤارە سەر بە رێکخراوی Toplum – Der (*Toplumsal Hakları ve Değerleri Koruma, Yardımlaşma ve Dayanışma Derneği Eğitim*) تۆپلومدەرە، کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە. پێشنیاز و شیکارە سیاسییەکانی گۆڤارەکە جیددی و لە ئاستێکی باڵادایە و ئارگومێنتی ئەوە دەکات کە فیدراڵییەت باشترین چارەسەرە بۆ مەسەلەی کورد و پێویستیشە کۆنفیدراڵییەت و سەربەخۆیی ببنە دوو بژارەی ئەوەی کە دەکرێت سەرکەوتووبن و جێبەجێ بکرێن (Hocaoğlu خواجەئۆغڵوو ٢٠٠٩ : ٨).[36] مەسەلەی مارتی ٢٠٠٩ نەخشەی "کوردستانی گەورە" لەخۆدەگرێت و زەوی و خاک لە شەش وڵات دەگرێتەوە کە بریتین لە (تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا و ئازەربایجان و ئەرمەنستان). کوردستان وا پۆلێن کراوە کە "وڵاتێکە لە هەموو لایەکەوە تاڵان کراوە" و "وڵاتێکە لە هەموو لاوە لە ژێر داگیرکاریدایە" و "وڵاتێکە خاکەکەی بە خوێن و فرمێسک داپۆشراوە" و "وڵاتێکە سیخناخ بە تاوانی کوشتنی نایاسایی" و هیچ جێگەی سەرسوڕمان نیە دادوەرێک فەرمانی دەستبەسەرداگرتنی مەسەلەکە دەربکات. بەرگی ژمارەی نیسانی ٢٠٠٩ی گۆڤارەکە نەخشەیەکی بەسەریەکەوەبووی "کوردستانی گەورەی" تێدایە و ئەودوای ناوچەکانی تورکیا بە سنوورە هێڵێکی سپی جیاکراوەتەوە، لە ژێر ناونیشانی فیدراسیۆندا[37]. بابەتی سەرەکی لەم نووسینەدا مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە لۆجیکیترین چارەسەر بۆ مەسەلەی کورد پێکهێنانی فیدراڵییەتێکی مەزنە کە تورکیا و تەواوی ئەو ناوچانە بگرێتەوە کە وا زۆرینەیەکی کوردی تێدایە.

- ٣٠ -

وەک دوا خاڵ، ئەو دید و بۆچوونەی بە دیاریکراوی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی تورکیا و کۆمەڵگەی کورد وا وێنادەکات کە زنجیرەیەکی نەپچڕاوی رق و دوژمنایەتی تێهەڵکێشی ئەو کارلێکانەن کە یەکلاکەرەوە بوون لە پێکهێنانی شوناس و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەی کوردەکان لە تورکیادا. پەکەکە پەیرەویی هەڵوێستێکی ئالۆز و دژوار دەکات کاتێ کە پێشینە مێژووییەکانی و هاوپەیمانەکانی دیاری دەکات و نە هەموو چالاکییە سیاسییە تورکییەکان سەرزەنشت دەکات کە دژ بە کورد بن و نە هەموو چالاکییە سیاسییە کوردییەکانی پێشووش شکۆدار دەکات. مێژووی ئەو بەلای نکوولی کردن لە دەدەکۆ DDKO (*Devrimci Doğu Kültür Ocaklarl*) دایدەشکێنیت، کە سەرچاوەی سەرەکی بوو بۆ چالاکیی سیاسیی کورد کە وا لە سالانی ١٩٧٠کاندا لە گەشەکردن و برەودابوو، بەو پێیەی نە پەیوەندیدار و نە بایەخی هەبوو. لەبری ئەوە، پەکەکە رەگی خۆی دەباتەوە سەر گرووپە گەریلاکانی دیهاتی تورکیا کە لە کۆتایی سالانی ١٩٦٠کان و سەرەتای سالانی ١٩٧٠کاندا تەشەنەیان کردبوو. باوەشکردنەوەی پەکەکە بۆ کەسایەتییە ناودارەکانی چەپی تورکیا و گوتاری هەماهەنگی نێوان ئیتنیکەکان لە هەوڵیدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی هاوبەش کە لە بناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ سالانی ١٩٦٠کان، کاتێ کە ئینتەلەجێنتسیایەکی (رووناکبیران) نوێی کورد لە چالاکیی سیاسیدا بەشدارییان دەکرد. "لە ماوەی ئەم دەیەیەدا، بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کورد سەرلەنوێ بنیاتنرایەوە لە چوارچێوەیەکی

ئیتنیکـی و دامەزراوەیـی و یاسـایی چەپـی  رادیکاڵـدا" و کـاریگەرییەکی هەمیشەیی بەجێهێشت لە سەر بنەما ئایدیۆلۆجییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی (Watts واتس ٢٠٠٧ : ٧٦).

- ٣١ -

بە پێـی بۆچـوونی جەمیـل بایـک، کە سـەرکردەیەکی نـاودارە لە پـارتی کرێکـارانی کوردسـتاندا، کە وا پەکەکە شـکۆ و شـانازیی گێـڕاوەتەوە بـۆ سۆشـیالیزم[٣٨]. پەکەکە لە کـۆنگرەی یەکەمـی لە سـاڵی ١٩٨١دا جـاڕی ئەوەی داوە کە مانگی ئایار "مـانگی شـەهیدانە" و ١٨ی ئایار "ڕۆژی شـەهیدانە"، واتە ئەو ڕۆژەی کە حەققـی قەراری بەرەگەز تـورک و هـاوڕێی نزیکـی عەبـدوڵا ئـۆجەلانی تێـدا کـوژرا، لە سەردەسـتی ڕێکخراوێکـی کـوردیی ڕکـابەر لە عەنتـاب و لە سـاڵی١٩٧٧دا. جـگە لە کەمـال پیـر، کە سـەرکردەیەکی تـری بەرەگەز تورکی پەکەکە بوو لە مـانگرتن لەخواردنی ئەیلوولی ١٩٨٢دا گیانی لەدەستدا، کە ڕەنگدانەوەی یەکێتیی نێوان هەردوو گەلی تـورک و کوردە لە خەبـاتی هاوبەشـیاندا[٣٩]. بەشـداریی ئەو دووانە لە پەکەکەدا شـایەتی پابەنـدیی ئەم ڕێکخـراوە راپەڕیـوەیە بە ئاشـتیی نیـوان تـورک و کـورد و یەکێتیـی تورکیا[٤٠]. ئەو "شەهیدانەی" کە وا پەکەکە لەئامێزی گرتوون، لەنێویاندا دەنیز گێزمیش، حوسێن ئەنان، یوسف ئەرسەلانی سەرکردەکانی ریکخراوی THKO (تورکیـا *هاڵـک کورتـولاش ئۆردوسـو*)، کە لە ٦ی مایسـی ١٩٧٢دا لەسێدارەدران و ئیبراهیم کایپاکایای سەرکردەی ڕێکخراوی تیکۆ TIKKO، کە لە ١٨ی مایسـی ١٩٧٣دا کـوژرا[٤١]. مـاهیر چایـانی سـەرکردەی THKP – C

(*Türkiye Halk Kurtuluş Partisi – Cephesi*)، کە لەگەڵ نـۆ کەس لە هاوڕێکانیدا کوژران لە شەڕە تەقەیەکدا لەگەڵ هێزە ئەمنییەکاندا لە ٣٠ مـارتی ١٩٧٢دا، دیسان بە قارەمان دادەنرێت لە گوتاری پەکەکەدا. یادەوەریی مەرگی ئەم کەسێتییە نـاودارانەی چەپی تورکیا سـاڵانە لە لایەن پەکەکە و رێکخـراوە پاشـــکۆکانیەوە بەرز رادەگیرێـــت. وتاردانەکـــانی پەکەکە و گوتـــارەکەی (دیسکۆرسەکەی) پڕن لە ئاماژەدان بە ئایدیاڵ و خەباتگێڕییان. بە پێی دۆران کاڵکـان، کە ئەنـدامێکی دیـاری سـەرکردایەتیی پەکەکەیە، ئـۆجەلان میراتـی گـرووپە چەکدارە چەپڕەوەکـانی تورکیـای لەئەسـتۆ گرتـووە کە کودەتـاکەی ١٢ی مارتی١٩٧١ تێکیشکاندن. لێرەدا کاڵکان رەخنە لە چەپی تورکیا دەگرێت کە نەیتـوانی هاوکـاری لەگەڵ پەکەکەدا بکـات لە بەرهەڵسـتی کردنـی ئەو کودەتـایەی کە وا لە ١٢ی سـێپتەمبەری ١٩٨٠دا روویـدا[٤٢]. بە پێـی عەلـی حەیـدەر کایتـان، کە سـەرکردەیەکی دیـاری تـری پەکەکەیە، چارەنووسـی تراجیدیی گێزمیش و چایان کاریگەرییەکی قووڵی هەبوو لە سـەر بڕیاردانی ئۆجەلان بۆ تێکەڵبوونی بە سیاسەت[٤٣].

ئەو پاساوەی کە دەڵێت ناسیۆنالیزمی کوردی بووە بە ئیتنیکی و رادیکاڵ وەک کاردانەوەیەک بۆ سیاسەتی سەرکوتکردن و ئەسیمیلاسیۆنی دەوڵەتی تورکیا راستیی زۆری تێدایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، رۆشنایی تەواو ناخاتە سەر ئەو دژواری و فرەییەی رۆچووەتە ناو شوناسی سیاسیی کوردەوە لە تورکیادا. ئەمە سەردەکێشێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی لایەندارانە بەواتای ئەوەی کە دەربڕینێکی دیاریکراو لەبارەی شوناسی کوردییەوە بایەخی لەپێشینەی بەربکەوێت و ئەوانیتر پشتگوێ بخرێن. من وای پێشنیاز دەکەم کە شیکردنەوەی ئەم ئارگومێنت و پاساوە رێگە دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتیی پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا. یەکەم، دابەشبوونی دوانەی ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی لە بەرانبەر مەدەنیدا رەنگدانەوەی ئاڵۆزی و سروشتی دینامیکی نیە بۆ چۆنێتیی بنیاتنانی شوناسی تورکی و کوردی و تێکهەڵکێش بوونیان لەگەڵ یەکتر. مامەڵەیەکی سنووردانان بۆ شوناسی ئیتنیکی چوارچێوەیەکی دەوڵەمەندتر دەرەخسێنێت بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن ناسیۆنالیزمی کوردی بەرەنگاری ناسیۆنالیزمی تورکی دەبێتەوە و دەیەوێت یەکرەنگی بسەپێنێت بەسەر ئەزموونی کوردبووندا. مەسەلەی چۆنێتیی چێبوونی ستراتیجییەتە جیاوازەکانی سنووردانان پێویستی بە دووبارە پێناسەکردنەوەی شوناسی نوێ و گەڵاڵە کردنی گوتارە نەتەوەییەکان و گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی دەوڵەتدا تاوتوێ کردن و لێکۆڵینەوەی زیاتری دەوێت. دووەم، دەوڵەتی توند داڕێژراو لە بەرانبەر دابەشبوونی دوولایەنەی کۆمەڵگەدا بایەخی کارلێکتر کردنی جۆراوجۆری نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە کەمدەکاتەوە لە پێکهاتنی شوناسی سیاسیی کورد

لە تورکیادا. بە شێوەیەکی تایبەتی، دابەشبوونی دوانەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە رکابەریی هەڵبژاردن پشتگوێ دەخات لە دارشتنی ستراتیجییەتەکانی کوردە نەتەوەییەکاندا کە زۆر بایەخیان دەدا بە هەرەشەی هەژموونی سیاسییان لە لایەن ئەکتەرە کوردەکانی ترەوە. دواجاریش، توێژینەوەکانی کەوا بایەخی لەپێشینە دەدەنە گرووپە ئیتنیکییەکان وەک ئەکتەری سەرەکی لە پرۆسەی سیاسیدا شکستدێنن لە تاوتوێ کردنی پەیوەندیی دینامیکیی نێوان رێکخراوی ئیتنیکی و بازنە ئیتنیکییەکانیاندا. بەهەرحاڵ، گرنگە دان بە رێکخراوە ئیتنیکییەکاندا بنێیت بەو سیفەتەی کە بە پلەی یەکەم بایەخ بە مانەوەیان دەدەن. ئەوان جارجار قوربانی بە بەرژەوەندیی بازنەکانی هەڵبژاردنی ئیتنیکییان دەدەن کە وا ئیدیعا دەکەن ئەوان نوێنەرایەتییان دەکەن کاتێ پێداویستیی مانەوەی سیاسی پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ ئەرکە سیاسییە راگەیەنراوەکانیان.

- ٣٣ -

ئەم سێ پێشنیازی تێگەیشتنە رەنگە یارمەتیدەر بن بۆ پەرەپێدانی وەڵامەکانی ئەو پرسیارە گرنگانەی پەیوەندییان بە شوناسی سیاسیی کوردەوە هەیە لە تورکیادا. من لەم باسەدا هەندێک هەوڵی سەرەتایی دەدەم بۆ مامەڵە کردن و تێکەڵبوون لەگەڵ ئەم چەشنە پرسیارانەدا. یەکەم، بۆچی زۆرێک لە هاوڵاتیانی کوردزمان لە تورکیادا گوزارش لە شوناسی خۆیان ناکەن بەو مانا "ئیتنیکییەی" کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەیخوازێت؟ بەدڵنیاییەوە، کار و کردەوەکانی پڕ لە زۆرەملێ و ئەسیمیلاسیۆنی دەوڵەت بەشێک لە وەڵامەکانی ئەم پرسیارە دەرەخسێنێت. لە هەمان کاتدا، ناسیۆنالیزمی تورکیی باڵادەست تا ئەو ئاستە کراوەیە کە بوار بە گەلی کورد

بدات پەیڕەویی ستراتیجییەکانی سنووردانانی ئیتنیکی بکەن چەشنی "شوێن دیاری کردن" و "دووبارە هەڵسەنگاندنەوە"، بەڵام ئەم ستراتیجیانە بەزۆری نــاگونجێن لەگەڵ ئەوانەی بــزووتنەوەی نەتەوەیــی کــورد بەکاریانــدێنێت. فرەیی و زوو بەدەستەوەهاتن لە توخمە سەرەکییەکانی بنیاتنانی شوناس و سـنوور درووسـتکردنن سـەرەڕای شـەڕ و ململانێـی چەکـداری لە نێـوان دەوڵەتــی تورکیــا و پەکەکەدا. داننــان بەم فــرەییەدا هەنــدێ راوبۆچــوونی بەنرخیش دەرەخسێنێت لەبارەی مەسەلەی بەتەواوی نەبەستنەوەی ئەنجامی هەڵبــژاردن بە شوناســی ئیتنیکیــی دەنگــدەرانەوە لە تورکیــا. ئیســلامییە کوردەکان، کە پشتیوانییەکی میللیی گەورەیان هەیە، بەزەروورەت هاوپشکی مەسـەلە لەپێشـینەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیـی سـێکولاری کـورد نـین. ئەوان هەرچەنــدە بەزۆری دەچــنە هاوپەیمــانییەوە لەگەڵ حیــزبە سیاســییە فــرە ئیتنیکییەکــانی وەک ئەکەپە، بەڵام تەنهــا هەر داشــی دامە و ئەڵقەلەگــوێی دەوڵەتی تورکیا و پارتی داد و گەشەپێدان نین، بەڵکو بەدوای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیشیانەوەن. لەکۆتاییدا، بۆچی پەکەکە بەزۆری بەو رێگە و شێوانە رەفتـار دەکـات کە ناگونجێت لەگەڵ ئامـانجە راگەیەنراوەکانیـدا کە خۆیـان لە بەرفراوانکردنــی مــافی کــورددا دەبینــنەوە، وەک لە رادیکــاڵیتی پەکەکەدا دەردەکەوێت لەکاتێکدا کە پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراتی لە تورکیادا روو لە زیادبوونە؟ هەڵبەت پێویستە تیشک بخرێتە سەر ئەوەی کە چۆن رکابەریی هەڵبـژاردن بەر مەترسـیی کـۆنترۆڵ کردنـی بـزووتنەوەی نەتەوەیـی کـورد دەکەوێت بـۆ بـازنەی هەڵبـژاردنەکەی و لـۆجیکی مـانەوەی رێکخراوەیـی بـۆ گەیشتنە وەڵامێکی قەناعەتبەخش بۆ ئەم پرسیارە. بەهەرحاڵ، پێویستە زاڵبین بەســەر دابەشــبوون یــان جیــاکەرەوەی دوانەی دەوڵەت و کۆمەڵگــادا بــۆ شیکاریی رکابەریی نێوان ناسیۆنالیستە کوردەکان و پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە) بە شێوەیەکی سیستماتیکی سەبارەت بە کورد.

## سەرچاوە:

نووسەر: گوینەش موراد تەزجور

بابەت : «ناسیۆنالیزمی کوردی و شوناس لە تورکیادا: سەرلەنوێ لێکدانەوەی چەمک و تێگەیشتنەکان»، گۆڤاری ئەورووپی بۆ توێژینەوە تورکییەکان [لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت]، ژمارە ١٠ ، ٢٠٠٩.

Güneş Murat Tezcür
«*Kurdish Nationalism and Identity in Turkey: A Conceptual Reinterpretation*»,
*European Journal of Turkish Studies [Online],* 10 / 2009,

## بیبلۆگرافی


– Akçura, Belma (2008) *Devletin Kürt Filmi: 1925 – 2007 Kürt Raporları,* Ankara, Ayraç. تورکی

– Alınak, Mahmut (1996) *HEP, DEP ve Devlet: Parlamento'dan 9. Koğuşa – 2,* Ankara, Kaynak. تورکی

– عەنتەر، مووسا (١٩٩٩)، "*یاداشت Hatıralarım*"، ئەستەمبووڵ، ئاڤێستا.

– ئەتاجان (٢٠٠١)، فوڵیا، "گرووپێکی ئیسلامیی نوێ لە تورکیای مۆدێرندا: گۆڕینی شوناس"A Kurdish Islamist Group in Modern Turkey: Shifting Identities، *گۆڤاری توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست* ٣٧ (٣)، تەمووز، ل ١١١ – ١٤٤.

– بارث، فرێدریک (١٩٩٦)، "پێشەکی Introduction"، لە کتێبی بارت فرێدریک، "*گرووپە ئیتنیکییەکان و سنوورەکان: رێکخستنی کۆمەڵایەتیی جیاوازیی کولتووری Ethnic Groups and Boundaries: The Social Organization of Cultural Difference,*" ، بۆستن، لیتڵ، براون ئەند کۆمپانی، ل ٩ – ٣٨.

– Barzani, Mesut (2005) *Barzani ve Kürt Ulusal Özgürlük Hareketi,* Istanbul, Doz. تورکی

– Beşikçi, İsmail (1992) *Doğu Mitingleri'nin Analizi (1967),* Ankara, Yurt. تورکی

– بۆزئەرسەلان، حەمید (٢٠٠٠)، "بۆچی خەباتی چەکداری؟ تێگەیشتن لە توندوتیژی لە کوردستانی تورکیادا"، لە کتێبی ئیبراهیم فەرهاد و گویربەی گویلستان، "*شەر و ململانێی کورد لە تورکیادا The Kurdish Conflict in Turkey,*" ، نیویۆرک، *چاپی سانت مارتن*، ل ١٧ – ٣٠.

– بۆزئەرسەلان، حەمید (٢٠٠٣)، "ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا: لە کۆنتراکتی بێدەنگەوە بۆیاخیبوون (١٩١٩ – ١٩٢٥) Kurdish Nationalism in Turkey: From Tacit Contract to Rebellion"، لە کتێبی عەباس وەلی، "*چەند باسێک لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی Essays on the Origins of Kurdish Nationalism*"، کۆستا مێسا، کالیفۆرنیا، خانەی بڵاوکردنەوەی مازدا، ل ١٦٣ – ١٩٠.

– بروبەیکەر، رۆجەرس (٢٠٠٢)، "ئیتنیک و نەژادی بێ گرووپ Ethnicity without Groups"، *گۆڤاری جۆرناڵی ئەورووپی بۆ سۆسیۆلۆجی* ٤٣ (٢)، ل ١٦٣ – ١٨٩.

– بروبەیکەر، رۆجەرس و لەیتین دێڤید (١٩٩٨)، "توندوتیژیی ئیتنیکی و ناسیۆنالیستی Ethnic and Nationalist Violence"، *گۆڤاری پێداچۆنەوەی ساڵانەی سۆسیۆلۆجی*، ژمارە ٢٤، ل ٤٢٣ – ٤٥٢.

– Bulut, Faik (2005) *Dersim Raporları,* Istanbul, Evrensel. تورکی

– جەنەفە، نێرگز (٢٠٠٢)، "ناسیۆنالیزمی تورکی و شیکاریی ئیتنۆ – سیمبۆڵیک: یاساکانی بواردن"، لە *"نەتەوە و ناسیۆنالیزم* – Turkish Nationalism and Ethno Symbolic Analysis: The Rules of Exceptio"، *گۆڤاری نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم* ٨ (٢)، ئەپریل، ل ١٣٣ – ١٥٥.

– جەمال، حەسەن (٢٠٠٣)، *"کوردەکان"* ، ئەستەمبوول، دۆغان.

– جزرە ساکالیئۆغلۆ، ئومیت (١٩٩٨)، "ناسیۆنالیزمی کوردی لە روانگەیەکی ئیسلامییەوە: گوتاری نووسەرە ئیسلامییەکان Kurdish Nationalism from an Islamist Perspective: The Discourses of Turkish Islamist Writers"، *گۆڤاری کاروباری کەمینەی موسڵمان* ١٨ (١)، ئەپریل، ل ٧٣ – ٨٩ .

– کۆرنێل، ساڤانتە ی. (٢٠٠١)، "مەسەلەی کورد لە سیاسەتی تورکیادا The Kurdish Question in Turkish Politics "، *گۆڤاری ئۆربیس* ٤٥ (١)، زستان، ل ٣١ – ٤٦.

– Çamlıbel, Yavuz (2007) *49'lar Davası: Bir Garip Ülkenin İdamlık Kürtleri,* Ankara, Algı. – Ekinci, Tarık Ziya (2004) *Türkiye'nin Kürt Siyasetine Eleştirel Yaklaşımlar,* Istanbul, Cem. تورکی

– Epözdemir, M. Şakir (2005) [1969] *Türkiye Kürdistan Demokrat Partisi 1968 / ٢٣٥ Antalya Davası Savunması,* Istanbul, Peri. تورکی

– Faraç, Mehmet (2001) Batman'dan Beykoz'a Hizbullah'ın Kanlı Yolculuğu, Istanbul, Günizi Yayıncılık. تورکی

– لوتکەی گەنگولی (١٩٩٦)، "روونکردنەوەی یاخیبوونی کەشمیر: جووڵاندنی سیاسی و داخورانی دەزگایی Explaining the Kashmir Insurgency: Political Mobilization and Institutional Decay"، *گۆڤاری ئاسایشی نێودەوڵەتی* ٢١ (٢)، پایز، ل ٧٦ – ١٠٧.

– گوودوین، جێف (٢٠٠١)، *"ڕێگەیەکی تر نیە لە دەرەوەی دەوڵەت و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان، ١٩٤٥ – ١٩٥١ No Other Way Out States and Revolutionary Movements"*، نیویۆرک، چاپی زانکۆی کامبریج.

– گونتەر، مایکڵ (٢٠٠٧)، "بنەچە مۆدێرنەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی The Modern Origins of Kurdish Nationalism"، لە کتێبی ئەحمەد، محەمەد م. ئە. ؛ گونتەر، مایکڵ، *"پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی The Evolution of Kurdish Nationalism"*، کۆستا مێسا، کالیفۆرنیا، خانەی بڵاوکردنەوەی مازدا، ل ٢ – ١٧.

– گویدۆغان، ئازاد زانا (٢٠٠٥)، *"مۆبیلیزە کردنی سیاسیی کورد لە ١٩٦٠کاندا: مەسەلەی 'کۆبوونەوەکانی ڕۆژهەڵات' The Kurdish Political Mobilization in the 1960s: The Case of 'the Eastern Meetings'"*، *نامەی ماستەر*، ODTÜ، بەشی زانستە سیاسییەکان.

– هەریس، جۆرج س. (١٩٧٧)، "ململانێی ئیتنیکی و کوردەکان Ethnic Conflict and the Kurds"، *گۆڤاری ساڵانەی ئەکادیمیی ئەمریکی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان* ، ژمارە ٤٣٣، ل ١١٢ – ١٢٤.

– هەپەر، مەتین (٢٠٠٧)، *"دەوڵەت و کوردەکان لە تورکیادا The State and Kurds in Turkey"*، نیویۆرک، پالگرەیڤ ماکمیلان.

– خواجە ئۆغلوو، شەهبانوو (٢٠٠٩)، "کورد بەڵێ! کوردستان نەخێر! Kürd'e Evet! Kürdistan'a Hayır!"، *گۆڤاری مزگین* ٥٧ (٥)، مایس، ل ٧ – ٩.

– هۆرۆویتز، دۆناڵد ل. (٢٠٠٠)، *"گرووپە ئیتنیکییەکان لە ململانێدا Ethnic Groups in Conflict"*، بێرکەڵەی و لۆس ئەنجلس، چاپی زانکۆی کالیفۆرنیا.

– هۆ، مارڤین (١٩٨٠)، "کوردەکانی تورکیا هەست بە پشتگوێخستن و تاڵی دەکەن Turkey's Kurds Feel Neglected and Bitter"، *ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز*، ١١ی حوزێران.

– ئینان، کامەران (٢٠٠٧) ، "سێناتۆر *Senatör*"، ئەستەمبووڵ، تیماش.

– جۆنگەردەن، جووست (٢٠٠٤ / ٢٠٠٥)، "ململانێی بۆشاییەکان لە خاکی توندوتیژیدا: ئاوارەبوون و گەڕانەوە لە دیاربەکر لە وەرچەرخانی سەدەی بیست و یەکدا Contested Spaces in Landscapes of Violence: Displacement and Return in Diyarbakır at the Turn of the 21st Century"، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی کوردی *Kurdische Studien*، ژمارە ٤ – ٥، ل ٦١ – ٨٩ .

– کالیڤاس، ستەیسیس (٢٠٠٨)، "هەڵگەڕانەوەی ئیتنیکی لە شەڕی ناوخۆدا Ethnic Defection in Civil War"، *گۆڤاری توێژینەوە بەراوردکارییە سیاسییەکان* ٤١ (٨)، ل ١٠٤٣ – ١٠٦٨.

– کالیڤاس، ستەیثیس ن. ؛ کۆچەر، ماثیو ئادەم (٢٠٠٧)، "دابەشبوونی ئیتنیکی و جەنگی نارێکوپێک: عێراق و ڤێتنام Ethnic Cleavages and Irregular War: Iraq and Vietnam"، *گۆڤاری سیاسەت و کۆمەڵگە* ٣٥ (٢)، ل ١٨٣ – ٢٢٣.

– قەرەبەکر، کازم (١٩٩٥)، *"مەسەلەی کورد Kürt Meselesi"*، ئەستەمبووڵ، ئەمرە.

– Kaya, Ferzende (2003) *Mezopotamya Sürgünü: Adbülmelik Fırat'ın Yaşamöyküsü,* Istanbul, Anka. تورکی

– کۆچ، ئیسمەت؛ هانچی ئۆغلوو، ئاتیلا؛ چاڤلین، ئالانور (٢٠٠٨)، "جیاوازییە دیموگرافییەکان و تەواوکارییە دیموگرافییەکانی دانیشتوانی تورک و کورد لە تورکیادا Demographic Differentials and Demographic Integration of Turkish and Kurdish Populations in Turkey"، *گۆڤاری توێژینەوەی دانیشتوان و سیاسەتی پێداچوونەوە Population Research and Policy Review*، ژمارە ٢٧ (٤)، ئاب، ل ٤٤٧ – ٤٥٧.

– مالمیسانج (٢٠٠٤)، *"جەمیل پاشازادەکانی دیاربەکر و مەسەلەی نەتەوەیی کورد Diyarbekirli Cemilpaşazadeler ve Kürt Milliyetçiliği"*، ئەستەمبووڵ، ئاڤێستا.

– مان، مایکڵ (٢٠٠٥)، *"لایەنە تاریکەکەی دیموکراسی: روونکردنەوەی پاکتاوی ئیتنیکی The Dark Side of Democracy: Explaining Ethnic Cleansing"*، نیویۆرک، چاپی زانکۆی کامبریج.

– مارکۆس، ئەلیزا (٢٠٠٧)، *"خوێن و باوەڕ: پەکەکە و شەڕی کورد بۆ سەربەخۆیی Blood and Belief: The PKK and the Kurdish Fight for Independence"*، نیویۆرک، چاپی زانکۆی نیویۆرک.

– ماکدواڵ، دیڤید (٢٠٠٠)، *"مێژووی نوێی کورد A Modern History of the Kurds, Revised Ed"*، لەندەن، ئای. بی. تۆریس.

– میگداڵ، جۆیڵ س. (٢٠٠١)، *"دەوڵەت لە کۆمەڵگەدا: لێکۆڵینەوە لە سەر ئەوەی چۆن دەوڵەتان و کۆمەڵگەکان وەرچەرخانیان بەسەردا دێت و یەکتر پێکدێنن State in Society: Studying How States and Societies Transform and Constitute One Another"*، نیویۆرک، چاپی زانکۆی کامبریج.

– Miroğlu, Orhan (2005) *Hevsel Bahçesinde bir Dut Ağacı,* İstanbul, İletişim. تورکی

– ناگێڵ، جۆوان ؛ ئۆڵزاک، سوزان (١٩٨٢)، "جووڵاندنی ئیتنیکی لە دەوڵەتە تازە و کۆنەکاندا: فراوانبوونی مۆدێلێکی رکابەری Ethnic Mobilization in New and Old States: An Extension of the Competition Model" ، *گۆڤاری کێشە کۆمەڵایەتییەکان* ٣٠ (٣)، دیسەمبەر، ل ١٢٧ – ١٤٣.

– ئۆڵسن، رۆبەرت (٢٠٠٠)، "یاخیبوونەکانی شێخ سەعید ١٩٢٥ و چیای ئارارات١٩٣٠ و دەرسیم ١٩٣٧ – ١٩٣٨: کاریگەرییان لە سەر پەرەسەندنی هێزی ئاسمانیی تورکی لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی و تورکی The Kurdish Rebellions of Sheikh Said (1925), Mt. Ararat (1930), and Dersim (1937 – 1938): Their Impact on the Development of the Turkish Air Force and on Kurdish and

"Turkish Nationalism"، گۆڤاری *Die Welt Des Islams*، ژماره ٤٠ (١)، مارت، ل ٦٧ – ٩٤.

– ئۆیکتەم، کەرەم (٢٠٠٤)، "یەکخستنی کات و شوێنی نەژادی 'ئەویتر': ناسیۆنالیزم و شوێن لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا، لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا Incorporating the Time and Space of the Ethnic 'Other': Nationalism and Space in Southeast Turkey in the Nineteenth and Twentieth Centuries "، *گۆڤاری نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم*، ژمارە ١٠ (٤)، ل ٥٥٩ – ٥٧٨.

– Öztürk, Saygı (2007) İsmet Paşa'nın Kürt Raporu, Istanbul, Doğan.

– رەیلی، بنجامین (٢٠٠٢)، "سیستەمەکانی هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵگە دابەشکراوەکان Electoral Systems for Divided Societies"، *گۆڤاری جۆرناڵی دیموکراسی* ١٣ (٢)، ئەپریل، ل ١٥٦ – ١٧٠.

– رۆمانۆ، دەیڤید (٢٠٠٦)، *"بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد The Kurdish Nationalist Movemen"*، نیویۆرک، چاپی زانکۆی کامبریج.

– سەعاتچی، مستەفا (٢٠٠٢)، "دەوڵەت – نەتەوەکان و سنوورە ئیتنیکییەکان: شوناسی مۆدێرنی تورکی و ململانێی تورک و کورد Nation – states and ethnic boundaries: modern Turkish identity and Turkish – Kurdish conflict"، *گۆڤاری نەتەوە و ناسیۆنالیزم*، ژمارە ٨ (٤)، ئۆکتۆبەر، ل ٥٤٩ – ٥٦٤.

– سمیث، تۆماس دەبڵیو. (٢٠٠٥)، "ناسیۆنالیزمی مەدەنی و عەدالەتی ئیتنۆ – کولتووری لە تورکیادا Civic Nationalism and Ethno–cultural Justice in Turkey"، *گۆڤاری وەرزیی مافی مرۆڤ Human Rights Quarterly*، ژمارە ٢٧، ٤٣٨ – ٤٧٠.

– سۆمەر، موراد (٢٠٠٤)، "شەڕ و ململانێی کوردەکانی تورکیا: گۆڕانی بارودۆخ و تێوەگلانی ناوخۆیی و هەرێمی Turkey's Kurdish Conflict: Changing Context, and Domestic and Regional Implications"، *گۆڤاری میدڵ ئیست جۆرناڵ*، ژمارە ٥٨ (٢)، بەهار، ل ٢٣٥ – ٢٥٣.

– Tan, Altan (2009) *Kürt Sorunu,* Istanbul, Timaş. تورکی

– تەزجور، گوینەش موراد (٢٠٠٩)، "چالاکیی رەوا لە کاتی پڕ لە مەترسیدا: حاڵەتی تورکیا Judicial Activism in Perilous Times: The Turkish Case"، *گۆڤاری پێداچوونەوەی یاسا و کۆمەڵگە*، ژمارە ٤٣ (٢)، حوزێران، ل ٣٠٥ – ٣٣٦.

– تەزجور گوینەش موراد (٢٠١١)، "کاتێ بەدیموکراتی کردن بەرەو رادیکاڵ بوون دەچێت: بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیادا When Democratization Radicalizes: The Kurdish Nationalist Movement in Turkey"، *جۆرناڵی توێژینەوەی ئاشتی Journal of Peace Research*, forthcoming.

– Uluğ, Naşit Hakkı (2007) *Tunceli Medeniyete Açılıyor,* Istanbul, Kaynak. تورکی

– ئویلکەر، ئیرۆل (٢٠٠٧)، "تواندنەوەی کۆمەڵگە موسڵمانەکان لە یەکەم دەیەی کۆماری تورکیادا (١٩٢٣ – ١٩٣٤) Assimilation of the Muslim Communities in the First Decade of the Turkish Republic"، *گۆڤاری ئەوروپی بۆ توێژینەوە تورکییەکان* URL: www.ejts.org/document822.html.

– Van Bruinessen, Martin (1999a) *Kürtlük, Türklük, Alevilik: Etnik ve Dinsel Kimlik Mücadeleri,* Istanbul, İletişim. تورکی

– ڤان برونەسن، مارتن (١٩٩٩ب)، *"سروشت و بەکارهێنانی توندوتیژی لە ململانێی کورددا The Nature and Uses of Violence in the Kurdish Conflict"، ئەم پەیپەرە لە سیمینارێکی نێودەوڵەتیدا پێشکەش کراوە، "بنیاتنانی ئیتنیکی و توندوتیژیی سیاسی"*، کە لە ٢ – ٣ تەمووز لە لایەن Fondazione Giangiacomo Feltrinelli, Cortona رێکخرابوو.

– ڤان برونەسن، مارتن (٢٠٠٣)، "مەم و زینی ئەحمەدی خانی و رۆڵی لە دەرکەوتنی هۆشیاریی نەتەوەیی کورددا Ehmedî Xanî's Mem û Zîn and Its Role in the Emergence of Kurdish Nationalist Awareness"، لە کتێبی عەباس وەلی، *"چەند بابەتێک لەبارەی بنەچەی ناسیۆنالیزمی کوردەوە Essays on the Origins of Kurdish Nationalism"*، کۆستا مێسا، کالیفۆرنیا، خانەی بڵاوکردنەوەی مازدا، ل ٤٠ – ٥٧.

– ڤان ویلگەنبێرگ، ڤلادیمیر (٢٠٠٩)، "ئایا ئەنقەرە پشتیوانی لە ناسیۆنالیزمی زازا دەکات بۆ دابەشکردنی کورد؟ Is Ankara Promoting Zaza Nationalism to Divide the Kurds?"، *گۆڤاری The Jamestown Foundation Terrorism Focus*، ژمارە ٦ (٣)، ٢٨ی کانوونی دووەم، ل ٧ – ١٠.

– واتس، نیکۆڵ (٢٠٠٦)، "چالاکوانان لە ئۆفیسدا: سیاسەتی لایەنداری کورد لە تورکیادا Activists in Office: Pro – Kurdish Contentious Politics in Turkey"، *گۆڤاری سیاسەتی ئیتنیکی (ئیتنۆپۆڵیتیکس)*، ژمارە ٥ (٢)، حوزێران، ل ١٢٥ – ١٤٤.

– واتس، نیکۆڵ (٢٠٠٧)، "کپی و دەنگەدەنگ: سیاسەتی تورکیا و بەرگریی کورد لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا Silence and Voice: Turkish Policies and Kurdish Resistance in the Mid – 20th Century"، لە کتێبی ئەحمەد، محەممەد م. ئە.، گونتەر، مایکڵ، *"پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کورد The Evolution of Kurdish Nationalism"*، کۆستا مێسا، کالیفۆرنیا، خانەی بڵاوکردنەوەی مازدا، ل ٥٢ – ٧٧.

– ویممەر، ئەندریاس (١٩٩٧)، "کێ دەوڵەت دەباتەوە؟ تێگەیشتن لە ململانێی ئیتنیکی لە کۆمەڵگە پۆست کۆلۆنیاڵییەکاندا Who Owns the State? Understanding Ethnic Conflict in Post–Colonial Societies"، *گۆڤاری نەتەوە و ناسیۆنالیزم* ژمارە ٣ (٤)، دیسەمبەر، ٦٣١ – ٦٦٥.

– ویممەر، ئەندریاس (٢٠٠٨)، "ستراتیجە سەرەتاییەکانی سنووردانانی ئیتنیکی Elementary Strategies of Ethnic Boundary Making"، *گۆڤاری توێژینەوە ئیتنیکی و نەژادییەکان* ژمارە ٣١ (٦)، سێپتەمبەر، ل ١٠٢٥ – ١٠٥٥.

– وۆڵف، ستێفان (٢٠٠٦)، *"ململانێی ئیتنیکی: دید و بۆچوونێکی جیهانی Ethnic Conflict: A Global Perspective "* ، نیویۆرک، چاپی زانکۆی نیویۆرک.

– یاڤوز م. هاکان (٢٠٠١)، "پێنج قۆناخ لە بنیاتنانی ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیادا Five Stages of the Construction of Kurdish Nationalism in Turkey"، *گۆڤاری سیاسەتەکانی ناسیۆنالیزم و ئیتنیک*، ژمارە ٧، پایز، ل ١ – ٢٤.

– یەغەن، مەسعوود (١٩٩٩)، "مەسەلەی کورد لە گوتاری دەوڵەتی تورکیادا The Kurdish Question in Turkish State Discourse "، *گۆڤاری مێژووی هاوچەرخ Journal of Contemporary History*. ژمارە ٣٤ (٤)، ل ٥٥٥ – ٥٦٨.

– یەفتاچڵ، ئۆرەن (١٩٩٦)، "سنووری ناوخۆ: کۆنترۆڵی خاک و پەیوەندییە ئیتنیکییەکان لە ئیسرائیل The Internal Frontier: Territorial Control and Ethnic Relations in Israel"، *گۆڤاری توێژینەوە ناوچەییەکان Regional Studies* ژمارە ٣٠ (٥)، ل ٤٩٣ – ٥٠٨.

**سەرنج:** بەداوای لێبووردنەوە ئەو سەرچاوانەی کە لێرەدا تەنها بە زمانی تورکی نووسراون و ئینگلیزییەکەیان لەگەڵدا نەنووسراوە هەر وەک خۆیان داماون چونکە زمانی تورکی نازانم – وەرگێڕ.

## تێبینیەکان

١ - پەیوەندیی شەخسی، باتمان ، تەمووزی ٢٠٠٧.

٢ – راپۆرتگەلێک کە وا گەورە سیاسەتمەدارەکانی سەردەمی سەرەتای کۆمار ئامادەیان کردووە و بە ئاشکرا ئەوە دەخاتەڕوو کە دەوڵەت وای روانیوەتە هاوڵاتیانی کورد وەک خەڵکانێک کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت ببنە مایەی ناجێگیری و تێکدانی و ئەو سیاسەتی کەمکردنەوەی "کوردبوونیانی" پەرەپێداوە. (Karabekir 1995؛ Öztürk ٢٠٠٧؛ Uluğ 2007؛ Akçura 2008).

٣ – پاشان بوو بە فەرماندەی هێزی زەمینی. راپۆرتی میللییەت، ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠٠٦.

٤ – دەکرێت بەو شێوەیە وەسفی توندوتیژی بکەین لە تورکیادا لە ساڵی ١٩٨٤وە، کە وا "ململانێیەکی ئیتنیکییە" نەک هەر لەبەرئەوەی تورک و کوردەکان دژ بە یەکتری دەجەنگن، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە توندوتیژی "لە هێڵە ئیتنیکییەکاندا ئەنجامدەدرێت، کە لانی کەم یەک حیزب نوێنەری حکوومەت نیە (یان نوێنەرایەتیی حکوومەتێک ناکات) و تێیدا کۆد بۆ جیاوازیی ئیتنی دادەنرێت بەو پێیەی بەشێکی دانەبڕاوە لە توندوتیژی" (بروبەیکەر و لەیتین ١٩٩٨ : ٤٢٨).

٥ – لەبارەی سیاسەتەکانی دەوڵەتەوە کە جیاوازی لە نێوان کورد و زازادا دەکات وەک هەوڵێکی سنووردانان بۆ هێز و توانای ناسیۆنالیزمی کوردی، بڕوانە (ڤان ڤێلگینبورگ ٢٠٠٩).

٦ – دەقی تەواوی وتاردانەکە لە سەر ئەم پێگە ئەلیکترۆنییەیە: www.tsk.tr

٧ – وتاردانێکی بایکاڵ لەبەردەم گرووپی پەرلەمانیی پارتی گەلی کۆماریدا جەهەپە CHP لە ١١ی ئابی ٢٠٠٩دا.

٨ – وتاردانێکی ئەردۆغان لەبەردەم گرووپی پەرلەمانیی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە AKP) لە ١١ی ئابی ٢٠٠٩دا. ئەم وتارە یەکلاکەرەوە بوو لە دیاری کردنی "دەستپێشخەریی کورد" ی سەرۆک وەزیران لە هاوینی ٢٠٠٩دا.

٩ – لە وتاردانێکدا بۆ کۆبوونەوەیەکی هەڵبژاردنی دەتەپە DTP لە ئیدیل، ناوچەی شرناخ. ڕاپۆرتەکە لەلایەن ڕۆژنامەی ڕادیکاڵەوەیە، ١٤ی مارتی ٢٠٠٩.

١٠ – شتێکی سەیرە کە ئایینە بە باشی کوردی نازانێت و ناشتوانێت وتارە گشتییەکانی بەو زمانە بدات.

١١ – بۆ نموونە، بڕوانە، (Epözdemir ئێپۆزدەمیر ٢٠٠٥).

١٢ – ئەم ئارگومێنتەش بنەڕەتییە بۆ بەرگریی تورک لە بەردەم دادگای دەستووریدا لە ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩دا. لە کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتەدا، دادگا هێشتا لە تاوتوێ کردنی ئەوەدا بوو ئاخۆ دەتەپە DTP قەدەغە دەکرێت یان نە.

١٣ – ڕاپۆرتەکە لە لایەن ئاژانسی هەواڵی فوراتەوەیە،ANF ، ٢٧ی نیسانی ٢٠٠٩. لە سەر ئەم پێگە ئەلیکترۆنییە: http://www.gundem–online.com

١٤ – ڕاگەیاندنێک کە لە ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨دا دەرچووە، لە یادی سێ ساڵەی دامەزراندنی پەکەکەدا، ئیدیعا دەکات کە ئەم حیزبە جۆرە کەسانێکی درووستکردووە کە پڕن لە هیوا و ئازادن و شانازی بە شوناسیانەوە دەکەن کە هی نەتەوەیەکی لەبیرکراوە و ئیرادەی خۆی ونکردووە.

١٥ – پەیوەندیی شەخسی لە بینگۆل، ٢ی ئابی ٢٠٠٨.

١٦ – پەیوەندیی شەخسی لە ئەستەمبووڵ، ١٨ی تەمووزی ٢٠٠٧.

١٧ – پەیوەندیی شەخسی لە هەولێر، کوردستانی عێراق، ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧.

١٨ – پەیوەندیی شەخسی لە ئیزمیر،١٧ی تەمووزی ٢٠٠٧.

١٩ – پەیوەندیی شەخسی لە موش، ٣ی ئابی ٢٠٠٨.

٢٠ – پەیوەندیی شەخسی لە دیاربەکر، ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧.

٢١ – بۆ نموونە، دەنیز بایکاڵی سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری جەهەپە، چەندین جار جەختی لە سەر ئەوە کردووەتەوە کە "شوناسی ئیتنیکی مایەی شکۆ و شانازییە". راپۆرتی رۆژنامەی سەباح، ٥ی تەمووزی ٢٠٠٨.

٢٢ – راستییەک هەیە کە وا نەبوونی پەرلەمانێکی کارا و حیزبی جەماوەریی بەهێز لە عێراقدا بەدرێژایی زۆربەی کات لە مێژوودا، یەک لەو هۆکارانە بووە کە هیچ دەرفەتێکی بۆ بارزانییەکان نەهێشتووەتەوە لە خەباتی چەکداری بەولاوە. بۆ زانیاری لە سەر گێڕانەوەی خەباتی بارزانی، بڕوانە بارزانی (٢٠٠٥).

٢٣ – لە ساڵی ١٩٦١دا، وەزیری ناوخۆ هێرشی کردە سەر یوسف عەزیزئۆغڵوو بە هۆی پەیڕەوی کردنی سیاستگەلێکەوە لە بەرژەوەندیی کورد (Kürtçülük). بەڵام عەزیزئۆغڵوو تۆمەتبارکردنەکەی رەتکردەوە و لە وتاردانێکی پەرلەمانیدا رایگەیاند کە تورکێکی رەسەنە. لە ساڵی ١٩٧٩دا، شەرەفەدین ئێلچی راشکاوانە وتی "من کوردم و کوردیش لە رۆژهەڵاتی تورکیادا دەژین". لە پاش دەستێوەردانی سەربازیی ساڵی ١٩٨٠، ئێلچی ماوەی ٣٠ مانگی لە زینداندا بەسەربرد.

٢٤ – ئینان (٢٠٠٧). سەیر لەوەدایە ناسیۆنالیستە کوردەکان بەوە تۆمەتباری دەکەن کە وازی لە شوناسی نەتەوەیی خۆی هێناوە.

٢٥ – بەدڵنیاییەوە ئەم کۆبوونەوە و ڕێپێوانانە مەودایەکی ئیتنیکی هەبوو. عەرەبە نەتەوەییەکان و تورکە ئازەربایجانییەکان پشتیوانییان لەم کۆبوونەوە و ڕێپێوانانە نەکرد. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئومیت فورات Ümit Fırat، ٤ی ئابی ٢٠٠٧. لە سەر پێگەی ئەلیکترۆنی: http://www.bianet.org

٢٦ – ئەم ڕێکخراوانە زۆر بەتوندی ڕەخنەیان لە هەڵبژاردن دەگرت. بۆ نموونە بڕوانە: "*Kürt Halkının Anti – Sömürgeci Ulusal Demokratik Mücadelesinin Seçim Siyaseti*". Rizgari 3، May 1977، pp. 107 – ١٢٧. لە سەر ئەم پێگەیە http://www.lekolin.org

٢٧ – لەهەمان کاتدا، پێویستە لە دۆخی تەشەنە کردنی ستەمکاریی پێش کودەتا کەمنەکرێتەوە. بۆ نموونە بڕوانە (Howe هۆ ١٩٨٠).

٢٨ – زۆرێک لە کەسێتییە گشتییە کوردییەکانی کە لە ڕیزی پارتی داد و گەشەپێدان ئەکەپەدا نەبوون، کە ئەم حیزبە بۆ شوناسی کورد باشترە لە لایەنە سیاسییەکانی تری تورکیا. پەیوەندیی شەخسی لەگەڵ عیزەت کەنعان Canan Esat، ئەنقەرە، ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧.

٢٩ – پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە وا پەکەکە ڕێکخراوێکی هەمەچەشنە نەبووە، بەڵام زۆر بەتوندی هەموو بەرهەڵستکارانی خۆی سەرکوت کردووە (مارکۆس ٢٠٠٧).

٣٠ – زیندانی و دادگایی کردنی ئەوانە بە "٤٩ لەر" دەناسرێت، چونکە یەکێک لە گیراوەکان لەپێش دادگایی کردندا مردووە. بەندکردنی ئەمان لە ژێر بارێکی خراپ و پڕ ستەمدایە بۆ سەرکوتکردنی چالاکیی کولتووریی کوردی لە قۆناخی سەرەتایدا. لە پاش ئەو کودەتا سەربازییەی کە لە ٢٧ی مایسی ١٩٦٠دا بەرپاکرا، ئەو کوردانە بەر لێبووردنی گشتی نەکەوتن و دادگایی کردنیان چەند ساڵێکی خایاند پێش ئەوەی هیچ تاوانێکیان لە سەر ساغ بێتەوە و بەردران.

٣١ – یەکەم سەرکردەی TKDP فایەق بوجاک بوو کە لە ساڵی ١٩٦٦دا کوژرا. سەرتاچ بوجاکی کوڕیشی سەرۆکی پارتی هەق – پاری (*Hak ve Özgürlükler Partisi*) (HAK – PAR) نەتەوەیی کورد بوو لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ساڵی ٢٠٠٨.

٣٢ – بەهەرحاڵ، چیتر ئیسلام رۆڵێکی کۆکەرەوە و پێکەوە گرێدانی بۆ تورک و کورد نەبینی، وەک ئومیت جزرە ساکاڵیئۆغڵو ئیدیعای دەکات (١٩٩٨).

٣٣ – پەیوەندیی شەخسی لەگەڵ عەبدولڕەحمان کورد، ئەنقەرە، ١٣ی دیسەمبەر ٢٠٠٧.

٣٤ – هێرش و پەلاماری هاوشێوەش لە شاری هەکاریی پایتەختی ویلایەتەکە خۆی بەرپابوو. بۆ نموونە، لە ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨دا، بۆمبارانی ئۆفیسی ئەکەپە لە شارەکەدا کرا، واتە یەک رۆژ پێش سەردانی ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران و ئاگر بەردرا لە بارهەڵگرێکی بەشە ناوخۆییەکی قوتابیان کە وا گرووپێکی ئیسلامی بەڕێوەی دەبات، لە شەوی ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا.

٣٥ – ئەمە پێگەی ئەلیکترۆنیی گۆڤارەکەیە www.mizgin.net

٣٦ – بۆ نموونە، بڕوانە ژمارەی مایسی ٢٠٠٩ لە گۆڤاری مزگین *Mizgin*.

٣٧ – هەرچەندە ژمارەی نیسانی ٢٠٠٩ی گۆڤارەکە دەستی بەسەرداگیرا، بەڵام من توانیم لە سەرەتای تەمووزی ٢٠٠٩دا لە شاری یۆکسیکۆڤا Yüksekova دانەیەکی لێبکڕم.

٣٨ – لەلایەن ANF وە (ئاژانسی هەواڵی فورات)، لە١ی دیسەمبەری ٢٠٠٨ دا راگەیەنراوە.

٣٩ – بڕوانە چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی حەیدەر کەیتاندا لە لایەن رۆژهەلات لەیسەرەوە،ANF، ١٧ی مایسی ٢٠٠٩. بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنی: com/haber.www.gundem

٤٠ – بڕوانە چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیل بایک، ANF، ٢٠ی مایسی ٢٠٠٦. لە سەر پێگەی ئەلیکترۆنی http://www.gundemonline.com/haber.asp

٤١ – هەروەها دەکرێت سینان جەمگیلی دامەزرێنەری کۆمپانیای THKOیشی بخرێتەسەر، کە لە شەڕەتەقەیەکدا لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان خۆی و دوو هاوڕێی لە ٣١ی مایسی ١٩٧١دا کوژران.

٤٢ – بڕوانه چاوپێكەوتن لەگەڵ دوران كاڵكان، یەك لە سەركردەكانی پەكەكە، ANF، ١٥ی مایسی ٢٠٠٩. لە سەر پێگەی ئەلیكترۆنی:

www.gundem – online.com/haber.asp

٤٣ – بڕوانه چیرۆك و بەسەرهاتی عەلی حەیدەر كەیتان. گێڕانەوەی حەسەن گوینەش، ANF، ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨.

# ٥

# گریمانەی "هێشتا ناسیۆنالیزم نیە": سنوورەکانی کاریگەریی تیۆریی ناسیۆنالیزم لە سەر مێژووی کورد

**ئەلێکساندەر ماکسوێڵ و تیم سمیث**

پرۆگرامی مێژوو، زانکۆی ڤیکتۆریا – وێلینگتن، نیوزیلاند

- **ئەلێکساندەر ماکسوێڵ و تیم سمیث** Alexander Maxwell & Tim Smith

١- **ماکسوێڵ**: لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٩یە. وانەبێژی پلەباڵایە لە زانکۆی ڤیکتۆریا لە وێلینگتن / نیوزیلاند – خوێندنگەی مێژوو، فەلسەفە، زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لەم بوارانەدا وانە دەڵێتەوە: مێژووی گەلانی ئەڵمانی زمان، رەگ و بنەماکانی ناسیۆنالیزم، لەدایکبوونی ئەوروپای نوێ. خوێندن و بڕوانامە:

- بەکالۆریۆس لە زانکۆی کالیفۆرنیا، داڤیس. ماستەر لە زانکۆی ئەوروپای ناوەڕاست، بوداپێست. دکتۆرا لە زانکۆی ویسکنسن، مادیسۆن.

ناوی هەندێک لە کتێبەکانی:

- هەموو رۆژێک ناسیۆنالیزم لە هەنگاریا، ٢٠١٩.
- نیشتمانپەروەران دژ بە فاشیست، ٢٠١٤.
- هەڵبژاردنی سلۆڤاکیا: هەنگاریای سلاڤی، زمانی چیکۆسلۆڤاک و ناسیۆنالیزمی لاوەکی، ٢٠٠٩.
- ئاڵوگۆڕی نێوان خێڵەکان و دیالێکتەکانی زمانی سلاڤی، ٢٠٠٨.

٢- **تیم سمیث** : توێژەرێکی گەنجە لەهەمان زانکۆ / بەشی مێژوو.

ئەم باسە لە کاریگەریی تیۆریی ناسیۆنالیزم دەدوێت و بەدیاریکراویش تیۆریی بووژانەوەی نەتەوەیی لە سەر مێژووی کورد. پسپۆڕە کوردەکان زۆرێک لە تیۆریسیانی ناوداری ناسیۆنالیزم بە شایەت و بەڵگە دەهێننەوە، بەڵام زیاتر سەرسامن بە مۆدێل یان نموونەکەی ئەنتۆنی سمیث سەبارەت بە وەرچەرخانی تاک کە تێیدا "هێشتا کاتی ناسیۆنالیزم نەهاتووە"ی کۆمەڵگەیەک ببێتە گەل / نەتەوەیەکی شیاو. بەهەرحاڵ، پسپۆڕە کوردەکان هەمیشە ئەم زاراوەسازییەی سمیث بەکارناهێنن و فرەجار بیروڕای توێژەرانی تر بەبەڵگە دەهێننەوە بۆ پاڵپشتی کردنی مۆدێلی وەرچەرخانی تاک. مێژووناسیی کورد لەگەڵ پێداویستیی ئەم وەرچەرخانی تاکەدا ناکۆکە و دەروازە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزم مێژووی جۆراوجۆری زۆر جیاواز دەخەنەڕوو بۆ لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی و تیۆرییەکانی قۆناخبەندیی بووژانەوەی نەتەوەیی کاریگەریی کەمی هەیە و پێویستە چاویان پێدا بخشێنرێتەوە.

وشە کلیلەکان: ناسیۆنالیزم؛ بووژانەوەی نەتەوەیی؛ تیۆریی ناسیۆنالیزم؛ مێژووی کورد.

ئەو ئاڕاستەیەی کە بیر لەو دیاردە جۆراوجۆرانە دەکاتەوە کە بە "ناسیۆنالیزم" وەسف دەکرێن و بە گوزارشی بروبەیکەر (Brubaker بروبەیکەر ٢٠٠٩: ٢١)، "بەشێوەیەکی نکوولّی لێنەکراو بەرفراوانە" و تەنانەت زۆرێک لە توێژەران کورتەباس و نامیلکەیان بڵاوکردووەتەوە وەک هەوڵێک

بۆ تێگەیشتن لە قوتابخانە فکرییە جیاوازەکانی وەک (Smith سمیث ١٩٧١ ؛ Özkırımlı ئوێزکریملی ٢٠٠٠ ؛ Ichijo and Uzelac ئیشیجۆ و ئوزەلاک ٢٠٠٥ ؛ Lawrence لـــۆرەنس ٢٠٠٥). لەگەڵ ئەوەشـــدا و لەکاتێکـــدا کە ناسیۆنالیزم بەکورتی تاوتوێ دەکرێت، بەڵام تەنها لە سیاقە سنووردارەکاندا گوزارش لەخۆی دەکات و ئیدیعای ئەوە دەکات کە نوێنەرایەتیی گەلێکی دیاریکراو دەکات لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا. ئەگەر هەبوونی تیۆریی ناسیۆنالیزم بۆ ئەوەیە کە رۆشنایی بخاتە سەر لێکۆڵینەوەی حاڵەتێکی تایبەت، ئەوە پەیوەندیی نێوان ئەدەبی تیۆری و ئەدەبی لێکۆڵینەوەی حاڵەتێکی تایبەت شایستەی بایەخ پێدانە. ئاخۆ خاوەن تیۆرییەکان کاریگەرییان دەبێت لە سەر ئەو پسپۆڕانەی کار لە سەر لێکۆڵینەوەی حاڵەتێکی تایبەت دەکەن و ئەگەر مەســـەلەکە ئاوهابێــت، چــۆن دەبێــت؟ لە ئەڵتەرنــاتیڤی ئەوەدا، ئایــا شارەزایانی لێکۆڵینەوەی حاڵەت چی لە تیۆریی ناسیۆنالیزم وەردەگرن و چی لەدوای خۆیانەوە بەجێدێڵن؟

ئەم باسە مێژووی بووژانەوەی ناسیۆنالیزمی کورد تاوتوێ دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەریی تیۆریسێنە پێشەنگەکانی ناسیۆنالیزم. لێرەدا دەبینین کە پسپۆڕان لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا تیۆریسێنە کارامە و ناودارەکان بە بەڵگە دێننەوە بێئەوەی بەزەروورەت پەیڕەوی لە مۆدێلە تیۆرییەکانیان بکەن. توێژەرە کوردەکان ناوگەلێکی گرنگ دەخەنەلاوە، بەڵام فرەجار ئەو وشە زەق و سەرەکییانە بەکاردێنن کە مانا و دەلالەتی تایبەتیان هەیە. بەهەرحاڵ، جۆراوجۆری لەبەکارهێنانی زاراوەکاندا رێککەوتنێکی تیۆریی کوتوپڕی سەرسوڕهێنەر دەشارێتەوە سەبارەت بە چۆنێتیی مامەڵە کردن لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورددا، ئەگەرچی کۆدەنگییەک نییە لەبارەی چۆنێتیی

یەکگرتنەوەی رووداوە راستەقینەکانی مێژووی کورد لەگەڵ نموونە و مۆدێلە تیۆرییەکەدا.

هەڵبەت ئەو لقەی توێژینەوەکانی ناسیۆنالیزم کە وا ئێمە لێیدەکۆڵینەوە و زیاتر بە ناوی "بووژانەوەی نەتەوەیی / نیشتمانییەوە" دەناسرێت، بە رەگ و بنەچەی ناسیۆنالیزم دادەنرێت. تەنها بەم دواییانە لایەنە سیاسییە کاراکان نەریتی داخوازییە سیاسییە رەواکانیان بەدەستهێناوە لە ژێر پاساوی ماف یان بەرژەوەندیی نیشتمانیدا و پەیوەست بە زۆربەی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، شەرعییەتی سیاسی بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشتی بە ئایین بەستبوو. لە سەردەمی خۆیدا پاشا باوەڕدارەکان بە فرە خواوەندی وەک خواوەندەکان یان نەوەی ئەوان حوکمیان کردووە بەپێی (Pemberton پێمبەرتۆن و Afolyan ئەفۆلیان ١٩٩٦ ؛ Brisch بریش ٢٠٠٨ ؛ Kirch کیرش ٢٠١٠)، پاشا کریستیانەکان لە ژێر سایەی نیعمەتی خوادا حوکمیان کردووە بەگوێرەی (Dabbs دۆبس ١٩٧١ ؛ Oosten ئووستن ١٩٩٦ ؛ Rappaport راپاپۆرت ١٩٩٩ ؛ Berend بەرەند ٢٠٠٧)، پاشا موسڵمانەکان وەک جێگری خواوەند (العظمة ١٩٩٧ ؛ لورانس ١٩٩٩ ؛ معین ٢٠١٣)، پاشاکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا وەک بریکار و رێپێدراوی ئاسمان یان خواوەند (Guo گۆ ٢٠٠٢ ؛ Glanville گلانڤیل ٢٠١٠ ؛ Jiang جیانگ ٢٠١١ ؛ Nuyen نویەن ٢٠١٣) و بەم رەنگە. بەگوێرەی ئەم لێکدانەوەیە، بنەمای ناسیۆنالیزم خۆی لە وەرچەرخانی سیاسیی بانسرووشتەوە بۆ ئایدیاڵە باڵاکانی سەربەخۆیی میللی دەبینێتەوە. زاراوە یان تێرمی "بووژانەوەی نەتەوەیی" لەلایەن پێشەنگ و دەسپێشخەرە سیاسییەکان خۆیانەوە هاتووە. گوتاری بەرایی و رازاوەی نەتەوەیی بە شێوەیەکی رۆتینی وا خەیاڵی بۆ گەل و نەتەوە دەچوو کە "بەئاگاهاتنەوە" (یان "لەدایکبوونەوە") بێت. لەکاتێکدا "بووژانەوە" لە رووی

مەجازییەوە مانا و دەلالەتی سەرەتایی نەتەوە لەخۆدەگرێت کە بوونی دەکەوێتە پێش سیاسەتی نەتەوەییەوە، بەڵام زاراوەی "بووژانەوەی نەتەوەیی" بە شێوەیەکی سوودبەخش توێژینەوەی بنەچەکانی ناسیۆنالیزم لە لقەکانی تری لێکۆڵینەوەی ناسیۆنالیزم جیادەکاتەوە، وەک پەیوەندیی نێوان خاسییەتە ئیتنیکییەکان و دەوڵەت، کێشە و گرفتی رقهەڵگرتن لە بێگانە یان دەمارگرژیی نەتەوەیی و پاراستنی شوناس لە کۆمەڵگەکانی تاراوگە یان دیاسپۆرادا و .. تاد.

وادیارە بووژانەوەی نەتەوەیی، کە لە سەرەتای هەزارەی نوێوە مشتومڕی زۆری لە سەر دەکرا، بەم دواییانە لە بواری لێکۆڵینەوەکانی ناسیۆنالیزمدا باوی نەمابێت. پێدەچێت تیۆریستەکانی ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی زۆرتر تاقەتیان چووبێت لە "مشتومڕی وارویک" نایەکلاکەرەوە و نەزۆک لەبارەی سەردەمە کۆنەکان یان نوێگەرییەوە (سمیث ١٩٩٦). لەبری ئەوە، تیۆریستەکان گرنگی بە مەسەلەی تر دەدەن، وەک رۆڵی جێندەر (Nilsson – Ranchod رانکۆڵد – نیلسن ٢٠٠٠ ؛ Tétreault تێترۆڵت و Kim – Puri کیم – پوری ٢٠٠٥)، یان لەڕووی نەتەوەییەوە بێئاگا و خەولێکەوتووەکان، یان "کەمتەرخەم و بێباکەکان لە سەر ئاستی نەتەوەیی / نیشتمانی" (Zahara زەهارە ٢٠١٠). بەهەرحاڵ، مەسەلەی بووژانەوەی نەتەوەیی هەر پارێزگاریی لەخۆی کردووە و لە ناو پسپۆڕانی لێکۆڵینەوەی حاڵەتدا هێشتا هەر سەرنجڕاکێشە.

باشە بۆچی لێکۆڵینەوە لە مێژووی بووژانەوەی نەتەوەیی کورد لەبری لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکانی تر؟ بێگومان پرسیارەکە بۆ هەموو لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی حاڵەت خۆی دەخاتەڕوو، تەنها وەڵامیش بە سادە و ساکاری بەم جۆرەیە: باشە بۆچی توێژینەوە لە مێژووی کورددا ناکرێت؟ ڕێبازی

لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ئێمە بەئاسانی دەتوانرێت دووبارە بکرێتەوە لە دانراوە مێژووییەکانی تردا و خوێنەران بانگهێشت کراون لەوە بکۆڵنەوە کە ئاخۆ زانستی مێژووناسیی تر پەیڕەویی هەمان شێوازی هاوشێوە دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە لە سەر ئەو بنەمایە پاساو بۆ ئەم بژاردەیەمان دەهێنینەوە کە ناسیۆنالیزمی کوردی رۆڵێکی پەراوێزیی بینیوە لە دارشتنی چوارچێوەی بیری تیۆریستانی ناسیۆنالیزمدا. ئەو تووێژەرانەی کە دەرکەوتن و پەیدابوونی ناسیۆنالیزم لە بەریتانیادا وەک لێکەوتە و ئەنجامێکی پەرەسەندنی پیشەسازی لێکدەدەنەوە، بۆ نموونە، کوردستانیان رەچاو نەکردووە، چونکە شۆڕشی پیشەسازیی ئینگلیزی هاوشێوەییەکی روونی نیە لە مێژووی کورددا. مەسەلەیەکی کەمتر روونیش ئەوەیە کە تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی چیکیش زێدەڕۆیی کردووە لە تێگەیشتنی تیۆریی بووژانەوەی نەتەوەییدا، چونکە زۆرێک لە تیۆریستە کاریگەرەکانی ناسیۆنالیزم پەیوەندیی شەخسییان بە بۆهیمیاوە هەیە. کارڵ دۆیچ لە پراگ لەدایکبووە و خوێندوویەتی، هەروەها ئێرنست گێڵنەریش لە پراگ پەروەردە بووە و بەشێک لە خوێندنی لەوێ تەواوکردووە و تەنانەت ماوەیەکیش لە لیوای زرێپۆشی چیکۆسلۆڤاکیدا خزمەتی کردووە. میرۆسلاڤ هرۆخ پرۆفیسۆرە لە زانکۆی چارڵس لە پراگ. تەنانەت ئەو لێکۆڵەرانەی پەیوەندیی شەخسیشیان لەگەڵ بۆهیمیا نیە، بە شێوەیەکی نەگونجاو مشتومڕ لە سەر حاڵەتی چیک دەکەن. تیۆریستانی کاریگەری ناسیۆنالیزمی بەریتانی هۆبسباوم (١٩٩٠، ٧٥، ١٠٣، ١٢٧ – ١٢٩، ١٧٠) و ئەندەرسن (٢٠٠٦، ٤٧، ٧٣ – ٧٥، ٢٠٠) هەردوکیان بە دووپاتکردنەوە لە کتێبەکانیاندا چەندوچوون لە سەر ناسیۆنالیزمی چیک دەکەن، بەڵام هۆبسباوم تەنها ناوی کورد لە لیستی ئەگەری "نەتەوە سەرەتاییەکاندا" دەهێنێت، بەم رەنگە، "لەنێویاندا کورد و

سۆماڵی و جوولەکە و باسک و ئەوانیتر" (١٩٩٠، ٦٤)، بەڵام ئەندەرسن بەهیچ جۆرێک ناوی ناهێنێت. ژمارەی بەبەڵگە هێنانەوە لە کتێبەکانی گووگڵدا Google ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە وا سمیث، لە کتێبەکانیدا "*رابوونی نەژادی*" (١٩٨١) و "*شوناسی نەتەوەیی*" (١٩٩١) و "*ناسیۆنالیزم*" (٢٠٠١) و "*ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیزم*" (٢٠١٣)، لە ٢٨ لاپەڕەدا ناوی چیکەکان دێنێت، بەڵام کورد لە ١٩ لاپەڕەدا. لەم کات و سەردەمەدا کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵی لاوەکییان بینیوە لە پەرەسەندنی تیۆریی ناسیۆنالیزمدا. توێژەری سیاسیی تورکی ئومیت ئوێزکریملی، کە ڕەنگە بەناوبانگترین توێژەری ناسیۆنالیزم بێت لە ناوچەکەدا، ناوبانگی نەک هەر وەک تیۆریسیان دەرکردووە، بەڵکو زیاتر بە هۆی رووماڵە مێژووییە بەرچاوەکەیەتی (٢٠٠٠). ئەگەر تیۆریستانی ناسیۆنالیزم پەرە بە تیۆرییەکانیان بدەن لەبەر ڕۆشنایی تایبەتمەندیی ناسیۆنالیزمی بەریتانی و چیکی، ئەوکاتە دەبێت ئەو تیۆرییانە تەنها باس لە ناسیۆنالیزمی بەریتانی و چیکی بکەن. بەڵام ئاخۆ ئەم چەشنە تیۆریانە ڕاڤەی ئەو لێکۆڵینەوەی حاڵەتە دەکەن کە تیۆریسیانەکانی خۆیان بیریان لێنەکردووەتەوە؟

لە ئەڵتەرناتیڤی ئەوەدا، ئەو توێژەرانەی کە لە قوژبنێکی تارادەیەک شاراوەی لێکۆڵینەوەکانی ناسیۆنالیزمدا کاردەکەن، چی لەو تیۆریانە وەردەگرن کە بۆ بەشی تری جیهان پەرەی پێدراوە؟ ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەگەری یەکنەگرتنەوەی نێوان تیۆری و لیکۆڵینەوەی حاڵەتدا دەکەین لە دیدی لێکۆڵینەوەی حاڵەتێکی تایبەتمەندی رابوونی نەتەوەییەوە. مەسەلەی مێژووناسیی کوردی کار لە سەر ئاسانکاریی باسەکەمان دەکات، چونکە پسپۆڕانی ناسیۆنالیزمی کوردی بایەخێکی گەورەیان داوە بە مەسەلەی ڕەگ و بنەما. لەڕاستیدا شیکاریی کارەکانی مێژووی کورد یارمەتیمان دەدات

له بنیاتنانی مۆدێلێکی زیمنیی رابوونی نەتەوەیی کە تاڕادەیەکی گەورە هەموو پسپۆڕانی کورد تێیدا هاوبەشن.

چەند پسپۆڕێکی کەمی کورد بەفەرمی نکووڵی لە مۆدێرنیتیی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن. ئێمە تەنها دوو توێژینەوەمان بینیوە کە بانگەشە بۆ میللەتێکی دێرین یان هەتاهەتایی دەکەن، کە ئەمەش تیۆرییەکی ناسیۆنالیزمە و بە رۆتینی پێی دەڵێن "سەرەتایی یان بنەڕەتی". ئیزەدیی، نەخشەساز (کارتۆگرافەر) (١٩٩٢، xii ، ١٨٣)، کە نیوەی کورد و نیوەی بەلجیکییە، کەوتە سۆراخ کردنی "شوێنەواری ژیانی کولتووری کورد" تا پەنجا هەزار ساڵ لەمەوپێش، بە گواستنەوەی ئەو بەڵگە ئاسەوارییانەی لە ئەشکەوتەکاندا دۆزرابوونەوە. بێگومان ئیزەدی درکی بەوە کردبوو کە وا تیۆرییەکەی سەبارەت بە سەرەتاییناسی دەیخاتە ناو کەمینەیەک لە توێژەران و پەنای بردەبەر تیۆرییەکانی پیلانی نهێنی و ناونان:

"تەحەدای دەرەکی بۆ شوناسی نەتەوەی کورد شێوەی گومان وەردەگرێت لە چاخە کۆنەکانەوە و داشکاندن لە رەسەنایەتی و بەها نوێکانی. زۆربەی ئەم تەحەدا و بەرەنگارییانە دەوڵەت چاودێرییان دەکات بەرەهایی. زۆرێک لە توێژەران، لەوانەی تەنها زانیاریی رووکەش و سەرەتاییان پێیە لە سەر رابوردووی کورد، ئەمانیش خێرا بواری ئەم چەشنە تەحەدایەیان دا".

لە بابەتە نووسینێکی نادیاردا بە ناونیشانی "کورد و کوردستان: راستییەکان و ژمارە"، کە لە *گۆڤاری نێودەوڵەتیی توێژینەوە کوردییەکاندا* *International Journal of Kurdish Studies* (١٩٩٧، ٢٥١، ٢٥٣) بڵاوبووەتەوە، بەهەمان شێوە ئیدیعای ئەوە دەکات کە وا کوردەکان "خەڵکی رەسەنن لە سەر خاکی خۆیان و هیچ سەرەتایەک نیە بۆ مێژووی کورد". بەڵام تەنانەت ئەم نووسینە کە وادیارە سەرەتاییە و مشتومڕ لەگەڵ

مێژوونــووس ئیــدریس بەدلیســی (ئیدریســێ بەدلیســی ١٤٥٥ – ١٥٢٠) و هۆزانڤان ئەحمەدی خانی (ئەحمەدێ خانی ١٦٥٠ – ١٧٠٧) دەکات و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە وا کاتێ "نووسەرانی کورد بانگەشەیان بۆ مەملەکەتێکی یەکگرتووی کورد کردووە بۆ پارێزگاری لە خاک و بەهێزکردنی کولتوور و زمانی کوردی ... ناسیۆنالیزمی کوردی *لەدایکبووە* (لێرەدا جەختی لە سەر کراوەتەوە)".

لە رەتکــردنەوەی گشــتیی سەرەتاییناســیدا، پســپۆرە کوردەکــان کۆدەنگییەکی بەرفراوان وێنادەکەن بۆ تیۆریی ناسیۆنالیزم. پێداچوونەوەیەکی ئەدەبی لەلایەن هۆرۆویتزەوە (٢٠٠٣، ٧٢) بەو شێوەیە باس لە سەرەتاییناسی primordialism دەکات وەک "پووشێک لە ناو تویژینەوە ئیتنیکییەکاندا"، کە ئەمە زۆربەی پسپۆڕانی تیۆریی ناسیۆنالیزم رەتیدەکەنەوە (بڕوانە Özkırımlı ئۆیزکریملی٢٠٠٠، ٤٩ – ٦١ ؛ Smith سمیث ٢٠٠١، ٦٣ ؛ Spencer and Wollman سپێنسەر و وۆڵمان ٢٠٠٢، ٢٧). کۆهێن (١٩٩٩)، هەڵاواردنێکی دەگمەنە کە لای خۆیەوە "بەرگرییەکی هاکەزاییە لە سەرەتاییناسی". لەکاتێکدا کە زانــای کوردۆلــۆجیی ئەمریکــی ناتــالی (٢٠٠٦، xxvi)، ئەنــدامی بــاڵای سەنتەری لێکۆڵینەوەی سەربازی لە واشنتۆنی پایتەخت، مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکــات کە وا "ئــێمە نــاتوانین بەتەواوی ئایــدیاکانی سەرەتاییناســی رەتبکەینەوە". ناتالی، وەک لەخوارەوە دەردەکەوێت، بەتەواوی لەگەڵ مەسەلە مێژووییەکانی کورددا ناڕوات. زۆربەی پسپۆڕانی کورد پەیڕەویی سمیث دەکەن (٢٠٠١، ٦٣) لە مامەڵەیاندا لەگەڵ "شکستی روونی سەرەتاییناسیدا" وەک راستییەکی چەسپاو. ئەوان وا لێکدانەوە بۆ بۆچوونی سەرەتاییناسیی ئەکتەرە مێژووییەکان دەکەن کە "وەک هەموو گوتارە نەتەوەییەکان پشتی بە

گێڕانەوە ئەفسانەییەکانی کورد بەستووە" (Sheyholislami شەیخولئیسلامی ٢٠١١، ٤٨).

ئەنتۆنی سمیث لە هەر تیۆریسیانێکی تری رابوونی نەتەوەیی زیاتر کاری کردووەتە سەر مەسەلەی مێژووناسیی کورد. ژمارەی بەڵگەهێنانەوەکانمان ئەوە دەردەخەن کە وا سمیث زۆرترینی بەڵگە لێوەرگرتنی لە نموونەی مێژووناسیی ئێمەدا هەیە. لە ناو ٤٣ پسپۆڕی لێکۆڵینەوەی حاڵەتدا کە لەم باسەدان، ١٦ کەسیان ئاماژە بە نەبوونی تیۆریستی ناسیۆنالیزم دەکەن (٣٧٪)، بەڵام لەنێو ئەو ٢٧ پسپۆڕەی تیۆریسیانیان بەنموونە هێناوەتەوە، ١٩ کەسیان سمیثیان بە بەڵگە هێناوەتەوە (٧٠٪). هەروەها ئەندەرسنیش لەلایەن ١٩ پسپۆڕی کوردەوە بە بەڵگە هێنراوەتەوە، بەڵام بەزۆری لە دۆخ و سیاقەکانی تردا، نەک رابوونی نەتەوەیی. گێڵنەر، کە لەلایەن ١٤ پسپۆڕەوە بە بەڵگە هێنراوەتەوە (٤٨٪)، سێیەم زانای تیۆریستە کە بەفراوانی وەک بەڵگە دەهێنرێتەوە، بەڵام بەدەگمەن بە وردی و دوورودرێژی باسی لێوەدەکرێت. لێرەدا ئاماژە دەدرێت بە هۆبسباوم Hobsbawm و هرۆخ Hroch و بروبەیکەر Brubaker بەدوای یەکدا، بە هەشت و حەوت و شەش پسپۆڕ (٣٠٪ و ٢٦٪ و ٢٢٪)، هەرچەندە بروبەیکەر مەشخەڵێکی هەڵکرد و بە ئارگومێنتەوە بوو بە ئیلهامبەخشی بایەخدانی ورد بە مەسەلەکە و لەم رووەوە لێکۆڵەری تورک Şencanlar شەنجانلەر (٢٠١٤، ٤٨ – ٥٨) پەیپەرێکی تەواوی تەرخان کردووە بۆ "شیکاریی گۆڕانی بنیاتی ناسیۆنالیزمی کورد بەپێی تاوتوێ و مامەڵەکەی بروبەیکەر".

مێژووی کورد بە شێوەیەکی تایبەتی پشت بە تێگەیشتنی سمیث دەبەستێ سەبارەت بە نەژاد، کە پێناسەکەی لە کتێبی سمیثدا هاتووە بە ناوی

"*بنەمـــا ئیتیکییەکـــانی نەتەوەکـــان*" (١٩٨٦، ٣٢) کە وا "کـــۆمەڵە مرۆڤێکـــی دیـاریکراوە و ئەفسـانە و مێژوو و کولتـووری هاوبەشـی باوبـاپیرانی هەیە و پەیوەستە بە خاکێکی دیاریکراوەوە و هەست و هۆشێکی یەکگرتووی هەیە" و لە نووســـینێکی دواتریـــدا وەک "یەکەیەکـــی دانیشـــتوانی دیـــاریکراو لەگەڵ ئەفســـانەی هاوبەشـــی باوباپیرانـــدا و یـــادەوەری و کولتـــووری هـــاوبەش و پەیوەسـتبوون بە خـاک و نیشـتمانێکەوە و هەسـتی هـاوکۆیی و یەکگرتـوویی کۆمەڵایەتی" (١٩٩٤، ١٨٩). لە کارێکی دواتریدا، سمیث (٢٠١٣، ١٩٦) وا باس دەکات کە "گەلان / نەتەوەکان لە سەر بنەمای ئیتنیک و نەژاد درووستبوون کە پێشـتر هەبـووە". ئیتنـی لە بیرکـردنەوەی سـمیثدا، شـتێکی نـانەتەوەییە و وەردەچەرخێت بۆ نەتەوە.

وادیـــارە ســـمیث، کە سەرســـامە بە بیـــرۆکە تـــایبەتەکەی خـــۆی، دواتـــر نمـــوونەیەکی لێکـــۆڵینەوەی لە ئیتنـــی یـــان نەژاد *ethnies* داهێنـــا. *شوناســـی نەتەوەیـــی* ئەو (١٩٩١، ٥٢ – ٥٤) وایکـــردووە کە "ئیتنیـــیە ئەریســـتۆکراتی و لاوەکییەکـان" جیـابکرێنەوە لە "ئیتنیـیە ئاسـایی یـان لاوەکیـیە ئاسـت نـزم و ئایەخەکان". ئەم دوو دەستە یان چینە لق و پۆی تریان لێبووەتەوە. سمیث ئیتنیـــیە لاوەکییەکـــانی دابەشـــکردووە بـــۆ یـــان رەســـەن یـــان "لەجـــۆری داگیرکاری" و بەشـی ئیتنییەکەی تر یـان بـۆ "کۆنفیدراڵییەتی شارسـتانی یـان دەســـتە و تـــاقمی چەپەک و دیاســـپۆرا" یـــان "یەکێتیـــی خێڵەکـــی" و "نەژادە جەنگاوەرەکانی سنوور".

ئایدیاکانی سمیث لەبارەی ئەوەی چۆن و کەی و بۆچی ئیتنیک و نەژاد دەبێـتە نەتەوە، ئـاڵۆزن. ئـێمە لێـرەدا هەوڵـی هـیچ کـورتکردنەوەیەک نـادەین، چـونکە خـوێنەران ئـازادن لەوەی کە راسـتەوخۆ راوێـژ لەگەڵ سـمیث خۆیـدا بکەن، بەڵام بەزۆری لەبەرئەوەی پسپۆڕە کوردەکان کەمتر لە ژێر کاریگەریی

وردەکــاریی بیرکــردنەوەی ســمیثدان ســەبارەت بە ئایــدیا زەروورەکــانی گواســتنەوەی ئیتنیــک بــۆ نەتەوە، ئــێمە ئایــدیاکانی ســمیث وەک مــۆدێلێکی "گواستنەوەی تاکی" رابوونی نەتەوەیی دەگشتێنین: هێشتا بەنەتەوەنەبوون بۆ نەتەوە – هێشـــــتا بەنەتەوەیینەبـــــوو – بـــــۆ نەتەوەیـــــی – هێشـــــتا بەناسیۆنالیزمنەبوون – بۆ ناسیۆنالیزم.

Not – yet – nation → nation; not – yet – national → national; not – yet – nationalism → nationalism.

زۆرێک لە تـوێژەرە کوردەکـان بەئاشـکرا خۆشـنوودن بە شـیکارییەکانی سـمیث و بە ویسـتی ئەم زاراوەسـازییەکانی بەکـاردێنن. بـۆ نمـوونە، زانـای سیاسیی کەنەدی رۆمـانۆ (٢٠٠٦، ١١٦) وای بۆدەچێت کە "هەسـتی گشـتی بە چوونەوەسەر ئیتنیکی کورد لە سەدان ساڵەوە هەبووە" و هەروەهـا "دەکرێت وەک پێشـینە و پێکهـاتەیەک کاربکـات بـۆ شوناسـێکی نەتەوەیـی کـوردیی بەسیاســیبوو". جوگرافینــاس دۆرهــام لە نــامەی دوکتۆراکەیــدا (٢٠١٠، ٥) نووسـیویێتی کە وا "ئیتنـی یـان کـۆمەڵگەیەکی پـێش مـۆدێرنە لەگەڵ هەسـتی تایبەتمەندیاندا بە خۆناسین و هاوکۆیی، رەگ و بنەچەی نەتەوە نوێکانن". ئەم ئایدیای ئیتنیکی پێش مۆدێرنە وادیارە زۆر باش گونجاوە لەگەڵ کوردەکاندا. عەزیــز (٢٠١٤، ٣٣) وا بــاس لە کــوردە عێراقییەکــان دەکــات کە "ئیتنیکــێکن خولیــای بــوون بە نەتەوەیەکــی تەواویــان هەیە، بە بــوون یــان نەبــوونی دەوڵەتێکــی تــایبەتی خۆیــان". بە هەمــان شــێوەش (یــاقوز ٢٠٠١، ٥) کە وا "ئیتنیکی کوردی وەک پێشینەیەک بۆ ناسیۆنالیزمی نوێی کورد" داناوە. ئەگەر ئیتنــی "ئیتنیــک یــان نەژاد" بگــرێتەوە، ئەوە برونەســنیش (١٩٩٢، ٣٨) شــوێن سمیث دەکەوێت کە وا: "ئیتنیک و نەژادی کورد زۆر کۆنترە لە ناسـیۆنالیزمی کوردی". ئوێزئۆغڵوو (٢٠١٢، ٩)، کە مێژوونووسـێکی تـورکە لە فلۆریدا، وای

ئاشـکرا کـردووە کە "تـاڕادەیەک" قەنـاعەتی بە بۆچـوونی سـمیث هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە وا "پێویسـتە تـوخمی ئیتنیک و نەژاد ئامادەبێت بۆ پەیدابوونی ناسیۆنالیزم".

بەشـێک لە توێژەرە کوردەکان پۆلێنبەندیی سمیث بۆ ئیتنیک و نەژاد بە بەڵــگە دەهێنــنەوە. (برونەســن ١٩٩٢، ٣٩) زاراوەســازییەکانی ســمیثی کــورتکردووەتەوە لەپــێش پــۆلێنکردنی ســەدەی شــانزەی کــورددا کە وەک "ئیتنییەکی ئەریستۆکراتی لاوەکی" لەقەڵەمدرابوون. لە توێژینەوەیەکی دواتردا (برونەســن ٢٠٠٦، ٣٤) کوردەکـانی ســەردەمی ئـاخر و ئـۆخری عوســمانی واباســدەکات کە "ئیتنییەکــی ئەریســتۆکراتیی لاوەکــین و پێکهــاتوون لە زۆرینەیەکی موسڵمانی سوننە و "ئەو خەڵکە خێڵەکییانەن کەوا باڵادەستن بە سـەر جووتیـاران و کۆمەڵانی دانیشـتوانی تـری جۆراوجـۆردا کە وا کەمینەن یـان هەر کـورد نـین". بەڵام بەپـێچەوانەی ئەوەوە، نیـوبێرگەر (٢٠١٤، ١٦) وا بــاس لە کوردەکــان دەکــات کە "ئیتنیکێکــی ســنوور" و لە نێــوان هەردوو ئیمپراتـۆرێتی فارسـی و عوسـمانیدا دابەشبوون. لەبەرئەوەی سـمیث "ئیتنیکی ســنووری" وا پــۆلێنکردووە کە بەشــێکی لاوەکــین لە "ئیتنیکــی ســتوونی". برونەسـن و نیـوبێرگەر بە شـێوە و رێـگەی جیـاواز سـمیث دەخـوێننەوە کە برونەسـن بە کەمیـنە و ئەکتـورک (٢٠١٣، ٨٢)، کە مێژوونووسـێکی تـورکە لە زانکــۆی باشــووری جۆرجیــا، ئەویــش کوردەکــانی ســەردەمی دوادوایــی عوسـمانیی بەوە وەسـفکرد کە "وەک ئەنتـۆنی سـمیث پێناسـەی دەکـات وەک مۆبیلیزەکردنی "ئیتنییەکی ستوونی" یان کۆمەڵێـک بـن کە جێی لێکـۆڵینەوە بـن لەلایەن رۆشــنبیرانەوە. تــوێژەری کــورد عەزیــز (٢٠١٤، ٤٧)، کە پێشــتر لە زانکۆی ئێکزیتەر کاری دەکرد و ئێستا لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا کــار دەکــات، وا وەســفی کــورد دەکــات کە هەردوک "ئیتنیکــی ســنوور" و

"کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکان". لە نووسینێکیدا لە سەر مافەکانی کەمینە، سمیث (١٩٩٤، ١٩٠ – ١٩١) لایەنی نیوبێرگەر و ئەکتورک و عەزیز دەگرێت لە رێگەی وەسفکردنی کوردەوە وەک ئیتنییەکی میللیی لاوەکی و ئاست نزم.

هەموو ئەو توێژەرانەی زاراوەی ئیتنی ethnei بە سەر مێژووی کورددا جێبەجێ دەکەن، راستەوخۆ سمیث بەبەڵگە دەهێننەوە، بەڵکو زۆربەیان هاوڕان لەگەڵ بەکارهێنانیدا. ئێمە تەنها یەک توێژەرمان دەستنیشان کردووە کە تێرم و زاراوەکانی لەگەڵ ئەوانەی سمیثدا پێچەوانەن، ئەویش ناتالییە کە پێشتر وەک داکۆکیکارێک لە سەرەتاییناسی باسی هاتووە و جارێکیان هەوڵی روونکردنەوەی ئەوەی داوە کە "بۆچی *کوردایەتی* یان شوناسی نەتەوایەتیی کورد بە ئیتنیک یان نەژاد کراوە". لە زاراوەسازیی سمیثدا *"ئیتنیک، رەگەز، نەژاد ethnicity"* لەجیاتیدا بووە بە "نەتەوەیی". بەئاشکرا ناتالی ئاماژە بە دابەشکاری و جیاکاریی کاریگەری نێوان هەردوو ناسیۆنالیزمی "مەدەنی" و "ئیتنیکی" دەدا و لە شوێنی تردا بەو شێوەیە باس لە یاخیبوونەکانی کورد دەکات دژ بە عێراقی سەددام حوسێن کە "فۆرمێکی ئاست بەرزی ئیتنیکی و توندوتیژە لە ناسیۆنالیزمی کوردی" (٢٠٠٦، xvii، ٥٤). بەهەرحاڵ، تەنانەت ناتالییش لەگەڵ مۆدێلەکەی سمیثدا یەکیدەگرتەوە بە سەپاندنی گواستنەوە یان وەرچەرخانێکی تاک singular transformation.

زۆرێک لە پسپۆڕە کوردەکان گریمانەی گواستنەوەیەکی تاک دەکەن لە رێگەی بەکارهێنانی تێرم و زاراوەی تایبەتی خۆیانەوە. مێژوونووسی ئیسرائیلی ئەپەڵ پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت (٢٠١٤، ٣٨) کە وا "چەمکی ناسیۆنالیزمی نوێ تەنها لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی نوێدا پەرەیسەندووە"، لەگەڵ ئەوەشدا جەختی لە سەر "رووداوە کۆنەکان" کردووەتەوە کە توانای بەخشیوەتە بزووتنەوە نەتەوەییە مۆدێرنەکان بۆ بنیاتنانی گوتارێکی

نەتەوەیی مۆدێرن". خەشان، کە توێژەرێکی سیاسیی فەلەستینیی – ئەمریکییە (١٩٩٥، ٦) لەبارەی "پەرەسەندنی بزووتنەوە کوردییەکانەوە نووسیویێتی، لە تەنها ئیتنۆناسیۆنالیزمەوە بۆ ناسیۆنالیزمێکی راستتر و گونجاوتر". نیوبێرگەر (٢٠١٤، ٢٣) "ناسیۆنالیزمی" پێش وەرچەرخانی تاک و دوای ئەوەی وا داناوە کە دژوار و نامۆیە لە نێوان "ناسیۆنالیزمی دەستەبژێر" و "ناسیۆنالیزمی پشت نەبەستوو بە نەتەوە" لەگەڵ "ناسیۆنالیزمی پشتبەستوو بە نەتەوە".

زۆرێک لەو پسپۆڕانەی خۆیان لە زارەوەی "ئیتنی" دەپارێزن، باس لە "هۆش" دەکەن کە بەعادەت دەسکاری دەکرێت، وەک ناسیۆنالیزمی نیوبێرگەر، سیفەتی جۆراوجۆر دەدرێتە پاڵی. لە ئاماژە کردندا بۆ "چیرۆکە داستانی و هۆنراوەکانی وەک شەرەفنامە *Sharafnama* و مەم و زین *Mem – u – Zin*"، دۆرهام (٢٠١٠، ٩٥) مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە "هۆشیاریی نەتەوەیی کورد دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەپێش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی سیاسیی کوردیدا". (Entessar ئینتیسار ١٩٨٤، ٩١٢، ٩١٤)، کە پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکانە لە ئەلەباما، زاراوەی "هۆشیاریی نەژادیی" داناوە بۆ "ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە کوردییە نوێیانەی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا سەریانهەڵداوە". خەشان Khashan (١٩٩٥، ٦) ئیدیعای ئەوە دەکات کە وا کوردەکان "هۆشیارییەکی نەریتییان" هەیە لەو دەمەوە کە میدیەکان لە سەدەی دوانزەدا چیاکانی زاگرۆسیان گرتووە، ئەگەرچی "رەگ و ریشەی مەسەلەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٨٤٨ و ١٨٦٧". لە گێڕانەوەی لەم چەشنەدا "هۆشیاریی کورد"، چ "نەتەوەیی" یان "ئیتنیکی" یان "نەریتی" بێت، بەئاشکرا لە کرداردا تا ئاستێکی زۆر لە *"ئیتنیکەکەی"* سمیث دەچێت.

توێژەرانی تر، بەپێچەوانەوە، ناسیۆنالیزمی کوردی بەراورد دەکەن بە "شوناسی هێشتا نەتەوەیینەبوونی کورد، کە بەعادەت بەراورد دەکرێت لەگەڵ

"سیفەتی" ئیتنیکیدا. پسپۆڕانی سیاسی ستانسفیلد و ئەندەرسن (٢٠٠٦، ٢١) وایبۆدەچن کە "خەڵکی کوردستان ... لە زۆر دەمێکەوە تایبەتمەندن لە شوناسی ئیتنیکییاندا و شەنجانلەر (٢٠١٤، ٥٠) وای نووسیوە کە وا "کوردبوون و شوناسی کوردی بەستراون بە رابوردووەوە، بەڵام ناسیۆنالیزمی کوردی ئایدیۆلۆجیایەکی دروستکراوە". پێداچوونەوەیەکی ئەدەبی لە لایەن مێژوونووسی فەرەنسی جەیمس (٢٠٠٦، ٧) تاوتوێی ئەوە دەکات کە چۆن "پسپۆڕیی جۆراوجۆر (ئەنترۆپۆلۆجی، سۆسیۆلۆجی، جوگرافیا، میژوو .. تاد.) مامەڵە لەگەڵ شوناسی کوردیی (ئیتنیکی و/ یان نیشتمانی) دەکات "لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. هەروەها دەگوترێت کە تێرمی "شوناس" هێند بەربڵاوە کە وا گشتاندن بووە بە کارێکی زەحمەت (بروبەیکەر و کووپەر ٢٠٠٠). پاش هەموو شتێک، شەیخولئیسلامی پسپۆڕی زمانەوانیی کوردی کەنەدی (٢٠١١، ١٢) دەستەواژەی "شوناسی نەتەوەیی" بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی دۆخی *دوای* گواستنەوەی تاک، کە "ناسنامەی نیشتمانی لەبنەڕەتدا بنیات و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەگی مێژوویی و ئیتنیکیی هەیە".

پسپۆڕە کوردەکان هەندێک هۆشیاری پیشاندەدەن سەبارەت بە تیۆریستە نەتەوەیی / نیشتمانییە رکابەرەکان و ناوە ئاساییە دانپیانراوەکان بە بەڵگە دەهێننەوە بۆ تیۆریی ناسیۆنالیزم بەپێچەوانەی سمیثەوە. گەلێک لەوانە باس لە "کۆمەڵگە خەیاڵییەکان" دەکەن، کە دەستەواژەیەکی بەناوبانگە و بێنەدیکت ئەندەرسنی زانای ئەنترۆپۆلۆجیای ئینگلیز دایڕشتووە. ئەندەرسن (٢٠٠٦، ٦) پێناسەیەکی تایبەتی بۆ نەتەوە هەیە کە شێوازێکی تایبەتی "کۆمەڵگەی سیاسیی خەیاڵکراوە – خەیاڵکراوە بەو پێیەی سنووردارە لە سروشت و سەربەخۆییدا". هەروەها ئەندەرسن بەوردی ئەو سێ پێوەرەی

روونکردووەتەوە و نیازی چیە لێیان و کە بریتین لە ("وێناکراو"، "سنووردار بە سروشتی خۆی" و "خاوەن سەربەخۆیی") و بەپێچەوانەی ئەوەوە، بۆ نموونە، کۆمەڵگەی "خەیاڵکراوە" لەگەڵ "گوندە سەرەتاییەکاندا رووبەڕوو پەیوەندیی راستەوخۆیان هەیە". سەبارەت بە ئەندەرسن، زۆرێک لە کۆمەڵگە نانەتەوەییەکان، وەک کۆمەڵگەی باوەڕدارە موسڵمانەکان، بە "خەیاڵی" وێنا دەکرێن، چونکە ئەوانەی کە سەر بەو کۆمەڵگایانەن، "هەرگیز زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگەکانیان ناناسن". ئەندەرسن کۆمەڵگەی باوەڕدارە موسڵمانەکان بە نەتەوە دانانێت، نەک لەبەرئەوەی "بەسروشتی خۆی سنووردارە"، بەڵکو لەڕووی تیۆرییەوە سەرتاپای مرۆڤایەتی دەتوانێت وەرچەرخێت بۆ ئیسلام.

هێشتا چەند پسپۆڕێکی کەمی کورد کە زاراوەکانی ئەندەرسن بەکاردێنن، لەگەڵ پێناسەکانی ئەودا یەکدەگرنەوە. بۆ نموونە، ئەپەڵ Eppel (٢٠١٤، ٤٠) باس لە "کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی خەیاڵکراو" دەکات، لەکاتێکدا کووهی – کەمالی Koohi – Kamali (٢٠٠٣، ١٢) باس لە "گواستنەوەی 'رووبەڕوو' بۆ 'کۆمەڵگەیەکی خەیاڵکراو" دەکات. لە توێژینەوەیەکدا لە سەر کوردە کۆچبەرەکان لە سوید، ئیلیاسی Eliassi (٢٠١٣، ٦٣ – ٦٤) بە وردەکارییەکی زۆرەوە ئایدیاکانی ئەندەرسن تاوتوێ دەکات و لەکاتێکدا ئیلیاسی "کۆمەڵگەکانی خەیاڵ" بەبەڵگە ناهێنێتەوە، بەڵکو وێناکردنی ئیتنی و کولتوور و رەگ و ریشە و نیشتمانەکان و سوێدیبوون (٣٨، ٥٣، ١١٨، ١٧٨، ١٠٤)، هێشتا بەکارهێنانی لەگەڵ ئەندەرسندا یەکدەگرێتەوە.

بەهەرحاڵ، زۆرێک لە توێژەرە کوردەکان دەستەواژەی "کۆمەڵگەی خەیاڵ" بەکاردێنن و بەسادەیی وەک ئەڵتەرناتیڤێکی ستایڵ ئامێز بۆ "نەتەوە". لەڕاستیدا، زانای ئەنترۆپۆڵۆجیی تورکی، ئاراس (٢٠١٣، ٤٥، ١٤٦) دوو جار

ئیشارەت بۆ "کۆمەڵگە / نەتەوەی خەیاڵ" دەکات. توێژەری کەتەلۆنی لە سوێد خوێندوو، تێجێڵ Tejel (٢٠٠٨، ٣) دەنووسێت کە وا دەستەبژێرە سیاسییەکان "خۆیان وەک دەمڕاستی 'کۆمەڵگەی خەیاڵ' سەپاندووە و گرووپی 'نەتەوەیی' ... بنیات دەنێن". بەکارهێنانی ناتالی بە شێوەیەکی راستەوخۆ پێچەوانەی ئەندەرسنە. ناتالی Natali (٢٠٠٦، ١٢٠) دەنووسێت "لەبری ئەوەی خۆیان بە کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی ببینن"، کوردەکانی ئێران وا خۆیان پێناسە دەکەن کە "موسڵمانی سوننە و شیعەن و وەک ئەندام لە خێڵەکانی شکاک و مامەش و پشدەر و جاف و کەڵهوڕ و شەمدینانن". هەڵبەت لە دیدی ئەندەرسنەوە هەردوک کۆمەڵگە ئایینی و خێڵەکان "خەیاڵ یان وێناکراون".

بەشێک لە پسپۆڕە کوردەکان وەبەرهێنانیان لە دەستەواژە بەناوبانگەکەی ئەندەرسندا کردووە بە مانا تایبەتەکەی. بە قسە کردن لە سەر یەکێک لە گەڕەکە کوردەکانی ئەستەمبووڵ، برێنێمان (٢٠٠٧، ١١٦)، کە مسیۆنێرێکی ئەمریکییە، ئەندەرسن بەبەڵگە دەهێنێتەوە، بەڵام پاشان قسەکانی خۆی لە دەمی ئەندەرسنەوە دەگێڕێتەوە، کە وا دەستەواژەکەی ئەندەرسن، بەگوێرەی برێنێمان، "خەڵک هەستێکی خودی و شەخسییان هەیە بە هۆشیاریی نەتەوەیی و ئەوە دەیانبەستێتەوە بە بنەمای وێناکردنی کایە هاوبەشەکان". زانای ئەنترۆپۆلۆجیی ئەڵمانی – بەریتانی (گرابۆڵ چێلیکەر Grabolle – Çeliker، ٢٠١٣، ١٠٠) مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە "ئەزموونی جیاکاری و تاراوگە لە ناو زۆرێک لە کۆچبەرانی شارەکانی رۆژئاوای تورکیا و ئەورووپادا سەریکێشاوەتەوە بۆ "کۆمەڵگەیەکی خەیاڵ"، کە دەستەواژەیەکە لەم رستەیەدا ڕووندەکرێتەوە و بریتییە لە "هەستی هەڵکشاو بە شوناسی ئیتنیکی".

هەڵبەت هێشتا توێژەری تر کە زاراوەی "کۆمەڵگەی خەیاڵ" بۆ وەسفی کۆمەڵگەی کورد لەپێش وەرچەرخان یان گواستنەوەی تاکدا بەکاردێنن و بە واتایەکیتر، هاوشێوەییەکی فەرمانی بۆ *ئیتنییەکەی* سمیث. کرمانج، کە توێژەرێکی ئوسترالیی کوردە (٢٠١٤، ٩٠، ٩١) دەنووسێت کە وا شیعرەکانی بەدلیسی "سنووری ئیتنۆگرافیی 'کۆمەڵگەیەکی خەیاڵیی' کوردیان دیاریکردووە ... لەپێش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی نوێدا". ئوێزئۆغلوو (٢٠١٢، ٣١)، لەمیانەی قسەکردنیدا لە سەر شەرەفخانی گەورەپیاوی دەرباری سەفەوی لە سەدەی شانزەهەمدا (١٥٤٣ – ١٥٩٩)، تێبینیی ئەوە دەکات کە وا "زۆرێک لە 'کۆمەڵگەی خەیاڵی' شەرەفخاندا .... خۆیان بە کورد لەقەڵەم نەداوە تاوەکو سەدەی بیستەم. بە واتایەکی تر ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە ئەم بە کورد باسی کردوون، هەرگیز یەکەیەکی سیاسی یان کولتووریيان پێکنەهێناوە". برونەسن (١٩٩٢، ٣٨) بە شێوەیەکی ئاشکرا زاراوەکانی سمیث و ئەندەرسنی لێکداوە، بە ئارگومێنتی ئەوەی کە "'کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی' کوردەکان، *ئیتنییەکی* کوردیی چاک دەسنیشانکراوە، لە چەندین سەدەی پێشترەوە بوونی هەبووە". *ئیتنییەکەی* سمیث بەدڵنیاییەوە وەک کۆمەڵگەیەکی "خەیاڵ" دەستنیشان دەکرێت بە مانا و لێکدانەوەی ئەندەرسن، بەڵام خواستی برونەسن بۆ تێکەڵ کردنی دەستەواژەکەی ئەندەرسن لەگەڵ ئیتنییەکەی سمیثدا هەژموونی گواستنەوە یان وەرچەرخانی تاک دەگەیەنێت.

هەروەها پسپۆڕە کوردەکانیش گواستنەوەیەکی تاکیان داناوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زاراوەکانی ئەریک هۆبسباومەوە، کە مێژوونووسێکی مارکسیی بەریتانیی ڕێزدار و بە بنەچە جوولەکەی پۆڵەندییە. هۆبسباوم بەراوردی کردووە لە نێوان ناسیۆنالیزمی ڕاستەقینە و ئەوەی کە ناوی ناوە

"ناسیۆنالیزمی سەرەتایی". هەڵبەت بەپێی هۆبسباوم (١٩٩٠، ٤٦ – ٤٧)، "پەیوەندییە نەتەوەییە بەراییەکان" لە دوو رواڵەت و دەربڕینی جیاوازدا دێن:

"یەکەم، چەند فۆرمێکی لۆکاڵی هەن بۆ شوناسی میللی کە وا ئەو رووبەرە راستەقینە تێدەپەڕێنن کە زۆربەی ژیانی خەڵکی پێدا تێدەپەڕێت، وەک چۆن مریەمی پاکیزە باوەڕدارانی نابلس بە جیهانێکی بەرفراوانتر دەبەستێتەوە ... دووەم، لێرە پەیوەندییە سیاسییەکان و خولیای گرووپە دیاریکراوەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ زیاتر بەستراون بە دەوڵەت و دامەزراوەکانەوە و ئامادەن لە دواجاردا بیگشتێنن".

لەکاتێکدا کە "ناسیۆنالیزمە سەرەتاییەکەی" هۆبسباوم بە شێوەیەکی رووکەش لە *ئیتنییەکەی* سمیث دەچێت چونکە هەردوکیان لە ناسیۆنالیزمی پێشترەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو لێکتر جیاوازن. سمیث پەیوەندییەکی تاکلایەنەی لە نێوان *ئیتنی* و نەتەوەدا خستەڕوو. هۆبسباوم (١٩٩٠، ٧٧) دان بەوەدا دەنێت کە وا "دەکرێت مۆبیلیزەی سیمبۆڵ و هەستی کۆمەڵگەی نەتەوەیی سەرەتایی بکرێت لەپشتی مەسەلەیەکی مۆدێرنەوە"، بەڵام بەئاشکرا نکووڵی لەوە دەکات کە "هەردوکیان چونیەک بن، یان تەنانەت یەکێکیان بە شێوەیەکی لۆجیکی پێویست بێت یان بە شێوەیەکی حەتمی سەربکێشێتەوە بۆ ئەویتریان".

رەنگە مەودای جوگرافی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش جیاوازیی نێوان "ناسیۆنالیزمی سەرەتایی" هۆبسباوم و *ئیتنیی* سمیث روونبکاتەوە. بۆ نموونە، لە حاڵەتی کوردستانی پێش نەتەوەدا "فۆرمی لۆکاڵی ناسنامەی میللیی" هاوکووفی کاسۆلیکییەتی ناپوڵی دەکرێت جیهانی ئیسلامی بێت، یان رەنگە جیهانی سوننی بێت، کە لە وڵاتی مەغرییەوە درێژدەبێتەوە بۆ ئیندۆنیسیا. لەم کاتانەدا، "پەیوەندییە سیاسییەکانی هۆبسباوم کە بەستراوە بە

دەوڵەتەوە"، دڵسۆزی بۆ عوسمانییەکان یان قاجار دەگرێتەوە و بەم پێیەش ئەو خـاک و وڵاتە ناکوردییـانە دەگـرێتەوە کە دەکەونە قەڵەمـڕەوی ئەو دوو ئیمپراتۆرێتەوە. لەکاتێکدا ئیسلام و ملکەچی بۆ عوسمانی / قاجاری بێ هیچ دوودڵی و گومانێک کاری کردووەتە سەر پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵام هۆبسـباوم (١٩٩٠، ٤٧) ڕێکـوڕەوان نکـووڵی لەو چەشـنە دڵسـۆزییانەی بەرایی نەتەوەیی دەکات کە وا:

"دەکرێت بە شێوەیەکی شەرعی بە ناسیۆنالیزمی مۆدێرن پێناسەی بکەین کە درێژکـــراوەی هەمـــان هـــێڵە، چـــونکە بەزەرووڕەت پەیوەســـت نـــیە بە ڕێکخستنی سیاسیی هەرێمییەوە کە پێوەرێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئەوەی کە ئەمڕۆ بە "نەتەوە" تێی دەگەین".

لە هەمـان کاتـدا، ئیتنییەکـانی سمیث لە ڕووی جوگرافییەوە هـاوکووف و هاوشێوەی ئەو نەتەوانەن کە دواجار وەرچەرخاون، کە *ئیتنیی* کورد لە سـەر هەمان خاک نیشتەجێن کە نەتەوەی کوردی لێیە. لەکاتێکدا کە سـمیث (٢٠١٣، ١٩٦) بەم دواییە مشتومڕی لە سـەر ئەوە دەکرد کەوا *ئیتنییەکان* "خـاک یـان نیشتمانێکی روون و ئاشکرایان نیە" و بەئاشکرا جەختی لە سەر دیارینەکردن دەکردەوە، نەک شـوێنی گشـتیی نیشـتمان: لەبیـرت بێت کە ئەو لە سـەرەتاوە پێناســەی ئیتنیــی کردبــوو کە "پەیوەســـتبوون بە هەرێمێکـــی دیـــاریکراو" دەگرێتەوە (سمیث ١٩٨٦، ٣٢) و دواتر وای دیاری کرد کە "پەیوەستبوون بە نیشتمانێک" بگرێتەوە (سمیث ١٩٩٤، ١٨٩).

تـــوێژەرە کوردەکـــان بـــایەخێکی زۆر نـــادەن بەو جیـــاوازییەی نێـــوان هۆبسـباوم و سـمیث، ئەمـان زیـاتر زاراوەسـازییەکەی هۆبسـباوم بەکـاردێنن سـەبارەت بە "نەتەوەی سـەرەتایی" بۆ وەسفکردنی کۆمەڵگەیەکی جوگرافیی کوردی کە هێشـتا کـاتی بەنەتەوەبوونی نەهـاتووە و ناتوانرێت لە *ئیتنییەکەی*

سـميث جيـا بكـريتەوە. ئەپەڵ (٤٨ – ٤٩) "گوزارشـی تـايبەتی بـۆ شوناسـی نەتەوەيـی سـەرەتايی کـورد" دۆزيـوەتەوە لە قەسـيدەيەکی سـاڵی ١٦٩٥دا، کە لەنێويدا "باسی دۆخی جيپۆلێتيکی تراجيديی کورد دەکات لەبەرانبەر فارس و عەرەب و تـورک و جۆرجييەکانـدا" و هەروەهـا "خەونـی سياسـيی کـورد" چەشنی "پەرۆشبوون بۆ پاشايەکی کورد"، کە بۆ ئەپەڵ "دەربڕينێکی روونە لەبـارەی چەمکـی تايبەتمەنـدی نەتەوەيـی سـەرەتايی کـوردەوە". نيـوبێرگەر (٢٠١٤، ٢٤)، لەو باسـەيدا لە سـەر کـۆمەڵگەی کـوردی سـەردەمی دوادوايـی عوسـمانی، بەهەمـان شـێوە سيفەتی "نەتەوەيـی سـەرەتايی" سـەپاند بە سـەر دانيشتوانی کورددا بەدياريکراوی:

"لە دوادوايـی سـەدەی نـۆزدەدا، کـوردە شارسـتانييەکان قوتابخـانە و کۆمەڵە و رێکخراوی کوردييـان لە ئيمپراتۆرێتی عوسمانيدا دامەزراند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا زۆريـنەی زۆری کـورد بە نەخوێنـدەوار و گوندنشـين و خێڵەکی و بير تەسـک مـانەوە، لەکاتێکدا دەسـتەبژێرێکی بچـووکی نەتەوەيـی سەرەتايی يان نيمچە نەتەوەيی لە شارەکاندا گەشەيان کرد و ... هيچ رێکەوت نـيە کەوا پەکەکە لە توركيـادا لەلايەن خوێنـدکارە شارسـتانی يـان شارنشينەکەنەوە دامەزرا، نەک لە لايەن سەرۆکە نەريتييەکانەوە".

وەک چۆن برونەسن "کۆمەڵگەی خەياڵی" يەکسان کرد بە ئيتنی، دۆرهـام Durham (٢٠١٠، ٢٥٧) کەوتە تێکەڵکردنـی زاراوەسـازييەکانی هۆبسـباوم و سـميث و ئيـديعای ئەوەی دەکـرد کە "کوردەکـانيش سـەرچاوەی رەسـەنی خۆيانيـان هەيە بۆ ناسـيۆناليزم، کە سميث بە ئيتنـی *ethnie* نـاوی دێنێت و هۆبسباوم بە ناسيۆناليزمی سەرەتايی".

بەکـورتی، مێژووناسـيی کـورد نمـوونەی "گواسـتنەوەی تـاکی" ئەنتـۆنی سميث بەکاردێنێت لە رابوونی نەتەوەيی، تەنانەت لە وەرگرتنی زاراوەکان لە

ئەندرسن یان هۆبسباوم. پسپۆڕە کوردەکان کۆمەڵگەیەکی پێش نەتەوە دێننە پێشـەوە، کە فرەجـار، بەڵام نەک هەمیشـەیی، نـاوی ئیتنیـی لێـانێن و ئەمەش بەزەرووڕەت هاوشـــێوەیە لەگەڵ گەل / نەتەوەی کـــوردد‌ا کە لە دواجـــاردا پێیدەگات. هەرچەندە پسپۆڕە کوردەکان ئەندەرسـن یـان هۆبسـباوم بە بەڵگە دەهێننەوە، بەڵام سـەرلەنوێ زاراوە و دەسـتەواژەکانی خۆیـان راڤە دەکەنەوە بۆ گوزارش کردن لەو ئایدیانەی کە لەوەی سمیث دەچێت.

لەکاتێکـــدا کە زۆربەی رەهەنـــدە مێژووییەکـــانی کـــورد گێـــڕانەوەی "وەرچەرخان یـان گواسـتنەوەی تـاک" قبووڵ دەکات، کۆدەنگییەکی هاوشـێوە لەئـــارادا نـــیە لەبـــارەی مێـــژووی ئەم وەرچەرخـــانەوە یـــان هۆکـــارەکەی و رووماڵێکی وردی ئەم مەسـەلەیە رۆشـنایی دەخاتەسـەر. ژمـارەیەکی کەمـی توێژەرانی مێژووی کورد مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکەن کە وا "ناسـیۆنالیزمی" کوردیی تەواو لەپێش چەندین سەدەوە هەبووە، کە لەنێویاندا کرمانج (٢٠١٤، ٩٤) چەنـدوچوونی ئەوە دەکـات کە "ناسـیۆنالیزمی کـوردی.... یەکەمجـار لە بوارەکانی زمان و ئەدەبدا لە سەدەی شانزەدا دەرکەوتووە". لە پاش تـاوتوێ کردنی بەدلیسی و خانی، کرمانج دەگاتە ئەنجامی ئەوەی کە:

"جێـی سـەرنجە کە وا هەردوک بەتلیسـی و خـانی لەپـێش سـەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی مۆدێرندا ژیاون و بیر و ئایدیایان لەبارەی دەوڵەتێکەوە بەپێی بنەمای کۆمەڵی ئیتنیکی یان نەتەوەیی پێش شۆڕشـی فەرەنسـیی سـاڵی ١٧٨٩ کەوتـووە، کە بەزۆری وا بیـری لێـدەکرێتەوە کە وا سـەرەتا راسـتەقینەکانی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت".

بەهەمـــان شـــێوە حەســـەنپوور (١٩٩٢، xxiv) دەنووســـێت کە وا "ناسیۆنالیزمی کورد ... لە هەردوو سـەدەی شـانزە و حەڤدەدا سـەریهەڵداوە". لەگەڵ ئەوەشـدا، هێشـتا کرمـانج و حەسـەنپوور بە هەڵاواردوو مـاونەتەوە و

لەو کەمە پســـپۆڕانەن کە وای دەبیـــنن ســـەرهەڵدانی ناســـیۆنالیزمی کـــورد کەوتووەتە پێش شۆڕشی فەرەنسییەوە.

گەلێ لە توێژەرانی رابوونی نەتەوەیی کورد بە دیاریکراوی ئاماژە بۆ یاخیبوونی ساڵی ١٨٨١ی شێخ عوبەیدوڵا دەکەن دژ بە حوکمی عوسمانی. توێژەری عێراقی – ئەمریکی وەدیع جوەیدە Wadie Jwaideh (٢٠٠٦، ٢٩٢) مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە راپەڕینی عوبەیدوڵا سەرەتای "ناسیۆنالیزمی مـــۆدێرن" دەگەیەنێـــت لە نـــاو کـــورددا و وای بۆدەچێـــت کە راپەڕیـــنەکە "سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بیروباوەڕی ناسیۆنالیزمی خێرا کردووە لە ناو کورددا". جوەیدە نامەکەی ساڵی ١٨٨٠ بە بەڵگە دێنێتەوە کە عوبەیدوڵا بۆ جەیمـــس کـــۆکرانی مســـیۆنێری ئەمریکیـــی نووســـیوە، کە ئەم بـــڕگەیەی لەخۆگرتووە: "نەتەوە / میللەتی کورد، کە وا زیاتر لە پێنجسەد هەزار خێزان پێکهاتووە و گەلێکی جیاوازە و ئایینەکەیان (لە ئایینی ئەوانیتر) جیاوازە و یاســا و دابـونەریتی تـایبەتی خۆیـان هەیە". لەلای جوەیـدە (٢٠٠٦، ٨١)، ئەم نامەیە "هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە سەبارەت بە قەناعەت و باوەڕی قووڵی ئەو (واتە عوبەیدوڵا) بە یەکگرتوویی بنەڕەتیی میللەتی کورد". بیرمەند و چالاکی سیاسیی شەهید عەبدولڕەحمان قاسملو (١٩٨٣، ١٠٥) خۆی بەدوورگرتووە لە زاراوەی "ناســـیۆنالیزم"، بەڵام بەهەمـــان شـــێوە باســـی لە یـــاخیبوونەکەی عوبەیدوڵا کردووە کە "یەکەم بزووتنەوەی کورد بووە بەئامانجی یەکخستن و سەربەخۆیی تەواوی کوردستان".

بەهەرحـــاڵ، شـــارەزا و پســـپۆڕانی تـــری کـــورد گومـــان لەوە دەکەن کە یـاخیبوونی عوبەیـدوڵا وێکبێـتەوە لەگەڵ ناسـیۆنالیزمی کـورددا. ئوێزۆغڵـوو (٢٠٠١، ٣٨٣) بێـــنەوبەرە لە ســـەر ئەوە دەکـــات کە "چـــالاکییە سیاســـی و سەربازییەکانی سەرۆک و دەمڕاستەکانی کورد لە سەردەمی پێش جەنگی

جیهـانیی یەکەمـدا نەتەوەیـی نەبـووە، بەڵکـو ڕەنگدانەوەی حەز و خواسـتی بنەمـاڵە بەهێـز و دەسترۆیشـتووەکانی کـورد بـووە بـۆ چەسـپاندن یـان فراوانکردن یان گێڕانەوەی دەسەڵاتە هەرێمییەکانیان". ئۆیزئۆغڵوو ڕاستەوخۆ باس لە کارەکەی جوەیدە دەکات و دەڵێت:

"جوەیدە باس لە ڕاگەیاندنەکانی عوبەیدوڵا دەکات 'کە بەدڵنیاییەوە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە لەبارەی هەستی بەهێزی نەتەوەیی ئەوەوە'، بەهەرحاڵ، سـەرچاوە بەراییەکـان بەڵـگەی تەمـومژاوی و دژبەیەکیـان تێدایە لەبـارەی سروشتی نیاز و مەبەستی جوداخوازیی عوبەیدوڵاوە".

ئۆیزئۆغڵـوو Özoğlu (٢٠٠١، ٣٩١، ٣٩٢) دەگـاتە ئەو ئەنجـامەی کە وا لەکاتێکدا "سـەید عوبەیدوڵا ویستی ببێتە حوکمڕانی کوردستانی گەورە، وا دیـارە ڕێـی تێناچێت کە بەشـدارانی یـاخیبوونەکەی [...] پاڵنەریـان نەخشـەی نەتەوەیی بووبێت" و لەبری ئەوە پێیوایە کە "یاخیبوونی عوبەیدوڵا لە سـاڵی ١٨٨٠ زیـاتر لە یـاخیبوونێکی خێڵەکـی دەچـوو وەک لەوەی ڕاپەڕینێکـی نەتەوەیـی بووبێـت". پارسـنو Parsneau (١٩٩٦، ١٠٠ – ١٠١): ڕای وایە کە "هەرچەنـدە عوبەیـدوڵا ویسـتوویەتی گوتـاری نەتەوەیـی بەکاربێنێـت بـۆ پەیـداکردنی هاوپەیمـان، بەڵام هەمـوو ئەو نـاکۆکی و ململانێیـانە لە ئەنجـامی ناڕەزایی و تووڕەیی بوون لە سـەپاندنی بـاج و سـەرانە و هەروەهـا سـەرۆکە کوردەکـان وا مامەڵەیـان لەگەڵدا دەکرا کە هاوبەشـی کەمتـر و ئـایەخترن [لە سیستەمی عوسمانیدا]. هەروەهـا یاڤووزیش (٢٠٠١، ٥) نکووڵیی لەوە دەکرد کە ڕاپەڕینەکەی عوبەیدوڵا بە "نەتەوەیی" لەقەڵەم بدرێت و لەبری ئەوە وای وەسـف دەکـرد کە "یـاخیبوونێکی ئـایینیی ئیتنیکیـی سـەرەتاییە". کلەیـن Klein (٢٠٠٧، ١٤٩)، لە دواجـاردا، ئەوەی سـەلماندووە کە عوبەیـدوڵا "جۆرێـک لە گوزارشـی نەتەوەیی بەکارهێناوە" لە کاتی یاخیبوونەکەیدا، بەڵام وای داناوە

که "بەشـــێک بووبێـــت لە درێژبـــوونەوە و کشـــانێک کە دەکرێـــت نـــاوی بـزووتنەوەی نەتەوەیـی لێبنێـین". بـۆ جیـاکردنەوەی کـوردە نەتەوەییەکـان و "غەیرە نەتەوەییەکان"، کڵەین ئەوە دەخاتەڕوو کە سـەرۆکە کوردەکان دەبوو هەوڵـی ئەوەیـان بـدایە خۆیـان وەک کـورد رێکخسـتایە و لەهەمـان کاتیشـدا دڵسۆزیی خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی بهێشتایەتەوە.

دوو پسپۆڕی کورد وەرچەرخان یان گواستنەوەی تاک دەگێڕنەوە بۆ سـەدەمی شۆڕشـی تـورکە لاوەکـان. عەبـدوڵا عەلـی (٢٠٠٦، ١٤٢)، لە تێـزی دکتۆراکەیدا لە زانکۆی پاریس، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خانی و عوبەیدوڵا "داوای دەوڵەتێکـی کـوردیی سـەربەخۆیان کـردووە"، بەڵام ئێسـتا بـاس لەوە دەکرێـت کە "ناسـیۆنالیزمی کـورد و مێـژووەکەی ... رێـک لەدوای کودەتـای تورکە لاوەکـان لە سـاڵی ١٩٠٨دا دەستپێدەکات". عەبـدوڵا عەلـی لە شـوێنێکی تردا کرۆنۆلۆجیایەکی کەمێک جیاواز دەخاتەڕوو: "ئایدیای نەتەوەپەروەریی کـورد لە پـاش کودەتـای سـاڵی ١٩٠٨ تورکیـا لەدایکبـووە و بەشـێوەیەکی دیاریکراوتر لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە". سۆرانی (٢٠١٢، ٢٥، ٤٧)، لە تێزی دکتۆراکەیدا لە زانکۆی بۆن هاوڕایە لەم مەسەلەیەدا.

توێژەرانی تر چاویان خستووەتە سـەر جەنگی جیهانیی یەکەم و ئەوەی بەدوایدا هات بۆ دۆزینەوەی رەگ و ریشـەی ناسیۆنالیزمی کورد. بۆ نموونە، ئۆیزئۆغڵـــوو (٢٠٠١، ٣٨٣) وای بۆدەچێـــت کە "ناســـیۆنالیزمی کـــورد وەک کاردانەوەیەک بۆ رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسـمانی سـەریهەڵدا لە سـەردەمی جەنگـــی جیهـــانیی یەکەم و دوای ئەودا". ئەو بە راشـــکاوانە نکـــووڵی لە هەر رووداوێکـــی پـــێش جەنـــگ دەکـــات کە وەک "ناســـیۆنالیزم" لەقەڵەم بـــدرێت، هەروەهـــا ئۆیزئۆغڵـــوو (٢٠١١، ٢١١) لە شـــوێنێکی تـــردا دەڵـــێ کە وا "ناســـیۆنالیزمی کـــورد پرۆســـەیەکی پەرەســـەندن نەبـــووە و لە کـــاتێکی

دیاریکراوی مێژوودا درووستبووە، لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا". ئەو بەدیاریکراوی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی کوردیی دەبەستەوە بە سەرهەڵدانی یانە نیشتمانییەکانەوە. بەپێی ئویزئۆغڵوو (٢٠٠١، ٣٩٢)، عەبدولقادری کوڕی عوبەیدوڵا "بەشدارییەکی گەورەی کرد لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا" بە هۆی کارکردنیەوە وەک سەرۆکی کۆمەڵەی پێشخستنی کوردستان. توێژەری ئیسرائیلیی نیشتەجێی بەریتانیا ڤۆلەر (٢٠١٤، ٤٢) بەهەمان شێوە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە "لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کەوتە سەرهەڵدان و بەرگری کردن لە مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە شارە گەورەکانی عوسمانی و وڵاتی فارس و ئەوروپادا". ڤۆلەر "چالاکیی نەتەوەیی کوردی" بەستووەتەوە بەو "کۆمەڵە ئەدەبی و کولتوورییانەوە کە لەلایەن رۆشنبیرانی کوردەوە درووستکرابوون".

هێشتا توێژەرانی تر هەن کە مێژووی ناسیۆنالیزمی کورد دەگێڕنەوە بۆ یاخیبوونی شێخ سەعید  لە ساڵی ١٩٢٥دا دژ بە کۆمارە تازەکەی تورکیا. لە کتێبە کاریگەرەکەیدا، مێژوونووسی ئەمریکی ئۆڵسن (١٩٨٩، ١٥٤) رایدەگەیەنێت کە یاخیبوونەکەی شێخ سەعید "خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی کورددا لەو ناسیۆنالیزمەدا کە فاکتەری سەرەکی بوو لە رێکخستن و پەرەسەندنیدا ... یاخیبوونە گەورەکانی دواتر لەلایەن کوردەکانەوە نەتەوەیی و ئایینی بوون، کە سیمبۆڵ و پرۆپاگەندەی ناسیۆنالیستییان بەکاردەهێنا. یاخیبوونی شێخ سەعید بەئاشکرا ئەو ئاراستەیەی پیشاندەدا کە ناسیۆنالیزمی کورد گرتبوویەبەر".

لە بابەتە نووسینێکی دواتردا، ئۆڵسن (٢٠٠٠، ٧٠) پێی لە سەر ئەوە داگرتووە کە "پاڵنەرە نەتەوەییەکان لە هۆکارە ئایینییەکان بایەخدارتر بوون سەبارەت بە ئەکتەرە کوردە کاراکان لە ساڵی ١٩٢٥دا". هەروەها تاشجیان

(٢٠٠٤، ١٠)، کە مێژوونووسـێکی فەرەنسی – ئەرمەنییە "لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردیی توندوتۆڵ لە تورکیادا" دەگێڕێتەوە بۆ هەمان سەردەم.

بەهەرحاڵ، توێژەر و شارەزایانی تری کورد نکووڵی لەوە دەکەن کە یاخیبوونی شێخ سەعید گەیشتبێتە ئاستی ناسیۆنالیزم. لەمڕووەوە توێژەری بەریتانی ماکدواڵ McDowall (١٩٩٧، ١٩٧ – ١٩٨) لە مێژووە کاریگەرەکەیدا نووسیویەتی کە وا "ئایدیای سەعید لەبارەی 'کوردبوونەوە' خۆی لە خۆیدا لە سەر بنەمای ئیتنیک و نەژاد بنیاتنرابوو زیاتر لەوەی لە سەر تایبەتمەندییەکی ئایینیی کوردی بووبێت" و بەدیاریکراوی "دڵسۆزی بۆ یاساوڕێسای مەزهەبی شافیعی" لە بەرانبەر ڕێباز و مەزهەبی حەنەفیدا کە لای دەوڵەتی تورکیا پەسەندە. گونتەری Gunter توێژەری ئەمریکیی پڕبەرهەم (١٩٩٩، ٦٢) وا باسدەکات کە "ئەوە هەڵەیە وا بڕوانرێتە چالاکییەکانی شێخ کە ڕاهێنانی ناسیۆنالیزمی کوردن"، چونکە "لە ترۆپکی بانگەشە کردنیدا، هیچ کاتێک سنووری سەرەتایی خێڵەکیی تێنەپەڕاندووە". لێڤینی مێژوونووسی بەریتانی لە بواری جینۆسایدا (٢٠١٣، ٢٨٩، ٢٨٧) یاخیبوونی شێخ سەعید وا لێکدەداتەوە کە "بەڵگەیەکی کەمی هەڵبەز و دابەزی هۆشیاریی نەتەوەیی کوردە و نائومێدییەکی زیاتری دیکەیە کە مۆرکی هەزار ساڵەی خێڵەکیی نەریتییە لە ئەنەدۆڵدا"، ئەگەرچی لە سێ لاپەڕەی پێشتردا، سیاسەتی پەڕگری تورکاندنی مستەفا کەمال بە هۆکاری "درەنگ گەلاڵەبوونی ناسیۆنالیزمی سەرتاپاگیری کورد" دەزانێت.

توێژەرانی تری کورد ڕەگ و بنەچەی ناسیۆنالیزمی کورد دەگێڕنەوە بۆ کۆماری مهاباد (١٩٤٥ – ١٩٤٦)، کە دەوڵەتێک بوو هەر زوو ئاوابوو و درووستبوونی بە هۆی دەرفەتێکەوە بوو کە لەسۆنگەی داگیرکردنی

سۆڤییەتەوە بۆ باکووری ئێران ڕەخسابوو لە سەروەختی جەنگی جیهانیی دووەمدا. توێژەری ئاشووری – ئەمریکی و ڕۆشنبیری گشتی نابی Naby (٢٠٠٦، ٢١٩) وا باسی کۆماری مهاباد دەکات کە "یەکەم بەدیهاتن و بەرجەستەبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی بێت". عەباس وەلی (١٩٩٦)، کە پێشتر لە وێڵز موحازەرەی دەوتەوە و ئێستا پرۆفیسۆرە لە ئەستەمبووڵ، وای بۆدەچێت کە ساڵانی ١٩٤٢ – ١٩٤٥ "قۆناخی پێکهاتنی" ناسیۆنالیزمی کوردی بێت لە ئێران. بەم دواییەش ئۆفرا بێنگیۆ Ofra Bengio (٢٠١٤، ٢٧٩)، کە پرۆفیسۆرێکی ئیسرائیلییە لە بواری توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات "لە کۆماری مهابادا بوو کە بۆ یەکەمجار لە سەردەمی نوێدا هەستێکی بەهێزی هاوکۆیی و یەکگرتوویی لە ناو کوردەکاندا پەیدابێت". ئەو پێشتریش کرۆنۆلۆجیایەکی هاوشێوەی بۆ کوردە عێراقییەکان چێکردبوو بەم شێوەیەی خوارەوە: کودەتاکەی بەعس لە ساڵی ١٩٥٨دا (لەڕاستیدا بە سەرکردایەتیی عەبدولکەریم قاسم بوو و بەعسییەکان ساڵی ١٩٦٣ کودەتایان کرد – وەرگێڕ) بوو بە هۆکاری "پلەیەکی بەرزی سیاسەتکردن لەناو کورددا و گەڵاڵەبوونی ناسیۆنالیزمی نەژادیی (ئیتنۆناسیۆنالیزم) لێکەوتەوە لەناویاندا" (بێنگیۆ ١٩٩٩، ١٥٣).

لەگەڵ ئەوەشدا، پسپۆڕە کوردەکان لە کاریگەریی قووڵی مەسەلەی نەتەوەیی مهاباد کەمدەکەنەوە. کووهی – کەمالی (١٩٩٢، ١٣٥)، کە توێژەرێکە لە ئۆکسفۆرد خوێندنی تەواوکردووە و لە نیویۆرک نیشتەجێیە، لەبارەی هەردوو ئەوە دوو ڕایەوە دەنووسێت "گەیشتن بە ترۆپکی بزووتنەوەی کورد لە ئێران بە دامەزراندنی کۆمارە کوردییەکەی مهاباد بوو لە ساڵی ١٩٤٦دا بوو"، بەڵام ئەوەش هەیە "کە بزووتنەوەی کورد تەواو بەئاگا نەبوو لە خولیا و ئاواتە نەتەوەییەکانی [...] تا بەرپابوونی شۆڕشی ئێران لە

سـالآنی ١٩٧٨ – ١٩٧٩دا". ئـۆفرا لە کـارێکی دواتریـدا، بەو شـێوەیە وسـفی کۆمـــاری مهابـــاد دەکـــات کە "قۆنـــاخێکی ناوەنـــدە لە نێـــوان خێڵەکـــی و ناسیۆنالیزمی گشتگیری ئەمڕۆدا "( کوهی – کەمالی ٢٠٠٣، ٢٠٠). ماکدواڵ (١٩٩٧، ٢٤٦) پێ لەوە دەنێت کە سەردەمی مهاباد قۆناخێکی لە "ناسیۆنالیزمی نوێ" لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بەڵام لە مەودایەکی دووردا بایەخی کەمبووەتەوە". ئەو وای بۆدەچێــت کە لە پـــاش هەرەســـهێنانی کۆمـــارەکە "یەکگرتـــوویی نەتەوەیـی بـوو بە قوربـانی سیاسـەتی دەمڕاسـت و سـەرۆک خێڵەکـان و دابەشـبوونی کـۆمەڵایەتی لە نێـوان چـین و توێژەکـان، کـوردە خێڵەکـی و شارستانییەکان و هەروەها پیاوماقووڵ و دەمڕاستە شارستانییەکان و چینی ناوەڕاستی لەوان خوارتردا".

پسپۆڕە کوردەکان ناسیۆنالیزم وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری پێناسـە دەکەن کە وا لەدایکبــوونی ناســیۆنالیزمی کــوردی تەنهــا لە ئــاخروئۆخری ســەدەی بیســتدا بینیبێـت. شەیخولئیسـلامی (٢٠١١، ٢٠٢) ئەوە دەسـەلمێنێت لەکاتێکدا کە:

"ئەو بـزووتنەوانەی مەیلـی نەتەوەییـان هەیە، دەگەڕێنەوە بـۆ سـەردەمی جەنگـــی جیهـــانیی یەکەم، کە ناســـیۆنالیزمی کـــورد وەک بزووتنەوەیەکـــی جەماوەری تەنها لە سالآنی ١٩٦٠کاندا لە عێراقدا پەیدابوو، ئەوجا بـزووتنەوە میللییەکـان لە ئێرانـدا و پاشـانیش لە ناوەڕاسـتی سـالآنی ١٩٨٠کـانەوە لە تورکیادا".

ئـال (٢٠١٥، ٩٥)، کە "هۆشـیاریی ئیتنیکـی" لەگەڵ "گوتـارە نەتەوەییەکـان" یەکســـان دەکـــات، "لە ســـالآنی ١٩٨٠کـــانەوە خەیـــاڵی لای جەمـــاوەرێکی هەستەوەرە". لای یاڤوزیش Yavuz (٢٠٠١، ١١)، پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK ،Partiya Karkerên Kurdistan) کە لە سـاڵی ١٩٧٨دا درووسـتبووە،

تەنها ئەو توانیویّتی ناسیۆنالیزمی کورد وا لیّبکات پابەندییە ئایینی و خیّڵەکییە رکابەرەکان تیّپەڕیّنیّت و نووسیویّتی کە وا "ناسیۆنالیزمی کورد پانتاییەکی وای رەخساندووە کە بتوانیّت لیّیەوە جیاوازییە چینایەتی و هەریّمییەکان تیّپەڕیّنیّت"، هەروها دەنووسیّت "ئەوە پەکەکە بوو کە پەیوەندیی دامەزراوەیی کۆتایی پیّهیّنا لە نیّوان ئیسلام و خیّڵ و ناسیۆنالیزمدا بۆ بەرژەوەندیی ئەمەی دواییان"، لەگەڵ ئەوەشدا، وەک یاڤوز پیّی لە سەر دادەگریّت کە "لە کۆتایی سالاّنی ١٩٩٠کاندا، ناسیۆنالیزمی کورد هیّشتا لە قۆناخی 'پیّکهاتن و گەلاڵەبووندا بوو' ".

بەکورتی، میّژووی رابوونی نەتەوەیی کورد نەگەیشتووەتە کۆدەنگییەک سەبارەت بە رەگ و بنەچەی ناسیۆنالیزمی کوردی. بەگویّرەی میّژووی گیّڕانەوەی کورد، درووستبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی بە شیّوەی جۆراوجۆر دەگەڕیّتەوە بۆ سەدەی شانزە، یان دوادوایی سەردەمی عوسمانی، یان جەنگی جیهانیی یەکەم، یان سەرەتاکانی کۆماری تورکیا، یان کۆماری مهاباد یان کۆتاییەکانی سەدەی بیست. هەندیّک لە شارەزایانی کوردیش دەڵیّن کە وا کورد پیّشەنگ بووە لە ناسیۆنالیزمدا و تەنانەت "پیّش سەدەیەک لە ئەوروپییەکانیش" (Anon ئانۆن ١٩٩٧، ٢٥٣) و "ئەگەری ئەوەش هەیە کە ناسیۆنالیزمی کوردی کۆنترین ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی بیّت لە جیهانی ئیسلامیدا" (Hassanpour حەسەنپوور ١٩٩٢، xxvi)، بەلاّم هەوڵی ئەوەشیان داوە روونی بکەنەوە کە بۆچی "ناسیۆنالیزمی کوردی زۆر بە درەنگەوە گەشەی کردووە" (Neuberger نیوبیّرگەر ٢٠١٤، ٢١) و چ کۆسپیّک هەبووە "لەبەردەم گەشەکردنی کورددا وەک گەل / نەتەوەیەکی یەکگرتوو" (Hassanpour حەسەنپوور ٢٠٠٥، ٤٢).

ئەگەر تـوێژەرە کوردەکـان بەگشـتی مـۆدێلی گواسـتنەوەی تـاک قبـووڵ بـــکەن، ئەی چـــی نەبـــوونی تەواوی کۆدەنگییـــان لێکـــدەداتەوە لەبـــارەی کرۆنۆلۆجیـــای ناســـیۆنالیزمی کـــوردەوە؟ دابڕانـــی جـــوگرافی ئەگەری یەک روونکـردنەوە دەرەخسـێنێت. ئەو تـوێژەرانەی بـایەخ بە کوردەکـانی تورکیـا دەدەن، دەکرێت ئەو خاڵانە رەچاو بکەن کە جیاوازن لە خاڵی ئەو توێژەرانەی بایەخ بە عێراق دەدەن و پێدەچێت ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیا و عێراق و ئێران و سووریادا بە پێی خشتەی کاتی جیاواز گەشەی کردبێت.

بەڵام گرنگتر لەوە، توێژەرەکان پشت بە دەروازەی تیۆریی تەواو جیاواز دەبەســـتن لە "ناســـیۆنالیزم"، کە بەراورد دەکرێـــت لەگەڵ "هێشـــتا کـــاتی ناسـیۆنالیزم نـیە"دا. کرمـانج و جوەیـدە بنەماکـانی ناسـیۆنالیزم لە دەربـڕینە نیشتمانپەروەرییەکانی کەسایەتییە مێژووییە تاکەکاندا دەبینن، ئۆیزئۆغڵوو و ڤـۆڵەر جەخـت لە ســەر تـاکەکەس نـاکەنەوە، بەڵکـو لە ســەر رێکخــراوە نیشـتمانییەکان. بێنگیـۆ و کـووهی – کەمـالی دەوڵەتێکـی خێـرا لەناوچوویـان ئەزمـــوون کـــردووە کە لەڕووی زاراوەی ناسیۆنالیســـتییەوە شـــەرعییە. شەیخولئیســلامی و یـاڤووز جەخـت لە ســەر جـووڵانەوەیەکی جەمـاوەری دەکەنەوە. بە پێچەوانەوە، توێژەرانی تر لەگەڵ ئەم راوبۆچوونەدا نین لەبەر هۆکاری نەگونجاو. گونتەری کاریگەر (٢٠٠٥، ٢٦٦)، کە "هەسـتکردنی نوێ بە ناسـیۆنالیزمێکی کـوردیی یەکگرتـوو" یەکسـان دەکـات بە چەمکـی *کـوردایەتی* ["کوردبوون Kurdishness"]، مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە وا:

"نیشـتەجێکردنی دانیشـتوانی دێهـات، بەشارسـتانیبوون زیـاد دەکـات و دەبێـتە هــۆی هەڵکشــانی چینێکــی ناوەڕاســتی رۆشــنبیر و گەشــەکردنی ســەرکردایەتییەکی مـۆدێرن و ســەرنجێکی نێـودەوڵەتیی تایبەتمەنـد بـۆ ســەر

کورد بەدوای جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١دا، هەموو ئەمانە بەشدارن لە کوردایەتیدا".

کۆسپی جۆراوجۆر روون و ئاشکرا سەردەکێشێتەوە بۆ مێژووی ئاڵۆز و دژوار. ئەو توێژەرانەی کە باس لە رەگ و ریشەی "ناسیۆنالیزم" دەکەن، بە سادە و ساکاری شتی جۆراوجۆریان لە مێشکدایە.

رۆڵی سێنترالی کۆمەڵگەی کوردیی پێش نەتەوەیی، خەیاڵی بێت یان ئیتنی، وەک جۆرێک لە "هۆشیاری" یان "شوناس" یان هەر فۆرمەڵەیەکی تر وایە و پرسیارێکی نوێ دێنێتە پێشەوە لەبارەی رەگ و بنەچەی کوردەوە، وەک: کەی کۆمەڵگەی کوردی پێش نەتەوە پەیدابووە؟ هەندێک لە توێژەرانی کورد مێژووی بنەچە دادەنێن بۆ هەریەک لە کۆمەڵگەی کوردی پێش بەنەتەوەبوون و ناسیۆنالیزمی کوردیش. دورهام (٢٠١٠، ٩٥) چەندوچوون لە سەر ئەوە دەکات کە "هەستی نەتەوایەتی لەنێو دەستەبژێری کورددا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا پەیدابووە"، بەڵام "ئەو هۆشیارییە نەتەوایەتییە کوردییە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدەی پێش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی سیاسیی کورد. چیرۆک و داستانی وەک شەرەفنامە و مەم و زین ئەم هۆشیارییە خودییە و خەبات و تێکۆشان پیشاندەدات". لێرەدا برونەسن (١٩٩٢، ٣٤، ٣٩) تارادەیەک ورد نیە کاتێ کە دەڵێت "لەم ساڵانەی دواییدا ... ناسیۆنالیزمی کوردی بووە بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری، بەڵام زۆرێکیش لە کورد هۆشیارییەکی گشتییان هەیە کە وا گەلێکی جودان، هەر هیچ نەبێت لەم چەند سەدەی رابوردوودا، یان لە ئەڵتەرناتیڤی ئەوەدا لە کۆتایی سەدەی شانزەوە و (پێدەچێت زۆر پێشتریش بووبێت)".

ئەو توێژەرە کوردانەی کە مێژوو دادەنێن بۆ رەگ و ریشەی سەرهەڵدانی پێش نەتەوەبوونی کورد، زۆر بەقووڵی ناکۆک و نەگونجاون

لەگەڵ ئەو تـویژەرانەی مێـژوو دادەنـێن بـۆ بـنەچەی ناسـیۆنالیزمی کـورد. تەنانەت ئێمە کە سەرنج دەخەینە سەر ئەو تویژەرانەی راشکاوانە مێژوویان بۆ بنەچەی هەردوک "ناسیۆنالیزم" و "هێشتا ناسیۆنالیزم نەرەخساوە"، ئەوە یەکنەگـرتنەوەی بیروراکـان بەئاسـانی خۆیـان دەخەنەروو. نەهـمە و مەحـۆ (١٩٩٥، ٤٢ – ٤٢) نووسـیویانە کە وا "لە کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەدا، دەسـتەبژێری کـورد کەوتـنە ئەوەی کە خۆشـیان بێـت لە ئایـدیاکانی ناسیۆنالیزم"، کەچی مشتومڕیش لە سەر ئەوە دەکەن کە تایبەتمەندییەکانی کورد دەگەرێتەوە بۆ "رۆژگاری گۆتییە کۆنەکانی نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەوپـێش". عەزیـز (٢٠١٤، ٤٨ – ٤٩) ئیـدیعای ئەوە دەکـات کە هەردوو "ناسیۆنالیزمەکەی کورد لەگەڵ داڕووخانی ئیمپراتۆریتی عوسمانیدا سەریان هەڵداوە"، بەڵام دیسـانەوە ئەوە دەڵێ کە "بە هـاتنی کۆتـایی سـەدەی شـانزە، هۆشـیارییەکی روون و ئاشـکرا بە شوناسـی ئیتنیکیـی کـورد هـاتە ئـاراوە". عەبـدوڵا عەلـی (٢٠٠٦، ١٤٣)، کە پێشـتر باسـی لێـوەکراوە مێـژووی ناسـیۆنالیزمی کـورد دەبـاتەوە بـۆ سـەروەختی شۆڕشـی تـورکە لاوەکـان و جەنگی جیهانیی یەکەم، پێیوایە کە هەردوک بنەچەی "شوناسی ئیتنیکیی کورد کەمە کەمە لە نیوەی دووەمـی سـەدەی سیانزەهەمەوە پەیدا بـوو، پاشـان لە سـەدەی چـواردەدا کەوتە گەلاڵەبـوون، بەڵام بە وردی و دیـاریکراوی لە سـەدەی پانزەدابوو" و هەروەهـا ئەوەشـی دووپـات کـردەوە کە وا کوردەکـان "گەلێکی رەسـەنی زۆر دێرینن و لە گەلانـی تـری نـاوچەکە کۆنترن". ئیتنییـی پێش بەنەتەوەبوون، کە بە شێوەیەکی جیاواز داڕێژراوە، چەشـنی ئەوەی کە لەکۆتـایی سـەدەی شـانزەدا سـەریهەڵداوە، یـان لە میـانەی هەردوو سـەدەی سیانزە و پانزەدا و پاشانیش لە چوار هەزار ساڵی لەمەوپێشەوە.

پەیـــدابوونی کـــۆمەڵگەی هێشـــتا بەنەتەوەنەبـــوون و ســـــەرهەڵدانی ناســـیۆنالیزمی راســـتەقینە، ئەگەر وەک قۆنـــاخە جیاوازەکـــانی یەک پرۆســـە تەماشا بکرێت، ئەوە تیۆرییەکی رابوونی نەتەوەیی بەرهەمدێنێت لەگەڵ نەک یەک، بەڵکـو دوو گواســتنەوە یــان وەرچەرخــانی تاکـدا. لەو ســۆنگەیەوە کە توێژەران باسیان لە چەندین دەروازەی جیاواز کردووە وەک وەرچەرخانی تاک، رەنگە پێویست بکات کە تیۆریستەکان گۆڕانکاری و وەرچەرخانی زۆر بســەپێنن. ئـێمە هەمـوو مۆدێلەکـان کـۆدەکەینەوە لە چەشـنی "تیۆرییەکـانی قۆناخبەندی".

زۆرێک لە توێژەرە کوردەکان بەشێوەیەکی زیمنی پێشنیازی تیۆرییەکانی قۆناخبەنـــدی دەکەن. ئینتیســـــار (١٩٨٤، ٩١٣، ٩١٥ – ١٦) بـــاس لە "رەگە مێژووییەکـانی ناسـیۆنالیزمی مـۆدێرنی کـورد دەکـات" لەگەڵ خشـتەیەکدا کە یانزە خاڵی وەرچەرخانی تایبەتمەند لەخۆدەگرێت، بەو پێیە، دەقەکەی جەخت لە سەر پەیماننامەی سیڤەر و کۆماری مهاباد دەکات کە هەردوکیان "خاڵی وەرچەرخانن". ئۆڵسن (١٩٨٩،١) رابوونی نەتەوەیی کوردی دابەشی چوار قۆناخ کردووە کە ئەمانەن: (١) بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵا ساڵی ١٨٨٣ کۆتـایی پێهـاتووە، (٢) درووسـتکردنی هێـزی سـوارەی حەمیـدیی سـووک لە ســـاڵی ١٨٩١دا، (٣) جەنگـــی جیهـــانیی یەکەم، کە ئۆڵســـن کۆتـــاییەکەی بە هاوزەمان دادەنێت لەگەڵ پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠دا، (٤) یاخیبوونی شێخ سەعید. بڕوانە جیاوازیی زۆری کات لە نێوان ئینتیسار و ئۆڵسندا.

مێژوونووســـی چیـــک میرۆســـلاڤ هـــرۆخ، یەکـــێکە لە تیۆریســـتە هەرە کاریگەرەکانی ناسیۆنالیزم لە دانانی فرە گواستنەوە و وەرچەرخاندا. هرۆخ یان هرۆش Hroch (١٩٨٥، ٢٣، ٢٧) دوو وەرچەرخانی داناوە، بەڵام جەختی کردووەتەوە نەک هەر لە سەر خودی وەرچەرخانەکان خۆیان، بەڵکو لە سەر

ئەو سێ قۆناخە مێژووییەی کە دیارییان دەکەن. هرۆخ بە شێوەیەکی تەقریبی سـێ قۆنـاخەکەی دیـاریکردووە کە بـریتین لە قۆنـاخی A، قۆنـاخی B، قۆنـاخی C و یەک لە دوای یەک وا پێناسـە کـراون کە "مـاوەی بایەخـدان بە توێژینەوە" و "ماوەی هانـدانی نیشـتمانی" و "مـاوەی بـزووتنەوەی نەتەوەیـی/ نیشتمانیی جەماوەری"ن. ئەو ئاماژە بە خاڵەکانی گواستنەوە و وەرچەرخـانی وەک "AB" و "BC". پاشان بزووتنەوە نەتەوەیی/ نیشـتمانییەکانی بەو شـێوەیە پـۆلێن و شـیکاری کـردووە کە ئـاخۆ ئەم گۆڕانکـاری و وەرچەرخانـانە پـێش خاڵەکـانی وەرچەرخـانی تـری مێژوویـی کەوتـوون، چەشـنی "شۆڕشـی پیشەسازی لە قۆناخەکانی سەرەتایدا".

هەڵـبەت هـرۆخ تـاکە تیۆریسـتی قۆنـاخ نـیە. تـوێژەری پـاش قۆنـاخی کۆلۆنیـاڵی، چـاتەرجی Chatterjee (١٩٨٦، ٥١) پێشـنیازی سـێ "سـاتەوەخت" دەکات کە تـا رادەیەکـی زۆر لە "قۆناخەکـانی" هـرۆخ دەچێت: "سـاتەوەختێکی ماڵئـاوایی"، "سـاتەوەختێکی مـانۆڕ"، "سـاتەوەختێکی گەیشـتن". هەروەهـا سـێ قۆنـاخەکەی هـرۆخ بـوو بە ئیلهامبەخشـی شـاش و پیـنەوپەڕۆ. هەنـدێک لە تیۆریسـتان پێشـنیازی لێکدانی قۆنـاخە بنەڕەتییەکانی هرۆخیـان کـردووە یـان دابەشـکردنەوەیان بە شـێوەیەکی ئیزافـی (برونـدی ٢٠٠٠، ١٤ ؛ دیاکۆنۆڤـا و رۆمانۆڤا ٢٠٠٣، ١٤). لانی کەم سێ توێژەر پێشـنیازی "قۆنـاخێکی ئیزافییـان" کـردووە بە نـاوی "قۆنـاخی D" (Kamusella کاموسـێلا ٢٠٠١، ٢٤١ ؛ Martin مارتن ٢٠٠١، ١٥ ؛ Fewster فیوستەر ٢٠٠٦، ١٨٤). هەڵبەت بە پێی زانیاریی ئێمە، هیچ توێژەرێکی کورد نە ساتەوەختەکانی چاتەرجی و نە پینەوپەڕۆکانی هرۆخـی بەبەڵگە نەهێنـاوەتەوە و هـرۆخ تەنها تیۆریستی قۆناخبەندییە کە لە مەسەلەی مێژووناسیی کورددا بەبەڵگە هێنراوەتەوە.

هەندێ توێژەری کورد هرۆخیان بە بەڵگە هێناوەتەوە بێئەوەی خۆیان لە قۆناخەکانی تێبگەیەنن. باجەلان (٢٠١٣، ٤)، کە مێژوونووسێکی کوردە و لە بەریتانیا خوێندنی تەواوکردووە، ماوەی "نێوان ساڵی ١٨٥١ (کە ساڵی رووخاندنی دوا میرنشینی کوردە) و ساڵی ١٩٠٨ (کە ساڵی شۆڕشی تورکە لاوەکانە) یەکسان دەکات لەگەڵ قۆناخی یەکەمی مۆدێلەکەی هرۆخدا کە لە سێ قۆناخ پێکهاتووە"، بەڵام قۆناخەکانی هرۆخ جارێکی تر وێنادەکاتەوە بە پێی بنەمای *ئاستی رێکخستنی سیاسیی* بووژانەوەی نەتەوەیی کورد". (Özoglu ئویزئۆغڵوو٢٠١٢ ، ٦)، لە پاش کورتکردنەوەی قۆناخەکانی هرۆخ، وا باس لەخۆی دەکات کە بە پلەی یەکەم بایەخی بە قۆناخی A داوە، لەبەرئەوەی "گریمانەی بوونی کۆمەڵگەیەکی پێش ناسیۆنالیزم هەیە". (دواجار ئویزئۆغڵوو هرۆخ رەتدەکاتەوە وەک "ئیزێنشیالیستێک" (Essentialism چەمکێکی فەلسەفییەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتوون – وەرگێڕ) و زیاتر سەرسامیی خۆی رادەگەیەنێت بەرانبەر بەوەی کە ناوی لێناوە مامەڵەی "کولتووریانەی" ئەندەرسن").

دوو توێژەری کوردی ئەڵمانی کە هرۆخ بە بەڵگە دێننەوە، وادیارە بە هۆشیارییەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی قۆناخبەندییەکانی هرۆخ. لێکۆڵەری سیاسی سەیدەر (١٩٨٣، ١٧٢، ١٧٦)، بە پشتگوێخستنی سێ قۆناخەکە، هرۆخ بەبەڵگە دێنێتەوە بۆ پێناسەکردنی نەتەوە بە گریمانەی هۆشیاریی نەتەوەیی، کە وا "بە پێناسەکردنە دینامیکییەکەی، هۆرخ (ئاوها) خەسڵەت یان سیفەتە رەقوتەقەکانی تێپەڕاندووە کە خەڵکیتر دەیانویست پێناسەی ناسیۆنالیزمی پێبکەن". بەهەرحاڵ، سەیدەر سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی دابەشکردووەتە سەر سێ قۆناخدا، بەم شێوەیە: "تا ١٩٦١" و "١٩٦٤ – ١٩٧٠" و "١٩٧٠ – ١٩٧٥".

سۆرانی (٢٠١٢، ٢٥ – ٢٦، ٤٧)، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئایدیاکانی هرۆخی لە سیدەرەوە گواستووەتەوە، پەیڕەویی سەیدەری کردووە بە پشتگوێخستنی سێ قۆناخەکە و ستایشی هرۆخی کردووە بە سیفەتی "دینامیکی" و هەڵەکردن لە پاشناوی هرۆخدا و نووسینی بە "هۆرخ". ئەمیش وەک سەیدەر و سۆرانی گەلێ قۆرتی لەبەردەم رابوونی نەتەوەییدا داناوە و دەڵێ "کۆنترینی ئەو نموونانەی ماونەتەوە لە کارە ئەدەبییەکان بە زمانی کوردی، کە تێیدا دەکرێت ناوەرۆکی بابەتی وا لێکبدرێتەوە کە وا ئاماژەیە بۆ هۆشیارییەکی نەتەوەیی کوردی لە سەدەی نۆ و دەدا"، هەروەها مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە شێوەیەکی رووڵەهەڵکشان لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە گوزارشی لەخۆی کردووە" لە سەردەمی حوکمی عەبدولحەمیددا و وەک پێشتر باسمان کرد، وێناکردنی ئێمە بۆ "چەسپاندنی ناسیۆنالیزمی کورد و هۆشیاریی خودی" لە میانەی شۆڕشی تورکە لاوەکانیساڵی ١٩٠٨. سۆرانی، سەرباری ئەوەی کە بە روونی قەرزاری سەیدەر بوو، بەوپێیە دواقۆناخی خۆی چەندین دەیە پێش دەستپێکردنی قۆناخی یەکەمی سەیدەر کۆتایی پێهێنا! جگە لە هەوڵەکانی هرۆخ لە وردیی پێناسەکردندا، توێژەرە کوردەکان پێشنیازی تیۆرییە نایەکانگیرەکانی قۆناخبەندیی هرۆخیان دەکرد بە شێوەیەکی بەشبەش، چونکە لەنزیکەوە پەیڕەویی پێناسەکانی هرۆخیان نەدەکرد.

مایەی سەرسوڕمانە کە هەندێک لە توێژەرە کوردەکان پشتیان بە قۆناخەکانی هرۆخ دەبەست بۆ راگەیاندنی گواستنەوە یان وەرچەرخانێکی تاک. ( Keyman و Özkırımlı کەیمان و ئوێزکریملی ٢٠١٣) باسیان لە سێ قۆناخەکەی هرۆخ کردووە، بەڵام بەزۆری بۆ ئەوە پشتیان پێدەبەست

تــاوەکو جەخــت لە ســەر ئەوە بــکەن کە وا کوردەکــان بەنەتەوەبــوونێکی تەواویان ئەنجامداوە:

"زۆربەی کوردەکــان هەنــووکە گەیشــتوونەتە دواقۆنــاخ و بەتەواوی ئاگـاداری شوناسـی جـودای خۆیـانن". بەهەمـان شـێوە، کـووهی – کەمـالی (٢٠٠٣، ١٧٣) رایدەگەیەنێت کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردلە ساڵی ١٩٧٩دا "ئەو قۆناخەی بەدەستهێنا کە لەلایەن میرۆسلاڤ هرۆخەوە باسکراوە کە دوا قۆنـاخە لە هەرسـێ قۆنـاخەکەی پرۆسـەی پێگەیشـتنی بزووتنەوەیەکـی ناسیۆنالیستی".

دەکرێت شیکارییەکەمان بە تێزی دوکتۆراکەی سەباح غالیب لە زانکۆی ئیکزیتەر کۆتایی پێبێنین لەبارەی "سەرهەڵدانی کوردیزمەوە". کارەکەی غالیب دوو ئاراسـتەی سـەرەکی دەگـرێتەوە لە مێژووناسـیی کـورددا سـەبارەت بە رابوونی نەتەوەیی، واتە هەژمـوونی مۆدێلی وەرچەرخانی تاک و مەیلداری بەلای تیۆریستی لێکدانەوەی ناسیۆنالیزمی پیرۆز لە زاراوەکانی خۆیدا. غالیب (٢٠١١، ١) رایـدەگەیەنێت کە ئامـانجی لێکـۆڵینەوەیە لە "بنەمـا و بـنەچە و پەرەسـەندنی ناسـیۆنالیزمی کـورد، کە لە کـوردیزمەوە سـەرچاوەی گرتـووە". کـوردیزمەکەی "غالیـب" بـریتییە لە زاراوەسـازیی تـایبەت و گشـتاندن لەخـۆ ناگرێـت، بەڵام وەرچەرخـانی تـاک "کـوردیزم" ← مانـای "ناسـیۆنالیزمی کـوردییە" و بـوونی کـۆمەڵگەیەکی "هێشـتا نەتەوەیـی نەهـاتووە" کە لەڕووی فەرمانەوە هاوتـای ئیتنییەکەی سمیثە. غالیب بە شێوەیەکی ئیزافی "*بنەچەی ئیتنیکیی نەتەوەکانی*" سمیثی وەک بەڵگە پێنج جاران هێناوەتەوە (لاپەڕەکانی ١٢، ٦٥، ١٠٩، ١٩٤)، دیسـان وەک ئیشـارەتێک بـۆ "*ناسـیۆنالیزم و شوناسـە کولتـوورییەکەی، ناسـیۆنالیزم و مـۆدێرنیزمی*"، سـمیث (لاپەڕە ٢١٢) و بەرگە دەسـکاریکراوەکەی "*ناسـیۆنالیزم*" کە سـمیث بە هاوکـاریی جـۆن هاچینسـن

John Hatchinson دەسكاریی كردووە (لاپەڕە ٢٢٢). ئەو لە شوێنێكی تردا زاراوەسازییەكانی سمیثی بەكارهێناوە و وشەی ئیتنی لە تێزەكەیدا حەوت جار دەركەوتووە، لەنێویاندا دوو ئاماژە هەیە بۆ كورد وەك "ئیتنییەكی سنوور" (لاپەڕەكانی ٣، ١١ – ١٢، ٦٤ – ٦٥). هەروەها غالیب باس لە تیۆریستانی تریش دەكات، بەڵام لەبەر رۆشنایی گواستنەوە یان وەرچەرخانی تاك لێكیدەداتەوە و ئەو قۆناخی Aی هرۆخ (كە دەگەڕێتەوە بۆ "نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدە") یەكسان دەكات لەگەڵ "هەستی نەتەوەیی سەرەتایی" و هەردوكیشیان لەگەڵ "كوردیزمدا" "(لاپەرە ٧).

بەكورتی، رووماڵ كردنی ئێمە بۆ مێژووناسیی كورد، ئەوەی دۆزیوەتەوە كە وا لەكاتێكدا پسپۆڕان لە كوردستان زۆرێك لە تیۆریستە پێشەنگەكانی ناسیۆنالیزم بە بەڵگە دەهێننەوە، وادیارە تەنها ئایدیاكانی ئەنتۆنی سمیث كاریگەریی گەورەیان هەبووە. ئێمە گومان لەو توێژەرە كوردانە دەكەین، كە بە گشتی ئامادەن بۆ بەرپاكردنی وەرچەرخانێكی تاك، خۆیان لە دۆخێكدا دەبیننەوە كە هاوسۆز بن لەگەڵ ئایدیا و بۆچوونی سمیثدا. روون و ئاشكرایە كە وا ئایدیاكانی ئەندەرسن و هۆبسباوم و هرۆخ بە شێوەیەكی سروشتی نایەن و لەكاتێكدا ئەم سێ تیۆریستە بەبەڵگە دەهێنرێنەوە یان بەشێوەیەكی بەردەوام، مێژووناسیی كورد بە شێوەیەكی رۆتینی هەرسێ تیۆرییەكە راڤە دەكاتەوە بۆ وەسفكردنی گواستنەوە یان وەرچەرخانێكی تاك.

ئاخۆ ئەو بۆشاییەی نێوان تیۆریستەكانی ناسیۆنالیزم و توێژەرە كوردەكان چ شتێك راڤەی دەكات و لێكیدەداتەوە؟ لە هەندێك حاڵەتدا، ئێمە گومانی ئەوە دەكەین كە وا توێژەرە كوردەكان هەوڵی ئەوە دەدەن كە وا شكۆی تیۆریستێكی ناودار بخوازن، تەنانەت ئەگەر بیر و بۆچوونە

راســـتەقینەکانی ئەو تیۆریســـتە بە هەڵە لێکـــدانەوەیان بـــۆ بکرێـــت یـــان ڕەتیبکەنەوە. ئەو پسپۆڕە کوردانەی کە ئەندەرسن یان هۆبسباوم یان هرۆخ بەبەڵـگە دەهێنـنەوە، هەرچۆنێـک بێـت، پابەنـد نـین بە پەیـڕەوی کردنـی مۆدێلەکانی تیۆریستەکان یان زاراوەسازییان بە گۆترەکاری و بێ دوودڵی. تـوێژەرە کوردەکـان و پسـپۆڕانی لێکـۆڵینەوەی حـاڵەت بەگشـتی سەرپشـکن لەوەی لەناو بۆفێی تیۆریی ناسیۆنالیزمدا تەنها ئەو پاشماوانە هەڵبژێرن کە لەگەڵ چێژی خۆیاندا دەگونجێت. هەروەهـا شـارەزایانی لێکۆڵینەوەی حـاڵەت مـافی ئەوەیـان هەیە نمـوونەی تیـۆریی نـوێ دابهێـنن کە بگونجێـت لەگەڵ مەسەلەکەیاندا و بەشێوەیەکی گشتی، توێژەران مـافی تەواویـان هەیە ئایدیای تایبەتی خۆیان بخەنە سەر بنیاتی کاری ئەوانەی پێش خۆیان. بەهەرحـاڵ، تـــوێژەران سەرپشـــکن لە بژاردەکـــانی پەیوەنـــدیی کـــاراتردا وەک لەوەی وەبەرهێنـان بکەن لە دەسـتەواژەی تـوێژەرانی تـردا کە مانـای شەخسـی و تـایبەت ببەخشـن، بەتـایبەتی کـاتێ کە دەسـتەواژە چەسـپاوەکان بەتەواوی دەردەکەون. بـــۆ نمـــوونە، ئەوانەی کە دەخـــوازن کـــۆمەڵگەیەکی هێشـــتا بەنەتەوەنەبـوو بسـەپێنن، دەکرێـت *ئێتنیـیەکەی* سـمیث بگـوێزنەوە لەبـری پێناسـەکردنەوەی "کـۆمەڵگەی خەیـاڵ" یـان "ناسـیۆنالیزمی سـەرەتایی" بـۆ دەربڕینی هەمان ئایدیا و بۆچوون.

بە گواستنەوە لە پرسە پەیوەندیدارەکان بە زاراوەسازییەوە بۆ تیۆری، ئێمە هانی لێکۆڵەرانی ناسیۆنالیزمی کورد دەدەین بۆ ڕەچاوکردنی سەرلەنوێ فۆرمەڵەبـوونی ڕابـوونی ناسـیۆنالیزمی کـورد بە کۆسـپ و وەرچەرخـانە زۆرەکـانەوە، لەبـری وەرچەرخـانی تـاک. لە مێـژووی ناسـیۆنالیزمی کـورددا نمـوونەی وەرچەرخـانی تـاک باڵادەسـتە، بەڵام بەگشـتی نەبـوونی کـۆدەنگی لەبارەی ئەوەی گواستنەوەکە چیبووە، یان کاتێ کە ڕوویداوە، ڕەنگدانەوەی

مەراقێکی فراوانە لەبارەی لایەنە جیاوازەکانی پرۆسـەیەکی ئالۆزەوە. هەڵبەت نـاکۆکیی لەم چەشـنە درووسـتە و لـێگەڕێ بـا پسـپۆڕە جیاوازەکـان فـۆکەس بخەنە سەر ڕووداوە جیاوازەکان. مێژووی کورد ناتوانێت سوود ببینێت تەنها لەو حاڵەتـانەدا نەبێـت کە هەنـدێک تـوێژەر لە تـورکە لاوەکـان نەکـۆڵنەوە و هەنـدێکیش لە تورکیـای کەمـالی و هەنـدێکیتر کۆمـاری مهابـاد و هەنـدێک پەکەکە و تـاد. ئاشکرایە کە تـوێژەرە کوردەکـان لە ڕابـوونی نەتەوەیـی کـورد تێدەگەن لە بـواری خـاڵی وەرچەرخانـدا، بەڵام نـاتوانن کـۆک بـن لە سـەر ئەو ڕووداوانەی کلیلـی سـەرەکی پێکـدێنن. بەهەرحـاڵ، تیۆرییەکـانی قۆناخبەنـدی بـوار بە تـوێژەران بـدەن چەنـدوچوون لە سـەر دەروازە دڵبەنـدەکانی خۆیـان بکەن بێ کەمکردنەوەی زمنیی بایەخی ئەوانیتر، بەوپێیە، یارمەتیدانی بـوارەکە بەگشتی بۆ کۆکردنەوەی دیدە جیاوازەکان لە گێڕانەوەیەکی هاوبەشدا.

لە کۆتاییـــدا، میللیبـــوونی زاراوەکـــانی ســـمیث پێویســـتی بە هەنـــدێک ڕوونکـــردنەوەیە. ئـــێمە گومـــانی ئەوەمـــان هەیە کە زاراوەکـــانی ســـمیث پەرۆشییەکی قووڵ بەدیبێنێت بۆ سەردەمە کۆنەکانی نەتەوەیی. ئەندەرسـن و هۆبسـباوم و تیۆریسـتەکانی تـر سـەرەتاییناسـییان بێنـرخ کـردووە لە ناوەنـدە ئەکادیمییەکانـدا و تـوێژەرانی مێـژووی کـورد پیشـەیی خۆیـان پیشـاندەدەن بە ڕەتکـردنەوەی. بەهەرحـاڵ، چـالاکوانە کوردەکـان و خەڵـکە کاراکـانی ڕابـوونی نەتەوەیـی، وەک هاوشـێوەکانیان لە شـوێنەکانی تـری جیهانـدا، بە شـێوەیەکی ڕۆتینی ڕەوایی دەدەن بە ئیدیعا سیاسییەکان بە پاساوی ئەوەی گوایە گەل / نەتەوە دەگەڕێـتەوە بـۆ چەرخە کۆنەکـان و تێکۆشـان و ململانێـی بەردەوامـی چەنـــدین ســـەدەی لەپێنـــاو دەوڵەت و ســـەربەخۆییدا و شـــتی لەم چەشـــنە. سـەرەڕای ئەوەش، ژمـارەیەکی زۆری تـوێژەرانی مێـژووی کـورد هاوسـۆزن لەگەڵ خولیـا و ئاواتەکـانی کـورددا. لەبەرئەوەی نەیـارانی دەوڵەتـی کـوردی

بەزۆری بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی دیاردەیەکی نوێیە بۆ ئەوەی رەوایی لێداماڵن، ئەو تیۆرییەی کە دەڵێت کە وا هەموو ناسیۆنالیزم نوێیە، کاتێ کە بەتایبەتی لە سەر حاڵەتی کورد جێبەجێ دەکرێت، رەنگە هەستێکی وات بداتێ کە ئەمە هێرشە بۆ سەر مەسەلەی کورد. بەم پێیە، هێشتا تەنانەت توێژەرە کوردەکانیش کە ئاشنای ئەندەرسن و هۆبسباوم و رەخنەکانیانن لەبارەی سەرەتاییناسییەوە، هەست بە نیگەرانی و ناڕەحەتی دەکەن لەکاتێکدا کە گەل / نەتەوەیەکی کوردی تەواو مۆدێرن پێکدێت. سمیث بۆ چارەسەری ئەم گرژییە گەل / نەتەوەیەکی مۆدێرنی رەگ و ریشە سەرەتایی دێنێتە ئاراوە.

کۆمەڵگەی ئیتنی، یان بە شێوەیەکی گشتی هێشتا بەنەتەوەنەبوو پاش ئەوەی بە دەستەواژەی تر فۆرمەڵە کراوە و واتای کۆنینە دەدات کە سەرەتاییناسی بەخشیویەتی. سمیث سەروەختێک رەخنەی لە "کۆمەڵگەی خەیاڵ" دەگرت چونکە زاراوەکەی ئەندەرسن رەنگە لێکدانەوەی هەڵەی بۆکرابێت و تێرم یان زاراوەی "خەیاڵ" کە سمیث (٢٠١٣، ١٣٧) مشتومڕی لە سەر دەکرد، دەکرێت "لە تەنها ئەو مانایانەدا بەکارهاتبێت کە ئەندەرسن ویستوویەتی خۆی بەدوور بگرێت لێیان". لەهەمان کاتدا، زاراوەسازییەکانی سمیث رەواییان دەبەخشییە سەرەتاییناسی کاتێ کە بە رێکوڕەوانی بەو شێوەیە بەکاردەهات کە سمیث مەبەستی بوو، بەڵام ئیتنی جەماوەرییەکی بەرفراوانی بەرجەستە دەکرد لە ناو توێژەرانی لێکۆڵینەوەی حاڵەتدا، چونکە لەڕووی ئەکادیمییەوە بەلای رەوایی پێچەوانەی سەرەتاییناسیدا دەیشکاندەوە. مامەڵە کردنی سمیث ئەو بۆشاییە سۆزدارییەی قەناعەت پێدەکرد کە وا سەرەتاییناسی شکستی هێنابوو تێیدا.

## سەرچاوە:

گۆڤاری پەیپەری نەتەوەکان، ٢٠١٥

بەرگی ٤٣، ژمارە ٥، لاپەڕە ٧٧١ – ٧٨٧

ناوی باس:

گریمانەی "هێشتا ناسیۆنالیزم نیە": سنوورەکانی کاریگەریی تیۆریی ناسیۆنالیزم لە سەر مێژووی کورد

نووسینی:

ئەلێکساندەر ماکسوێڵ و تیم سمیث

پرۆگرامی مێژوو، زانکۆی ڤیکتۆریا، وێلینگتن، نیوزیلاند

Nationalities Papers, 2015
Vol. 43, No. 5, 771 – 787
Positing “not – yet – nationalism”: limits to the impact of nationalism theory on Kurdish historiography
Alexander Maxwell & Tim Smith
History program, Victoria University, Wellington, New Zealand

## سەرچاوە و پەراوێز


- Abdulla – Ali, Najat. 2006. “*Empire, frontière et tribu, le Kurdistan et le conflit de frontière turcopersan, 1843 – 1932*.” Ph.D. diss., University of Paris.

عەبدوڵا عەلی، نەجات، ٢٠٠٦، "فەرەنسی ....."، نامەی دوکتۆرا، زانکۆی پاریس.

- ئەکتورک، ئەحمەد سەردار، ٢٠١٣، *"تێڕامان لە ناسنامەی کورد لە سووریای ماندێدا"* . نامەی دکتۆرا، زانکۆی ئارکینساس.
- ئال، سەرهون، ٢٠١٥، "گوتارە دەستەبژێرەکان، ناسیۆنالیزم و نوێبوونەوە : شیکارییەکی دیالێکتانەی هەردوو ناسیۆنالیزمی تورکی و کوردی". *گۆڤاری ئیتنۆپۆلیتیکس*، ژمارە ١٤ (١) : ل ٩٤ – ١١٢.
- العظمة، عزیز، ١٩٩٧، *"پاشایەتیی ئیسلامی : دەسەڵات و پیرۆزی لە قەوارەی سیاسیی ئیسلام و کریستیان و بتپەرستاندا"*. لەندەن : ئای. بی. تۆریس.
- ئەندەرسن، بەنەدیکت، ٢٠٠٦ *"کۆمەڵگە خەیاڵییەکان"*. لەندەن : ڤێرسۆ.
- ئانۆن، ١٩٩٧، "کورد و کوردستان: راستی و ژمارە"، *گۆڤاری نێودەوڵەتیی توێژینەوە کوردییەکان International Journal of Kurdish Studies*، ژمارە ١١ (١ – ٢) : ٢٥١ – ٢٥٧.
- ئاراس، رەمەزان، ٢٠١٣، *"پێکهێنانی کوردبوون لە تورکیادا : توندوتیژیی سیاسی، ترس و ئازار"*، لەندەن رۆتلێج.
- عەزیز، ماهیر، ٢٠١٤، *"کوردەکانی عێراق"*، لەندەن : ئای. بی. تۆریس.
- باجەلان، د. ر. ٢٠١٣، "ناسیۆنالیستە سەرەتاکانی کورد و سەرهەڵدانی ناسنامەی سیاسیی کوردیی نوێ : ١٨٥١ – ١٩٠٨" لە کتێبی فەوزی بیلگین و عەلی ساریخان، *"تێگەیشتن لە مەسەلەی کوردی تورکیا"*، ل ٣ – ٢٨، لانهام، مێریلاند: لێکسینگتۆن.
- بێنگیۆ، ئۆفرا، ١٩٩٩، "بنیاتنانی نەتەوە لە کۆمەڵگە فرە ئیتنیکەکاندا : حاڵەتی عێراق"، لە کتێبی ئۆفرا بێنگیۆ و گابریێل بێندۆر، *"کەمینەکان و دەوڵەت لە جیهانی عەرەبدا"*، ل ١٤٩ – ١٦٩، بۆڵدەر : لاینە راینەر.
- بێنگیۆ، ئۆفرا، ٢٠١٤، "ئەنجامگیری: هێز و گۆڕی کورد"، لە ئۆفرا بێنگیۆ، *"رابوونی کورد : بنیاتنانی نەتەوە لە نیشتمانێکی بەشبەشدا"*، ل ٢٦٩ – ٢٨١. ئۆستن : زانکۆی تەکساس.
- بەرەند، نورا، ٢٠٠٧، *"بەکریستیان کردن و سەرهەڵدانی مەلەکییەتی کریستیان"*، کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج.
- برێنمان، رۆبەرت، ٢٠٠٧، *"بەهێزن وەک چیاکان: گەشتێکی کولتووریی کوردی"*، لۆنگ گرۆڤ، ئیلینۆی : وەیڤلاند.

- بریش، نیکۆڵ، ٢٠٠٨، *"ئایین و دەسەڵات: خواوەند و پاشایەتی لە جیهانی کۆندا و دوای ئەوەش"*، شیکاگۆ : زانکۆی شیکاگۆ.
- بروبەیکەر، رۆجەرز، ٢٠٠٩، "ئیتنیک و رەگەز و ناسیۆنالیزم"، *گۆڤاری پێداچوونەوەی ساڵانەی زانستی کۆمەڵایەتی Annual Review of Sociology*، ژمارە ٣٥ (٢٠٠٩) : ل. ٢١ – ٤٢.
- بروبەیکەر، رۆجەرز و فرەدریک کووپەر، ٢٠٠٠، "لەپشت شوناسەوە"، *گۆڤاری تیۆری و کۆمەڵگە Theory and Society*، ژمارە ٢٩ (١) : ل ١ – ٤٧.
- برەندی، ئیسحاق، ٢٠٠٠، *"سەرلەنوێ دۆزینەوەی رووسیا: ناسیۆنالیزمی رووسی و دەوڵەتی سۆڤیێت، ١٩٥٣ – ١٩٩١"*، کامبریج، مینیسۆتا : چاپی زانکۆی هارڤارد.
- برونەسن، مارتن ڤان، ١٩٩٢، "کۆمەڵگەی کوردی، ئیتنیک، ناسیۆنالیزم و کێشەکانی ئاوارەیی". لە کتێبی فیلیپ کرەیەنبرۆیک و ستێفان سپێرڵ، *کوردەکان : پێداچوونەوەیەکی هاوچەرخانە*"، ل ٣٣ – ٦٧. لەندەن : رۆتلێج.
- برونەسن، مارتن ڤان، ٢٠٠٦، "ڕێڕەوەکانی کورد بەرەو نەتەوە"، لە کتێبی فالح عەبدولجەبار و هوشام داود، *"کوردەکان : ناسیۆنالیزم و سیاسەت"*، ل ٢١ – ٤٨. لەندەن : بڵاوکەرەوەی ساقی.
- چاتەرجی، پارسا، ١٩٨٦، *"بیری نەتەوەیی و جیهانی کۆلۆنیاڵی"*، لەندەن : زەد بووکس.
- کۆهن، رۆبن، ١٩٩٩، "درووستکردنی ئیتنیک: داکۆکییەکی سادە لە سەرەتاییناسی"، لە ئێدوارد مۆرتیمەر و رۆبەرت فاین، *"نەتەوە و دەوڵەت"*، ل ٣ – ١١. لەندەن : ئای. بی. تۆریس.
- دابس، جاک، ١٩٧١، *"بەزەیی خواوەند لە پاشناوەکانی پاشایەتیدا"*، لاهای : مۆتن.
- دیاکۆنۆڤا، ناتالیا و ییکاتێرینا رۆمانۆڤا، ٢٠٠٣، "رۆڵی رۆشنبیرانی یاقووت لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا"، لە کتێبی هیرۆکی تاکاروکا، *"نەریتی ئەزموونی سرووشتیی ژینگەیی و کولتووری لە یاقووتیا: مێژوو، ئیتنۆگرافیا و سیاسەت"*، ل ٣ – ٢٢. سەندای : زانکۆی تۆهۆکۆ.

- دورهام، ویتنی دیلان، ٢٠١٠، "پەیماننامەی ساڵی ١٩٢٠ی سیڤەر و تێکۆشان لەپێناوی نیشتمانێکی کورددا لە عێراق و تورکیا لە نێوان جەنگە جیهانییەکاندا"، نامەی دکتۆرا، زانکۆی ئۆکلاهۆمای حکوومی.
- ئیلیاسی، بەرزوو، ٢٠١٣، *"کێبەرکێی ناسنامە کوردییەکان لە سوێد: شیکاریی چوونەوە سەر بنەچە لە نێوان لاوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"*. لەندەن : پاڵگرەیڤ ماکمیلان.
- ئینتیسار، نادر، ١٩٨٤، "کوردەکان لە پاش شۆڕشەکانی ئێران و عێراق". *گۆڤاری وەرزیی جیهانی سێیەم Third World Quarterly*، ژمارە ٦ (٤) : ل ٩١١ – ٩٣٣.
- ئەپەڵ، مایکڵ، ٢٠١٤، "پاشخانی مێژوویی: بنەچەکانی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد"، لە عوفرە بێنگیۆ، *"رابوونی کورد: بنیاتنانی نەتەوە لە نیشتمانێکی بەشبەشدا"*، ل ٣٧ – ٦٢. ئۆستن: زانکۆی تەکساس.
- فیوستەر، دەرەک، ٢٠٠٦، *"وێناکردنی شکۆی رابوردوو"*. هیلسنکی: کۆمەڵەی ئەدەبیی فینلەندی.
- غالیب، سەباح عەبدوڵا، ٢٠١١، "سەرهەڵدانی کوردیزم و گەڕانەوەیەکی تایبەت بۆ سێ میرنشینی کورد لە ناو ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا، ١٨٠٠ – ١٨٥٠"، نامەی دکتۆرا، زانکۆی ئێکزیتەر، بەشی توێژینەوە عەرەبی و ئیسلامییەکان.
- قاسملو، عەبدولڕەحمان، ١٩٨٣، "کوردستانی ئێران"، لە کتێبی گێرارد چاڵیاند، *گەلێکی بێ وڵات: کورد و کوردستان*"، ٩٥ – ١٢١، لەندەن: زەد بووکس.
- گلانڤیل، لووک،٢٠١٠، "پارێزگاری کردن لە چاودێری کردنی خواوەند : بالادەستیی بەرپرسیارێتی لە چینی کۆندا"، *گۆڤاری توێژینەوە نێودەوڵەتییەکانی هەزارە Millennium: Journal of International Studies* ژمارە ٣٩ (٢)، ل ٣٢٣ – ٣٤٣.
- گرابۆڵ – چەلیکەر، ئاننا، ٢٠١٣، *"ژیانی کورد لە تورکیای هاوچەرخدا"*، لەندەن : ئای. بی. تۆریس.
- گونتەر، مایکڵ، ١٩٩٩، " *گرفتاربوونی کورد لە عێراقدا*"، نیویۆرک، چاپی سانت مارتن.

- گونتەر، مایکڵ، ٢٠٠٥، "شوناسی کەمینەی کورد لە عێراقدا"، لە کتێبی مایا شاتزمیلەر، "*ناسیۆنالیزم و ناسنامەی کەمینەکان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا*"، ل ٢٦٣ – ٢٨٢، کیوبێک : چاپی زانکۆی ماکگیلکوین.
- گۆ، خوێژی، ٢٠٠٢، "*سەرکردەی سیاسیی نموونەیی چینی: بۆچوونێکی مێژوویی و کولتووری*"، وێستپۆرت، کۆنێکتیکەت : گرینوود.
- حەسەنپوور، ئەمیر، ١٩٩٢، "*نەتەوە و زمان لە کوردستاندا، ١٩١٨ – ١٩٨٥*"، سان فرانسیسکۆ، کالیفۆرنیا: چاپی زانکۆی مەڵەن ریسێرچ.
- حەسەنپوور، ئەمیر، ٢٠٠٥، "قەڵەم و شمشیر: خوێندەواری و فێرکردن و شۆڕش لە کوردستاندا"، لە کتێبی پێتەر فریبۆدی و ئەنتۆنی وێڵش، "*زانست، کولتوور و دەسەڵات: بۆچوونی نێودەوڵەتی لە سەر خوێندەواری*". ل ٢٣ – ٥٤. لەندەن : رۆتلێج.
- هۆبسباوم، ئێریک، ١٩٩٠، "*نەتەوە و ناسیۆنالیزم لەساڵی ١٨٧٠وە*"، کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج.
- هۆرۆویتز، دۆناڵد، ٢٠٠٣، "سەرەتاییناسەکان"، لە دانیاڵ کۆنڤێرسی "*ئێتنۆ – ناسیۆنالیزم لە جیهانی هاوچەرخدا*"، ل ٧٢ – ٨٢، لەندەن : رۆتلێج.
- هرۆخ، میرۆسلاڤ، ١٩٨٥، "*مەرجی پێشوەختی کۆمەڵایەتی لە بووژانەوەی نەتەوەیی لە ئەوروپادا*". کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج.
- ئیشیجۆ، ئەتسوکۆ و گۆردانا ئوزیلاک، ٢٠٠٥، "*نەتەوە لە چ کاتێکدایە؟ بەرەو تێگەیشتن لە تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم*"، لەندەن: رۆتلێج.
- ئیزەدی، میهرداد، ١٩٩٢، "*کورد: کورتە باسێک*"، لەندەن : تایلۆر و فرانسیس.
- James, Boris. 2006. “De la kurdologie à l’histoire médiévale des Kurdes.” *Études kurdes* 10 (October): 5 – ٢٠.

جەیمس، بۆریس، ٢٠٠٦، "......................" بە زمانی فەرەنسییە.

- جیانگ، یۆنگلین، ٢٠١١، "*چاودێریی خواوەند و یاساکانی مینگی مەزن*". سیاتڵ: چاپی زانکۆی واشنتۆن.
- جوەیدە، وەدیع، ٢٠٠٦، "*بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد*"، سیراکۆز: چاپی زانکۆی سیراکۆز.

- کاموسێلا، تۆماس، ٢٠٠١، "زمان وەک ئامرازێک بۆ ناسیۆنالیزم لە ئەورووپای ناوەڕاستدا"، *گۆڤاری نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم* ، ژمارە ٧ (٢): ل ٢٣٥ – ٢٥١.
- کەیمان ئی. فوئاد و ئومیت ئوێزکریملی، ٢٠١٣، "پێداچوونەوەی مەسەلەی کورد"، لە کتێبی فەوزی بیلگین و عەلی ساریخان، *"تێگەیشتن لە مەسەلەی کوردی تورکیا"*، ل ٤٧ – ٥٦، لانهام، مێریلاند: لێکسینگتۆن.
- خەشان، هیلال، ١٩٩٥، "ئاستەنگی چارەی خۆ نووسینی کورد"، *گۆڤاری نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوە کوردییەکان International Journal of Kurdish Studies*، ژمارە ٨ (١ – ٢): ل ٥ – ٣٢.
- کیم، هیون، جیۆتی پوری و ئێج. جەی. کیم – پوری، ٢٠٠٥، "وێناکردنی جێندەر – سێکسوالیتی – دەوڵەت لە نەتەوەدا: پێشەکییەک"، *گۆڤاری جێندەر و کۆمەڵگە Gender and Society*، ژمارە ١٩ (٢): ل ١٣٧ – ١٥٩.
- کیرش، پاتریک، ٢٠١٠، "*چۆن سەرۆکەکان بوون بە پاشا: مەملەکەتی خواوەندی و سەرهەڵدانی دەوڵەتە دێرینەکان لە هاوایی دێریندا*"، بێرکەلەی: چاپی زانکۆی کالیفۆرنیا.
- کرمانج، شێرکۆ، ٢٠١٤، "ئاوێتەبوونی کورد لە عێراقدا". لە کتێبی ئۆفرا بێنگیۆ، *"رابوونی کورد: بنیاتنانی نەتەوە لە نیشتمانێکی بەشبەشدا"* ، ل ٨٣ – ٨٩ . ئۆستن: زانکۆی تەکساس.
- کلەین، جانێت، ٢٠٠٧، "کوردە نەتەوەییەکان و کوردیستە نانەتەوەییەکان"، *گۆڤاری نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم Nations and Nationalism*، ژمارە ١٣ (١)، ل ١٣٥ – ١٥٣.
- کووهی – کەمالی، فەریدە، ١٩٩٢، "پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم لە کوردستانی ئێراندا"، لە کتێبی فیلیپ کرەیەنبرۆیک و ستێفان سپێرڵ، "*کوردەکان: تێڕوانینێکی گشتگیر*"، ل ١٧١ – ١٩٢. لەندەن : رۆتلێج.
- کووهی – کەمالی، فەریدە، ٢٠٠٣، *"گەشەکردنی سیاسیی کوردەکان لە ئێراندا"*، هەمپشایەر: پالگرەیڤ ماکمیلان.
- لۆرەنس، برووس، ١٩٩٩، "کشانی بەرەو رۆژهەلاتی مەملەکەتی ئیسلامی: ئیسلام لە باشوور و باشووری رۆژهەلاتی ئاسیادا"، لە کتێبی جۆن ئێپۆسیتۆ، "*مێژووی ئیسلام لە ئۆکسفۆرددا*"، ل ٣٩٥ – ٤٣١. ئۆکسفۆرد، چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد.

- لۆرەنس، پۆڵ، ٢٠٠٥، *"ناسیۆنالیزم: مێژوو و تیۆری"*، نیویۆرک : پیرسن.
- لیڤین، مارک، ٢٠١٣، *"کاولکاری: قەراخ و بیجاخەکانی ئەوروپا"*، ئۆکسفۆرد: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد.
- مارتن، تێری، ٢٠٠١، *"کاری ئیجابیی ئیمپراتۆرێت"*، ئیتاکا، ویلایەتی نیویۆرک: چاپی زانکۆی کۆرنێڵ.
- ماکدواڵ، دیڤید، ١٩٩٧، *"مێژووی نوێی کورد"*، لەندەن: ئای. بی. تۆریس.
- مۆین، ئەی. ئازەر، ٢٠١٣، *"سەربەخۆیی هەزارە: مەملەکەتی پیرۆز و پیرۆزی لە ئیسلامدا"*، نیویۆرک: چاپی زانکۆی کۆلۆمبیا.
- نابی، ئێدن، ٢٠٠٦، "یەکەم چاپەمەنیی دەوریی کوردی لە ئێراندا"، *گۆڤاری نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە کوردییەکان International Journal of Kurdish Studies*، ژمارە ٢ (١ – ٢)، ل ٢١٥ – ٢٣٣.
- ناتالی، دەنیز، ٢٠٠٦، *"کورد و دەوڵەت: گەشەکردنی شوناسی نەتەوەیی لە عێراق و تورکیا و ئێراندا"*، سیراکۆز : زانکۆی سیراکۆز.
- نەهمە، میشێل و لوقمان مەحۆ، ١٩٩٥، "داشی دامەی یارییەکی ترسناک: کوردی عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکان، ١٩٧٢ – ١٩٧٥"، *گۆڤاری لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان*، ژمارە ٣٢ (١)، ل ٤١ – ٥٥.
- نیوبێرگەر، بنیامین، ٢٠١٤، "ناسیۆنالیزمی کوردی لە تێڕوانینێکی بەراوردکارییەوە"، لە کتێبی ئۆفرا بێنگیۆ، *"رابوونی کورد : بنیاتنانی نەتەوە لە نیشتمانێکی بەشبەشدا"*، ل ١٥ – ٣٥، ئۆستن: زانکۆی تەکساس.
- نوییەن، ئە. ت. ٢٠١٣، "چاودێریی خواوەند : هەرەشە و تیۆریی فەرمانی خواوەند لە سەر رەوایی سیاسی"، *گۆڤاری فەلسەفەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا*، ژمارە ٦٣ (٢)، ل ١١٣ – ١٢٦.
- ئۆڵسن، رۆبەرت، ١٩٨٩، *"سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد و یاخیبوونی شێخ سەعید، ١٨٨٠ – ١٩٢٥"*، ئۆستن: چاپی زانکۆی تەکساس.
- ئۆڵسن، رۆبەرت، ٢٠٠٠، "یاخیبوونەکانی شێخ سەعید (١٩٢٥) و چیای ئارارات (١٩٣٠) و دەرسیم (١٩٣٧ – ١٩٣٨)، *گۆڤاری Die Welt des Islams* ژمارە ٤٠ (١)، ل ٦٧ – ٩٤.

- ئووستن، جاریش، ١٩٩٦، "ئایدیۆلۆجیا و پەرەسەندنی مەملەکەتەکانی ئەوروپا"، لە کتێبی هێنری کڵەیسن و جاریش گێرۆڵف ئووستن، *"ئایدیۆلۆجیا و درووستبوونی دەوڵەتە بەراییەکان"*، ل ٢٢٠ – ٢٤٢، لایدن : بریڵ.
- ئوێزکریملی، ئومیت، ٢٠٠٠، *"تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم"*، نیویۆرک: سانت مارتن.
- ئوێزئۆغلوو، هاکان، ٢٠٠١، "ناسیۆنالیزم و پیاوماقوولانی کورد لە سەردەمی دوادوایی عوسمانی و بەرایی کۆماردا"، *گۆڤاری نێودەوڵەتیی توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست International Journal of Middle East Studies*، ژمارە ٣٣ (٣)، ل ٣٨٣ – ٤٠٩.
- ئوێزئۆغلوو، هاکان، ٢٠١١، "ئاخۆ ناسیۆنالیزمی کورد هیچ ناوکێکی هەیە؟"، لە کتێبی ئی. فوئاد کەیمان، *"پێکەوەژیانی دژبەرەکانی ئایشە کادیئۆغلو"*، لاپەڕە ١٩٩ – ٢٢٢. ئان هاربۆر، مینیسۆتا: شەریدان بووکس.
- ئوێزئۆغلوو، هاکان، ٢٠١٢، *"پیاوماقوولانی کورد دەوڵەتی عوسمانی"*. نیویۆرک: سەنی.
- پارسنو، کێڤن جەیمس، ١٩٩٦، *"ململانێی ئیتنیکی لە تیۆریدا و ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی لە ناو گەلی کورددا لە عێراق و ئێران و تورکیادا"*، نامەی ماستەر، زانکۆی مۆنتانا.
- پێمبەرتۆن، جۆن و فونسۆ ئەفۆلایان، ١٩٩٦، *"مەملەکەتی پیرۆزی یۆروبا : 'دەسەلاتێکی وەک ئەوەی خودا'"*. واشنتۆن، دی. سی: سمیثۆنیان.
- رانکۆلد – نیلسن، سیتا و ماری ئان تێترۆلت، ٢٠٠٠، *"ژن و دەوڵەت و ناسیۆنالیزم: لە ماڵدا و لە نەتەوەدا؟"* لەندەن: رۆتلێج.
- راپاپۆرت، رۆی، ١٩٩٩، *"رێورەسم و ئایین لە دروستبوونی مرۆڤایەتیدا"*. کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج.
- رۆمانۆ، دێڤید، ٢٠٠٦، *"جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد"*. کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج.
- شەنجانلەر، مستەفا، ٢٠١٤، "شیکردنەوەی گۆڕانکاریی بنیاتی ناسیۆنالیزمی کورد بە پێی مامەڵەی بروبەیکەر"، لە کتێبی فەرید ئوسلوو *"کۆنووسی کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی لەبارەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤایەتییەوە"*، ل ٤٨ – ٥٦، ئەستەمبووڵ: ئۆسێرینت.

- سەیدەر، فەرهاد، ١٩٨٣، "*Die kurdische Nationalbewegung im Irak*"، ئەڵمانی، بەرلین: شوارز.
- شەیخولئیسلام، جەعفەر، ٢٠١١، "*شوناسی کورد و گوتار و میدیای نوێ*"، لەندەن: پاڵگرەیڤ.
- سمیث، ئەنتۆنی، ١٩٧١، "*تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم*"، لەندەن: دەکوێرس.
- سمیث، ئەنتۆنی، ١٩٨١، "*بووژانەوەی ئیتنیکی*"، کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج.
- سمیث، ئەنتۆنی، ١٩٨٦، "*رەگ و ریشەی ئیتنیکیی نەتەوەکان*"، ئۆکسفۆرد: بلاکویڵ.
- سمیث، ئەنتۆنی، ١٩٩٦، "*نەتەوە: راستی یان وێناکراو؟ مشتومڕی نەبڕاوە لە سەر ناسیۆنالیزم*"، کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج.
- سمیث، ئەنتۆنی، ١٩٩١، "*شوناسی نەتەوەیی*"، لاس ڤێگاس: چاپی زانکۆی نیڤادا.
- سمیث، ئەنتۆنی، ١٩٩٤، "ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی و گرفتاربوونی کەمینەکان"، *گۆڤاری توێژینەوەکانی ئاوارە Journal of Refugee Studies*، ژمارە ٧: ل ١٨٦ – ١٩٨.
- سمیث، ئەنتۆنی، ٢٠٠١، "*ناسیۆنالیزم*"، کامبریج.
- سمیث، ئەنتۆنی، ٢٠١٣، "*ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیزم*"، لەندەن: رۆتلێج.
- سۆرانی، هاشم، ٢٠١٢، "*Der politische Islam und islamistischer Radikalismus in Süd –Kurdistan von 1980 bis 2003*"، بە زمانی ئەڵمانییە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بۆن.
- سپێنسەر، فیلیپ و هۆوارد وۆڵمان، ٢٠٠٢، "*ناسیۆنالیزم: پێشەکییەکی رەخنەگرانە*"، لەندەن : سەیگ.
- Stansfield, Gareth, and Liam Anderson. 2006, “Les paramètres changeants d’un Etat kurd, entre Bruxelles, Ankara et Bagdad”, *Études kurdes* 8 : 7 – 36.
- ستانسفیلد، گرێس و لیام ئەندەرسن، ٢٠٠٦، "بە زمانی فەرەنسییە".
- Tachjian, Vahé. 2004, “Le Khoyboun dans la Haute – Mésopotamie syrienne sous mandat français et le rapprochement kurdo – arménien”, *Études kurdes* 6 : 7 – ٤٠.

تاشجیان، ڤاهێ، ٢٠٠٤، "بە زمانی فەرەنسییە".

- تێجێڵ، جۆردی، ٢٠٠٨، *"کوردەکانی سووریا : مێژوو، سیاسەت، کۆمەڵگە"*. لەندەن : رۆتلێج.
- وەلی، عەبباس، ١٩٩٦، "ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران: قۆناخی سەرهەڵدان، ١٩٤٢ – ١٩٤٥"، *گۆڤاری نێودەوڵەتیی توێژینەوە کوردییەکان* *International Journal of Kurdish Studies*، ژمارە ١١ (٢)، ل ١ – ١٢.
- ڤۆڵەر، یانیف، ٢٠١٤، *"بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە عێراق: لە یاخیبوونەوە بۆ دەوڵەتداری"*، لەندەن: رۆتلێج.
- یاڤوز، م. هاکان، ٢٠٠١، "پێنج قۆناخ بۆ بنیاتنانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا"، *گۆڤاری ناسیۆنالیزم و سیاسەتی ئیتنیکی Nationalism and Ethnic Politics*، ژمارە ٧ (٣)، ل ١ – ٢٤.
- زەهارە، تارا، ٢٠١٠، "وێناکردنی کەمتەرخەمیی نەتەوەیی / نیشتمانی وەک دەروازەیەک بۆ شیکردنەوە"، *گۆڤاری سلاڤیک ریڤیو* *Slavic Review* ژمارە ٦٩ (١)، ل ٩٣ – ١١٩.

# ٦

# گەلێکی بێدەوڵەت:
# کورد لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بۆ بەرەبەیانی ناسیۆنالیزم

**(کتێبێکە مایکڵ ئەپەڵ نووسیوێتی)**

**خوێندنەوەی: جۆردی تێجێڵ گۆرگاس**

لە نێـوان کۆتـایی سـاڵانی حەفتاکـان و سـەرەتای نەوەدەکانـدا، زانـای ئەنترۆپۆلۆجیای هۆڵەندی مارتن ڤان برونەسن زنجیرەیەک کتێب و باسی نووسی کە بەشدارییەکی گەورە پێکدێنن لە لێکۆڵینەوەی شوناسی کورد و پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە نێوان دوادوایی سەردەمی عوسمانی و ساڵانی بەرایی تورکیای کۆماریدا. لەکاتێکدا کە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی پێشوو هەوڵیدەدا شوێن بەردەوامی و تایبەتمەندیی گرووپی کوردی بکەوێت بەپێی تێپەڕینـی کـات و بە پشتبەسـتن بە پێـوەری زمـانەوانیی جۆراوجـۆر، کە برونەسن هێنابوویە پێشـەوە، کە هەردوک مەتیریاڵی ئەزموونی و ئامرازی تیـۆریی دەگـرتەوە کە لەلایەن تـوێژەرانی ئەنترۆپۆلۆجیـاوە بەکاردەهـاتن، بەتـایبەتی ڕێبـازی فەریـدریک بـارت بـۆ تێگەیشـتنێکی باشـتری سـنوورە ئیتنیکییەکان. لەو ڕێگەیەوە برونەسن دەسبەجێ تێگەیشتنی ئەو توخمانەی گەلاڵە کردەوە کە شوناسی کوردی (یان راستتر بڵێین شوناسەکانی تریشی) لێپێکدێت و بەو ڕەنگە یارمەتیی سەرلەنوێ بیرکردنەوە دەدات لە پرسیارێکی بەڕواڵەت سادە کە ئەویش: کورد کێیە؟ برونەسن ئیشارەتی بە خەسڵەت و مـۆرکی ئەوپەڕی نـاهەمواری کـۆمەڵگەی کـوردی داوە. بە بۆچـوونی ئەم نووسـەرە، پێشـتر و ئێسـتاش جیـاوازیی کولتـووریی گەورە هەیە نەک هەر تەنهـا لە نێـوان نـاوچەیەک و نـاوچەیەکی تـردا، بەڵکـو تەنـانەت لەنـاو یەک ناوچەشدا، خەڵکانێک هەن کە لەڕووی زمان یان ئایین یان شێوازی ژیاندا لەزۆرینە جیاوازن و ڕەنگە خۆیـان وا دابنـێن – یـان پێدەچێت تێڕوانینـی زۆرینە وابێت – کە وا کەمتر کوردن یان هەر کورد نین، بەڵام لەپێش جەنگی

جیهانیی یەکەم دا، ئایین سنووریکی روون و ئاشکرای پێکدەهێنا لە نێوان کورد (موسڵمان) و کریستیان یان جوولەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگترین و بەرچاوترین سنوور ئەوەی نێوان دانیشتوانی خێڵەکی و ناخێڵەکی بوو لەلایەک و لەولاشەوە لە نێوان نوێنەرانی عوسمانیی کولتوور بەرز و رەشەخەڵکە جۆراوجۆرەکانی تردا.

بۆ کورتکردنەوەی گریمانەکەی برونەسن، لەمیانەی سەدەی نۆزدەدا و لەکاتێکدا خەڵکە خێڵەکییەکە خۆیان دەبردەوە سەر عەشیرەت (خێڵ)، یان وەک کوردە جووتیارە موسڵمانەکان بە رەعییەت تەماشا دەکران، یان بە زاراوەیەکی وردتری وەک کرمانج ناودەبرێن کە لە تورکیای ئێستادا پێیاندەڵێن. برونەسن ئاماژەی بە کارەکانی هەر یەک لە فەریدریک بارت و زانای کۆمەڵناسی بەریتانی ئەنتۆنی دی سمیث داوە لەبارەی ناسیۆنالیزم و ئیتنیکەوە. برونەسن مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە تا سەدەی بیستیش لەناو کورددا چینێکی ئەرستوکراتی بووە، کە لە پیاوانی خێڵەکان پێکدەهاتن، کۆنترۆڵی جووتیارەکان یان گرووپەکانی دانیشتوانی تریان دەکرد، کە یان کەمتر بە کورد تەماشا دەکران یان بەهیچ شێوەیەک بە کوردیان نەدەزانین. تەنها لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم، رۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکانی کورد جووتیارە کوردەکان و پیاوانی خێڵەکان و خۆیان بە ئەندامی یەک گەل و نەتەوە دەزانی، بەڵام ئەم لێکدانەوە ئاڵۆزە و شیکاریی ئەو پێگە مێژووییەی برونەسن پێشکەشی کرد، بۆ زۆرێک مایەی بێزارییە، چونکە لەو دەمەدا، هەندێک لە وڵاتانی وەک تورکیا، هێشتا هەر نکوولی لە کورد دەکەن وەک گرووپێکی جیاواز. وەک کاردانەوەیەک، هەندێک لە توێژەرە کورد و غەیرە کوردەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە وا کاکڵەیەکی جێگیر لە گرووپی کورد هەمیشە هەبووە و لە رابوردوویەکی زۆر دوورەوە دەکرێ دەسنیشان

بکرێت. حاڵی حازر، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی سەرەکی لەبارەی کوردەوە پەراوێز کەوتووە. بەهەرحاڵ، ئەو پرۆسە مێژووییەی کە سەریکێشاوە بۆ پەیدابوونی "شوناسێکی کوردی" و واتاکەی یان (واتاکانی) و پەرەسەندنیان بەدرێژایی چەرخ و سەردەمەکانی ناوەڕاست و ئێستا و لەئەنجامیشدا خزانیانە بۆ ناو کایەی سیاسی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، کە هێشتا هەر کراوەیە بە رووی جیاوازی و ناکۆکیدا. لەم کتێبەدا، مایکڵ ئەپەڵ ئەم پرۆژە گرنگەی لەئەستۆگرتووە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان شێواز و مامەڵە جیاوازەکان بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندی و شوناسی کورد. ئەو مەبەستی لە لێکۆڵینەوەی دوو مەسەلەیە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بۆ یەکەم پەرەسەندنی بزووتنەوەی کوردیی نوێ لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە. جگە لەوەش، ئەپەڵ دەیەوێت باسی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بکات لە کوردستان و کۆمەڵگەی کوردستانیدا کە تێیدا تایبەتمەندیی زمان و ئیتنیکی جاڕی لەخۆی داوە و بزووتنەوەی نوێی نەتەوەیی کورد سەریهەڵداوە و فاکتەرەکانی کە پێدەچوو ببنە هۆکاری درووستبوونی دەوڵەتێکی کوردی وەک لە پەیماننامەی سیڤەر لەساڵی ١٩٢٠دا هیوای لە سەر هەڵچنرابوو، بەڵام پاشان راوەستا. ئامانج لە کتێبەکە، کە بە ریزبەندییەکی کرۆنۆلۆجیی داڕێژراوە، بەشداری کردنە لە لێکۆڵینەوەی مێژووی کورددا لەڕێگەی خستنەڕووی پێداچوونەوەیەکی گشتیی پێکهاتەییەوە و بە شێوەیەکی تایبەتیش رووناکی خستنەسەر سەردەمی دوورودرێژی عوسمانی.

بەشی یەکەم گێڕانەوەیەکی مێژوویی وردە بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی زاراوەی "کورد" لە چەرخی پێش مۆدێرندا. بە پشتبەستن بە توێژینەوەی ئەکادیمیی نوێ، ئەپەڵ مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە وا سەرەڕای

پەیدابوونی زاراوەی "کورد" و ناوهێنانی جوگرافیی جۆراوجۆری گرێدراو بەم تێرمەوە، وەک "بیلادولئەکراد" بەواتای (خاک یان وڵاتی کوردان)، کە ئەمەیان بەتەواوی یەکناگرێتەوە لەگەڵ زاراوەی نوێی "کوردستاندا". شایانی باسە، لەو سۆنگەیەوە کە ئەو کەسانەی خۆیان بە کورد داناوە هیچ شوێنەوارێکی تۆماری کاغەزییان لەم رووەوە بەجێنەهێشتووە کە پاڵپشت و سەرچاوە بن، بۆیە ناچارین پشت بە تێرم و زاراوەی دەرەکی ببەستین کە لە تۆمارە عەرەبی و فارسییەکاندا بەکارهێنراون. سەرەڕای گرنگیی ئەم ناولێنانە پەیوەندیدارانە، نووسەر بە پەیڕەوی کردنی تێز و بۆچوونەکەی بۆریس جەیمس، ئیشارەت بە لێکدانەوەی مێژوویی دەکات لە نێوان سەپاندنی زاراوەی (کورد) و خۆڕسک دانەپاڵ یان پێوەلکاندنی و بەواتایەکی تر، ئەو ساتەوەختەیە کە وا هەندێک تاکەکەس لە هەرێمێکی دیاریکراودا خۆیان بە گرووپێک داناوە و لەبەر رۆشنایی ئەو وێنەیەدا رەفتاریان کردووە کە داویانە بە جیهان.

لە هەردوو بەشی دووەم و سێهەمدا، ئەپەڵ باس لە هەڵکشان و داکشانی میرنشینە کوردەکان دەکات لە سایەی حوکمی عوسمانی و سەفەویدا. هەڵبەت سروشتی ناسێنترالی ئیمپراتۆرێتەکان و هەروەها شەڕوشۆڕی نێوان هەردوو لەشکری عوسمانی و سەفەوی خاکی کوردیان کردبووە مەیدانی شەڕ و کوشتار، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم هەلومەرجە ناجێگیرە دۆخێکی وای درووستکردبوو کە وا میرنشینەکانی خێڵە کوردەکان بتوانن تێیدا گەشە بکەن. ئەم ئیمارەتە کوردییانە، شانبەشانی دەسەڵاتی سیاسی، هەلێکیشیان رەخساندبوو بۆ گەشەکردن و زمان و شیعری بەکوردی نووسراو (لە کتێبەکەدا لاپەڕەکانی ٣٨ – ٤٤).

بەهەرحاڵ، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، بارودۆخی هەرێمی – بەتایبەتی لە کۆتایی جەنگی عوسمانیی – ئێرانی لە ساڵی ١٨٢٣دا – وای لە میرنشینەکان کرد کە لە رووی سەربازییەوە بایەخێکی کەمتریان هەبێت بۆ هەردوو ئیمپراتۆرێتەکە. جگە لەوەش، پەیوەندییەکانی نێوان ئیمپراتۆرێتی رووسیا و هەندێک لە سەرۆک خێڵەکانی کورد مەترسیی پەیداکرد لای هەریەک لە حوکمڕانانی عوسمانی و ئێران، کە وا لە قۆناخێکی دواتردا هەوڵیان بۆ لەناوبردنی میرنشینە خێڵەکییەکانی کورددا.

لە بەشی چوارەمەوە تا حەوتەم، کتێبی ئەپەڵ باس لەو مەسەلە زۆر هەستەوەرانە دەکات سەبارەت بە گواستنەوە لە کۆمەڵگەیەکی ئیتنیکییەوە کە هێشتا بەشێوەیەکی بەرتەسک پێناسە و سنووربەند کرابوو بۆ کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی کوردیی نوێ لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا. وەک لەلایەن توێژەرانی وەک کەسابە و رەسات و سەبری ئاتەش و هاکان و ئویزئۆغڵوو و هانز – لوکاش و کەیسەر و جانێت کڵەین باس دەکرێت، کەوا چاکسازییەکانی *تەنزیماتی* ئیمپراتۆرێتی عوسمانی لە نێوان ساڵانی ١٨٣٩ و ١٨٧٦دا کاریگەریی قووڵیان هەبوو لە سەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا. یەکەم، لەناوبردنی میرنشینە خێڵەکییە کوردییەکان و لاوازیی کارگێڕیی عوسمانی هەل و دەرفەتی رەخساند بۆ سەرۆکە خێڵەکی و ئایینییەکان کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا بەهێزبن. دووەم، یاسای تۆمارکردنی زەویوزاری ساڵی ١٨٥٨ (تاپۆ – و) و ئابووریی بازاڕی سەرمایەداریی جیهانی پێکەوە گرێدران بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندیی سەرۆک خێڵەکان و کەسایەتی و ناودارانی شارستانی لەپێناوی دەستگرتن بەسەر زەویوزاردا بۆ بەکارهێنان و ساغکردنەوەی بەرهەمی ئەو زەوییانە لە بازاڕی ناوخۆ و هەناردەکردنیشی.

بەهەرحاڵ، وەک ئەنجامێکی ئەو گۆڕانکارییانە، گرژی و ئاڵۆزی لە سەر خاوەنداریێتیی زەوی سەریهەڵدا لە نێوان جووتیارە کوردەکانی جاران و جووتیارە کریستیانەکان لەلایەک و خاوەن ملک و کەسایەتییە ناودارەکان لەلایەکی ترەوە و مەسەلەکە سەریکێشایەوە بۆ یەکەم کوشتاری بەرفراوانی ئەرمەن لە نێوان ساڵانی ١٨٩٤ و ١٨٩٦دا. هاوزەمان لەگەڵ ئەوەدا، سنوور و دیواری جیاکەرەوەی نیوان موسڵمان و کریستیانەکان ئەستوورتر بوو و هێزە ئەوروپییەکان "مافی خۆیان" بەکاردەهێنا بۆ پارێزگاری کردن لە "کەمینە ئایینییەکانی" ناو سنووری ئیمپراتۆریێتی عوسمانی بۆ دابینکردنی خولیا و بەرژەوەندیی داگیرکارانەیان لە ناوچەکەدا. لە دوای پرۆسەی راگواستنی ئەرمەن و کوشتوبڕیان لە ساڵی ١٩١٥دا، سنووری نێوان موسڵمان و مەسیحی بەتەواوی پچڕا و ئەمەش بواری زیادبوونی هۆشیاریی دایە شوناسی کورد لەبەرانبەر بەرەنگارییە سیاسییە نوێکانی وەک ناسیۆنالیزمی تورکی و عەرەبی.

لە دوابەشی کتێبەکەدا، ئەپەڵ لە سەر ئەو هەوڵانەی یەکەمجار دەوەستێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە پاش رووخانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی و ئەو هۆکارانەش کە بوون بە مایەی شکستهێنانی. بە شێوەیەکی گشتی، ئەپەڵ وێکهاتنەوەی برونەسنی لەگەڵ تۆڕی شیکاریی ئەنتۆنی دی سمیثی پەسەند کرد. وەک لە سەریشەوە باسمان کرد، پێویستە کورد بە کۆمەڵگەیەکی ئیتنیکی و ئەریستوکراتیی لاوەکی لەقەڵەم بدرێت، کە بەزۆری (نەک بە دیاریکراوی) لە عەشیرەتە موسڵمانە سونییەکان پێکهاتووە، تا جەنگی جیهانیی دووەم. لەگەڵ ئەوەشدا و لەم قۆناخەدا، ئەپەڵ باسە مێژووییەکەی دەبەستێ بە تاوتوێ و مامەڵەیەکی مۆدێرنانەی توێژینەوەی

ناسیۆنالیزمەوە وەک چۆن ئەرنست گێڵنەر یەکەمجار باسی لێوەکردووە و دواتر بەنەدیکت ئەندەرسن بە شێوەیەکی جیاواز پەرەی پێداوە.

بەم پێیە، ئەپەڵ دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە وا تێڕوانینی مێژوویی کورد بۆ خۆیان و گوتاری مێژوویی کورد بە هۆی ڕەوتی خاوی مۆدێرنیزە لە کۆمەڵگەی کوردیدا کۆسپ و تەگەرەی هاتووەتەڕێ و هەروەها بە هۆی هەڵویستی دوژمنکارانە و سەرکوتکەرانەی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. بەو پێیە و سەرەڕای بەردەوامیی مێژوویی ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ بە کورد ناسراون و دەکرێت شوێنپێیان بۆ دواوە هەڵبگرین تا سەرەتاکانی ئیسلام، بەڵام کۆمەڵگەی کوردیی خێڵەکی و کشتوکاڵی و شوانکارە بە ئاڕاستەی قەوارەیەکی سیاسیدا نەڕۆیشت کە بتوانێت خێڵ تێپەڕێنێت و تێیدا شوناسێکی بەکۆمەڵی کوردانە بتوانێت پەرەبسێنێت و گەشە بکات. بەواتایەکی تر، هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەسەریەکەوە ڕێگر بوون لەبەردەم پەرەسەندنیدا بۆ کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی / نیشتمانیی مۆدێرن شانبەشانی عەرەب و تورکەکان وەک نموونەیەکی کەمی دراوسێ "موسڵمانەکانی".

لەو ڕەخنە سەرەتاییانەی کە بەرەوڕووی ئەپەڵ دەبنەوە، ئەوەیە کە وا ئەو هەرچەندە پڕزانیاری و بەئاگایە لە شێوازە تیۆرییە جۆراوجۆرەکانی ناسیۆنالیزم، سەرەڕای کۆمەڵێکی بەرفراوان لە سەرچاوە لاوەکییەکان، وادیارە شیکارییەکەی کەوتووەتە گێڕانەوەیەکی ئەنجامئامێزەوە (تێلیۆلۆجییەوە)، بەواتای هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەنجامێک یان ئەنجامی پرۆسەیەک – کە لێرەدا گەشەکردنی دواکەوتووی شوناس یان ناسنامەی بەکۆمەڵی کورد دەگەیەنێت – لە سەر ڕێڕەوی مێژوویی یان ئەو زنجیرەبەندییەی "نموونە سەرکەوتووەکان" پەیڕەویی دەکەن بۆ گواستنەوە لە

ئیتنییەوە بۆ "کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی / نیشتمانی". لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە هیچ بوارێک ناهێڵێتەوە بۆ گونجاندن لەگەڵ حاڵەتە لەناکاوە مێژووییەکاندا یان بۆ ئەگەری بوونی ڕێڕەوی جیاواز بۆ "وێناکردنی نەتەوە" لە بەرەبەیانی سەدەی بیستەمدا. بۆ نموونە، جەیمس ل. گێڵڤن، "دڵسۆزییە دابەشبووەکانی Divided Loyalties (١٩٩٩)" پێناسە و توێکاریی کردووە سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی پۆپۆلیستی لە سووریا، لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتە عەرەبییە نوێکەدا بە سەرۆکایەتیی میر فەیسەڵ لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانیدا. بۆ کورتکردنەوەی دید و بۆچوونی گێڵڤن، دەکرێ بڵێی کە وا تاقە یەک "ناسیۆنالیزمی عەرەبی" نەبووە، بەڵکو فۆرمی جۆراوجۆری "ناسیۆنالیزم" بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبیدا. بە کۆتایی سەدەی نۆزدە، چینێکی تازە پەیدابوو لە "دەستەبژێرە ڕۆژئاواییەکان" بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەمزی هاتە ئاراوە کە بەتەواوی جیاواز بوو لەو کۆمەڵگەیەی دەستەبژێر و نادەستەبژێرە بایەخنەماوەکان تێیدا نیشتەجێ بوون. وەک ئەنجامیش، هەردوک فۆرم و ناوەرۆکی "کۆمەڵگە وێناکراو یان خەیاڵییەکانیان" جیاواز بوون. لەلایەکەوە، بەشێک لەوانە سەر بە حکوومەتی عەرەبی و کۆمەڵە سیاسی و کولتوورییە هاوپەیمانەکان بوون (چەشنی یانەی عەرەبی)، کە بەردەوام خۆپیشاندانیان ڕێکدەخست و بە هاوکاریی حکوومەت پرۆپاگەندەیان بڵاودەکردەوە. بۆ ئەوانە، چەمکی پێشکەوتن بنەمای لۆجیکی و سەرەکیی چالاکییەکانیان بوو، پێویست بوو سووریا هاوپەیمان و هاوکار بێت لەگەڵ کۆمەڵگەی میللەتانی "شارستانی" و سوورییەکان لەگەڵ پرۆژەی گەردوونیی مۆدێرنبووندا بن. لەولاشەوە، مرۆڤ دەتوانێت دەستەبژێرە کەنارکەوتووەکانی جاران و نادەستەبژێرەکانیش ببینێت کەوا گرفتاری کاریگەرییە نەرێنییەکانی شاڵاوی ئابووریی ڕۆژئاوایی بووبوون لە ئەنجامی تەشەنە کردنی پەیوەندییەکانی بازاڕ لە ناوچەکەدا و بەرفراوانبوونی توانا و

دەســـەڵاتەکانی دەوڵەت. ئەم بـزووتنەوەیە گـوزارش و دەربڕینـی خـۆی لە تـۆڕێکی تێکهەڵکێشـی وریـایی میللیـدا دەبینیـیەوە کە نەک هەر تەنهـا سوورییەکانی یەکخستبوو لە ڕێگەی پەیوەندیی هاوبەشی هاونیشتمانییەوە، بەڵکـو لەبـری ئەوە ئەو پەیوەنـدییانەی سـوورییەکانی پـێکەوە دەبەسـت، ئۆرگانی و ڕەگداکوتاوی خاک بوون.

شـایانی باسـە کە وا تێـزە بڵاونەکـراوەکەی ژیـن بـاجەڵان لەبـارەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە دوادوایی سەردەمی عوسمانیدا ئاماژە بەوە دەدا کە وا لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا دانیشـتوانی کوردسـتانی عوسمانی لە هەموو روویەکی ژیانەوە ڕێگە و دەرفەتی نوێیان بۆ ڕەخسابوو کە بتـوانن لێـیەوە خولیـا و ئاواتیـان پێشـبخەن و گەلاڵەی بـکەن لە فـۆرمی بەشداربوون لە یانە و کۆمەڵە و حیزبە سیاسییەکاندا. ئەو روون و ئاشکرا بـاس لە "یـانەی برسـییان" دەکـات کە لە موسـڵمانانی چینەکـانی خـوارەوەی دیاربەکر پێکهاتبوو، جگە لە پەیدابوونی گرووپی میللیی بەربڵاو لە نـاوچە و هەرێمەکـانی ڕۆژهەڵاتـی ئیمپراتـۆرێتەکەدا بە هەڵوێسـتێکی نارۆژئـاوایی، پێچەوانەی یانە کوردییەکان لە ئەستەمبوڵ. ئاخۆ ئەو گرووپانە روانگەیەکی جیاواز بەرجەستە دەکەن لە سەر "گەل / نەتەوە"ی کورد؟ بێگومـان تێزەکەی بـاجەڵان وەڵامێـک نارەخسـێنێت، هەروەهـا کتێبـی ئەپەڵـیش، لەبەرئەوەی شـیکارییە مێـژووییەکەی تەنهـا پشـتی بە سـەرچاوە لاوەکییەکـان بەسـتووە. پەیوەسـت بەم خـاڵەوە، کتێبـی ئەپەڵ شکسـتدێنێت لە بەرەنگـاربوونەوەی مێژووی ئاسایی و نەریتیی کورددا و شکستیشی هێناوە لە پێشکەش کردنی دید و بۆچوونێکی نوێ بۆ تێگەیشتنمان لەبارەی رابوردووی کوردەوە. بۆ ئەوەی وردتـربین، هەرچەنـدە نووسـەرەکە یـان دانەرەکە بەڵـێن دەدات لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کوردستان بکات، بەڵام پەیوەندییەکی

کرداری نیە لەگەڵ پسپۆڕییەکانی تردا وەک مێژووی کۆمەڵایەتی یان مایکرۆ مێژوو یان مێژووی جیهانی، کە بواری دەرەخساند بۆ ئەپەڵ بە پێشکەش کردنی یان شیکارییەکی زۆر وردتر، لە "بەردەوامیی" شوناسی کوردی بە تێپەڕینی کات و / یان بەستنەوەی مێژووی کورد بە داینامیکێکی گەورەترەوە. بێگومان غیابی ئەم بوارە رەنگدانەوەی تازەترین بواری توێژینەوەی کوردی لێدەکەوێتەوە و وردتر لە بواری مێژووناسیی کورددا. راستە، ئێستا نەوەیەکی نوێی توێژەران لەم چەند ساڵەی رابوردوودا کار لە سەر ئەم ئاڕاستەیە دەکەن، بەڵام کۆمەڵێک داتا و زانیاریی ئەزموونی جگە لە هەوڵدانی تیۆری بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەڵتەرناتیڤی مێژووی کورد کە نموونە و پارادایمی نەتەوەیی تێپەڕێنێت، هێشتا پێنەگەیشتووە و گەڵاڵە نەبووە. بەم مانایە بێت و سەرباری ئەم خاڵە لاوازانەش، کتێبی ئەپەڵ ئاماژە بە رێگە و رێبازی توێژینەوەکانی داهاتوو دەکات. هەڵبەت هەرچۆنێکی لێکبدەیتەوە، ئەمە تێڕوانینێکی گشتییە بۆ مێژووی کوردی پێش مۆدێرن و سەرەتای مۆدێرن. ئەو روونکردنەوەیەی کە لەگەڵ ئارگومێنتە سەرەکییەکانی خراونەتەڕوو بە هەوڵ و کۆششێکی جیددیی لێکگرێدان تەواوکراون. جگە لەوەش، کتێبی ئەپەڵ بەشێوەیەکی تایبەت سوودبەخشە بۆ ئەو خوێندکار و چاودێرانەی بایەخ بە مێژوو و سیاسەتی کورد و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەن.

# سەرچاوە

گۆڤاری توێژینەوەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، ٢٠١٧
جۆردی تێجێل گۆرگاس
بەشی مێژووی نێودەوڵەتی،
ئینستیتیوتی باڵای توێژینەوەی نێودەوڵەتی و گەشەپێدان
جنێڤ، سویسرا

Middle East Researchs, 2017
Jordi Tejel Gorgas
Department of International History
Graduate Institute of International and Develeopment Studies
Geneva, Switzerland

A people without a state: the Kurds from the rise of Islam to the dawn of nationalism, by Michael Eppel

Jordi Tejel Gorgas

٧

# كوردستان: له ئەتاتورکەوە بۆ ئۆجەلان

**ساندهیا جەین**

نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی و ستوونووسی رۆژنامەی پایۆنیرە

له نیودەلهی، راوبۆچوونەکانی دەربڕینی شەخسیی خۆیەتی

○ **ساندهیا جەین** Sandhya Jain

خانمە تویژەرێکی سەربەخۆیە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٩ی هندستانە نووسەر و رۆژنامەنووس و کتێب دانەرە. لە زانکۆی نیودەلهی لە بواری زانستە سیاسییەکاندا خوێندنی تەواوکردووە. نووسەری کاروباری سیاسی و هاوچەرخە و کچی رۆژنامەنووس گیریلال جەینە، کە موحەڕیڕی پێشتری ذی تایمز ئۆف ئیندیا بوو. ستوونووسی نیومانگییە بۆ گۆڤاری پایۆنیر و بەردەوام بۆ گۆڤار و رۆژنامەکانی تر دەنووسێت. هەندێک لە کتێب و کارە بڵاوکراوەکانی ئەمانەن:

- ئەو هندستانەی ئەوان بینییان، ٢٠١١.
- ئادی دیۆ ئاریا دێڤاتا، دیمەنێکی پانورامیی نێوەندگیریی کولتووری خێڵەکیانەی هیندۆسی، روپا – ٢٠٠٤.

ئەفغانستان: گەمەیەکی گەورەی نوێ ئاشکرا دەکرێت – گۆڤاری دیالۆگی وەرزیی، ٢٠١٥.

سەرهەڵدانی "دەوڵەتی ئیسلامی" لە عێراق و بیلادی شام (داعش)، یان ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا (ISIS)، لە بۆشایی جەنگ کە لەم وڵاتانەدا بەرپابوو، مەسەلەی کوردی وروژاندەوە کە مستەفا کەمال ئەتاتورک لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە زیرەکانە خستبوویە کەنارەوە ، کاتێ کە ژمارەیەک دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانیی شکستخواردوو دابڕان. کێشەی کورد لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە سەریهەڵدا کاتێ کە عوسمانییەکان کاروباری بەڕێوەبردنیان سەنترالیزە کردو پێداگرییان لە سەر شوناسی تورکی کرد و میرنشینە کوردییە ئۆتۆنۆمیدارەکانیان لەناوبرد و بە شێوەیەکی دڵڕەقانە پرۆتێست و ناڕەزایەتییەکانیان سەرکوتکرد. ئەم پاکتاوی شوناسی ئیتنیکی و ڕەگەزییە لە پشتی کوشتاری ئەرمەنەوە بوو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، کە وا بوو بە کۆمەڵکوژیی تەواو و جینۆساید لە ساڵانی ١٩١٥ – ١٩١٦دا. هەر لەم ماوەیەدا بە ئاڵوگۆڕی دانیشتوان مامەڵە لەگەڵ گریک (یۆنانییەکاندا) کرا و کوردیش وەک گەورەترین کەمینەی ناجێگیر لە ناوچەکەدا مانەوە.

لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا تا ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣دا کوردەکان پشتگیرییان لە تورکەکان دەکرد. هەتا ئەو کاتە خاکی کورد لە نێوان تورکە عوسمانییەکان و سەفەوییەکان لە ئێراندا دابەشکرابوو، بەڵام لە دوای جەنگ، بەریتانی و فەرەنسییەکان خاک و وڵاتی کوردیان کرد بە چوار بەشەوە و ناوچە کوردییەکانی عێراق و سووریا کەوتنە ژێر "ماندێتەوە" تا ئەوکاتەی ئەم دوو دەوڵەتە سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت. لەو دەمەوە هەر چوار وڵاتەکە بە دوودڵی و گومانەوە دەیانڕوانییە هەوڵ و داواکاریی کورد بۆ بەدەستهێنانی شوناسی کولتووری و ئیتنیکی و

ئۆتۆنۆمی و بەر سیاسەتی توانەوە و توندوتیژی کەوتن، لە هەمان کاتیشدا، هاوپەیمانیی فەرمی یان نهێنییان سازدەکرد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی کوردی تایبەت بە هەر یەکێک لەم دەوڵەتانە. ئەمەش بوو بە مایەی بەرپابوونی گەلێک شۆڕش و راپەڕین لەلایەن کوردەکانەوە لەپێناوی مانەوەی کولتووری و سیاسییاندا، کە لە تورکیا و عێراقدا زۆر گەرموگوڕتر بوون، ئەگەرچی کوردە عێراقییەکان ئۆتۆنۆمییەکی بەرچاویان بەدەستهێناوە وەک ئەنجامێکی لاوەکیی داگیرکردنی ئەمریکا و رووخانی سەددام حوسێن. ئەم باس و بەدواداچوونە مەسەلەی کورد لە تورکیادا تاوتوێ دەکات، کە تێیدا بەشداریی کورد لە پرۆسەی دیموکراتیدا شانبەشانی شەڕی گەریلایی دەڕوات، کە بریتییە لە شەڕێکی ناوخۆیی و هەرێمی و پرۆسەیەکی پچڕپچڕی ئاشتی. (توێژەر ئەم باسەی لە ساڵی ٢٠١٦دا بڵاوکردووەتەوە، کە ئەو دەمە تورکیا جۆرە کرانەوەیەکی بە رووی کورددا هەبوو – وەرگێڕ).

تورکیا نیشتمانی نزیکەی نیوەی کوردە لە جیهاندا کە ژمارەیان لە نێوان ٣٥ و ٤٠ ملیۆنە، کە وا گرووپێکی ئیتنیکین و فەرهەنگ و کولتووری تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەها چەندین دیالێکتیش کە تا ئێستا نەیانتوانیوە زمانێکی هاوبەش و ستانداردیان هەبێت وەک ئەوەی کە جووەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا کردیان. ململانێ و ئامانجەکانی کورد بەپێی ئەو وڵاتانەی کە تێیدان جیاوازە، بەڵام داواکاریی سەرەکییان بریتییە لە کۆتاییهێنان بە سیاسەتەکانی تواندنەوەی کولتووری و سەرکوتکردنی پڕ لە توندوتیژی و داننان بە بارودۆخی سیاسییاندا وەک گەلێک کە دەزگا و دامەزراوەی ئۆتۆنۆمیی خۆیان هەبێت یان سەربەخۆبن.

باشترین نموونەی سەرکوتکردنی کولتووری لە مامەڵەکردنی کەمال ئەتاتورکدا دەردەکەوێت بۆ یاخیبوونەکەی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥دا:

"ئەرکمـــان ئەوەیە کە دەسـبەجێ ئەوانە بەتـورک بکەیـن کە لە نـاو خـاکی نیشـــتمانی تورکیـــادان. گشـــت ئەو رەگەز و توخمـــانە لەنـــاودەبەین کە بەرهەڵستیی تورک و تورکیزم (تورکچێتی) دەکەن. ئێمە جۆری ئەو کەسانەی کە هەوڵیان بۆ دەدەین و کاریان بۆ دەکەین کە لە خزمەتی وڵاتدا بن، ئەوانەن کە پێویسـتە پـێش هەمـوو شـتێک تـورک بـن و تـورکچێتی بـکەن"[1]. پاشـان شۆڕش و راپەڕینەکانی دواتر بە دەستێکی ئاسنین سەرکوتکران. بەهەرحاڵ، لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠کاندا، کورد وەک بەشێک لە چەپی تورکیا دەرکەوتن. پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە PKK، کە لە ساڵی ١٩٧٨دا دامەزرا) بوو بە پێشەنگی خەباتیان لەپێناوی مافە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا لە پاش کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٠.

پەکەکە لە ســـــاڵی ١٩٨٤وە شـــــەڕێکی چەکـــــداری لە کوردســـــتاندا دەسـتپێکردووە (کە بـووە بە هـۆی کـوژرانی چـل هەزار کەس)، تـا شـوباتی ١٩٩٩ کە عەبدوڵا ئۆجەلانی تێدا دەسگیر کرا و ئارامییەکی کاتی هاتە ئاراوە. لە دادگادا، ئۆجەلان دەسبەرداری سەربەخۆیی بوو و لەبری ئەوە "یەکێتیی ئـازاد و یەکسـانی کورد و تـورکی لە کۆمـارێکی دیموکراتیدا هەڵبـژارد"[2]. ئەو داوای لە پەکەکە کــرد کە جــارێکی تــر خــۆی بــدۆزێتەوە بــۆ خەبــاتی دیمـــوکراتی و هانـــدانی دەوڵەت بـــۆ زەمیـــنە خۆشـــکردنی بـــارودۆخی چەکداماڵین و ئاشتی. داواکاریی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپاوە لەم کـاتەدا (چـونکە لە دیسـەمبەری ١٩٩٩دا دۆخـی کاندیـدەیتی وەرگـرت) و ئەوە بـوو بە هـۆی سـووککردنی سـزای لەسـێدارەدان کە بـۆ ئـۆجەلان دەرکـرا بـۆ بەنـدکردن تـا کۆتـایی ژیـان، بەڵام دوای نـزیکەی دوو دەیەی دواتـر ئامـانجە گەورەکانی خەبات هێشتا هەر بەدینەهاتووە.

بەهاری عەرەبی خولیای عوسمانیی نوێی ڕۆژئاوای ئاسیای ورووژاند کە تێیدا ئەنقەرە بەڵکان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و قەوقاز کێشدەکات بۆ بازنەی کاریگەریی خۆی بە پاڵپشتی حیزبە ئیسلامییە دیموکراتییەکان. بەدەر لەم پەرەسەندنە، لە میسر سوپا دەسەلاتی گرتەدەست، لەکاتێکدا کە مەملەکەتی عەرەبیی سعوودی و تونس و جەزایر کەوتنە سەرکوتکردنی حیزبی برایانی موسڵمان (ئیخوان موسلیمین). تورکیاش، کە پشتگیریی ئەو یاخیبوانە دەکات کە ڕۆژئاوا لەپشتیانە و بۆ گۆڕینی ڕژێمی سووریا شەڕ دەکەن، کەوتووەتە ئاستەنگەوە، چونکە یاخیبووەکان لەپێش دەوڵەتی ئیسلامیدا هەرەسیان هێنا و کێشەی کوردیان ئاڵۆز کردووە. ئەو قەیرانی مرۆڤایەتییەی کردەوە دڕندانەکانی داعش خوڵقاندی، لەنێویاندا قەیرانی پەنابەرە سوورییەکان، لەپاڵ ئەو هەڵبژاردنە نایەکلاکەرەوەیەی کە تورکیا لە حوزێرانی ٢٠١٥دا ئەنجامیدا، کێشەی کوردی بردە پێشی پێشەوەی سیاسەتی تورکیاوە، ڕەنگە ئەمەش لە دواجاردا کار بکاتە سەر گەلی کورد لە عێراق و سووریا و تەنانەت ئێرانیشدا (هەڵبەت دانیشتوانی کورد لە ئەرمینیا زۆر کەمن). دەستێوەردانی سەربازیی رووسیا لە بەرژەوەندیی ڕژێمی ئەسەد لە سووریادا لە ئێستادا نەگۆڕاوە.

دانوستاندنی چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپاوە یارمەتیی حکوومەتی پارتی داد و گەشەپێدانی داوە کە سوپا بخەنە ژێر کۆنترۆڵی مەدەنییەوە و کەمالییەکان پەراوێز بخەن، بەلام کوردەکان نەیانتوانی ئامانجەکانیان بەدیبێنن سەرەڕای چەند گەڕێکی دیالۆگی نهێنی لەگەڵ گرووپە چەکدارە بە شەڕهاتووەکاندا، چونکە دەوڵەت هیچ پلانێکی کارای نیە بۆ ئاشتی. لە نێوان سالانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٩دا، پارتی داد و گەشەپێدان کێشە و گرفتەکانی پەیوەست بە کێشەی کوردی لەگەڵ عێراق و سووریادا چارەسەر کرد

(لەنێویدا قبوولکردنی حکوومەتی هەرێمە کوردییەکە لە هەولێری عێراق) و چاکسازییەکی سادە و ساکاری لە مافە کولتوورییەکاندا کرد لە پاش هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ساڵی ٢٠٠٩، بەڵام لەهەمان کاتدا، دەستی واڵا کرد لە ئۆپەراسیۆنە پۆلیسییەکان دژ بە سیاسی و چالاکوانە کوردەکان، کە گرتن و زیندانیکردنی نزیکەی هەشت هەزار سیاسی و چالاکوانی کوردی لێکەوتەوە، لەنێویاندا پەرلەمانتار و سەرۆک شارەوانی و رۆژنامەنووس و رۆشنبیر و ئەندامی سەندیکا و مامۆستا و خوێندکار و بگرە منداڵانیش. سەرۆک وەزیران ئەو رۆژنامەنووس و ستوونووسانەی سەرزەنشت دەکرد کە وا رەخنەیان لە سیاسەتی حکوومەت دەگرت لەبەرانبەر کورددا. هەروەها رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنووریش ئیدیعای ئەوە دەکات کە لە ئێستادا تورکیا گەورەترین بەندیخانەیە لە جیهاندا بۆ رۆژنامەنووسان (کە زۆرینەیان کوردن)[٣]. کاردانەوەی کوردەکان ئامێز کردنەوە بوو بۆ سیستەمی سیاسی و بردنەوەی کورسیی پەرلەمانی و شارەوانییەکان، کە رێگەیەک بوو بە پێداگرییەوە بەردەوام بوون لە سەری سەرباری پرۆسەکانی دەرکردنی یەک لە دوای یەک و قەدەغەکردنی یەک لە دوای یەکی پارتە سیاسییەکانیان و بەندکردنی چالاکوانەکان.

لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٣دا، حکوومەت گفتوگۆی لەگەڵ ئۆجەلان و پەکەکەدا دەستپێکردەوە (کە لە تەمووزی ٢٠١١وە وەستابوو) و ئەحمەد تورک و ئایلا ئاکا ئەتا لە پارتی ئاشتی و دیموکراسی (بەدەپە BDP) لەگەڵ ئۆجەلان لە دوورگەی ئیمرالی کۆبوونەوە. بەپێی ئەو تێکستەی دەوڵەت ئامادەی کردبوو، ئۆجەلان لە شکست دەترسا: "ئێمە لە سەر ئەم مەسەلەیە ماوەی بیست ساڵە کاردەکەین و ... ئەوان بە مەبەستی لەناوبردنم لێم نزیکدەبنەوە و پێمولیە هەر بەردەوام دەبن لە سەری. هەندێک هەن

دەیانەوێت ئەم پرۆسە نوێیە تێکبدەن و دوای هەر کۆبوونەوەیەک لێرە گوێبیستی ئەوە دەبین کە هەندێک لە گەریلاکانمان گیان لەدەستدەدەن و ئەوان بەم رەنگە پەیامەکەیان دەگەیاند"[٤]. ئەوجا لە پاش هەفتەیەک (٩ی کانوونی دووەم)، سێ ژنی چالاکوانی کورد لە پاریس تیرۆر کران کە – ساکینە جانسز (ئەندامی دامەزرێنەری پەکەکە و جەنگاوەری ئەفسانەیی لە زیندانی دیاربەکری سەربازی لە دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٠)، لەگەڵ فیدان دۆغان و لەیلا شایلەمەز. لە ماوەی دوو هەفتەی راگەیاندنی گفتوگۆدا ٣٥ گەریلای پەکەکە لە بۆردمانی هێزی ئاسمانیی تورکیادا بۆ سەر بنکەکانیان لە عێراقدا کوژران. لەگەڵ ئەوەشدا، ئۆجەلان پێشنیازی کرد کە پەرلەمان کۆمیتەیەکی تەشریعی پێکبێنێت بۆ سەرپەرشتی کردنی کشانەوەی گەریلاکان، چەشنی کۆمیسیۆنی راستی یان ئاشتەوایی و بەدوایدا ئەنجومەنێک پێکبێت بۆ رێگری کردن لە توندوتیژی دژ بە خەڵک. ئۆجەلان پانزە نامەی بۆ پەکەکە نووسی کە تێیاندا هانی کۆتاییهێنانی دەدا بە خەباتی چەکداری و رادەستکردنی کارەکە بۆ حیزبی سیاسیی نوێی کوردی و دیموکراتی و چەندین راگەیاندنی گشتیی دەرکرد بۆ پشتیوانیکردنی چارەسەری سیاسی.

ئۆجەلان، لە نامەیەکیدا بۆ کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە ــ KCK)، پێشنیازی کۆتاییهێنان بە چالاکیی سەربازی و پرۆسەیەکی یاسایی و دەستووری و ئاساییبوونەوەی کردبوو. پاشان، لە نامەیەکی دەسنووسی بیست و دوو لاپەڕەییدا سێ قۆناخی بەرەو ئاشتی دەستنیشان کردبوو بە ناوی "نەخشەی کارکردن بۆ ئاشتییەکی دیموکراتی" و لە شوباتی ٢٠١٣دا دابوویە وەفدی دەوڵەت. هەروەها هانی هەردوولای دابوو کە هەر بە گەیشتنە رێککەوتن لەبارەی سەرەتا بنەڕەتییەکانەوە، "پێویستە لە حوزێرانی

۲۰۱۳دا پاشەکشەیەکی راستەقینە لە ناوچەکانی پێکدادان بکرێت"[٥]. بەڵام دوای ئەوە پێشکەوتنێک بەدینەهات.

ئۆجەلان دەیویست دانوستاندن لە سەر هەندێ بەندی کێشە لەسەری دەستوور بکرێت، بەتایبەتی یاسای هەڵبژاردن و یاسای حیزبە سیاسییەکان و ئیمزاکردن لە سەر پەیماننامەی ئەوروپی بۆ حوکمکردنی ناوخۆیی و پێشنیازی گۆڕانکاریی کرد لە پێناسەکردنی هاوڵاتیبووندا بە سڕینەوەی گەرانەوە بۆ سیفەتی ئیتنیکی و ئایینی و بواردان بە هەموو شوناسەکان کەوا "بە ئازادی گوزارش لەخۆیان بکەن" بۆ ئەوەی ئاساییبوونەوە مەیسەر ببێت. ئەو نێردەیەی نوێنەرایەتیی دەوڵەتی دەکرد لە کۆبوونەوەکانی ئیمرالیدا، بەڵێنی کارکردنی دا لە سەر پرۆژە پلانەکەی ئۆجەلان، بەڵام کاتێ کە یەکەم گرووپەکانی گەریلا لە مایسی ۲۰۱۳دا دەستیان بە کشانەوە لە تورکیا کرد، حکوومەت پاشگەز بووەوە.

لە سێپتەمبەردا، کەجەکە پاشەکشەی هێزەکانی گەریلای راوەستاند، چونکە حکوومەتی پارتی داد و گەشەپیدان (ئەکەپە AKP) رەتیکردەوە بەردەوام بێت لە پرۆسەی ئاشتیی ئەو چەند مانگەی کە تێیدا هەردوو رابەری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە HDP)، سەلاحەین دەمیرتاش و پەروین بولدان، سەردانی ئیمراڵییان کرد بۆ ئەوەی ئۆجەلان لە دۆخەکە ئاگادار بکەنەوە. ئۆجەلان لۆمەی خۆی کرد لەبەر ئەوەی داوای پاشەکشەی کردووە بەبێ دەرکردنی یاسای پێویست بۆ ئەو کارە لە پەرلەماندا. دەمیرتاش رەخنەی لەو رێبازە گرت کە حکوومەت لە میدیادا پەیڕەویی دەکرد و پاشان چیتر رێگەیان نەدا جارێکی تر چاوی بە ئۆجەلان بکەوێتەوە. ئەوجا حکوومەت کەوتە دروستکردنی ۱۸۹ بنکەی سەربازیی نوێ لە ناوچەی هەکاری و خۆی ئامادەکرد بۆ دروستکردنی سەدانی تر لە ناوچەی

ئامەد (دیاربەکر) و دەرسیم (تونجەلی) و لەم سۆنگەیەوە هەدەپە حکوومەتی بە نەخشەدانان بۆ قڕکردن و لەناوبردن تۆمەتبار کرد.

ئۆجەلان بەو هۆیەوە کە لە بەرپرسێکی حکوومیی ئاست بەرز لە پارتی داد و گەشەپێداندا پەیامێکی دڵنیایی پێگەیشتبوو، پێیوابوو بە هاتنی بەهاری ساڵی ٢٠١٤ گفتوگۆکان دەستپێدەکەنەوە، بەڵام رژێم بەردەوام بوو لە ئامادەکاریی سەربازی لە باکووری کورستان و بەهیوابوو لە رێگەی داعش و گرووپەکانی ترەوە هێرش بکەنە سەر رۆژئاڤا و کۆبانی بۆ گەمارۆدانی هێزەکانی گەریلا لە باکووری کوردستان و تورکیا، بۆ ئەوەی بە باڵادەستیی بگەڕێتەوە بۆ ئیمرالی. هێرش و پەلاماری سەرەتایی دژ بە کۆبانی لە تەمووزی ٢٠١٤دا بەرپەرچ درایەوە، بەڵام لە سێپتەمبەردا، داعش دەستی بەسەر چەک و چۆڵێکی زۆردا گرت لە مووسڵ و زیاتر دڵڕەق و دڕندەی کرد. بەڵام بەرگریی توند لە کۆبانی و راپەڕینەکانی ٦ – ٨ ی ئۆکتۆبەری کوردستانی باکوور و تورکیا و ئەو هەراوهوریایەی لە جیهاندا نایەوە و لەنێویاندا رۆژی جیهانیی کۆبانی (کە یەکی نۆڤەمبەرە)، ئەنقەرەی ناچار کرد چاو بە دۆخەکەدا بگێڕێتەوە و بۆی روونبووەوە کە ناتوانێت گفتوگۆی ئۆجەلان بۆ سەرکوتکردنی خەبات و تێکۆشانی کورد بەکاربێنێت.

لەگەڵ هەڵایسانی شەڕ لە کۆبانی، ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیا لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤دا بڕیاری پەلەکردنی دا بۆ ئامادەکاری لە جەنگی گشتگیردا. ئۆجەلان، کە هێشتا هەر هیوای مابوو بە گەیشتنە چارەسەرێک، هۆشداریی دا لەوەی کە ئەگەر کۆبانی بکەوێت، ئەوە چوار کانتۆنی تر رادەگەیەنێت لە ناوچەکانی ئامەد و بۆتان و سەرحەد. ئۆجەلان دەیویست کە وا پەرلەمان لیژنەیەک پێکبێنێت بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری ئەوەی کە بۆچی پەکەکە چەکی هەڵگرتووە و هەڵەکانی هەردوولا چین و پێشنیاز کردنی ئەو رێگایانەی

ململانێی چەکداری کۆتایی پێدێنن. حکوومەت لە زینداندا ژوورێک و مێزێکی بـازنەیی سـازکرد و ئـۆجەلان و کـۆمیتەیەکی فراوانـی هەدەپە و وەفـدێکی حکـوومەت لە ٩ی کـانوونی دووەمـی ٢٠١٥دا کۆبـوونەوە. کـاتێ کە وەفـدی دەوڵەت سـکالاًیان لەدەسـت هەنـدێ راگەیەنـراوی کەجەکە کـرد، ئـۆجەلان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە وا دوودڵیی دەوڵەت لە وەرگرتنی هەندێ هەنگاوی تۆکمە و کۆنکریتیدا کارەکەی زەحمەت کردووە و بەتایبەتی ئەو بەندییانەی کە تووشـی نەخۆشـیی ترسـناک بـوون هێشـتا بەرنەدراون. هەڵـبەت وەفـدی پارتی هەدەپە ئیشارەتی بە وتاردانێکی سەرۆک وەزیران ئەحمەد داودئۆغڵوو کرد کە تێیدا دانی بە وەستاندنی بەردانی زیندانییان نابوو.

لە کۆبـوونەوەی دووەمدا، وا پێشـنیاز کـرا کە راگەیاندنێکی هـاوبەش بۆ خەڵـک دەربکرێـت، بەڵام ئەو رەشنووسـانەی هەردوولا ئامادەیـان کردبـوو، لەیەکتـــرەوە نزیـــک نەبـــوون و کۆمـــا جڤـــاکێن کوردســـتان (کەجەکە) دۆکۆمێنتەکەی دەوڵەتی رەتکردەوە، چونکە هاوجووتی ئەو مەسەلانە نەبوون کە گفتوگۆیـان لە سـەر کرابوو. دواتـر دەمیرتـاش ئیدیعای ئەوەی دەکـرد کە "ئەکەپە داوامان لێدەکەن فێڵ لە قەندیل و ئۆجەلان بکەین"[٦]. کۆبوونەوەیەکی تر لە شوباتی ٢٠١٥دا هەردوو رەشنووسەکەی کرد بە راگەیاندنێکی هاوبەش و لە ٢٨ی شـوباتدا لە کۆشـکی دۆڵمە بـاخچە، کە بیرۆی سـەرۆک وەزیـرانە، خوێندنەوەی بۆکرا[٧]. بەهەرحاڵ، لە کاتێکی دواتردا ئەردۆغان وتـی کە وا هـیچ بیـر و ئایـدیایەکی لە سـەر دەرکردنـی ئەو راگەیانـدنە نـیە و پێیـوایە بیـر و بۆچـوونێکی خـراپ بـووە[٨]. حکـوومەت هەر دە مـادەکەی پشتگوێخسـت کە لە رێکەوتننـامەکەدا هـاتبوو و تەنهـا تیشـکی خستەسـەر چەکـدامالین. لەگەڵ نزیکبـوونەوەی کـاتی هەڵبژاردنـی تورکیـا، کوردەکـان بەهیوابـوون هەنـدێک کار و کردەوەی تایبەت لەپێش هەڵبژاردندا جێبەجێ بکرێت و ئەودواشـی لە

پاش هەڵبژاردن. بەڵام پێشبینی و چاوەڕوانییەکان وادەرنەچوون و بوون بە مایەی نائومێدی کاتێ کە حکوومەت بەئاشکرا وتی کە وا هیچ دانوستاندن و ڕاگەیاندنێک لەئارادا نەبووە.

میلیشیا کوردەکان لە شەڕکردنی دەوڵەتی ئیسلامیدا خۆیان جیاکردەوە و کوردەکانی تورکیاش کەوتنە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین لە چەندین شاردا کاتێ کە داعش لە ساڵی ٢٠١٤دا شارۆچکەی کۆبانیی کوردی سووریایان گەمارۆ دابوو ، بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر ئەنقەرە کە جینۆساید راوەستێنێت، چونکە پۆلیس ٣٧ خۆپیشاندەری کوشتبوو. فشاری واشنتۆن ئەنقەرەی ناچار کرد کە بوار بە پێشمەرگەی عێراقی (میلیشیا) بدات بە خاکەکەیدا تێپەر ببن بۆ بەرگری کردن لە کۆبانی. لە تەمووزی ٢٠١٤دا، خۆکوژێکی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی خۆی بە ئاپۆرەی رێپێوانێکی شاری سوروچی تورکیادا تەقاندەوە کە بەرێوەبوون بۆ بنیاتنانەوەی کۆبانی و لەئەنجامدا سی و سێ چالاکوانی کوردی کوشت. گرووپە کوردەکان ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە دەزگاکانی هەواڵگریی تورکیا یارمەتیی دەوڵەتی ئیسلامییان دەدا و حکوومەتیش نکوڵیی لێدەکرد.

بێگومان لە سەر ئاستێکی بەرفراوان زانراوە کە وا ئەو یاخیبوونەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەپشتێتی دژ بە بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا مەحاڵە بێ تێپەڕبوون "بە رێگەی خێرای جیهاد" بە ناو تورکیادا، کە لێیەوە جیهادییەکان و چەک و زەخیرە و پاڵپشتی لۆجستیکی دەگەیشتە نوسرە و گرووپەکانی تر، کە وا توانای لاوازی شەڕکردنیان بوو بە هۆی رادەستکردنی پارە و چەک و تفاقیان بە داعش. لەهەمان کاتیشدا شانەکانی داعش کەوتنە سەرهەڵدان لە تورکیادا. هەڵبەت لە ژێر فشاریشدا، ئەنقەرە رێگەی دا بە فڕۆکەی ئەمریکی کە هێرش بکاتە سەر داعش لە سووریادا. رێگەدان بە

واشنتۆن کە بنکە ئاسمانییەکانی تورکیا بەکاربێنێت بۆ لێدانی داعش بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوێکی مارکسیی نەناسراو، بە ناوی بەرەی رزگاریی شۆڕشگێڕی خەڵک (DHKP – C)، لە ئابی ٢٠١٥دا هێرش بکاتە سەر کونسوڵییەتی ئەمریکا لە ئەستەمبووڵ. داعش داوای کرد هێرش بکرێتە سەر ئامانجە دەسنیشانکراوەکان لە تورکیا و گرتنی ئەستەمبووڵ. لە گەرمەی ئەم جەنگە هەرێمییەدا، لە ٧ی حوزێرانی ٢٠١٥ هەڵبژاردن لە تورکیادا بەڕێوەچوو و ئەکەپە بۆ یەکەمجار لە ماوەی سیانزە ساڵدا زۆرینەی پەرلەمانیی خۆی لەدەستدا، چونکە دەنگدەران پشتگیریی هەوڵی ئەردۆغانیان نەدەکرد بۆ قۆرخکردنی دەسەڵاتی زیاتر لە ڕێگەی وەرچەرخانەوە بۆ فۆرمی سەرۆکایەتی لە حوکمکردندا. پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە HDP)، کە پارتێکی چەپڕەوی لایەنداری پەکەکەیە، زیاد لە ١٠ لە سەدی دەنگەکانی هێنا و لەڕووی یاساییەوە شایستەی ناردنی ئەندام بوو بۆ پەرلەمان و هەشتا کورسیی بردەوە (کە ١٣ لە سەدی دەنگەکان بوو)، بەهەمان شێوەش پارتی مەهەپەی MHP ناسیۆنالیستی توندڕەو. هەڵبەت پارتی گەلی کۆماریش (جەهەپە CHP) کە ئۆپۆزسیۆنی سەرەکییە ١٣٢ کورسیی بردەوە.

بایەخی سەرکەوتن و بردنەوەی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لەوەدایە کە ڕێژەیەکی زیاتر لە دەنگی پەکەکەی بۆ خۆی برد، چونکە ئەم حیزبە پشتگیریی ئەو تورکە چەپ و سێکولارانەشی بەدەستهێناوە کە نائومێد بوون لە شێوە و ڕێگەی دەسەڵاتخوازیی ئەردۆغان. ئەمەش خێر و بەرەکەتی ئۆجەلان بوو، کە دیلەک ئۆجەلانی خوشکەزای چووەتە پەرلەمانەوە و زۆرێک لە ڕاگەیاندنە گشتییەکانی لە زیندانەوە دەگەیاندە ئەوێ لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتدا. ژنە بەربژێری بەناوبانگی هەدەپە لەیلا زانایە، کە بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٩١ بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرا و ماوەی دە ساڵ بەندکرا،

لەبەر ئەوەی لە کاتی سویندخواردندا تەنها یەک دێڕ بە زمانی کوردی قسەی کردووە و ئەو کاتە لە شوێنە گشتییەکاندا قسەکردن بە کوردی نایاسایی بووە.

هەڵبژاردنەکە وەک شۆکێک وابوو بۆ ئەردۆغان و شرۆڤەکاران دەڵێن کە ئەو بە ئەنقەست شکستی بە خۆی هێنا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەک لەگەڵ پارتی گەلی کۆماریدا (جەهەپە) لە ماوەی ٤٥ رۆژی دیاریکراودا بۆ سەپاندنی هەواڵشوناسییەکی کوتوپڕ (لە ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥دا) بە ئومێدی ئەوەی زۆرینەیەکی تەواو بەدەستبێنێت لە رێگەی رێکخستنی کەمپەینێکەوە لەبارەی "شەڕکردن لەدژ تیرۆری پەکەکە" و داوای کورد کاری یاسایی لەدژی سیاسییەکانی هەدەپە بکرێت لە پەرلەماندا، بە رواڵەت لەبەر پەیوەندییان بە پەکەکەوە، بەڵام لەڕاستیدا بە هۆی بەرهەڵستییان بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی و پەرەسەندنی پاڵپشتیی میللی بوو بۆیان.

هەر لە دەوروبەری ئەم کاتانەدا بوو، کە رەنگە لەبەر نائومێدی بووبێت لە دانوستاندنە ساختە و خاوەکان، پەکەکە بڕیاریدا بەدەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، بە بیانووی تەقینەوەی بۆمبێکەوە لە سرووچ. ئەمەش یارمەتیی ئەردۆغانی دا بۆ شێواندنی متمانەی هەدەپە و تێکدانی پرۆسەی ئاشتی. بەو پێیە بۆردمانی فڕۆکە و پێشڕەوی کردنی سەربازی بۆ باکووری عێراق دژ بە پەکەکە دەستی پێکرد و وەڵامدانەوەی هاوشێوەی توندی ئەمیش، بوو بە هۆی ئەوەی شەڕ کار بکاتە سەر ژێرخانی وزە وەک بۆریی نەوت و گازی نێوان تورکیا و ئێران و هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، کە بەو هۆیەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بوو بۆریی نەوتی نێوان کەرکووک و جەیهان بۆ ماوەیەکی کورت دابخات (٢٩ی تەمووز تا ٥ی ئاب).

بارودۆخەکە لە لایەن هەندێک لە ئەنجومەنە ناوخۆیی و هەرێمییەکانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتدا تێکدرا بە هۆی بڕیاری گواستنەوەی بنکەکانی دەنگدانەوە بۆ شوێنی تر لەبەر هۆکاری ئاسایش، کە ئەمەش پێچەوانەی یاسا بوو. سەرکردەکانی هەدەپە وای لێکدەدەنەوە کە ئەمە فێڵێکە بۆ ئەوەی نەهێڵن نزیکەی چوارسەد هەزار دەنگدەری کورد (لە دیاربەکر و مووش و شرناخ و بەدلیس و باتمان و ماردین و تونجەلی و شوێنانی تر) دەنگ بدەن و بەمەش هەدەپە داببەزێننە خوار ئاستی یاسایی ١٠% ی دەنگەکان و بەمەش ئەکەپە دەتوانێت زۆرینەی پەرلەمان بەدەستبێنێت و بە پێی حەز و ئارەزووی ئەردۆغان بۆ سەرۆکایەتییەکی جێبەجێکار دەستوور بگۆڕێت. سەرکردەکانی هەدەپە ترسیان لە ساختەکردنە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە پەلامارдانی ئەمدواییەی بارەگاکانی حیزبدا هەوڵی زۆریاندا بۆ سووتاندنی بەڵگەنامەکانی داواکاریی بەربژێرەکان بۆ هەڵبژاردن. چاودێران پێیانوایە کە تەکتیکە بەهێزەکانی ئەردۆغان، وەک هێرشکردنە سەر گۆڕستانی شەهیدە کوردەکان و قەدەغەکردنی هاتوچۆ و باڵادەستیی لەڕادەبەدەری پۆلیس لە شار و شارۆچکە کوردەکاندا و هێرشکردنە سەر ئەو رۆژنامەنووسانەی رەخنە لە حکوومەت دەگرن و دەستەواژەی سووکایەتی کردن و دابەزینە سەر هەدەپە رەنگە ئەنجامی ساختەیان لێبکەوێتەوە. راپۆرتەکانی میدیا ئاماژە بە نیگەرانی دەکەن لە ناو ئەفسەرانی سوپادا کە رەزامەند نین بە دەستپێکردنەوەی شەڕی دژ بە پەکەکە لەکاتێکدا کە وڵات بەرەورووی هەڕەشەی مەترسیدار بووەتەوە و ئابووری فشەڵە و تووشی سستیی گەشەکردن بووە و بودجەش داتەپیوە[٩].

بە هەستکردن بە ناسکیی دۆخەکە، دەمیرتاشی هاوسەرۆکی هەدەپە هانی پەکەکەی دەدا کە شەڕ بوەستێنێت و لەگەڵ حکوومەتدا گفتوگۆ دەستپێبکات لەپێناوی بەدرۆخستنەوەی تۆمەتبار کردنی ئەکەپە بەوەی گوایە حیزبەکەی ئەمانیش لە کار و کردەوەی توندوتیژی تێوەگلاوە. لەم سەروبەندەدا سەرکردەی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (مەهەپە MHP)[10] و سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی مانیسا بار زەینەڵ بەڵکیز رایانگەیاند کە تەنانەت ئەگەر یەک کەسیش نەتوانێت دەنگ بدات بە هۆی گواستنەوەی بنکەکانی دەنگدانەوە، ئەوە دەبێت هەڵبژاردنەکە هەڵبوەشێتەوە، چونکە ئەوە مافی دەنگدەران خۆیانە کە دەنگیان بخەنە ئەو سندووقانەی هەڵبژاردنەوە کە وا لەو ناوچەیەدا دانراوە کە تێیدا دەژین.

*

چارەسەری مەسەلەی کورد تەنها لە رێگەی کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی دەزگاییەوە دەبێت بۆ دامەزراندنی سەربەخۆییەکی سیاسی بەسەر خەڵکدا. شوناسی نەتەوەیی توند و لاسار چیتر گونجاو نیە، بە بەراورد بەو برە ئۆتۆنۆمییەی کوردەکان لە عێراقی دراوسێدا هەیانە و توانادار کردنیان لەلایەن حکوومەتی سووریی ئابلۆوقەدراوەوە. پێویستە لە سەر ئەنقەرە، ئێستا بێت یان دواتر، لەوە تێبگات کە پەیوەندیی بازرگانی و دیپلۆماسی کە رۆژێک لە رۆژان ئاسایی بووە لەگەڵ سووریا و عێراقدا بە سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی تووشی گرفت بووە، کە سووریای ناجێگیر کردووە و یەکسانیی لە نێوان سوننە و شیعە و کوردی تێکداوە لە عێراقدا. پشتیوانیی تورکیا بۆ یاخیبوانی دژە ئەسەد پەیوەندییەکانی لەگەڵ دیمەشق و بەغدا تێکداوە و تەنانەت ئێرانیش کە پشتگیریی زۆرینەی شیعە دەکات لە عێراق و سووریادا. تاران نیگەرانە لە سەر رەزامەندیی ئەنقەرە لەبارەی هێنانی

سیســتەمەکانی راداری مووشــەکەکانی ســەر بە نــاتۆ. هەمــوو ئەمــانە ئەو ریککەوتنە زیمنییەی هەرەس پێهیناوە لە نێوان تورکیا و عێراق و سووریادا کە دژ بە کـوردە و دەرفەتـی بـۆ کوردەکـانی تورکیـا رەخسـاندووە، چـونکە کوردەکان لە عێراق و سووریادا بە کردار هێز و دەسەڵاتیان پەیداکردووە بە هـۆی رووخـانی سـەددام حوسـێن و درووسـتبوونی حکـوومەتێکی هەرێمیـی کوردی لە وڵاتێکدا و هەڵکشانی داعش و پێزانین بۆ بوێری و ئازایەتیی کورد لە لایەکی ترەوە.

## سەرچاوە

گۆڤاری شیکاریی ستراتیجی، ٢٠١٦، بەرگی ٤٠، ژمارە ١، ل ٦ – ١٣

ناوی بابەت "کوردستان: لە ئەتاتورکەوە بۆ ئۆجەلان"

نووسینی: ساندهیا جەین

(نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسییە و ستوونووسی دوو هەفتە جارێکە بۆ رۆژنامە پایۆنیر لە نیودەلهی، راوبۆچوونەکانی دەربڕینی شەخسی خۆیەتی).

Strategic Analysis, (2016), Vol. 40, No. 1, 6 – ١٣,

Kurdistan: From Ataturk to Öcalan

Sandhya Jain

(is an author and political analyst and writes a fortnightly column for The Pioneer, New Delhi. The views expressed are personal).

## تێبینی و پەراوێز

١ – هشـیار ئۆزسـۆی، "پێشـەکی: مەینەتیـی کـورد لەگەڵ تورکیـادا لە ڕۆژهەڵاتێکـی گۆڕاودا، *گۆڤـاری ئەنترۆپۆلۆجیـای دیالێکتیـک*، مـارتی ٢٠١٣، ٣٧: ١٠٣ – ١١١، لاپەڕە ١٠٥.

٢ – هشـیار ئۆزسـۆی، "پێشـەکی: مەینەتیـی کـورد لەگەڵ تورکیـادا لە ڕۆژهەڵاتێکـی گۆڕاودا"، *گۆڤاری ئەنترۆپۆلۆجیای دیالێکتیک*، مارتی ٢٠١٣، ٣٧ : ١٠٣ – ١١١، لاپەڕە ١٠٦.

٣ – ڕاگەیانـدنێکی ١٩ی دیسـەمبەری ٢٠١٢ی پەیـامنێرانی بێسـنوور دەڵێـت کە وا "زۆربەی ڕۆژنامەنووسـە بەنـدکراوەکان نـوێنەرانی میـدیای کـوردین و ئەم دۆخەش جارێکی تر جەخت لەو ڕاستییە دەکاتەوە کە ئازادیی زانیاری لە تورکیادا بە توندی پەیوەستە بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەی کەمینەی کورد".

https://protect-us.mimecast.com/s/WDzdBRsQzavwiX
http://en.rsf.org/turkey-turkey-world-s-biggest-prison-for-19-12-2012,43816.html

٤ – کاتێ نوێنەرانی پەرلەمـانی سـەر بە پارتی بەدەپە BDP لە ٣ی کـانوونی دووەمـی ٢٠١٣، لە دوورگەی ئیمرالـی چاویـان بە ئـۆجەلان کەوت، ئەم بێـزاری و نـاڕەزایی دەربڕی لەو شێوەیەی کە دەوڵەت مامەڵەی پێدەکرد لەگەڵ گفتوگۆکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو پێشـنیازانەی دیاریکرد بۆ بەرەوپێشـبردنی پرۆسـەکە و دەیـوت کە وا "ئەم پرۆسـەیە لە سـەردەمی ئـۆزال و ئەربەکـان و ئەجەویـدەوە بەردەوامە و ئـێمە بیسـت سـاڵە کـار لە سـەر ئەمە دەکەیـن، بەڵام لە دوو سـاڵ و نیـوی ڕابـوردووەوە وەستاوە. ئەوان ئەوە چواردە ساڵە دەیانەوێت من لەکاربخەن و دەیانەوێت لێم نزیک ببـنەوە بـۆ ئەوەی لەنـاوم ببەن و هەڵـبەت بەردەوامـیش دەبـن لە سـەری. هەنـدێک دەیانەوێـت ئەم پرۆسـە نـوێیە تێکبـدەن (ڕێـک لە پـاش هەفـتەیەک لە درکانـدنی ئەم ڕسـتەیە سـاکینە جانسـز و هەڤاڵەکـانی لە پـاریس کـوژران). لە دوای هەر

کۆبـــوونەوەیەک لێــرە گوێبیســـتی ئەوە دەبـــین کە چەنـــد گەریـــلایەک گیانیـــان لەدەســـتداوە و ئەوان بەم ڕێـــگە و شـــێوەیە پەیامەکـــانی خۆیـــان دەنێـــرن. ئەو کۆبوونەوانەی کە لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتدا دەیانکەین گرنگن و نـامەیەک دەنووسـم لەبـــارەی پەرەســـەندنی کۆبوونەوەکانمـــانەوە و لە کـــاتی ئامـــادەکردنی نامەکەمـــدا پێشــنیازی مێتــۆد و ڕێگەچــارەیەک دەکەم. پێویســـتە کۆمیســـیۆنێکی یاســـادانان لە پەرلەماندا پێکبێت بۆ سەرپەرشتی کردنی کشانەوەی گەریلاکان و دەکرێت ناوبنرێت کۆمیسیۆنی ڕاستی یان ئاشتەوایی ... ئەوجا ئەگەر گەریلاکـان کشـانەوە، ئەوە دەبێت ئەنجومەنێکی ئاشتی پێکبێت بۆ پاراستنی خەڵک لە توندوتیژی و ئازاردان".

ئـامەد دیجلە، *"توێکـاریی پرۆسـەی چارەسـەری کـوردی – تـورکی"* – ١، ١٧ی ئـابی ٢٠١٥. (ئەم زنجیـرەیە کە لە بنەڕەتـدا لە چـوار بەش پێکهـاتووە لە سـەر ANF بە زمانی تورکی).

Amed Dicle, *"The Anatomy of the Kurdish–Turkish Solution Process"* – 1, 17 August 2015 (This 4 – part series was originally published on ANF in Turkish).

https://protect–us.mimecast.com/s/ 0JzOBbfXd5okCV

http://www.kurdishinfo.com/the–anatomy–of–the–kurdish–turkish–solutionprocess–1

٥ – "هەر کە هەردوولا گەیشـتنە ڕێککەوتـن لەبـارەی بنەمـا سـەرەکییەکانەوە، ئەوە دەبێت پاشەکشـەی ڕاسـتەقینە بکرێت لە ناوچەکـانی شـەڕ و ململانـێ لە حـوزێرانی ٢٠١٣دا". ئـامەد دیجـلە، *"توێکـاریی پرۆسـەی چارەسـەری کـوردی – تـورکی"* – ١، ١٧ی ئابی ٢٠١٥ "

https://protect–us.mimecast.com/

http://www.kurdishinfo.com/the–anat omy–of–the–kurdish–turkish–solution–process–1

٦ – ئۆجەلان رابەرایەتیی پرۆسەی ئاشتیی نێوان تورکیا و پەکەکەی کرد لە زیندانەکەی خۆیەوە لە دوورگەی ئیمرالی. دەمیرتاشی هاوسەرۆکی هەدەپە HDP لە چاوپێکەوتنێکی رۆژی ٢٨ی تەمووزی ٢٠١٥دا رەتکردنەوەی حکوومەتی روونکردەوە لەبارەی پێدانی گەرەنتیی یاساییەوە بۆ بە سەلامەتی کشانەوەی گەریلاکانی پەکەکە و بنیاتنانی قەڵا سەربازییەکان ئاگربەسی لە تورکیادا کۆتایی پێهێنا. پرۆسەی ئاشتیی ئێستا ساڵی ٢٠١٣ لە نەورۆزدا لە دیاربەکر راگەیەنرا، کاتێ کە وتارێکی ئۆجەلان خوێنرایەوە و تێیدا هاتبوو کە وا "سەردەمی خەباتی چەکداری تەواوبوو".

ئەم دیالۆگە رێککەوتننامەی دۆڵمە باخچەی لێکەوتەوە و پێش ئەوەش مەسەلە ناسکەکە کشانەوەی ئەندامە چەکدارەکانی پەکەکە بوو لە تورکیا. وەفدی دەوڵەت بەڵێنی بە ئۆجەلان دابوو کە یاسایەک دەردەکرێت بۆ ئاسانکردنی ئەو کارە و دواتر ئەمەشی بۆ وەفدە کوردییەکە دووپات کردەوە. هەر ئەو دەمەش سەعدوڵا ئێرگینی وەزیری دادی تورکیا وتی کە وا شارەزایانی حکوومەت کار لە سەر یاساکە دەکەن. وەفدی کوردیش پێشنیازی ئەوەی کرد کە شارەزایانی ئەمانیش هەمان شت بکەن و هەردوولا تێکستە ئامادەکراوەکان بدەنە پەرلەمان بۆ دەرکردنی یاسا پەیوەندیدارەکەی کشانەوە. دەمیرتاش و ئەوانیتر رۆیشتنە قەندیل بۆ گەیاندنی مەسەلەکە بە گەریلاکان و موراد قەرەیەڵانی فەرماندەی بالای پەکەکە بەڵێنی کشانەوەی خێرای دا بە دەرکردنی یاساکە. ئێرگینی وەزیری داد بەگەرمی کاری دەکرد بۆ تێپەراندنی یاساکە، بەڵام ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی ئەوکات دەرگای ئەو مەسەلەیەی لە سەر داخست و کاتێ وەفدی دەوڵەت چوونە ئیمرالی، ئۆجەلان مەترسیی کشانەوەکەی بەبێ چوارچێوەیەکی یاسایی روونکردەوە.

سەرەڕای مەترسییەکانیش، لە سەر داوای ئۆجەلان کشانەوە دەستیپێکرد، بەڵام لە پاش جەند رۆژێکی کەم لە دەسپێکردنی پرۆسەکە، بوڵند ئارینجی وتەبێژی حکوومەت لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "خوام دەکرد دەچوونە دۆزەخ، لێگەڕێن چۆن پاشەکشە دەکەن با بیکەن". ئەمە قەندیلی راچڵەکاند، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پاشەکشە هەر بەردەوام بوو، بەڵام دواتر گەریلا وتیان کە وا لەو ناوچانەی کە چۆڵکراون، حکوومەت دەستیکردووە بە درووستکردنی بنکەی پۆلیس لە سەر

شـێوەی قەڵا و بەنـداو بـۆ ڕێگـرتن لە جموجـووڵی گەریـلا و هەروەهـا ڕێگەوبـانی کۆنکریتی بەسـەر شـاخەکاندا تـاوەکو ئۆتـۆمبیلی سـەربازی بتوانێت پێیاندا هـاتوچۆ بکـات. لەترسـی تونـدوتیژی پاشەکشـە خـاوبووەوە و بەرگریـی گەزی پـارک Gezi Park هاوکات بـوو لەگەڵ ئەم مـاوەیەدا. لە دۆڵمە بـاخچە دەبـوو ڕێککەوتنی کۆتـایی بکرێت، چـونکە بەشـی زۆری پاسەکشـەکە ئەنجامـدرابوو و تەنهـا کۆمەڵێکی بچـووکی گەریـلا لە تورکیـادا مـابوونەوە. گفتوگـۆ لەگەڵ ئیمرالیـدا درێـژەی کێشـا و وەفـدی دەوڵەت دەزگـای هەواڵگریـی نیشتمانیشـی لەخـۆگرت (میـت MİT). پاشـان وەفـدێکی چـاودێر لە دۆڵـمە بـاخچە ڕاگەیەنـرا، کە بەزۆری ئەنـدامانی بریتیبـوون لە ڕۆژنامەنووس و سیاسییەکانی سەر بە حکوومەت. لە سەرەتای شـوباتدا، وەفدەکەی هەدەپە ڕەزامەنـدیی دەربـڕی لە سـەر ڕەشنووسـێک بـۆ ئەوەی بەرزبکـرێتەوە بـۆ حکـوومەت، کە ئەمـیش ڕەتیکـردەوە و تێکسـتێکی هێنـایە بەربـاس کە داوای چەکـداماڵینی دەکـرد و بە هـیچ شـێوەیەک نەچووبـوو بەلای باسـی گفتوگـۆ و دانوسـتاندندا و قەنـدیلیش ئەمەی بەتەواوی ڕەتکـردەوە. هەدەپە HDP و وەفـدی دەوڵەت پێکەوە چوون بۆ ئیمرالی و هەردوو دەقەکەیان خستە بەردەستی ئۆجەلان و ئەمـیش پێشـنیازی دەقـی ئەو ڕێککەوتـنەی کـرد کە لە ٢٨ی شـوباتدا لە دۆڵمەبـاخچە ڕاگەیەنـرا. دەسـەڵاتدارانی حکـوومەت لەگەڵ سـەرۆک کۆبـوونەوە و وتـی "ئەمە ڕاگەیاندنێکە کە لە زۆر دەمێکەوە چاوەڕێی دەکەین و هەرچەندە دواکەوتووە، بەڵام هۆکارێکە بۆ خۆشی دەربڕین".

ئێستا سەرۆک یـان سـەرۆک وەزیـران دەڵێت، "ئۆجەلان بانگەشـەی چەکدانانی کرد، بەڵام هەدەپە نەیهێشت". دەمیرتاشیش وتی کە وا حکوومەت "بە شـێوەیەکی سـەرەکی داوای کـردووە کە ئـێمە ئـۆجەلان و پەکەکە فریـو بـدەین". ئەکەپەش زۆر پەسـت و تووڕەبـوو کـاتێ پێـی ڕاگەیەنـرا کە ئەمە زیـان بە پرۆسـەی ئاشـتی دەگەیەنێـت. دەمیرتـاش ئەوەی روونکـردەوە کە لە نێـوان ڕاگەیانـدنی یەکەم و ڕاگەیانـدنی "ڕەزامەند نیم"دا، سەرۆک تەماشای کرد کە وا دەنگەکانی ئەکەپە زیادیان نەکردووە، بەڵکو لەڕاستیدا کەمیان کردووە و بەپێچەوانەوە دەنگەکانی هەدەپە زیادیـان کردووە، بەپێی سەرچاوەکانی ناو ئەکەپە خۆی. بەم پێیە پلانـی ڕۆیشـتن بۆ ئیمرالـی دانـرا، کە ئـۆجەلان لەوێـوە بانگەشـە بـۆ چەک دامـاڵین بکـات، بەرەوڕووی ئاسـتەنگ بـووەوە.

ئەردۆغان دەیوت ناکرێت وەفدی چاودێری هەبێت، تەنانەت کاتێ کە ئامادەکردنی ناوەکانیش کۆتایی پێهاتبوو. کەچی راستەوخۆ دوای ئەوە و لە وەڵامدانەوەی پرسیارێکدا لە ئەستەمبووڵ، وتی: "من بە رێککەوتننامەی دۆڵمەباخچە رازی نیم".

هەروەها *"ئەردۆغان رەخنەی توندی لێدەگیرێت بە هۆی گۆڕینی هەڵوێستیەوە لە گفتوگۆکانی دۆڵمەباخچە"*، ١٩ی تەمووزی ٢٠١٥.

٧ – ئامەد دیجلە، *"تونێکاریی پرۆسەی چارەسەری کوردی – تورکی"* – ١، ٢٠ی ئابی ٢٠١٥.

٨ – هەمان سەرچاوە.

٩ – (١) چاودێرانی نێودەوڵەتی رەخنە لە بارودۆخی توندوتیژی و ترس دەگرن لەپێش هەڵبژاردندا و دەڵێن کە وا دۆخی ئاسایش و گرتنی چالاکوانانی ئۆپۆزسیۆن و سەرکوتکردنی ئازادیی رۆژنامەگەری هەموو کۆکن لە سەر ئەوەی کە کەمپەینەکە بە ناڕەوا دابنرێت. *"کەمپەینی هەڵبژاردنی تورکیا ناڕەوایە، وەک چاودێرە نێودەوڵەتییەکان دەڵێن"*، ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥.

(٢) لە ١٨ی سێپتەمبەردا، ئەنجومەنی هەڵبژاردنی ناوچەی جزیرە لە پارێزگای شرناخ بڕیاریداوە سندووقەکانی دەنگدان لە سێ گەڕەک و ژمارەیەکی زۆری گوند لەو ناوچانەی کە زۆرینە کوردن، گواستراونەتەوە بۆ شوێنە سەنتراڵەکانی ناو شرناخ بە هۆی کردەوە توندوتیژەکانی ئەم دواییە لە ناوچەکەدا. هەندێ لە ئەنجومەنەکانی هەڵبژاردنی ناوخۆ لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتدا بڕیاریانداوە بنکەکانی دەنگدانیان لێ بگوێزنەوە بە هۆی نەبوونی باری ئاسایشەوە. پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئەمە فێڵ و ساختەیە بۆ ئەوەی وابکرێت کە پارتی هەدەپەی سەر بە کورد لە خوار رێژەی لە سەدا ١٠ بێنێت لەو هەڵبژاردنە پێشوەختەی کە لە ١ی نۆڤەمبەردا بەڕێوەدەچێت. بەم پێیە نزیکەی چوارسەد هەزار دەنگدەر لە ژمارەیەکی زۆری گوند و گەڕەک لە پارێزگاکانی وەک دیاربەکر و مووش و شرناخ و بەدلیس و باتمان و ماردین و تونجەلی ناچارن لە شوێنی تر

دەنگ بدەن ئەگەر ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردن رەزامەند بێت لە سەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان.

(٣) دوو بنکەی دەنگدان لە ویلایەتی شرناخی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا گواسترانەوە سەرەڕای بڕیاری ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکان (YSK) بە رەتکردنەوەی گواستنەوەی سندووقەکانی لەبەر هۆکاری "ئاسایش".

(٤) سەرۆک رەجەب تەیب ئەردۆغان لە ٤ی ئۆکتۆبەردا وای باس لە ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکان کرد کە هەڵەیە پاش ئەوەی بانگەشەی رەتکردنەوەی گواستنەوەی سندووقەکانی دەنگدانی کردووە لە زۆرێکی ناوچەکانی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتدا و دەیوت کە بەرپرس دەبێت لە هەر لێکەوتەیەکی نەخوازراو. "سەرۆک کاردانەوەی هەیە پاش ئەوەی ئەنجومەنی هەڵبژاردنەکانی تورکیا گۆڕانکارییەکانی بنکەکانی دەنگدانی رەتکردەوە"، ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥".

(٥) *"ئۆفیسەکانی پارتی هەدەپەی HDP تورکیی لایەنداری کورد لە ئەنقەرە هێرشیان کراوەتەسەر"*، ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٥.

(٦) "سوپای تورکیا گۆڕستان و مزگەوت و خانەی پەرستنی عەلەوییەکان لە کوردستان دەڕووخێنن"، ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥.

١٠ – پارتی میللییەتی هەرەکەت پارتیسی (مەهەپە MHP) بە پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی دەناسرێت.

## ٨

# ناسنامەی کوردیی بیرمەندەکانی ناسیۆنالیستی تورکی: زیا گۆیکئەلپ و ئەحمەد ئەرڤاسی لە نێوان ناسنامەی تورکی و نەژادی کوردیدا

**ئومود ئوزێر**

پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی تەکنیکیی ئەستەمبووڵ – تورکیا

- **ئوموت ئوزێر** Umut Uzer

ئوموت ئوزێر پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی زانستەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی لە زانکۆی تەکنیکیی ئەستەمبووڵ. لە ساڵی ٢٠٠٦دا بڕوانامەی دکتۆرای لە کاروباری دەرەوە لە زانکۆی ڤەرجینیا بەدەستهێناوە. بەشێک لە بڵاوکراوەکانی ئەمانەن:

- مێژوویەکی ئەقڵانیی ناسیۆنالیزمی تورکی لە نێوان رەگەز و نەژادی تورکی و شوناسی ئیسلامیدا (٢٠٢٠).
- ئەنتی سامی و ئەنتی زایۆنیزم لە تورکیادا: لە حوکمی عوسمانییەوە بۆ حوکمی ئاکپارتی (٢٠١٧).
- رەگەزپەرستی لە تورکیادا: حاڵەتی حوسین نیهال ئاتسز (٢٠١٠).
- شوناس و سیاسەتی دەرەوەی تورکیا: کاریگەریی کەمالیستی لە قوبرس و قەوقازدا (٢٠١١).
- گێڕانەوەیەکی موحافزکارانە: مامەڵەی نیۆعوسمانی لە سیاسەتی تورکیی هاوچەرخدا (٢٠٢٠).
- "پەیوەندییەکانی تورکیا – ئیسرائیل: هەڵکشان و داکشانیان ، *گۆڤاری میدڵ ئیست پۆلیسی*، بەهاری ٢٠١٣.
- ناگۆڕنۆ قەرەباخ لە سیاسەتی هەرێمی و جیهانیدا: کەیسێکی لێکۆڵینەوە بۆ ناسیۆنالیزم و ریالیزم و ململانێی ئیتنیکی *گۆڤاری کاروباری کەمینەی موسڵمان*، بەرگی ٣٢، ژمارە ٢، (٢٠١٢).

## کورتەیەک

*ئامانجی ئەم باسە لێکۆڵینەوەیە لە ناسنامەی نەتەوەیی دوو کەس لە بیرمەندە کاریگەرەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی، زیا گۆیکئەلپ و ئەحمەد ئەرڤاسی و هەڵوێستیان بەرانبەر بە کورد و نکوولی کردنیان لە رەچەڵەکی خۆیان بەدەر لە باکگراوندی ژیانیان لە ناوەندێکی کۆمەڵایەتیدا کە زۆرینەی کوردە. هەڵبەت جیهانبینیی ئەوان بە شێوەیەکی بەرچاو جیاواز بوو سەبارەت بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام هەردوکیان کۆک بوون لە سەر ئەو بیرورایەی پەیوەستە بە هەژموونی ناسنامەی تورکی، تەنانەت لەو شوێنەشدا کە زۆرینەی کوردیشی لێبێت.*

ئەم باسە شیکاری ئایدیا و بۆچوونی دوان لەو تورکە نەتەوەپەرستە کاریگەرانە دەکات کە خەڵکی ئەو ناوچانەن کە وا بوونی کوردیان تێدا زاڵە و تێگەیشتن و وێناکردنیان بۆ کورد و پێناسەیان بۆ شوناسی نەتەوەییان لە سەر حیسابی کوردبوونیان. لەکاتێکدا کە زیا گۆیکئەلپ بە شەخسی هەر کوردبوونێکی خۆی رەتکردووەتەوە، بەڵام دانی بە بوونی گەلی کورددا ناوە، بەڵام ئەحمەد ئەرڤاسی (یان ئەرواسی – وەرگێڕ) پەیوەندیی خۆی بە کوردەوە رەتکردووەتەوە و پێی لە بوونی گەلی کوردیش نەناوە. ئەو لە دارشتنەوەی بیر و ئایدیای خۆیدا، وای دادەنا کە کورد لەراستیدا تورکن، بەڵام بە هەست و هۆشێکی ساختەوە.

پەرەسەندنی ناسنامەی نەتەوەیی تورک لە عوسمانی و ئیسلامییەوە بۆ تورکی پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاو بووە لە ژێر کاریگەریی رووداوە سیاسی و هەوڵدانە فکری و کولتوورییەکاندا. هەڵبەت زیا گویکئەلپ (١٨٧٦ – ١٩٢٤) یەک لەو کەسایەتییە گرنگانە بووە لە سەرهەڵدانی تورکیزمی سیاسیدا و هەوڵیداوە تەوژمە سیاسییە باڵادەستەکانی ئەو کاتە بخاتە خزمەتی بەرژەوەندیی ناسیۆنالیزمی تورکەوە و کاری بۆ رێکخستن و بەسیستەمکردنی تورکیزم کردووە. ئەو داکۆکیی لە ناسیۆنالیزمی تورکیی مۆرک رۆژئاوایی دەکرد بێئەوەی لە کولتوور و کەلەپووری ئیسلامی جودابێتەوە. بەهەرحاڵ، ژمارەیەک لە بیر و ئایدیاکانی، وەک بانگەشە کردنی بۆ هەڵوەشانەوەی خەلافەت و بەتورکی کردنی بانگدان بۆ نوێژ (کە هەمیشە لە جیهانی ئیسلامیدا بە زمانی عەرەبی بووە جگە لە ماوەیەکی کورتی نێوان ساڵانی ١٩٣٢ و ١٩٥٠ لە تورکیادا)، داواکاریی شۆڕشگێڕانە بووە و وای لێدەکات کە پێشینەیەک بێت بۆ ناسیۆنالیزمی کەمالی وەک لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە جێبەجێ کرا.

لە لایەکی ترەوە، ئەحمەد ئەرڤاسی (١٩٣٢ – ١٩٨٨) یەک لە بیرمەندە نەتەوەپەرستە کاریگەرەکانی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی مەهەپە بوو (*Milliyetci Hareket Partisi ،MHP*) بە وێناکردن و بۆچوونی خۆیەوە بۆ نموونەی باڵای تورکیی ئیسلامی. ئەو پشتگیریی لە کۆمەڵگەیەکی نەریتپارێزی هەرەمی دەکرد کە وا تورک ببێتە رەگەزی باڵادەست تێیدا. نووسینەکانی لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابوردوودا و ئایدیا و بۆچوونەکانی بەڵگەی جیهانبینییەک بوون کە زیاتر رەچاوی ئیسلامی دەکرد و لە تورکیادا پێگەیەکی بۆ خۆی لە ناوەندە ناسیۆنالیستەکاندا لە

سالانی ١٩٥٠کانەوە بەدەستهێنابوو. لە مەسەلەی ژناندا، بۆ نموونە، بەپێچەوانەی گۆیکئەلپەوە، هەڵوێستی زۆر توند و پاتریارکی بوو.

بەراوردێک لە نێوان ئەم دوو وتەبێژە ئایدیۆلۆجییە بەگشتی و هەڵوێست و مامەڵەیان لەگەڵ کورد بەتایبەتی دوو شیکاریی ئایدیۆلۆجی و بایۆگرافی دەرەخسێنێت و تۆخمە هاوشێوە و جیاوازەکان روونەدەکاتەوە لەگەڵ دەسەڵاتی روو لە زیادی ناسیۆنالیزمی نەریتپارێز[1]. بەتایبەتی رەهەندێکی سەرنجڕاکێشی ئەم خستنەڕووە ئەوەیە کاتێ کە گۆیکئەلپ و ئەرڤاسی گفتوگۆ لە سەر ناسنامەی خۆیان دەکەن. شایانی باسە کە وا گۆیکئەلپ تاوتوێیەکی وردتری خستووەتەڕوو لەڕێگەی بەکارهێنانی مێتۆدەکانی زانستی کۆمەڵایەتیی ئەوروپییەوە، لەکاتێکدا کە ئەرڤاسی هەر لە ئاستی ناوچەیی و جیاکاریی لەبەرانبەر شیعە و خەڵکی غەیرە موسڵماندا ماوەتەوە و تارادەیەک لە سەر خەتی بازنەکانی مەهەپە MHP دەڕوات. بەهەرحاڵ، هۆکاری قبووڵکردن یان رەتکردنەوەی ناسنامەیەکی دیاریکراو، تورکی یا کوردی یا ئیسلامی بێت، کە لەم توێژینەوەدا باسیان دێت، هێشتا هەر پەیوەندییەکی بەتینیان هەیە لەگەڵ سیاسەتە نوێکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

## بیر و بۆچوونی تورکە لاوەکان و کەمالییەکان: زیا گۆیکئەلپ و تورکیایەکی نوێ

زیا گۆیکئەلپ ساڵی ١٨٧٦ لە شاری دیاربەکری باشووری رۆژهەڵات لەدایکبووە و ساڵی ١٩٢٤ لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردووە. ژیانی لە ماوەی سالانی ١٨٧٦ بۆ ١٩٠٨ هاتوچۆ بوو لە نێوان هەردوو شاری دیاربەکر و ئەستەمبووڵدا. لە دوو بواردا خوێندنی تەواوکردبوو کە بریتیبوو

له خوێندنی بابەتەکانی ئیسلامیی کلاسیکی و عەرەبی و فارسی و پاشان ئەوروپیش. وەک ئەنجامێک لە نێوان بیر و باوەڕی ئایینی و جیهانبینییە سێکولارەکەیدا، وەک خۆی دەڵێت، ئەزموونی "ئازارێکی فەلسەفی" بووە کەوا ترۆپکی گەیشتووەتە هەوڵی خۆکوشتن[٢]. بەواتایەکی تر، خوێندنی ئایینی و سێکولاری ململانێی ئایدیای دژبەیەکی لێکەوتووەتەوە و بووە بە هۆی قەیرانێکی گەورە لە مێشک و هزریدا.

لە قۆناخی خوێندنی ئامادەییدا لە ناو ئاهەنگێکدا گیراوە کاتێ کە هاواری کردووە "بژی نەتەوە" و لەگەڵ ئەوەشدا دادوەر هەوڵیداوە بێتاوان دەریبکات و مەسەلەکەی بەوە بۆ داپۆشیوە گوایە بەکردەوە هاواری کردووە "بژی سوڵتان لەگەڵ نەتەوەدا"[٣]. لە سەردەمی قوتابێتیدا لە خوێندنگەی ڤێتەرنەری (بەیتەری) لە ئەستەمبووڵ لەوێ دەرکراوە لەبەرئەوەی نەیتوانیوە دەستەواژەی "بژی سوڵتان" چەندبارە بکاتەوە و کەرەستە و بابەتی شۆڕشگێڕانەی پێگیراوە وەک کتێبەکانی نامیق کەمال[٤]، کە گەنجێکی عوسمانیی داکۆکیکار بووە لە ئازادی. دۆزینەوەی مەیلی دژە سەڵتەنەت و شۆڕشگێڕیی گوێکئەلپ زۆر ئاسانە، تەنانەت لەم ماوە زووەی سەرەتای ژیانیشیدا.

دووەم قۆناخی ژیانی دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٩٠٨ و ١٩١٨وە، سەرەتا بە ئامادەبوونی لە کۆنگرەی کۆمیتەی یەکێتی و پێشکەوتن یان (کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەقی ــ CUP) لە سالۆنیکا وەک نوێنەری دیاربەکر. قۆناخی سێیەم لە ماڵتا وەک دوورخراوەیەک لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ و ١٩٢١دا. قۆناخی چوارەم و دوا قۆناخ لە ژیانیدا لە نێوان ساڵانی ١٩٢١ و ١٩٢٤دا کاتێ گەڕایەوە بۆ دیاربەکر و *گۆڤاری کوچک مەجمووعە (Küçük Mecmua)*ی بڵاودەکردەوە و لەهەمان کاتیشدا وەک نوێنەری

زێدەکەی خۆی ئەندامی پەرلەمان بوو[٥]. ساڵی ١٩٢٤ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی سوڵتان مەحموود لە ئەستەمبووڵ بە خاک سپێردرا.

## خێزانەکەی

ڕەگ و ریشەی بنەماڵەی زیا گۆیکئەلپ گرنگە، لەبەرئەوەی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەم تورک بووە. حاجی عەلی ئەفەندیی باپیرە گەورەی خەڵکی چەرمکی نزیک دیاربەکرە و لەوێوە هاتووەتە ئەم شارە و تێیدا جێگیر بووە. کوڕەکەشی مفتی حاجی حوسێن سابیر ئەفەندی بوو کە وا کوڕەکەی ئەمیش، تۆفیق ئەفەندی، بوو بە بەڕێوەبەری بەڵگەنامە ڕەسمییەکان (ویلایەت ئەوراق مودیری) لە فەرمانگەی والیدا. زیا دووەم گەورە کوڕی تۆفیق ئەفەندی بوو[٦]، کە دواتر بوو بە بەڕێوەبەری دانیشتوان لە دیاربەکر و پێشتریش بەڕێوەبەری ڕۆژنامە یان غەزەتەی ڕەسمی بوو، کە وا کتێبی ساڵنامەی شاری بڵاوکردەوە[٧]. باوکی کە لە ڕۆژێکی ساڵی ١٨٨٨دا بە کوڕەکەی وتووە نامیق کەمال مەزنترین پیاوی وڵاتە و خۆیشی ڕێک لەو ڕۆژەدا کۆچی دوایی کردووە و وەسێتی بۆ کوڕەکەی کردووە لە سەر ڕێبازی ئەم "نیشتمانپەروەرە مەزن" و "شەیدای ئازادییە" بڕوات[٨].

زیا گۆیکئەلپ لە سەردەستی حاجی حەسیب ئەفەندیی مامی فێری عەرەبی و فارسی و هەروەها هزری ئیسلامیی کلاسیکی بووە[٩] کە وادیارە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە سەر پەروەردە کردنی لە سەرەتاوە. ئەم مامەی ویستی کچەکەی خۆیشی لە زیا مارە بکات و پێدەچێت ئەمە هۆکاری ڕێگریکردن بووبێت لە گۆیکئەلپ کە بچێت بۆ ئەستەمبووڵ و لەوێ خوێندن تەواو بکات. هەروەها حاجی حەسیبیش بووە کە نەیهێشتووە زیای گەنج زۆر

تـێکەڵ بە عەبـدوڵا جەودەت بێـت، کە پزیشـک و یەکێـک لە دامەزرێنەرانـی کۆمەڵە یان کۆمیتەی یەکێتی و پێشکەوتن CUP (یان بە زاراوە عوسـمانییەکە جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەقی) بووە و لە هەمووشـی گرنگتر بەوە ناسـراوە کە بڕوای بە خوا نەبووە[١٠]. هەڵبەت ئەوەش روونە کە خێزانەکەی تاڕادەیەکی زۆر باوکسـالار بـووە و دەکرێـت مەزەنـدەی ئەوە بکەیـت کە زیـا نەک هەر داوای ئازادی بۆ نەتەوەکەی دەکرد، بەڵکو هەمان داوای بۆ خۆیشی هەبوو.

دکتۆر عەبدوڵا جەودەت کە ساڵی ١٨٩٤ وەک پزیشک لە دیاربەکر کاری دەکـرد، رەخـنەی لە ئیسـلام دەگـرت و وای بـۆ دەچـوو کە وا ئـایین بـۆ پشتگیریی تاکڕەوی و ملهوڕیی عەبدولحەمید بەکاردەهێنرا و بەرپرس بوو لە هەژاری و بیری دواکەوتـووی کۆمەڵگەی عوسـمانی. ئەو بۆ قەنـاعەتپێکردنی گوێکئەلـپ لەبـارەی بێهـوودەیی و بێسـوودیی ئـایینەوە کتێبێکـی لەبـارەی بێباوەڕییەوە دابوویە تاوەکو بیخوێنێتەوە. ئەم دکتۆرە ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە وا گـوێکئەلپی فێـری هەمـوو شـتێک کـردووە لەبـارەی فەلسـەفە و زانسـتەکانەوە جـگە لە تـورکیزم یـان تـورکچێتی – کە ئایـدیۆلۆجیایەکە ئەم بەتوندی بەرهەڵستیی دەکرد. وەک پێشتر باسمان کرد و لە ئەنجامی کێشـە و قەیرانێکی فکریـدا، گوێکئەلپ هەوڵـی خۆکوشـتنی داوە و فیشـەکێکی بەسـەری خۆیەوە ناوە و دکتۆر جەودەتیش ئەو کەسە بووە کە ژیانی رزگـار کـردووە، بەڵام لە کاتێکی دواتردا لەوە پەشیمان بووە کە کردوویەتـی و داخـی بۆ ئەوە دەخوارد کە نەیهێشـتووە بمرێت و بەوەش "ئایدیا کۆنەپەرستەکانی لەبارەی تورکچێتییەوە" لەگەڵ خۆیدا لەنـاودەچوو. هەروەهـا جەودەت ئەوەشـی تۆمـار کردووە و وتوویەتی کە وا لەکاتێکدا ئەو زیای وەک شـەخس خۆشویسـتووە، بەڵام دوژمنـی بیـر و بۆچوونەکـانی بـووە کە دەبـوو لە سـەریان لەسـێدارە بدرایە. هەڵبەت هۆکاری تریش هەبووە سـەبارەت بە هەوڵـی خۆکوشـتنی زیـا

وەک خۆشەویستییەکی نائومێدانە و بێئاکام بۆ ئافرەتێک یان ڕێگریکردنی مامی کە بچێتە ئەستەمبووڵ بۆ خوێندن. هۆکارە ڕاست و درووستەکان هەرچییەک بووبن، زیا لە مردن رزگاری بوو و دواتر دەیوت کەوا نووسینەکانی جەودەت "کاریگەریی زیانبەخشیان هەبووە لە سەر ژیانی هزریمان"[11]. ئەمە پەیوەندیەکی سەیر و سەرنجڕاکێشە لە نێوان دوو بیرمەندا کە بە ئەندازەی بایەخدانی نەتەوە و کۆمەڵگە و ئایین ناکۆک بوون و یەکتریان تۆمەتبار کردووە.

گوێکئەلپ ئافرەتێکی خزمی خۆی خواستووە بە ناوی سەبرییە هانم و دوو کوڕیان بووە بە ناوی سەدات و تۆفیق کە هەردوکیان هەر بە منداڵی مردوون. یەکێک لە کچەکانیشی بە ناوی سەنیحە شووی کردووە بە عەلی نەزهەت گوێکسەل کەوا لە گۆڤاری کویچک *مەجمووعە* لە دیاربەکر کاری دەکرد. ناوی دوو کچەکەی تریشی حوڕییەت و تورکان بووە[12]. گوێکئەلپ پەیوەندییەکی تونددوتۆڵی هەبووە لەگەڵ خێزانەکەیدا و ویستوویەتی منداڵەکانی لەو قوتابخانانەدا بخوێنن کە پەیڕەوی ڕێبازی ڕۆژئاواییان کردووە.

## خوێندنی

زیا لە دیاربەکری شاری دایکزادی خۆی چووەتە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییە سەربازییەکان. ساڵی ١٨٩٠ چووەتە قوتابخانەی ئامادەیی دیاربەکر (ئیعدادی) و لەوێ دەستیکردووە بە فێربوونی زمانی فەرەنسی. برا گەورەکەی، نیهاد، کە دواتر بوو بە کۆڵۆنێل لە سوپادا، ئاگای لە کێشە و گرفتەکانی بوو کە لە هەوڵی خۆکوشتنی ئەم برا بچووکەیدا ڕەنگیدابووەوە، بۆیە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە ناردنیدا بۆ ئەستەمووڵ بۆ خوێندن لە

قوتابخـانەی ڤێـتەرنەری. لە ئەسـتەمبووڵ چـووە پـاڵ کـۆمیتەی یەکێتـی و پێشکەوتن (جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەقی)[١٣]، کە ڕێکخراوێک بوو پڕبەپێستی خۆی یەکیدەگرتەوە لەگەڵ بیر و بۆچوونی ئەم تـا سـەرهەڵدانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکەی ئەتاتورک لە ئەنەدۆڵ ساڵی ١٩١٩.

زیـا لە مـاوەی سـالانی خوێندنیـدا و بە هـۆی پەیوەنـدی کردنـی لەگەڵ تـورکە لاوەکانـدا سـاڵی ١٩٠٠ گیـرا و مـاوەی دە مانـگ لە بەنـدیخانەی تاشکشـڵەدا مـایەوە و پاشـان بـرایە بەنـدیخانەی سـوڵتان ئەحـمەد لە ئەستەمبووڵ[١٤]. لەبەرئەوە هەرگیز بڕوانامەیەکی زانکۆی بەدەستنەهێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، توانی ببێتە پرۆفیسۆرێک و ڕۆشنبیرێکی دیار، چونکە ئەوە تاڕادەیەکی گەورە ئاشتەوایی بوو لەگەڵ ناخی خۆیدا. ئەو بەزۆری لەبارەی فەلسـەفە و زانسـتی کۆمەڵایەتی و مێژووی گەلـی تورکەوە دەیخوێندەوە و سێ زمانی بیانی فێربوو، کە زمانی فەرەنسی کاریگەرترینیـان بوو و سـەدان کتێبی بەو زمانە خوێندووەتەوە بۆ فێربوونی سۆسیۆلۆجی و فەلسـەفە. جگە لەوەش، "بە ڕەوانـی و بە هەمـوو وردەکـارییەکیەوە فارسـیی دەزانـی و بەتەواویش عەرەبی فێربووبوو"[١٥]. هەروەها گوێکئەلپ زمانی ئینگلیزیشی لە سەردەستی پیاوێکی ئەرمەنی خوێند بە ناوی بارسەمیان ئەفەندی و هەوڵی بەردەوامـی قـاڵبوونی خـۆی دەدا لە تێگەیشـتنی ئەم زمـانەدا لە کـاتی دوورخراوەییەکەیـدا لە ماڵتـا[١٦]. لە ئەنجـامی ئەمەشـدا دەیتـوانی لە هەردوو جیهانی هزری و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بە ئاسانی گەشتی خۆی بکات، هەرچەندە ئەو هەرگیز سەردانی ئەوروپای ڕۆژئاوای نەکرد و تەنها چووبـووە ئەسـتەمبووڵ و سـالۆنیکا و دواتـریش بـۆ دوورگەی ماڵتـا وەک دیلێکی جەنگ.

## شۆڕشی تورکە لاوەکان و دەرکەوتنی گوێکئەلپ

کــاتێ کە شۆڕشـــی تـــورکە لاوەکـــان لە ســـاڵی ١٩٠٨دا ســـەریگرت، تەلەگرافێک لە ئەستەمبووڵی پایتەختەوە نێردرا بۆ لقی دیاربەکری کۆمیتەی عوسـمانیی ئیتتیحـاد و تەرەقی. لەڕاستیشـدا لقێکـی لەم چەشـنە لەو شـارەدا نەبـوو، بەڵام گوێکئەلـپ وەک سـەرۆکی ئەو کـۆمیتەیە لە زێـد و شـاری دایکزادی خۆیدا رەفتاری کرد و ئەمەش شتێکی سەیر و خۆش بوو لەکاتێکدا کە شـەپۆلی هـاواری "بژی ئـازادی، بژی دەسـتوور" لەلایەن شـەپۆلی خەڵکـی خۆپیشاندەرەوە دەنگیدەدایەوە لەناو شاردا[١٧]. مەسەلەیەکی سروشتی بوو بۆ ئەم بچێتە ژێـر عەبـای ئیتتیحادییەکـانەوە لـە دیـاربەکر، چـونکە لە رۆژگـاری خوێنـدنەوە لە ئەسـتەمبووڵ لەگەڵیانـدابوو و بیـروڕای هاوشـێوەی لەگەڵیـان ئاڵوگۆڕ دەکرد سەبارەت بە مەسەلە سیاسییەکان. ئەو لە کاتی گوێزانەوەیدا بـۆ سـالۆنیکا، کە سـەنتەری ئیتتیحادییەکـان بـوو، مـاوەی ئەو سـاڵانەی لەو شـارەدا بردیەسـەر، رەخسـاندنی شـوێن و ڕێـی نـوێ بـوو بـۆی کە چـاوی بە کاراکتەری ئەدەبیی نوێ بکەوێت. بۆ نموونە، لەمیانەی پەیوەندیی لەگەڵ عەلی جانیبی سەرنووسەری گۆڤاری *قەڵەمە لاوەکان (Genc̦ Kalemler)*، ناسـناوی گـوێکئەلپی بەدەسـتهێنا و ئەم پیـاوە نـاوی نـوێی بنەمـاڵەکەی پێدا[١٨]. لە پـاش ئەوەی بـۆ کـۆمیتەی ناوەنـدیی CUP هەڵبژێـردرا، هەردوکیـان لە بارەگـای حیـزب لە سـالۆنیکا یەکتریـان بینـی و لە بـاخچەی بەیـازقولە *Beyazkule* (تـاوەری سـپی) کەوتـنە بـاس و گفتوگـۆی سیاسـەت. *قەڵەمە لاوەکـان* داوای رزگـارکردنی زمـانی تورکییـان دەکرد لە یاسـا و رێسـاکانی رێزمـانی زمـانی عەرەبـی و فارسـی و وشـە لێکـدراوەکان لە زمـانی تورکیـدا. لە پـاڵ عەلـی جانیـب و زیـا گوێکئەلپـدا عـومەر سـەیفەدینیش یەک لە نووسـەرە هەرە کاریگەرەکـانی گۆڤـارەکە بـوو. گوێکئەلـپ هەوڵ و کۆششـی ئەمـانی زۆر

لاپەسەند بوو و نووسینەکانیانی بەوە لەقەڵەمدەدا کە "بەشێکی زمانی نوێی ژیانێکی نوێیە". دواتر ئەم هۆنراوەیەی نووسی: "هەست و ویژدانی تورکیزم هەر یەکە و ئایین و وڵاتیشی هەر یەکە، بەڵام هەموو ئەمانە چارەسەر دەبن ئەگەر زمان بوو بە یەک"[١٩]، ئەمەش نموونەیەکی کولتووریی یان زمانەوانیی پان تورکیزم بوو.

زیا گۆیکئەلپ بووبوو بە هاوڕێ و دۆستی یونس نادی لە ڕۆژگاری پێکەوەبوونیان لە سالۆنیکا و لەوێ ڕۆژنامەیەکیان دەردەکرد. دواتر لە ساڵی ١٩١٩دا پێکەوە هاوکار بوون لە ڕۆژنامەی *ڕۆژی نوێدا (Yeni Gu¨n)*. لەبەرئەوەی یونس نادی سەرنووسەری ڕۆژنامەی "*جمهورییەت*"ی ڕۆژانە بوو، ستوونێکی ڕۆژنامەوانیی بە ناوی "*چنارالتی*" و ئۆفیسێکیشی دابوو بە گۆیکئەلپ[٢٠].

زیا پێشنیازی چەند پۆستێکی سیاسی لەلایەن حیزبی حوکمڕانەوە ڕەتکردەوە بۆ ئەوەی ببێت بە وەزیر لە حکوومەتدا، کە یەکێکیان پۆستی وەزیری خوێندن و فێرکردن بوو. هەڵبەت بەشداربوونی لە سیاسەتدا و بەتایبەتی ئەندامێتیی کۆمیتەی ناوەندی، بوو بە ڕێنمای خواست و ئارەزووی بۆ کارکردن لە سەر سیاسەتی حکوومەت سەبارەت بە خوێندن و فێرکردن[٢١]. لەمەشدا ئامانجی یەکەمی فێرکردنی نەتەوە و بڵاوکردنەوەی بنەماکانی بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی بوو. جگە لەوەش، سوور بوو لە سەر ئازادیی خوێندن و فێرکردن، بەتایبەتی لە سەر ئاستی زانکۆ و دەیوت "دەوڵەت ناتوانێت زانست دابین بکات"[٢٢]. هەڵبەت ئەقڵی ئەکادیمی و ڕاستگۆییەکەی خستبوویە ریزی یەکەمی زانا تورکەکانی کۆمەڵناسی لە سەدەی بیستەمدا، سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ ئەندامانی تردا بە پانتۆن یان خواوەندی ناسیۆنالیزمی تورکی دادەنران.

زیـا گۆیکئەلـپ وانەی سۆسـیۆلۆجیی دەوتەوە لە خوێنـدنگەی CUP لە سـالۆنیکا[٢٣] پـێش ئەوەی شـارەکە بکەوێـتە دەسـتی گریکەکـان لە سـاڵی ١٩١٢دا و لە نێوان ساڵانی ١٩١٥ و ١٩١٩دا مامۆستای سۆسیۆلۆجی بوو لە فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی ئەستەمبووڵ. نزیکەی هەر لەو سەروبەندەدا بابان زادە ئەحمەد نەعیمی ئیسلامی و یەحیا کەمالی دۆستی گۆیکئەلپ وانەیان دەوتەوە. پاش ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٢١دا لە دوورخراوەیی ماڵتا گەڕایەوە، ئەوەی قبووڵ کرد کە ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی دانان و وەرگێڕان و وەک نوێنەری دیاربەکر بوو بە ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی لیژنەی خوێندن و فێرکردن لە پەرلەمانی تورکیدا. ساڵی ١٩٢٤، زیا گۆیکئەلپ لە نەخۆشخانەی تەقسیمی فەرەنسی لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کرد. بە پێی هەندێک لە تێبینیکەران، ئەو فیشەکەی کە لە هەوڵی خۆکوشتنەکەیدا لە سەریدا مابووەوە، بووبووە هۆکاری مردنی[٢٤]. لەگەڵ ئەوەشدا، لێکدانەوەی تر هەن ئیدیعای ئەوە دەکەن کە بوونی گوللەکە لە سەریدا هیچ کاریگەرییەکی نەبووە لە سەر مردنەکەی و ئەگەری ئەوە هەبووە کە هەوکردنی پەردەی مێشک و شەکەتبوون هۆکار بووبێت. ئەو لە سەروەختی مردنیدا کاری لە سەر *مێژووی شارستانێتی تورکیا* دەکرد[٢٥] کە دەبوو لە پاش مەرگی بڵاوبکرێتەوە. گۆیکئەلپ لە مەزاری سوڵتان مەحموود لە ئەستەمبووڵ نێژراوە و لەبەرئەوەی هیچ میراتێکی بۆ خێزانەکەی جێنەهێشتبوو، ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵای تورکیا مووچەیەکی بۆ خێزانەکەی بڕییەوە. سەبارەت بە کۆچی دوایی زیا گۆیئەلپ، ئەتاتورک دەڵێت "ئەمە زیانێکی گەورەیە بۆ جیهانی تورک"[٢٦].

## ناسنامەی ئیتنیکی

ناسـنامەی ئیتنیکیـی گوێکئەلـپ چ لە لایەن هەوادارانـیەوە و چ لە لایەن رکـابەرانیەوە قسـە و باسـی زۆر لە سـەر کـراوە. ئەمەش لەو راسـتییەوە سەرچاوە دەگرێت کە خەڵکی ناوچەیەکی زۆرینە کوردە و ئەمیش بە یەکێک لە گرنگتـرین بیرمەنـدەکانی ناسـیۆنالیزم دەژمێردرێـت. گەلـێ کەس لەو بـاوەڕەدان کە ئەمە دژواری و پارادۆکسـە. بەهەرحـاڵ، تەنـانەت کە ئەو کوردیش بووبێت، ئەوە بەهیچ کلۆجێک پارادۆکس نیە، چونکە دەستنیشـان کردنی ئەو بە تورکبوون هیچ کاتێ بەتەنها بەند نەبووە بە نەژاد و ئیتنیکەوە، بەڵکو بە پێی رۆشنبیری و ئایین و خۆناساندن دیاریکراوە. بەواتایەکی تر، گوێکئەلپ قەناعەتی وابووە کە وا موسڵمانە تورکزمانەکان و ئەوانەش ئیدیعا دەکەن کە تورکن بە هەر هەموو نەتەوەی تورک پێکدێنن.

سەبارەت بە شوناسی ئیتنیکیی ئەم پیاوە، ئەو راگەیاندنەی لە یەکێک لە نامەکانیدا کە ئاراستەی کچەکانی کردووە، بەڵگە و کلیلی مەسەلەکەیە. ئەو باس لە مودرۆس دەکات لە دوورگەی لیمنۆسی ناو دەریای ئیجە، کە بۆی دوورخرابووەوە پێش ئەوەی بچێت بۆ ماڵتا، هاوشێوەی ئەو شوێنانەی کە وا کوردەکان پێیاندەڵێن زۆزان و لە وەرزی هاویندا بۆ فێنکی رووی تێدەکەن[٢٧]. ئەو لەکاتێکدا کە تۆنی قسەکردنی دۆستانەیە بەرانبەر بە کورد، لەهەمان کاتدا زۆر روون و راشکاوانە دەریدەبڕیت کە ناسنامە و شوناسی ئەو تورکە و کوردەکـانی بە دراوسـێ لەقەڵەمـداوە یـان کەسـانێک کە لە زێـد و شـوێنی دایکـزادی ئەودان و هاونیشـتمانی ئەون، بەڵام بە ئاشـکرا خـۆی بە کـورد دانەناوە بە هۆی پاشخان و باکگراوندە تورکییەکەیەوە، جا ئیتر ئیتنی بێت یان راستی یان خەیاڵ و وێناکردن بووبێت.

لەڕاستیدا، ئەو سوور بوو لە سەر ئەوەی کە خێزانەکەی لە کۆچبەرانی ناوچەی چەرمکی نزیک دیاربەکرن، کە واناسراوە بەزۆری خەڵکی تورکی تێدا نیشتەجێ بووبێتن و باوباپیرانی ئەو لەم شارۆچکە بچووکەوە هاتوون و دەیوت "من بە ڕەگەز تورکم"، بەڵام گرنگ نەبووە عەرەب بووبێت یان کورد، چونکە نەتەوەی ئەو لە سەر پەروەردە بەند بووە[٢٨]. هەندێک لە توێژەران مشتومڕیان لە سەر ئەوە کردووە کە وا زڵێخای دایکی کورد و لە بنەماڵەی برنجیزادە بووە[٢٩] لە دیاربەکر. هەڵبەت برنجیزادە *Pirincِizade* یەکێک بووە لە کەسایەتییە دەوڵەمەند و ناسراوەکانی شاری دیاربەکر و خاوەنی زەویوزارێکی زۆر بووە لە ناو شار و دەوروپشتیدا. ژمارەیەکی زۆری کەسانی سەر بەم بنەماڵەیە چوونەتە پاڵ لقی CUP لە شارەکەدا و چالاک بوون لە خەباتیاندا دژ بە ئەرمەنەکان (سەرچاوە: *ئەمەریکان ویکلی American Weekly*، ٦ی مایسی ٢٠٠٩)[٣٠].

لە وتارێکیدا بە ناوی "نەتەوە چییە؟" کە ساڵی ١٩٢٣ لە گۆڤاری "کویچک *مەجمووعە*"دا بڵاوبووەتەوە، گوێکئەلپ سکاڵای لەدەست خوویەکی خراپی تورکەکان کردووە کە وا هەموو ئەوانەی لە ناوچەکانی دەریای ڕەشەوە هاتوون، بە لاز لەقەڵەمیان داون و ئەوانی لە بەڵکانەوە هاتوون بە ئەلبانی و ئەوانەش کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵەوە هاتوون بە کورد دانراون. ئەگەرچی ئەو هەندێک بەکوردی قسەی کردووە، بەڵام زمانی دایکیی تورکی بووە. جگە لەوەش، کاتێ کە لە ساڵی ١٨٩٦دا هاتووە بۆ ئەستەمبووڵ، خۆی بە تورک داناوە، هەروەها مشتومڕیشی لە سەر ئەوە کردووە کە ئەو زمانە تورکییەی لە دیاربەکر قسەی پێدەکرێت، لە دیالێکتی ئازەری چووە و ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاق قۆینلوو – قەرە قۆینلوو، کە لە بەغدا و

ئەدەنە و باکۆ و تەبریز قسەی پێدەکرێت، وەک گوێکئەلپ جەختی لە سەر دەکردەوە[٣١].

گوێکئەلپ کتێبێکی داناوە لە سەر خێڵە کوردەکان بە ناونیشانی "تـوێژینەوە کۆمەڵایەتییەکـان لەبـارەی عەشـیرەتەکانی کـوردەوە" (*Ku¨rt As¸iretleri Hakkında I˙c¸timai Tetkikler*) کە لەدوای مردنی بڵاوکرایەوە. لەم کتێبەدا، بە وردی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو کوردانە باس دەکات کە لە تورکیادا دەژین و ستروکتوور و پێکهاتە خێڵەکییەکانی بەوانی عەرەب و تورک بەراورد کردووە. هەروەها گوێکئەلپ لەبارەی دیالێکت یان زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردی دواوە وەک کرمانجی و زازا و سۆرانی کە پێویستە بە زمانی سەربەخۆ دابنرێن، لەبەر ئەوەی ئاخێوەرانی هیچ زاراوەیەک لەویتر تێناگات، هەرچەندە هەموویان لە بنەڕەتدا دەچنەوە سەر زمانی کوردیی کۆن. ئەوەی کە بەتایبەتی گرنگە بۆ ئەمڕۆ، کە وا گوێکئەلپ کولتـووری نەتەوەیی هێجگار بەهێزی دۆزیـوەتەوە لە نـاو کرمانجیدا[٣٢]Gurmanc¸، یان کرمانج و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچانە باس دەکات کە زۆرینە کوردن و کە وا "جۆرێک لە فیودالیزم یان دەرەبەگایەتی هێشتا هەر لە هەندێک لە ویلایەتەکانی باشووردا ماون"[٣٣]. بە واتایەکی تر، دەکرێ بڵێین کە وا گوێکئەلپ چاودێریکی وردی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ بووە، بە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئیتنیکییەکەیەوە.

لە نێو شوێنکەوتووانیدا، فندکئۆغلوو دیاربەکری زێدی گوێکئەلپی وا باس کردووە کە شارێکە بوونێکی چڕی توخمەکانی غەیرە تورکی لەخۆگرتووە وەک کورد و زازا و ئەرمەن[٣٤]. دیسانەوە بە گێڕانەوەی ئەمیش، ئیدیعایەک نەبووە کە وا گوێکئەلپ کورد بووبێت و بەپێی ئەم شیکارییەی سەرەوە بێت، دیارە کە فندکئۆغلووش گوێکئەلپی بە تورک داناوە و شانبەشانی بیر و

بۆچـوونی بیرمەنـدەکە خـۆی ڕۆیشـتووە. جارێکیـان زیـا گوێکئەلـپ زۆر هەڵچووە و تووڕەبووە لە سـەرنج و تێبینیی عەلـی کەمالی ڕۆژنامەنووسـی دژە نەتەوەپەرسـتی، چـونکە وای لەقەڵەمـداوە گوێکئەلـپ کـورد بێـت و وای وەڵامـداوەتەوە کە: "مـن ئەگەر تـورک بـم یـان نە، هەر دۆسـتی تـورکم، تۆش ئەگەر تـورک بیت یـان نە ئەوە هەر دوژمنی تورکیت"[٣٥]. ئەوجـا ئەوەشـی بۆ زیـاد دەکـات و دەڵێت ئەو کەسـەی کە وا باسـی خزمەتکاری تورکـان دەکات گـوایە تـورک نـیە، لە زۆڵ بەولاوە هیچیتـر نـیە[٣٦]. کـاردانەوەی گـوێکئەلپی بەعـادەت نەرم و نیـان بەم توندی و ڕەقییە لەبەرانبەر ئەو تۆمەتـانەدا کە وا کوردە، پەیوەستبوونی دەسەلمێنێت بە تورک و ئایدیۆلۆجیای نەتەوەپەرستیی تورکەوە. لێرەدا ناسنامەی ڕاستەقینەی گوێکئەلپ ئەوەندە گرنگ نیە کە خۆی بە تـورک زانیـوە و لە مـاڵەوە بە تـورکی قسـەی کـردووە و تەنـانەت دایـکە بەگریمـانە کوردەکەیشـی هەر بە تـورکی قسـەی کـردووە. لە هەمـوو شـتێک گرنگتر پەیوەستبوونی ئەو بووە بە ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی تورکەوە و لەپێناوی پێشکەوتنی نەتەوەی تورکدا کاری کردووە. بەم پێودانگە بێت، تۆ هیچت بۆ نامێنێتەوە جگە لە خەمڵ و مەزەندەی توانەوەی کورد و عەرەب و ئەلبانییەکان و ئەوانیتریش لە گرووپە ئیتنیکییە ئیسلامییە غەیرە تورکییەکان لە ناو کولتووری تورکیدا.

لە پێناسـەیدا بـۆ نەتەوە، گوێکئەلـپ ئیشـارەت بـۆ گرنگیـی پەروەردە و فێرکردن و کولتوور و ئەو هەستانە دەکات کە لە سـەر ئەم فاکتەرانەی وەک زمـان و ئـایین و مـۆراڵ و سـتاتیکا بنیـاتنراون کە وا کۆمەڵێک خەڵک تێیدا بەشـدارن. بـۆ ئەمەش، ئەو پەنـدەی بە بەڵـگە هێنـاوەتەوە کە خەڵـک تێیـدا هاوبەشـن، "ئەوانەی ئـایین و زمانیـان هەر ئەوانـی مـنە" (*دیلـی دیلـمە، دینـی دینمە*) و بەم پێـیە، نەتەوە یـان میللەتێـک پێکـدێت. جـگە لەوەش، ئایـدیاڵ و

نمـوونه بالآکـان پێویسـتن بـۆ فۆرمەڵەبـوون و شـکڵبەندیی ئایـدیۆلۆجیای نەتەوەیەک. لەلایەکی تریشەوە، ناتوانرێت هیچ نەتەوەیەک یەکسـان بکرێت بە نەژاد یـان رەگەز، چونکە پوختیی رەگەز هەر بۆ ئاژەڵ گرنگە و بە تـایبەتی ئەسـپ و بەرزەولاخ و ئەمە نە بـۆ مـرۆڤ و نە بـۆ ئـایین شـیاو نـیە[٣٧]. جگە لەوەش، هیچ نەتەوەیەک بەرهەمی جوگرافیا و خواستی خۆبەخشـانە نەبـووە، بەڵکو کۆتا ئەنجامی، هاوبەشی بووە لە خوێـندن و کولتـوور و زماندا[٣٨]، کەوا چەقی پێکهاتەی نەتەوەن.

گوێکئەلـپ لە سـاڵی ١٩٢٣دا مشـتومڕی لە سـەر بـنەچەی ناسـیۆنالیزم کردووە و رایەکی دەربڕیوە کە وا هۆشیاریی نەتەوەیی تورک لە پێش ساڵی ١٩٠٨دا نەبـووە، بەڵکـو تەنهـا لەدوای جەنگی لیبیـا و بەڵکـان (١٩١١ – ١٩١٣) ئایـدیاڵی بـالآی نەتەوەیـی لەدایکبـووە و "جـۆرە نەتەوەیـیەکە" سـاڵی ١٩١٥ لە چەناقەلا سەریهەڵداوە و ئەتاتورک ئایدیاکەی لە فۆرمێکی توندوتۆڵ و پتەودا بەرجەسـتە کـرد و کـردیە سیاسـەتێکی نەتەوەیـی/ نیشـتمانی[٣٩]. لە بـۆنەیەکی تریشـدا وتـوویەتی کە وا رابـوونی تـورک لە سـەردەمێکی سـەرەتای سـاڵی ١٨٩٧دا دەسـتی پێکـردووە هاوکـات لەگەڵ بەرپـابوونی جەنگـی تورکی – یۆنانیدا[٤٠]. هەردوک ئەم دوانە خـاڵی وەرچەرخـانی گرنـگ بـوون کە رۆڵیان بینیوە لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی تورکیدا. لە دەمی جەنگی ساڵی ١٨٩٧دا، محەمەد ئەمین یورداکوڵ چامە شیعرییەکەی خۆی نووسیوە و بە "مـن تـورکم" دەسـتی پێکـردووە و لە مـاوەی جەنگـی بەڵکانـدا، تەواوی ئەڵتەرناتیڤەکانی سیاسەتێکی تورکچێتی متمانەی خۆیان لەدەستدابوو، بەدەر لە ئیسـلامیزم، بە هـۆی شـۆڕش و راپەڕینـی گەلە ناموسـڵمانەکانی دەوڵەتـی عوسمانییەوە.

## نموونە باڵاکانی ئیسلامیی – تورکی و هزری سیاسیی ئەحمەد ئەرڤاسی

وا هاتەپێشەوە کە سەید ئەحمەد ئەرڤاسی کاریگەرییەکی قووڵ بەرپا بکات لە سەر لاوان و رۆشنبیرانی مەهەپە MHP، لەبەرئەوەی ئایدیا و بۆچوونەکانی پراگماتی بوون و مۆرک و رەهەندێکی ئیسلامیی بەهێزیان هەبوو کە لەگەڵ خولیا و هەوادارییی سەردەمەکەدا وێکدەهاتەوە. ئەرڤاسی ساڵی ١٩٣٢ لە شاری دۆغۆبایەزیدی زۆرینە کورددا لە ویلایەتی ئاگری لەدایکبووە. بنەچەی خێزانەکە دەگەڕێتەوە بۆ گوندی ئەرڤاس (دۆغانیایکای ئێستا) کە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە شارۆچکەی موکوس (باخچەسەرای ئێستایە) لە ویلایەتی وان. عەبدولحەکیم ئەرڤاسیی باوکی، بەڕێوەبەری گومرگ بووە لە وان و دایکیشی ناوی جەواهێر هانم بووە و باوک و دایکی پێنج منداڵیان هەبووە. ئەحمەدی منداڵ لە دۆغۆبایەزید چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری ئەرزڕووم. ساڵی ١٩٥٢ خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە و ساڵی ١٩٥٨یش ئینستیتیوتی غازیی بۆ خوێندن و فێرکردن تەواوکردووە. پاشان وەک مامۆستا لە شارەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای سەرانسەری تورکیادا خزمەتی کردووە، لەوانە وان، بالیکەسیر، بورسە و ئینستیتیوتی ئەستەمبووڵ بۆ پەروەردە و فێرکردن و دواجار لە ساڵی ١٩٧٩دا خانەنشین بووە[٤١].

ئەحمەد ئەرڤاسی کەسایەتییەکی گرنگە نەک تەنها لەبەر کاریگەرییەکەی لە سەر بازنە و ناوەندە نەتەوەییەکان، بەڵکو لەبەر گفتوگۆ و مشتومڕەکانیشی لەبارەی ناسنامە تایبەتییەکەیەوە، کە لە ناوچەیەکی زۆرینە کورددا ژیاوە و لە بنەماڵەیەکە کە وا رەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر پێغەمبەر محەممەد. بەم پێیە، تورکبوون و کوردبوون و عەرەببوون بە

ئاشـکرا و لەپەنـاوە لە سـەر ناسـنامەی شەخسـی و نەتەوەیـی ئەم پیـاوە ڕەنگیداوەتەوە. شیاوی باسە کە ئاماژە بۆ ڕاستییەک بکەین کە وا تورکبوونی پێ پەسـەندتر بـووە لە دووەکەی تـر و سـەییدی خسـتووەتە پـێش نـاوەکەی خۆی کە فۆرمێکی تورکییە بۆ ڕەچەڵەک بردنەوە سـەر پێغەمبەر. (هەڵبەت نووسـەر لێرەدا بەهەڵەدا چووە، چونکە هەمان فۆرم لای کورد و عەرەب و نەتەوەکانی تریش هەیە – وەرگێڕ).

بەگـوێرەی ڕێبـاز و تێگەیشـتنی ئەرڤاسـی بـۆ ناسـیۆنالیزم، "هـیچ نەژادپەرسـتی یـان نـاوچەگەرێتییەک نەبـووە لە ناسـیۆنالیزمی تورکیـدا" و ئامـانجی کۆتـایی ئیسـلام بـووە. پێویسـتە ئەوە بهێنینـەوە یـاد کە پێغەمـبەر فەرموویەتی نابێت هیچ کەس لۆمە بکرێت لە سـەر خۆشویستنی نەتەوە یان ئـوممەتەکەی و خۆشـەویسـتیی نیشـتمانی باوبـاپیران لە قـووڵیی بـاوەڕەوەیە. ئەرڤاسی ئەرک و پەیامی تورکە موسڵمانەکانی بەوە لێکداوەتەوە کە ڕێنمـا و ڕێپیشـاندەرە بـۆ جیهـانی هـاوچەرخ[٤٢]. هەروەهـا جوداخـوازە کوردەکـانی وا باسکردووە کە تەنها خیانەت لە نیشتمان ناکەن، بەڵکو لە ئیسلامیشی دەکەن. بە هەڵسـەنگاندنی ئەو، ئەگەر تورکەکـان بەهێـزبن، ئەوە جیهـانی ئیسـلامیش بەهێز دەبێت. لەکاتێکدا کە وا کێشەی ڕۆژهەڵات پڕاوپڕ کێشـەیەکی کوردییە، بەڵام هیچ کاتێ لە مێژوودا دەوڵەتێکی کوردی نەبووە و لەوەش گرنگتر لە دوای جەنگی مانزیکەرتەوە لە ساڵی ١٠٧١دا، ناوچەکە بووە بە تورکنشین[٤٣]. کاتێ تورکەکان کۆچ دەکەن بۆ ئەم تورکیایەی ئەمڕۆ، دانیشتوانی ئەم وڵاتە تاڕادەیەک پەرت و بڵاوبوون بێئەوەی ئەم خاکە خاوەنێکی گونجاوی هەبێت، بەواتە بێخاوەن (ساحێبز sahipsiz) بووە.

مێژوونووسە عەرەبەکان ناوی کوردیان لە تورکمانە کۆچەرەکان ناوە و بەم پێـیە تێـرم یـان زاراوەی "کـورد" هـیچ مانـایەکی ڕەگەز یـان نەتەوە

بەدەستەوە نادات. ئەو وەک نموونە ناوی شوکری سەکبان دێنێت، کە یەکێک بـــووە لە کـــۆمەڵەی هاوکـــاریی کـــورد (*کـــورد تەعـــاون جەمعییەتـــی Ku¨rt Teavu¨n Cemiyeti*) و پێی لێدەنێت کەوا کورد میللەتێکی تۆرانین. بە پێی قسەی ئەرڤاسی بێت، توێژەرێکی وەک ویلهێلم رادلۆف دەنووسێت کاتی خـۆی مۆنـۆمێنتێکی کـۆنی تـورک هەبـووە لە سـەر رووبـاری ئەلەگەش لە ئاسیای ناوەڕاستدا و باس لە ئەلپ ئورونگۆی میری کورد دەکات. ئەرڤاسـی ئەوەشـی دەخاتەسـەر کە وا حوسـێن نـامیق ئورکـونی زانـای بەناوبـانگی تورکۆلۆجی لە سەر ئەو رایە بووە کە وا کوردەکان خزمی سەلجووقەکانن[٤٤].

بەهەرحـاڵ، لە ئەنجـامی گەشـە نەکـردن و دواکەوتـوویی لە رۆژهەڵاتـی تورکیـادا کە نەبـوونی قوتابخـانە و خوێنـدەواری بـاڵی بەسـەردا کێشـاوە، خەڵکـانێکی سـەر بە زمـانی تـورکی پەراوێزخـراون و کەوتـوونەتە ئەوەی بە دیالێکتێـک قسـە بـکەن کە تـێکەڵەیەک بێـت لە تـورکی و عەرەبـی و فارسـی. راستییەکەی هیچ کاتێک زمانێک نەبووە بە ناوی زمانی کوردییەوە و ناشبێت. بە پێی هەڵسـەنگاندن و بۆچوونی ئەم کـابرایە، ئیمپریـالیزمی فارسـی هاوکـار بووە لە پەیدابوونی ئەم دیالێکتەدا و لەڕاستیشدا وا بـاس لە شـیعە دەکـات کە ئەمانیش بەشێکن لە ئیمپریالیزمی فارسی. لەبەر ئەم هۆیەشە کەوا ئەو رێبازە سەرەکییەی دەبوو پەیڕەویی بکرێت، مەزهەبی سوننەی ئیسلام بوو[٤٥].

لێـرەدا پرسـیارێک دێتەپێشـەوە، ئەویـش ئەوەیە باشـە ئەگەر کوردەکـان هێندە تەریک و دابڕاو بووبێتن، ئاخۆ چۆن ئێرانییەکان توانیویـانە بەو رادەیە کاریگەرییان لە سەریان هەبێت کە بەفارسیان بکەن؟ هەروەهـا دەبێ ئامـاژە بۆ ئەوەش بکەین کە وا زۆرینەی کورد سوننەن  و شیعە نین، بەڵام سـەر بە قوتابخـــانەی شـــافیعین لە نـــاو ئیســـلامی ســـوننەدا، لەکاتێکـدا کە زۆربەی تورکەکـان سـەر بە رێبـاز یـان قوتابخـانەی حەنەفـین. هەڵـبەت ئەم دۆخە

دووبەرەکیی گەورەی لێنەکەوتووەتەوە لە نێوان تورک و کورددا، چونکە هەردوولایان سوننە بوون. لەبەرئەوە وەسفکردنی ئیسلامی شیعە بە ئیمپریالیزمی فارسی بایەخێکی ئەوتۆی نیە پەیوەست بە مەسەلەی کوردەوە لە تورکیادا. هەرچۆنێک بێت، بانگەشە کردن بۆ تێگەیشتنێکی توند و وشکوبرینگی ئیسلام دەبێتە هۆی جیاکاری دژ بە دانیشتوانی عەلەوی لە تورکیادا.

لە پێناسەی نەتەوەدا، ئەرڤاسی جەخت لە سەر خوێندن و فێرکردنی ئایینی و جوگرافیا دەکاتەوە وەک فاکتەری گرنگی نەتەوەسازی، رێک وەک رەمزی ئۆغوز ئەریک، کە کەسایەتییەکی تری ناسیۆنالیستە، دەڵێت کە دەبوو تورکەکان "جوگرافیا بکەنە نیشتمانی دایک". جگە لەوەش، باوەڕ و خۆشەویستی و ئێتیک و .. تاد، هەر هەموو پێویستن بۆ چەسپاندنی نەتەوەیەک[٤٦]، بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ئایدیا جیاکارییەکانی بەرانبەر خەڵکی غەیرە سوننە قەرەبوو ناکرێتەوە بە جەختکردنی لە سەر نیشتمانێکی دایکی هاوبەش و یەکتر خۆشویستنمان. هەروەها دەکرێت پێشینەی ئێستای دژە سامی لە ئایدیا و بۆچونیدا بدۆزینەوە.

هەروەها مشتومڕی لە سەر ئەوە دەکرد کە پێویستە ئیجرائات بکرێت دژ بە ئیمپریالیزمی ئیسرائیلی، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی تورکیا، چونکە پەیمانی سیڤەر پرۆژەیەکی ئیسرائیلییە. زیاد لەوەش، هەریەک لە رووسیا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا لە رێگەی لەشکری ئاشتییەوە کاریان لە سەر درووستکردنی کێشەی کورد دەکرد لە ناوچەکەدا[٤٧]. بێگومان پێویستە ئەوە بزانرێت کە وا ئیسرائیل لەئارادا نەبووە کاتێ کە رێککەوتننامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠دا ئیمزا کرابوو. رەنگە ئەمە نموونەی وەسفکردنی بێت وەک رواڵەتێکی دوژمنکارانەی ناسیۆنالیزمی نەریتپارێز. هەروەها، دەربڕینی

دژەسامیبوونی کاتێ کە جودایزمی جیهانیی تۆمەتبار کرد بە لووت ژەندنە ناو ئایدیۆلۆجیاکانی جیهانەوە. بۆ نموونە، ئیمیلٚ دۆرکهایمی "جوولەکە" بیر و ئایدیاکانی خۆی لە سەر سۆسیۆلۆجی پەرەپێداوە بە پێی بنەمای بیر و باوەڕەکانی ئەم[٤٨]. بێگومان ئەمانەش چەمک و تێگەیشتنی سادە و ساکار بوون لەبارەی بیر و ئایدیاکانی ئەم فەیلەسووفەوە، جوولەکە بووبێت یان نە. ئەوجا پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە وا ئەم دەمارگرژییە لەبەرانبەر جوولەکەدا لە بۆچوونی ناسیۆنالیزمیی سەرەتای یوسف ئاکشوورا یان زیا گوێکئەلپدا نەبوو.

لە سەرێکی تریشەوە، ئەرڤاسی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە وا قسەکەران بەوەی کە پێیدەوترێت زاراوە یان دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی، وەک کرمانجی و زازا و گۆرانی و سۆرانی و لوڕانی (لوڕی)، ناتوانن لێکتر تێبگەن و تەنها ژمارە لەم زاراوانەدا یەکن و ئەمیش راستییەکەی لە فارسییەوە وەرگیراوە[٤٩]. بە گریمانەی ئەم ئارگومێنتانە و شوێنی دایکزادی، وای بۆدەچین کە ئەرڤاسی بە یەکێک لە دیالێکتە کوردییەکان قسەی کردووە، یان بەلای کەمەوە هەندێک دیالێکتی کوردیی زانیوە. ئەو چەند نموونەیەکی لە زمانی کوردی هێناوەتەوە و بە زاراوەی خێڵەکی وەسفی کردووە (*aşiret ağzı*). بۆنموونە، فەرمانی کوردیی (ڤەرە یان وەرە) لە (گێل ڤەر)ی تورکییەوە وەرگیراوە. ئەرڤاسی، بەپێی پرنسیپی زمان یان رێزمان، چەند و چوون لە سەر ئەوە دەکات کە بنیاتنانی رستەیەک لەم زاراوەیەدا، بەواتا لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ زمانی تورکیدا دەگونجێت [٥٠].

ئەحمەد ئەرڤاسی بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە لە سەر زیندانییەکی سۆشیالیست کە لە بەندیخانەی فەرماندەیی ناوەندیی ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٨٠دا چاوی پێکەوتووە. ئەم دوانە لە پاش کودەتا سەربازییەکەی ئەو ساڵە

پێکەوە گیراون. ئەندام پەرلەمانە سۆشیالیستەکە هۆکاری ئەوەی لێپرسیوە کە بۆچی دان بە سەربەخۆیی میللەت یان نەتەوەی کورددا نانێت. ئەرڤاسی لە وەڵامدا وتوویەتی کە وا ئەو هیچ گرفتێکی نیە لە قبوولکردنی حاڵەتێکی لەم چەشنەدا، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە خەڵکی رۆژهەڵاتی تورکیا بە زمانی تورکە ئۆغزەکان قسەیان کردووە و ئەمەش فۆرمێکی خراپ یان شێواوی زمانی تورکییە[٥١]. تێبینییەکانی تریشی سەرنجڕاکێش بوون لە حاڵەتی بەراورد کردنی ئێرجیش و وان لە رۆژهەڵاتی تورکیا بە ساڤاشتەپە و باڵیکەسیر لە رۆژئاوای تورکیا. یەکێک گریمانەی ئەوەی کردبوو کە ئەگەر وان لە رۆژئاوای تورکیا بووایە، گەشەکردووتر دەبوو، بەڵام لەڕاستیدا مەسەلەکە پێچەوانەیە و ئێرجیش شارێکی پێشکەوتووتر دەبوو لە ساڤاشتەپە سەبارەت بە قوتابخانە و رێگەوبانی.

ئەرڤاسی هەندێ خاڵی سەرنجڕاکێشی هەیە پەیوەست بە مەسەلەی ئیتنیک و نەژاد لە تورکیادا. ئەو لەبارەی ئەو ترسەوە دەدوا کە بە کورد لەقەڵەم بدرێن و لە منداڵیدا لە زێد و شوێنی دایکزادیدا بە خەڵکی جووتیاریان دەوت کورد. بەهەرحاڵ، کاتێ کە چووە بۆ ئەرزڕووم کە وا کەمێک لە رۆژئاواوەیە، بەڵام هێشتا هەر لە رۆژهەڵاتە، خەڵکی ئەوێ هەر بە ناسناوی کورد بانگیان کردووە. کاتێکیش کە مامۆستا بووە لە شاری بورسە لە رۆژئاوای تورکیا، تێبینیی کردووە کە مامۆستایەکی خەڵکی ئەرزرووم لەلایەن باوکی قوتابییەکەوە بە کورد بانگ دەکرێت. لێرەدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە سنووری کوردبوون نادیارە و ئەم تێرمە وەک سووکایەتی پێکردنێک بەکاردەهینرا[٥٢]، بەڵام ئەم سوور بوو لە سەر ئەوەی کە هەرگیز خۆی بە کورد دانەنێت.

هـاوڕێ ناسیۆنالیسـته تورکەکانی جـارانی ئەرڤاسـیی خەڵکـی ئـاگری، که بووبـوونه مامۆسـتا، دەیـانوت "ئێمه چیتـر تـورک نـین، چـونکه ئەوان به هـیچ شێوەیەک به تورکت دانانێن"[٥٤]. لەکاتێکدا که وا ئەم رستەیه تەمومژاوی بـوو، پێدەچوو ئەوان مەبەستیان خەڵکی شوێنەکانی رۆژئاوای تورکیا بووبێت. بەو پێیه، هەنـدێ کەسـی خەڵکـی نـاوچه کوردییەکـان باوەشـیان بـۆ ناسـنامەی کوردی کردەوه وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەوەی به کورد ناویان دەبردن.

ئەرڤاسی به توندی رەخنه له قوتابیانی رۆژهەڵاتی تورکیا دەگرێت که له مـاوەی خوێندنیانـدا له زانکـۆ له تـورکی نەتەوەپەرسـتەوه وەرچەرخـان بـۆ جوداخـواز[٥٥] و لـۆمەی کۆسـمۆپۆلێتیی شـاره گەورەکـان دەکـات و له هەمـان کاتیشـدا کەموکـوڕیی خوێنـدن و فێرکردنـی گونجـاو سـەبارەت به نەژاد و نەتەوه. هەروەها مشتومڕ له سـەر ئەوەش دەکات که وا "رۆڵەکانی ئەنەدۆڵ" تووشـی تەریکبـوون و نـامۆیی هـاتوون له شـاره گەورەکانی ئەسـتەمبووڵ و ئەنـقەره و ئیزمیـر و ناوچەکـانی سـنووری رۆژهەڵاتـی تورکیـا. بەلای ئەوەوه ئیمپریـالیزم کەوتووەتەکـار له رێگەی قوتابخـانه فەرەنسـییەکانی وەک سـانت بینـۆ و سـانت میشـێل یـان خوێنـدنگه سـانەوییەکانی ئەڵمـانی و نەمسـایی و ئیتالی بەتایبەتی له ئەستەمبووڵدا و "دەستی زایۆنیزم" و ئیمپریالیزمی فارسی له پشت ئەم پیلانانەوەن[٥٦] و بەم ئایدیا و هەڵوێستانەشی جارێکی تر خولیـا و هەڵوێسته دوژمنکارانەکەی ئەنتی سامی و ئەنتی شیعه ئاشکرا دەبن.

ئەرڤاسـی بـۆ ئەوەی تورکبـوونی خەڵکـی رۆژهەڵات و باشـووری رۆژهەڵاتـی تورکیـا بسـەلمێنێت، هـۆنراوەی ئێرجیشـلی عەمـرەی شـاعیری سەدەی حەڤدەهەمی ئەنەدۆڵی رۆژهەڵات به بەڵگه دێنێتەوه، کاتێ دەڵێت "ئێمه تـورکین و فەرمـانی تورکیمـان هەیە"[٥٧] (*Biz Tu¨rku Tu¨rklu¨kten fermanımız var*). بێگومـان روون و ئاشـکرایه که له نـاوچەکەدا جـگه له

تـورک، کـورد و عەرەب و ئەرمەن و سـریان پـێکەوە لە نـاوچەکەدا دەژیـن، کەچی ئەرڤاسی پێی باشترە فۆکەس بخاتە سەر میراتی تورک لە رۆژهەڵاتی تورکیـادا و سـەرباری ئەوەش، هەوڵیـداوە بیسـەلمێنێت کە وا زۆربەی زۆری ئەو خەڵکەی کە لەم بەشەی وڵاتدا دەژین بە بنەچە تورکن.

## ئەرڤاسی، لەبارەی ناسیۆنالیزم و ئایین و کۆمەڵگەوە

لە کتێبـی "*پرنسـیپەکانی ناسـیۆنالیزمی پێشـکەوتووی تـورک*"، کە سـاڵی ١٩٦٥ بڵاوبووەوە، ئەرڤاسی بانگەشەی بۆ ناسیۆنالیزمێکی ئاشتیخواز دەکرد کە نەتەوەکـانی تـری خۆشـبوێت و پاڵپشـتیان بێـت. تێگەیشـتنی ئەو بـۆ نەتەوەپەرسـتیی تـورکی بینینـی سـەرجەمی مرۆڤـایەتی بـوو بە خۆشـی و بەختـەوەری و هیـوای دەخواسـت کە هـیچ سـتەمێک نەبێت لە نێـوان نەتەوە جیاجیاکاندا[٥٨]. هەروەها ئەو بیرۆکەیەی رەتکردەوە کە نەتەوە و ئایین خەڵک دابەش بکەن، بەڵام سـووربوو لە سـەر ئەوەی کە وا پێویسـتە مـافی مرۆڤـی "خزمەکانمـان" بپارێزرێـت لە رێـگەی یاسـای نێـودەوڵەتییەوە. بەلای ئەوەوە دەبێـت کێشـە ئـابووری و کۆمەڵایەتییەکـان چارەسـەری زانسـتییان بـۆ بـدۆزرێتەوە، نەک رەچەتەی لاهـووتی و مەزهەبـی. جـگە لەوەش، نابێـت پابەندی هـیچ حیـزب و تاکێک بیت و بێگومـان مەبەستی ئەتـاتورک و پـارتی گەلـی کۆمـاری بـووە. هەروەهـا ئەرڤاسـی بانگەشـەی بـۆ ئـازادیی ئەکـادیمیی تەواو دەکـرد کـاتێ کە دەیـوت: "پێویسـتە خوێنـدن و لێکـۆڵینەوەی زانسـتی بەتەواوی خـۆڕایی بێـت"[٥٩]. سـەبارەت بە خـاڵی دواییـان، ئەم رێبـازێکی هاوشـێوەی رێبـازی زیـا گـوێکئەلپی هەبـوو، سـەبارەت بە پاراسـتنی ئەو تورکانەش کە لە دەرەوەی تورکیا دەژین، لایوابوو کەڵەکەبوونێکی کولتووری

و مرۆڤانەی میانڕەوی پان تورکیزم هەیە بێئەوەی داکۆکی لە هیچ تورکێک بکات بۆ دامەزراندنی یەک دەوڵەتی تۆرانی.

هەروەها ئەرڤاسی بڕوای وایە کە هەموو پەرستگەکان پێویستە پڕبن لە زانست و کاروباری هاوچەرخ. بەهەمان شێوەش ئیشارەتی بۆ ئەوە دەکرد کە وا ناسیۆنالیزم پێویستە لە ڕێگەی شانۆ و سینەماوە گوزارش لەخۆی بکات، نەک بەرە و سەنگەرلێکترگرتن یان دوژمنکاری. بەلای ئەوەوە جێی داخ بوو کە وا رۆشنبیران زۆر بایەخ بە کولتووری نەتەوەیی نادەن. زمان بایەخێکی تایبەتی هەبوو لای ئەو، چونکە دەبێتە هۆکاری پەیوەندی کردن لە نێوان تورکی جیهاندا، بەوانەشەوە کە لە قوبرس و تەراکیای رۆژئاوا و کەرکووک و ئازەربایجان دەژین[٦٠]. هەڵبەت بەردەوام لە نووسینەکانیدا بایەخی بە تورکەکانی دەرەوە دەدا.

ئەرڤاسی ئارگومێنتی لە سەر ئەوە دەکرد کە وا ئیمپریالیزم لە ماوەی دوو سەدەی رابوردوودا هەوڵیداوە جیهانی ئیسلامیی تورکی قووت بدات و هەردوک کۆمۆنیستی سوور و ئیمپریالیزمی رەشی بە هەمان ئاست و پلەی مەترسی دەزانی و پێیوابوو لە ڕێگەی ئیمپریالیزمی کولتوورییەوە، گەلی تورک لە ئایین و نەتەوەی خۆی تەریک و نامۆ کراوە. ئەرڤاسی ئیدیعای ئەوە دەکات کە لە رابوردوودا ئیمپریالیزم ماسۆنییەکانی وەک جەمالەدین ئەفغانی و محەمەد عەبدەی بەکارهێناوە بۆ شێواندنی ئایینی ئیسلامیی جیهانی لە ڕێگەی چاکسازیی ئایینەوە بەپێی سترۆکتوور و پێکهاتەی نەتەوەیی. لەلایەکی ترەوە، ماسۆنییەکان برایانی موسڵمان یان جەماعەتی ئیخوان موسلیمینیان درووستکرد بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بیر و ئایدیایەی کە وا نەتەوە نییە لە ئیسلامدا. لەڕاستیدا برایەتیی ئیسلامی نکووڵیی لە نەتەوەگەرا یان ناسیۆنالیزم نەکرد وەک کۆمۆنیست و ماسۆنییەتی

نێـــونەتەوەیی و بەو پێـــیە کەمـــپ و بەرەی درووســـتکراو لە نێـــوان ئیسلامییەکان و ناسیۆنالیستەکاندا هاتە ئاراوە. بە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ئەو، بیرۆکە و بۆچوونەکە لە واقیعدا دژ بەیەک نەبوون و بگرە یەکتریشیان تەواودەکـرد، چـونکە وەک ئەو دەیـوت، "تورکبـوون جەسـتەیە و ئیسـلامیش ڕۆحەکەیەتی"[٦١]. بەهەرحاڵ، لەبری تێکەڵکردن و لێکئاڵاندنی تورک و ئیسـلام، چەمک و تێگەیشتنی ئایدیاڵ یان نموونەی باڵای تورکی – ئیسلامی دەبوو ڕەچـاو بکـرایە[٦٢]، کە وای پێناســە دەکـات بەهێزکردنـی نەتەوەی تـورک و بەرزکـردنەوەی بێت لە ڕێگەی ئیسـلامەوە و بەپێچەوانەشـەوە[٦٣]. پێدەچێت ئەرڤاســـی بە هەردوو ئاڕاســـتەکە کـــاری کردبێـــت کـــاتێ کە هەوڵـــی درووستکردن و ئاوێتەکردنی ئایدیا و سیمبۆڵی نموونەیی تورکی – ئیسـلامی دەدا بەو شێوەیەی کە خۆی بە گونجاوی دەزانین.

هەروەها توخمێکی ڕەگەزپەرستی لە ئایدیا و بۆچوونیدا هەبوو، چونکە چەنـــدوچوونی لە ســـەر ئەوە دەکـــرد کە وا راســـتییەکی ڕەگەزپەرســـتیی بایۆلۆجی لە جیهاندا هەیەو ئیسلامیش نکووڵیی لەم راستییە نەکردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دژی باڵادەستیی نەژادی بوو و تێرمی ڕەگەزی کۆمەڵایەتیی (*ic¸timai ırk*) هێنـابووە ئـاراوە، بەواتـای هۆشـیاری بە یەکێتیـی ڕەگەزی کـۆمەڵایەتی، کە بریتیبـوو لە کـۆی کەڵەکەبـووی توخمەکـانی ڕەچەڵەک و جوگرافیـای کولتـووری. ئەو وایـدەبینی کە وا "خەڵکـی بیـانی بەکـۆمەڵ نەچـوونەتە سـەر ئـایینی ئیسـلام"[٦٤]. لەڕاسـتیدا جۆرێـک لە نەژادی تـورک هەبـوون بەم خەسـڵەتانەی خـوارەوە: ژنـان بە ئەبـرۆی کە وانەیـی چەشـنی هیلال و دوو چاوی وەک هی ئاسک و پیاوانیشیان بە سینگی چەشنی گا. ئەو بـاوەڕی وابـوو کە پێویسـتە ئەم خەسـڵەتە بایۆلۆجیـانەی تـوخم بپـارێزن لە ڕێـگەی هاوســەرگیرییەوە لەگەڵ ئەو تورکـانەی کە لە نـاوچە دوورەکـانی

جیهاندا دەژین. دواجاریش دەبێت رەگەزی کۆمەڵایەتی بە یەکێتیی خوێن و رەگەز بەهێز بکرێت. تێکەڵکردنی نێوان تورک و ئەمریکی و تورک و ئەڵمان لە خزمەتی بەرژەوەندیی نەتەوەدایە و لە ناو نیشتمانیشدا پێویستە برەو بە هاوسەرگیری بدرێت بۆ بنەبڕکردنی ناکۆکیی ناوچەیی و خێڵەکی و ئیتنیکی[٦٥].

ئەرڤاسی توخمی پان تورکیزم لە بیر و ئایدیاکانیدا هەبوو، چونکە بانگەشەی بۆ یەک زمانی تورکی و یەک دەوڵەت و یەک ئاڵا و یەک سەرکردە لە سەرانسەری جیهانی تورکزماندا دەکرد و دەیگوت کە وا بەدرێژایی مێژوو، یەک نەتەوەی تورک و یەک دەوڵەتی تورک هەبووە تا ئەمڕۆ لە تورکی هوونەوە تا تورکی ئاسمان (*Go¨k Tu¨rk*). لەڕاستیدا، بەردەوام ئەم رۆحییەتە هەبووە و چەمکی دەوڵەتی هەتاهەتایی هەبووە (*Devlet – i ebet mu¨ddet*). هەروەها رەخنەی لەو شێوە مامەڵەیەی مێژووی تورک هەیە، لە هەوڵدانیدا بۆ سەلماندنی تورکبوونی شارستانێتییەکانی ئەنەدۆڵ وەک حیتییەکان *Hittites* و سووریشە لە سەر ئەوەی کە "ئاسیای ناوەڕاست هیچ پەیوەندییەکی بە حیتییەکانەوە نیە"[٦٦].

بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هیچ دژوارییەک لە نموونە باڵاکەیدا نەبووە، کاوسئۆغڵوو وەک بەڵگە دێنێتەوە کاتێ وتوویەتی کە وا تورکەکان تەنانەت لە سەردەمانی پێش ئیسلامیشەوە بڕوایان بە یەک خودا هەبووە، واتە خودای ئاسمان (*Go¨ktann*) و لەئەنجامی ئەوەشدا، هیچ ئایینێک پێویستییە رۆحییەکانی تورکی پڕنەکردووەتەوە. ئەرڤاسی تاڕادەیەک بیرێکی شۆڕشگێڕانەشی هەبووە کاتێ کە وتوویەتی لەبەرئەوەی بیر و باوەڕی کۆنی تورک بە رادەیەکی گەورە لە ئایینە یەکتاپەرستەکان چووە، بۆیە ئەگەرێکی بەهێز هەبووە کە پێغەمبەرێک بنێردرێت بۆ تورکەکان و بەو پێیە، وەک ئەرڤاسی مشتومڕی لە سەر دەکات، تەنها ئیسلام تینوێتیی تورکی شکاندووە.

ئەوجا بە هەڵسەنگاندنی ئەم، ئەو تورکانەی کە نەچوونەتە سەر ئایینی ئیسلام وەک هەزارە، پێچنێک، ئوز، هەنگاری و بولگارەکان، هەر هەموو لە ناو میللەتانی چواردەوریاندا تواونەتەوە. دووپاتیشی دەکاتەوە کە ئیسلام نەتەوەی رەتنەکردووەتەوە، بەڵام تورکەکان پەرەیانگرتووە و گەیشتوونەتە حاڵەتی تێکەڵەیەکی نوێ و بەپێی نەریتی تورکانەی (ئوێرف – توێر) میللەتەکە شێوازێکی تایبەت بە خۆی وەرگرتووە[٦٧] تەنانەت لە ناو شارستانێتی ئیسلامیشدا.

بە گەڕانەوە بۆ ڤانی محەممەد ئەفەندیی زانای سەدەی حەڤدەهەم کە تێبینی دەردەبڕێت لە سەر ئایەتی(٥ : ٥٤)ی سوورەتی مائیدە لە قورئاندا کە وا دەقەکەی وا هاتووە:

"ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، ئەگەر هەر کەسێک لە ئێوە لە باوەڕی خۆی پەشیمان بووەوە، ئەوە هەر زوو خودا خەڵکێک رادەسپێرێت کە خۆشیدەوێن و ئەمانیش ئەویان خۆشدەوێت، لەگەڵ باوەڕدارانی بەهێزدا دژ بە هەڵگەڕاوەکان، لەپێناوی خودادا دەجەنگن".

ئەم ئایەتە لە لایەن ڤانی ئەفەندیی زانا و هەروەها لە لایەن ئەرڤاسییەوە وا لێکدراوەتەوە کە ئاماژەیە بۆ تورک[٦٨]. ئەم راڤەکردن و لێکدانەوەیە هاوکاری تورکەکان بووە لە متمانە بەخۆکردندا و هەر هیچ نەبێت لای نەتەوەپەرستە موحافزکارەکان و رەنگە لای ئیسلامییەکانیش کە خۆیان وەک شمشێری خودا ببینن.

ئەرڤاسی هەوڵیدەدا جیهانبینییەکی ئایینی دابڕێژێت و مشتومڕی ئەوەی دەکرد کە ئازادی هیچ ناگەیەنێت جگە لەوەی کە تەنها کۆیلەی خودا بیت و مل بە هیچ کەسێکی تر نەدەیت. فەلسەفە ناتوانێت بەختەوەری بۆ مرۆڤایەتی

ببێنێت. وەک چۆن لە پشت تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە کە ئیلهام و مەزەندە و سرووش هاتوونەتە گۆڕێ.

ناکرێت شارستانییەت سێکولار بێت، وەک چۆن کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان بەکاربردن تێیدا لەبرەودایە و ڕۆحیان بە بەتاڵی هێشتووەتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم دید و بۆچوونەی، وەک باسی دەکرد کە وا کتێبە پیرۆزەکان لە سەرانسەری جیهاندا هەمیشە پڕفرۆشترینن[٦٩]. هەروەها ئەو دروشمە ئیسلامییەی بەکاردەهێنا کە ڕوانگەیەکی نەتەوەیی هەبوو، "کە هەق دێت ناهەق هەڵدەوەشێتەوە" (*Hak gelince batıl yokolur*) و ئەوەشی دەخستەسەر کە ماتیریالیزم و پۆزیتیڤیزم (المادیة والوضعیة) دوو فۆرمی بتپەرستی بوون[٧٠]. ئەوجا چەندوچوونیشی لە سەر ئەوە دەکرد کە ئەوانەی گاڵتەیان بە شەریعەت دەکرد، نەدەبوو زەکات بدەن[٧١]، بە شێوەیەک کە بە ناموسڵمان باسی دەکردن. ناکرێت ئێتیک سێکولار بێت، بەڵکو ئەمەیان ڕەگی لە ئایین و نەریتدایە، وەک چۆن سزا ئاراستەی ویژدان دەکرێت[٧٢]. لەم بیر و بۆچوونانەدا، پێدەچێت جیاوازی لە نێوان ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزمدا ناڕوون بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگترین سەرچاوەی ئیسلامیزمی بە زەندیق وەسف کردووە، کە ئیبن تەیمییەیە و ستایشی ئیمامی ئەعزەم و بوخاری و غەزالی و ئەحمەد یەسەوی و بیرگیوی و ئەحمەد جەودەت وەک زانای گەورە دەکات[٧٣].

دەکرێت لەم مشتومڕەی سەرەوە ئەوە ڕوونبێتەوە کە وا ئەحمەد ئەرڤاسی داکۆکیی لە ناسیۆنالیزمێکی نەریتپارێزی لە ئایینەوە هەڵقوڵاو دەکرد کە تێکەڵ بوو بە توخمەکانی فەرهەنگ و کولتووری پێش ئیسلامی تورک. بیر و ئایدیاکانی لە "باوەڕە بنەڕەتییەکانی" ئیسلامییەکان نزیکبووبووەوە و ڕەنگدانەوەی مەیل و خولیای ئەو کات و سەردەمە بوو کە تێیدا بیرمەندەکان گوزارشیان لە چوارچێوەیەکی زیاتر موحافزەکار و نەریتپارێز دەکرد وەک

تلیاک بۆ کۆمۆنیزم و رادیکاڵە چەپخوازەکانی ساڵانی ١٩٦٠کان و ١٩٧٠کان. بێگومـان ئەم دۆخە لە دژوارییەکـی زەق و بەرچـاودا بـوو لەگەڵ ئایـدیا و بۆچوونە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکانی زیا گۆیکئەلپدا.

## ئەنجام

ئامـانج لەم باسـە جەختکـردنەوەیە لە سـەر ناسـنامەی کـوردیی دوو لە بیرمەندە گرنگەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی و هەڵوێستیان لەبەرانبەر کورددا و رەتکردنەوەی کوردبوونیان بەدەر لەوەی کە خەڵکی ژینگە و شـوێنگەلێکن کە زۆربەی دانیشـتوانیان کـوردن. لێرەدا گـرنگە ئیشـارەت بـۆ ئەوە بکەیـن کە وا شوناسـی کـورد لە باشـووری رۆژهەڵاتی تورکیـادا پێشـتر وەک ئەمـڕۆ تـاقە شوناسی هەژموونداری نەبووە. بەواتایەکی تـر، شوناسـی کـورد لە دیـاربەکر و ئـاگری و وان، کە شـوێنی دایکـزادی ئەم دوو کەسـەیە، لە سـەدەی بیسـت و یەکدا بەهێزتر و بەسیاسەتکراوی زیاترە وەک لە سـەدەی پێشـوو. ئەم باسـە، کە بەراوردی بیـر و ئایـدیاکانی گۆیکئەلـپ و ئەرڤاسـیی کـردووە و سـەرەڕای مـامەڵە و هەڵوێسـتیان بەرانـبەر بە کـورد لە لایەنـی لێکچـوون و جیاوازییـان دواوە سـەبارەت بە ناسـیۆنالیزم. هەردوو بیرمەنـد خـاوەنی ئاسـتی جیاجیـای پـــان تـــورکیزمن، ئەگەرچـــی بەدڵنیـــاییەوە لای گۆیکئەلـــپ زیـــاترە وەک لە ئەرڤاسی و ئەویان داکۆکیی لە پان تورکیزمی سیاسی دەکرد، بەڵام ئەرڤاسـی دەکرێت وای وەسـف بکەیـن کە پـان تـورکیزمی وەک رێبـازێکی کولتووری و مرۆڤدۆستانە بینیوە. سـەبارەت بە رەیسـیزم یـان رەگەزپەرسـتی، توخمەکـانی ئەم ئایدیایە لە ئەرڤاسیدا دەبینین، بەڵام گۆیکئەلپ دژی رەگەزپەرستی بووە.

به ئەنـــدازەی پەیوەنـــدیی مەســـەلەکە بە مـــافی ژنەوە، بەپـــێچەوانەی ناسیۆنالیستەکانی پێشتری وەک گوێکئەلپ و ئەحمەد ئاغائۆغڵوو، دەبینین کە وا ناسیۆنالیستە موحافزکارەکان بە ئەرڤاسیشەوە ئەوپەڕی نەریتپارێز بوون. بەلای ئەرڤاسـییەوە کـار و فەرمـانی راسـتەقینەی ژن دایکـایەتییە، ئەگەرچـی ئیدیعای ئەوەشی کردووە کە دژی کارکردنی ژن نەبووە، بەڵام دەکرێ ئەمە ببێتە هۆی پشتگوێخستنی خێزان و پەروەردە کردنی نەوەکانی داهاتوو[٧٤].

ئەحمەد ئەرڤاسی وای بۆدەچیت کە جیهانگەرایی و ئینتەرناسیۆنالیزمیی زیا گوێکئەلپ نامۆ و ناتەواوە، چونکە دنیا تاقە یەک شارستانییەتی تێدا نیە. لەڕاستیدا، شارستانییەتەکان بەتەواوی نەتەوەیی/ نیشتمانی بوون، رێک وەک کولتـــوور و فەرهەنـــگ. هەڵـــبەت راســـتیی مەســـەلەکە لەوەدایە کە هەر شارســـتانییەتێک دەشـــێ وا پێناســـە بکـرێ کە وا پـــوختکردنی کولتـــوورە و بەرزکـــــردنەوەی دۆخ و پێگەیەتـــی. لەوەش گرنگتـــر ئەوەیە کە ئیســـــلام ســـەرخان و پێکهـاتەی بـالای هەمـوو مـیللەتە موسـڵمانەکان بـووە، بەڵام لە هەمـــان کاتـــدا کولتـــوور و فەرهەنگـــی نەتەوەیـــی تـــایبەتیش هەبـــووە، وەک تورکی و عەرەبی و ئێرانی و هندی و بەربەری. دواجاریش، هەر فەرهەنگ و کولتوورێک مۆرک و ناوەرۆکی خۆی هەیە و پێویستە پارێزگاریی لێبکرێت[٧٥].

بەراورد کردنـی بیـر و بۆچـوونی ئەو بیرمەنـد و تـوێژەرانە تەنهـا هەر وێنەیەکـــی روونـــی پەرەســـەندنی ناســـیۆنالیزمی تورکیمـــان نـــاداتێ لە ئایـدیۆلۆجیایەکی سـێکولار و پێشـکەوتنخوازەوە بـۆ بیرێکـی نەریتپـارێزی باوکانە یان پاتریارکی، بەڵکو رەتکردنەوەی کوردبوونیشـە لە سـەر ئاسـتی شەخسـی و نەتەوەیـی لەلایەن ناسیۆنالیسـتە تورکەکـانەوە. هەڵبەت پێویسـتە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە زیا گوێکئەلپ پەرەسەندووتر و ئاستبەرزتر بووە لە ئەحـمەد ئەرڤاسـی، لەبەر ئەوەی زمـانی فەرەنسـیی زانیـوە و روانگەیەکـی

زانستی و ئەکادیمیی بۆ نەتەوەی تورک رەخساندووە وەک مامۆستا و فێرکارێک بۆ هەموو خەڵک، لەکاتێکدا کە ئەرڤاسی هیچ زمانێکی بیانیی نەزانیوە و دید و دنیابینییەکی زیاتر ناوچەیی بووە و بە چاوێکی جیاکاری لە شیعە و خەڵکی ناموسڵمانی روانیوە و پێداگر بووە لە سەر نەبوونی گەلی کورد. لەملاشەوە، زیا گۆیکئەلپ رەگەزپەرستیی رەتکردووەتەوە و لای کەمەکەی حەزی کردووە دان بە گەلی کورددا بنێت. بەکورتی، شیکردنەوەی بیر و ئایدیای ئەم کەسایەتییە گرنگانە مامەڵە و تێڕوانینێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ناسیۆنالیزمی تورکی و رکابەریی هەردوک ناسنامەی تورکی و کوردی لای رۆشنبیرانی تورک لە سەدەی بیستدا.

## سەرچاوە

گۆڤاری توێژینەوە تورکییەکان، ٢٠١٣
بەرگی ١٤، ژمارە ٢، لاپەڕە ٣٩٤ – ٤٠٩
ناوی باسەکە: ناسنامەی کوردیی بیرمەندەکانی ناسیۆنالیستی تورکی: زیا گۆیکئەلپ و ئەحمەد ئەرڤاسی لە نێوان ناسنامەی تورکی و نەژادی کوردیدا
نووسینی: ئومون ئوزێر
بەشی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
زانکۆی تەکنیکیی ئەستەمبووڵ

Turkish Studies, 2013
Vol. 14, No. 2, 394 – 409
The Kurdish Identity of Turkish Nationalist Thinkers: Ziya Gökalp and Ahmet Arvasi between Turkish Identity and Kurdish Ethnicity
Umut Uzer

Department of Humanities and Social Sciences, Istanbul Technical University, Istanbul, Turkey.

## سەرنج و تێبینیەکان

*** بەداوای لێبووردنەوە پەراوێزە تورکییەکان هەر وەک خۆیان دادەنێمەوە لەبەر نەزانین و ناشارەزاییم لە زمانی تورکیدا – وەرگێڕ.**

١- بۆ ناسیۆنالیزمی موحافزەکار، بڕوانە عوزێر، *"زانستی رەچەڵەکناسیی ناسیۆنالیزمی تورکی"*، ل ١٢٤ - ٣٠.

2. Fındıkoglu. *Sosyalistler XIII Ziya Go¨kalp,* 132 and U¨lken, *Ziya Go¨kalp, xii – xiii.*

3. Go¨ksel, *Ziya Go¨kalp'ın nes¸redilmemis¸ Yedi Eseri ve aile mektuplan,* 37, 75.

4. Fındıkoglu, *Sosyalistler XIII Ziya Go¨kalp,* 132.

٥ - هەمان سەرچاوە، ل ١٣٢

٦. Erisirgil, *Bir Fikir adamının Romanı*, ٢٣ – ٢٤.

7. Ulken, *Ziya Go¨kalp*, xii.

8. Erisirgil, *Bir Fikir adamının Romanı*, 26.

٩ - هەمان سەرچاوە، ل٣٢ .

١٠. Sapolyo, *Ziya Go¨kalp*, ٤١– ٤٢.

١١. Erisirgil, *Bir Fikir adamının Romanı*, ٣٦, ٣٨ – 39, 185.

١٢. Sapolyo, *Ziya Go¨kalp*, ٥٤, ٥٩ – ٦٠.

13. Ulken, *Ziya Go¨kalp*, xii – xiii.

14. Erisirgil, *Bir Fikir adamının Romanı*, 43, 45, 53.

15. Go¨ksel, *Ziya Go¨kalp'ın nesredilmemis¸ Yedi Eseri ve aile mektuplan*, 74.

16. Go¨kalp, *Limni ve Malta Mektuplan*, 7, 19, 79.

17. Erisirgil, *Bir Fikir adamının Romanı*, 57– 58.

18. Fındıkog˘lu, *Ziya Go¨kalp ic¸in yazdıklarım ve so¨ylediklerim*, 38.

19. Erisirgil, *Bir Fikir adamının Romanı*, 71, 73, 75.

20. Fındıkoglu. *Sosyalistler XIII Ziya Go¨kalp*, 64.

٢١. هەمان سەرچاوە، ل ٨٣

٢٢. Baltacıoglu, *Ziya Go¨kalp*, ٢٠٨. بالتەچیئۆغلوو، "زیا گویکئەلپ"، ل ٢٠٨

23. Ulken, *Ziya Go¨kalp*, xiv.

24. هەمان سەرچاوە xv – xvi و *Erisirgil, Bir Fikir adamının Romanı*, ١٠٢ل.

٢٥ – شاپۆلیۆ، "زیا گویکئەلپ"، ل ٢٢٣، ٢٣٠ – ٢٣١ ؛ گویکئەلپ، "مێژووی سارستانێتی تورک *Tu¨rk Medeniyeti Tarihi*.

٢٦ – هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٢ – ٢٣٣

٢٧ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٣ ، مێژووی نامەکە دەگەڕێتەوە بۆ ١٥ / ٩ / ١٩١٩ .

٢٨. Eris¸irgil, *Bir Fikir adamının Romanı*, ل ٥٣

بەرکەس، *"ناسیۆنالیزمی تورکی وشارستانێتی رۆژئاوا"*، ل ٤٤.

٢٩ – هەید، *"دەزگای ناسیۆنالیزمی تورکی"*، ل ٢١. شاعیر جاهید شوکری تارانجیش لە بنەماڵەی برنجیزادە بووە.

٣٠ – ئونگۆر، *"کاروباری خێزان Family Matters"*

٣١ – بەرکەس، *"ناسیۆنالیزمی تورکی و شارستانێتی رۆژئاوا"*، ل ٤٣.

٣٢ – گوێکئەلپ، "کورد *Ku¨rt* "، لاپەڕەکانی ٣٦، ٣٩، ٤١، ٤٨ – ٤٩، ٥٢.

٣٣ – پارلا، "*بیر و بۆچوونی کۆمەڵایەتی و سیاسیی زیا گوێکئەلپ، ١٨٧٦ – ١٩٢٤*"، ل ٨٦.

٣٤ – فندقئۆغلوو Fındıkog˘lu، لاپەڕە ١٦.

٣٥ – بەرکەس، *"ناسیۆنالیزمی تورکی و شارستانێتی رۆژئاوا"*، لاپەڕە ٣١٤.

٣٦ – هەمان سەرچاوە. هەروەها عەلی کەمال، کە رۆژنامەنووسێکی دژە ناسیۆنالیست بوو، دواجار لە ساڵی ١٩٢٢دا لە ئیزمیت کوژرا لە دەستە و تاقمێکەوە کە جەنەراڵ ساکاللی نوورەدین پاشا سەرپەرشتی دەکردن بە هۆی دژایەتی کردنیەوە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی.

٣٧ – هەمان سەرچاوە، ل ١٣٦ – ١٣٨.

٣٨ – ئوێلکن، *"زیا گوێکئەلپ"*، ل ٨٠ – ٨١ .

٣٩ – بەرکەس، *"ناسیۆنالیزمی تورکی و شارستانێتی رۆژئاوا"*، ل ٦٢ – ٦٤، ١٧٥.

٤٠ – هەمان سەرچاوە، ل ١٧٦.

٤١ – ئەرڤاسی، *"دۆغو ئەنەدۆڵوو گێرچەغی"*، ل ٥.

٤٢ – هەمان سەرچاوە، ل ٦.

٤٣ – هەمان سەرچاوە، ل ٧، ١٣ – ١٤ .

٤٤ – هەمان سەرچاوە، ل ١٥ – ١٦، ١٨، ٢٠ – ٢١ .

٤٥ – هەمان سەرچاوە، ل ٢٧ – ٢٨، ٤٠، ٤٣ .

٤٦ – هەمان سەرچاوە، ل ٥٧ – ٥٩ .

٤٧ – ئەرڤاسی، *"دۆغو ئەنەدۆڵوو گێرچەغی"*، ل ٥٩، ٨١ ، ٨٤ .

٤٨ – ئەرڤاسی، "تورک ئیسلام ئوڵکوسوو"، ل ٦١ .

٤٩ – ئەرڤاسی، *"دۆغو ئەنەدۆڵوو گێرچەغی"*، ل ٥٠ .

٥٠ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٧ – ٣٨ .

٥١ – ئەرڤاسی، *"دۆغو ئەنەدۆڵوو گێرچەغی"*، ل ٣٣.

٥٢ – هەمان سەرچاوە، ل ٥٣، ٥٦.

٥٣ – هەمان سەرچاوە، ل ٦٣، ٦٦.

٥٤ – هەمان سەرچاوە، ل ٦٤ – ٦٥.

٥٥ – هەمان سەرچاوە، ل ٦٩.

٥٦ – ئەرڤاسی، *"تورک ئیسلام ئوڵکوسوو"*، ل ٢٧٨، ٢٨١ – ٢٨٣، ٢٨٥.

٥٧ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٩.

٥٨ – لاپەڕە (٥ – ٦) Arvasi, *Ileri Turk milliyetciliginin Ilkeleri*,

٥٩ – هەمان سەرچاوە، ل ٦ – ٧.

٦٠ – هەمان سەرچاوە، ل ١٣ – ١٥.

٦١ – ئەرڤاسی، *"تورک ئیسلام ئوڵکوسوو"*، ل ٧ ، ٩ – ١٠.

٦٢ – هەمان سەرچاوە، ل ٩٧، ١٥٢.

٦٣ – هەمان سەرچاوە، ل ٦٥.

٦٤ – هەمان سەرچاوە، ل ١٣٦ – ١٣٩.

٦٥ – هەمان سەرچاوە، ل ١٣٦ – ١٣٩، ١٤٢

٦٦ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٢، ٣٤٢، ٣٤٧، ٣٤٩.

٦٧ – هەمان سەرچاوە، ل ٩٣ – ٩٥، ١٠٠.

٦٨ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٦ – ٣٩٧. وەرگێڕانی ئینگلیزیی ئەم سوورەتە لە قورئان وەرگیراوە، وەرگێڕانی: عەبدوڵا یوسف عەلی، ل ٦٩.

٦٩ – ئەرڤاسی، *"تورک ئیسلام ئوڵکوسوو"*، ل ٢٣، ٣٣، ٣٧، ٣٩، ٤٢.

٧٠ – هەمان سەرچاوە، ل ٥١، ٥٩.

٧١ – هەمان سەرچاوە، ل ٩١.

٧٢ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٠ – ٣٩١.

٧٣– هەمان سەرچاوە، ل ٩٦.

٧٤ – هەمان سەرچاوە، ل ١٩٥ – ١٩٦.

٧٥ – هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٦، ٣٠٢، ٣٠٦، ٣١١، ٣١٥.

# بیبلۆگرافی


- Arvasi, Ahmet S. *Ileri Turk milliyetcilig˘inin I˙lkeleri.* Istanbul: Dog˘an Gunes¸, 1965.–

- Arvasi, Ahmet S. *Turk I˙slam Ulku¨su¨*. Istanbul: Turk kultur yayını, 1979.

- Arvasi, Ahmet S. *Dog˘u Anadolu Gerceg˘i.* Ankara: Turk kulturunu arastırma Enstitusu¨, 1988.

- باڵتەچیئۆغلۆو، ئیسماعیل حەققی، "زیا گۆیکئەلپ"، ئەستەمبووڵ: یەنی مەتبەعە، ١٩٩٦.

- بەرکەس، نیازی "*ناسیۆنالیزمی تورکی و شارستانێتی رۆژئاوا: باسە هەڵبژێردراوەکانی زیا گۆیکئەلپ*". نیویۆرک: چاپی زانکۆی کۆڵۆمبیا، ١٩٥٩.

- Erisirgil, Mehmet Emin. *Bir Fikir adamının Romanı: Ziya Go¨kalp.* Istanbul: Remzi, 1984, fp. 1951.

- Fındıkog˘lu, Ziyaeddin Fahri. *Ziya Go¨kalp ic¸in yazdıklanm ve so¨ylediklerim.* Istanbul: Turkiye Muallimler Birligi, 1955.

- Fındıkoglu. *Sosyalistler XIII Ziya Go¨kalp.* Istanbul: Turkiye Harsi ve Ictimai Arastırmalar Derneg˘i, 1966. Go¨kalp, Ziya. *Limni ve Malta Mektuplan.* Prepared by Fevziye Abdullah Tansel. Ankara: Tu¨rk Tarih Kurumu Basımevi, 1965.

- Go¨kalp, Ziya. *Turk Medeniyeti Tarihi*. Istanbul: Kultur Bakanlıgı, 1976, fp. 1925.

-Go¨ksel, Ali Nuzhet. *Ziya Go¨kalp'ın nesredilmemis Yedi Eseri ve aile mektuplan.* Istanbul: Isıl, 1956.

- هەید، ئوریڵ "*دەزگای ناسیۆنالیزمی تورکی: ژیان و خوێندنی زیا گوێکئەلپ*"، لەندەن: لوزاک، ١٩٥٠.

- پارلا، تەها، "*بیر و ئایدیای زیا گوێکئەلپ ١٨٧٦ – ١٩٢٤*". لایدن: ئی. جەی. بریڵ، ١٩٨٥.

- شاپۆڵیۆ، ئەنوەر بەهنان، "*زیا گوێکئەلپ: ئیتتیحاد و تەرەقی و مێژووی مەشرووتییەت*"، ئەستەمبووڵ: ئینقیلاب ئاکا، ١٩٧٤.

- ئوێلکن، حیلمی زیا، "*زیا کوێکئەلپ*". ئەستەمبووڵ: Turkiye Is Bankası، ٢٠٠٧.

- ئوزێر، ئوموت، "رەچەڵەکی ناسیۆنالیزمی تورکی: لە مەدەنی و ئیتنیکییەوە بۆ ناسیۆنالیزمی نەریتپارێز لە تورکیادا". لە کتێبی "*پێکەوەژیانی دژەکان: ناسیۆنالیزمە رکابەرەکان لە تورکیادا*"، ئایشە کادیئۆغڵوو و فوئاد کەیمان، لاپەڕە ١٢٤ – ١٣٠. ساڵت لەیک سیتی: چاپی زانکۆی یوتا – ئەمەریکا، ٢٠١١.

٩

# ئەتـــاتورک و کــــورد

**ئەندرو مانگۆ**

**١٩٢٦ – ٢٠١٤**

نووسەر و رۆژنامەنووس و کتێب دانەرێکی بەریتانییە

○ **ئەندرو مانگۆ** Andrew Mango ، ١٩٢٦ – ٢٠١٤

نووسەر و رۆژنامەنووس و کتێب دانەرێکی بەریتانییە و لە تورکیا لەدایکبووە و یەک لە سێ کوڕی دواتر ناوداری خێزانێکی ئەنگلۆ – رووسیی دەوڵەمەند بووە. خوێندنی لە زانکۆی لەندەن تەواوکردووە و منداڵی و بەشێک لە گەنجی لە ئەستەمبووڵ بەسەربردووە. ساڵی ١٩٤٧ بەیەکجاری شوێنی نیشتەجێبوونی گواستووەتەوە بۆ بەریتانیا و تا مردن لە لەندەن ژیاوە. چەند بڕوانامەیەکی لە زانکۆی لەندەن بەدەستهێناوە و یەک لەوانە دکتۆرایەکە لە ئەدەبی فارسیدا. کاتێ کە خوێندکار بووە لە رادیۆی BBC کاریکردووە و دواتر هەموو کار و فەرمانەکانی لە دەزگای خزمەتگوزاریی دەرەوەدا بووە. ساڵی ١٩٨٦ خانەنشین بووە و ساڵی ٢٠١٤ لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. لەبەرئەوەی پاشخانی خوێندنی لە عەرەبی و فارسیدا بووە بۆی رەخساوە بڕوانامەی ماستەر لە زمانی تورکیی عوسمانیدا بێنێت و دکتۆرایەکی تری لە زانکۆی سواس SOAS لە لەندەن بەدەستهێناوە لە سەر ئەسکەندەری مەزن. ماوەی پێنج ساڵ لە سەر ژیاننامەی ئەتاتورک کاریکردووە. ئەمەی خوارەوە بەشیک لە کتێبەکانێتی:

- لە سوڵتانەوە بۆ ئەتاتورکی تورکیا (٢٠٠٩).
- تورکیا و جەنگی تێرۆریزم (٢٠٠٥).
- تورکەکان لەمڕۆدا (٢٠٠٤).
- ئەتاتورک: بایۆگرافیی دامەزرێنەری تورکیای نوێ (١٩٩٩).
- تورکیا: تەحەدای رۆڵێکی نوێ (١٩٩٤).
- دۆزینەوەی تورکیا (١٩٧١).

ئـاخۆ مسـتەفا کەمـال، کە بـاوکی دامەزرێـنەری کۆمـاری تورکیـایە، بەرپرسـیارێتیی پەیوەنـدیی خراپـی وڵاتەکەی لەئەسـتۆیە لەگەڵ هـاوڵاتییە کوردزمانەکانی؟ جۆن سیمپسۆنی موحەڕیری کاروباری دەرەوە لە ئێستگەی رادیۆی بەریتانی (BBC بی بی سی)دا دەنووسێت:

"لە بواری نەژاد و کولتووردا، تورکیا جۆراوجۆر و ئاڵۆز و تێکهەڵکێشـە. بەهەرحـاڵ، ئەو ئەفسـانەیەی کە ئەتـاتورک بە میـرات بـۆ هاونیشـتمانییەکانی خـۆیی جێهێشـتووە، سـوورە لە سـەر ئەوەی کە وا یەک گرووپـی ئیتنیکی لە تورکیادا هەیە کە ئەویش تورکە، بەڵام لە ئێسـتادا کـاریگەریی ئەم ئەفسـانەیە دەکرێت سەخت و دڵڕەقانە بێت و لە مەودایەکی دووردا سـەرکەوتوو نابێت. لەکاتێکدا کە وا تورکیا دانپیانـانێکی یاسـایی نیە بۆ کەمینەی گەورەی کورد، ئەوە ئەو کێشـەیەی کە نەیـارە کوردەکـان لەگەڵ دەوڵەتـی تورکیـادا هەیـانە، چارەسەر ناکرێت"[١].

هەڵبەت مەترسیی ئەم کێشـەیە نکووڵی لێناکرێت و بەپێی ئەو ژمـارانەی سـەرۆکی بەشـی دژەتێـرۆر لە کۆتـایی حـوزێرانی سـاڵی ١٩٩٨دا پێشـکەش کـراوە، ڕێکخـراوی پەکەکەی کـوردیی ناسیۆنالیسـتی رادیکـاڵ PKK (پـارتی کرێکارانی کوردستان)، تا ئەوکاتە نزیکەی نۆزدە هەزار هێرشـی ئەنجامـداوە لە سەرەتای هێرشە چەکدارییەکەیدا لە ساڵی ١٩٨٤وە. ئەمەش بووە بە هـۆی کوشـتنی ٥١٢١ کەس لە هێزەکانی ئاسـایش و ٤٠٤٩ کەسـی سڤیل، لەکاتێکدا

که ١٧٢٤٨ کەس لەوانەی کە ئەو بە تیرۆریست ناوی بردوون، کوژراون[٢]. سەرەڕای جەختکردنەوەی بەردەوام لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە، کە وا پشتی یاخیبوون شکاوە و ژمارەی پەکەکە لەئێستادا تەنها پێنج هەزار چەکدارن، بەڵام کوشت و کوشتار هێشتا هەر رووڵەهەڵکشانە. هەروەک شوکرو ئێلکداغی باڵیۆزی پێشووی تورکیا لە واشنتۆن، بەم دواییە ئاماژەی بەوە کرد کە وا "کێشەی باشووری رۆژهەڵات" (واتە کێشەی کورد) رەهەندێکی نێودەوڵەتیی رووڵەهەڵکشان وەردەگرێت و هەڕەشەی سەرەکی و تەواو پێکدێنێت کە بەرەوڕووی تورکیا دەبێتەوە[٣]. لەم بارودۆخەدا، روونکردنەوەی سەرهەڵدانی کێشەکە مەسەلەیەکی سیاسیی هەنووکەییە و هەروەها بایەخێکی مێژووییشی هەیە. ئەوجا لەبەرئەوەی کە کردەوە و راگەیاندنەکانی ئەتاتورک هێشتا هەر سەرچاوەی ئیلهامبەخشی سیاسەتی حکوومەتی تورکیایە و مەیلیش بەلای بەکارهێنانێتی بۆ رەوایی پێدانی و هەروەها روونیش بێت لەبارەی هەڵوێستی ئەتاتورکەوە لەبەرانبەر کورددا. مستەفا کەمال پاشا، وەک ئەوەدەمە پێی دەوترا، شارەزایی راستەوخۆی لە ناوچە کوردزمانەکان بەدەستنەهێنابوو تا نیسانی ساڵی ١٩١٦، کە بەرزکرایەوە بۆ پلەی عەمید لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا و نێردرا بۆ دیاربەکر وەک فەرماندەی لەشکری شانزە، کە بەشێک بوو لە سوپای دووەمی عوسمانی و لە تەراکیاوە گواسترابووەوە دوای پاشەکشەی هاوپەیمانان لە گالیپۆڵی. ئەنوەر پاشا، جێگری فەرماندەی باڵای عوسمانی (کە لە رووی تیۆرییەوە گوێزرابووەوە بۆ سوڵتان محەمەدی پێنجەمی بەتەمەن)، نەخشەیەکی بەرفراوانی داڕشتبوو، کە وا سوپای دووەم لە باشووری رۆژهەڵاتەوە و سوپای سێهەم لە باکووری رۆژهەڵاتەوە رێگەی دەربازبوون لە هێزەکانی رووسیا بگرن، کە ئەرزڕوومی داگیرکردبوو و بەرەو رۆژئاوا و باشوور پێشڕەویی دەکرد. نەخشە و پلانەکە شکستی هێنا، بەڵام مستەفا کەمال

سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا و لە ئابی ١٩١٦دا هەردوو شاری مووش و بەدلیسی ناوچەی کوردنشینی لەدەست هێزەکانی رووسیا سەندەوە. پاش ئەوە بە ماوەیەکی کەم، هێرشێکی پێچەوانەی رووسی ناچاری کرد لە مووش دەربچێت و بەرەکە تاڕادەیەک بە ناجێگیری مایەوە تا بەرپابوونی شۆڕشی رووسیا لە ساڵی ئاییندەدا. لە نۆڤەمبەری ١٩١٦دا، مستەفا کەمال بوو بە جێگری فەرماندەی سوپای دووەم، کاتێ ئەحمەد عیززەت پاشای فەرماندە، کە جەنەراڵێکی بە رەگەز ئەلبانی بوو، بە مۆڵەت چوو بۆ ئەستەمبووڵ. لە مارتی ١٩١٧دا، ئەحمەد عیززەت پاشا بوو بە فەرماندەی تەواوی سوپاکانی بەرەی رۆژهەڵات و مستەفا کەمال بوو بە فەرماندەی سەرەکیی سوپای دووەم و لە ناوچەکەدا مایەوە تا تەمووزی ساڵی ١٩١٧ و پاشان کرا بە فەرماندەی سوپای حەوتەم، کە بەشێک بوو لە گرووپی برووسکە (یلدرم) و لە ژێر سەرکردایەتیی جەنەراڵی ئەڵمانی ئێریک ڤۆن ڤاڵکنهاین (کە مارشاڵ بوو لە سوپای عوسمانیدا)، بران بۆ سووریا بە مەبەستی گرتنەوەی بەغدا و دەرهێنانی لە دەستی بەریتانییەکان[٤].

مستەفا کەمال لە نێوان ٧ی نۆڤەمبەر و ٢٤ی دیسەمبەری ١٩١٦دا، لە کاتی خزمەتکردنی لە سوپای دووەمدا، یاداشتی خۆی نووسیوەتەوە[٥] و باسی ئەو کتێبانەی کردووە کە خوێندوونیەوە (رۆمانێکی فەرەنسی و دوو کتێب لە سەر فەلسەفە) و هەروەها بیر و ئایدیای لە سەر توندوتۆڵی لە سوپادا و لەبارەی رزگاربوونی ئافرەتەوە و هەندێک سەرنج و تێبینی لە سەر ئەو دێهاتانەی کە کاول و وێران بووبوون و بەدلیس وای لێکردبوو کە بیر لە شوێنەواری کەلاوەکانی پۆمپێ و نەینەوا بکاتەوە. ئەوجا ئاماژەیەکی کورتی داوە بە مەفرەزەیەکی خۆبەخش، کە شێخێکی نەقشبەندیی ناوچەکە رێکیخستبوو، هەروەها ئاوارە کوردە برسییەکان و کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ

سـەرۆکێکی خێڵەکـی بە نـاوی حـاجی مووسـا کە سـەرکردایەتیی چەکـدارە کوردەکانی موتکیی کردووە. لێرەدا تۆنی دەنگی مستەفا کەمال بە شێوەیەکی بەرچاو جیادەکرێتەوە و بە مەراقێکی سەیرەوە سەرنجی دەوروبەری دەدات، بەڵام هیچ راوبۆچوونێک لە سەر کورد دەرنابڕێت.

بەڵام سـەرۆکی ئەرکـانەکەی، لیـوا عیـززەدین (کە دواتـر بە جەنەراڵ عیـززەدین چاڵشـلەر نـاوی دەرکـرد) وردتـر و روونتـر بـوو لە تۆمـارکردنی یاداشـتەکانیدا[٦]. "لە گوندەکانـدا، پیـاوانێکی زۆر هەن کە دەتـوانن چەک هەڵبگرن"، ئەم سەرنجەی لە ٢ی مایسی ١٩١٦دا دەربڕیوە. "دوژمن بەتوندی فشـاری خسـتووەتە سـەر خـاک و ناوچەکانیـان، بەڵام زۆربەیـان بەرگـری نـاکەن و هـیچ پەیوەنـدییان نـیە بە خزمەتـی سـەربازییەوە. ئەوانە تـورکی نازانن و لە نیاز و مەبەستی حکوومەت تێناگەن. بەکورتی، ئەمانە شوێنگەلێکن هێشـتا داگیرمـان نەکـردوون، لەگەڵ ئەوەشـدا دەکـرێ سـوود لەو خەڵـکە ببینرێت. ئەوان ملکەچی سـەرۆکە خێڵەکی و شـێخەکانیانن کە زۆر کاریگەرن لەم ناوچـانەدا"[٧]. لە ١١ی نـۆڤەمبەری ١٩١٦شـدا، عیـززەدین ئەم سـەرنجەی دەربڕیـوە: "پێویسـتە بە شـێوەیەکی قۆنـاخ بە قۆنـاخ رێکخسـتنێکی سـەربازی درووسـت بکرێت لەنـاو کوردەکانـدا و دەسـت بکرێت بە پێکەوەنـانی یەکەی سەربازی لەو کوردانەی کە تاڕادەیەک بە حکوومەت راهاتوون و هەڵوێستیان دۆستانەیە، لەهەمـان کاتیشـدا پێویسـتە حکوومەت خـۆی رێکبخـات بۆ کـاری زیـاتر و پترکردنـی کـاریگەری"[٨]. ئەمـیش وەک مسـتەفا کەمـال، سـەرنجی هەژاری و دواکەوتوویی داوە لای دانیشـتوانی نـاوچەکە و بەهیـوایە بـارودۆخ "لەم ژینگە خەمناکەدا" بگۆڕێت و دەڵێت کە وا هەر کەسێک لە رۆژئاواوە دێتە رۆژهەڵات (مەبەستی تورکیایە – و) بەرەوڕووی دۆخێکی سەخت دەبێتەوە.[٩]

مستەفا کەمال هاوکارێکی سەربازیی جێمتمانەی هەبوو کە زانیارییەکی باشی هەبوو لە سەر کورد، ئەویش کۆلۆنێل فەخرەدین بوو (کە دواتر بە جەنەراڵ فەخرەدین ئاڵتای ناسرا، کە فەرماندەیەکی بەناوبانگی هێزی سوارە بوو لە جەنگی سەربەخۆیی تورکیادا). فەخرەدین لە سکوتاریی ئەلبانیا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٠٤دا نێردراوە بۆ سوپای چوارەم لە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ، پاش تەواوکردنی کۆلێجی ئەرکان لە ئەستەمبووڵ[١٠]. فەخرەدین ئەم پۆستە وا لێکدەداتەوە کە دوورخستنەوەیە و دەڵێ کە رژێمی سوڵتان عەبدولحەمید گومانی ئەوەی لێکردووە کە هەڵگری بیر و بۆچوونی لیبراڵییە[١١]. بەهەرحاڵ، ئەو لە پاش کودەتاکەی تورکە لاوەکانیش لە ساڵی ١٩٠٨دا هەر مایەوە و لە هێرشێکی سزاداندا بەشداربوو دژ بە خێڵە کوردەکانی چیاکانی دەرسیم (کە ئێستا تونجەلییە)، لە رۆژاوای ئەرزڕوومدا. ئەم هێرشە یەکێک بوو لە چەندین هێرش و پەلامار کە رژێمی تورکە لاوەکان دژ بە خێڵە نەیار و هەڵگەڕاوەکان، لەنێویاندا درووزییەکان و خێڵە عەرەبەکانی یەمەن و ئەلبانییەکان، کە بەلایانەوە ئەم رژێمە دەستوورییە نوێیە هێشتا کەمتر لەئاست چاوەڕوانییەکانیاندایە کاتێ کە لە ژێر حوکمی ملهوڕانەی عەبدولحەمیددا بوون و ئەنجام و لێکەوتەشی سەختتر و قورستر بوو لەو سەردەمە و هەر بە یارییپێکردنێکی دەسەڵات تێی گەیشتبوون.

فەخرەدین داواکاریی وازهێنان لە یاخیبوونی کوردەکانی دەرسیمی قبووڵ کرد، بەو مەرجەی باج بدەن و واز لە دزی و جەردەیی بێنن. بەڵام ئەو رێککەوتنەی کە لەگەڵ سەرۆکێکی خێڵەکیدا کردی، رێگەپێدراو نەبوو و لە یاداشتەکانیدا لەم رووەوە دەڵێت: "ئەو هەرەسهێنانە وای کرد کە پێویست بێت هێرشێکی تری سزادان بکرێ لەم ناوچانەدا لە پاش ٢٨ ساڵ"[١٢]. ئاماژەکە بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی دەرسیمە لە لایەن هێزە چەکدارەکانی

کۆماری تورکیاوه له سالّی ١٩٣٧دا. سالّی ١٩٠٩، فەخرەدین به بەرپرسی ڕێکخستنەوەی فەوجه کوردییه خێڵەکییەکانی حەمیدییه دانرا، که ناوەکەی گۆڕا بۆ فەوجەکانی سوارەی خێڵەکی (*Alaylan Asiret Suvari*). ئەو وا ئیدیعا دەکات که بۆ ئەم فەوجانه ناوێکی تورکیی پێ باشتر بووه، بۆ نموونه وەک "فەوجەکانی ئۆغوز"، به پێی بنەمای ئەوەی که هەندێک لەوانەی خۆیان به کورد لەقەڵەمداوه، به بنەچه تورک بوون، بەڵام مەحموود شەوکەت پاشای وەزیری جەنگی عوسمانی ئەم ناونانەی خستەلاوه[١٣]. له سالّی ١٩١٣دا، فەخرەدین سەرکردایەتیی بەشێک لەم هێزه خێڵەکییانەی دژ به بولگارییەکان کرد له تراکیای ڕۆژهەلاتدا له کۆتایی جەنگی بەلکانی دووەمدا و هەندێک حالەتی ڕاووڕووت لەلایەن کوردەکانەوه روویدا، چونکه "سەربازەکانی ئێمه که تورکییان نەدەزانی، خەلّکه لۆکالّه (تورکەکانیان) لێ تێکچووبوو لەگەڵ بولگارییەکاندا، به هۆی جلوبەرگەکانیانەوه"[١٤]. فەخرەدین دەڵێ که وا فەرمانی کردووه به دز و تالانکەرەکان شمەک و کالا دزراوەکان بگێڕنەوه و له کوشتن ڕزگاری کردوون بەدەست تیمەکانی گوللەباران. بێگومان ڕاوبۆچوونەکانی هاوشێوەی بۆچوونەکانی مێجەر عیززەدینن که وا: کوردەکان ئەلّماسێکی خاو بوون و خاکەکەیان شوێنێکی سەخت و ناهەموار بووه بۆ ئەفسەرێکی تورک، بەڵام دەگونجێت بەرێوەببرێت ئەگەر بزانرێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. کەواته بەشارستانی کردنی ئەم ناوچانه له ڕێگەی خوێندن و فێرکردنەوه دەبێت (به زمانی تورکی – و) بەمەش پابەندی و ملکەچی بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەهێزتر دەبێت. هەمان ئەم ڕێبازه لەلایەن عەبدولحەمیدەوه ئەزموونکرا و بەو خولیا و مەراقەوه قوتابخانەی خێڵ (*مەکتەبی عەشایەر Ashirat Maktabi*) له ئەستەمبووڵ دروستکرا، بەدەر له دروستکردنی فەوجەکانی حەمیدییه (له سەر شێوەی قەوزاقەکانی رووس)[١٥]. لەم قوتابخانەیەدا کوڕانی سەرۆک خێڵەکان سووکایەتییان پێدەکرا و فەلاقه

دەکـران و لە سـاڵی ١٩٠٧دا داخـرا و پێـدەچێت دەسـەڵاتداران درکیـان بەوە کردبێت کە قوتابییەکان مەیلیان بەلای رەخنەگرتنێکی ناسیۆنالیستانەوە بێت بـۆ بەرپـێـوەبەرایەتی[١٦]. عەبدولحەمیـد شکسـتی هێنـا لە پـێکەوە گرێـدانی فێرکردن و خوێندن، کە برەوی پێدەدا و پەستی و ناڕەزاییەکەی، کە بێهودە هەوڵیـدەدا بێنـاوەرۆکی بکـات. بەهەرحـاڵ، تـورکە لاوەکـان و دوای ئەوانـیش ئەتـاتورک، پابەنـدی بـاوەڕ بـوون بە باشـییەکانی فێرکـردن و خوێنـدن لە شارستانییەتدا، بە پێناسەکردنەوەی ناوەرۆکەکەی.

سەرچاوەی بنەڕەتیی خولیا و مەراقی مستەفا کەمال ئەتاتورک، بەهەمان شـێوەی تـورکە لاوەکان، نـامیق کەمالی "شـاعیری ئـازادی" بـوو، کە لە سـاڵی ١٨٧٨دا نووسـیویێتی: "لەکاتێکدا کە پێویسـتە لە سـەرمان هەوڵـی لەنـاوبردنی هەمـوو زمانەکـان بـدەین لە وڵاتەکەمانـدا، جگە لە زمـانی تـورکی، ئـاخۆ هـیچ چەکێکی رۆحی دەبەخشینە ئەلبانی و لاز و کوردەکـان لەرێگەی قۆرخکردنی کەسـایەتییانەوە؟ ... رەنـگە زمـان .. بەهێزتـرین بەربەسـت بێـت و – لەوانەیە چەسـپاوتر و بەهێزتـر بێـت لە ئـایین – دژ بە یەکێتیـی نیشـتمانی". هەروەهـا نامیق کەمال لە شـوێنێکی تـردا دەڵـێ: "ئەگەر قوتابخـانەی رێکوپێـک و نیزامـی دامەزرێنین و ... ئەو بەرنامانە پەیڕەوی بکەین کە تا ئێستا جێبەجێ نەکراون، ئەوە لە مـــاوەی بیســـت ســـاڵدا زمانەکـــانی لاز و ئەلبـــانی بەتەواوی لەبیردەچنەوە"[١٧].

مستەفا کەمال تا ساڵی ١٩١٦ مامەڵەی لەگەڵ خێڵە کوردەکاندا نەکردبوو، بەڵام ئاگـای لە ئەزمـوونی ئەفسـەرە هاوکارەکـانی بـوو و بەتەواوی کـاریگەر بـوو بە ئایـدیۆلۆجیای عوسـمانییە لیبراڵەکـان کە ناسـیۆنالیزمی تـورکی لەنـاو ئەواندا گەڵاڵە بووبوو. ئەو لە ماوەی کاری سەربازیدا مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی خێڵەکیی تر کردووە و ساڵانی ١٩٠٥ – ١٩٠٦ خزمەتی سـەربازیی چـالاک و

کارای لە سووریادا دەستپێکردووە، کە بەشداریی ئۆپەراسیۆنەکانی کردووە دژ بە درووزییە یاخیبووەکان و مەترسیی هەڕەشەی چەرکەسییەکانیشی لە سەر بوو[18]. پاشان ساڵی ١٩١٠ خزمەتی سەربازیی خۆی لە سەرکوتکردنی یاخیبوونی ئەلبانییەکان بەسەربردووە و دواتر لە ساڵی ١٩١١دا خێڵە عەرەبە قەیرەوانییەکانی ڕێکخستووە دژ بە ئیتاڵییەکان. ڕاستەوخۆش پاش دامەزراندنی بە فەرماندەی سوپای حەوتەم لە حەڵەب لە ساڵی ١٩١٧دا، ڕەخنەی لە ڕێککەوتنێک گرت کە لە لایەن کرێس ڤۆن کرێسنشتاین (کرێس پاشا)ی فەرماندەی ئەڵمانی لە غەززە مۆر کرابوو لەگەڵ سەرۆکێکی خێڵەکیی ناوخۆیی عەرەب لە غەززەدا، کە شێخ حازم بوو. لە نامەیەکیدا بۆ فەرماندەی گرووپی برووسکە، ڤۆن فالکنهاین، مستەفا کەمال مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە وا لەکاتێکدا پەیوەندیی لەگەڵ سەرۆک خێڵەکاندا پێویست بوو، ئەوە مەسەلەیەکی ترسناکە کە تاکە یەک سەرۆک جیابکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بکرێت و وا بگەیەنرێت کە ڕیزبەندیی ئەوانیتر لەو نزمترە. بواردان بە کاربەدەستان کە وا بەشێوەیەکی تاک تاک پەیوەندیی لەگەڵ شێخەکاندا ببەستن، تەنها درووستبوونی ئاڵۆزی و پشێویی لێدەکەوێتەوە و لەبەرئەوە ئەم بەشێوەیەکی بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ هەموو سەرۆک خێڵەکاندا دەکات و لای ئەم شێخ حازم لەپێشتر نیە لەوانیتر[19].

توانای مستەفا کەمال بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرۆکە خێڵەکییەکان – کە لەم حاڵەتەدا سەرۆک خێڵە کوردەکانیش دەگرێتەوە – لەوکاتەدا کەوتە بواری تاقیکردنەوەوە کە لە ١٩ی مایسی ١٩١٩دا گەیشتە ئەنەدۆڵ و دەستیکرد بە سازدانی بەرگریی نیشتمانیی تورکیا دژ بە هاوپەیمانان. ئیمزاکردنی ئاگربەسی مودرۆس لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ و بەدوایدا چوونی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ئەستەمبوڵ و چەند شوێنێکی

جیاوازی تر، خولیا و ئاواتی لەناو بەشێک لە سەرکردەکانی کورددا پەیداکرد بۆ ئەوەی مەرامە شەخسییەکانیان بهێنەنەدی بە هاوکاری و یارمەتیدانی بەریتانیا. محەمەد شەریف پاشا، کە وا کاربەدەستێکی عوسمانیی بەڕەگەز کورد بوو و ماوەی جەنگی جیهانیی گەورەی (یەکەم – و) وەک دوورخراوەیەک لە پاریس بەسەربردبوو، لە مایسی ١٩١٩دا بە بەریتانییەکانی ڕاگەیاند کە ئارەزووی ئەوە دەکات ببێتە *ئەمیری* کوردستانێکی سەربەخۆ[٢٠]. لەو دەمەدا لە ئەستەمبووڵ کەسایەتییەکی ناوداری کورد، بە ناوی سەید عەبدولقادرەوە، بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەیەک بۆ بووژانەوە و هەستانەوەی کوردستان (*کوردستان تەعالیی جەمعییەتی*)، کە لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە (*Bedirhanoglulari*)، کە بنەماڵەیەکی میرزادەن لە ناوچەی دەوروبەری دیاربەکر (بۆتان بە زمانی کوردی و جەزیرەی ئیبن عومەر بە زمانی عەرەبی و ئەلجەزیرە بە زمانی تورکیی عوسمانی)[٢١]. کەسایەتییەکی تری بەدرخانییەکان، بە ناوی سورەییا، گیانی بزوێنەری کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد بوو لە قاهیرە، کە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٩دا داوای یارمەتیی بەریتانییەکان کرد [٢٢]. لە سلێمانییش شێخ مەحموودی بەرزنجی، بە گەیشتنی هێزەکانی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٨دا، کەوتە هاوکاری و هەماهەنگی کردن لەگەڵیان و لە ناوچەکانی تری باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵدا سەرۆک خێڵە کوردەکانی لەو خوارتر لەگرنگیدا کەوتبوونە گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ بەریتانییەکاندا[٢٣].

لە ٢٣ی مایسی ١٩١٩دا و چوار ڕۆژ دوای گەیشتنی بە سامسۆن وەک پشکنەرێکی سوپای نۆهەم، مستەفا کەمال داوای ڕاپۆرتێکی بارودۆخی کرد لە ئەحمەد جەودەتی جێگری فەرماندەی فەیلەقی سیانزە لە دیاربەکر. جەودەت لە وەڵامدانەوەیدا، ڕۆژی ٢٧ی مایس، بەوردی باسی چالاکیی

خێڵەکـان و بەریتانییەکـانی کردبـوو لە ناوچەکەیـدا و وتبـووی کە وا یـانەی کـوردان لە دیـاربەکر، کە لە پێنـاوی سـەربەخۆیی کـورددا کاردەکـات، بە شـێوەیەکی رووڵەزیـاد هاوکـاری و هەمـاهەنگی دەکـات لەگەڵ پـارتی هاوپەیمـانی و ئـازادیی عوسـمانیدا (ئیئتـیلاف و حـورییەت، کە لە رۆژئـاوا بە *Entente Liberale* دەناسـرا) و سیاسـەتی لەگەڵ ئەوەی حکـوومەتی ئەسـتەمبووڵدا یەکیـدەگرتەوە. ئەم فەیـلەقەی سـوپا لەنـزیکەوە چـاودێریی پرۆپاگەنـدەی دژ بە حکـوومەتی یـانە کـوردییەکەی دەکـرد. ئەم برووسـکەیە (تەلەگـرام) و ئەو نـامە و برووسـکانەی دواتـر کە لەلایەن مسـتەفا کەمـالەوە دەرچووبـوو لە سـەر کاروبـاری کـورد سـاڵی ١٩٩٦ لە لایەن بەرێوەبەرێتیی مێـژووی سـەربازیی سـەر بە دەسـتەی ئەرکـانی گشـتیی تـورکی (*Askeri Tarih ve Stratejik Etut Basjcanhgi – ATASE*) بڵاوکرایەوە، وەک بەشیک لە زنجیرەیەکی هەڵبژاردە لە ئەرشـیفی تـایبەتی ئەتـاتورک[٢٤]. کتێبەکە پێکهـاتووە لە ٦٧ بەڵگەنـامە، لە مایسـی ١٩١٩وە تـا نیسـانی ١٩٢٠، لەگەڵ فۆتۆکـۆپیی دەقە دەسنووسـە رەسـەنەکاندا کە بە تـورکیی عوسـمانی و بە دەسـت نووسـراوە و هاوکـات کۆپییەکـان کـراونەتە پیتـی لاتینـی و لەگەڵیـان دانراون. بیست دانە لەوانە لەلایەن مستەفا کەمـالەوە ئیمزاکراون، یەکەم وەک پشـکنەری سـوپای نـۆهەم و پاشـانیش سـوپای سـێهەم (لە کـاتی سـەرلەنوێ ژمارەدانان بۆ سوپای نۆهەم، لە پاش رێکخسـتنەوەی)، ئەوجا دوای ئەوەش وەک "پشـکنەری پێشـوو"، دوای ئەوەش وەک سـەرۆکی کـۆنگرەی گشـتی (لە سیڤاس)، دواجاریش "لەبریی دەستەی نوێنەرایەتی (*Heyet – i Temsiliye*، واتە بەرپرسـی جێبەجێکـاری هەمیشـەیی)" کـۆمەڵەی بەرگریکـردن لە مـافە (نیشـتمانییەکان) لە ئەنەدۆڵ و رووملـی. ئەم بیسـت برووسـکەیە وێنەیەکـی روونمـان دەداتێ لە سـەر تاکتیکەکانی مستەفا کەمـال بەرانبەر بە کورد لەو

مـــانگه هەســـتەوەر و ناســـكانەی پـــێش پێکهێنـــانی حکـــوومەتی ئەنجـــومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا لە ئەنقەرە لە نیسانی ساڵی ١٩٢٠دا.

یەکەم برووسکە کە لە لایەن مستەفا کەمالەوە نێردرابێت، لەم کۆمەڵەیەدا لە هافزاوە بووە (لە ناوچەکانی ناوەوە لە سامسۆن) لە ٢٨ی مایسـی ١٩١٩دا بـووە بـۆ چـوار لە سـەرۆک عەشـیرەتەکانی کـورد، کە یەک لەوانە حـاجی مووسـای مـوتکی بـووە و تێیـدا دامەزرانـدنی ئەوی راگەیانـدووە لە لایەن "سوڵتانی گەورە و خەلیفەی شکۆدارمانەوە" و هیوای سەردانی ناوچەکەیان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەردەبڕێت. لەهەمان کاتدا دڵنیابوو لەوەی کە ئەوانەی نامەکەیان بۆ رۆیشتووە، هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ جیهانی دەربخەن کە وا دەکرێــت ســـەربەخۆیی وڵات زەمـــانەت بکرێــت ئەگەر ریزەکـــانی نـــاوخۆ بپارێزرێت و هەموان بەتەواوی ملکەچی دەوڵەت بن (لاپەڕە ١٠ – ١١). هەر هەمان رۆژ، مستەفا کەمال برووسکەیەکی نارد بۆ کامیل، کە نوێنەر بوو لە پەرلەمـانی عوسـمانی و ئەنـدامی یـانەی کـوردی بـوو لە دیـاربەکر. جـارێکی تریش باس لە نیازی خۆی دەکات کە دەیەوێت لە نزیکترین کاتدا سەردانی "دۆستە دێرینەکانی" بکات لە دیاربەکر. لە ئیشـارەتێکیدا بۆ ئەو راپۆرتـانەی باســـیان لە بەرپـــابوونی دوژمنـــایەتی دەکـــرد لە نێـــوان یـــانەی کـــوردی و تورکەکانـدا لە دیـاربەکر، مسـتەفا کەمـال هۆشـداری دەدات کە ئەمە رەنـگە سەربکێشێتەوە بۆ ئەنجام و لێکەوتەی خراپ بۆ هەردوولا "کە برای نەژادیی یەکترن" (*ئیرک کارداش*). لەم رووەشەوە بەردەوام داوا لە کامیل دەکات هانی یانە کوردییەکە بدات کە وا یەکێتیی نیشتمانی پێویستە، چونکە ئەوە بوار بە دوژمنـــی دەرەکـــی دەدات کە ســـوود وەربگرێـــت لەو "گرفـت و کێشـــانە کە پێویستە لە ناو یەک خێزاندا چارەسەر بکرێن، وەک ئەوەی پەیوەندیدارە بە سەرەتا و پرنسیپەکانی بەڕێوەبەرێتی و بەرگری کردن لە مافەکانی رەگەز و

نەژاد" کە ئەمە رەنگە گەورەترین ناپاکی پێکبێنێت (لاپەڕە ١٤). وشـەی "نەژاد" لەوکاتەدا بەولایەدا دایدەشکێنێت کە وەک دەلالەتێک بۆ کۆمەڵگەیەکی نەژادی یان ئیتنیکی بەکاردێت.

بۆ رۆژی ئایینده (٢٩ی مایسی ١٩١٩)، مستەفا کەمال داوای لە دەستەی ئەرکـانی گشـتی کـرد لە ئەسـەمبووڵ بە وردی ئاگـاداری بکـاتەوە کە بەریتانییەکـان لەکـوێ بـرەو بە مەسـەلەی کوردسـتانی سـەربەخۆ دەدەن. هەروەها لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئامۆژگاریی پێویستی داوەتە "ژمـارەیەکی زۆری ئەو میـرە کـوردە بەناوبانگـانەی لە کـاتی جەنگـدا هەڵوێسـت و سـۆزی تەواویـان هەبـووە بۆمـان" (لاپەڕە ١٩). جەواد پاشـای (چۆبانلی) سەرۆکی ئەرکانی عوسمانی، لە ٣ی حوزێراندا وەڵامیداوەتەوە کە ئەنجـامگیریی ئەوە دەکرێت کە وا بەریتانییەکـان ویسـتوویانە حکـوومەتێکی کوردی دامەزرێنن لە نێوان "عێراق و ئەرمینیا و تورکیادا". وەک ئەنجامێک بۆ فشـاری جەنەراڵ ئەللێنبـی، دەبـوو دەسـتەی ئەرکـانی گشـتی رەزامەنـدی دەرببڕێـت لە سـەر هەڵوەشـاندنەوەی سـوپای سـیانزەهەم لە دیـاربەکر و جارێکی تر وەک یەکەی جەندرمە رێکدەخرێتەوە. بە گریمانەی پارێزگاری لەم خەیـاڵ و ئەندێشـەیە، جەواد پاشـا داوای لە مستەفا کەمـال کـرد کە بەئاگـا و وریـا بێـت لە پەیوەندییەکانیـدا لەگەڵ فەیلەقـی سـیانزەهەم و دڵنیابێـت کە وا نـاوەکەی لە نـاوچەی ئەم فەیـلەقەدا ئـاڵوگۆڕی پێنەکرێـت و بڵاونەبێـتەوە (لاپەڕە ٢١).

پەیـامی مسـتەفا کەمـال بـۆ کوردەکـان روون و ئاشـکرایە، بەتـایبەتی لەو برووسـکەیەی کە لە ١١ی حـوزێرانی ١٩١٩دا نـاردوویەتی بـۆ قاسـم جەمیـل پاشـازادە، کە وا کەسـایەتییەکی بەناوبـانگی دیـاربەکر بـووە و تێیـدا رایگەیاندووە کە پلانی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ پیلانگێڕییەکی

بەریتانیایە بۆ بەرژەوەندیی ئەرمەنەکان. بەهەرحاڵ، "کورد و تورک برای راستەقینەن [ئۆیز کەرداش، واتە منداڵی یەک باوک و دایکن] و نابێت جیابکرێنەوە". "بێگومان بوونمان وا پێویست دەکات کە کورد و تورک و تەواوی توخمە موسڵمانەکانی دەوڵەت شانبەشانی یەکتر بن بۆ بەرگری کردن لە سەربەخۆییمان و ڕێگرتن لە لە دابەشبوونی نیشتمانی دایک". مستەفا کەمال بەردەوامە لە سەر پەیامەکەی و دەڵێ "من لەگەڵ پێدانی هەموو جۆرە ماف و ئیمتیازاتێکم بۆ گەرەنتیی پەیوەستبوون [بە دەوڵەتەوە – مەربووتییەت] لەلایەن برا کوردەکانمانەوە، بەمەرجێ دەوڵەتی عوسمانی دابەش نەکرێت" (لاپەرە ٣٣). لە نامەیەکی داخراودا، مستەفا کەمال داوای لە فەرماندەی فەیلەقی سیانزەهەم کردووە کارئاسانی بۆ سەردانی سیواس بکرێت لە لایەن سێ کەسایەتیی ناسراوی کوردەوە (لاپەڕە ٣٥). لە وەڵامدانەوەیدا ڕۆژی ٢٥ی حوزێرانی ١٩١٩، ئەحمەد جەودەتی فەرماندە نارازی دەبێت لەوەی کە وا ئەم کەسایەتییانە دز و جەردەیان لە شوێنی حەوانەوەیاندا هێشتووەتەوە و لەناو خۆیاندا شەڕیانە و بە لای ئەمەوە، ئەو خەڵکە بەو مەرجە بەدەم بانگهێشتی مستەفا کەمالەوە دێن کە خزمەتی بەرژەوەندییان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، نوێنەران هەڵبژێردران بۆ ئەو کۆنگرەیەی کە دەبوو لە ئەرزڕووم ببەسترێت و یانە کوردییەکەش داخرا، چونکە مەحاڵە گرەو لە زۆربەی ئەندامانی ببرێتەوە. "ئەوان حوکمی عوسمانییان ناوێت و حوکمی بەریتانییان پێ باشترە و باوەڕیان وایە کە [دەڤەرەکەیان] لە داهاتوودا گەشە دەکات و وەک میسر پێشکەوتوو دەبێت". ئەحمەد جەودەت باس لەوە دەکات کە بنەماڵەی جەمیل پاشا و دۆستەکانیان، کە یانەی کوردییان پێکهێناوە، ویستوویانە حکوومەت بگۆڕێت بۆ ئەوەی لەدەست لێپێچینەوەی دادگا دەربازبن سەبارەت بەو ڕۆڵەی کە لە دەرپەڕاندن و کوشتنی (ئەرمەنەکاندا) گێڕاویانە (لاپەڕە ٣٨ – ٣٩).

لەم سـەروبەندەدا، مسـتەفا کەمـال لە هـافزاوە چـوو بـۆ ئەماسـیا بـۆ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ هەڤاڵە ناسیۆنالیستەکانیدا، حوسێن رەوف (ئۆربای) و عەلـی فوئـاد (جەبیسـۆی) و رەفـعەت (بەلە). لەو کـاتەدا بەهێزتـرین هێـزی سەربازیی عوسمانی لە ئەنەدۆڵ فەیلەقی پانزەهەم بوو بە فەرماندەیی کازم قەرەبەکـر لە ئەرزڕووم. لە ١٦ی حـوزەیرانی ١٩١٩دا، مسـتەفا کەمـال لە ئەماسیاوە برووسکەیەکی بۆ نارد بۆ روونکردنەوەی راوبۆچوونی لەبارەی کـوردەوە (لاپەرە ٤٠ – ٤٤). ئەویـش لەوەڵامـدا بـۆی نووسـیبوو کە یـانەی کوردی لە دیاربەکر داخراوە، چونکە بەنیازی درووستکردنی کوردستانێک بووە لە ژێر پارێزگاریی بەریتانیادا. هەرچۆنێک بێت، یانەکە لە چەند کەسێکی کەمـی خەڵکـی "لاوەکـی و پەرتەوازە" (سەرسـەری *serseri*) پێکهێنـرایەوە و نوێنەرایەتیی کوردی نەدەکرد. بەهەرحاڵ، لەویّ کێشەیەک هاتبووە پێشەوە و دانیشـتوانی هەرێمەکـانی رۆژهەڵات کەوتبـوونە بەر هەڕەشـەی بانـدە ئەرمەنییەکان و تێگەیشتبوون لە مەسـەلەی پێویستبوون بە یەکێتی، بەڵام لە نـاوچە "ئارامەکـانی" ئەنەدۆڵ دۆخەکە جیـاواز بـوو و دانشـتووانەکانی سیاسـییەکانیان بەدەمەوە دەگـرت و ئارەزوویـان نەدەکـرد بچـنە هـیچ رێکخـراوێکەوە. لەبەرئەوە، هەمـوو توانـای خـۆی بەکارهێنـا بـۆ باسـکردن و روونکردنەوەی پێویستیی پێکهێنانی کۆمەڵە و رێکخراوی بەرگریی نیشتمانی وەک ئامرازێک بۆ یەکێتیی نیشتمانی. خۆشبەختانە هاوکاری و هەماهەنگیی کاربەدەسـتانی سـەربازی و مەدەنـی لە بڵاوکـردنەوەی پەیامەکەیدا ئەنجـامی باشـی هەبـوو، بە رادەیەک، کە لە "هەمـوو شـوێنێکەوە" برووسـکەی پێدەگەیشـت و ئەوەی پیشـاندەدا خۆڕێکخسـتنیان بە پێویسـت زانـی و کـاری رێکخستنیش (کە بەرگری کردنی هاوپەیمانان بوو) دەستیپێکرد.

مستەفا کەمال بە قەرەبەکری وتبوو کەوا بڕیاریداوە "کورد وەک برای راستەقینە بگرێت" و بەو پێیە هەموو نەتەوە/ نیشتمان لە ڕێگەی کۆمەڵەکانی بەرگریکردن لە مافە نیشتمانییەکان یەکبخات. لە پاش دوو ڕۆژ، مستەفا کەمال برووسکەیەکی پڕ لە گەشبینیی نارد بۆ کۆلۆنێل جەعفەر تەیاری فەرماندەی نەتەوەپەرستی فەیلەقی یەکەم لە ئەدرنە (ئەدریانۆپڵ لە تەراکیای تورکیا) و ڕایگەیاندبوو کە وا "پرۆپاگەندەی بەریتانی بۆ درووستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ بە پارێزگاریی بەریتانیا و پشتیوانانی ئەم پرۆژەیە لەناوبران. کوردەکان چوونە پاڵ هێزەکانمان لەگەڵ تورکدا" (لاپەڕە ٥٤). لە ٢٣ی حوزێران، مستەفا کەمال لە سەر هەمان شێوە برووسکەی کرد بۆ جەنەراڵ جەواد (چۆبانلی)ی سەرۆکی ئەرکانی گشتی لە ئەستەمبووڵ. "برووسکە گرنگەکانی" کە لە دیاربەکر و مەعمورەتولعەزیزەوە (کە ئێستا ئەلەزیغە) پێی گەیشتن، بەتەواوی ئەوەیان سەلماند کە وا ئایدیای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانێکی سەربەخۆ لە ژێر پارێزگاریی بەریتانیادا "تێکشکێنرا". "ئێمە هەمیشە ئامادەین بەڕێوەبەرێتییەک بڕەخسێنین کە زەمانەتی خۆشی و خۆشگوزەرانیی کوردستان دابین بکات. ئێمە چاوەڕێین کەسانی گرنگ بەم زووانە لەو ناوچەیەوە بێن بۆ سیواس"، ئەمە ئەنجامگیریی مستەفا کەمال بوو (لاپەڕە ٥٧).

ئەمە وادەگەیەنێت کە مستەفا کەمال چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد هیچ کەسایەتییەکی گرنگی کورد لە کۆنگرەی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەرکەوێت، کە بە چاودێریی کازم قەرەبەکر لە ئەرزڕووم ڕێکخرابوو. دواتر دەرکەوت کە بۆچوونەکەی ڕاست دەرچوو، کە دیاربەکر و مەعمورەتولعەزیز (یان خەرپووت) نوێنەریان نەبوو. پێدەچێت لایەنگرانی کۆمەڵەی هەڵسانەوەی

کوردستان ڕێگەیان لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەعمورەتولعەزیز گرتبێت بۆ ڕۆیشتنە کۆنگرەکەی ئەرزڕووم[٢٥].

لەڕاستیدا ویلایەتە کوردییە گەورەکانی بەدلیس و وان و قەزا کوردییەکانی ویلایەتی ئەرزڕووم نوێنەرانی خۆیانیان نارد، بەڵام زۆر بچووک و کەم بوون و لە کاربەدەستانی خانەنشینی عوسمانی و پیاوانی ئایین و .. تاد. پێکدەهاتن[٢٦].

کۆنگرەی ئەرزڕووم لە ٢٣ی حوزێران کرایەوە و لەهەمان ڕۆژدا مستەفا کەمال بە سەرۆکی هەڵبژێردرا. لە ٧ی ئاب ڕاگەیاندنێکی دەرکرد کە بوو بە بنەمای پەیماننامەی نەتەوەیی – یان پەیماننامەی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکی لە جەنگی سەربەخۆییدا. ڕاگەیاندنەکە بەوە دەستیپێکرد کە ویلایەتەکانی دەریای ڕەش و ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ (لەنێویاندا ویلایەتە سەرەکییە کوردییەکانی دیاربەکر و مەعمورەتولعەزیز و وان و بەدلیس) بەشێکی دانەبڕاون لە کۆمەڵگەی عوسمانی و هەموو ڕەگەز و توخمە ئیسلامییەکان [واتە کۆمەڵگە ئیتنیکییەکان]، کە لەم رووبەرەدا دەژین، برای ڕاستەقینەن و تژین لە هەستی ڕێز و قوربانیدان بۆ یەکتری، هەرچییەک بێ ڕەگەز و بارودۆخی ئیتنیکی و کۆمەڵایەتییان[٢٧]. بەندی شەشی ئەم جاڕنامە یان ڕاگەیاندنە ئەم پرنسیپەی فراوانکرد بۆ ئەوەی گشت خاکی عوسمانی بگرێتەوە تا سنووری ئەو ئاگربەسەی کە لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ ئیمزاکرا لەگەڵ هاوپەیمانان‌دا و هەر دابەشکردنێکی ئەم خاک و ناوچانەی ڕەتکردەوە "کە برا ڕاستەقینەکانمان تێیاندا نیشتەجێن، کە هەمان ئایین و هەمان ڕەگەزن وەک ئێمە و مەحاڵیشە دابەش ببین". ئەم شێوە داڕشتنە تەمومژ و شتێکی شاراوەی تێدایە، چونکە کوردەکان "ڕەگەز یان نەژادێکن" (یان کۆمەڵگەیەکی

ئیتنیکین)، بەڵام تورک و کورد و هەموو موسڵمانانی تری ئەنەدۆڵ و تراکیای ڕۆژهەڵات "هەمان ڕەگەز و نەژاد بوون" (ئەرکەداش، واتە برابوون).

کۆمیتە (یان دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەمیشەیی) هەڵبژێردراو لە کۆنگرەی ئەرزڕوومدا دوو نوێنەری ئەو ناوچانەی دەگرتەوە کە زۆرینە کورد بوون و ئەوانیش سەعدوڵا ئەفەندیی نوێنەری عوسمانیی پێشتری بەدلیس و سەرۆک خێڵی کورد حاجی مووسای موتکی بوون[٢٨]. بەهەرحاڵ، هیچکام لەو دوانە نەچوونە کۆمیتەکەوە و سەعدوڵا ئەفەندی پۆزشی بەوە هێنایەوە گوایە تەندروستیی باش نیە و نەخۆشە و حاجی مووساش نەیتوانی ئامادەبێت، چونکە لە کاردانەوەی خێڵە نەیارەکانی ترسابوو[٢٩]. لە ١٣ی ئابی ١٩١٩دا، مستەفا کەمال بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەرزڕوومی گەیاندە دوو سەرۆکی کورد، کە شێخ عەبدولباقیی کوفرەویی خەڵکی بەدلیس و جەمیل چەتۆی خەڵکی گارزان بوون. لە برووسکەکەیدا بۆ ئەمەی دواییان، داخی خۆی لەوە دەربڕی کە بارودۆخ بواری نەداوە ئارەزووی خۆی بەدەستبێنێت بۆ سەردانی ناوچەکە (لاپەرە ٦٩). دواتر چەتۆ قۆناخێکی کورتی هەڵکشانی بەگژداچوونێکی بەخۆوە بینی (مایس – حوزێرانی ١٩٢٠) دژ بە حکوومەتە ناسیۆنالیستە ساواکەی ئەنقەرە[٣٠].

هەرچەندە حیزبەکەی مستەفا کەمال هەستی بە هەڕەشە و مەترسیی کوردەکانی دەرسیم کردبوو لە کاتی گەشتیاندا لە نێوان سیواس و ئەرزڕوومدا[٣١] و پاشان جارێکی تر گەڕانەوەیان، بەڵام کوردەکان کاریگەرییان لە سەر کاری کۆنگرەی ئەرزڕووم نەبوو. ئەو کۆنگرەیەی کە بە دوای ئەودا هات لە سیواس، بەخت یاری نەبوو. لە ٢٦ی ئابی ١٩١٩دا، ئەحمەد جەودەتی فەرماندەی فەیلەقی سیانزە فەرمانیداوە بە دەسەڵاتە سەربازییەکان لە مەلاتیە بۆ دەسگیرکردنی ژمارەیەک لە کەسایەتییە ناودارە

کوردەکـان کە تۆمەتبـار کرابـوون بە هەوڵـدان بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵەتیکـی کـوردی لە ژێـر پارێزگـاریی بەریتانیـادا[٣٢]. لەڕاسـتیدا، چـوار لەو کەسـایەتییە نـاودارانە، لەنێویانـدا جەلادەت و کـامەرانی سـەر بە بنەمـاڵەی بەدرخـان، لە مەلاتییە و لە ٣ی سێپتەمبەردا، لە شـوێنی نیشـتەجێی مێجەر ئـی. ئێم. نۆئێڵ بینـراون، کە بە کـردەوە بانگەشـەی بـۆ ئەو پێشـنیازە کـردووە کە لەلایەن کۆڵۆنێـڵ (کە دواتـر بـووە بە سـێر) ئەرنۆڵـد ویڵسـنی جێگـری کۆمیسـیاری بەریتـانی بـۆ کەنـداوی فـارس، دراوە بە حکـوومەتی بەریتـانی، کە پێویسـتە کوردسـتانێکی سـەربەخۆ پێکبێت لە ژێـر چـاودێریی بەریتانیـادا[٣٣]. پـێش دوو رۆژ لە گەیشـتنی نۆئێـڵ، عەلـی غـالیبی والیـی خەرپـوت (مەعمورەتـولعەزیز) فەرمــانی بە قایمقــامی قەزای مەلاتیــیە کــردووە، کە وا کەســێکی ســەر بە بنەماڵەی بەدرخان بووە، بۆ کۆکردنەوەی هێزێکی بچووکی سوارەی کورد. لە ٧ی سێپتەمبەردا، مێجەر نۆئێڵ تێبینیی کردووە کە وا عەلی غالیب نیازی بـووە کوردەکـان بنێـرێتە سـەر ئەو ناسیۆنالیسـتە تورکـانەی لە سـیواس کۆبووبوونەوە[٣٤].

هەر لەو ســـەروبەندەدا کـــۆنگرەی ســـیواس لە ٤ی ســـێپتەمبەردا دەسـتپێکرد و دەبـوو نـوێنەرایەتیی کۆمەڵەکـانی داکـۆکی لە مـافی نیشـتمانی بکات لە سەرانسەری وڵاتدا – لە رۆژهەلاتی تراکیاوە تا رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ، کەچی تەنها ٣٨ نوێنەر بەشدار بوون، لەنێویاندا مستەفا کەمال و پارتەکەشی. هەڵـبەت هـیچ نوێنەرێـک لە نـاوچە کوردییەکـانەوە بەشـدار نەبـوو، بەڵام حـاکمێکی پێشتری عوسمانی (کە لایەنگری کۆمیتەی یەکگرتن و پێشکەوتن بوو – جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەقی)، بە ناوی مەزهەر موفید (کانسو)، وەک نوێنەری هەکاری ئامادەبوو. نوێنەری دیاربەکریش، ئیحسان حەمید (تغرەڵ)، دوای تەواوبوونی کۆنگرەکە گەیشت[٣٥]. مستەفا کەمـال ئیحسـان حەمیدی لە

کۆمیتەی نوێنەرایەتیدا کردە ئەندام، کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی هەمیشەیی کۆمەڵەی سەرتاپای وڵات بووە و سەرچاوەی دەسەڵاتیشی بووە تا ئەو کاتەی بە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵا هەڵبژێردرا لە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٠دا. وەک نۆ ئەندامەکەی کە پێشتر لە ئەرزڕووم هەڵبژێردران بۆ کۆمیتەکە، هەر بەکۆمەڵ گوێزرانەوە بۆ ئەم کۆمیتەیە و سەعدوڵا ئەفەندی و حاجی مووسای خەڵکی موتکیش بوونەوە بە ئەندامی کۆمیتە نوێنەرایەتییە تازەکە کە بریتیبوو لە ١٦ ئەندام بۆ سەرانسەری وڵات و لە سیواس پێکهاتبوو[٣٦]، بەڵام هەر بە ئەندامی ناکارا و خەوتوو مانەوە.

ئەو راگەیاندنەی کە لە ١١ی سێپتەمبەری ١٩١٩دا لە کۆنگرەکەی سیواسەوە دەرچوو، ئەو تێرم و زاراوانەی گەڵاڵە کرد کە لە ئەرزڕووم بەکارهێنرابوون. راگەیاندنەکە لە بەندی یەکەمیدا ئەوەی روونکردەوە کە: "هەموو توخمە ئیسلامییەکان کە لەو کایانەدا دەژین کە وا لە سەرەوە باسکراون [واتە تەواوی خاکی عوسمانی کە هێڵەکانی ئاگربەس دەیانگرێتەوە] برای راستەقینەن و تژین لە هەستی رێز و قوربانیدان بۆ یەکتر و تەواوی مافی ئیتنیکی و کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ناوخۆییان رێزلیگیراوە"[٣٧].

Memalik–i mezkurede yasayan bilciimle anasu–i islamiye yekdigerine kar§i hilrmet–i miitekabile ve fedakdrlik hissiyatiyle meshun ve hukuk–u irkiye ve igtimaiyeleriyle .

وادیارە ئەم دارشتنە ئەوە دەگەیەنێت کە ئیتنیک و رەچەڵەک و داب و نەریتی کورد رێزلێگیراو دەبن.

لە سەروەختێکی کۆنگرەی سیواسدا، هەواڵ گەیشتە مستەفا کەمال کە مێجەر نۆئێل لە مەلاتییەیە و عەلی غالیب بەنیازە پیاوانی عەشیرەتە

کوردەکان کۆبکاتەوە بۆ هێرشکردنە سەر سیواس. لە ١١ی ئەیلوولدا، واتە ئەو ڕۆژەی کۆنگرە ڕاگەیاندنەکەی دەرکرد، ئەحمەد جەودەتی فەرماندەی فەیلەقەکەی دیاربەکر لەلایەن تیپی سێی سیواسەوە ئاگادار کرایەوە کە وا پیلانەکە بەتاڵکراوەتەوە لە لایەن هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و جەنگەوە لە ئەستەمبووڵ. هەر ئەوکاتەش ئەحمەد جەودەت بڕیاری توندوتۆڵ کردنی هێزەکانی داوە لە مەلاتییە و فەرمانی گرتنی بۆ حاکمی ناوچەکە و هاوکار و هاوەڵە کوردەکانی مێجەر نۆئێڵ دەرکرد، هەرچەندە خودی مێجەر نۆئێڵ خۆی نەگیرا[٣٨]. کاتێ کە بە مەسەلەکەیان زانی، مێجەر نۆئێڵ و تاقمەکەی لە ١٠ی ئەیلوولدا مەلاتییەیان بەجێهێشت. ڕۆژی دواتر، مێجەر نۆئێڵ ئیشارەتی بەوە دا کە عەلی غالیب (ئیرادەیەکی) لەلایەن سوڵتانەوە دەرکردووە کە فەرمانی پێداوە هێزێکی سوارەی کورد ئامادە بکات دژ بە مستەفا کەمال لە سیواس. مێجەر نۆئێڵ، لە پاش فشارکردنە سەری بۆ هاوکاری کردن لەم پرۆژەیەدا، ئیدیعای ئەوە دەکات کە بەئاشکرا ڕەتیکردووەتەوە پابەند بێت پێیەوە. لە پاش ڕۆژێک، واتە ١٢ی ئەیلوول، مێجەر نۆئێڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە عەلی غالیب بڕیاریداوە کۆبوونەوەی عەشیرەتە کوردەکان بڵاوە پێبکات، چونکە ئایدیای ڕۆیشتن بەرەو سیواس بەتەواوی مەترسیداربوو[٣٩].

لەم کاتەدا کە ئەحمەد جەودەت، بە پاڵپشتیی کازم قەرەبەکر لە ئەرزڕووم، بەربەستێکی خێرای دانا بۆ پلانە نیمچە کوڵۆکەکەی عەلی غالیب کە هەلی هەلاتنی بۆ مێجەر نۆئێڵ و هاوەڵە کوردەکانی ڕەخساند، مستەفا کەمال ئەفسەرێکی مولازمی گەنجی جێمتمانە و سەرکێشی بە ناوی ڕەجەب زوهدی، بە ئەرکێکی تایبەت نارد بۆ مەلاتییە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی پاڵپشتیی ناوخۆیی[٤٠]. هەندێک لە سەرۆکە کوردەکان بەپەلە پەیامی پشتگیرییان نارد بۆ سیواس. لە ١٥ی ئەیلوولدا و لە برووسکەیەکدا بۆ جەمیل

چەتۆ لە سیرت، مستەفا کەمال سوپاس و پێزانینی کۆنگرەی دەربڕی لە پای "پابەنـدی و دڵسـۆزیی هەمـوو بـرا کوردەکانمـان بـۆ ئەم دیـن و دەوڵەتە و دڵبەنــدییان بــۆ دامەزراوەی پیــرۆزی خەلافەت" (لاپەڕە ١٠١). بــۆ رۆژی دواتریش، پیرۆزبایی لە حاکمی مەلاتییە کرد لەبەر هەڵوێستی لەبەرانبەر ئەو پیلانگێڕییەدا کە سەرچاوە داراییەکەی "ئاڵتوونی بەریتانی" بوو (لاپەڕە ١٠٨).

مستەفا کەمـال سـوودێکی هێجگـار زۆری بینـی لە پیلانگێڕییەکەی عەلـی غالیب بۆ بێئەرزش کردنی ناوبـانگی حکوومەتەکەی دامـاد فەریـد، کە لە ٣٠ی ئەیلـوولی ١٩١٩دا ناچـار بـوو دەسـت لەکـار بکێشـێتەوە و عەلـی رەزا پاشـا جێیگـرتەوە، کە جەنەراڵێکـی هاوسـۆز بـوو لەگەڵ بـزووتنەوەی نەتەوەیـی / نیشـتمانی تورکیدا[٤١]. لە ٦ی نۆڤەمبەردا، کاتێ کە هەڵبژاردن رێکخـرا بـۆ دوا ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی (مەجلیسی مەبعووسـان – و)، مسـتەفا کەمـال برووســکەیەکی خــولاوی نــارد بــۆ حــاکمی پێــنج ویــلایەت لە ئەنەدۆڵــی رۆژهەڵات و نیگەرانــی و داخــی خــۆی دەربــڕی لە ســەر ئەو ئیــدیعایانەی گەیشتبوونە پایتەخت، گوایە کوردەکان بەرهەڵسـتیی بزووتنەوەی نیشـتمانیی تورکی دەکەن و داوا لە "برا کوردەکانمان دەکات، کە توخمی مەردی [رۆڵەی] ئەنەدۆڵـی رۆژهەڵاتـن و پێویسـتە پشـتیوانیی خۆیـان دەرببـڕن بـۆ "هێـزە نیشتمانییە" تورکییەکان [*قیوای میللییە*] و بەرهەڵستیی کۆمەڵەی هەڵسـانەوەی کوردستان بکەن" (لاپەرە ١٥٥). پاشان بترووسـکە و نـامەی پشـتیوانی بەدوای یەکـدا دێـن و لە کـاردانەوەی نـامەیەکی پاڵپشـتیی رۆژی ٣ی دیســەمبەری ١٩١٩، لەلایەن حاجی مووسای موتکییەوە، مستەفا کەمال شاگەشکە دەبێت و چەندین جار ئاماژەی پێدەکات و رایدەگەیەنێت کەوا "تەواوی جیهان دەزانێت کە میللەتی کوردی مەرد [*قەومی نەجیبی کورد*] هەست بە پەیوەستبوونێکی ئـایینی دەکـات بە دامەزراوەی پیـرۆزی خەلافەتەوە و پـارچەیەکی تـۆکمە و

دانەبڕاو پێکدێنێت لەگەڵ بڕا تورکەکانیدا" (لاپەرە ١٦٨). لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠دا، مستەفا کەمال سوپاسی ژمارەیەک سەرۆک هۆزی کوردی کرد لەپای ئەو برووسکانەی ناردوویانە بۆ حکوومەت و نوێنەرانی هێزە بیانییەکان لە ئەستەمبووڵ بۆ دەربڕینی هاوسۆزییان لەگەڵ بڕا تورکەکانیان و وایان لەقەڵەمداوە کە "کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لە کۆمەڵگەی عوسمانی" (لاپەڕە ١٩٢). لە برووسکەیەکی تردا کە هەمان رۆژ نێردراوە، مستەفا کەمال وا باس لە تورک و کورد دەکات کە "دوو برای راستەقینەن و دەستیان لە ناو دەستی یەکتر ناوە و خواست و بڕیاریان بەرگری کردنە لە یەکگرتنی پیرۆزیان" (لاپەڕە ١٩٥).

لە ٢٠ی شوباتی ١٩٢٠دا و لە سەروبەندی هەڵوەشانەوەی دوا ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانیدا لە ئەستەمبووڵ و بەدوایدا کردنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵا لە ئەنقەرە، مستەفا کەمال نامەیەکی تایبەتی نارد بۆ تەڵعەت پاشای دوورخراوە، کە ئەندامی حکوومەتە سێینەکەی تورکە لاوەکان بوو (*جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی*). نامەکە بەم شێوەیە دەستپێکردبوو: "ئەو یەکێتیی نیشتمانییەی بە چاودێریی کۆمەڵەی بەرگری لە مافە [نیشتمانییەکان] لە ئەنەدۆڵ و رووملی دامەزرا، ئامانجی رزگارکردنی تورکیایە، بە پێی دیاریکردنی سنووری نیشتمانیی تورک و کورد [*Turk ve Kurt milli hudutlariyle tahdid edilen Tiirkiye'yi*] ... هاوتەریب لەگەڵ ئەو سەرەتا و پرەنسیپانەی لە کۆنگرە گشتییەکانی ئەرزڕووم و دواتر سیواسدا دانراون"[٤٢].

مستەفا کەمال راوبۆچوونەکانی خستە چوارچێوەیەکی زیاتر گشتییەوە لە یەکەم وتاردانی دوورودرێژیدا بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵا لە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٠دا. هەروەها دەیوت کە کۆنگرەی ئەرزڕووم سنووری وڵاتی

دیـاریکردووه بەپێـی داواکـاریی ئەو خـاک و ناوچـانەی دەکەونە نـاو هێڵـی ئاگربەسـەوە کە لە ٣٠ ئۆکتـوبەری ١٩١٨دا راگەیەنـرا و ئەم هـێڵە ویلایەتـی مووسـڵیش دەگـرێتەوە. ئەمە تەنهـا سـوپا و هێـزی چەکـدار نەبـوو، بەڵکـو سـنووری نیشـتمانیش بـوو. مسـتەفا کەمـال زیـاتر لە سـەر ئەم مەسـەلەیە رۆیشت و وتی "هەرچەندە ئەمە وەک ئەندێشـە و خەیـاڵیش دێتە پێش چـاو، بەڵام هەرچی رەگەز و توخمە ئیسـلامییەکانی نـاو ئەم سنوورەیە، هەموویـان دەچـنەوە سـەر هەمـان مـیللەت و لە چوارچێـوەی ئەم سـنوورەدا تـورک و چەرکەس و موسڵمانانی تر هەن. هەرچۆنێک بێت، ئەمە سنووری نیشتمانیی نەتەوە براکانە کە پێکەوە دەژین و راشکاوانە هاوبەشـن لە هەمـان ئامـانج و مەبەسـتدا. بەڵام سـەرەڕای ئەمەش، هەر تـوخم و رەگەزێکـی ئیسـلامی کە لە چوارچێوەی سنووری ئەم دایکی نیشتمانەدا دەژی، ژینگە و نەریت و نەژادی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو ئیمتیازاتانەی پەیوەستە پێیانەوە، قبووڵ کراون و بە هەموو دڵسۆزییەکەوە جەختیان لەسەر کراوەتەوە. بە سروشتی حاڵ، ئەم مەسـەلانە لێـرەدا بە وردی بـاس نـاکرێن، چـونکە ئێـرە کـات و شـوێنی گونجاویان نیە. بێگومان ئەم مەسەلەیە لە نێوان براکاندا تـاوتوێ و چارەسـەر دەکرێت کاتێ کە بوون و مانەوەمان مسۆگەر دەبێت ...."[٤٣]. مستەفا کەمال لەم بـڕگەیەدا بەدیـاریکراوی باسـی کـوردی نەکـرد، بەڵام کـاتێ کە لە ١ی مـایی ١٩٢٠دا گەڕایەوە بـۆ مەسـەلەی سـنوور، وتـی: "ئەو بەڕێـزانەی کە ئەم ئەنجـومەنە شـکۆدارەتان پێکـدێنن، تەنهـا لە تـورک یـان چەرکەس یـان کـورد پێکنـایەن، بەڵکـو ئەمە کۆبـوونەوەی راسـتگۆیانەی گشـت تـوخم و رەگەزە ئیسـلامییەکانە". پاشـان لە سـەری رۆیشـت و وتـی: "لە بـاکووری کەرکـووک کورد و تورکیش هەن و ئێمە جیاوازیمان لە نێوانیاندا نەکردووە".[٤٤]

بەهەرحاڵ، تەمومژ بەردەوام بوو لە سەر نەژاد یان رەگەز. لە وتاردانی دەسپێکی خولی سێهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵا لە ١ی مارتی ١٩٢٢دا، مستەفا کەمال وتی "گەلی تورکیا بریتییە لە قەوارەیەکی کۆمەڵایەتیی یەکگرتوو لە نەژاد و ئایین و کولتوور و تژییە لە رێزگرتنی یەکتر و هەستکردن بە خۆبەختکردن و هاوبەشی لە هەمان چارەنووس و بەرژەوەندیدا"[٤٥]. لەگەڵ ئەوەشدا دەربڕینی "خەڵکی تورکیا" (Turkiye *halki*) لەجیاتی "خەڵکی تورک" (*Turk halki*) گرنگە و مستەفا کەمال جارێکی تر بەکاریهێنایەوە لە کاتی بەخێرهاتنی کلۆد فارێرێی نووسەری فەرەنسی لە ئیزمیت، لە ١٨ی حوزێرانی ١٩٢٢دا[٤٦].

بەپێچەوانەی هەردوو کۆنگرەی ئەرزڕووم و سیواس، ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵا کە یەکەمجار لە ٢٣ی نیسانی ١٩٢٠دا کۆبووەوە، ئەندامی کوردی راستەقینەی تێدابوو. دیاب ئاغای دەرسیم، یەکێک بوو لە چەندین سەرۆک خێڵی هەڵبژێردراو بۆ ئەنجومەنەکە. یەکەم دەستور (یاسای رێکخستنی بنەڕەتی *Teskilat – i Esasiye Kanunu*)، کە ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵا لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢١دا پەسەندی کرد، دەسەڵات و دۆخی حکوومەتی ناوخۆیی درێژکردەوە، کە لە سەر مۆدێلی فەرەنسی دامەزرابوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا. بەندی ١١ی دەستور دەڵێت کە ویلایەتەکان سەربەخۆن لە کاروباری ناوخۆیاندا. ئەنجومەنی ویلایەتەکان کە بۆ دوو ساڵ هەڵبژێردرابوون، مافی ئیدارەدانی دامەزراوە خێرخوازییەکان و خزمەتگوزاریی خوێندن و تەندرووستی و ئەشغاڵی گشتی و کشتوکاڵ و کاروباری ئابووریی هەیە، بەگوێرەی یاساکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵا.[٤٧] جگە لەوەش، ئەو ئەم ئەنجومەنە بەکارهات لە مەجلیسەوە گۆڕا بۆ شوورا و لەبنەڕەتدا لەلایەن ریفۆرمخوازە عوسمانییەکانەوە هەڵبژێردرا و وەک

زاراوەیەکی ئیسلامیی رەسەن بۆ ئەنجومەنێکی راوێژکاری، شوورا لە دوای شۆڕشی بەلشەڤیک وەک دەلالەتێک بە "سۆڤییێتەوە" بەسترا (شوورا لە زمانی فارسیی نوێدا و شووورەوی، وەرگێڕانی ستانداری ناو و ئاوەڵناون بۆ "سۆڤییێت"). ئەو حکوومەتەی کە سوپای عوسمانی بەجێی هێشت کاتێ ناچار بوو لە پاش ئاگربەس قارس چۆڵ بکات، ناوی "*قارس میللی ئیسلام شوراسی*" بوو، کە بە باوەڕی من دەکرێت پێی بڵێین سۆڤییێتی نیشتمانیی ئیسلامیی قارس. نموونەیەکی تری ئیلهامبەخشیی سۆڤییێتی هەیە لە دەستووری ساڵی ١٩٢١دا و ئەو زاراوەیەی بەکارهێنرا بۆ دەسنیشانکردنی حکوومەتی ئەنقەرە، بەم شێوەیە بوو: "*ئیجرا وەکیللەری هەیئەتی* icra vekilleri heyeti" کە دەقی وەرگێڕانەکەی بەم جۆرە دێت: "کۆمیتەی کۆمیسیارانی راپەڕاندن" و (بە زمانی رووسییش کورتکراوەتەوە بۆ ئیسپۆلکۆم)، کە ناوی حکوومەتە بەلشەڤیکەکەی مۆسکۆ بوو. لە دەقە فەرەنسییەکاندا وەکیل وەرگێڕدراوە بۆ کۆمیسیێر.

مستەفا کەمال ئاماژە بەو بنەما دەستوورییانە دەکات کە پەیوەندییان بە حکوومەتی ناوخۆییەوە هەیە لەو راسپاردانەدا کە ناردوونی بۆ نیهاد پاشا (ئەنلەمش)، کە وا بە فەرماندەی بەرەی باشووری جزیرە بوو لە حوزەیرانی ١٩٢٠دا[٤٨] و راسپاردەکان شایانی ئەوەن کە بەتەواوی و دەقاودەق بگوێزرێنەوە ئێرە:

"١ – سیاسەتی ناوخۆییمان پێویستی بە داڕشتن و دامەزراندنێکی پلە بە پلەیە لە سەرانسەری ولاتدا و لە کایەیەکی بەرفراوانی کارگێڕیی ناوخۆدا بە بەشداریی راستەوخۆ و کاریگەری جەماوەری خەڵک. سەبارەت بەو ناوچانەش کە کوردیان تێدا نیشتەجێیە، ئەوە بە پێویستی دەزانین بۆ

سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەمان کە حکوومەتێکی ناوخۆیی پێکبێنین بەشێوەیەکی قۆناخ بە قۆناخ.

٢ – مافی گەلان بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان سەرەتا و پرەنسیپێکی قبوولکراوە لە سەرانسەری دنیادا و ئێمەش ئەم پرەنسیپەمان قبووڵ کردووە. وا چاوەڕوان دەکرێت کە تا ئەوکاتە کوردەکان حکوومەتی ناوخۆیی تایبەت بە خۆیانیان ڕێکخستبێت و سەرۆک و ناوادارەکانیان بە هاوکاریی ئێمە سەربکەون لە جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجەدا، کاتێ کە لە ڕێگەی دەنگدانیانەوە پێویستە ئەوە ئاشکرا بکەن کە لە سایەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵادا دەبن و ئەوکاتە بەڕاستی دەبنە خاوەن چارەنووسی خۆیان. فەرماندەیی بەرەی جزیرە بەرپرسە لە ئاراستەکردنی هەموو کاروبارەکان لە کوردستاندا بەگوێرەی ئەم سیاسەتە.

٣ – هێڵە گشتییەکانی ئەم سیاسەتە ڕەچاوکراوە ئەو ئامانجانە لەخۆدەگرێت وەک بەرزکردنەوەی  ناکۆکی و ململانێی چەکداری تا ئاستی بەردەوامبوونی دوژمنایەتیی کوردەکانی کوردستان دژ بە فەرەنسییەکان و بەتایبەتیش بەریتانییەکان لە سەر سنووری عێراق، بۆ ڕێگرتن لە هەر ڕێککەوتنێکی نێوان کورد و بیانییەکان، بۆ ئامادەکارییەکی شێنەیی دامەزراندنی دەزگاکانی حکوومەتی ناوخۆ و بەوپێیە ڕاکێشانی دڵی کورد بە لای خۆماندا و بەهێزکردنی پەیوەندیمان بە سەرۆکە کوردەکانەوە بە دامەزراندنیان لە پۆست و پێگەی مەدەنی و سەربازیدا.

٤ – هەماهەنگی کردن لە سیاسەتی ناوخۆی کوردستاندا و بەڕێوەبردنی لە لایەن سەرکردایەتیی بەرەی جزیرەوە. فەرماندەیی بەرە لەم ڕووەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵادا چێدەکات. کاربەدەستانی بەرپرسی مەدەنیش ڕاپۆرتی خۆیان لە سەر ئەم مەسەلەیە

دەدەنە فەرمانـــدەیی بەرە، کە ئەمیشـــیان کاروبـــاری پێویســـت لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ڕێکدەخات.

٥ – فەرمانـــدەیی بەرەی جزیـــرە پێشـــنیازی چەشـــنی گۆڕانکـــاریی کارگێڕی و دادوەری و دارایی پێویست ئامادە دەکات.[٤٩]

نیهاد پاشا نەیتوانی دڵ و مێشکی کەسایەتییە کوردەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت، یان هەر هیچ نەبێت کەسایەتییە کوردەکانی ناوچەکەی خۆی. هەندێک لەوانە سکالای خۆیان گەیاندە ئەنجومەن لە ئەنقەرە و بە ملهوڕی و کاری نایاسایی تۆمەتباریان کردبوو. لیژنەی دادوەریی ئەنجومەن، پاش ئەوەی گوێی لە بەرگرییەکەی گرت، راپۆرتی ئەوەی دا کە هیچ کردەوەیەکی لەگەڵ نەکرێت و لە ٢٢ی تەمووزی ١٩٢٢ راپۆرتەکە وەک خۆی وەرگیرا، سەرەرای نارەزایی و دەنگ هەڵبڕین لە لایەن هەندێک لە نوێنەرانەوە و بەتایبەتی فەیزی ئەفەندیی نوێنەری مەلاتییە. هەرچۆنێک بوو نیهاد پاشا گوێزرایەوە بۆ ئەنقەرە و کرا بە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی سەربازی[٥٠]. مستەفا کەمال لەمەدا دەستێوەردانی نەکرد، وەک پێشتر لە کێشەی نوورەدین پاشای "ریشندا" لە سوپای ناوەند کردی، کاتێ کە لە نێوان نیسان و حوزێرانی ١٩٢١دا راپەڕینی کوردەکانی قۆچگیریی لە قەدپاڵی باکووری چیاکانی دەرسیمدا دامرکاندەوە.

ئەم توندوتیژی و دڵڕەقییەی نوورەدین پاشا سەرکۆنە کرا، بەتایبەتی بەکارهێنانی کەسانی نانیزامی بە فەرمانـدەیی لام عوسمانی بەدناو (تۆپاڵ عوسمان)ی خەڵکی گیرەسون، لە سەر پێشنیازی ئەمین بەگی نوێنەری ئەرزنجان، کە راپەڕینەکە لە بازنەی هەڵبژاردنی ئەمدا روویدابوو.

ئەمین بەگ، لە کاتی قسەکردنی لە دانیشتنێکی نهێنیی ئەنجومەندا، ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١، رایگەیاند کە ئەو کاری سزادانەی دەرهەق بە خەڵکی

دەرسیم ئەنجامدراوە، بە هیچ شێوەیەک قبوولکراو نیە، بگرە لە بەرانبەر "بەربەرەکانی ئەفریقاشدا" و ئەم کار و کردەوە دڕندانە تەنانەت لەگەڵ ئەرمەنەکانیشدا نەکراوە[٥١]. ئەنجومەن بڕیاریدا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بنێرێت، کە مەبەست تەماشاکردنی لێکەوتە و دەرەنجامەکانی رەفتاری نوورەدین پاشاش بووە لە کاتی راگواستنی گریکەکاندا لە سامسۆن. ئەنجومەن ویستبووی نوورەدین پاشا بدرێتە دادگا، بەڵام لە دانیشتنی نهێنیی رۆژی ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٢دا، مستەفا کەمال پێی لە سەر ئەوە داگرتووە کە وا هەرچەندە نوورەدین لە پۆستی فەرماندەیی بەخشراوە، بەڵام ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی کراون، پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زیاترە. پاشان ئەمە قبووڵ کرا[٥٢] و دواتر هەرگیز دادگایی نەکرا. مەسەلەکە وەک دەڵێن، لە بەر چاوی کاڵی نوورەدین نەبوو، بەڵام وەک مستەفا کەمال لە برووسکەیەکیدا بۆ کازم قەرەبەکر لە ١٣ی نۆڤەمبەری ١٩٢١دا، دەڵێ کە وا نیگەرانە لەو هێرش و گەلەکۆمەکییەی دژ بە فەرماندە سەربازییەکان کە بۆ جەنگ پێویستی پێیانە[٥٣].

رۆبەرت ئۆڵسن[٥٤] لەبارەی هێزی راپۆرتەکانی هەواڵگریی بەریتانیاوە دەڵێت کە وا جگە لە کۆمیسیۆنەکەی قۆچگیری، کۆمیسیۆنێکی تر نەخشەی پرۆژە یاسایەکیان داناوە سەبارەت بە ئیدارەدانی کوردستان، کە بڕیاردرابوو لە دانیشتنی نهێنیی ١٠ی شوباتی ١٩٢٢دا گفتوگۆی لە سەر بکرێت. ئەم پرۆژە یاسایە، کە دەقەکەی لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا هاتووە، بە زۆرینەی ٣٧٣ دەنگ لە بەرانبەر ٦٤ دەنگدا بەئاشکرا رەتکراوەتەوە و زۆربەی نوێنەرە کوردەکان لەدژی دەنگیان داوە. دیڤید ماکدواڵ باس لە گفتوگۆیەک دەکات لە سەر دەرسیم لە دانیشتنێکی نهێنیی ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵا لە ٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١دا، کە بڕیارێکی لە ١٠ی شوباتدا بەدوادا هاتووە بە

دامەزراندنی "بەڕێوەبەرێتییەکی سەربەخۆ بۆ میللەتی کورد کە بگونجێت لەگەڵ دابونەریتی نەتەوەییاندا"[٥٥]. بەڵام بەپێی ئەو کۆنووسانەی بڵاوکراونەتەوە، هیچ کۆبوونەوە و دانیشتنیکی نهێنیی ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵا نەکراوە نە لە ٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١ و نە لە ١٠ی شوباتی ١٩٢٢دا، بەڵکو لە ٣ی ئۆکتۆبەردا گفتوگۆیەک بووە لەبارەی یاخیبوونەکەی قۆچگیری و (دەرسیمەوە) و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان بۆ هەڵبژاردووە لە پێنج ئەندام. گفتوگۆکە رۆژانی ٤ و ٥ی ئۆکتۆبەر بەردەوام بووە. لە کۆتارۆژدا، کۆمیسار (یان وەزیری) ناوخۆ، رەفعەت (بەلە) پاشا، دژ بەو داواکارییانەی خەڵکی دەرسیم وەستاوەتەوە کە ناوچەکەیان دۆخێکی بەڕێوەبەرێتیی جیایان هەبێت و وتوویەتی مەسەلەکە وا باشتر و پەسەندترە کە بەشیک نەبن لە ویلایەتی مەعمورەتولعەزیزی دەوڵەمەندتر.[٥٦] لە ماوەی نێوان ١٦ – ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٢١، کاتێ کە ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵا گفتوگۆی لە سەر ئەگەری دادگایی کردنی نوورەدین پاشا کردووە، یوسف عیززەت پاشای ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوە وتوویەتی کەوا لیژنەکە کاری خۆی تەواوکردووە، بەڵام چاوەڕێی گەڕانەوەی دوو کەس لە پێنج ئەندامەکە دەکەن بۆ تەواوکردنی راپۆرتەکە، بەڵام هەر لەو سەروبەندەدا، ئیدیعای ئەوەی کردبوو کە نوورەدین پاشا دەسەڵاتی خۆی تێنەپەڕاندووە،[٥٧] بەڵام لە گفتوگۆکەدا هیچ ئاماژەیەک نیە بۆ لیژنەیەکی دووەم یان هەر نەخشە و پلانێک بۆ ئۆتۆنۆمیی کوردستان.

پێدەچێت راپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە بێ هیچ شوێنەوارێک نوقم بووبێت و هیچ ئاماژەیەک بۆ هیچ پلانێکی ئۆتۆنۆمی نیە لەو بەرگرییە دوورودرێژەی نیهاد پاشای فەرماندەی بەرەی جزیرە بەرزی کردووەتەوە، کە بە سادەیی دەڵێ "ویلایەتەکانی کوردستان دەتوانرێت تەنها لەو رێگایەوە

دڵبەندی حکوومەتی نیشتمانی بکرێت کە وا کاربەدەستان بەتەواوی دەستپاک بن"[٥٨]. تا ئەو کاتەی بەڵگەی پێچەوانەی ئەمەمان دەستدەکەوێت، کە ئەو راپۆرتە بەریتانییانەی ئۆڵسن و ماکدواڵ دەیانکەنە سەرچاوەی خۆیان سەبارەت بە بوونی پلانێکی دیاریکراوی تورکی بۆ ئۆتۆنۆمیی کوردستان، بە وردیان نازانم، هاوچەشنی زۆرێکی تر لە راپۆرتەکانی هەواڵگریی بەریتانیا. رەنگە ئەم زانیارییانە لە سەرچاوە کوردییەکانەوە دەستکەوتبن، لەوانەیە لە سەید عەبدولقادرەوە بووبێت لە ئەستەمبووڵ و پشتیان یان بەو بەڵگەنامانە بەستووە کە شەرعییەتی یاساییان نیە یان بە سادە و ساکاری بڵێین تەنها بیرکردنەوە بووە لە خولیا و ئاوات.

مستەفا کەمال رای خۆی نەگۆڕیبوو، بەڵکو بەردەوام بوو لە بیرکردنەوەی ئۆتۆنۆمیی کورد لە چوارچێوەی حکوومەتی ناوخۆیی لە سەرانسەری وڵاتدا و بە ئاشکرا و راشکاوانە ئیشارەت بۆ کورد دەکات لەو کورتە وتەیەدا کە لە ١٧/١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣دا لە ئیزمیت بۆ رۆژنامەنووسانی باسکرد، لە کاتێکدا کە وا کۆنگرەی لۆزان لە پشوودا بوو. جارێکی تر دەڵێینەوە کە راگەیاندنەکە شایانی ئەوەیە بەتەواوی بگوێزرێتەوە و مستەفا کەمال وتوویەتی:

"کێشەیەکی کوردیی وا نیە کە ئێمە تووشی نیگەرانی بکات وەک تورکیا، لەبەرئەوەی وەک دەزانن، توخم و رەگەزە کوردییەکان بە شێوەیەک لە ناو سنووری نیشتمانیماندا چارەسەر کراوە کە تەنها لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی تەواو سنووردار‌دا چڕبوونەتەوە. ئەوان لەگەڵ کەمبوونەوەی چڕییان و تێکەڵبوونیان لە ناو توخمە تورکییەکاندا، سنوورێکی [ئیتنیکی] درووستبووە بە شێوەیەک وامان لێدەکات کە ئارەزووی سنوورکێشانێک بکەین بە ناوی کوردبوونەوە [کورتلک] کە وا پێویست بکات تورکبوون و

تورکیـا تێکبشـکێنرێت. بـۆ نمـوونە، ئەمە وا پێویسـت دەکـات کە سـنوورێک هەبێـت درێـژببێتەوە بـۆ ئەرزڕووم و ئەرزنجـان و سـیواس و خەرپـوت. هەروەهـا نابێت هـۆزە کوردەکانی بیابـانی قوونیەش لەیـادبکرێن. لەبەرئەوە، لەبری وێناکردنمان بۆ کوردبوون بەم رەنگە، ئەوە ئۆتۆنۆمییە ناوچەییەکان هەر چۆنێک بێت بەپێی دەستوورەکەمان (کە یاسـای رێکخسـتنی بنەڕەتییە) جێبەجـێ دەبـن. لە ئەنجامـدا، لە هەرکـوێیەک دانیشـتوانی نـاوچەیەک یـان [لیوایەک] کورد بن، ئەوە بە شـێوەیەکی سـەربەخۆ خۆیـان حوکمی خۆیـان دەکەن. بەدەر لەمە، کاتێ کە باس لە گەلی تورکیا دەکرێت، دەبێت ئەوانیش (واتە کوردەکـان) بگـرێتەوە. خـۆ ئەگەر نەیگـرتنەوە، دەکرێـت سـکاڵا بەرز بکەنەوە. ئێستا ئەنجومەنی نیشـتمانیی بـاڵای تورکیـا لە نـوێنەرانی بەتوانـای هەردوک تورک و کورد پێکهاتووە و هەردوو تـوخم و رەگەز بەرژەوەندی و چارەنووسی خۆیان یەکخستووە و دەزانن کە ئەمە شتێکی هاوبەشـە. بۆیە هەوڵدان بۆ سنوورکێشانێکی جیا راست نیە"[٥٩].

هەڵبەت عیسمەت (ئینۆنو)، بەو پێیەی کە سەرۆکی وەفدی تورکیا بوو بۆ کـۆنگرەی لـۆزان، هەمـان هێـڵ و رێبـازی گـرتەبەر و داکـۆکیی لە داواکـاریی وڵاتەکەی کـرد بـۆ ویلایەتـی مووسـڵ، بەو بەڵـگەیەی کە حکـوومەتی تورکیـا حکوومەتی کوردیش بووە[٦٠]. بەڵام من باوەڕم وایە کە وا هەڵەیە هەڵوێستی مسـتەفا کەمـال بگێـڕینەوە بـۆ حـوکمکردنی کـورد لە تورکیـادا بە ئومێـدی گێڕانەوەی مووسڵ، چونکە لە هەمان ئەو چاوپێکەوتنە کورتەی کە لە ئیزمیت لەگەڵ رۆژنامەنووسان کردی، ئەو هەر بیروڕای شەخسیی خۆی دەربڕی کە وا مەحـاڵە مووسـڵ بە شـەڕ وەربگیـرێتەوە، یـان بە واتـایەکی تـر، لە رێـگەی شەڕکردنی بەریتانییەکانەوە، هەرچەندە وتی کە وا بەریتانییەکان دەیانەوێت

حکوومەتێکی کوردی لە مووسڵدا دروووست بکەن و ئەگەر ئەوە بکەن، ڕەنگە ئەو ئایدیایە لەناو کوردەکانی سنووری تورکیادا بڵاوببێتەوە.[٦١]

مستەفا کەمال، لە وتاردانێکی زۆر دووورودرێژدا بۆ خەڵکی ئەزمیر لە ٢ی شوباتی ١٩٢٣دا، جارێکی تر ئاماژەی بە خەسڵەتی فرەئیتنیکی تورکیا کردەوە و وتی: "توخمێکی سەرەکی هەیە کە وا دەوڵەتی تورکیای دامەزراندووە و پاشان توخمەکانی تر کۆشش و مێژووی خۆیان بەستەوە بەو توخمە سەرەکییانە و هەروەها هاوڵاتیانێکیش لەم توخمانەدا هەن"[٦٢]. ئەو نموونەیەی کە ئەمجارە مستەفا کەمال هێنایەوە چەرکەس یان کورد نەبوو، بەڵکو جوولەکە بوون، کە حازربەدەست لە ئەزمیردا بیرکەوتنەوە، چونکە گەڕەکەکەیان لە شاردا ساڵی پێشتر لە ئاگرکەوتنەوەیەکی گەورە رزگاری بوو و کۆمەڵگەی جوولەکە ڕێگەیان بە نوێنەرانی یەکەم کۆنگرەی ئابووریی دا، کە مانگی پێشتر بەسترابوو، خانەیەکی منداڵانی بێسەرپەرشت و هەتیوان دامەزرێنن[٦٣].

سیاسەتمەداری سۆشیالیستی تورک دۆغۆ پەرنچەک، کە سەرنجی ئێمەی بۆ راسپاردەکانی مستەفا کەمال راکێشاوە بۆ نیهاد پاشا و ڕاگەیاندنەکەی ئیزمیتی لە سەر کورد و لە ڕووداوەکانی دوای ساڵی ١٩٢٣ دەپرسێ بۆ ڕێگرتن لە تێهەڵکێشی بیر و ئایدیاکانی مستەفا کەمال لە دەستووری ساڵی ١٩٢٤[٦٤]. بە واتایەکی تر، ئاخۆ چارەسەر لە چوارچێوەی ئەو ئەحکامانەی دەستووردا نەبوو کە تایبەتن بە دابینکردنی حوکمی ناوخۆیی و لە سەر بنەمای دانان بە کورد و توخمە ئیتنیکییەکانی تر لە تورکیادا؟

لە پاش ماوەیەکی کەم لەم ڕاگەیاندنەی مستەفا کەمال لە هەردوو شاری ئیزمیت و ئیزمیر هەڵبژاردن بەڕێوەچوو. لە ١٣ی ئابی ١٩٢٣دا مستەفا کەمال

دانیشتنی یەکەم دووەم ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵای بە وتاردانێک کردەوە کە تێیدا جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە بەرقەرارکردنی یاسا و نیزام ئەرکی یەکەمی حکوومەت دەبێت، بەڵام ئەوەشی وت کە وا دەوڵەتی تازەی تورکیا دەوڵەتی خەڵکە[٦٥]. ئەنجومەن کۆمیتەیەکی هەڵبژارد بۆ دانانی دەستوورێکی نوێ *(Esasi Encumeni Kanunu)* و سەرۆکەکەی رۆژنامەنووس یونس نادی بوو، کە تورکێکی نەتەوەپەرستی بیر و بۆچوون رادیکاڵ و چەپڕەو بوو، بەو واتایەی کە فاشیزم لە سەرەتادا بزووتنەوەیەکی چەپڕەو بووە. یەک لە ئەندامە کاریگەرەکانی تری کۆمیتەکە ئەحمەد ئاغائۆغڵوو بوو، کە رۆشنبیرێکی لەدایکبووی ئازەربایجان و کەسێکی چالاکی جارانی جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەقی CUP بوو، کە بەلای هەڵوێستێکی نەتەوەیی لیبراڵدا دایدەشکاند. سەبیحە (سەرتەل)، کە خۆی وا لەقەڵەمدەدا لەو کاتەدا سۆشیالیستێکی تووباوی بووە و تازە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان گەڕابووەوە و کاتێ چووبوو بۆ ئەنقەرە بۆ لای زەکەریای هاوسەری کەوا بە بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن دامەزرابوو، چاودێریی گفتوگۆکانی کۆمیتەکەی کردبوو[٦٦]. سەبیحە دەڵێ کە وا مستەفا کەمال فرەجار لە کاری کۆمیتەکەی دەستووردا بەشداریی کردووە کاتێ کە لە ماڵی بەڕێوەبەری وێستگەی شەمەندەفەردا لە ئەنقەرە کۆدەبوونەوە. بەپێی سەبیحە سەرتەل بێت، مشتومڕێکی زۆر بەرپابووە لە سەر مادەی چوار (لە دەستووری ١٩٢١دا) کە دەقەکەی بەم شێوەیە: "ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵا لەو ئەندامانە پێکدێت کە خەڵکی هەرێمەکان هەڵیاندەبژێرن"[٦٧]. بە پێی قسەی ئەو بێت: وشەی "ویلایەت یان هەرێم" واتای "شاری سەرەکیی هەرێمێکی" دەگەیاند و ئەوانەی بەرپەرچی ئەم ئەم بۆچوونەیان دەدایەوە، چەندوچوونیان لە سەر پێویستیی نوێنەرایەتیکردنی شارۆچکە و گوندەکان دەکردەوە و وای بۆدەچوو کە مەترسیی ئەو ناڕەزایەتییانە لەوەوە بووە لە دەستەبژێری

ویـلایەت یـان هەرێمەکـان – کە لە فەرمانـدە سـەربازییەکان و کەسـایەتییە ناودارەکـان و خـاوەن زەوییەکـان پێکـدەهاتن – بەزۆری لە گیرفـانی مسـتەفا کەمالدا بوون و ئەو ئەندامە هەڵبژێردراوانەی ئەنجومەنیش پێگەی ئەویان وک دکتاتۆرێـــک بەهێزدەکـــرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا، دەقەکە بەم شـــێوەیە گۆڕانکاری تێدا کرا "ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵای تورکیا لەو نوێنەرانە پێکدێت کە لەلایەن گەل / نەتەوەوە هەڵدەبژێردرێ بە پێی یاسای پەیوەندیدار".

هەروەهـا سـەبیحە سـەرتەل ئیدیعای ئەوەش دەکات کە وا لەلای یەک لە هەڤاڵە نزیکەکانی مستەفا کەمال سکاڵای کردووە، کە مەزهەر موفید (کانسـو) بـووە و لەوکـاتەدا نـوێنەری دنیزلـی بـووە[69] و پێیوتـووە کە وا لە دەسـتووردا هــیچ شــتێک نــیە لەبــارەی چاکســازیی زەویــوزار و کشــتوکاڵ و مــافی کرێکـارەوە و وەڵامـی مەزهەر موفیـد وابـووە کە "مسـتەفا کەمـال دەیەوێـت گەلێـک چاکسـازی بکـات و سـەبارەت بە ریفـۆرمی زەویـوزار قسـەی لەگەڵ خـاوەن مڵکەکـان [ئاغاکـان] کـردووە، بەتـایبەتی خـاوەن زەوییە کوردەکـان و نوێنەرە کوردەکانی وەک فەیزی بەگ[70]. ئەم کێشـەی چاکسـازیی زەویـوزارە تابڵێن قورسە و مەحـاڵە بچێتە ئەقڵی ئاغاکانەوە و چارەسـەری ئەم کێشـەیە واتــای لەدەســتدانی تەواوی ئاغــا و پیاومــاقووڵان دەگەیەنێــت. لەبەرئەوە، لەئێستادا جارێ سەری مەسەلەی چاکسازیی زەویوزارمان ناوەتەوە"[71].

پێویستە ئەم شایەتییەی سـەبیحە سـەرتەل لە بەر ڕۆشـنایی پابەنـدبوونی دواتـری بە مەسـەلەی کۆمۆنیسـتییەوە تەماشـا بکرێت، بەڵام ئەوە ڕاستییەکە کە وا لە دووەم ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵادا خـاوەن مڵکی خەڵکی باشـووری ڕۆژهەڵات هەبوون و دوو نـوێنەری مەلاتیـیە وەک ئاغـا دەسنیشـان کـراون[72]، بەڵام هــیچ ســەرۆک عەشــیرەتێک لە یەکەم ئەنجــومەنی نیشــتمانیی بــاڵادا دەسنیشــان نەکــراوە[73]. بێگومــان خــاڵی ســەرەکیی جێبــایەخ لە مشــتومڕ و

گفتوگۆکانی کۆمیتەی دەستوور و پاشانیش لە کاتی گفتوگۆی پرۆژەی دەستووردا، دەسەڵاتەکانی سەرۆک مستەفا کەمال و مەسەلە پەیوەندیدارەکان بووە بەو دەسەڵاتەوە. لەبەرئەوە، حکوومەتی ناوخۆیی، کە گریمانەی ئەوەی هەبوو نەژادی کورد لەناویدا جێبکرێتەوە، هیچ بایەخێکی پێنەدرا. بەپێی پرۆفیسۆر سونا کیلی بێت، "شتێکی کەم نەبێت گفتوگۆیەکی ئەوتۆ نەکرا لە سەر ئەو بەشەی دەستوور کە بۆ بەڕێوەبردنی ویلایەت و هەرێمەکان تەرخانکرابوو"[٧٤]. لە گفتوگۆکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵادا، خالیس تورگوتی نوێنەری سیواس (کە لە ساڵی ١٩٢٦دا لەسێدارەدرا بە ئیدیعای تێوەگلانی لە پیلانی تیرۆرکردنی مستەفا کەمالدا لە ئیزمیر)[٧٥] سکاڵای لەوە دەکرد کە ئەنجومەنی پارێزگاکان (کە لە سەر مۆدێلی ئەنجومەنە گشتییەکانی فەرەنسا بوون) دەسەڵاتی راستەقینەیان نیە و پێویستە هەرێمەکان بتوانن کاروباری تایبەتی خۆیان بەڕێوەببەن[٧٦]. لێرە بەدواوە زاراوەی "ئۆتۆنۆمی یان خودموختاری" (*muhtariyet*) لە ئەحکامەکانی حکوومەتی ناوخۆیی لابرا و زاراوەی *شوورا* بۆ ئەنجومەن بەکاردەهێنرا. هەروەها شەش مادەکەی حکوومەتی ناوخۆیی دەستووری ساڵی ١٩٢١ کەمکرایەوە بۆ دوو مادەی کورت لە دەستووری ساڵی ١٩٢٤دا، کە ئەمانەن: مادەی ٩٠ "هەرێمەکان و شارەکان و شارۆچکەکان و گوندەکان قەوارەی یاسایین" و مادەی ٩١ "کاروباری هەرێمەکان بەپێی پرەنسیپی درێژکردنەوەی دەسەڵاتەکان و جیاوازیی نێوان کار و فرمانەکان بەڕێوەدەبرێن"[٧٧] (*تەڤسی مەئزوونییەت و تەفریقی وەزائیفی ئەساسی*). ئەم دەستوورە تاڕادەیەک بە کۆدەنگی پەسەندکرا لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵاوە لە ٢٠ی نیسانی ١٩٢٤دا[٧٨].

ئەو دەمە هـیچ بەرهەڵسـتییەکی فەرمـی لە ئەنجومەنـدا نەبـوو، چـونکە مسـتەفا کەمـال زۆربەی ئەنـدامەکانی دیـاریکردبوو، بەڵام ئەمە ڕێـگەی لە جموجووڵە سـەرکەوتووەکان نەگرتبوو بۆ سنووردار کردنی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆک لە هەنـدێک مەسـەلەی وەک هەڵوەشـانەوەی پەرلەمـان گێـڕانەوەی یاساکان بۆ چاوپێداخشانەوەیان. یەک لەو نوێنەرانەی بەرهەڵستیی ئەوەیان کرد مافی ڤیتۆ بدرێتە سەرۆک، پارێزەر فەرەیدوون فکریی نوێنەری هەرێمی دەرسیم بوو کە وا زۆرینە کوردە[٧٩] و دواتر بوو بە ئەندامی پارتی کۆماریی پێشکەوتنخوازی بەرهەڵستکار[٨٠]. بەڵام نە ئەو و نە هیچ کەسێکی تر باسیان لەو ئایدیایە نەکرد، کە ساڵێک لەوەوپێش مستەفا کەمال مشتومڕی لە سەر کردبوو، سەبارەت بە پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بەو هەرێمانەی کە زۆرینە کورد بوون لە چوارچێوەی حکوومەتی ناوخۆیی پەرەسەندوودا. هەڵبەت پلانەکە لەوکاتەدا بەتەواوی لە گفتوگۆی گشتی چووبووەدەرەوە. باشە ئەم مەسەلەیە بۆچی وای لێهات؟

کێشـەی مووسـڵ هێشـتا هەر بەبـێ چارەسـەر مـابووەوە و بەوپێـیە مسۆگەرکردنی دانیشتووە کوردەکانی باکووری عێراق هێشتا هەر پێویست بـوو، هەر هـیچ نەبێت لەڕووی تیـۆرییەوە. بەڵام وەک تێبینـی کـرا، پەیـامە کـورتەکەی ئیزمیت لە کـانوونی دووەمـی ١٩٢٣دا ئامـاژە بـوو بـۆ ئەوەی کە مستەفا کەمال مووسڵی سڕییەوە. دەکرێت بە گاڵتەجاڕییەوە بگوترێت کەوا مەسـەلەی ئۆتۆنـۆمیی کـورد لە چوارچێـوەی تورکیـادا ڕێکـوڕەوان بە ئیمزاکردنی پەیمانی لۆزان لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣دا پشتگوێخرا و دان بە مـافی سـەروەریی حکوومەتی تورکیـادا بە سـەر خاکەکەیدا نـرا. بەڵام ئەمە شکستی ئۆپۆزسیۆنی یاسایی و ڕۆژنامەنووسیی بەرهەڵستکار ناگەیەنێت بۆ

هەر لاکردنەوەیەک لە خەسڵەتی ئیتنیکیی دانیشتوانی وڵات، کە مستەفا کەمال خۆی لە سەردەمی جەنگی سەربەخۆییدا دانی پێ دانابوو.

من وایدەبینم کە وەڵامی ئەو پرسیارە هەمیشە قورسە کە وا سەگەکە بۆچی نەوەڕی و – لەم حاڵەتەدا هۆکاری پاشەکشەی مەسەلەی ئۆتۆنۆمیی کوردە لە سیاسەتی ئەنقەرە و ئەستەمبووڵ لە ساڵی ١٩٢٤دا – خۆی لەو راستییەدا دەبینێتەوە کە وا مەسەلە لەپێشینەکان گۆڕانکارییان بەسەرداهات. پەیوەست بە مستەفا کەمالەوە، دامەزراندنی تورکیایەکی مۆدێرنی سێکولار بوو بە مەسەلەیەکی لەپێش و پێویستی بە هێزێکی رەها بوو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. لەبەرئەوە، هەر جۆرێک لە ئۆتۆنۆمیی هەرێمی دەبووە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم نەخشە و پلانەکانیدا، بەتایبەتی خۆی و تەواوی دەستەبژێری تورکیش ئەم ناوچەیەی ئۆتۆنۆمییان بە شوێنێکی دواکەوتوو لەقەڵەمدەدا. پەیوەست بە ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵیش، کاری لەپێشینە جڵەوکردنی هێز و دەسەڵاتی مستەفا کەمال بوو. سەبارەت بە چەپی رادیکاڵیش، کە سەبیحە سەرتەل شایەتحاڵێتی، ئەوە کوردبوون یان ناسیۆنالیزمی کوردی (کورتچلک ـ *Kurtculuk*) خزمەتی بەرژەوەندیی خاوەن ملکەکان و سەرۆک خێڵە فیوداڵەکان و "کۆنەپەرستەکانی" تری دەکرد. ئەوە دەکەوێتە دەرەوەی ئەم توێژینەوەوە کە لە سەر ئەوە راوەستین کە وا لە چ قۆناخێکدا لینین و پاش ئەویش ستالین ئەو شتەیان پێ پەسەند بووە کە دەکرێت پێی بگوترێت فیدراڵیزمی درۆینە، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی ناوی لێنراوە چاودێری کردنی کولتووری نەتەوەیی لە فۆرمدا، بەڵام سۆشیالیستی لە ناوەرۆکدا، کەوا کۆمۆنیست و مارکسییەکانی تورکیا پێیەوە پابەند بوون، بەڵام فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە نەبووە لە ساڵی ١٩٢٤دا.

پاش ساڵی ١٩٢٣، دەستێوەردانی سەرەکیی مستەفا کەمال لە مەسەلەی کورددا لە شوبات – مارتی ١٩٢٥دا بوو لە کاتی یاخیبوونەکەی شێخ سەعیددا و لەو سەروبەندەدا حکوومەتەکەی فەتحی (ئۆکیار) یاسای عورفیی ڕاگەیاند و کەوتە جێبەجێ کردنی کردەوەی سەربازی دژ بە یاخیبوان. پارتی کۆماریی پێشکەوتنخوازی ئۆپۆزسیۆنیش پشتگیریی لە کردەوەکانی حکوومەت کرد، بەڵام مستەفا کەمال بڕیاریدا کە مەسەلەکە پێویست بە کار و کردەوەی توندتر دەکات و بەو هۆیەوە عیسمەت (ئینۆنو)ی پیاوی دەستەڕاست و جێمتمانەی خۆی لە ئەستەمبووڵەوە بانگ کرد و کارێکی کرد کە وا پارتی گەل، کە حیزبی خۆی بوو، فەتحی بخاتەلاوە و عیسمەتی هێنایە سەر دەسەڵات بۆ وەرگرتنی کار و کردەوەی توند بە مەبەستی دامرکاندنەوەی یاخیبوونەکە. کاتێ کە ئەنجومەن یاساکەی عیسمەتی پەسەندکرد بۆ پاراستنی توندوتۆڵیی نیزام لە ٤ی مارتی ١٩٢٥دا، بە زۆرینەی ١٢٢ دەنگ لەبەرانبەر ٢٢ دەنگدا، کە ٣٧ نوێنەری ناوچە کوردییەکان لەگەڵ حکوومەتدا بوون و تەنها حەوتیان بەرهەڵستکار بوون.

لە ڕاگەیاندنەکەی ٧ مارتی ١٩٢٥، مستەفا کەمال هۆکاری یاخیبوونەکەی گێڕایەوە بۆ هەندێک کەسایەتیی دیاریکراو، کە دادگا تاوانباری کردن (*kanunen mucrim olan bazi muteneffizan*) و دەمامکی ئایینیان بەکارهێنابوو بۆ شاردنەوەی نیاز و مەبەستی خۆیان. پاشان بەردەوام بوو لە سەر ڕاگەیاندنی ئەوەی کە یاسا و نیزام پارێزراو دەبن وەک بنەمایەک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری[٨٢]. خولی نوێی ئەنجومەن لە ١ی نۆڤەمبەری ١٩٢٥دا کرایەوە و بە سادەیی یاخیبوونەکەی بەوە وەسفکرد کە "ڕووداوێکی کۆنەپەرستانە" بووە (*ئیرتیجاع حادیسەسی*). دوابەدوای یاخیبوونەکەی شێخ سەعید، پارتی کۆماریی پێشکەوتنخوازی ئۆپۆزسیۆن داخرا. لەگەڵ ئەوەشدا،

جەنەراڵ كـازم قەرەبەكـری سـەركردەی ئەم حیـزبە لە سـاڵانی ١٩٢٢ / ٢٣دا راوبۆچوونی خۆی بەو جۆرە دەربڕی كەوا دەمارگرژیی ئایینی بەكارهێنراوە بۆ هاندانی یاخیبوونی كوردەكان. بە قسەی قەرەبەكر بێت، سەبارەت بە كورد ئەوەی كە گـرنگە ژمارەكەیـان نـیە، بەڵكـو قەبـارەی ئەو خـاكەیە كە داگیریـان كـردووە، لەبەرئەوە پێشـنیازی چارەسـەرێكی زۆر تـایبەت و هەسـتەوەری كرد و دەیـوت پێویسـتە ئەو رۆشـنبیرانەی لە كۆلێجە ئـایینی و یاسـاییەكانی ئەستەمبووڵ دەخوێنن و راهێنانیان پێبكرێت و فێری زمانی كوردی بكرێن و جێگەی شێخە كوردەكان بگرنەوە، هەروەها پێویستە دوو راڕەوی ستوونی و ئاسۆیی بە دەوری دەریاچەی واندا بكرێتەوە بۆ زەمـانەت كردنی دەسـەڵاتی حكوومەت بەسەر كوردستاندا لە ڕووی سـەربازی و سیاسـی و ئـایینییەوە[٨٣]. مسـتەفا كەمـال و فەتحـی (ئەكیـار) و كـازم قەرەبەكـر رێكنەدەكەوتن لە سـەر شـێوازی مـامەڵەكردن لەگەڵ راپەڕینە كوردییەكاندا، بەڵام هەر هەمـوو كۆك بـوون لە سـەر ئەوەی كە دەسـەڵاتی حكـوومەتی ناوەنـدی دەبێـت بە سـەر تەواوی وڵاتدا بشكێت.

لەكاتێكدا كە وا حكوومەت ئامادەكاریی دەكرد بۆ قەدەغەكردنی "پارتی كۆمـاریی پێشـكەوتنخواز"ی ئۆپۆزسـیۆن، دۆسـتێكی رەوف (ئۆربـای)، كە یەكێـك بـوو لە هەڤـاڵە دێرینەكـانی مسـتەفا كەمـال لە ئەنەدۆڵـدا، بەڵام لەو مـاوەیەدا بووبـوو بە نەیـارێكی سیاسـی، كەوتە بەر لێپرسـینەوە لەلایەن پۆلیسـەوە بە هـۆی پەیوەندییەكانی لەگەڵ كورددا. نـاوی ئەم دۆسـتە عـومەر فەوزی مـاردین بـوو كە ئەفسـەرێكی خانەنشـین بـووە و ئەنـوەر پاشـا رایسـپاردووە كە یـارمەتیی رەوف بـدات بە ئەركێكـی نهێنـی لە ئێـران لە سـەرەتای جەنگـی گەورەدا (جەنگـی جیهـانیی یەكەم – و). عـومەر فەوزی مـاردین بە لێكـۆڵەرەوانی پۆلیسـی وتـووە كە دایكـی كچـی بەدرخـان پاشـا

بـــووه و ئەمەش تـــاقە پەیوەنـــدیی ئەو بـــووە لەگەڵ کـــورددا، بەڵام وەک ئەفسەرێک هەمیشە خزمەتی مەسەلەی یەکگرتنی هەموو رەگەز و نەژادەکانی کردووە لە سایەی یەک ئاڵادا – واتە ئەو کۆمەڵگە ئیتنیکی و نەژادییانەی – لە وڵاتدا دەژین[٨٤] و مستەفا کەمالیش بە دەستەواژەی هاوشێوە دەدوا لە سەروەختی جەنگی سەربەخۆییدا، بەڵام وا ئێستا کات و سەردەم گۆڕاوە.

لە ٨ ی دیسەمبەری ١٩٢٥دا، وەزارەتی خوێندن و فێرکردن گشتاندنێکی دەرکـــرد و تێیـــدا بەکارهێنـــانی ئەو زاراوانەی قەدەغەکـــرد کە جیـــاوازی و دابەشـــبوون دەورووژێـــنن وەک کـــورد و چەرکەس و لاز و کوردســـتان و لازســـتان[٨٥]. مستەفا کەمـال بیـری نـوێی لە نـامیلکەی پەروەردەی مەدەنیـدا روونکـــردووەتەوە کە لە ســـاڵی ١٩٣٠دا بـــۆ عـــیففەت عینـــانی کـــچە لەخۆگرتووەکەی (لە منداڵییەوە بەخێوی کردبوو – و) نووسیوەتەوە و دەقی بڕگە پەیوەندیدارەکەی لێرەدا دەنووسینەوە:

"لەناو یەکێتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەلی تورکی ئەمڕۆدا هاوڵاتییان و هاونەتەوە هەن هاندراون وا بیر لەخۆیان بکەنەوە کە کوردن یان چەرکەسن یـــان لازن یـــان بۆســـنین. بەڵام ئەم ناولێنـــانە – کە بەرهەمـــی ســـەردەمە رابوردووەکـانی ستەم و ملهوڕین – هیچی لەگەڵ خـۆ نەهێنـاوە لە خەم و مەیـــنەت بەولاوە بـــۆ تاکەکـــانی گەل و ئـــوممەت، ژمـــارەیەکی کەمـــی کۆنەپەرستانی مێشک پووچی لێبەدەر، کە بوون بە داردەستی دوژمنان. ئەمە لەبەرئەوەی ئەو تاکـانەی گەل و نەتەوە هاوبەشـن لەگەڵ کـۆی کـۆمەڵگەی تورک لەهەمان رابوردوو و مێژوو و چەمکی مۆراڵ و یاساکاندا".

لێرەدا باسێکی دیاریکراو نیە بۆ بنەچەی هاوبەشی رەگەز و نەژاد. بەڵام لە هەمـان سـاڵدا، مستەفا کەمـال رەزامەنـدیی دا لە سـەر بڵاوکـردنەوەی *"کورتەیەک لە مێژووی تورک"* (*Turk Tarihinin Ana Hatlari*) – کە ئەمەش

ناونیشـانێکە ئەو کتێبە مێـژووییەی دانـراوی ئـێج. جـی. وێڵزمـان بێـردێنێتەوە بەناوی "نەخشەی مێژوو" و ئەتاتورک پێی سەرسام بوو. "*نەخشە*" تورکییەکە تێـزە مێـژووییە تورکییەکـانی وا دارشـتووە کە ئیـدیعای ئەوە دەکـات کە وا زۆربەی شارســتانییەتەکان لەلایەن ئەو گەلانەوە بنیــاتنراون کە بە بــنەچە تــورکن. ئیــدیعاکە میــدییەکانیش[٨٧] دەگــرێتەوە کەوا کــورد بە باوبــاپیرانی خۆیانیان دەزانن و بە هەمان شێوە ئەخمینییەکان و پارسەکانیش.

پاشــــان، لە ١٤ی حــــوزەیرانی ١٩٣٤دا، یاســــای نیشــــتەجێکردنەوە (iskan  Kanunu ئیسـکان قـانوونو) [٨٨] تەواوی هاونیشـتمانییانی وڵاتـی ئاوێتەی کولتووری تورک کردووە – سـەرنج بدە وشـەی "کولتـوور" – وەک سیاسەتێکی فەرمیی حکوومەت. هەڵبەت، دەکرێت پێداگری لە سـەر "کولتـوور" بگێـڕینەوە بـۆ زیـا گوێکئەلـپ، کە یەکـێکە لە ئایدیۆلۆجیسـتە سـەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی. لێرەدا مۆدێلەکە، وەک هەمیشە، فەرەنسا بوو، کە تێیدا بریتـۆنی و ئۆکیتـانی و سـاڤۆیارد و فلێمینگەکـان و .. تـاد. هەر هەمـوو لە کولتوور و فەرهەنگی فەرەنسـیدا تێکەڵ و ئاوێتە کران. حکوومەتی کۆمـاری تورکیـا سـووربوو لە سـەر دووبـارەنەکردنەوەی ئەو هەڵەیەی کە وا نـامیق کەمـال لە سـەدەی رابوردوودا سـەرکۆنەی کرد و بۆی بەداخ بـوو کـاتێ کە بەرنامەکـانی – خوێنـدن بە زمـانی تـورکی – جێبەجـێ نەکـرا، بەڵام ئەمجـارە چیتر ئەو مەسەلەیە پشتگوێ ناخرێت.

ئەتــاتورک بەرهەڵســتیی ئەم سیاســەتەی نەکــرد و ئەگەر وانەبــوایە، دەیوەسـتاند. بەڵام بایەخـدانی رووی لە شـوێنێکی تـر بـوو – واتە پـرۆژەی مەزنی نوێکردنەوەی خوێندن و فێرکردن بوو. لێرە بەرقەرارکردنی یاسـا و ئاسایش بۆ حکوومەتەکەی عیسمەت ئینۆنو قۆرخ بوو و ئەتاتورک ئەوەی بۆ رەخساندبوو. کاتێ کە یاسـاکان و دەزگـا و دامەزراوەکان گۆڕانکارییـان تێدا

کـرا و کێشــە و تەگەرە ســەریانهەڵدا، ئەتــاتورک دەســتیکرد بە ســەردانی بەردەوام بۆ هەرێم و ناوچەکان، بەڵام دیاربەکر و باشوری رۆژهەڵات، کە لە ساڵی ١٩١٩وە بەڵێنـی سـەردانی دابـوو، تـا دواسـاڵی ژیـانی لە گەشـتەکانی دەرکرابوو. دواجار، لە ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩٣٧دا، ئەتاتورک لە ئەنقەرەوە بە شــەمەندەفەر رۆیشــت بـۆ دیـاربەکر بە هـاوڕێتیی جەلال بایـاری سـەرۆک وەزیـرانە نـوێکەی. لە رێگـا، سـەردانی شـوێنی بنیاتنـانی کـارگەیەکی نـوێی رسـتن و چنینـی کـرد لە مەلاتیـیە لە ١٤ی نـۆڤەمبەردا. بـۆ رۆژی دواتـر لە کۆنسـێرتێکی موزیکـدا ئامــادە بــوو لە مــاڵی گەلــدا لە دیــاربەکر. لەوێ لە وتاردانێکـدا وتـی: "وا لە دوای بیسـت سـاڵ، جـارێکیتر خـۆم لە دیـاربەکردا دەبینمەوە و گوێ لە موزیکی جوان و مۆدێرن دەگرم لە یەکێک لە جوانترین تەلارەکان لە جیهاندا و بە ئامادەبوونی خەڵکی شارستانی لەمماڵەی گەلدا"[٨٩]. بۆ رۆژی دوایی، پرۆژەی درێژکردنەوەی هێڵی ئاسنی کردەوە بۆ ئێران و عێــراق بەســەر دیــاربەکردا. پاشــان بــۆ مــاوەیەکی کــورت لە ئەلعەزیــز (مەعمورەتولعەزیز) وەستا و دەسەڵاتداران دڵنیـابوونەوە لە لەسێدارەدانی ســەرکردەکانی راپەڕیــنەکەی دەرســیم لەپــێش ســەردانەکەدا[٩٠]. ســەبیحە گوێکچەنی کچەکەی ئەتاتورک بە هەڵگرتنەوە و فڕۆکەوانی سەربازیی پێشتر بەشـداریی کردبـوو لە هێرشـکردنە سـەر یـاخیبووان بە فـڕۆکە و بۆمبـاران کردنیان.

لە ١٨ی نـۆڤەمبەردا، ئەتــاتورک گەیشــتە ئەدەنە و مــاوەی پێـنج رۆژ لە باشووری رۆژهەڵات مایەوە[٩١]، بەڵام مۆرکێکی هەمیشەیی تێدا بەجێهێشت، بە دەرکردنـی بڕیـاری سـەرۆکایەتی کە وا پێویسـت دەکـات نـاوی بگۆڕدرێت لە دیاربەکیرەوە بۆ دیاربەکر و ئەلعەزیز بۆ ئیلازیغ *Elazig* بەپێی تیۆریی رۆژ لە زمانـدا کە رەگ و ریشـەی تـورکیی بـۆ هەمـوو شـتێک و هەر وشـەیەکی

بنەچە بێگانەی دەدۆزییەوە. لە گەڕانەوەیدا، ئەتاتورک رایگەیاند کەوا دڵخۆش بووە بە بینینی دانیشتوانی هەر یانزە ویلایەتەکەی کە سەردانی کردوون و بە خواست و ئارەزووی خۆیان پارە دەدەنە گەنجینەی دەوڵەت بێ هیچ دوودڵییەک و بە گیانێکی قوربانیدان و خۆبەختکردنەوە، ئەوەش لە پێداویستیی رۆژانەی خۆیان زیادبووە و لەپێناوی کۆمارێکی تورکیی دەوڵەمەند و بەهێز و مەزندا[٩٢].

عاسم ئووسی نوێنەر و رۆژنامەنووس لە پارتی گەلدا، لە یاداشتەکانیدا تێبینیی ئەوەی کردووە کە وا ئەتاتورک لە کاتی گەشتەکەیدا بۆ رۆژهەڵات فەرمانیداوە بە درووستکردنی رێگەوبانی سەربازی لە دەرسیم (کە دواتر ناوی تونجەلی لێنرا)، بەڵام تەرخانکردنی چوار ملیۆن لیرە بۆ درووستکردنی قوتابخانە و ملیۆنێک لیرەش بۆ چاککردنەوەی ئەو زەرەر و زیانانەی کە جەردە و رێگرەکان بەرپایان کردبوو، بە پێی ئەو بنەمایەی کە وا باشترە دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان لە پێدەشتە بەپیتەکانی ناوچە و هەرێمەکانی نیشتەجێ بکرێنەوە[٩٣].

بەکورتی بڵێین، کەوا لە سالانی جەنگی سەربەخۆییدا، مستەفا کەمال بەدیاریکراوی دانیناوە بە خەسڵەتی فرەڕەگەزی دانیشتوانە موسڵمانەکانی تورکیادا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا سووربووە لە سەر یەکگرتوویی برایانەیان. هەروەها بەڵێنی داوە کە حکوومەتە ناوخۆییەکان تایبەتمەندیی ئیتنیکی و نەژادی لەخۆدەگرێت، بەڵام لە پاش ساڵی ١٩٢٣، هەموو ئایدیا و بۆچوونێک لەبارەی حوکمی خۆکردنی تاکتاکی رەگەز و نەژادی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لە ئەجێندای سیاسیی تورکی دەرکرا. لێرە بەدواوە مستەفا کەمال وزە و توانای خۆی بۆ پتەوکردنی هێز و شۆڕشە کولتوورییەکەی تەرخان کرد و کاتی کەم بوو بۆ کوردەکان. ئاخۆ بیر و بۆچوونی گۆڕابوو، وەک جۆن

سیمپسۆن لە ئێستگەی رادیۆی بەریتانی BBC بۆی دەچێت، ئاخۆ کەوتبووە بانگەشە و برەوپێدانی ئەو ئەفسانەیەی دەڵێت کە وا تورک تاقە گرووپی ئیتنیکین لە تورکیادا؟ بێگومان ئەوەی کرد و بەو مانایەی کە وا هەموو تاکێک کە باسی دێت لە مێژوودا رەگ و بنەچەی تورکە و کوردەکانیش لەمە بەدەر نین.

ئەو ئایدیۆلۆجیایەی سیاسەتی حکوومەتەکانی کۆماری تورکیای پێکهێنابوو لەبەرانبەر هاونیشتمانییە کوردەکانیدا، بۆ پێش ئەتاتورک دەگەڕێتەوە. بەشداریی سەرەکیی ئەو لە ئیدارەدانی سەرکەوتووی کێشەی کورددا لە ماوەی جەنگی سەربەخۆییدا بوو، بەڵام پاش ئەوە، پێداویستییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی مۆدێرن بوون بە کاری لەپێشینەی. ئەوە راستە کە وا شۆرشی کولتووریی ئەتاتورک تەگەرەیەکی تر بوو لە بەردەم کولتووره ئیتنیکییە جیاوازەکاندا چجای جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمیی ناوخۆیی، بەڵام لە کۆمەڵگەی تورکیدا داواکارییەکی روون و ئاشکرا نەبوو بۆ هیچکام لەمانە. لەم بارودۆخەدا، ئەتاتورک دەیتوانی ئیدارەدانی کوردەکان بسپێرێتە حکوومەتەکەی.

ئەمرۆ تێزە مێژووییەکەی تورکیا هاوشان و هاوکات لەگەڵ تیۆریی رۆژدا لەبارەی زمانەوە تووڕدراوە و رەگ و ریشەی ئیتنیکی و نەژادیی جۆراوجۆری خەڵکی تورکیا بەئاشکرا مشتومڕی لە سەر دەکرێت و ئەمرۆ وشەی "مۆزاییک mosaic" بووە بە کلێشەیەک لە باسوخواسی وێنەی ئیتنیکی و نەژادیی وڵاتدا. ئێمە ئێستا گەڕاوینەتەوە بۆ ئەو زمانەی کە مستەفا کەمال (ئەتاتورک) بەکاریدەهێنا و ئەو بیر و ئایدیانەی لە ماوەی جەنگی سەربەخۆییدا دەیخستنە بەر باس. ئا لێرەوەیە گرنگی و بایەخی تۆمارکردن و

شـیکردنەوە دێـت بـۆ ئەوەی کە بـاوکی دامەزرێـنەری کۆمـاری تورکیـا لەو سەردەمە یەکلاکەرەوەی مێژووی تورکیادا وتوویەتی.

## سەرچاوە

گۆڤاری توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە ٤ : ٣٥، ١٩٩٩، ل ١ – ٢٥.
ناوی باس: ئەتاتورک و کورد، لە یادی حەفتا و پێنج ساڵەی کۆماری تورکیادا
ناوی نووسەر: ئەندرو مانگۆ

Atatürk and the Kurds
Andrew Mango
Seventy – Five Years of the Turkish Republic
Middle Eastern Studies, (1999) 35: 4, 1 – 25,

# پەراوێز

١ - *"منداڵانی ئەتاتورک: تورکیا و کورد"*، (لەندەن، ١٩٩٦)، ل ١١. پێداچوونەوەی کتێبەکە: *گۆڤاری توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست*"، بەرگی ٣٠، ژمارە (کانوونی دووەمی ١٩٩٧)، ل ١٥٥ – ١٥٦.

٢ - *رۆژنامەی میللییەت*، ٣٠ ی حوزەیرانی ١٩٩٨، ل ٨.

٣ - جونێدئۆغلوو سورونوو، *"کێشەی باشووری رۆژهەڵات"*، لە *رۆژنامەی میللییەت*، ١٠ی ئابی ١٩٩٨، ل ١٩.

٤ - وردەکاری لە جەلال ئیریکان، *"کوموتان ئەتاتورک"*، [ئەتاتورک وەک فەرماندە]، (ئەنقەرە، ١٩٧٢)، ل ١٨١ – ٢١٧.

٥ - هەڵبژاردە لە ئولوغ ئێغدەمیر *"ژیانی ئەتاتورک"*، Turk Tarih Kurumu (ئەنقەرە، ١٩٨٠)، ل ٧٩ – ٨٧.

٦ - عیززەدین چاڵشلەر، *"دوو ساڵ و نیو لەگەڵ ئەتاتورک"*، (ئەستەمبووڵ، ١٩٩٣).

٧ - چاڵشلەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

٨ - چاڵشلەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

٩ - چاڵشلەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

١٠ - ATASE [بەشی مێژووی سەربازی بۆ ئەرکانی گشتیی تورکیا]، *"بایۆگرافیای فەرماندەی تیپەکان و گەورە فەرماندەکانی جەنگی سەربەخۆیی تورکیا"*، چاپی دووەم. (ئەنقەرە، ١٩٨٩)، ل ١١١ – ١١٥.

١١ - فەخرەدین ئالتای، *"دە ساڵ لە جەنگ (١٩١٢ – ١٩٢٢) و دواتر"*، (ئەستەمبووڵ، ١٩٧٠)، ل ٢٩ و دواتر.

١٢ - ئالتای، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

١٣ – ئاڵتای، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

١٤ – ئاڵتای، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

١٥ – سەلیم دێرینگل، "*بوارە باش پارێزراوەکان*"، (لەندەن ، ١٩٩٨) ، ل ١٠١ – ١٠٤.

١٦ – " *ئانا بریتانیکا*"، چاپی یەکەم. (ئەستەمبووڵ، ١٩٨٦ – ١٩٨٧) ، بەرگی ١١، ل ٧١.

١٧ – لە مەسامی ئارای وەرگیراوە، "*ناسیۆنالیزمی تورکی لە سەردەمی تورکە لاوەکاندا*"، (لەیدن، ١٩٩٢)، ل ٣٠.

١٨ – ئافێتنان، "*یادەوەری و بەڵگەنامە لەبارەی ئەتاتورکەوە*"، (ئەستەمبووڵ، ١٩٨٤)، ل ٤٣ – ٥١.

١٩ – دەقی نامەکە لە ساڵح بوزوک "*بۆ هەمیشە لایەنگری ئەتاتورکم*"، (ئەستەمبووڵ، ١٩٨٥)، ل ١٨٢ – ١٨٣.

٢٠ – دیڤید ماکدواڵ، "*مێژووی نوێی کوردەکان*"، (لەندەن ، ١٩٩٦)، ل ١٢١.

٢١ – هەمان سەرچاوە، ل ١٢٣ ؛ "ئینسکلۆپیدیای ئیسلام"، چاپی دووەم. (لەیدن، ١٩٥٨)، بەرگی١، ل ٨٧١ ; "*ئانا بریتانیکا*"، بەرگی ، ل ٨٥ .

٢٢ – دیڤید ماکدواڵ، "*مێژووی نوێی کوردەکان*"، ل ١٢٢.

٢٣ – دیڤید ماکدواڵ، "*مێژووی نوێی کوردەکان*"، ل ١٢١ – ١٢٣.

٢٤ – ATASE، "*هەڵبژاردە لە ئەرشیفی تایبەتی ئەتاتورک*"، بەرگی ٥، چاپی دەستەی ئەرکانی گشتی،

(ئەنقەرە، ١٩٩٦). یەکەم راپۆرتی ئەحمەد جەودەت، ل ١ – ٨ .

٢٥ – مەحموود گولێئۆغلوو، "*کۆنگرەی سیواس*"، (ئەنقەرە، ١٩٦٩)، ل ١٢٠.

٢٦ – لیستی تەواوی نوێنەران لە مەحموود گۆلێئۆغلوو، "*کۆنگرەی ئەرزڕوم*"، (ئەنقەرە، ١٩٦٨)، ل ٧٨ – ٨٠ .

٢٧ – دەقەکەی لە گولێئۆغلوو، "*کۆنگرەی ئەرزڕوم*" ، ل ٢ – ٢.

٢٨ - كەمال ئەتاتورك، *"وتاردان : بەڵگەنامە"* ، كولتووری ئەتاتورك، ئەنقەرە ١٩٩١، بەڵگەنامەی ژمارە ٤١، ل ٦٣.

٢٩ - مەزهەر موفيت كانسو، "لە پاڵ ئەتاتوركدا، لە كۆنگرەی ئەرزڕومەوە تا كۆچی دوایی"، (ئەنقەرە، ١٩٨٨)، بەرگی ٢ ، ل٥٨٥ .

٣٠ - ئێريكان، *"كوموتان ئەتاتورک"*، ل ٥٨ .

٣١ - شەوكەت سورەيا ئايدەمير، *"تاقە پياو"* ، (ئەستەمبووڵ، ١٩٨٤)، بەرگی ٢، ل ٨٩ ؛ مەزهەر موفيد كانسو، ل ١٩٨ – ٢٠٣.

٣٢ - *"ياداشتی رۆژانەی مێجەر نوئێڵ"* ، (بەسرە، ١٩١٩)، ل ١٩. تۆمەتەكە لە برووسكەی ئەحمەد جەودەتدا باسكراوە، لە ١٢ سێپتەمبەر بۆ سەرۆک وەزيران، كۆپيی تيپی سێ لە سيواس - ATASE) ، ل ٧٨).

٣٣ - *"ياداشتی رۆژانەی مێجەر نۆئێل"* ، ل ١٠.

٣٤ - *"ياداشتی رۆژانەی مێجەر نوئێل"* ، ل ٢١.

٣٥ - گولئۆغلوو، *"كۆنگرەی سيواس"* ، (ئەنقەرە، ١٩٦٩)، ل ٧٤، ١٢٤.

٣٦ - گولئۆغلوو، *"كۆنگرەی سيواس"* ، (ئەنقەرە، ١٩٦٩) ، ل ١١٠.

٣٧ - گولئۆغلوو، *"كۆنگرەی سيواس"* ، (ئەنقەرە، ١٩٦٩)، ل ٢٣٢ – ٢٣٤ .

٣٨ - ATASE، ل ٧٩.

٣٩ - *"ياداشتی رۆژانەی مێجەر نۆئێل"* ، ل ٢٤.

٤٠ - برووسكەی رەجەب زوهدی بۆ فيرقەی سێ لە سيواس، ATASE ، ل ٩١ – ٩٧.

٤١ - سينا ئاكشين" حكوومەتی *ئەستەمبووڵ و خەباتی ميللی"* ، (ئەستەمبووڵ، ١٩٩٢)، بەرگی١ ، ل ٥٨٩ .

٤٢ - ئيلهان تەكەلی و سەليم ئيلكين، "نامە و نووسراوی نێوان تەڵعەت پاشا و مستەفا كەمال لە سەردەمی خەباتی رزگاريدا"، *گۆڤاری بێلەتەن* (ئەنقەرە، ١٩٨٠)، بەرگی XLIV، ژمارە ١٧٤، ل ٣١١.

43. *Ataturk'un Soylev ve Demecleri* (ASD),

*وتاردان و ڕاگەیاندنەکانی ئەتاتورک*

Ataturk Kultur , Dil ve Tarih Yiiksek Kurumu , Ataturk Arastirma Merkezi (Ankara, ١٩٨٩), Vol.١, p. ٣٠.

٤٤. *Ataturk'un Soylev ve Demecleri* (ASD).

- *وتاردان و ڕاگەیاندنەکانی ئەتاتورک*، بەرگی ١ ، ل ٧٤ – ٧٥.

٤٥ – ASD ، بەرگی ١، ل ٢٣٦.

٤٦ – ASD ، المجلد ٢ ، ل ٣٧ ، ٣٩.

٤٧ – دەقی تەواوی تێکستەکە لە ڕۆنا ئەیبای، "تێکستی بەراوردکاریی دەستووری ١٩٦١" (چاپخانەی فاکوڵتی، ئەستەمبووڵ، ١٩٦٣)، ل ١٩٩.

٤٨ – ATASE ، ل ٦٩.

٤٩ – *TBMM Gizli Celse Zabitlan* "*کۆنووسەکانی کۆبوونەوە نهێنییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵا*" (ئەنقەرە، ١٩٨٥)، بەرگی سیانزەهەم ، ل ٥١١.

٥٠ – ATASE ، ل ٦٩.

٥١ – *TBMM Gizli Celse Zabitlan*، بەرگی ٢، ل ٢٧٠ .

٥٢ – *TBMM Gizli Celse Zabitlan*، بەرگی ٢، ل ٦٣٠ .

٥٣ – کازم قەرەبەکر، "جەنگی سەربەخۆییمان"، (ئەستەمبووڵ، ١٩٦٩) ، ل ٩٧٨ – ٩٧٩.

٥٤ – ڕۆبەرت ئۆڵسن، "*سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و یاخیبوونی شێخ سەعید، ١٨٨٠– ١٩٢٥*" ، (ئۆستن، تەکساس، ١٩٨٩)، ل ٣٨ – ٣٩.

٥٥ – ماکدواڵ، ل ١٨٧ – ١٨٨.

٥٦ – *TBMM Gizli Celse Zabitlan*، ل ٨٠ – ٢٤٨ . لەم سیاقەدا وشەی موستەقیل mustakil (سەربەخۆ) ئیشارەتە بۆ سنجاق یان لیوای سەربەخۆ (هەرێم یان لیوای جیاواز) لەبری سەربەخۆیی تەواو لە دەوڵەت.

٥٧ - *TBMM Gizli Celse Zabitlan*، بەرگی ٢ ، ل ٦٢٣ .

٥٨ - *TBMM Gizli Celse Zabitlan*، بەرگی ٣، ل ٥٥٩ .

٥٩ - دۆغو پیرنجەک، *"مستەفا کەمال: وتاردان لە ئاسکی شەهر و ئیزمیت (١٩٢٣)"*، (ئەستەمبووڵ، ١٩٩٣)، ل ١٠٤.

٦٠ - ستێفان ئیڤانز، *"نزیکبوونەوەی لە سەرخۆ: بەریتانیا و تورکیا لە سەردەمی کەمال ئەتاتورکدا، ١٩١٩ – ١٩٣٨"*، (وۆکینگتن، ئینگلاند، ١٩٨٢)، ل ٨٥ – ٨٦ .

٦١ - دۆغو پیرنجەک، *"مستەفا کەمال: وتاردان لە ئاسکی شەهر و ئیزمیت (١٩٢٣)"* (ئەستەمبووڵ، ١٩٩٣)، ل ٩٤ - ٩٦ .

٦٢ - سەعدی بوراک، *"وتاردانەکانی ئەتاتورک، راگەیاندنەکانی، نامە و نووسراو و چاوپێکەوتنەکانی کە لە بلاوکراوە رەسمییەکاندا تۆمار نەکراون"*، (ئەستەمبووڵ، ١٩٩٧)، ل ٢٢٥.

٦٣ - مەحموود گولئۆغلوو، *"کۆماری تورکیا: ١٩٢٣"*، ل ٩٤ .

٦٤ - دۆغو پیرنجەک، *"مستەفا کەمال: وتاردان لە ئاسکی شەهر و ئیزمیت (١٩٢٣)"*، (ئەستەمبووڵ، ١٩٩٣)، ل ١٣.

٦٥ - ASD, I، ل ٣٣٧ ، ٣٣٨.

٦٦ - سەبیحە سەرتەل، *"رۆمانی گیرفان"* [وەک نۆڤلێتێک وایە]، (ئەستەمبووڵ، ١٩٦٩)، ل ٦٨ – ٧٨.

٦٧ - سەبیحە سەرتەل بەمە دەڵێ مادەی ٤ی رەشنووسەکە. لەڕاستیدا ئەمە لە مادەی ٤ی دەستووری ١٩٢١ بوو (بڕوانە ئایبەی، هەمان سەرچاوە، ل ٩٩).

٦٨ - ئایبەی، هەمان سەرچاوە، ل ٩٩.

٦٩ - مەحموود گولئۆغلوو، *"کۆماری تورکیا: ١٩٢٣"*، ل ٢٠٢.

٧٠ - پێدەچێت مەبەستی فەوزی پرینجیی نوێنەری دیاربەکر بێت. (گولئۆغلوو، *"کۆماری تورکیا: ١٩٢٣"*، ل ٣٢٠).

٧١ - سەبیحە سەرتەل، ل ٧٦.

٧٢ – گولئۆغلوو، *"کۆماری تورکیا: ١٩٢٣"*، ل ٢٤٤.

٧٣ – گولئۆغلوو، *"قۆناخی سێهەمی دەستووری"*، پابەندیی خێڵەکیی سێ نوێنەر لە دەرسیم (ل ٣٢٨)، یەکێک لە

ئەرزنجان (ل ٣٢٩) و یەکێک لە وان باس دەکات (ل ٣٤٣).

٧٤ – سونا کیلی، *"مشتومڕی ئەنجومەن لەبارەی دەستوورەکانی هەردوو ساڵی ١٩٢٤ و ١٩٦١"*، ناوەندی توێژینەوەی ڕۆبەرت کۆلێج، (ئەستەمبووڵ، ١٩٧١)، ل ٦٠.

٧٥ – فەریدون کاندەمیر، *"چیرۆکی ناوەوەی هەوڵی تیرۆرکردنەکەی ئیزمیر"*، چاپخانەی Ekicigil، (ئەستەمبووڵ، ١٩٥٥) ، بەرگی ١ ، ل ١٠٧.

٧٦ – گولئۆغلوو، *"چاکسازییەکان و کاردانەوە لەئاستیاندا"*، (ئەنقەرە، ١٩٧٢)، ل ٣٨.

٧٧ – ئایبای، ل ٢٠٠ .

٧٨ – گولئۆغلوو، *"چاکسازییەکان و کاردانەوە لەئاستیاندا"*، (ئەنقەرە، ١٩٧٢)، ل ٤٩.

٧٩ – گولئۆغلوو ،*"چاکسازییەکان و کاردانەوە لەئاستیاندا"*، (ئەنقەرە، ١٩٧٢)، ل ٣٧ – ٣٨.

٨٠ – مەتە تونجای، "دامەزراندنی سیستەمی تاک حیزبی لە کۆماری تورکیادا"، (ئەستەمبووڵ، ١٩٨١)، ل ١٠٨.

٨١ – ئیسماعیل گۆڵداش، *"مشتومڕ لە سەر پاراستنی یاسا و نیزام"*، (ئەستەمبووڵ، ١٩٩٧)، ل ٤٧٠، ٤٩١.

٨٢ – ASD، IV، ل ٥٦٢ – ٥٦٣.

٨٣ – کازم قەرەبەکر، "جەنگی سەربەخۆییمان"، (ئەستەمبووڵ، ١٩٦٩)، ل ١٠٣٤.

٨٤ – ڕەوف ئۆربای (نووسینی: عیسمەت بوزداغ)، *"ئاشی دۆزەخ: یاداشتە سیاسییەکانم"*، (ئەستەمبووڵ، ١٩٩٣)، بەرگی ٢، ل ١٩٠.

٨٥ – سامی ئوێزەردیم، *"کرۆنۆلۆجیای چاکسازییەکانی ئەتاتورک"*، (ئەنقەرە، ١٩٩٦)، ل ٩٣.

٨٦ – نـووران تەزجـان، *"زانسـتی مەدەنیـیەت (ڕێنمـاییەکە) لەلایەن ئەتـاتورکەوە نووسراوە"*، (ئەستەمبووڵ، ١٩٩٤)، ل ٢٣.

٨٧ – *"کـورتەیەک لەبـارەی مێـژووی تـورکەوە"*، سـاڵی ١٩٩٦ چـاپکراوەتەوە لەگەڵ پێشەکییەکی دۆغۆ پەرینچکدا (ئەستەمبووڵ)، ل ١٨٩.

٨٨ – یاسای ژمارە ٢٥١٠، کە لە رۆژی ٢١ی حوزێرانی ١٩٣٤ لە رۆژنامەی رەسمیدا (رەسمی گازێتی) بڵاوکراوەتەوە.

٨٩ – ASD ، بەرگی ٢، ل ٣٢٨.

٩٠ – ئیحسـان سـەبری چاغڵەیانگـڵ، *"یادەوەرییەکـانم"*، (ئەسـتەمبووڵ، ١٩٩٠)، ل ٤٦ – ٥٥.

٩١ – ئـوێزەل شـاهینگیرەی، *"دەفـتەری تۆمـاری ئەتـاتورک"*، (ئەنـقەرە ١٩٥٥)، ل ٦٧٢ – ٦٧٤.

٩٢ – ASD، بەرگی چوارەم، لاپەڕە ٦٧٨ – ٦٧٩.

٩٣ – عاسـم ئـووس، *"یاداشـت، ١٩٣٠ – ١٩٥٠"*، (ئەسـتەمبووڵ، ١٩٦٦)، ل ٣٤. عیسمەت ئینۆنو ismet inonu لە یاداشتەکانیدا دەڵێ، بەپێچەوانەی ئەوەوە، ئەو زۆر چاوی خستبووە سەر خوێندن لە دەرسیمدا و لە ساڵی ١٩٥٠دا، کە ئۆفیسی سەرۆکایەتیی بەجێهێشتووە، دەرسیم لە هەر هەرێمێکی تری تورکیا قوتابخانەی سەرەتایی زیاتر تێدابووە. لەکۆتاییدا، وەک ئینۆنو دەڵێت، هێڵی ئاسن (شەمەندەفەر) کێشەی دەرسیمی چارەسەر کردووە. دواتریش ڕێگاوبانی تێدا دروستکراوە بۆ ئەوەی ناوچەکە بە بەشەکانی تری وڵاتەوە ببەستێت، "عیسمەت ئینۆنو، *یاداشت Hatirlar*، (ئەنقەرە، ١٩٨٧)، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٦٩".

١٠

# ساتەوەختی راستیی ناسیۆنالیزمی کـوردی

**مایکڵ ئەپەڵ**

پرۆفیسۆری مێژوو لە زانکـۆی حـەیفـا

**" رەنگە ناسەقامگیریی و توندوتیژیی درێژخایەن یان هەرەسهێنانی دەوڵەت لە سووریا و عێراقدا، هاوشان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی لە هەڵوێستەکانی تورکیادا، بارودۆخی گونجاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یان چەند ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیداری نوێ بڕەخسێنێت".**

ئەو ساتەوەختەی کە چاوەڕوانیی زۆری خایاند لەلایەن ناسیۆنالیستە کوردەکانەوە وا گەیشت. ئەو بارودۆخەی کە لە عێراقدا هاتەپێشەوە لە پاش رووخانی رژێمی سەددام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣دا و داڕووخانی دەوڵەت لە سووریادا وەک ئەنجامێک بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠١١وە و گۆڕانکاری لە هەڵوێستە ئاساییەکانی تورکیا بە کورد و ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەی کورد لە عێراقدا هەل و دەرفەتێکی مێژوویی رەخساندووە. کورد ئێستا لە هەر کاتێکی تر نزیکترن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان چەند ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیی نوێ لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە تێیاندا نیشتەجێن.

درووستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی گەورە دوا خەون و ئامانجی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکردەی هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی کورد لە عێراق و سووریا و تورکیا و ئێراندا بەردەوام رایانگەیاندووە کە ئامانجیان درووستکردنی ناوچەکانی ئۆتۆتۆنۆمییە و خۆیان لە هەر نیازێکی جیابوونەوە نەبان کرووە لەو دەوڵەتانەی ئێستا کە تێیاندان. لە عێراق، کە وا حکوومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) حوکمی ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمییە دەکات کە لە ساڵی ١٩٩١وە هاتووەتە کایەوە، سەرکردە کوردەکان پابەندیی خۆیان بە بەغداوە رادەگەیەنن، بەڵام لەهەمان کاتدا

دەبیەستتنەوە بە پاریزگاری لە ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان. لە سالی ۲۰۰۳یشەوە، ئامانجی ستراتیجییان بەهێزکردنی دیفاکتۆی "دەوڵەت لەناو دەوڵەتدایە".

لە سووریاش، سالح موسلیم محەمەدی سەرۆکی پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە PYD) – کە لەو ولاتەدا بەهێزترین و چالاکترین حیزبی سیاسییە – چەندین جار لە نێوان سالانی ۲۰۱۳ و ۲۰۱٤دا رایگەیاندووە کە وا ئامانجی کورد دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمییە لەناو دەوڵەتی سووریادا. هەروەها هێزە سیاسییە نەتەوەییە سەرەکییە کوردییەکانی تورکیا، لەنێویشیاندا ئەو رێکخراوە چەپڕەوە توندەی کە بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە PKK) ناسراوە، لەبارەی ئۆتۆنۆمی و یەکسانیی کوردەوە قسە دەکەن لەناو دەوڵەتی تورکیادا. مستەفا قەرەسوو، کە یەکێکە لە سەرکردە بالاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە مایسی ۲۰۱٤دا رایگەیاندووە کە حیزب دەستبەرداری ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە و لەجیاتیدا هەوڵی بە دیموکراتی کردنی تورکیا دەدا و ئەوەش بەواتای دانپیانانە بە مافی ئۆتۆنۆمیدا بۆ کورد. هەر لە هەمان مانگدا، سەرکردەکانی پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاک PJAK)، کە گرووپێکی نەتەوەیی سەرەکین لە ئێران، کە ئامانجی سیاسەتی نوێیان بەدیهێنانی "خودموختارییە بۆ کوردەکانی ئێران".

لە هاوینی ۲۰۱٤دا، هێرشی جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەڕەشە لە ناوچە کوردییەکانی هەردوو ولات دەکات و پەیوەندییانی لەگەڵ تورکیادا ئالۆز کردووە. بەلام رۆڵی سەرەکیی لە بەرپەرچدانەوەی سەربازیی نێودەوڵەتیدا بۆ داعش پێگە و هەڵوێستی کوردە نەتەوەییەکانی بەهێز کردووە.

## گەلێکی بێدەوڵەت

کوردەکان، کە ژمارەیان لە نێوان ٢٥ و ٣٥ ملیۆن کەسە، گەورەترین کۆمەڵی خەڵکن لە جیهاندا کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی مۆدێرنی گەشەکردوویان هەیە، بەڵام بە بێ دەوڵەت. سەرەڕای جیاوازیی کورد و بوونی دەلالەتی جیاکەرەوی *کورد* و *ئەکراد* لە گوتاری کورد خۆی و لە نێو دراوسێکانیدا لە سەردەمە کۆنەکانەوە و بەتایبەتیش لە چەرخی سەرەتاکانی ئیسلام و داگیرکاریی عەرەبەوە، هیچ کاتێ لە مێژووی تۆمارکراودا دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ نەبووە.

پەرەسەندنی چینە کۆمەڵایەتییەکان و خوێندن و فێرکردنی نوێ و سەرهەڵدانی بزاڤێکی نەتەوەیی لەناو کورددا سست و سنووردار بووە لە ماوەی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا. ئەم خاوی و سستییە لە ئەنجامی بارودۆخی مێژوویی و جیۆپۆلیتیکییەوە بووە. کوردستان شوێنێکی بە وشکایی دەوردراو و دابەشکراو بووە لە نێوان دەوڵەتگەلێکی بەهێزدا کە دەکەوتنە ئەنەدۆڵ و ئێران و میزۆپۆتامیاوە. لە نێو فاکتەرە پەکخەرەکانی تردا پەرت و بڵاویی خێڵەکی و فیوداڵیی کۆمەڵگەی کورد بوو، کە بەربەست بوون لەبەردەم درووستبوونی دەوڵەتدا. هەروەها نەبوونی دیالێکتیکی زاڵی زمانی کوردی و گەشەکردنی سستی زمانی نووسراو بە هۆی هەژموونی مێژوویی زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسییەوە و دابڕانێکی ڕێژەیی لە کاریگەرییە مۆدێرن و راستەوخۆکانی رۆژئاوا کە لە پلەی یەکەمدا لە دۆخی مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەدا گەیشتووەتە کوردستان.

له کۆتـایی جەنگـی جیهـانیی یەکەمـدا، کـاتێ کە نەخشـەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت سـەرلەنوێ داڕێـژرایەوە، بـزووتنەوەی نەتەوەیـی کـورد کە لە قۆنـاخی سـەرەتایدا بـوو نەیتـوانی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ مەیسـەر بکـات. بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا (سەرباری ئەوەی کە وینستن چەرچڵی وەزیری ئەودەمـی کۆڵۆنییەکـان پشـتیوانیی لە درووسـتبوونی دەوڵەتێکـی کـوردی دەکرد)، جگە لە لاوازی و پەرتبـوونی هێـزە سیاسـییەکانی کـورد، بـوون بە هۆکـاری دابەشـبوونی کوردسـتان لە نـاو سـنوورەکانی تورکیـا و ئێـران و دەوڵەتە عەرەبیـیە تازەکـانی عێـراق و سـووریا کە بەریتانیـا و فەرەنسـا درووستیکردن.

بە درێژایـی مـاوەی سـەدەی بیسـتەم، دەرفەتـی دامەزرانـدنی دەوڵەتێکـی کوردی هەر بە کزی مایەوە، لەسۆنگەی نـاڕەزایی و بەرهەڵسـتیی تونـدی ئەو دەوڵەتـانەی کە خـاکی کوردیـان کـۆنترۆڵ کـردووە و داشـکاندنی هێـزە نێودەوڵەتییەکان بە لای پەرەپێدانی پەیوەندییان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا لەبری پشـتیوانی کـردن لە بـزووتنەوە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکان. هەر لە جەنگـی جیهانیی یەکەمەوە، ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سـەربەخۆ، یان تەنانەت ئۆتۆنۆمیی کوردیش، بوو بە مۆتەکەی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسـەردا دابەشـکرابوو. ئاشکراشـە کە لەو حاڵەتـانەی نـاکۆکی و ململانـێ لەنێوان ئەو دەوڵەتانەدا پەیدا دەبوو، بێگومـان رژێمەکانیـان دوودڵ نەدەبوون لە پاڵپشت کردنی یاخیبوونە خێڵەکی و هێزە سیاسییە کوردییەکان کە دژ بە رکابەرەکانیان جموجووڵیان دەکرد.

تورکیـا و عێـراق و ئێـران و سـووریا هاوهەڵوێسـتن لەوەی کە رێگـری بـکەن لە دامەزرانـدنی دەوڵەتێکـی کـوردی. ترسـی ئەوان لە ناسـیۆنالیزمی کوردی لەلایەک و لە رووسیا و کۆمۆنیزم لەلایەکی ترەوە، هۆکار و مۆتیڤی

ئاشکرا نەکراوی دوو ڕێککەوتننامەی هەرێمی بوو، کە پەیمانی سەعدئابادی ساڵی ١٩٣٧ و پەیمانی بەغدای ساڵی ١٩٥٥ بوو. ئەوان بەرهەڵستیی تەنانەت ئۆتۆنۆمیی کوردیشیان دەکرد لە چوارچێوەی خاکی بندەستی هەر دەوڵەتێکیاندا، لەترسی ئەوەی نەوەک ببێتە هەنگاوی یەکەمی درووستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بەهێزکردنی ئاڕاستە جوداخوازی و تەماحکارییەکان لە سەرانسەی ناوچەکەدا. درووستبوونی دەوڵەتێکی کوردی دەبێتە هۆی دابڕین و داماڵینی رووبەرە خاکێکی بەرفراوان لەو وڵاتانە و پاشانیش لاوازکردنی پێگەی رژێمەکانیان و ئەگەریش هەیە هانی کەمینەکانی تر بدات داوای ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی بکەن. هەڵبەت تورکیا و ناسیۆنالیزمی تورکی لە سەردەمی مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە لەوە دوورتر رۆیشتووە کە نکووڵی لە بوونی گەلی کورد و شوناسی بکات، بەڵکو هەوڵی زۆر توندی داوە بۆ سەرکوتکردن و تەنانەت لەناوبردنی کولتوور و زمانی کوردیش.

گەلێ لە وڵاتانی جۆراوجۆر لە سەرانسەری جیهاندا هەوڵیانداوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی تایبەتیان پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بپارێزن کە ناحەز و دوژمن بە کورد بوون. هەروەها زۆرێک لەو وڵاتانەی کە وا لەو کەمینانەیان تێدایە بزووتنەوەی جوداخواز یان سەربەخۆیی خوازیان هەیە، لەو پێشینەیە دەترسن کە وا لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا دێتە ئاراوە.

## ئاماژە هاندەرەکان

لە دوای جەنگـــی ســـاردی جیهـــانییەوە لە ســـاڵی ١٩٩٠ – ١٩٩١دا، گۆڕانکاریی گەورە هاتووەتە ئاراوە لەو بارودۆخەدا، کە بە درێژایی سەدەی بیستەم، نەیهێشت دەوڵەتێکی کوردی یان ناوچە کوردییەکان سەربەخۆیی بەدەستبێنن. هەندێک لە دەوڵەتە فرەنەتەوەکان لە جیهاندا هەرەسیان هێنا و کەمینەکـان دەوڵەتیـان دامەزرانـد یـان نـاوچەی ئۆتۆنۆمیـداریان لەنـاو دەوڵەتەکانیاندا درووستکرد. پەرەسەندنەکانی وەک هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سـۆڤییێت و چیکۆسـلۆڤاکیا و یۆگسـلاڤیا کوردەکـانی هانـدا و بە بـایەخێکی زۆرەوە تەماشای دامەزراندنی باشووری سوودانیان کرد، کە لە سوودان جیـابووەوە و سـاڵی ٢٠١١ سـەربەخۆیی بەدەسـتهێنا و بەرەوڕووی هـیچ بەرهەڵسـتییەکی راسـتەقینە نەبـووەوە لەلایەن وڵاتە عەرەبییەکـان یـان هەر دەوڵەتێکی ترەوە.

بێگومـــان بەهێزبـــوونی بزووتنەوەکـــان لەپێنـــاوی ئۆتۆنـــۆمی یـــان ســـەربەخۆییدا لە کەتەلۆنیـا و نـاوچەی باسـک لە ئیسـپانیا و سـکۆتلەندا و بەلجیکا و کویبەک لە کەنەدا و لە فلیپین و ئەو شەرعییەتەی ئەم ئاڕاستە و بۆچوونـــانە بەدەســـتیانهێناوە، رەنگـــدانەوەی گـــۆڕانێکن لە کەشـــوهەوای ئایۆلۆجیـدا و لە کـاراکتەر و خەسـڵەتەکانی گۆڕەپـانی نێودەوڵەتیـدا و لە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت لە سەردەمی جیهانگیریدا. ئەم مەیل و ئاڕاســتانە داواکارییەکــانی کــورد بەهێــز دەکــات بــۆ ســەربەخۆیی. چــونکە کوردەکان زۆر لە نزیکەوە چاودێریی بزووتنەوە جوداخوازەکانیان دەکرد لە سکۆتلەندا و کەتەلۆنیادا.

هێشـتا بەرهەڵسـتیی تورکیـا و ئێـران و عێـراق و جیهـانی عەرەبـی بـۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ئاستەنگێکی گەورە و بەهێز پێکدێنێت. بەڵام

لەگەڵ ئەوەشدا، هەل و دەرفەتی درووستبوونی دەوڵەتێک یان ناوچەگەلێکی ئۆتۆنۆمیدار لەدوای چەسپین و بەهێزبوون و جێگیربوونی ئۆتۆنۆمیی کورد لە باکووری عێراقدا زیادی کردووە، شانبەشانی گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردەکانی تورکیادا و دەستپێکردنی دیالۆگ لە نێوان حکوومەتی تورکیا و کوردەکاندا. (ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە کرانەوەی حکوومەتی تورکیا لەگەڵ کورددا ساڵانی ٢٠١١ و چەند ساڵێکی دواتر کە بە پاشگەزبوونەوەی ئەو حکوومەتە کۆتایی هات و لە رابوردوو خراپتر کەوتنەوە گیانی کورد – وەرگێڕ)، هەروەها سەرهەڵدانی حوکمی خۆکردنی کورد لە ناوجەرگەی شەڕی ناوخۆی سووریادا. لاوازکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی تەواوی جیهانی عەرەب لە ساڵی ٢٠١١وە، هاوشان لەگەڵ بەهێزکردنی ئاراستەکانی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی لە سەرانسەری جیهاندا لە دوای جەنگی ساردەوە، بارودۆخێکی مژدەبەخشی پێیە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی.

## ئۆتۆنۆمی لە عێراقدا

حکوومەتی هەریمی کوردستان لە عێراق پەیوەندیی گرێداوە لەگەڵ ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی و بزووتنەوە فیدراڵییەکاندا لە تەواوی جیهاندا. لە هەمان کاتیشدا، کوردەکان هانی ئەو هێزە سوننی و شیعیانە دەدەن کە هەوڵ بۆ ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی و سیستەمی فیدراڵی دەدەن لە عێراقدا. هەڵبەت دامەزراندنی ناوچەیەکی شیعیی ئۆتۆنۆمی لە باشووری عێراقدا و ناوچەیەکی سوننیی ئۆتۆنۆمیش لە باکوور و رۆژئاوای بەغدادا و هەروەها کردنی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی سەردەکێشێتەوە بۆ بەهێزکردنی

ئۆتۆنۆمیی ناوچە کوردییەکە لەبەرانبەر حکوومەتی ناوەندیدا لە بەغدا. کاتێ کە رژێمی سەددام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣دا رووخا، وا هاتە بەرچاو کە هەلومەرجی مێژوویی بۆ کورد هاتووەتە پێشەوە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەڵام، سەکردایەتیی نەتەوەیی کورد لە عێراقدا – مەسعوود بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانیی سەرکردەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – هەستیان کرد کەوا هەنگاوێکی لەم چەشنە کاردانەوەیەکی هێجگار توندی لێدەکەوتەوە لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە. کوردستان، کە هیچ دەرووبەیەکی لە سەر دەریا نیە، ناتوانێت نەوت هەنارده بکات یان هاوکاری و یارمەتی لە دەرەوە بۆ بێت بێ رەزامەندی و هاوکاریی هەر هیچ نەبێت یەکێک لەم وڵاتانەی دەوروپشتی کە بەرهەڵستیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دەکەن و ئەوانیش تورکیا و سووریا و ئێرانن.

بەم پێیە و سەرەڕای پاڵپشتیی میللیی بەرفراوان بۆ سەربەخۆیی، سەرکردایەتیی کورد لە عێراق پەیڕەویی رەوتێکی واقیعیانەیان کرد بۆ بنیاتنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. بەڵام لەهەمان کاتیشدا بژاردەی جیابوونەوەیان لە عێراقدا و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هێشتەوە. وتەبێژان بەناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتیوانیی خۆیان بۆ بەردەوامیی یەکێتیی عێراق دووپات دەکردەوە تاوەکو هیچ کاردانەوەیەکی تورکی و ئێرانی نەوروژێنن. لە نیسانی ٢٠١٤دا بارزانی دووپاتیکردەوە کە ئامانجی کورد ئۆتۆنۆمیی بەرفراوانە لە ناوخۆی عێراقدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هۆشداریی دا کە ئەگەر حکوومەتی عێراق هەوڵی سنووردار کردنی ئەم ئۆتۆنۆمییە بدات ئەوە کورد رەچاوی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان کۆنفیدراڵی دەکەن.

## پەیوەندی لەگەڵ تورکیادا

حکــوومەتی هەرێمــی کوردســتان پەیوەنــدیی ئــابووری و سیاســیی توندوتۆڵی لەگەڵ تورکیادا دامەزراندووە بۆ بەهێزبوونی پێگەی لەبەرانبەر حکوومەتی ناوەندیدا لە بەغدا، هەروەها بۆ هێورکردنەوەی مەترسیی تورکیا لە بــزووتنەوەی نەتەوەیــی کــورد و بەهێزکردنــی بایەخــدانی ئەنــقەرە بــۆ پارێزگاری کردن لە هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکە لە عێراقدا. بەرهەڵستی و ناڕەزایی تورکیا بۆ ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەی کورد لە عێراق و هەڕەشەکردنی بەردەوامی بۆ داگیرکردنی ناوچەکە ئاستەنگێکی سەرەکییە لە بەردەم گواستنەوەیدا بۆ دەوڵەتێکــی ســەربەخۆ، بەڵام لە ســاڵی ٢٠٠٥وە کاریــان بــۆ باشــترکردنی پەیوەندییەکانیان کردووە. لەبەر رۆشنایی زیادبوونی دەسەڵات و کاریگەریی ئێران لە سەر بەغدا و بۆ بەرتەسککردنەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان عێراق و ئێران، بایەخی تورکیا بە چاککردنی پێگەی خۆی لە عێراقدا و پەیوەندیی ئابووری و سیاسی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا زیادی کرد. ئێستا زیاد لە هەزار کۆمپانیای تورکی لە کوردستانی عێراقدا کاردەکات و سوود لە گەشەکردنی خێرا و بیناسازی دەبینن. هەلبەت ئەگەری ئەوەش هەیە کە ناوچەکە ببێتە سەرچاوەی سەرەکی نەوت و گاز بۆ تورکیا و لە داهاتووشدا تورکیا ببێتە رێگەی بنەڕەتیی هەناردەکردنی وزەی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکــانی جیهــان. لە کۆتــایی ســاڵی ٢٠١٣دا، حکــوومەتی هەرێمــی کوردستان و ئەنقەرە گەیشتنە رێککەوتنێک لەبارەی هەناردەی نەوت و گازی کوردەوە. لە ساڵی ٢٠١٤دا، هێڵێکی نوێی بۆریی گواستنەوەی نەوتیان بۆ بەندەری جەیهانی تورکی کردەوە. حاڵی حازر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا فشاریان خستووەتە سەر حکوومەتی عێراق بۆ قبووڵ

کردنــی ڕێککەوتننــامەکە و دانپیانــانی بە شــێوەیەک کە لەگەڵ دەســتوور و سەربەخۆیی عێراقدا بگونجێت.

تورکیا بەردەوامە لە بەرهەڵستی کردنی جیابوونەوەی کورد لە عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەپێچەوانەی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی دەزانێــت. بەڵام لە کــرداردا، کوردەکــان پێشــکەوتن لە هەنــاردەکردنی ســەربەخۆی نەوت و گــازدا بە هەنگــاوێکی گرنــگ دادەنــێن بەرەو بنیاتنــانی ئــابوورییەکی پەرەســەندوو و کەمکــردنەوەی پشتبەســتنیان بە حکــوومەتی عێــراق، کە ئەمەش ئاڕاســتەیەکە ئۆتۆنۆمییــان بەهێــز دەکــات و بــژاردەی ســەربەخۆییان دەپارێزێــت. بێگومــان بەهێزکردنــی پەیوەنــدیی ئــابووری و بەیەکەوە گرێدانی نێوان هەرێمە کوردییە عێراقییەکە و تورکیا دەبێتە هۆی سنووردار کردنی توانا و دەسەڵاتی بەغدا بۆ فشار کردن لە سەر هەرێمی کوردســتان و لە بەرژەوەنــدیی ســەرکردایەتیی کــوردە دانوســتاندنی سەرکەوتوو بکرێت لە نیوان حکوومەتی تورکیا و کوردەکان لە تورکیادا و بەپــێچەوانەوە دەســتپێکردنەوەی خەبــات و ململانــێ حکــوومەتی هەرێمــی کوردســتان بەرەوەڕووی گرفتــی مــانۆڕ دەکــاتەوە لە نێــوان خواســت و پەرۆشیی میللی بۆ پشتیوانی کردنی خەباتی نەتەوەیی کورد لە تورکیا و بەرژەوەندیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەنــقەرەدا. (بەپــێچەوانەی ئەم بۆچــوونەوە شکســتی سیاســەتی ســەربەخۆی ئــابوری و هەنــاردەکردنی نەوت لەلایەن هەرێمەوە بە ئاشــکرا دەرکەوتووەو هەرێمی توشی قەیرانێکی گەورەی ئابوری کردووە.)

بە دامەزرانــدنی ڕژێمــی ئەتــاتورک لە دوای جەنگــی جیهــانیی یەکەمەوە، تورکیا بوونی ڕەگەز و نەژادی کوردی هەڵوەشاندەوە و کولتوور و زمانی کــوردی ســەرکوتکرد. پەکەکەش بزووتنەوەیەکــی چەکــداریی جوداخــوازی

دەستپێکرد لە ساڵانی ١٩٨٠کانەوە و زیاد لە چل هەزار کوژراوی لێکەوتووەتەوە، بەڵام بەدرێژایی دە ساڵی رابوردوو، لە سەردەمی رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران (کە حاڵی حازر سەرۆک کۆمارە)، حکوومەتی تورکیا گواستیەوە سەر دیالۆگ لەگەڵ کوردەکاندا و حکوومەت کەوتە دانوستاندنێکی نارەسمییەوە لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلانی رابەری بەندکراوی پەکەکەدا. هەوڵدانی ئۆجەلان بۆ نەرمی نواندنی زیاتر لە هەڵوێستی تورکیادا ئیلهامبەخش بوو بۆ کورد کە وا هیوا لە سەر ئەوە هەڵچنن کە نزیکن لە گەیشتن بەو ئامانجانەیان کە پەیوەستن بە یەکسانیی مافیان لە تورکیادا و هەروەها ئۆتۆنۆمییەکی هەرێمی کە لە کولتوور و ناسنامە نەتەوەییاندا رەنگبداتەوە.

ئەو کاروبار رێکخستنەی لەلایەن کوردەوە قبووڵ بکرێت، وا پێویست دەکات تورکیا چارەسەری دوورمەودا بکات، لەنێویدا گۆڕانکاریی قووڵ لە گوتاری ناسیۆنالیزمی تورکی و ئایدیۆلۆجیای کەمالیزمدا کە لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دەوڵەتی تورکیا پەیڕەویی دەکات. تورکیا بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خۆی لە بەدیهێنانی پێگەیەکدا وەک هێزێکی هەرێمی، پێویستە رێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکانی لەگەڵ کورددا. ئەم پرۆسەیەش بەندە بە نەک هەر قبووڵکردنی ئۆتۆنۆمیی کورد لە ناوخۆدا، بەڵکو پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیشیتی لەگەڵ ناوچە کوردییەکانی عێراق و سووریادا، یان لەگەڵ دەوڵەتێکی کوردیدا، ئەگەر یان هەر کاتێک ئەو دەوڵەتە لە باکووری عێراقدا دابمەزرێت.

## رکابەرەکانی سووریا

لە نـــاوجەرگەی شـــەڕی نـــاوخۆی ســـووریاوە کە لە ســـاڵی ٢٠١١دا دەسـتیپێکرد، کوردەکـان کـۆنترۆڵی ناوچەکـانی باکووریـان کـرد بەدرێژایـی سنوور لەگەڵ تورکیادا، واتە ئەو ناوچانەی کە ناویان لێناوە رۆژئاڤا. هەڵبەت باڵی چەکداری پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە)، کە یەکینەکانی پاراستنی گەلە (یەپەگە)، بەهێزترین هێـزی کـوردە لە سـووریادا. رکـابەری سـەرەکی پەیەدە پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریایە (پدک – س)، کە وابەستەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقە، واتە حیزبەکەی بارزانی و بـریتییە لە هاوپەیمانیی ئەو حیزبە کوردانەی سووریا کە نەیاری پەیەدەن.

لە تەمـووزی ٢٠١٢دا، بـارزانی هەوڵـی ئاشـتکردنەوە و هەمـاهەنگی دا لە نێوان هێزە کوردییە رکابەرەکانی سووریادا و بۆ ئەم مەبەستە کۆنفرانسێک لە هەولێری پایتەختی کوردستانی عێراق سازکرا و هەردوو لایەنی سووری رێککەوتن لە سەر دروستکردنی ئەنجومەنێکی بـاڵا. بەپێی ئەم هەنگاوەش بـارزانی و پدک پێگەی سـەرکردایەتیی پـان کوردییـان بـۆ دەسـتەبەر دەبـوو، بەڵام جــارێکی تــر رکـــابەری و ململانـــێ بەرپـــابووەوە و هەنـــدێ جـــاریش توندوتیژی لێدەکەوتەوە.

پەیەدە PYD پەیوەنـدیی گەرموگـوڕی هەیە لەگەڵ پەکەکەدا لە تورکیـا و چالاکوانـانی ئەم حیزبە لە سـووریا ئـاڵای پەکەکە بەرزدەکەنەوە و بەئاشـکرا پشتگیریی خۆیانی بۆ دەردەبڕن و پەیوەندییەکی ئایدیۆلۆجیی توندوتۆڵیان هەیە و هاوبەشـن لە بۆچـوون و هەواداریـی چەپی رادیکاڵدا. لەکاتێکدا کە وا بەرژەوەندیی گونجاوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرەپێدانی پەیوەندیی پـتەودایە لەگەڵ تورکیـا و سـووککردنی نیگەرانییەتـی لەبـارەی بـزووتنەوەی

نەتەوەیی کوردەوە، بەڵام پەیوەندیی تورکیا و پەیەدە تەواو گرژە و گومانی لێئاڵاوە، بە هۆی پەیوەندیی بەهێزی ئەمیانەوە لەگەڵ پەکەکەدا.

لە نــۆڤەمبەری ٢٠١٣دا، پەیەدە خۆســـەریی لە نـــاوچە کوردییەکـــانی سووریادا ڕاگەیاند و لە سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٤دا دامەزراندنی سێ کانتۆنی ئۆتۆنۆمیی ڕاگەیاند و کوردەکانی سووریا لەئێستادا کۆنترۆڵی سێ ناوچەی جیاوازیان کردووە کە زۆرینەن تێیاندا، بەدرێژایی سنووری تورکیا و عێراقدا. ئەو ڕاســتییەی کە وا کــوردە ســووریییەکان لە ئۆکتــۆبەری ســاڵی ٢٠١٤وە نەیــانتوانیوە یەکگرتنێکــی جــوگرافی بەدەســتبێنن کێشــەیەکی ســتراتیجی و جیۆپۆلیتیکیی بۆ خوڵقاندوون. ڕاگەیاندنی خۆسەری یان ئۆتۆنۆمی لەلایەن پەیەدەوە بوو بە مایەی ڕەخنە و بەرهەڵستیی پارتە سووریییەکانی سەر بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد (ئەنەکەسە) و بە هەمان شێوەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ڕاگەیاندنەی ڕەتکردەوە، بەڵام هێزە سەرەکییەکانی تری کوردستانی عێراق – کە بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن – پشتیوانیی خۆیان ڕاگەیاند بۆ ئەو حکوومەتە سەربەخۆیەی پەیەدە ڕایگەیاندبوو.

## ڕێگە جیاوازەکان

لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، بزووتنەوە سیاسییە نەتەوەییەکانی کورد بە شێوەی جیاواز پەرەیانسەندووە لە هەر یەک لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. ناوچە کوردییەکەی عێراق پێشکەوتووترینیانە لەڕووی سەربەخۆیی سیاسییەوە و سەرکردایەتییەکەی خولیای دەسەڵات یان لانی کەم پێگەیەکی لەپێشتری هەیە لە سەر ئاستی سەرانسەر نەتەوەی کورددا،

بەو پێیەی کە سوود و قازانجی نەوتی بۆ رەخساوە، لەکاتێکدا کە بەشە کوردستانییەکانی تورکیا و سووریا و ئێران گرفتاری دەستی هەژاری و دواکەوتوویی و جیاکاری بوونەتەوە. بەهەرحاڵ، ژمارەی کوردەکانی عێراق لە نێوان ٥ بۆ ٥,٥ ملیۆن کەسە، بەبەراوردی ١٢ بۆ ١٨ ملیۆن کورد لە تورکیادا و ٦ بۆ ٨ ملیۆن لە ئێراندا و١,٨ بۆ ٢,٥ ملیۆن لە سووریادا. پێویستە لە سەر سەرکردایەتیی کوردی عێراق، کە وا بەدرێژایی سەدەی بیستەم پێگەیەکی ناوەندیی وەدەستهێناوە لە ناو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، ملبدات بە هەڵوێستی هێزەکانی تر لە تورکیا و سووریا و ئێران، کە هەریەکەیان دید و بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبێت لە روانگەی بەرژەوەندییەکانیەوە.

ئەم جیاوازیانە رۆڵی خۆیان دەبینن لە ئاڵۆزکردنی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ناوچە کوردییەکان و نەبوونی ئەگەری پێشبینی نەکردنیان. لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی نیشتمانی لە عێراقدا، پەیوەندی و پابەندیی خێڵەکی و خزمایەتی لەگەڵ شێوازە مۆدێرنەکانی سیاسەتدا تێکهەڵکێشی یەکتر بوون، بەڵام ئەم پابەندییە خێڵەکییە کاریگەریی نیە لە سەر سەرکردایەتیی سیاسیی کوردەکانی تورکیا لەبەر سەرکوتکردن و داپڵۆسینی تورکیا بۆ هەر گوزارش و دەربڕینێک لەبارەی کوردبوون و زمان و کولتووری کورد و ناسیۆنالیزمی کوردەوە.

بەشداریی دەوڵەتی تورکیا لە خاوەنداریێتیی زەویوزاری خێڵەکیدا یان ئاغاکاندا لە سیستەمی ئابووریی دوای جەنگی جیهانیی یەکەمدا، بوو بە هۆی نامۆبوون و دابڕانی کۆمەڵایەتیی ئەمان و جووتیارەکان و ئەمەش سەریکێشایەوە بۆ قووڵبوونەوەی وەبەرهێنانی خاوەن مڵکەکان لە ناو دەوڵەتدا و وەرچەرخانیان بە ئاراستەی دژایەتی کردنی ناسیۆنالیزمی

مـۆدێرنی کـوردی. ئەم دۆخە ئـابووریی – کـۆمەڵایەتییە بـوو بە پاشـخانی بووژانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سـاڵانی ١٩٨٠کانـدا، لەلایەن تـوخمێکی نـــوێی نـــاخێڵەکییەوە، کە بریتیبـــوون لە خەڵکـــی چـــالاکوانی چەپـــڕەوی خوێندەوار و مۆدێرن و رادیکاڵ، کە زۆربەیان لە خێزانی دێهاتنشینی هەژار بوون. ئەمانە لە ناوجەرگەی هەڵچوونێکی کۆمەڵایەتیی وادا پێگەییبوون کە جیاکاری و سەرکوتکردنی شوناسی کورد و خولیا و ئاواتی نەتەوەیی کاری تێکردبوون.

ئەم جیاوازییانە لە روانگە و بۆچوونی سیاسی و بەرژەوەندییەکان و باکگراونـــدە سیاســـیی – کۆمەڵایەتییەکـــان و تێـــڕوانینە کۆمەڵایەتییەکـــان چوارچێوەی پەیوەندییەکان پێکدێنن لە نێوان پدک لە عێراق و پەکەکە لە تورکیا و پەیەدە لە سووریادا. رۆژئاڤا، واتە کوردستانی سووریا، بووە بەو دەست و دیارییەی پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانە سوورییەکانی رکابەریی لە سەر دەکەن دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان و هاوپەیمانە سوورییەکەی کە پارتی یەکێتیی دیموکراتییە. مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتیی لایەنە جیاوازەکان بۆ هێشتنەوەی رکابەرە ناوخۆییەکانی لە بواری سیاسیدا و خۆلادان لە خزانە نێو توندوتیژیی ناوخۆیی کورد. هەرچییەک بێت ئەنجام و لێکەوتەی ئەو شەڕە ناوخۆییەی ئەمڕۆ لەگەڕدایە لە سووریادا، ئەوەی پێویست بێت لە سەر کورد خەبات کردنە لەپێناوی دامەزراندنی ئۆتۆنۆمییەکەیان و دانپێدانانی لەلایەن دەوڵەتەوە. دەکرێت گۆڕانکاری بەرەو رژێمیکی فیدراڵی لە سووریادا ئەوپەڕی سوودبەخش بێت بۆ کوردەکان.

ئەگەر ئەنقەرە بەشوێن چاکسازیی زیاتردا رۆیشت لەبارەی مەسەلەی کوردەوە، ئەوە رەنگە بارودۆخێک بخولقێت بۆ درووستبوونی ئۆتۆنۆمییەک

بـــۆ کوردەکـــان لە تورکیـــادا. بەڵام هەر وەرچەرخانێـــک لە هەڵوێســـتە رەگـداکوتاوەکانی دژ بە کـورددا پێویسـتی بە گۆڕانکـاریی گەورە هەیە لەو چەمک و تێگەیشتنەی ناسیۆنالیزمی تورکیدا کە لە سەردەمی ئەتاتورکەوە گوتارێکی زاڵە (نووسەر ئەم بابەتەی لە ساڵی ٢٠١٤دا نووسیوە و ئەو دەمە جۆرە کرانەوەیەک لە تورکیادا هەبوو بە رووی مەسەلەی کورددا – وەرگێڕ).

## سیاسەتی شوناس

ئەگەر کوردەکان توانییان پێشکەوتنێکی وا بەدیبێنن، ئەوە سیستەمێکی "دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا" بنیاتدەنێن و پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان بەپێی بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی کوردی دادەمەزرێنن. بێگومان درووستکردنی ناوچەگەلێکی ئۆتۆنۆمیداری کوردی لە دۆخێکی کۆنفیدراڵی و لە چوارچێوەی دەوڵەتەکـانی ئێســتادا دەکـرێ ببێــتە هانــدەرێک بــۆ هەنگاونــان بەرەو ناسێنتراڵی و وەرگرتنی مۆرکی دیموکراتی لەلایەن رژێمەکانی سووریا و عێراق و تورکیا و ئێرانەوە و ئەگەری گەشەکردنی سیستەمی فیدراڵی لەم وڵاتانەدا.

دەوڵەتـی کـوردی دەبێـتە مـایەی بەدیهێنـانی تێڕوانینـی بـزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. زۆرینەی زۆری بەشداربووانی ئەو راپرسییەی کە ساڵی ٢٠٠٥ لە کوردستاندا بەڕێوەچوو پشتگیرییان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ کرد. بەهەرحاڵ، لەبەر رۆشنایی دابڕان و دابەشبوون و رکابەری و ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی لە ناو کورددا و بە هۆی پەرەسەندنی جیاوازی هێزە سیاسییەکانی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا، دامەزراندنی دەوڵەتێکی گەورە لە بەشە کوردییەکانی تورکیا و

سووریا و عێراق و ئێران پێویستی بە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پڕە لە گرژی کە دەکرێت بەئاسانی هەڵکشێت بەرەو توندوتیژی لە نێوان هێزە کوردییە جیاوازەکاندا.

لە ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣دا، گرژی و ئاڵۆزی باڵی کێشابوو بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقدا، بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی، بەتایبەتیش سەبارەت بەو دەسەڵاتانەی دراون بە کورد بۆ بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی. مالیکی فەرمانیدا بە کۆتاییهێنانی رەوانەکردنی دارایی مانگانە بۆ هەرێمی کوردستان، پاش راگەیاندنی ئەوەی کە سەربەخۆ هەناردەی نەوت دەکات. لە ماوەی ئەم قەیرانەدا، هەڵوێستی ئاشکرای کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەهێزتر دەرکەوت. بارزانی لە سەرەتای تەمووزی ٢٠١٤دا رایگەیاند کەوا کوردەکان سەربەخۆییان دەوێ و داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد ئامادەکاری بکات بۆ راپرسی (ریفراندۆم). ئەمڕۆ کوردەکان نەرمییەکی روولەزیاد دەبینن لە سیاسەتی تورکیادا سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوت، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣وە و بەتایبەتیش لە مایسی ٢٠١٤وە، وەک هۆکارێک بۆ سنووردار کردنی پشتبەستنی ئابوورییان بە حکوومەتی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵ و کۆششی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ فرۆشتنی نەوتەکەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرەورووی ئاستەنگ و تەگەرە بووەوە. حکوومەتی عێراق داواکاریی یاسایی بەکارهێنا بۆ رێگری کردن لە مامەڵە بازرگانییەکانی ئەم بوارە و زۆرینەی وڵاتان و کۆمپانیاکانی نەوت، بە کۆمپانیا ئەمریکییەکانیشەوە، بایکۆتی کڕینی نەوتی کوردیان کرد.

لە هەمان کاتیشدا، وڵاتانی تورکیا و ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان روون و ئاشکرا بە سەرکردە کوردەکانیان راگەیاندووە کە هێشتا قایل نین بە جیابوونەوە لە عێراق. هەرچەندە قبووڵکردنی تورکیا بۆ ئۆتۆنۆمیی کورد لە عێراقدا روو لە زیادبوونە و هەرچەندە هەندێک لە شرۆڤەکارانی تورکیاش لە پرەنسیپدا داکۆکی لە چاوپێداخشانەوەی بەرهەڵستیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دەکەن، بەڵام ئەنقەرە هەر لە سەر نەیاری و بەرهەڵستیی خۆی ماوەتەوە.

## پەلاماردانی جیهادییەکان

لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤دا، داعش لە هێرشێکدا مووسڵی گرت، کە گەورەترین شاری سوننە بوو لە عێراقدا و ئەمەش بەڵگە بوو بۆ لاوازیی سوپای عێراق و وڵات کەوتنە سەر لێواری هەرەسهێنان. هەروەها هەل و دەرفەتێکی بۆ کوردەکان رەخساند بۆ ئەوەی دەست بە سەر شاری کەرکووکی باکووردا بگرن، لەگەڵ کێڵگە نەوتییەکانی و ناوچە کێشەلەسەرەکانی تردا. لە قۆناخەکانی بەراییدا، هێرشی داعش لەلایەن سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە وا لێکدرایەوە کە تەنها بەشێکی ترە لە ناکۆکی و ململانێی دوور و درێژی مەزهەبی و تائیفیی سوننە و شیعە لە عێراقدا.

لە سەرەتای ئابدا داعش هێرشی کردە سەر کوردەکان و لە ٢ی ئابدا، داعش دەستیکرد بە هێرشێکی کوشندە دژ بە یەزیدییەکان، کە تایفەیەکی کەمینەی کوردن و بۆ چیای سنجار هەڵاتن (لە کاتێکدا کە زۆربەی کورد سوننەن، یەزیدییەکان پەیڕەویی ئایینێکی خۆحەشاردەر دەکەن کە تێکەڵەیەکە

لە زەردەشــتی و تــوخمە باتینییەکــانی ئیســلام و کریســتیان و نەریــتە ئاشــوورییەکان). لە ئەنجـامی هێرشــەکەدا هێـزە ســەربازییەکەی کـورد، واتە پێشـمەرگە، تووشـی زیـانێکی قـورس هـات و لەو چیـا رووتەنە پاشەکشـەی کرد(لەڕاستیدا ئەو هێزەی پێشمەرگە کە لەوکاتەدا لە شنگال بوون و سـەر بە پارتی دیموکراتی بوون، بە فەرمانی سەروی خۆیان و بەبێ تەقە و بەرگری، شـنگالیان چۆڵکرد و تەسلیمیان کرد بەداعش). لە ٦ی ئابـدا، داعـش هەردوو شارۆچکەی مەخمـوور و گوێری گرت کە لە دەروازەی هەولێرەوە نـزیکن و بەرەو فرۆکەخـانەی شـارەکە پێشـڕەویی کـرد. جەنگاوەرەکـانی داعـش ئەو چەکە ئەمریکییانەیـان بەکارهێنـا کە لە سـوپای عێراق گرتبوویـان لە مووسـڵ. کـاتێ کە روونبـووەوە کە وا داعـش مەترسـییکی گەورە پێکدەهێنێت لە سـەر کورد، ئەمریکا بە فڕۆکە کەوتە بۆردمانی هێزەکانی ئەو گرووپە لە دەرەوەی هەولێر (وەک هێـزی زەمینیش، هێزێکی دژە تیرۆری سـەر بە یەکێتـی خـۆی گەیاندە مەیدانی جەنگەکە و رۆڵی سەرەکی بینی لە رزگارکردنی نـاوچەکە لە چنگی داعش).

بە هەرەسهێنانی سوپای عێراق پێشـمەرگە بوو بە تـاقە هێز کە بەری بە پێشڕەویی ئیسلامییەکان گرت. ئەمریکا تا مانگی ئاب ئەوەی رەتدەکردەوە کە چەک بداتە کورد و پێی لە سـەر ئەوە دادەگرت کە ئەم یـارمەتییە سـەربازییە پێویســتە لە رێــگەی حکــوومەتی عێــراقەوە بێــت لە بەغــدا – کە ئەمــیش بەرهەڵسـتیی پێـدانی هەر چەک و تفـاقێکی ســەربازی دەکـرد بـۆ هێزەکـانی پێشـمەرگە لە رێگەی لایەنـی سـێهەمەوە، لە هەمـان کاتیشـدا خۆیشـی دابینـی نەدەکــرد. بەڵام لاوازیــی ســوپای عێــراق و ئەو هەڕەشــەیەی کە داعــش درووستیکردبوو پاڵی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە نـا هەڵوێسـتی بگۆڕێت و چەک بە کورد بدات سەرەڕای پرۆتێست و ناڕەزایی دەربڕینی بەغدا. هەر لە

مانگی ئابیشدا، فەرەنسا بوو بە یەکەم وڵاتی ئەوروپی کە چەک و یارمەتیی سەربازی بنێرێت بۆ پێشمەرگە.

ئەو هەڕەشە هەرێمی و جیهانییەی داعش پێکیدەهێنێت وای لە کوردەکان کردووە دانپیانانێکی نێودەوڵەتی بەدیبێنن و پێگەی خۆیان وەک هێزێکی سیاسی و سەربازیی سەربەخۆ پتەو بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش فرانسوا هۆلاندی سەرۆکی فەرەنسا و ماتیۆ رینزیی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا و وەزیرانی دەرەوە و نوێنەرانی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان سەردانی هەولێریان کرد و لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستاندا کۆبوونەوە. هەروەها هەریەک لە بەریتانیا و ئەڵمانیا و دانیمارک و کۆماری چیک و کەنەدا و ئوستralیا و وڵاتانی تر پاڵپشتیی خۆیان بۆ کورد دەربڕی و چەک و تفاقی سەربازییان بۆ ناردن.

لەگەڵ ئەوەشدا و سەرباری چاکبوون و بەرەوپێشچوونی بارودۆخی کورد، کە خۆیان سەلماند وەک بەهێزترین و کاراترین هێزی کورد کە لەڕووی داعشدا بوەستێت و سەرەڕای شکست و نەهامەتییەکانی شەڕەکەی ئاب، هیچ گۆڕانکارییەک لە هەڵوێستی تورکیا و ئەمریکا و ئێراندا روویندەدا سەبارەت بە پارێزگاری کردن لە یەکێتیی خاکی عێراق – واتە رێگری کردن لە درووستبوونی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ. بێگومان بە هۆی پێویستبوون بە هاوکاری و هەماهەنگیی هێزە شیعی و سوننییەکان لە عێراقدا، کوردەکان تۆنی راگەیاندنی گەرموگوڕیان خاو کردەوە سەبارەت بە سەربەخۆیی.

بە هۆی ئەم دۆخەوە، ئەڵتەرناتیڤی راستەقینەی کراوە بۆ کورد بەردەوامبوونە لە پاراستن و پەرەپیدانی دیفاکتۆی سەربەخۆییان، بێئەوەی لە عێراق جیابینەوە و کۆششکردنی بەردەوام بۆ دامەزراندنی رژێمێکی

کۆنفیدراڵی. لە سێپتەمبەری ٢٠١٤دا نێچیرڤان بارزانیی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کەوا کورد پێکەوەژیانیان لە عێراقێکی فیدراڵیدا پێباشترە و بۆ راگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ پێویستە چاوەڕێ بکرێت تا ئەوکاتەی هەلومەرجی نێودەوڵەتی لەبارتر دەبێت.

## لە لێواردا

لە سەرەتای مانگی تەمووزدا، هێزەکانی داعش لە سووریا هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی کۆبانیی بچووک و گوندەکانی دەوروپشتی، لە نزیک سنووری تورکیاوە. هەرچەندە جەنگاوەرانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) یەکەم پەلاماریان بۆ سەر شارۆچکەکە شکاند، بەڵام داعش گوندەکانی ئەو ناوەی داگیرکرد. دانیشتووە کوردەکانی ناوچەکە، کە لە نێوان سەد بۆ دووسەد هەزار کەس دەبوون، هەڵاتن بۆ تورکیا (؟) و ناوچە کوردییەکەی عێراق. دواتر داعش لە مانگەکانی سێپتەمبەر و ئۆکتۆبەردا گەمارۆی شارەکەیان دا، بەڵام تورکیا دوودڵ بوو لە یارمەتیدانی کۆبانی و مەترسیی لەوە هەبوو کە هاوکاری کردنی پەیەدە سەردەکێشێتەوە بۆ بەهێزبوونی پەکەکە. ئەم خۆدزینەوەی ئەنقەرە کوردی تورکیای تووڕەکرد و بوو بە پرۆتێست و نارەزایی دەربڕین و داواکردنی رێگەدان بە خۆبەخشان کە لە سنوور بپەڕنەوە بۆ پشتیوانی کردنی جەنگاوەرە کوردەکان لە کۆبانی، بەڵام پۆلیسی تورکیا دەستڕێژی لە خۆپیشاندەرە کوردەکان دەکرد و فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی تورکیاش هێرشیان دەکردە سەر بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە شاخەکانی باشووری رۆژهەڵاتدا.

له مانگی ئۆکتۆبەردا، ئەنقەرە ڕێگەی دا بە جەنگاوەرانی پێشمەرگە کە لە هەرێمە کوردییەکەی عێراقەوە بۆ تورکیا بپەڕنەوە و بەرەو کۆبانی بڕۆن بۆ بەشداری کردن لە شەڕەکەدا. ئەم بڕیارەی تورکیا لە ئەنجامی هەڵکشانی فشاری نێودەوڵەتییەوە بوو لە سەر ئەنقەرە کە پێویستە ڕۆڵێکی چالاکتر بگێڕێت دژ بە داعش. هەڵبەت بەردەوامبوون لە ڕەتکردنەوەی یارمەتی و هاوکاریی کۆبانی بە هەر شێوەیەک بووە سەردەکێشێتەوە بۆ زیانگەیاندن بە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئەردۆغان و کوردەکان لە تورکیادا (بێگومان ئەم بۆچوونەی نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤ پێش ئەوەی ئەردۆغان بەرەو تاکڕەوی و دژایەتیی ئاشکرای کورد بچێت – و).

مەسعوود بارزانی سەرپەرشتیی دانوستاندنی کرد لە نێوان هێزە کوردییە ڕکابەرەکانی سووریادا بۆ گەیشتنە ڕێککەوتنێک و داواکردن لە پەیەدە و پەدک – سووریا بۆ درووستکردنی ئەنجومەنێکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی کانتۆنە کوردییەکان لە سووریادا و هاوکاری کردن لە شەڕی دژی داعشدا و بواردان بە پێشمەرگە بۆ چوونەپاڵ بەرگریکردن لە کۆبانی. بێگومان ڕۆڵی کوردەکان لە شەڕی داعشدا، هاوزەمان لەگەڵ بەردەوامیی شەڕی ناوخۆی سووریادا، ڕێگە خۆشدەکات بۆ قۆناخی ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی کورد لە سووریادا.

ئەم پەرەسەندنانە هەل و دەرفەت دەخولقێنن بۆ گۆڕانکاریی مێژوویی لە دۆخی سیاسی و دیبلۆماسیی کورددا. ڕەنگە ناسەقامگیری و توندوتیژیی درێژخایەن یان هەرەسهێنانی دەوڵەت لە سووریا و عێراقدا، جگە لە گۆڕانکاریی گەورە لە هەڵوێستەکانی تورکیادا، ببنە هۆی درووستبوونی باروزرووفی گونجاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یان هەرێمگەلێکی ئۆتۆنۆمیداری نوێدا. هەڕەشەی نوێی داعش و ڕۆڵی بنەڕەتیی کوردەکان لە

تێکۆشـانی نێودەوڵەتیدا دژ بەم گـرووپە ئاسـانکاری دەکـات لە گەشـەکردنی پەیوەندییە کۆنفیدراڵییەکانی نێوان هەرێمە کوردییەکەی عێراق و حکوومەتی بەغدادا. کوردە عێراقییەکان سوود لە هەل و دەرفەت دەبینن بۆ بەهێزکردنی دەوڵەتەکەیـان لەنـاو دەوڵەتـدا، بـۆ بەدەسـتهێنانی دانپیانـانێکی نێـودەوڵەتیی بەرفراوان بە دۆخی نیمچە سەربەخۆییان لە عێراقدا و هێشتنەوەی بژاردەی ڕاگەیانـدنی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی تەواو کـاتێ کە بـارودۆخی لەبـاری نێودەوڵەتی دێتەپێشـەوە (بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، ئێستا پێگەی کورد زۆر لاوازە لە ئەنجـامی سیاسـەتە هەڵەکـانی سـەرکردایەتی سیاسـی هەرێـم بەتایبەت پارتی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ بەغدادا بەتایبەتیش لە ئەنجامی بڕیاری هەڵەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە).

بێگومـان تەشـەنە کردنـی دۆخـی گۆڕانکـاریی سیاسـیی فیـدراڵی و ناسـێنترالی (لامەرکەزی) لە سـەرتاپا ناوچەکـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دەکرێت بوار بڕەخسێنێت بۆ دروستبوونی ناوچەگەلێکی کوردیی خاوەن سـەربەخۆییەکی بەرفراوان یـان سـەربەخۆییەکی ڕاستەقینە لە چوارچێوەی دەوڵەتە فیـدراڵی یـان کۆنفیدراڵییەکانـدا. بەهەرحـاڵ، ناکرێـت دەسـتبەرداری چارەسەری سیاسی بین بۆ  خولیا و ئاواتی نەتەوەیی کورد، جا دەوڵەتێکی سـەربەخۆ بێت یـان نـاوچە و هەرێمگەلێکی فیدراڵیی سـەربەخۆبن، لەپێنـاوی بەدیهێنانی سەقامگیری و گەشەکردنی ئاشتیانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

## سەرچاوە

گۆڤاری کەرەنت هیستۆری (مێژووی ئێستا)

ژمارەی دیسەمبەری ٢٠١٤، لاپەڕە (٣٦٢ – ٣٦٨)

بابەت: ساتەوەختی راستیی ناسیۆنالیزمی کوردی

نووسینی: مایکڵ ئەپەڵ

پرۆفیسۆری مێژوو لە زانکۆی حەیفا

*Current History*

*December, 2014, P. 362 – 368*

*Kurdish Nationalism's Moment of Truth*

*Michael Eppel*

*Professor of Middle Eastern History*

*University of Haifa*

## ١١

# توێژینەوەکانی ئینجیلی کوردیی مژدەدەرەکان و کاریگەرییـان لە سـەر ناسیۆنالـیزمی کـوردی

**موراد گوێخان دالیان**

پرۆفیسۆر لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی

زانکۆی ئەدیامان – تورکیا

○ **موراد گوێخان دالیان** Murat Gokhan Dalyan

پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ئەدیامان – تورکیا، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان. بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری مسیۆنێرە ئەوروپییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. توێژینەوەکانی لە بواری سۆسیۆلۆجیی دێهات / شارستانی، میسۆلۆجیا و فۆلکلۆری ئایینە ئیبراهیمییەکان، مێژووی سەدەی نۆزدە، ئەنثرۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی، توێژینەوەی جەندەر، کولتووری ژن و ڕۆڵی ژن لە مسیۆنێریی ئەمریکیدا.

نموونەی ناوی بەشێک لە باس و توێژینەوەکانی:

- هەڵسەنگاندنی باری ژیانی زیندانییەکانی ویلایەتی مەلاتیە لە کۆتایی ئیمپراتۆریتی عوسمانیدا.
- ڕۆژانەی مسیۆنێرە (مژدەدەرە) ئەمریکییەکان لە هەکاریدا ١٨٣٠ – ١٨٧٠.
- چاوخشاندنێک بە مێژووی ئەرمەنەکاندا لە ئەدیامان.
- ڕۆڵی ئەرمەنەکان لە تەبشیری کوردیدا.
- چاوخشاندنێک بە بارودۆخی ژنی یەزیدی لە سەدەی نۆزدەدا.
- ڕاوڕووت و خوێنڕشتن و بارووت لە کۆمەڵگەی نەستووریدا.
- پەتریارکی نەستووری مار شەمعوون بنیامین و چالاکییەکانی لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا.

## کورتەیەک

کاریگەریی چالاکیی مژدەدەری بەردەوام بووە لە سەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە چەندین سەدەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ماونەتەوە، نەک هەر لە بواری سیاسی و ئایینیدا، بەڵکو لە بواری کولتووریشدا. مژدەدەرەکان (مسیۆنێرەکان) لە سەرەتاوە قورسایی ئەرک و پەیامی خۆیان خستبووە سەر کۆمەڵانی کریستیانی ناوچەکە کە لە ڕووی ئایینەوە لە خۆیانەوە نزیک بوون، بەڵام لە کاتی پێشکەوتنی کارەکەیاندا کەوتنە بایەخدان بە کورد لە ناوچەکەدا. ئەوجا لەبەرئەوەی بتوانن بە کوردی قسە بکەن بۆ نزیکبوونەوە و پەیوەندی کردن لەگەڵ گرووپەکانی ناوچەکەدا وەک ئەرمەن و ئاشوورییەکان، کتێبێکی ڕێزمانیان ئامادەکرد بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی ئینجیلێک بە کوردی (واتە کتێبی پیرۆز). زوو بە زووش ئەم توێژینەوە ڕێزمانییانە بوون بە بناغە بۆ خۆیان لە کارکردنیان لەگەڵ کورددا. بەهەرحاڵ، ئەم لێکۆڵینەوە زمانەوانییانەی کە بە پیتی لاتینی ئامادە کرابوون، لە کات و سەردەمانی دواتردا لەلایەن کوردەکانەوە قبووڵکران و هەر ئەم کارانەش بوون بە بنەمای کولتووریی ئەلفبێی لاتینیی ئێستا و بە هەمان شێوەش ناسیۆنالیزمی کوردی.

## توێژینەوەکانی ڕێزمانی کوردی لای کاسۆلیکەکان

ئەمــڕۆ، هەرچەنــدە لێکۆڵینەوەکــان لەبــارەی کتێبــی پیــرۆزەوە بــۆ مسیۆنێرەکان یان دابەشکردنی ئەو لێکۆڵینەوانە بووبوونە بابەتی ڕۆژنامەکان لە سەروەختێکدا، مەسەلەیەکی نوێ نیە. هەڵبەت بایەخدانی مسیۆنێرەکان بە کورد دیاردەیەکی تازە نیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەرەسهێنانی عوسمانییەکان. لەپێش پرۆتستانتەکانەوە، کاسۆلیکەکان کەوتبوونە چالاکیی مــژدەدەرانە لەگەڵ کەنیســە لۆکــاڵ و ناوخۆییەکانــدا وەک ئاشــووری و ئەرمەن و رووم لەپێنــاوی رەخســاندنی پێکەوەبەســتن و تونــدوتۆڵ کردنــی پەیوەنــدیی نێــوان کریســتیانەکان و نەهێشــتنی دیــد و بۆچــوونی جیــاواز. لە مــاوەی ئەم پەیوەندیکردنانەدا دەرفەتیــان بۆ ڕەخسا یەزیدییەکان بدۆزنەوە، کە وا باسدەکرێت کورد بن بە پێی زمانی ئاخاوتنیان و کەوتنە ئاشنابوون و بایەخــدان بە شــێوازی ژیــانی جیاوازیــان لە خەڵــکە موســڵمانەکە. یەکەم پەیوەندی لەگەڵ پییێر جوستینن دی نیوڤیسور – لۆیر ( Pére Justinien de Neuvysur – Loire) ڕەخسێنرا لە ساڵی ١٦٦٨دا، کە لە سەرەتادا ئامانجی ئەوە بــووە بگــاتە ئەرمەنەکــان و پاشــان زانیــاریی لە ســەر یەزیــدییەکانی دەوروپشتی چیای سنجار بیستووە و پەیوەندیی پێوەکردوون. یەزیدییەکان دەستیانکرد بە ناردنی نامەی گەرموگوڕ بۆ ئەم مسیۆنێرانە، چونکە ئەو میــوانە بیانییانەیــان بە رزگــارکەر لەقەڵەمــداوە. بەهەرحــاڵ، ئەرمەنەکــان پەیوەندیی نێوان مسیۆنێرەکان و ئەم خەڵکەیان تێکدا کاتێ لە ڕێگەوبانەکاندا کــاری ڕاووڕووتیــان لەدژ دەکــردن و بە شەیتانپەرســت لەقەڵەمیانــدەدان و بــوون بە هــۆی پچڕانــدنی ئەم پەیوەنــدییە (کەیســەر، ٢٠٠٧ : ٤٦ ؛ پریچــارد، ١٨٤٤ : ٧٤). لەگەڵ ئەوەشدا، لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا مۆریزۆ گارزۆنیی قەشــەی دۆمینیکــانی ئیتــالی، لەلایەن ڤاتیکــانەوە نێــردرا تــا ئەم کۆمەڵگەیە لە

شەیتانپەرستی وەربگیرێت، بەتایبەتی کە هەندێ خەسڵەتی کریستیانیتییان لەناخدایە.

ئەم کەسە ماوەیەکی لە ناو یەزیدییەکاندا بەسەربرد و ڕێزمانێکی بۆ زمانی کوردی ئامادەکرد بۆ بەکارهێنان و کردیە چالاکیی مسیۆنێری و ئینجیلی بۆیان. بەم ئامادەکردنە، دەکرێ بڵێین کەوا گارزۆنی رۆڵێکی سەرەکیی بینیوە لە گواستنەوەی پیتەکانی قاف و خێ (Q و X) کە لە زمانی کوردیی ئێستادا بەکاردێن. چونکە ئەو پیتی "X خ"ی بەکارهێنا بۆ"ha حا، he حێ، حی hı" کە لە ئەلفبێی عوسمانی و فارسیدا بەکاردێن، و "k کاف" لەبریی "q قاف" (Garzoni، MDCCLXXXVII ؛ ١٤ – ١٦). دواجار ئەم کارەی سەریکێشایەوە بۆ بنەمای ڕێزمانی کوردی بە پیتی لاتینی. لەو کتێبەی ڕێزماندا کە جەلادەت بەدرخان Celadet Bedirhan و رۆجەر لێسکۆ Roger Lescot پێکەوە ئامادەیان کردووە، ئەم دۆخ و حاڵەتە جەختی لە سەر کراوەتەوە (Bedirhan and Lescot، III :٢٠١٢).

دوای ئەوە پەیوەندیی یەزیدییەکان لەگەڵ مسیۆنێرەکان بەردەوام بوو. لە کاتێکدا کە یەزیدییەکان وا تەماشای مسیۆنێرەکانیان دەکرد کە نوێنەری وڵاتانی دەرەوەن بۆ دابینکردنی هاوکاری و پشتیوانی، بەڵام مسیۆنێرەکان وا تەماشای ئەم کۆمەڵگەیەیان دەکرد کە دەکرێت بەئاسانی ببنە کریستیان (ئادەم، ١٨٩٨ : ١٨٨ – ١٩٠)[١].

## توێژینەوەکانی ڕێزمانی کوردی لای پرۆتستانتەکان

### - کار و توێژینەوەکانی ئینگلیز

یەکەم کەسی پرۆتستانت کە مامەڵەی لە تەک زمانی کوردییدا کرد و بڕیاریدا کتێبێک لە سەر زمانی کوردی ئامادە بکات بە هۆی گەشتی مژدەدەری ئینگلیز، جەیمس بارکەرەوە بوو لە ساڵی ١٨٨٢دا، لەپێناوی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی گشتیی کریستیانەکانی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا. ئەم مسیۆنێرە لە کاتی گەشتەکەیدا چاوی بە کوردەکان کەوتبوو و دەستی بە لێکۆڵینەوە کردبوو لەبارەیانەوە. هۆکاری سەرەکیی چاپکردنی ئینجیل بە زمانی کوردی و دابەشکردنی ئەوەبووە کە وا کریستیانە ئیتنیکییەکان یان ناوخۆییەکان بە زمانی کوردی قسەیان کردووە و ماوەیەکی دوور و درێژ لەو ناوچانەدا ژیاون کە مسیۆنێرەکان چالاکییان تێدا ئەنجامداوە، جگە لەوەش کە ویستوویانە کوردەکان بکەن بە مەسیحی. مسیۆنێرەکان وای بۆچوون کە وا کریستیانە ئیتنیکییەکان بە ئاسانی دەچنە سەر ڕێباز و مەزهەبی ئەمان بە هۆی ئەم ئینجیلە کوردییانەوە کە بۆیان ئامادەکردوون. یەکەم هەوڵ ساڵی ١٨٢٠ لەلایەن هێنری لیڤزەوە تاقیکرایەوە، کە ئەندامی کۆمەڵەی کتێبی پیرۆزی بەریتانی بوو، کە بەشێک بووە لە گرووپێکی مسیۆنێری. لیڤز بەئاواتەوە بووە کتێبی پیرۆز وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی بە گریمانەی ئەوەی کە وا نەستوورییەکان ویستوویانە پرۆتستانتەکان وا لێبکەن کە بە زمانی کوردی قسە بکەن و لەم ڕووەوە پلانی داناوە کە ستوونێکی کتێبەکە بە زمانی کوردی بێت و یەکێکی تری بە زمانی ئاشووری بێت (کۆکڵەی، ١٩٩٢ : ١٨ ؛ باجەر، MDCCCLII، ٥٤ ؛ کتێبی *پیرۆز بۆ هەموو خاکێک، ١٨٤٨ : ٦٨*)[٢].

لێرەوە لیڤز هەندێ کاری لە ناو کوردەکاندا کرد و تەنانەت هەندێ هاوکاریشی پەیداکرد بۆ ئەم کارانە و یەک لە دەرکەوتووترین هاوکارانی قەشەی کاسۆلیکی جێرڤس بوو، کە بە هاوکاریی ئەو مسیۆنێرە بەریتانییەکە چوار نموونەی ئینجیلی ئامادە کرد، بەتایبەتی نموونەکانی یوحەننا و مەتتا (*کتێبی پیرۆز بۆ هەموو خاکێک، ١٨٤٨ : ٦٨*) .. بەڵام کاتێ کە بەریتانییەکی تر بە ناوی وۆلفەوە کەوتە سۆراخکردن و لێکۆڵینەوە لە ناوچەکەدا، بیر و بۆچوونی خۆی وا دەربڕی کە پێویستە ئەو ئینجیلانەی چاپ و بڵاودەکرێنەوە بۆ نەستوورییەکان، بە زمانی سریانی یان ئاشووری بێت، نەک کوردی و بەو هۆیەوە پرۆژەکەی لیڤز هەڵپەسێردرا (کۆکڵەی، ١٨ – ١٩). لەجیاتیدا، کۆمیتەی کۆمەڵەی کتێبی پیرۆزی بەریتانی و بیانی دوو مسیۆنێری ئەڵمانی بە ناوەکانی هوێرنڵ و شنایدەر لە ئۆفیسی بازڵەوە نارد بۆ پێداچوونەوەی ئەو بیرۆکە و دۆکومێنتانەی لیڤز ئامادەی کردبوون و گەڵاڵەکردنی نموونەیەکی گونجاوتر (لۆری، ١٨٥٥: ٣٤ ؛ پیکارد، ٧٤). ئەم دوو مسیۆنێرە تەواوی داتا و زانیارییەکانی گەشتەکەی خۆیان کۆکردەوە لە ناو کورددا لە گوند و خێڵەکانی هەکاری و ئێراندا لە ساڵی ١٨٣٤وە تا ساڵی ١٨٣٦. لە کۆتایی کار و لێکۆڵینەوەکانیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە وا ئەو ئینجیلە کوردییەی جێرڤس ئامادەی کردبوو، تەنها بۆ ئەو کوردانەی ناوچەی هەکاری گونجاوە، بەڵام بە پێی سەرنج و تێبینیی ئەمان، کوردەکان دیالێکتی جیاجیان هەیە بەدەر لە دیالێکتەکەی هەکاری و بەو پێیە کاریگەریی ئەم ئینجیلە بەو دیالێکتە سنووردارە و ناگاتە هەموو خەڵکەکە و بەو هۆیەوە وایان پێ باش بوو پرۆژەکە رابگیرێت. ئەوجا سەرەڕای ئەم هەموو تەگەرە و نەخێرانە، بەریتانییەکان ئامادەکردنی ئینجیلی کوردییان پەکنەخست. لە ساڵی ١٨٥٦دا، بە گەڕانەوە بۆ چوار ئینجیل کە پێشتر ئامادەکرابوو، بە هاوکاریی چاپخانەی مسیۆنێریی ئەمریکی لە ئەستەمبووڵ، سێ هەزار دانە لە

نمـــوونەکەی ئینجیلـــی مەتتـــا چـــاپ و دابەشـــکرا. بەهەرحـــاڵ، وەک پێشـــتر ئاماژەمـان بۆکرد، کوردەکـان نەیانـدەتوانی ئەم ئینجیلانە بخـوێننەوە و لێیـان تێبگەن، چونکە بەتەواوی لەگەڵ دیالێکتەکانیاندا یەکیاننەدەگرتەوە.

بۆ چارەسـەری ئەم کێشـەیە، دەبوو هاوکارێکی ناوخۆ کتێبی پیرۆز ئامادە بکـات، کە ئەویـش سـتێفانی خەڵکـی هینـە بـوو (بـۆلن، ١٨٥٧ : ٤، ١١، ٣٢٧ ؛ زویـمەر، ١٩٠٨ : ٩٤ ؛ *کتێبی پیرۆز بۆ هەموو خاکێک*، ١٨٤٨ : ٦٩ ؛ *رۆحـی ئەرک و پەیام*، ١٨٣٨ : ١٤٠ ؛ *مسـیۆنێریی هێراڵد*، ١٨٣٦ : ٢٩١). لەو کـاتەوە، توێژینەوەکـانی کتێبـی پیـرۆز پـارێزراون و بەردەوامییـان پێدراوە، بەتـایبەتی لەلایەن مسیۆنێرە ئەمریکییەکانەوە.

## – کار و توێژینەوەی ئەمریکییەکان

مسـیۆنێرە ئەمریکییەکـان یەکـێکن لەو گـرووپە پڕکـارانەی کە زۆربەیـان پرۆتستانتن و کارێکی زۆریان لە سەر کورد کردووە. یەکێک لەوانە، سـمۆئێل ریـایە کە مسـیۆنێرێکی پرۆتسـتانتی ئەمـریکییە و لە دەزگـای ABCFM کـاری کــردووە و خەریکــی تــوێژینەوەی ڕێزمــانی کــوردی بــووە. ئەو ڕێزمــانە کوردییەی سمۆئێل لە لایەن ABCFM وە ئامادەکرابوو بۆ ئەنجامدانی چالاکی بێ هیچ کێشـەیەک لە ڕێگەی ئەنجامدانی پەیوەندیی باشـەوە لەگەڵیاندا لە کاتی پراکتیزەکردنی چالاکی لە نـاو گرووپی کەمینەکانی نـاوچەکەدا لەبری ئەوەی کە هەر تەنهـا کـورد بکـرێنە ئامـانج و کـارەکە وا ئامـادەکرابوو کە بـگەنە گرووپەکـانی کوردیزمـانی وەک یەزیـدی و ئاشـووری و نەسـتووریەکان (ریـا، ١٨٦٩ : ١٨٨ – ١٥٥ ؛ ویلـەر، ١٨٦٨ : ٢١ – ٢٢). بـۆ ئەم مەبەسـتە، سـمۆئێل ریـا، کە مـاوەی حەوت سـاڵ لە یوکسـێکۆڤا مـایەوە، رایگەیاند کە وا کاریگەرییەکی گەورەی زمانی فارسی هەیە لە سـەر سترۆکتوور و پێکهاتەی

زمـــانی کـــوردی و ئەو دیـــالێکتەی کە لە خەرپـــوت – ورمـــێ و وان بەکاردەهێنرێت، هەندێک جیاوازیی تێدایە لەگەڵ ئامێدی و ناوچەکانی تردا کە تێگەیشتنیان زەحمەت بوو ( *Journal of American Oriental Society, 1880: XLII گۆڤاری کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی)*. هەر لە هەمان ئەو ماوە و ساڵانەدا، چوار ئینجیلی کوردی بە پیتی ئەرمەنی لە لایەن ولیەم گوودەڵەوە ئامـــادە کرابـــوون بە هاوتەریـــب لەگەڵ ئەم تـــوێژینەوەدا (ویـــلەر، ١٨٦٨ : ٢١ – ٢٢). لەبەرئەوەی ئەو مســیۆنەرانەی بیریـــان لە ئینجــیلە کوردییەکـــان دەکردەوە، دەیانتوانی بەئاسـانی بگەنە ئەو ئەرمەنـانەی بە کـوردی قسـەیان دەکرد و لە ناوچەکانی پشتی ئەرزڕوومەوە دەژیان (بنجامین، ١٨٦٠ : ١٢٠ ؛ ویلْسـن، ١٨٩٦ : ٣٢٦). ئەم بـارودۆخە بەدرێژایـی سـەدەی نـۆزدە بەردەوام بوو. تەنانەت لە ساڵانی ١٨٩٠کاندا، مایەڤسکیی راوێژکاری رووس، کە چەند تـوێژینەوەیەکی لە نـاوچەکەدا کردبـوو، رایگەیانـد کە وا ژمـارەیەکی زۆر لە گونـدە ئەرمەنییەکـان و بە تـایبەتی ئەوانەی رۆژهەڵاتـی ئەنەدۆڵ بە زمـانی کوردی قسە دەکەن (مایەڤسکی، ٢٠٠٧ : ١٨٧).

لە لایەکـی تـرەوە، دەوڵەتـی عوسـمانی نەیدەهێشــت مســیۆنێرەکان لە ئەستەمبووڵدا ئینجیل بڵاوبکەنەوە، چونکە لەم چالاکییانەیان نیگەران بـوو. بەڵام ســـەرباری ئەم هەمـــوو قەدەغە و قەدەغەکـــارییە و هەرچەنـــدە چاودێرییشیان لە سـەر بوو، مسیۆنێرەکان بەنهێنی بەردەوام بوون لە سـەر بڵاوکردنەوەی ئینجیلە کوردییەکان و ٦٦٠ کتێبی سروود و ئاوازی ئایینی بە زمانی کوردی ئامادەکران (بلیس، ١٨٩٦ : ٣١٩ ؛ بلیس، ١٨٩١ : ٥٤٩). لە ساڵی ١٨٩٦دا، مسیۆنێرەکان لە ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا پێکەوە لەگەڵ کۆمەڵەی کتێبـی پیـرۆزی ئەمریکـی و کـۆمەڵەی نـامیلکە ئاینییەکـانی Tract ئەمریکیـدا کاریـان دەکـرد و ویسـتیان کتێبـی پەیمـانی نـوێ ( new – testament) لە

چالاکییە مژدەدەرییەکاندا بەکاربێنن لە ڕێگەی وەرگێڕانیەوە بۆ زمانی کوردی (*ڕاپۆرتی ساڵانەی پەنجاونۆیەمین، ١٨٩٦ : ١٩٤*). لە نزیکەی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، کارەکانی کتێبی پیرۆز کە لە سەرەتادا ئامادە دەکرا بۆ ئەوەی بگاتە کۆمەڵانی کەمینە ئاینییەکان، کەوتە ئەوەی ئامادە بێت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بگاتە کوردەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بە هۆی قەدەغە لە سەردانانی عەبدولحەمیدی دووەمەوە نەیانتوانی ئەوەی دەیخوازن، بیکەن. لە ساڵانی ١٩٠٠کاندا، مسیۆنێرێکی ئەمریکی بە ناوی ئەلپیۆس ن. ئەندرووس (Alpeus N. Andrus) دەستیدایە وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانی کوردی، لە شاری ماردینی ئەنەدۆڵ، بەڵام نەیتوانی کۆپیی تەواوی لەبەربگرێتەوە (کەیسەر، ٢٠٠٥ : ٢٠٧). بەم ڕەنگە، ئەمجارەش هەوڵەکە شکستی هێنا.

## هۆکاری شکستی مسیۆنێرەکان لە سەدەی نۆزدەدا

کوردەکان هۆکاری یەکەم نەبوون بۆ وەرگێڕانی ئینجیل یان کتێبی پیرۆز بۆ سەر زمانی کوردی، بەڵام نیاز و مەبەستی سەرەکیی ئەم ئامادەکارییە گەیشتن بوو بە کۆمەڵانی ئەو کەمینانەی کە بە زمانی کوردی قسەیان دەکرد و ئەمەش ڕۆڵی لە شکستهێنانی مسیۆنێرەکاندا بینی (کەیسەر، ٨٩). جگە لەوەش، هەڵوێست و ڕەفتاری مسیۆنێرەکان لە قۆناخەکانی پێشتردا، کوردەکانی خستە گومانەوە و مامەڵەی سڵ و بەپارێزییان لەبەرانبەر کۆمەڵانی کەمینەکان لە ڕێگەی ڕەخساندنی هاوکاری و پشتیوانیی دەرەکی بوو بە هۆی پەرەسەندنی هەڵوێستێکی نەرێنی دژ بە مسیۆنێرەکان. مەسەلەکە سەری کێشایەوە بۆ ناکۆکی و ململانێیەکی سەخت لە نێوان هەردوولادا و هەندێ جاریش دەبووە مایەی کوشتن و برینداری بۆ مسیۆنێرەکان و خانە و لانەشیان زیانی پێدەکەوت.

هەرچەندە عوسمانییەکان و ئێران هیچ کێشەیەکیان نەدەبینی لە کار و چالاکیی مسیۆنێرەکان لە ناو گرووپی کەمینەکانی تردا، بەڵام بەرهەڵستیی ئەم چالاکییانەیان دەکرد لە ناو کوردەکاندا کە ناسنامەیەکی ئیسلامییان هەیە و چالاکییەکانیان قەدەغە دەکرد بۆ ئەوەی نەهێڵن کوردەکان ببنە کریستیان و تەنانەت نەیار و ڕێگریش بوون لەبەردەم بڵاوکراوە کوردییەکانی مژدەدەرەکانیشیاندا. ساڵی ١٩٩١، قەشەیەکی نەستووری لە زاخۆ سکاڵای لای بلینکۆ دەکرد و لە هۆکاری پاراستنی کوردەکانی دەپرسی لە هێرش و پەلامارەکانی سەددام. ئەگەریش بەو بوایە و هاوپەیمانان کوردیان رزگار نەکردایە، ئەوە هەتاهەتایە رزگاریان دەبوو لێیان (بلینکۆ، ١٨٩ – ١٩٠، ١٩٣ – ١٩٥)[٣]. ئەم بارودۆخە هەمان شت بووە لە سەدەی نۆزدەشدا، چونکە کاتێ چەند ژمارەیەکی کەمی قوتابیی تورک و کورد لە قوتابخانەی مسیۆنێریدا کە لە هەموو شوێنێکی ناوچەی ئێلازیغدا کرابووەوە، هەندێک لە دەوڵەمەندەکانی ئەرمەن کە وا هاوکاریی دارایی ئەو قوتابخانانەیان دەکرد، ناڕەزاییان دەربڕی لەو مەسەلەیە و هەڕەشەی ئەوەیان کردبوو کە ئەگەر ئەو قوتابیانە وەربگیرێن، ئەمان هاوکاریی دارایی قوتابخانەکە دەبڕن. هەروەها ئاشوورییەکانیش دۆخێکی هاوشێوەیان ئەزموون کردبوو (بلینکۆ، ١٩٦ – ١٩٧). بۆیە تەماشا دەکەیت کریستیان و کورد و جوولەکە و یەزیدی یەکتریان خۆشناوێت و هەڵوێستی نەرێنییان هەیە بەرامبەر یەکتر و هەر ئەمەش بووەتە ڕێگر لە بەردەم مسیۆنێرەکاندا کە ئامانجەکانیان بەدەستبێنن (بلینکۆ، ١٦٣).

## کارەکانی ئەم دواییەی ئینجیلی کوردی

ســـاڵی ١٩١٠، مســـیۆنێرە پرۆتســـتانەکان لە ئەدینـــبەرە بڕیاریانـــدا لووســەرییەکان دەسنیشـان بکەن بۆ ئەوەی کوردەکـان بکەن بە کریسـتیان. بەپـێچەوانەی مسـیۆنێرەکانی پـێش خۆیـان، فۆسـەم Fossum و دکتـۆر ئێـد ئێـدمان Ed Edman و هاوڕێکانیـان کە وا ئەم ئەرکەیـان خرابـووە ئەسـتۆ، دەســـتبەرداری بەکارهێنـــانی ئاســـوورییەکان و ئەرمەنەکـــان و گـــرووپە کریسـتیانەکانی تـر بـوون وەک چاوسـاغ و بریکـار بـۆ ئەوەی بگەنە گرووپە کوردییەکان و لەبری، وایـان پێ باشـتر بـوو راسـتەوخۆ پەیوەندی بە خـودی خۆیانەوە بکەن (پیکێرت، ٢٠٠٦ : ٨٣ – ٨٥ ؛ ئێرلینگ). بە پەیڕەوی کردنی ئەم سیاســەتە، فۆســـەم کە ئەرک و بەرپرســـیارێتیی بەمەســیحیکردنی کــوردی لەئەستۆگرتبوو، دەستیکرد بە توێژینەوە لەبارەی زمانی کوردییەوە و هەوڵـی زۆری دا بـــۆ ئەوەی بگـــاتە کۆتـــایی. پاشـــان ئەنجـــامی لێکۆڵینەوەکـــانی دەرکەوت و هەر ئەوە نەبــوو کە کتێبێکـی رێزمـــانی کــوردیی نووســـی بــۆ کوردەکانی موکری لە ئێران، بەڵکو چوار ئینجیلیشی وەرگێڕا بۆ سـەر زمـانی کـوردی و جگە لەوانەش، نـامیلکە کتێبێکـی ئامـادەکرد کەوا سـەد سـروودی ئاینیی لەخۆگرتبوو، لەگەڵ کورتەیەک لەبارەی ئـایین و بـاوەڕی مەسـیحی و فەرهەنگۆکێکی کوردی – ئینگلیزی، بۆ ئەوەی ئەمانە هەمـوو لە چالاکییەکانی مژدەدەریـدا بەکـاربهێنرێن (پیکێـرت، ٨٣ – ٨٥ ؛ حەسـەنپوور، ١٩٩٩ : ٥٥٧)[٤].
پاشـان فۆسـەم لەگەڵ پزیشـکێک بە نـاوی ئێد ئێدمان و دوو ژنە پەرسـتاری لووتەری توانییان کۆمەڵگەیەکی (کۆمیونیتی) کوردی – کریسـتیان پێکبێنن و هەتیوخـانەیەک و کلینیکێکـی پزیشـکی لە نـاوچەکەدا بـکەنەوە تـا مانگەکـانی سەرەتای ساڵی ١٩١٦ (پیکێرت، ٨٣ – ٨٥)، ئەوجـا دەسـتیکرد بە پەروەردە و فێرکردنـی منـداڵە هەتیـوە کوردەکـان لە رێـگەی درووسـتکردنی فێرگەیەکـی

لاهــووتییەوە لە نــاو کوردەکــانی موکریــدا لە ئێــران. پاشــانیش بەدوای ئەم ئەزموونەدا دوو قوتابخانەشی لە خۆی و سابڵاخ (مهاباد – و) کردەوە.

فۆسەمی سەرۆکی گرووپە مسیۆنێرییەکە، هەر تەنها کتێب و کاری لەم چەشنەی چاپ و بڵاو نەدەکردەوە، بەڵکو کەوتە دەرکردنی گۆڤارێک بە ناوی "*مسیۆنێریی کوردستان ـ Kurdistan Missionary*" کە باسی لە چالاکییەکانیان دەکــرد لە نــاوچەکەدا (حەســەنپوور، ١٩٩٩ : ٥٥ – ٥٦). فۆســەم، لەپــاڵ باسکردنی کارەکانی لەم گۆڤارەدا، باس لەوەش دەکات کە زمانی کوردی دەچێــتەوە ســەر زمــانی فارســی، هەروەهــا ژمارەکــان و بگــرە وشــەکانی پرسیاریش دەچێتەوە سەر هەمان فۆرم و شێواز (فۆسەم ١٩١٩ : ٥٦ – ٥٩، ٧٤)°. دەبێ ئەوەش بڵێین کە وا زمانی کوردی لە سەدەی نۆزدەدا هێنراوەتە سەر ئەلفبێی لاتینی (زاکێن، ٢٠٠٧ : ٢).

لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، ئی. بی. سۆنی بەریتانی (لای کورد بە مـێجەر سـۆن ناسـراوە – و) کەوتە یەکخسـتنی کارەکـانی مسـیۆنێرەکان لە بواری زمان و رێزمانی کوردیدا، کە بە درێژایی سەدەیەک کاریان لە سەر کردبوو، لەگەڵ کارەکانی خۆی و دەرفەتی بۆ کوردی سلێمانی و مووسڵ (مەبەســت ویلایەتــی مووســڵە – و) رەخســاند کە زمــانی تــایبەتی خۆیــان بەکاربێنن و سەرنج و تێبینیی خۆی لە سەر بەکارهێنانی پیتی لاتینی بۆ زمانی کوردی تۆمار بکات. سۆن تەنانەت بەکارهێنانی زمانی کوردی لە کاروبـاری فەرمـی و حکوومەتـدا سـەپاندبوو، جـگە لە ئامـادەکردنی چەنـد فەرهەنگێکی زمانی کوردی و دەرکردنی رۆژنامەیەکیش (هەی، ٢٠٠٥ : ٤٦).

مسـیۆنێرەکان سـەرنجی ئەوەیـان دابـوو کە شـەپۆلی نەتەوەیـی روو لە هەڵکشـانیان لە نـاو کـورددا هەل و دەفەتـی نـوێی بـۆ هێنـابوونە پێشـەوە لە کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەدا. لەم قۆناخەشـدا، خواسـت و ئـارەزووی کـورد بـۆ

پەیوەنـدی کـردن لەگەڵ ڕۆژئاواییەکانـدا و لە ڕێـگەی ئەو ڕۆژئاواییـانەوە ڕۆڵێکی گرنگی بینی. قۆناخی یەکەمی ئەم جموجووڵە لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵا دەستی پێکرد، بەدوای ئەودا لەگەڵ شێخی بارزاندا بەردەوام بوو. لە ماوەی قۆنـــاخی دووەمـــدا و لە ســـەروەختی خەلافەتـــی دەســـتووریدا، یەک لە دامەزرێنەر و کەسایەتیی دەرکەوتووی "جەمعییەتی تەعالیی کورد"، کە شێخ عەبدولقادری کوڕەزای شێخ عوبەیدوڵا بوو، داوای لە دەسەڵاتدارانی ئەمریکی کرد قوتابخانە بکەنەوە لە ناوچەی هەکاری و شوێنەکانی تر و سەرباری ئەوەی کە ناسنامەیەکی ئایینیی هەبوو، بەڵێنی پێدان ئەوپەڕی هەوڵدەدا بۆ هاوکـــاری و یارمەتیـــدانیان. بەم داوایەی، مســـیۆنێرەکان هەســـتیانکرد کە دەیەوێت کاری دزێوی ڕاووڕووت لە ناوچەکەدا بوەستێنێت و دەسبەجێ بڕیاریاندا دوو کەس لە مسیۆنێرەکان، ماکدوێڵ و ئالن، بنێرن بۆ دەڤەری ئاشـیتا / چغڵـی لە هەکاری. هۆکاری ســەرەکیی ئەم کـاردانەوە خێـرایە کـــردنەوەی قوتابخـــانە بـــوو لە نـــاوچەی کـــورددا لەپـــێش حکوومەتـــدا و ئامادەکردنی یەکەمین کتێبی کوردی و لەنێویاندا گەلێک لە کتێبی پیرۆز و سـەرچاوە ئایینییەکانی تر، بەشێوەیەک کە نەیاندەویست دەرفەت لەدەست بـدەن بـۆ ئەوەی کوردەکـانی نـاوچەکە بـکەنە کریسـتیان لە ڕێـگەی ئەم سەرچاوە یەکەمانەوە. (*ڕاپۆرتی ساڵانەی حەفتاوپێنجەمین، ١٩١٢ : ٣٦٤*). لە ساڵی ١٩١٣دا، شێخ عەبدولقادر و هەر چوار هاوڕێکەی ناوچەی بۆتانیان کردە بنکە و بارەگای خۆیان و پەیوەندییان بە مسیۆنێرە ئەمریکییەکان و هاوکارانیانەوە کرد و یارمەتیی زۆریان دان. ئەم گرووپە بەڵێنی دابوو بە ڕەخساندنی هەموو ئازادییەکی ئایینی کاتێ کە قوتابخانەیەکیان کردەوە لە ناوچەکەدا و خانووی بارەگای مسیۆنێرەکانیان کردبوو بە شوێنی دیدار و ڕاوێژکـردن لە ســەر شــتەکان. هەڵـبەت بەپێـی ئەم خولیـا و هەڵوێسـتەیان، مسیۆنێرەکان ڕایانگەیاندبوو کە هیچ کێشـە و گرفتێکیـان تـووش نەبـووە لە

کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکانیان لە ناوچەکەدا. هەرچەندە مسیۆنێرەکان بە پێی داواکاریی کوردە نەتەوەییەکان سێ قوتابخانەیان کردبووەوە، بەڵام جموجوولیان وەک ئەوەی کە بەتەمای بوون، نەچووبووە پێش، چونکە نەتەوەییەکان ئارەزوویان دەکرد دەسبەجێ ئەنجامی ئەم قوتابخانە نوێیانە ببینن (*راپۆرتی ساڵانەی حەفتاوحەوتەمین ١٩٤١ : ٣٣٩ ، ٣٤٢*). میسیۆنێرەکان یەکێک لە یاریدەدەرانیان بە ناوی کاشا دانیاڵ کە کوردیی زانیوە، بۆ ئامادەکردنی فەرهەنگێکی کوردی و ئینجیلێک دیاری کرد. ئەگەرچی فەرهەنگەکە (قامووسەکە) ئامادەکرا، بەڵام بە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە کتێبە پیرۆزە کوردییەکە تەواو نەبوو و دانیاڵیش بوو بە یەکێک لە قوربانییانی جەنگ و لەدەستدانی داخ و کەسەرێکی قووڵی لای مسیۆنێرەکان بەجێهێشت، چونکە دانیاڵ کەسێکی زۆر گرنگ بووە لە پێخوێندن و فێرکردن لە ناوچەی هەکاریدا (*راپۆرتی ساڵانەی هەشتایەمین، ١٩١٧ : ٣٠٨*). بەڵام سەرەڕای ئەوەش، مسیۆنێرەکان بەردەوامییان بە چالاکیی خۆیان دەدا لە رێگەی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بۆ دیالێکتی کرمانجی و بەکارهێنانی بەڵگەنامەی تر تا ساڵی ١٩٢٠ (*راپۆرتی ساڵانەی هەشتاوسێیەمین، ١٩٢٠ : ٣٢٨*).

هەرچۆنێک بێت، بە هۆی ئەنجامەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، نێردە لووسەرییەکە تا ساڵی ١٩٢٤ بەناچاری لە ناوچەکە کشایەوە، بەڵام لەو ساڵەدا لووسەرییەکان بڕیاریاندا جارێکی تر مسیۆنێرەکان بنێرنەوە بۆ ناوچەکە و بەپێی ئەم بڕیارە هێرمان شالک لە ئەڵمانیا بۆ سەرکردایەتیی گرووپێک دانرا کە لە سێ کچی گەنج پێکهاتبوون، خاتوو ئۆگوستا گودهارد و خاتوو ئەڵما فۆسەم و خاتوو هاننا شوود. لە ساڵی ١٩٢٧دا، مسیۆنێرێکی تر بۆ گرووپەکە نێردرا بە ناوی سمۆئێل زوێمەر و ئەم کەسە کتێبێکی نووسی

به ناونیشانی مێژووی کتێبی پیرۆزی کوردی (بلینکۆ، ١٥٠). له سووریا و له کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا و به هۆی پزیشکیکەوه به ناوی بەدرخان، که له ساڵانی ١٩٣٠کانەوه بووەته کریستیان، کتێبی پیرۆز وەرگێڕدراوەته سەر زمانی کوردی (بلینکۆ، ١١٩ – ١٧٠). له ئێران، که لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم بارودۆخی تێکچوو و بوو به وێرانه و دۆخی کریستیانەکانی تێدا شڕبووبوو، به هاوکاریی ئەڵلایار مسیۆنێرەکان کتێبی پیرۆزیان وەرگێڕا بۆ سەر زاراوەی سۆرانی (بلینکۆ، ١٧١ – ١٧٥). بەهەرحاڵ، شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ بوو به هۆی تێکچوون و داڕووخانی چالاکییه مسیۆنێرییەکان. بەمدواییه، دام و دەزگاکانی فریاگوزاری و بانگەشەکار بۆ مەسیحییەت خەریکی یارمەتی و کۆمەک و پیتاک کۆکردنەوەن بۆ دابەشکردنی کتێبی پیرۆز له ناو کوردەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ و سووریا و عێراق و درووستکردنی کەنیسەی نوێ له ناوچەکەدا و دابەشکردنی ئینجیل له شەقامەکاندا به رێکخستنی کەمپەینەکانی ئۆنلاین. سەنتەرێکی فێرکردنی ئینجیل دامەزراوه بۆ ئەنجامدانی چالاکی و ئامادەکردنی مسیۆنێر و بەتایبەتی ناردنیان بۆ عێراق. ئەم گرووپانه هەموو مانگێک تێکڕا هەزار دانه له کتێبی پیرۆز دابەش دەکەن (www.christianaid.org)، هەروەها بەو کۆمەکانەی که له دەرەوه دێن، ئەوه ئینجیل و دەرمان و دیاری و شتی جۆراوجۆری تر دەدرێته کوردانی ناوچەکه (www.worthynews.com).

له تورکیا، پەیوەندیی نێوان کەنیسەی دیاربەکری پرۆتستانتی و هاورێکانی له عێراق بەردەوامه، هەرچەنده جاربەجار به هۆی شەڕی حکوومەت دژ به پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکه سستیی تێدەکەوێت (جەیمس). جگه لەم هەموو کارانه، مسیۆنێرەکان دەستیانکردووه به دابەشکردنی سیدی و نامیلکه و ئینجیله کوردییەکان. هەروەها سەرنجی ئەوه

دراوه کە دابەشکردنی ئەم جۆرە تۆمارە دەنگییە ئەلیکترۆنییانە بە شێوەیەکی تایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٩وە زیادیانکردووە

(www.nationsforjesus.org/donate/sponsorships.php)

ئەمڕۆ، ئەلفبێی سەرەکیی بەکارهێنراو لە چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لە تورکیا و ئەوروپادا ئەلفبێی لاتینییە. ئەم حاڵەتە ئەوە دەگەیەنێت کەوا کوردەکان ئەو جموجووڵە رۆشنبیری و فەرهەنگییە بە باشی هەڵدەسەنگێنن کەوا مسیۆنێرەکان دەستیان داوەتێ. بێگومان لە رێگەی ئەم ئەلفبێیەشەوە دەکرێت پەیوەندیی رۆشنبیری و فەرهەنگی لەگەڵ جیهانی رۆژئاوادا بەردەوام بێت.

## ئەنجام

لەبەر ئەوەی کە مەبەست و ئامانجی سەرەکیی مسیۆنێرەکان کۆمەڵانی کەمینە کریستیانەکانە، بۆیە ئەوان ئەم چالاکییە پرۆپاگەندە ئامێزانە ناسەلمێنن کەوا حکوومەتەکان بۆ موسڵمانەکانی ناوچەکەی دەکەن، لەم سۆنگەیەشەوەیە کە وا بایەخدانی مژدەدەرانە بە کوردەکان لە پلانی دووەم یان لاوەکیدایە. هۆکاری ئەوەی کە وادەکات ئەم بایەخدانە لاوەکی بێت بەبەراورد لەگەڵ گرووپی کەمینەکاندا، ئەوەیە کەوا کۆمەڵانی کەمینە کریستیانەکان هەست بە نیگەرانی دەکەن لەبەرانبەر دیالۆگی مسیۆنێرەکان لەگەڵ کورددا، چونکە لە رابوردوودا ئەم گرووپانەیان چەوساندووەتەوە. کۆسپ و تەگەرەیەکی تریش لە بەردەم کتێبی پیرۆز و رێزمانی کوردیدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کەوا کوردەکان لە ناوچەی جیاجیادا دەژین و دیالێکتەکانیان بەپێی ئەو شوێنانەی تێیدا دەژین، دەگۆڕێت. دواجاریش،

دەوڵەتی عوسمانی گەورەترین کۆسپ و ڕێگر بووە، چونکە بە هۆی ئەمانەوە مسـیۆنێرەکان نەیـانتوانیوە کتێبـی پیـرۆز چـاپ بـکەن و پاشـانیش بەئـازادی بڵاویـبکەنەوە. دەوڵەت لەوە بێـزار نەدەبـوو کە مسـیۆنێرەکان لەناوخۆیانـدا کار و چالاکی بکەن، بەڵام ڕێگەی بە کارکردیان نەدەدا لە نـاو موسڵمانەکاندا. هەر لەبەر ئەوەش بووە کە مسیۆنێرەکان نەیاندەتوانی بەئاشکرا و تاسەر کار لە ناو کورددا بکەن.

ئینجیـــل و کتێبـــی ڕێزمـــان یـــان گـــرامەری زمـــانی کـــوردی کە مسیۆنێرەکان ئامادەیان کردبوون و بە هۆیـانەوە بانگەشـەی کوردیـان دەکرد بێنە سەر ئایین و باوەڕیان، هەر زوو ناسیۆنالیستە کوردەکان بە سەرچاوەی سـەرەکییان دانـا و دەسـتیانکرد بە ئامـادەکردنی ئەلفبێـی لاتینـی بـۆ زمـانی کـــوردی. لەگەڵ ئەم ئەلفبێـــیەدا، هەنـــدێک ڕووداوی گرنـــگ لە هەنـــدێک بزووتنەوەی نەتەوەیی ناسیۆنالیستیی کوردیدا لە ئەوروپا و تورکیا ئەزموون کـران. وەک ئاشـکرایە، مسـیۆنێرەکان خـاوەنی ئەو ئەدەبەن کە سـاڵانێک مامەڵەیـان لەتەکدا کـرووە و ئەمەش بەرهەمـی کـورد خـۆی نـیە. هەمـان ئەو مسیۆنێرانەش کارێکی گرنگیان کردووە کاتێ ئەوەیان دەرخسـتووە کە زمـانی کوردی دەچێتەوە سەر خێزانی زمانە ئێرانییەکان لەڕووی ژمارە و خەسڵەتە بنیاتییەکانیەوە.

## سەرچاوە:

گۆڤاری ڕێڕەوی زانستی پەروەردە و کۆمەڵایەتی
بەرگی ٤، ژمارە ٧، دیسەمبەری ٢٠١٧
ناوی باس / توێژینەوەکانی ئینجیلی کوردیی مژدەدەرەکان و کاریگەرییان لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی

نووسەر / موراد گوێخان دالیان

*Route Educational and Social Science Journal Volume 4(7), December 2017*

The Studies of Missionarıes' Kurdish Bible and Its Effects on Kurdish Nationalism, pp. 43 – 51.

Murat Gökhan DALYAN

*Adyaman University, Egitim Faculty, Sinif Egatimi Anabilim Dali*

## تێبینی و پەراوێز

١- بەپێی مسیۆنێری پرۆتستانتی، ئادەم، یەزیدییەکان ناوی زۆریان هەیە کە لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراون وەک ئیسحاق و یاقووب و پیتەر و پۆڵس. یەزیدییەکان ژمارەیەکی زۆری ئینجیلەکان لەماڵەکانیاندا بووە کە ساڵی ١٨٤٢ لەلایەن کوردەکانەوە لەناوبراون. کاتێ کە باڵیۆزی بەریتانی لە ساڵی ١٨٨٣دا سەردانی شێخ عادیی کردووە، خاچێکی ئاڵتوونیی لە پەرستگاکەیاندا بینیوە و بەگوێرەی قسەی ئادەم بێت، ئەمە روونە کە رۆژگارێک بووە کە وا ناوچەکە لە سەر ئایینی کریستیان بووە، یان ئەوەیە کە ژمارەیەک کەنیسە لە دەڤەرەکەدا هەبوون و ئەو خەڵکەی کە تێیدا ژیاون، کریستیان بوون و بە تێپەڕینی چەندین ساڵ ئاوێتەی ئەودوای خەڵکەکە بوون و تواونەتەوە. هەمان سەرچاوە (ئادەم، ١٨٩٨ : ١٨٨ – ١٩٠).

٢- بەپێی مسیۆنێرەکان، ئەو مەسیحییانەی لەگەڵ کوردەکان ژیاون، تاڕادەیەک هەمان جل و پۆشاکی وەک ئەوانیان لەبەرکردووە. باجەر (Badger) دەڵێت کە وا ئاشوورییەکان و کوردەکان لە ماردین هەمان شێوازی جلوبەرگیان هەیە. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٥. بە پێی باجەر بێت، عەشیرەتی تەی عەرەب لە نوسەیبین وەک زمانی رەسەنی خۆیان بە کوردی قسە دەکەن (*کتێبی پیرۆز بۆ هەموو خاکێک، ١٨٤٨ : ٦٧*).

٣ – هەرچەنـدە ئەم تێگەیشـتنە کـاریگەرە، هەڵەیە بڵێـین کە وا گرووپـی کەمیـنە ناوخۆییەکـان بەتەواوی بەرهەڵسـتیی ئەوە دەکەن کە کـورد و موسـڵمانەکان بکـرێنە مەسـیحی. چـونکە ئەوە راسـتییەکی ئاشـکرایە کە مسـیۆنێرە ئەمریکییەکـان چەنـد یاریـدەدەر و هاوکـارێکی ناوخۆیـان بەکارهێنـاوە بـۆ ئەمە. (*راپـۆرتی سـاڵانەی شەست و نۆهەمین، ١٩٠٦ : ٣٠٦*).

٤ – هۆکاری یەکەم بۆ وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بۆ زمانی کوردی، کورد خۆیان نین، بەڵکو گەیشتن بووە بە کۆمەڵانی کەمینەکان کە بە کوردی قسە دەکەن (کەیسەر، ٨٩).

٥ – ئی. بی. سۆنی بەریتانی (مێجەر سۆن – و) زۆر بە جیددی کاری لە سەر ئەوە دەکرد کە وا کوردی سلێمانی و مووسڵ زمانی خۆیان بەکاربێنن و ئەو سەرنج و تێبینیی خۆی بە لاتینی دەنووسی لە ماوەی پێسپاردنی ئەرکەکەیدا لە عێراق. بگرە سۆن ئەوەشی سەپاندبوو کە زمانی کوردی لە حکوومەت و کاروباری رەسمیدا بەکاربهێنرێت، جگە لە ئامادەکردنی فەرهەنگ یان قامووسی زمانی کوردی و دەرکردنی رۆژنامەیەکیش بە کوردی (کە رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی بووە – وەرگێڕ). (هەی، ٢٠٠٥ : ٤٦).

٦ – بنەچەی زمانی کوردی بۆ بەشەکانی باشووری رۆژئاوا و باکووری رۆژهەڵاتی ئێران. (زاکێن، ٢٠٠٧ : ٢).

# بیبلۆگرافی


- "ڕووداوەکانی نیو هاڤن، ١٢ و ١٣ی ئۆکتۆبەری ١٨٧١"، *گۆڤاری کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی Journal of the American Oriental Society، بەرگی ١٠ (١٨٧٢ – ١٨٨٠)، لاپەڕەکانی xxx – xliv.*

- راپۆرتی ساڵانەی هەشتایەمین (١٩١٧). ئەنجومەنی نێردەی دەرەوەی کەنیسەی مەشیخی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

- راپۆرتی ساڵانەی هەشتاوسێیەمین (١٩٢٠). ئەنجومەنی نێردەی دەرەوەی کەنیسەی مەشیخی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

- ئادەمز، ١ (١٨٩٨). "تاریکی و بەرەبەیان، ئەزموونە شەخسییەکان، مۆراڵ، خوو و نەریت، ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتی فارسدا" ، لە سەر بایەخپێدانی نێردەی وڵاتی فارس بڵاوکراوەتەوە.

- باجەر، ج. پ. (MDCCCLII)، *"نەستووریيەکان و ڕێوڕەسمیان: لەگەڵ گێڕانەوەی نێردەیەک بۆ میزۆپۆتامیا و کوردستان لە ساڵانی ١٨٤٢ – ١٨٤٤دا. هەروەها سەردانێکی دواتر بۆ ئەو وڵاتانە لە ساڵی ١٨٥٠دا ؛ هەروەها لێکۆڵینەوە لە دۆخی ئێستای یەعقووبییە سووریيەکان، پاپەوییە سووریيەکان و کلدانییەکان و تاوتوێ کردنی بیر و باوەڕی ئایینیی یەزیدییەکان"*، بەرگی ١، لەندەن.

- بەدرخان، ج. ئە. – لیسکۆ، ر. (٢٠١٢)، *"ڕێزمانی کوردی ـ Kürtçe Grammer"*، ئەستەمبووڵ: ئاڤێستا.

- بنیامین، م. ج. (١٨٦٠)، *"خوشکانی مژدەدەر: مۆنۆمێنتێکی یادەوەری بۆ هەردوو مسیۆنێر خاتوو سێرافینا هاینز ئێڤەرێت و خاتوو هاریت مارتا هاملین لە قوستەنتینییە"*، بۆستن.

- بلینکۆ، ر. (١٩٩٨)، *"راستییە ئیتنیکییەکان و وانەکانی کەنیسە لە کوردستانەوە: مێژووی کاری نێردەکە، ١٦٦٨ – ١٩٩٠"*، کالیفۆرنیا: مەڵبەندی کەنیسەی مەشیخی بۆ لێکۆڵینەوەی نێردەکان لە پەسەدینا.

- بلیس ئی. ئێم، (١٨٩١). *"ئینسکلۆپیدیای نێردەکان، باسوخواسیان، مێژوویان، بایۆگرافییان"*، نیویۆرک.

- بلیس ئی. ئێم (١٨٩٦)، *"تورکیا و کوشتاری سامناکی ئەرمەن"*، فیلادڵفیا.

- بۆڵن ، ج. (١٨٥٧)، *"کەتەلۆگی کتێبخانەی کۆمەڵەی کتێبی پیرۆزی بەریتانی و بیانی"*، لەندەن.

- کۆکڵەی جەی. ئێف.، (١٩٩٢). *"کەنیسەی رۆژهەڵات و کەنیسەی ئینگلاند: مێژووی سەرۆک ئەسقوفەکانی کانتربێری لە نێردەی ئاشووریدا"*، ئۆکسفۆرد.

- ئێرلینگ، ئێم. (١٩١٠)، *"بەرهەڵستکارانی ناوەوە: ئەنگلیکانییەکان و لووتەرییەکان لە کۆنگرەی مسیۆنێریی جیهانیی ئەدینبرەدا ،١٩١٠"*، . بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم پێگە ئەلیکترۆنییە:

www.postcolonialjournal.com/Resources/Erling

- فۆسەم، (١٩١٠)، *"رێزمانێکی پراکتیکیی کوردی"*، مینیاپۆلیس.

– Garzoni ،D. P. M. (MDCCLXXXVII)، *"Grammatica E Vocabolario Della Lingua Kurda"* *"گارزۆنی "قامووسی زمانی کوردی"*

– حەسەنپوور، جەعفەر (١٩٩٩). جەعفەر حەسەنپوور، *"لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی وشە ئەوروپی و فارسی و عەرەبییە نامۆکان لە ستانداردی سۆرانیدا"*، تێزی دوکتۆرایە لە زمانە ئێرانییەکاندا و پێشکەش بە زانکۆی ئەپسالا کراوە.

- Hay, W.R. (2005). Kürdistan'da İki Yıl 1918 – ١٩٢٠, tran. Fahriye Adsay, İstanbul: Avesta. تورکی

- www.belmont.org/ministries/world–outreach/field–workers/mattis/ www.christianaid.org/Projects/2012/201204–444SHM. www.nationsforjesus.org/donate/sponsorships.php
- www.worthynews.com/182–iraq–evangelical–churches–grow–between–deathand–destruction–report.
- Kieser, H–L. (2005). Iskalanmış Barış: Doğu Vilayetleri'nde Misyonerlik, Etnik Kimlik ve Devlet 1839–1938, İstanbul :İletişim. تورکی
- Mayevsky, (2007). 20. Yüzyıl Dönemecinde Rus General Mayevsky'nin Türkiye Gözlemleri, Yay., Bayram Bayraktar, , İstanbul: İnkılap Yayınları. تورکی

- لۆری، ت. (١٨٥٥)، *"دکتۆر گرانت و نەستووریيەکانی چيا"*، بۆستن.

- پيکێرت، پ. ٢٠٠٦، *"نێردە پرۆتستانتەکان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست: باڵيۆزی مەسيحن يان کولتوور؟"*، کە پێشکەشی زانکۆی باشووری ئەفريقيا کراوە بۆ وەرگرتنی دکتۆری لاهووتی پراکتيکی.

- پريکارد جەی. سی. (١٨٤٤)، *"لێکۆڵينەوە لە مێژووی فيزيکيی مرۆڤ"*، چاپی سێهەم، بەرگی چوارەم، لەندەن.

- ريا، س. ئە. (١٨٦٩)، "کورتەی رێزمان و فەرهەنگی زمانی کوردی لە ناوچەی هەکاری"، *گۆڤاری کۆمەڵەی رۆژهەڵاتناسيی ئەمريکی* *Journal of the American Oriental Society*، بەرگی ١٠.

- شمشير، ب. ن. (٢٠٠٧)، *"Kürtçülük* ١٧٨٧ – ١٩٢٣"، ئەنقەرە: Bilgi Yayınevi.

- کتێبی پيرۆز بۆ هەموو خاکێک، (١٨٤٨)، *"مێژووی کتێبی پيرۆز لە هەموو زمان و ديالێکتێکدا کە وەرگێڕدراوە بۆيان؛ روونبوونەوەی پشکی نموونە لە کاراکتەرە*

ڕەسەنەکاندا، زنجیرەیەک لە ئەلفبێکان: نەخشە ڕەنگاوڕەنگە ئیتنۆگرافییەکان، خشتەکان، پێڕستەکان، ئیتیک"، لەندەن.

- "ڕاپۆرتی ساڵانەی پەنجاونۆهەمینی ساڵی (١٨٩٦)ی ئەنجومەنی نێردەکانی دەرەوەی کەنیسەی مەشیخی لە ئەمریکا. لە مایسی ١٨٩٦ دراوە بە ئەنجومەن"، نیویۆرک.

- "هێراڵدی مژدەدەر، (١٨٣٦)، کە تێکڕا سەرجەم مەسەلەکانی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی نێردەکانی دەرەوەی تێدایە لەگەڵ وێنەیەکی تەواوی ئۆپەراسیۆنە خێرخوازییەکانی تر بۆ ساڵی ١٨٣٦". بەرگی بیست و سێ، بۆستن.

- "ڕاپۆرتی ساڵانەی حەفتاوپێنجەمینی ساڵی (١٩١٢)ی ئەنجومەنی نێردەکانی دەرەوەی کەنیسەی مەشیخی لە ئەمریکا، کە دراوە بە ئەنجومەنی گشتی، مایسی ١٩١٢"، نیویۆرک: تەلاری مەشیخییەت، ١٥٦ شەقامی پێنجەم.

- "ڕاپۆرتی ساڵانەی حەفتاوپێنجەمینی ساڵی ١٩١٤ی ئەنجومەنی نێردەکانی دەرەوەی کەنیسەی مەشیخی لە ئەمریکا، کە دراوە بە ئەنجومەنی گشتی"، مایسی ١٩١٤، نیویۆرک: تەلاری مەشیخییەت، ١٥٦ شەقامی پێنجەم.

- "ڕاپۆرتی ساڵانەی حەفتاوپێنجەمینی ساڵی (١٩٠٦)ی ئەنجومەنی نێردەکانی دەرەوەی کەنیسەی مەشیخی لە ئەمریکا، کە دراوە بە ئەنجومەنی گشتی"، مایسی ١٩٠٦، نیویۆرک: تەلاری مەشیخییەت، ١٥٦ شەقامی پێنجەم.

- ڕۆحی نێردە، (١٨٣٨)، "بۆ ئەنجومەنی نێردەکانی کەنیسەی ئەسقوفیی پرۆتستانتیی ئەمریکی دەرکراوە، بەرگی سێیەم"، نیویۆرک.

- تونی کارنس، "هۆشیارکردنەوەی لاوەکی – خۆلادانی سەرکردە کریستیانەکان لە بەئامانجگرتنی کوردەکان، بەڵام هەرچۆنێکیش بووە پێیان بگەن"، .www.christianitytoday.com/ct/2008/january/13.26.html

- ویلەر، سی. ئێچ. (١٨٦٨)، *"دە ساڵ لە سەر رووباری فورات؛ سیاسەتی مسیۆنێریی سەرەتایی روونکراوە"*، ماساچوسێتس.

- ویڵسن، س. ج. (١٨٩٦). *"وڵاتی فارس: نێردەی رۆژئاوایی"*، فیلادێلفیا: ئەنجومەنی چاپ و بڵاوکردنەوەی مەشیخی و کاری شەممەی قوتابخانە.

- زاکێن، س. م. (٢٠٠٧)، *"رەعییەتە جوولەکەکان و سەرۆک خێڵیان لە کوردستاندا، لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی دەربازبوانەوە"*، لیدن: بریڵ ئێن ڤی.

- زوێمەر، س. م. (١٩٠٨) و *"جیهانی ئیسلامی"*، ئەنجومەنی نێردەکانی دەرەوەی کەنیسەی مەشیخی لە ئەمریکا، بەشی پەروەردە و فێرکردن.

## ١٢

### پێداچوونەوەی کتێبێک

# کـوردی عوسمانی و سـەرهەڵدانی سروشتیی ناسیۆنالیزمی کـوردی

**دێنیس ناتالی**

لە ئیدارەی ترامپدا یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە

بۆ پرۆسەی ململانێ و سەقامگیری، پێشتریش توێژەر بووە لە چەندین سـەنتەری لێکۆڵینەوە و لە نێویاندا پەیمانگەی کوردی لە واشنتۆن.

### ○ دێنیس ناتالی Denise Natalie

خانمە دکتۆر دێنیس ناتالی لە ئیدارەی ترامپدا یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە بۆ پرۆسەی ململانێ و سەقامگیری و نووسەری کتێبی *"دروستکردنی ناسنامە و ئیدارەدانی کوردەکان لە عێراق و تورکیا و ئێران Manufacturing Identity and managing Kurds in Iraq, Turkey, and Iran"*، کە ساڵی ٢٠٠٥ زانکۆی سیراکۆز چاپ و بڵاویکردووەتەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە شیکاریی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەکۆتایی چەرخی ئیمپراتۆریدا. لە بەدواداچوونی پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، دێنیز ناتالی بەپێچەوانەی تیۆرییە باوەکان، ئەوە دەخاتەڕوو کەوا هیچ شتێک ئاسایی و چەسپاو نەبووە لەبارەی ناسنامەی کوردەوە یان دۆخێکی وابێت کە گریمانەی ناسیۆنالیزمی کوردی بێت، بەڵکو ئەو ناسیۆنالیزمە لە پەرەسەندنی پێکهاتن و شکلبەندیی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ناوچەکەدا هاتووەتە ئاراوە.

ناتالی پێش ئەوەی ببێتە یاریدەدەری وەزیری دەروەی ئەمریکا، بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بووە لە ئینستیتیوتی زانکۆی بەرگریی نیشتمانی کە شرۆڤەکردن و پشتیوانی دابین دەکرد بۆ فەرماندە باڵاکانی ئەرکانی هاوبەشی وەزارەتی بەرگری و فەرماندەیی جەنگ و بەرپرسەکانی حکوومەتی ئەمریکا بۆ ئەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و سنوورەکانەوە بوو لە بەرەورووبوونەوەی داعش و هێورکردنەوەی پاش ململانێ. ناتالی زیاد لە ٣٠ ساڵ ئەزموونی فریاگوزاریی پاش ململانێی هەیە و وەک کارمەندی باڵای راگەیاندن بۆ تیمی فریاگوزاریی کارەسات لە باکووری عێراق کاری کردووە وەک بەشێک لە ئۆفیسی

بەرنامەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی دەرەوە USAID و پاڵپشتی پرۆسەی دابینکردنی سەلامەتی (پرۆڤاید کۆمفۆرت).

د. ناتالی بۆ عێراقی پاش سەددام گەڕایەوە و دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە و فێرکردن و بەڕیوەبردنی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا، وەک پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری ئینستیتیوتەکانی توێژینەوە و راگری کاروباری خوێندکاران لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی عێراق. نووسەری بابەت و بڵاوکراوەی زۆر و زەوەند و شیکارییە لەبارەی عێراق و سووریا و تورکیا و کورد و بەرەنگاربوونەوەی داعش. هەندێک لە کتێبەکانی تری کە بەناوی "شێوە دەوڵەتی کوردی: پەرەسەندن و پشت بە خەڵکیتر بەستن لە عێراقی پاش جەنگی کەنداودا" و "کوردەکان و دەوڵەت: پەرەسەندنی ناسنامەی نەتەوەیی لە عێراق و تورکیا و ئێران"، خەڵاتی هەڵبژاردەی ناونیشانی دەرکەوتووی ئەکادیمییان وەرگرتووە. ناتالی بڕوانامەی لە زانستە سیاسییەکان بەدەستهێناوە لە زانکۆی پەنسلڤانیا و ماستەر لە کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی کۆلۆمبیا و بەکالۆریۆس لە کۆلێجی فرانکلین و مارشاڵ. پێشتریش توێژەر بووە لە ئینستیتیوتی کوردیی واشنتۆن WKI.

**"کەسـایەتییە نـاودارە کوردەکـان و دەوڵەتـی عوسـمانی: پەرەسەندنی ناسنامە و کێبەرکێی ملکەچی و سنوورە گۆڕاوەکان"، نووسینی هاکان ئوێزئۆغڵوو. ئەلبانی، چاپخانەی زانکۆی ویلایەتی نیویۆرک، ٢٠٠٤، ١٩٢ لاپەڕە.**

ئەو کتێـبەی سـەرەوە بـاس لە ناسـیۆنالیزمی کـوردی دەکـات لە ئیمپراتـۆریتی عوسـمانیدا، لەگەڵ ئـاویتەبوون و تێکهەڵکێشـیی نێـوان پیاوماقووڵانی کورد و دەوڵەتی عوسمانی. هەروەها مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە تا سەرەتاکانی سەدەی بیست زۆرینەی کورد هەواخوا و پابەندی ئیمپراتـۆریتی عوسـمانی بـوون و هەسـتی راسـتەقینەی نەتەوەیـی و ناسـیۆنالیزمی کوردییـان نەبـووە. ملکەچـی و پابەنـدیی کـورد بە دەوڵەتـی عوسـمانییەوە هەر بەردەوام بـوو تـا دوای جەنگـی جیهـانیی یەکەم – کە سیسـتەمی عوسـمانی و سـترۆکتووری یـارمەتی و هانـدانی پیاومـاقووڵ و نـاودارانی کـوردی کۆتـایی پێهێنـا. بەم پێـیە ناسـیۆنالیزمی کـوردی وەک کـاردانەوەیەک و لە ئەنجـامی هەڵوەشـانەوەی دەوڵەتـی عوسـمانییەوە سەریهەڵدا نەک وەک هاوکار و بەشدارێک بۆ ئەو پرۆسەیە.

هاکـان ئوێزئۆغڵـوو لە پێـنج بەشـدا ئارگومێنـت و شـیکاریی رۆڵـی پیاومـاقووڵان (ئەعیـان)ی کـورد دەکـات و پەیوەنـدییان بە سـترۆکتووری ئیمپراتـۆری و رێککەوتننـامە رەسـمی و زمنیـیە جۆراوجۆرەکـان لە نێـوان ناوەندی عوسمانی و چواردەوری کوردیدا. لە پاش پێداچوونەوەی ئەدەبیی پەیوەندیدار لە بەشی یەکەمدا و خستنەڕووی ئیدیعا تیۆرییەکان، ئەوە بەڵگەی تاقیکراوەی قەناعەتبەخش و روونمان دەداتێ سەبارەت بە نەبوونی هەستێکی

چەسپاو لەبارەی کوردستان یان ناسنامەیەکی نەتەوەیی کوردەوە. هەڵبەت نووسەر، بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە سەرەتاییەکانی عوسمانی و بەریتانی، لێکۆڵینەوە بۆ لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی تێرمی کورد و کوردستان و سنوورە گۆڕاوەکانی دەکات لە سەرچاوە مێژووییەکاندا (بەشی دووەم)، هەروەها کارلێکی نێوان سیاسەتەکانی عوسمانی و خێڵە کوردەکان لە سەدەی شانزەوە (بەشی سێهەم)ی بوون و بەرووودانی یاخیبوونی ناسیۆنالیستانەی کورد و ڕێکخراوە کوردییەکانەوە (بەشی چوارەم) و ڕۆڵی پەیوەندییە پێشوەختەکانی پیاوماقووڵ و ناودارانەوە لە پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی کوردیدا (بەشی پێنجەم).

بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی هۆکار و لێکەوتەکانی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە سەردەمی ئیمپراتۆرێتدا، نووسەر بەشدارییەکی بایەخدار لە لێکۆڵینەوە و ناسیۆنالیزمی کوردیدا دەکات. تیۆرییەکەی نووسەر دەریدەخات کە ناسیۆنالیزمی کوردی و – هەروەها ناسیۆنالیزمەکانی تریش – زیاترە لە تەنها هەستێکی سۆزئامێز یان هەستێکی ڕەگداکوتاو لە مێژوویەکی چەسپاوی پێش مۆدێرنەدا. ئەمە جێگەی ئوسوولییەت دەگرێتەوە بە ئەقڵانییەت و ئەوە دەگەیەنێت بێئەوەی راستەوخۆ بیڵێتەوە، کە سترۆکتووری دەرفەتە سیاسییەکان گرنگە لە پێکهێنانی هۆش و ناسنامە و مۆبیلیزە کردنی کۆمەڵگە ناسیۆنالیستەکان. بە پێی ئوێزئۆغڵوو، بزووتنەوەیەک ئەو کاتە مۆرکی نەتەوەیی هەڵدەگرێت کەوا گرووپێک خەڵک ڕێکدەخرێت کە باوەڕیان وایە ناسنامەیەکی ئیتنیکی جیا هەڵدەگرن کە لەڕووی سیاسییەوە ڕێکخراون. ئەگەری مۆبیلیزە کردن دەکرێت هان بدرێت یان پەکبخرێت لە ڕێگەی حکوومەتی ناوەندییەوە، کە بە هەمان شێوە سیاسەتەکانی دەستەبژێری ناسیۆنالیست و ڕێکخراوەکانیان لەچوارچێوە دەگرێت.

بەشی سێهەم بە شێوەیەکی تایبەتی زیرەکانە و دووربینانە مامەڵە دەکات و ئەوە پیشـــاندەدات کە چـــۆن دەســـتەبژێری عوســـمانی دواجـــار ڕێـــگە خۆشدەکات بۆ سەرکردایەتییەکی بەهێزی کوردی کە دەسەڵاتەکەی لە سەر چـاودێری و پشـتیوانیی دەوڵەت بەنـدبێت، بە هـۆی سـەلماندن و هاوکـاری کردنی دەسـەڵاتی پشتاوپشتی خێزانێکەوە. بەهەمـان شـێوەش گۆڕانکاری لە پێکهاتە و ستروکتووری یارمەتیدەر بووە لە شکڵبەندیی ڕۆڵی *ئەعیانی* کورد و لێکدانەوەیان بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی کورد. سیستەمی کارگێڕیی عوسمانی لە ئاخروئۆخری سـەدەی نۆزدەدا کە بەرەنگاری هێز و دەسـەڵاتی نـاودار و دەستڕۆیشـتووەکانی کـورد بـووەوە لە پـێگە و ناوچەکانیانـدا و هەروەهـا هەوڵـدانی بـابی عـالی بـۆ ڕزگـارکردنی ئیمپراتۆرێت لە ڕێـگەی تێکشـکاندنی توانـا و دەســەڵاتی نەریتیــیەوە لە کوردســتاندا و راســتەوخۆ حــوکمکردنی ناوچەکە، کە پەیوەندییە نەریتییە ئاساییەکانی ناوەند و چواردەوری گۆڕی. بەڵام کە ئیمپراتۆرێــت شکســتیهێنا لە پڕکــردنەوەی بۆشــایی دەســەڵات لە کوردستاندا و سەپاندنی ستروکتوور و پەیکەرێکی نوێ، نەوەیەکی نوێ لە سـەرکردەی کـورد دەرکەوتـن و ڕابەریـی کوردیـان کـرد لە سـەدەی بیسـتدا (لاپەڕە ٦٣).

پاشـان نووسـەر ئەو گۆڕانکارییە ڕیشـەییە ڕووندەکاتەوە لە هۆشـیاریی سیاســیی کوردیــدا لە ڕێــگەی شــیکردنەوەی یاخیبوونەکــان ئەو ڕێکخــراوە کوردیانەی چالاکانە بەشدار بوون لە گەڵاڵەکردنی ناسنامەی کوردیدا و بە دیاریکراویش جەمعییەتی تەعالی، واتە (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان) لە سەردەمی دەستووریی دووەمدا (١٩٠٨ – ١٩٢٠). نووسەر باس لەوە دەکات کە چۆن کوردەکان سوودیان لەو کەش و بارە سیاسییە کراوەیە بینی کە لە ســەرەتاکانی ســەدەی بیســتدا هــاتبووە ئـاراوە کـاتێ کە تـورکە لاوەکـان و کۆمیتەی یەکگرتن و پێشکەوتن یان جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەقی (CUP)

(بە دەستەواژە عوسمانییەکەی) هێشتا لە قۆناخی لیبراڵیدا بوون. کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان بوو بە ڕێکخراوێکی سیاسیی یاسایی و کوردەکان بەئازادی دەرفەتی خۆکۆکردنەوە و خۆتەیارکردنیان بۆ ڕەخسا وەک کۆمەڵگەیەکی ئیتنیکی یان نەژادی. لەم ماوەیەدا کوردیزم یان ئەو بزووتنەوە ڕووناکبیری و کولتوورییەی کە پشتگیریی لە زمان و فەرهەنگ و مێژووی کورد دەکرد گۆڕانکاری بەسەردا هات بۆ فۆرمێکی جیاکار و بەسیاسیکراو لە ناسیۆنالیزمی کوردیی پەیوەست بە ئیتنیک و نەژادەوە. لە ڕێگەی گوتار و نامە و نامەکاریی رازاوە و سەرنجڕاکێشەوە لەلایەن کەسایەتییە ناودارەکانی کوردەوە، نووسەر ئەو دۆخە وێنا دەکات کە چۆن کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان و سەرکردەکانی کەوتبوونە سەر قسە و باسی ڕەگ و ریشەی ئیتنیکییان و جیاوازییان لەگەڵ "تورکدا" و هەروەها لەبارەی "گەل و نەتەوەی کوردیشیانەوە".

بەهەرحاڵ، ئەم بیر و بۆچوونە بەنرخانە بەزۆری کێشەکانی میتۆد و ڕێکخراوەیی دایاندەپۆشێت. کتێبەکە وەک تێزێکی پوختە نەکراو دەخوێنرێتەوە کە پێداچوونەوەی بۆ نەکرابێت. پێناسەکان و باسە مێتۆدۆلۆجییەکان دووبارە و بچڕبچڕن و پێویستە لە سەرنج و تێبینییەکانی کۆتاییدا یەکبخرێن. بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی بەرایی، کە سەرەتایە بۆ ناسیۆنالیزمی تەواوکاری کوردی، تا بەشی چوارەم دەرناکەوێت، بەدەر لە ئیدیعا تیۆرییە سەرەکییەکان کە لە پێشەکییەکەدا نووسراوە. هەروەها کتێبەکە پڕپڕە لە کێشە و گرفتی جۆراوجۆر، کە هەریەکەیان کۆمەڵەیەکی تایبەت بەخۆی جیاوازیی سەربەخۆ و ناسەربەخۆی تێدایە. لە بەشی دووەمدا مەسەلە گۆڕاوەکان بە ڕوونی خاک و زەوییە و لە بەشی سێهەمدا ئەم مەسەلەیە گۆڕاوە و دەبێتە دەوڵەتی عوسمانی و لە بەشی چوارەمیشدا، کۆمەڵێک پەیوەستبوون و پێشبڕکێ هەن کە پابەندیی سەرەتایی و ئاینی

دەستنیشـانیان دەکات. هەرچەندە بەشـەکان هەندێک تێهەڵکیش و ریزبەندیی ناڕاســتەوخۆیان تێـدایە، بەڵام ئـارگومێنتە زۆر و زەبەنـدەکان بە تـۆکمەیی پـێکەوە دانەڕێـژراون، کە توانـای لێکـدانەوە و راڤەکردنـی لاوازە بـۆ گـۆڕاوە سەرەکییە سەربەخۆکە (واتە رژێمی عوسمانی). لە بەشـی چوارەمدا دەکرێ خوێنەر بە سەرسوڕمانەوە تەنها پرسیاری ئەوە بکات ئاخۆ ئەو تاقە هۆکارە زۆر گـرنگە چـیە بـۆ پەیـدابوونی ناسـیۆنالیزمی کـوردی لە ئـاخر و ئـۆخری سەردەمی عوسمانیدا؟

بەشـی کۆتـاییش دەچێتە سـەر تـێکەڵ و پێکەڵیـی مێتۆدۆلـۆجی. ئێسـتا بە پاسـاوی ئەوەی ناسـیۆنالیزمی کوردی بە پەیوەندی و پابەنـدییەکانی پێشـتر فـۆرمەڵە بووبێــت، ئەوە نووســەر دابڕینێــک درووســت دەکــات لە نێــوان جوداخـوازە کوردەکـان و ئۆتۆنـۆمی خوازەکـان کە لە سـەر جیـاوازیی نێـوان کۆمەڵگە سێکولارەکان و سەرۆک خێڵەکانی سۆفیی نەقشبەندی بەندە بەدوای یەکتردا. بەڵام وەک زۆرێک لە مەسـەلە دژوار و پارادۆکسـەکان، دابەشـبوون لە نێوان جوداخوازە کوردەکان و ئۆتۆنـۆمی خوازەکـان جیـاوازییەکی قورسـە بە درککردن بە مەودای ئاڵۆزیی ناسنامە سیاسییەکان و گۆڕینی پابەندییەکان کە مۆرکی سـەردەمی کۆتـایی پڕ گۆڕانکاریی ئیمپراتۆرێتەکە بـوو. ئەگەرچـی وردەکاریی بایۆگرافیا کەسایەتییە کوردە جۆراوجۆرەکـان زانیـاریی بنەڕەتیـی بایەخـدار دەبەخشـن، بەڵام ئـاوێتەی بـارۆدۆخی سـەردەمی جەنـگ نەبـوون و راڤەی ئەو هەمـوو دەسـتێوەردانە رووڵەزیـادەی دەرەکـی نـاکەن، بـێجگە لە پەیوەنــدیی نــاجێگیری نێــوان موســڵمان و کریســتیانەکان لە ویــلایەتە کوردییەکاندا و ئەو پابەندی و ناسنامە سیاسییە نوێیانەی کە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەوە دەرکەوتن.

ئەنجــام، دەکرێــت زۆرێــک لە حــاڵەتە نامۆکــان تەنهــا لە مشــتومڕە مەبەسـتدارەکاندا رەچـاو بکـرێن. بـۆ نمـوونە نووسـەر وا بـاس لە داشـکاندنی

شــەریف پاشــا دەکــات بە لای ناســیۆنالیزمی کوردیــدا کە داواکــاری و مەبەسـتێکی شەخسـیی تێـدابووە، بەو مانـایەی کە شـەریف پاشـا بەتەواوی نائومێد بووە لە حکوومەتی عوسمانی و ئەمەش کاریگەریی هەبووە لە سـەر خولیا و مەبەستەکانی و بڕیاردانی لە سەر ئەوەی کە ببێتە نەتەوەپەرستێکی کورد (لاپەرە ١١٢). بەڵام ئەگەر مەرامی شەخسی هاندەری ناسیۆنالیزم بێت، ئــاخۆ بــۆچی تــا ســەرەتاکانی ســەدەی بیســتەم زۆربەی ئەو کەســایەتییە سێکولارانەی کە خولیا و تەماحی سیاسییانەیان هەبوو چەشنی بەدرخان و عەبــدولقادر داوای ئۆتۆنۆمییــان دەکــرد نەک جیــابوونەوە لە ئیمپراتــۆریێتی عوسمانی؟

تەنــانەت ئەوەی کە زۆر جێـی سەرسـوڕمانە مەسـەلەی بـایەخ نەدانـی تەواوە بە ئـاین لە پێکهـاتن و فۆرمەڵەبـوونی ناسـنامەی نەتەوەیـی کـورددا. بەدڵنیـاییەوە نووسـەر پـێ لە تێکهەڵکێشـی نێـوان ناسـیۆنالیزمی کـوردی و ئیسلام دەنێت و باسی ئەوە دەکات کە چۆن کەسایەتی و نـاودارانی کوردی وەک سـەعیدی نوورسـی، کە ئەنـدامی جەمعییەتـی تەعـالیی کـورد بـووە و ئۆتۆنۆمیخواز بووە و لە هەمان کاتیشدا خۆی بۆ ئیسـلام تەرخـان کردووە. هەروەها شێخ عوبەیدوڵا، کە داوای گێڕانەوەی شـەریعەتی ئیسـلامی کـردووە وەک بەشێک لە داواکارییە نەتەوەییەکانیان. لەگەڵ ئەوەشـدا نووسـەر هێشـتا هەر پێداگریی لە سەر ئەوە دەکات کەوا ئاین و زمـان تەنها ڕۆڵـی لاوەکییـان گێـڕاوە لە پرۆسـە درێژخـایەنەکەی درووسـتبوونی ناسـنامەی کوردیـدا و بە شێوەیەکی سەرەکی بەکارهـاتوون بۆ دوورخسـتنەوەی غەیرە موسڵمانەکان (لاپەڕە ١٢١).

بەپـێچەوانەوە، لە سـەردەمی ئیمپراتۆریێتـدا ئـاین سـنووری لەخـۆگرتن و دوورخستنەوەی بینیوە و ڕۆڵی سەرەکیشی بینیوە لە دیاریکردنی ناسنامەی گرووپدا. بێگومان بە پێی بنەماکانی شـەریعەتی ئیسـلامیی مەزهەبی سـوننی،

سولْتانی خەلیفە حوکمی ئیمپراتۆریێتی کردووە، کە رۆڵی رابەری رۆحیی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی بینیوە. دەسەڵاتدارانی عوسمانی سیستەمی *میللەتیان* *millet* بەکارهێناوە بۆ رێکخستنی گرووپە نەژادی و زمانی و ئاینی و خێڵەکییە جیاجیاکان لە یەک کۆمەڵگەی سیاسیدا کە لە سەر ئاین بەند بووە. ئەوان هەرچەندە دەیانزانی کە هەموو گرووپەکان عوسمانین و جیاوازیی ئیتنیکی و زمانەوانییان دەسەلماند، بەڵام دەستەبژێری عوسمانی جەختی لە سەر لایەنە ئاینییەکەی ناسنامە دەکردەوە بۆ بەرهەمهێنانی هەستکردن بە یەکگرتنی گرووپ لە ناو ئیمپراتۆرێتدا. ئیسلام بناغەیەکی یەکگرتووی بۆ گرووپە سونییەکان دامەزراندبوو، کە وەک بەشێک لە *میللەتە* موسڵمانە باڵادەستەکە ئیمتیازی حاڵەتێکی پیشەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی تایبەتی هەبوو. ئەنجام، زۆربەی کوردە سوننەکانی سەر بە بابی عالی نەک هەر تەنها وەک بەشێک لە چینی دەمڕاست و باڵادەست ئیمتیازیان دەچنییەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەش بوو کە موسڵمانی سوننە مەزەبن لە پاڵ تورک و عەرەب و هەندێک ئەلبانیدا.

لە رێگەی تێگەیشتنی رۆڵی ئیسلامەوە لە سیاسەتەکانی ناسنامەی کوردیدا، نووسەر بازێکی لاوەکیی درشتبین دەدات لە نێوان داڕووخانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی و هەڵکشانی فۆرم و شێوەیەکی نەژادی لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا و بە هەڵە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەوا ناسیۆنالیزمی کوردی "تاقە بژاردەی ژیانی کورد بووە لە غیابی ئایدیۆلۆجیایەکی کارای وەک عوسمانیزمدا و ئەنجامی گەڕانێکی بێهوودە بووە بە دوای ناسنامەدا لە پاش شکستهێنانی عوسمانیزم" (لاپەڕە ١١٧). راستە کەوا جەنگی جیهانیی یەکەم کاریگەریی بنەڕەتیی هەبوو لە سەر تەواوی کایەکانی ژیانی خەڵک چونکە "هەموو گەلانی دنیای ناچار کرد بە پابەندیی سیاسییاندا بچنەوە" (لاپەرە ١٢٥). لەگەڵ ئەوەشدا، لە کۆتاییەکانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا،

کەسـایەتی و ناودارەکـانی کـورد بەتونـدی تووشـی نائومێـدی بووبـوون لە ئایدیۆلۆجیای خۆیان و بەتایبەتی کە کۆمەڵگەی گەشەنەکردووی کورد هێشتا هەر بە ئـایین و عەشـیرەتگەری و نـاوچەگەری پێناسـە دەکـرا و دامودەزگـا لۆکاڵییەکـانی خوێنـدنی ئـاینی وەک مەدرەسـە (لای ئـێمە واتـای حـوجرە دەگەیەنێت – و) و تەریقەتەکانی (سۆفیگەری) کاریگەریی گەورەیان هەبوو لە سەرانسـەری کوردسـتاندا بە بەراورد لەگەڵ دەزگـا و رێکخـراوە نەتەوەیـیە تازە پەیدابووەکاندا.

لەڕاستیدا و تەنانەت لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمیش، لە سەرانسـەری ناوچەکـانی بـزووتنەوە تـورکییە سـەربەخۆیی خـوازەکەی مسـتەفا کەمـال، زۆربەی کـوردە ناعیلمانییەکـان لە دێهاتـدا زیـاتر بایەخیـان بە رزگـار کردنـی خـیلافەت لە کـافران دەدا، بە هێـزە بێگـانە و ئەرمەن و یۆنانییەکـانەوە، وەک لەوەی ئیتنۆناسـیۆنالیزمی کـوردی بیانجووڵێنێـت و هەروەهـا ناسیۆنالیسـتە سـێکولارەکان لە ئەسـتەمبووڵ بەردەوام بـوون لە سـەر دانوسـتانی ناسـیۆنالیزمی کوردی لە نـاو دەوڵەتـی عوسـمانیدا، شانبەشـانی ئەرمەنەکـان، سـەرباری لاوازبـوونی عوسـمانیزم. هەنـدێک لە کوردەکـان و لەناویانـدا عەبدولقادر و بەدرخـان، رەخنەیـان لە شـەریف پاشـا گرتبوو لەبەر ئەوەی لە کۆنفرانسـی ئاشـتی لە پـاریس نەخشـەی کوردسـتانی نمـایش کردبـوو. عەبـدولقادر رەخـنەی لە هـاولاتییە کوردەکـانی خـۆی گرتبـوو کە داوای سـەربەخۆییان کردبـوو بەو پاسـاوەی کە ئەمە سـووکایەتی کـردن بـووە بە شەرەفی کورد.

ئەگەر تەماشـایەکی قـووڵتری ئـاخر و ئـۆخری سـەردەمی ئیمپراتۆرێت بکەین روونـدەبێتەوە کە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی تـازە گەشـەکردووی کـورد زیـاد لە "رووداوێکـی مێژوویـی" و "رێکەوتێکـی پەیوەسـت بە داڕووخـانی ئیمپراتـۆرێتی عوسـمانییەوە" بێـت (لاپەرە ٧٠)، بەڵکـو بەپـێچەوانەوە ئەوە

ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە بوو لە ئایدیۆلۆجیا و سیاسەتی کۆمەڵەی یەکگرتن و پێشکەوتندا (جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەقی Committee of Union and Progress - CUP) لە کاتێکی زووی ساڵی ١٩٠٩دا، لە پێش جەنگی ١٩١٢ – ١٩١٣ی بەلکاندا، وەک نووسەر بۆیدەچێت. ریفۆرمخوازە لیبراڵەکانی CUP ویستیان جێگەی ئایدیۆلۆجیای پان – ئیسلامیستی عەبدولحەمید بگرنەوە، کە ناسنامەیەکی عوسمانیی هاوبەش و گشتگیر بوو و وەک یەک تەماشای هەموو گرووپەکانی دەکرد لەبەرانبەر یاسادا. هەرچەندە عوسمانیزم پاڵپشتییەکی میللیی بەدەست نەهێنا و عەبدولحەمید بەردەوامبوو لە هێنانەپێشەوەی گرووپە ئیسلامییەکان، بەڵام هەوڵدان بۆ دووبارە پێناسە کردنەوەی ناسنامەی عوسمانی بەردەوام بوو، بەتایبەتی کە تەوژمی نەتەوەپەرستی تورکی کە لە ژێر کاریگەریی بەسلاڤی کردن و بەکریستیان کردنی ئیمپراتۆریێتی رووسیدا بوو. تورکە لاوەکان، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٠٨دا دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستهێنا، جەختیان لە سەر فۆرمێکی رادیکاڵی ناسنامەی نەتەوەیی تورک کردەوە و دەزگا و دامەزراوە عوسمانی و قوتابخانە ناتورکییەکانیان داخست و سەرلەنوێ نەخشەی سنوورەکانی ئاوێتەکردن و دوورخستنەوەیان کێشایەوە بە پێی بنەمای ئیتنیک و نەژاد و سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەی کورد و لاز و ئەرمەن لە گوندە تورکنشینەکانی رۆژئاوای تورکیادا پاش ئەوەی لە خاک و نیشتمانی خۆیان دەریانپەڕاندن، هەروەها جێبەجێ کردنی هێرش و پەلاماری جینۆساید دژ بە زیاد لە ملیۆنێک ئەرمەن.

لەڕاستیدا نووسەر ئەوە دەسەلمێنێت کە برەودانی CUP بۆ ئایدیای نەتەوەپەرستیی تورکیزم بوو بە مایەی وروژانی هەستی دژە تورک و داشکاندن بەلای کورددا لە ناو کوردەکاندا و لە پاش شۆڕشی تورکە لاوەکان لە ساڵی ١٩٠٨دا، شەریف پاشا و عەبدولقادر بەرەورووی حکوومەت

وەستانەوە بە هۆی زیادبوونی ستەم و زۆرداری و سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی تاکرەوی تورکی لە سەر حیسابی کەمینە ئیتنیکییەکانی تر. هەڵبەت ئەم وەرچەرخانە سەرەکییە لە رەوتی مێژوویی روو لە ئاوابوونی عوسمانی رۆڵێکی تارادەیەک کز و بێبایەخی هەیە لە راڤەکردندا و سەردەکێشێتەوە بۆ ورد نەبوون لە هۆکار و لێکەوتەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی. نووسەر ئیدیعای ئەوە دەکات کە لە دوای ساڵی ١٩٢٣وە موراد رەمزي و کوردی تر ئەوەیان هەڵبژاردووە کە بە زمانی تورکی نەک کوردی لەگەڵ منداڵەکانیان قسە بکەن چونکە ئەوان "وایان پێباشترە کە زیاتر لەگەڵ رژێمی کەمالیدا بگونجێن" یان وەک شەریف پاشا بکەن "کە بە دڵسۆزی خۆی تەرخان نەکردبوو بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزمی کوردی"، (پارادۆکسەکە لێرەدایە کە پێشتر خولیا و تەماحی شەخسیی ئەم پیاوە هێزی پاڵنەر بووە بۆ نەتەوەپەرستییەکەی)، (لاپەڕە ١١٢). بەهەرحاڵ، نووسەر نەیتوانیوە سەرنجی ئەوە بدات کە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیی ناوەندیی کەمالی لە ساڵی ١٩٢٣دا، بۆ کورد نایاسایی و مەترسیدار بووە بە زمانی کوردی قسە بکەن، تەنانەت ئەگەر هۆشیاریش بوونایە بە ناسنامەی نەتەوەیی تایبەتمەندیان.

بەم رەنگە و بۆ پوختکردنی مشتومڕەکەی ئۆیزئۆغڵو، بەتەنها رووخانی ئیمپراتۆریتی عوسمانی هۆکار نەبوو بۆ برەودان بە ئیتنۆ – ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵکو گۆڕانکاریی هۆشیارانەی ئیمپراتۆریتیش بوو لە لێبووردەیی ئیتنیکییەوە بۆ فەزایەکی سیاسیی پڕ کۆتوبەند. تەنانەت بەوەشەوە هێشتا ئەم وەرچەرخانە بەتەواوی رۆنەچووە ناو ناخی سیستەمی عوسمانییەوە و بەتایبەتی کە ئیسلام بەردەوام بوو لە رۆڵگێڕانی خۆی بۆ دیاریکردنی سیاسەتی ناسنامەکان. ناسیۆنالیزمی کوردی لە مێژوویەکی دواتردا و لە ساڵی ١٩٢٣دا دەرکەوت، شانبەشانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەوڵەتی مۆدێرنی کەمالی، کە بە شێوەیەکی رادیکاڵی سنووری سێکولاری و ئیتنی و

سیاسیی لەخۆگرتن و دوورخستنەوەی دارِشت. لە ماوەی پرۆژەی بنیاتنانی سەرەتای ئەم دەوڵەتە نەتەوەییەدا، "عیلمانییەکان" و "ئۆتۆنۆمی خوازەکان" دژ بە دەوڵەتی تورکی هەڵگەڕانەوە و روویان کردە ناسیۆنالیزمێکی ئیتنیکیی کوردی. سەرەڕای ئەم کەموکوڕیانەش، من وا لەم کتێبە دەڕوانم کە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵە بۆ ناسیۆنالیزمی تازە چەکەرەکردووی کوردی.

لێکۆڵینەوەکە ئۆریجیناڵە و بایۆگرافیی کەسەکان جێی بایەخن و پەیامێکی گەورەیە لەبارەی سروشتی خۆبەخشیی ناسیۆنالیزم پەیامێکی گرنگە و ئیزافەیە بۆ کایەی گەشەکردووی لێکۆڵینەوە کوردییەکان.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری کریتیک: لێکۆڵینەوە رەخنەییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**
**پایزی ٢٠٠٤، ژمارە ١٣ (٣)، لاپەڕە ٣٨٣ – ٣٨٧**
**ناوی باسەکە: کوردی عوسمانی و سەرهەڵدانی سرووشتیی ناسیۆنالیزمی کوردی، (پێداچوونەوەی کتێب)**
**ناوی نووسەر: دێنیس ناتالی**

*Critique; Critical Middle Eastern Studies*
*(Fall 2004), 13 (3), 383 – 387*
Review Essay
Ottoman Kurds and Emergent Kurdish Nationalism
Denise Natali